تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کۆماری عیراقی
وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن
دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (١٦٥)

# شاری سلێمانی

بەرگی یەکەم

چاپی دووەم

نووسین و کۆ کردنەوەی
ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە

پێداچوونەوەو پێشەکی ی
د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ



کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (١٦٥)

# شاری سلێمانی

(٢٠٠) ساڵ

چاپی دووەم

نووسینو کۆکردنەوەی
ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە

پێداچوونەوەو پێشەکیی
دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ

# پێشەکی



نووسینی:

دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

مێژوو نووسی کورد، کوڕی هەڵکەوتووی شاری سلێمانی محەمەد ئەمین زەکی لە سەرەتای «مێژووی سلێمانی» ی خۆیدا نووسیوویە «هیچ وڵاتێ نی یە کە لە سەحنەی تەئریخدا وەزیفەی خۆی بەجێ نەهێنابێ. وڵاتی سلێمانیش یەکێ لەوانەیە لە زۆر قەدیمەوە تا زەمانی ئیحتلال، زۆر حادیسات و مەسائیبی دیووە.

شاخی (پیرەمەگروون) ئەگەر بهاتایە زمان و ئەوی دیوویە بۆی بگێڕاینایەوە. لەسەرگوزەشتی حەقیقیی ئەم وڵاتە زۆر باش حاڵی ئەبووین. بەڵام ئەمە تەمەننای محاڵە. پێشینانیش لەم خسوسەوە زۆر کەمتەر خەمیان نواندووەو لە حەق سەرگوزەشتی وڵاتەکە هیچ میراتێکی نووسراوەیان بۆ بەجێ نەهێشتووین و ئەم نەوعە ئەرکانەیان خستۆتە سەر شانی پاشینان و خۆش بێ و ترش بێ، ئەبێ قبووڵی بکەین و ئێمە هەوڵی بۆ بدەین» [1]

ئەم ووتانەی ئەمین زەکیی با ئەمەگ و وەفادار دەربارەی هەموو وڵاتی سلێمانی یە. خۆ ئەگەر شاری سلێمانیش بگرین ئەوە ئەبێ هەر پیرەمەگروون نا، بەڵکو لووتکەی ئەزمڕو چیای گوێژەش بهێنینە گوفتارو ڕووداوو کارەساتی هەڵمەت و قوربانی و شارستانێتیی ئەم دوو سەد ساڵەیان پێ بگێڕینەوە، کە زۆر کەمی تۆمار کراوە.

شاری سلێمانی لەباری دروستبوون و ڕێڕەوی ئەم دوو سەد ساڵەیدا چەند نیشانەیەکی مێژوویی جێگیر ئەکات و چەند خاسیەتی تایبەتی ئەدات بە دەستەوە [2]

(١) محەمەد ئەمین زەکی. تەریخی سلیمانی و وولاتی. بەغدا، ١٩٣٩ ل أ

(٢) چەندجار لەمەوبەر باسی سلێمانی هاتۆتەناوەهەڵسوکەوتی نووسینەوەوهەوڵی بەسەرچاوەدا گەڕان وپێکهێنانی خولاسەیەکم لەو بارەیەوەداوە، لێردا ناتوانم خۆم لە دووبارەکردنەوەیان بە دووربگرم، لەبەر ئەوە لەپاشکۆی ئەم پێشەکی یداتوماریان ئەکەمەوە.

١ – ئەنجامی پێویستی‌یەکی مەوزووعی بۆ وو پێویستیی پەیدا بوونی مەرکەزێکی تازەی بازرگانی‌و سەرهەڵدانی پیشە سازی‌و گەشەسەندنی کەڵچەرو ئەدەبیات هێناوی‌یەتی‌یە مەیدان.

٢ – مەڵبەندی تازەی حوکمرانی لە شوێنێکی لە قەڵاچوالان لە بارتردا بۆ گێڕانە دوواوەی هێرشی تورك‌و عەجەم دامەزرێنراوە.

٣ – شار بۆ مەبەسێکی دوورو بناغەی ئاواتێك دروستکراوە.

٤ – لەسەر بنەرەتی گواستنەوە لە ژیانی لادێ‌وە بو شارستانێتی و بە بەکارهێنانی تەجروبەی زۆر لایەنی شارستانێتیی گەلانی تر بنیادنراوە.

٥ – بوو بە مەشخەڵ‌و مەرکەزێك بۆ خوێندەواری‌و بیرووناکی‌و ئەدەبیات.

٦ – مەرجە پێویستەکانی هەڵبژاردنی شارو جێگەشار لەناو کوردەواریداو لە وولاتی شاخاویدا لێرەدا هاتۆتەدی.

هەموو ئەم مەبەسانەش هەر لە سەرەتاوە چەکەرەیان کردووەو ووردە ووردە کەوتوونە نەشئونوما.

«ئەمین زەکی لەم بارەیەوە نووسیوی‌یە:

ئیبراهیم پاشا لەلایەکەوە لەگەڵ رێکخستنی ئیش‌وکاری ئەمارەت‌و نەشری عەدالەت خەریك‌بوو، لەلایەکی تریشەوە هەر لە نزیك سەراکەی مەحموود پاشای مامی کە لە ١١٩٦ ی هیجریدا لە نزیك گوندی مەلکەندی یەوە دروستکرابوو دەسی‌کرد بە بینای شارێك. لە دەوری سەراکەدا بەعزێ خانوو مزگەوت‌و حەمام‌و بازارو خانی دروستکردو لە ساڵی ١١٩٩ ی هیجری (١٧٨٤) ی میلادیدا ئەم شارە تازەیەی تەواوکردو مەرکەزی ئەمارەتی لە (قەڵاچوالان) ەوە بردەئەوێ‌و بە ناوی سلێمان پاشای والیی بەغداوە ناوینا «سلێمانی» [٣] مەعلووم نی‌یە لە دووای تەواو بوونی چەند ماڵ بووە. بەڵام‌میستەر (هارت HuarT) لەئەسەرەکەی‌خۆیدائەڵێ: لە ١٨٢٠ ی میلادیدا، یەعنی لە دووای تەواوبوونی بە سی‌وشەش ساڵ نفووسی دەهەزار کەسێك بووەو عەدەدی ماڵیشی ٢١٤٤ بووە.

کە لەمە ١٣٠ ماڵی جوولەکە، ٩ ماڵی کلدانی‌و پێنج ماڵێکیش ئەرمەنی بووەو پێنج مزگەوتیشی‌بووە:

---

(٣) هەر ئەمین زەکی خۆی چەند ڕای تر دەربارەی ئەم ناوانە دەردەبڕێ

ئەم مەعلووماتی میستەر (هارت) ە هەر وەکو ئیزاحاتی میستەر (ڕیچ) ە کە لە عەینی تەئریخدا سلیمانیی دیووەو ئەڵێ، کنیشت (کڵێسا) یەکی بچووكو شەش کاروانسەراو پێنج حەمام (تەنیا یەکێکی باش بووە) و پێنج مزگەوتیشی بووە.

پاشان ئەمین زەکی ئەنووسێ:

میستەر (لیك لاما Lyck Lama) لەساڵی ١٨٦٨ ی میلادیدا نفووسی سلێمانیی بە ٦٠٠٠ ماڵ کوردو ٣٠ ماڵ کلدانیو ١٥ ماڵ جوولەکە داناوە (ئەنسقلوپیدیای ئیسلام)

خولاسە ئیبراهیم پاشا بە دروستکردنی ئەم شارە یادگارێکی باشو بەدەوامی بۆ کورد بەجێهێشت، بێجگە لەمەش بۆ ئاوەدانیی وولاتەکەو راحەتی خەڵکەکەی زۆر هەوڵیدا، حوکمی بەبەی بێ شەڕو هەرا گەیاندە (خانەقین) و (قەسری شیرین) و (زەهاو) یش کەتبووە ژێر حوکمی بەبەوە ئیشوکاری ئەو وولاتەی بە ئوسوولێکی باشو مەدەنی ڕێکخست، خەڵك حەسایەوە، ئاوەدانی کەوتە وولاتەکەوە، زەراعەت پێشکەوت، شەڕوهەرا کەم بوو[٤].

میستەر ڕیچ لەگەشتنامەکەیدا کە کۆنترین بەڵگەیە دەربارەی شاری سلیمانی، هەندێ مەبەس بۆئەم باس ولێکدانەوەیەی ئێمە دەدات بە دەستەوە.

بۆ نموونە: بە درێژی وەسفی کۆشکی میری بابان دەکاتو بە نووسین نەخشەی میعماریی ئەو کۆشکەمان پیشاندەداتو دەیکات بە وێنە بۆ چەند خانووی تری شار. کە باسی کەلەگیو هەیوانو پشت هەیوان ئەکاتو لە جیاکردنەوەی دیوەخانو بەشی حەرەم ئەدوێت، ئەوە دەر ئەخات کە ئەم چەشنە هونەری میعماری‌یە لە خانووی تورك جیایە[٥]

ڕیچ ئەڵێ:

«دیم ژنان لەگەڵ پیاودا پێکەوە ئەچون بۆ کاروبار بەجێهێنانو پەچەو چار شێویان نی‌یە[٦]..

---

(٤) محەمەد ئەمین زەکی. ئەو سەرچاوەیە. ل ٨٩ – ٩٢

(٥) کلودیوس جیمس ریج. رحلةریج في العراق عام ١٨٢٠ نقلها الى العربية بهاء الدين نوري. بغداد، ١٩٥١، ص ٥٩، ٦٠ (لەمەودووا بە ڕیچ‌ناوی دەبەین).

(٦) ڕیچ. ل ٦٠

باس لە بوونی چەند بازرگانی بەغدایی دەکات لە خانەکاندا کە دێتە سەر وەسفی حەمامی شار دەنووسی:

«ئەمڕۆ بەیانی چووم بۆ حەمام، زۆر جوانم دی. ڕووناك کردنەوە زۆر چاك بوو و خزمەتی چاکی تێدا ئەکرا، هەروەك لە هەموو یەکێك لەو حەمامانەم بەرزتردی کە لە وولاّتی تورکدا دیبووم. حەمامەکانی شامو ئەستەموولّو قاهیرە نەبێ. هەرچەندە هەندێ لایەنی لەوان باشترە.

دیوارەکانی بەخشتی ڕەنگ تێر داپۆشرابوو. ئەم پاشایەی ئێستا بە پارەی خۆی دروستی‌کرد بوو، وەستای تایبەتیی لە ئێرانەوە بۆ هێنابوو... ئەڵێن لە حەرەمەکەی خۆشیدا حەمامێکی لەم چەشنە دروستکرد بوو[٧].

لە چەند شوێندا ڕیچ لە مۆسیقا دەدوێت:

«ئەم ئێوارەیەم لەگەڵ عوسمان بەگ بردەسەر، تاقمێکی مۆسیقای بۆ ڕابواردنی من ئامادە کردبوو[٨]. ڕیچ ئەم تاقمە بەدەستەیەکی مۆسیقا ژەنی پلەی دووەمی بەغدا دادەنێ.

«ئەم بەیانی‌یە چووم بۆ زۆر خانەکەی عوسمان بەگ. هیچم نی‌یە لەوەی زیاد بکەم کە نیبوور Niebuhr وەسفی ئەو زۆرخانەیەی (شیراز) ی پێکردووە کە بەڕاهێنانی جیاجیای یاریکەران خۆی جیا دەکاتەوە[٩].

هەروەها لە یاداشتەکەیدا دەنووسێ:

٣١ی ئایار: «... پاش نیوەڕۆ چووم بۆ سەیری زۆرانبازی مەیدانەکە پڕ بوو لە خەڵك، هەندێ لە سەیرکەران بە دیوارەکاندا هەڵگەڕا بوونو ڕێی سەیرکردن بە هەمووان ئەدرا»[١٠]

کورد لە هەموو ئەو وەرزشەوانانەی من ئەیانناسم بە عەزمترن، چ گەورەو چ بچووك، چ لاوو چ پیر، وەرزش ئارەزوو و پەرۆشی گەورەیانە. پاشا تاقمێکی کۆ کردبۆوە تابێنە ماڵەکەی منو شارەزایی خۆیانم لە شیربازیدا پیشان بدەن[١١]

---

(٧) ڕیچ. ل ٦٦

(٨) ڕیچ. ل ٨٥

(٩) ڕیچ. ل ٨٦

(١٠) ڕیچ. ل ٨٩

(١١) هەر ئەوێ

... پاشا فرمانی‌دا ئاهەنگێکی نومایشی ئەسپ پیشاندان ڕێك بخرێ[١٢]

«... پاشا فرمانی دا بە مونەجیم باشی، یا سەرۆکی فەلەك‌و ئەستێرەناسان کە نەخشەیەکی جیهانی لە سەر پێڕەوی ڕۆژهەلاتی نەخشەبکێشیت ، کێشای‌و ئەویش دای بەمن، لە ڕاستیدا زۆر بەباشی نەخشەکێشرا بوو». [١٣]

ڕیچ دێتە سەرباسی بازرگانی‌و دەنووسێ:

«... شاری کەرکووك ئەو بازارەیەکە هەموو بەرهەمی ئەم بەشەی کوردستانی بۆ ئەنێررێ، هەر لەلایەن کورد خۆیانەوە نا، بەڵکو لەلایەن ئەو کەرکووکیانەشەوە کە دێنە سولەیمانی‌و چەڵتووك‌و هەنگووین سەلەم دەکەن. کوردستان میقدارێکی زۆر لە باشترین جۆری هەنگوین بەرهەم دێنێ‌و هەنگ لە کوورەی لە قوڕ دروستکراودا ئەپارێزی. کوردستان مازوویەکی زۆر بەرهەم دێنێ، بەتایبەتی لە دارستانی بەرستانی بەرووی قەرەداغداو مازوو ئەنێررێ بۆ کەرکووك‌و لەوێوە بۆ مووسڵ.[١٤]

لەباسی بازرگانیی سلیمانیدا لە کاروانەکانی ئەدوێ‌و دەنووسێ:

... مانگی جارێك کاروان ئەچێ بۆ تەورێزو لەو سەرەوە ئاوریشم‌و قوماشی ئاوریشم‌و شتی‌تر دێنێتەوە. قوماشەکان لە کوردوستان بەکاردێن. لە سلیمانی‌یەوە خورماو قاوەو شتی‌تر دەبات‌و ئاسن‌و مس‌و ئێستر دێنێتەوە. لێرە زۆر لەم وولاغانە ئەکڕن‌و ئەیهێنن وباشترین وولاغی ئەم ناوە لە ئەرزوروٚمەوە دێ.

مانگی جارێ لە هەمەدان‌و سنەوە قافڵەیەکی بچووك دەگاتە سلیمانی، ڕۆن‌و میوەی ووشکەوەکراوو هەنگوین‌و پۆلای دەوروبەری دەریای قەزوێنیان پێ‌یە.

بازرگانی لەگەڵ کەرکووکدا بەردەوامە، لەوێوە پێڵاوو هەندێ قوماشی ئەستووری لۆکە دەهێنرێ، لە سلیمانی‌یەوە دانەوێلەو هەنگوین‌و مازوو و ترش‌و میوەو برنج‌و ڕۆن‌و لۆکەو مەڕومالات دەنێررێ. کەرکووك بەڕاستی بازارێکی بەبرەوی هەموو بەرهەمەکانی کوردستانە.

بازرگانی لەگەڵ مووسڵدا هەمیشە بەردەوامە. لەوێوە پێڵاو و جامانەو خام‌و

---

(١٢) ڕیچ. ل ٩٤

(١٣) هەر ئەوێ

(١٤) ڕیچ. ل ٩٩

قوماشی ڕەنگاوڕەنگی لۆکەو کەلوپەلی شام‌و دیاربەکرو شتی‌تر دەهێنرێ. لێرەشەوە مازووشتی‌تر دەنێررێ[١٥].

بازرگانی لە نێوان سلیمانی‌و بەغدادا بەردەوامە، سلیمانی خورماو قاوەو بەرهەمی هیندستان‌و ئەوروپاو قوماش لە بەغداوە دێنێ. نیرراوی سلیمانیش بۆ بەغدا دانەوێڵەو تووتن‌و پەنیرو ڕۆن‌و ترش‌و کەتیرەو مێو (پیوی سابوونی‌عادەتی) و سابوونی پیوە.[١٦]

ئەم دیمەنانەی شارستانێتی کە ڕیچ‌پیشانیان ئەدات هەر بەردەوام بوون.

پیشەسازی سەرەتای دامەزراندو چەشنی مانیفاکتۆرە هەر لە سەرەتاوە دیاربوو، تا بەرەبەرە ژمارەی شاگردی ئەم مانیفاکتۆرانە لە زیادی بوون‌و شاری سلیمانی لە پاش سالأنی پەنجاوە وای لێهات کە ببێت بە شارێك لەو شارانەی کۆمسەڵی زۆری کرێکاری تێداکۆ ببێتەوەو بەپێی تەعریفی زانستیی کرێکار، چینێکی کرێکار لە کارگەکانی جگەرە چیمەنتۆو شەکرو کارگە جیا جیاکانی سەر بەکەرتی تایبەتی (سەرمایەداریی) پیشەسازیدا ببینین.

ئەو بناغەو مەرکەزی بازرگانی‌یەی لەدەوری بابانەوە لە سلیمانیدا دامەزرا، ئەگەر ڕۆژگار روخاندنی ئەو میرنشینەی بەسەردا نەهێنایە. هەر وەك خۆی گەشەی دەسەندو پەلی دەهاویشت، دەشبووە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازی‌و پیشەبساز لێکردن (تصنیع) ی بەرهەمی کشتوکاڵی دەوروپشتی شار. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەو چەشنە گەشەی نەسەند، بەڵام لەپەل‌وپۆش نەکەوت.

ئەم بناغە مادی‌یەی ژیان، ئەو دەستکەوتە گەورانەی زمان‌و نووسین‌و ئەدەبی تێدابوو، کە لە زۆر دەفەتدا باسکراون، شیعرو قوتابخانەی شیعری بابان، مەولانا خالیدو شێخ حسینی قازی‌و دامەزراندنی نووسینی پەخشانی کوردی. بەردەوام بوونی ئەم بناغە دامەزراندنانەی ژیانی ڕووناك بیریی کوردی لە چاخی د امەزراندنی سلیمانیدا لە سەدەی بیستەمدا گەلێك دیمەنی بەردەوامیی بیرو شاری سلیمانی چەند شانازی‌یەکی مێژوویی تری بۆخۆی تۆمارکرد.

– یەکەم چاپخانە کە لە کوردستاندا کەوتبێتەکار، لەشاری سلیمانی بووە.

– یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە لەناو کوردستاندا دەرچووبێ لە شاری سلیمانی بووە.

---

(١٥) ریچ. ل ٢١٧

(١٦) ریچ. ل ٢١٨

پیشەسازی) کە پێویستی مەوزووعی دروستی کردن. هەروەها دوور نەبوون لەو تەئسیرە جیهانی‌یانە لە کۆمەڵگای عوسمانی خۆیدا لەگەڵ رووداوو دیاردەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەچوون بە ناویەکداو لە زۆر جۆگەی ژیانەوە دەگەیشتنە کوردستان‌و تەئسیریان لە شاری سلیمانیدا دیاربوو.

ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی شاری سلیمانیی ناوەرۆك‌و دیمەن کورد هەر لە سەرەتاوە گزنگی بیری کوردایەتیی تێدا دیار بێ‌و هەر لەو سەرەتایەوە هەوڵی تەشەنەدانی دەسەڵاتی سیاسیی میرانی بابان‌و کەلوپەلی بازرگانی‌و بەرهەمی کشتوکاڵ‌و رێبازی نەقشبەندی‌و شیعری قوتابخانەی خوارووواو پەخشانی کوردیی بە دیالێکتی تازەی ئەم شارە نووسراو بە کوردی خوێندن بدات.

ئەگەر ئەمین زەکیی مێژوونووس ئاواتی ئەوە بوو بێ کە چیای پیرەمەگروون بهێنێتە قسەو ئەو ئاواتە (مەحاڵ)، بوو بێ، ئەوا رەنگە لەم کتێبەدا کە لە بەردەستاندایە هەندێ قسەی چیای گۆیژە دەربارەی شاری سلیمانی خۆی بگێرێتەوە.

نووسەری ئەم کتێبە کورێکی شاری سلیمانی‌یە، دوور بووە لە کۆری نووسین‌و بزووتنەوەی رۆشن‌بیری‌یەوە، لە خێزانێکی کۆنی شارەکەیە. ئەگەر خێزانەکەی لە ژیانی کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و بیرروونا کیی شاردا ناو و جێگەیان دیار نەبێ، ئەوا لە پەرەپێدانی جموجووڵی بازرگانیی شارو بەستنی ئەو بازرگانی‌یە بە دەرەوەی وڵاتەوە دەستێکیان هەبووەو لە ئاوە دانکردنەوەی شارو دیمەن پێ‌بەخشینیدا. یەکێك بوون لە خێزانە موڵکدارەکانی شار. لەپاڵ ئەمەدا نووسەر خۆی هەمیشە سەر بە بزووتنەوەی نیشتمانی‌و پێشکەوتنخوازیی ناو شار بووەو لەو مەیدانەدا بە پێی تواناو جێگەی خۆی درێغیی لە بەشداری نەکردووە.

خۆشەویستیی شاری سلیمانی وای لە نووسەرکردووە کە بکەوێتە کۆ کردنەوەی کە رەسەیەکی هەمە رەنگ دەربارەی شارەکەی خۆی. نەبوونی سەرچاوەو هەوڵی پێشووترو پێوەندی نەبوونی نووسەر لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زانستیدا وایکردووە کە کەرەسەکانی بە پێی پیلانێك‌و بۆ مەبەسێکی دیاری‌کراو کۆ نەکاتەوە، هەرچەندە دووا مەبەس، یا مەبەسی سەرەکیی نووسەر هەر خۆشەویستیی سلیمانی‌و دەرخستن و بەرز گرتنی شارەکەیە.

نووسەر هەوڵی ئەوەی داوە کە هەموو لایەنێکی مێژوو و ژیان‌و گورجوگۆڵیی ئەم شازە دوو سەد ساڵەیە تۆمار بکا. بەڵام هەر بۆ مەبەستێك ئەم تۆمار کردنەی لە

سەرەتای شار دا مەزراندنەوە (بەپێی توانای کەرەسە دەستکەوتن) تا ساڵی ١٩٦٠ هێناوەو لەوێدا ڕایگرتووە.

ڕەنگە سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتی بوون‌و ڕەگی هەندێ هەستی ناو ئەو چینەو خەڵکی کۆنی شار وای لە نووسەر کردبێ کە باسەکەی لەو ساڵەدا ڕابگرێ. واتە زانیاری‌یەکانی دەربارەی دیمەن وژیانی کۆن‌و سنوورداری شاربێت‌و پێوەندیی بەم سەردەمی گەورەبوونی شارو دەیان هەزار کوری لادێ لە شاردا نیشتەجێ بوونەوە نەبێ. بەڵام ئەنجامی ئەم کارە هەرخۆی سنوورێکی زانستیی بۆ کارەکە داناوە. چونکە ساڵانی پاش شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨، چ بۆ سلێمانی و چ بۆ هەموو عیراق کۆمەڵێ ڕووداوو گۆڕینی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی هێنا، کە زۆر ڕوخساری شارو لادێی گۆڕی. بەم چەشنە ژیانی مەیبو و سنووورداری شاری سلێمانیش لە رووی شەقام‌و گەرەك‌و بیناو لە رووی کۆمەڵایەتی و ژمارەو دانیشتووانی شاریشەوە گۆڕرانێکی سەرەکیی بە سەرداهات. ڕەنگە حەز بکەین نووسەر یا نووسەرێکی تر ڕوخساری ئەم دووایی‌یەش کە هێشتا ئەو سنووورە دیارەی پیشووی نی‌یە تۆمار بکات، بەڵام ناتوانین ڕەخنە لەو تۆمار نەکردنە بگرین. هەر وەك تەسك بوونەوەی کۆشش‌و زانیارییەکانی نووسەر لە نێوان سەردەمی عوسمانی‌و سەردەمی تازەدا نابێ بە هۆی ڕەخنە لێگرتن، بەڵام ئاواتی ڕەگی ئەم زانیاری‌یانە بردنەوە سەر دەوری بابان‌و فراوانکردنەوەی دیمەن دەرخستنی ئەو ڕەگی باسانە هەر ئاواتێکەو ڕەنگە بە گەڕان بە دووای هەندێ سەرچاوەی بێگانەدا و بە دۆزینەوەی کەسانی پیرترو شارەزاتر لەوانەی نووسەر پشتی پێ‌بەستوون بە شێك لەو ئاواتە بێتە دی.

ئەگەر لەم بارەیەوە زۆر لە کورانی شار کە زانیاری‌یەکانی نووسەر لایان تازەنین، کۆششی ئەو بە ئاسایی بزانن، ئەوا ئەم تۆمارکردنە بۆ ساڵانی داهاتوو بایەخی گەورەیان هەیەو بەمە هەموو ئێمە خۆمان لەو گلەیی‌یە رزگار دەکەین کە ئێستا ئێمە لە پێشینانی دەکەین‌و سەرسامین لە تۆمار نەکردنی زۆر لایەنی ژیان لەلایەن ئەوانەوە.

بەگشتی کتێبەکە سەر بە مێژووە، بەڵام کەمتر لەڕێگەی سەرچاوەوە ڕەگەزی مێژوویی تۆمارکردووە، بەڵکو زیاتر لە رووی پەل‌هاویشتنی مەیدانی‌یەوە دیمەنی جیا جیای ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ڕوخساری ئەتنوگرافیی کۆ کردۆتەوە.

شاری سلێمانی ساڵانێکی زۆرو درێژ، زێوەر ووتەنی: (بە خاكو بەردو دارەوە، بە ناوی سەرچنارەوە)، لە دوو توێی کتێبەکەدا جێگەی کراوەتەوەو ئەو شاری هەڵمەتو نەبەزینو زیرەکیو چالاکی‌یە لەسەر کاغەز نوێنراوە. کەمێك لە مێژوو و کەمێك لە فۆلکلۆرو ئەتنوگرافیاو بەشێکی زۆر بۆ تەزووبەخشینو تاوێك خۆشی بەخشینو کات بردنەسەر بووە بە کەرەسەی ئەم کتێبە.

ڕەنگە نووسەر بە ناوەوە زیاتر لە کەرەسە خۆی خەریك کردبێ‌و ئەمە بۆ ئەوانەی تەنیا لایەنی زانستو مێژوو تۆمارکردنیان ئەوێ زیاد بێت. هەرچەندە لە کتێبی گەرۆکە مێژوونووسەکانی کۆنیشدا لەم بابەتە دەبینینو دەشتوانین بپرسین، کێ ئەم مێژووە پڕ شکۆیەی دوو سەد ساڵەیەی دروستکردووە؟

ئایا هەر ئەوانە نین کە بە گەورەو بچووکیانەوە بە بەشداریی زۆرو کەمیانەوە ناویان لە ناو کتێبەکەدا تۆمارکراوە؟ زۆر جار کە لە مێژوو ئەدوێین، ئەڵێین: کرێکار

بورجی بابلو باخچەی هەڵواسراوو تاقی کیسراو ئەهرامەکانی میسرو شوورەی چینیان دروستکرد. بەڵام مێژوو بە ناوی پادشاو میرو وەزیرەوە تۆماری‌کردن. چەند خۆش ئەبوو ئێستا لە ژێر هەر یەکێك لەم بەرهەمە دەستی‌یە گەورانەی ئادەمیزاددا لیستەی ناوی هەموو ئەوانەمان بدیایە کە ڕەنجیان لە دروستکردنیاندا داوە. کەواتە – ئەگەر بە دووای بنیاتو دروستکردنی ئەم شارەو زۆر لە چالاکی یەکانیدا گەڕایت، ئەوا کۆمەڵێکی باش لە ناوی مرۆڤی بنیاتنەرو دروستکەر دەبینی، با ناتەواویش بێت. لەلایەکی ترەوە زۆر جار بەرهەمی پێنووس بۆ گەشەوخۆشی بەخشینو کات بردنە سەرەو ئەمەش خزمەتێکی خەڵكو خوێنەرانە، با ئامانجی ئاشکراو مەبەسدار بەڕووونی خۆی دەر نەخات.

هەر وەك لە سەرەتای یەکە یەکە لە باسەکانیشدا ووتوومانە، بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ لایەنێك لەم لایەنانەی نووسەر زانیاریی دەربارە کۆکردوونەتەوە فراوانترو قووڵتر بکەنەوە. ئەوا لێرەدا کەرەسەو سەرەتایەکی باشیش بۆ ئەوان هاتۆتەکایەوەو دەبێتە بناغە بۆ زۆر باسی لێهاتووی زانستیانەی لەمەو دووای پسپۆڕان.

ساڵی خوێندنی ١٩٧٦ – ١٩٧٧ لە مۆسکۆ ئامادەی موناقەشەی دوونامەی دوکتۆرا بووم، هەریەکەیان لایەنێکی لە شاری سلێمانی گرتبوو.

یەکەمیان: لە کۆلێجی ئەندازیاریی میعماری. دوکتۆر عەلی بابە شاوەیس بە گەلێك وێنەی ڕەنگین‌و نەخشینەوە زانایانەو لێهاتووانە پڕۆژەی دوواڕۆژی پەرەسەندنی شاری سلێمانیی موناقەشە کرد.

دووەمیان: دوکتۆر مەجید حەمیدعارف لە ئینستووتی مەکلووخ‌ومەکلای ئەتنۆگرافیا لە گەلێك لایەنی ئەتنۆگرافیی ناوچەی سلێمانی دووا، کە بنەرەتەکەی ڕەسم‌و عادەت‌و هونەری شاردامەزراندن‌و خانووو بەرەی سلێمانی‌بووو جێگەیەکی تایبەتی داچەسپاندن لەم لایەنەوە بەو شارە تازەیە بەخشرا. ئەمە تەنیا دوو لایەنی ئەم شارە بوون کە هەر خۆیان گەلێك نامەی تریان لە سەر دەنووسرێت‌و هەر باسێك لەم باسانەی لەم کتێبەدان شایانی چەند نامەی ترن لەم بارەیەوە.

بەهیچ جۆرێك ئەم کتێبە لە کەم‌وکووری بەدەر نی‌یە. ڕەنگە بتوانین زۆر لایەنی ئەو کەم‌وکووری‌یە دەست‌نیشان بکەین. بە ئێمە بووایە زۆرناوو باسمان لێ لائەدا، کە بەزیادیان دەزانین، بەلام بە مایەی خەوش‌و زیانداریان نازانین. لەگەڵ ئەوەشدا

دەبوو لەم ڕووەوە هەست‌و زەوقی نووسەر خۆی‌و کۆمەڵێك لە خەڵکی شار ڕەچاو بکرێت کە حەز لەم چەشنە بابەتە دەکەن‌و لەم بابەتانەدا خۆیان و باوو باپیریان لە ڕێی ئەم کتێبەوە لەناو ئاوێنەی گەشی شاری سلێمانیدا دەبیننەوە، هەروەك لەدابەشکردن‌و ڕێکخستنی فەسلەکانی کتێبەکەدا لای هەرچەشنە نووسەرە ڕێبازێك هەیە، بەلای ئێمەوە ئەو ڕێبازە باشتر بوو کە لەگەڵ پێڕەوی زانستیی لیکۆڵینەوەدا بگونجێ. بەلام نووسەر ئامانج‌و مەبەسێکی لەبەرچاوەو دابەشکردنەکەی بۆ ئەو مەبەسەیەو باوەری بەوە بەتینە کە بەم چەشنە خزمەتێکی گەورەی شارە خۆشەویستەکەی ئەکات.

بێگومان ئەو خزمەتەشی کردووەو ئەم هەموو زانیاری‌یانە بەرهەمی کۆششی بەردەوام‌و کوڵنەدەرانەی تاقە کەسێکی بە پەرۆشن. بەلام ئەگەر ئاوێنەی هەموو چالاکیی مرۆڤانەی خەڵکی شاری تێدا ببینین، ئەوا دەیان، بەڵکو سەدان کەس کە نووسەر چۆتە لایان‌و پرسیاری لێکردوون وهەر یەکە لە کونجێکی بیرەوەری‌و زانیاریی خۆیەوە یارمەتی داوە، چەشنێکی تر لەو چالاکی‌یە مرۆڤانەیەیان بۆ مێژووی

شارەکەیان تۆمارکردووەو ئەم تۆمارە مەزنە بۆ یادی دوو سەد ساڵەی سلێمانی جێگیر کراوە.

**دووا وتەی منیش:**

حاجی مەلا رەسووڵی دیلێژە (موخلیس) کە روو ئەکاتە شاری سلێمانیو یادی کاك ئەحمەدی شێخو شێخ حسینی قازی ئەکاتەوە ئەڵێ:

مەدینەی موڵکی بابان موخلیسا یەعنی سلێمانی
کەجێی دوو حەزرەتی وابێ ئەبێ وەك کەعبەتوڵلابێ

ئەم شارە پیرۆزە، مەزنە، ئەگەر لە یادی دوو سەد ساڵەیدا بە بەجێ‌هێنانی ئەم ئەرکی پێشەکی نووسینو پێدا چوونەوەیە، چ نووسەرو چ دەزگای بلاوکردنەوەو رۆشنبیری کوردی ئەم دەرفەتەیان‌دا بێ، ئەوا زۆر سوپاسیان ئەکەم وئەم ئەرکەی منیش وەك نەوەیەکی ئەو موخلیسەی سلێمانی، کرنووشێکە بۆ ئەو شارە پیرۆزە، بۆ یادی دوو سەد ساڵەی، هەر بەرزو سەربەرزبێو مەڵبەندی چالاکیو هەڵمەتو شارستانێتیو ووشەی پیرۆز بێ.

سلێمانی ١٩٨٤/١٢/١٣

## پاشکۆی پێشەکی

## ٦ شاری سلیمانی:

تەنیا ئەوانەی مێژوو بە ئەنجامی ئارەزووو خواستی تاقە کەسێك یاچەند کەسێك دادەنێن، دروستکردنی شاری سلیمانی بەئەنجامی ئارەزوویەکی برایم پاشای بابان و ئاڵودەبی ئەو پاشایە لەگەڵ چاوی ڕەشی ئاسکی کانێسکاندا دەزانن.

بەڵام ڕاستی مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێ کە پێویستی‌یەکی مەوزوعی وای‌کرد کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری‌ی میرنشینی باباندا پێویست بە شارێکی گەورەو پێش کەوتوو هەبێ کە ببێ بە پایتەختی ئەو میرنشینەی دەی‌ویست پەرەبسێنێ و پەل بۆ میرنشینەکانی‌تری کورد بهاوێژێ و ئەو ئاواتەی بهێنێتەدی کە بۆ میرانی بۆتان و سۆران نەهاتەدی - ئاواتی یەك خستی کوردستان.

باری جوغرافی وکۆمەڵایەتی‌ی شاری قەڵاچوالان لەوەدا نەبوو کە ئەو پایتەختەی لێ‌پەیدابێت. بۆیە هەر لەو نزیکە شوێنی ئێستای شاری سلیمانی لە هەموو ڕوویەکەوە لێی دەهات کە ئەو پایتەختەی تیادا دروست‌بکرێ. بناغەدانەوەی شاری سلیمانی لەساڵی ١٧٨٤دا ئەنجامێکی تەجروبەی چەند سەدەی کوردیشە لە شار دروست کردنداو دنیا دیدەیی پادشای بابان خۆیشی لە نەخشەکێشان و بیناکردنی شاردا جیگەی خۆی گرت.

هەموو شارێکی تازە لە مێژوودا، بە تایبەتی ئەو شارانەی لە سەردەمی شارستانێتی ی تازەو بەرەو پەیدابوونی پەیوەندی ی سەرمایەداری چوون لە بەر هەمدا دروست‌کراون، هەموو ئەنجامێکی پێش کەوتنی ئەو چەند سەدەیە لەوێدا دادەچەسپێنن‌و دواکەوتنەکەی ئەو چەند سەدەیە لە دەرەوەی شارجێ دێلن. بەم چەشنە لە شاری سلێمانی دا هەر لە سەرەتای دروست‌بوونیدا گەلێك شت‌پێك هات. [1] شار لەسەر بناغەی زانین‌و شارستانێی دروست‌کرا. بەچەشنێك کە لە شاری تازەی پێشکەوتوو بچێت‌و هونەری ئەرخیتێکچەری ئەو سەردەمەی رۆژهەلاتی تیادا بەکارهێنرا [2] هەر لە سەرەتای دامەزراندنی‌یە وە پرۆژەی ئاوو [2] زێرابی تایبەتی بۆ هەموو شارەکەکرا. [3] چەند چەشنە پیشەسازی لە شارەکەدا دامەزرا، کە لەو پیشەسازی‌یانە دەچوون کەوا لە سەرەتای راپەرینی پیشەسازی‌و پەیدابوونی پەیوەندی‌ی بۆرژوازی‌ی ئەوروپادا پەیدا بوو بوون. وەك سابوون دروست‌کردن [4] وچنین‌و رستن‌وجۆلایی‌و وموتابخانەو [4] دەباخانە [5].

هەر وەك گەلێ سنعەت کاری‌تر لەشاردا پەیدابوون، وەك چەخماخسازی‌و کارگەچی... هتد وە زۆری ئەم سنعەتانە کاری تاقە کەسی یاتاقە وەستا نەبوون.

---

(١) میستەرریچ‌و میجەرسۆن. لە باسی سلیمانی‌دا شتی‌جیاواز دەگێرنەوە. ریچ لە دەوری باباندا چۆتە سلێمانی‌و ئومێدی بەوەبووە کە بابان بەرامبەر بەتورك راست کاتەوە بۆیە لە جوانی سلیمانی دەدوێ. سۆن لە شێخانی سلیمانی نائومێد بووە. لەبەر ئەمە تەنانەت خانوو گوێ سەبانەی سلێمانیشی لا نارێکەو بەهیوای ئەوە بوو هەڵەبجە ئاواتی بهێنێتەدی. بۆیە باس لە جوانی‌و رێکوپێکی شاری هەڵەبجە زیاتردەکات. رای ئەم نیرراوانەی ئیمپریالیزم هەرچی یەك بێت. پاشماوەی دەوری بابان‌و خانوە کۆنەکانی سلیمانی بەلگەی ووتەمانن.

(٢) تا ئەم سالانەی دوایی لەسلیمانی ئاولەو کارێزانە دەخورایەوە کە ژێر زەوی‌دا بە هەموو ماڵی گەرەکدا دەرۆیشت‌و لەشێوەیەکدا بوو کە زۆر پایتەختی گەورەی رۆژهەلات، تا ئەم سالانە هەر ئەو چەشنە پرۆژەیان هەبوو. بۆ (زێراب) یش ئەو شیوانەی لە سلێمانی رێك‌خرابوو وئیستا داپۆشراون هەر ئەوەی کۆنن. تەواو لەو پرۆژەی زێراب (مجاری) یانە دەچن کە تازە لە شوێنێکی وەك بەغدادا دروست‌دەکری.

(٣) لە سلێمانی تائیستا گەرەکێك هەیە پێی دەبێژری سابونکەران‌و تا سالانی دوایی هەموو مالانی ئەو گەرەکە سابوونیان دروست‌دەکرد. سابوون هەروەك لەریزی پەیدابوونی پیشەسازی‌دا دەژمێری، نیشانەی بلاوبوونەوی پاك‌و تەمیزی‌و شارستانیشە.

(٤) موتابخانە: ئەو جێگەیەیە کە خەراری تیادروست دەکرێ، خەرار دروست‌کردن بە زۆری هەر وەك پیشەسازی‌یە. هەروەها پلەیەکیشە بۆ بەستنی بەرهەمی گوند بەشارەوە واتە بەبازارەوە کە ئەمەش لە ئابوری‌دا هەنگاوێکی تازەی پێش‌کەوتنی کۆمەلە.

(٥) دەباخانە: دەباغ‌خانە: پێستی تیا چاك‌دەکرێ. چ بۆ رەوانەکردن‌و تیجارەت پی‌کردن‌و چ بۆ پێلاو دروست‌کردن کە ئەویش پیشەسازی‌یەکی خۆمالی‌یە.

بەڵکو زۆرتر ئەوە بوو کە وەستایەك چەند شاگردی لە ناو چوار دیواردا کۆدەکردەوە وئیشی پێ‌دەکردن. کە ئەمە لەئیکۆنۆمی‌دا بە (مانیفاکتۆرە) دەزانرێ، کە یەکەم وێنەی کارگەی تازەی دەوری سەرمایەداری‌یەو یەکەم دەستگایە کە شێوەی (بە کۆمەڵ بەرهەم هێنان) بدا بە بەرهەم، کە ئەمە خاسیەتی یەکەمی رژێمی سەرمایەداری‌یەو ئەو هەنگاوەیە کە رژێمی سەرمایەداری‌بە سۆشیالیزمەوە دەبەستێ، هەر وەك پیشەسازی لە یەکەم رۆژەوە لە سلێمانی‌دا سەری دەردەهێنا، هەروەها ئەو شارە بوو بەمەرکەزێکی پتەوی بازرگانیش. بێ‌گومان ئەم پێش کەوتنە ئابووری‌یەو ئەو هەوڵە سیاسی‌یە پێش‌کەوتنی زانیاری‌و ئەدەبیاتیشی لێ‌دەبێتەوەو چەشنە وریایی‌و هوشیاری‌یەك لە ناو دانیشتووانیشدا دوروست دەکات. بەتایبەتی گەر ئەوەش بزانین، کە سەرچاوەکانی مێژوو دەیگێرنەوە کەوا پاشای بابان کاتێ شاری دروست‌کرد هەواڵی بۆ هەموو دێهات‌و سەرتیرەکان نارد کە هەر لایە چەند ماڵ بنێرن بۆ ئەوەی لەم شارە تازەیەدا نیشتەجێ‌بن. دیارە کە هەر گوندەو هەر سەرتیرەیە ئەو کەس‌و خێزانانەیان ناردە شار، کە حەزیان لە ژیانی شارستان‌و پێشکەوتن دەکردو لەگەڵ ئەو ژیانەدا دەگونجان‌و وەك دەڵێن شایانی ئەوە بوون رووی خۆیان‌و تیرەو گوندەکەیان لەبەردەمی پاشادا سپی‌بکەن.

راستی‌یەکی عیلمی‌ی ئەوتۆش هەیە کە لێرەدا هاتەدی. ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە هوشیارترین دەستەی جوتیار روودەکەنە شار، ئەوانەی بتوانن لەگەڵ ژیان‌و رێك‌وپێکی ئیش‌کردن‌و گوزەرانی کرێکاردا بگونجێن[٦].

گەر ئەمە لەباسی زەحمەتکێشانی شاردا راست بێت. ئەوا بۆ سنعەتکارو بازرگان‌و توجاریش دەبێتە شتێك کە رووی داوە. زۆر لە پیاوەپیرەکانی سلێمانی‌و لە خێزانە کۆنەکانی باش ئەوە دەزانن کە هەریەکەیان لەکوێ‌وە هاتوون‌و بۆچ؟ هەر سنعەتکارێکی کوردی دەست رەنگین کە سنووری گوندو شارەکەی خۆی پێ‌تەنگ بووبێ. هاتووە لێرەدا هونەری خۆی بنوێنێ‌و پێش‌بکەوێ. سلێمانی بەمەرکەزێك کە خاوەن پارەی زۆر شوێن بەو جێگەیەی بزانن کە سەرمایەکەیان بە

(٦) ئەم دەستەیە لە ناو فەللاحدا بە دەستەیەکی پێش‌کەوتوو وهوشیار دەزانرێن. بەڵام لە وولاتانی پێش‌کەوتوودا. کەچینێکی کرێکاری پتەووکۆنی تیایە. بە دەستەیەکی تازەوتا رادەیەك دواکەوتوو دەناسرێن. کە هوشیاری‌و رێك‌وپێکی کرێکاران شاش دەکەن.

ئازادی پەرەی تیا بسێنێ. بۆیە لە کوردی هەمەدانو لە ئازربایجانیو جولەکەوکلدان روویان کردە سلێمانی (٧) . تەنانەت لە تۆماری یادگارا باسی زۆر مۆسیقاژەنو گۆرانی بێژیش هەیە کە بەم مەبەسە روویانکردە سلێمانی. لە رووی زانستو خوێندەواریشەوە هەر لە سەرەتاوە چەند مزگەوت دروستکراو مزگەوتی گەورە بوو بە مەڵبەندی خوێندنو بە سەرپەرشتیی پاشای بابانو لەپارەی میرنشینیی رێو شوێن بۆگوزەرانی سەدان فەقێ دانرا، کە لە هەموو کونجێکی کوردستانەوە فەقێی زانست خوازو زیرەك بۆ خوێندن دەهاتن، مەلای لێهاتووو هەڵکەوتوو بۆ دەرس ووتنەوە روویان کردە ئەو مەڵبەندە. دیسان ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو مەلا گەورانە لە کوێوە هاتنو بۆچ؟ وە چۆن هەندێکیان لە سلێمانی دا پێگەیشتنو بە ناو هەموو وولاتی ئیسلامدا ناوبانگیان بلاوبۆوە هەر لەم بارەیەوە کێشەی نێوان تەریقەتی قادریو نەقشبەندی بە شەقڵێکی پێشکەوتنی شار دەزانرێ (٨)

## قوتابخانەی ئەدەبی نوێ

بێ گومان لەم زەوییە بە پیتەداو لەم مەیدانە پێشکەوتووەدا، بزوتنەوەیەکی ئەدەبیی تازەش بەرپا دەبێو پەیرەوێکی ئەدەبیی تازە یاچەند پەیرەو دێتەکایەوە. گرنگو مەشخەڵی پەیرەوێکی ئەدەبی تازە لە سلێمانیوە سەری دەرهێناو بوو بە روونا کی یەك کە تائیستا بەردەوامەو بەشی زۆری کوردستانی گرتەوە. یاراستر ئەوەیە (کە لە رووی زمانەوە) بوو بە ئەدەبیاتی ئەوانەی بە سێ دیالێکتی کوردی دەدوێن.

قوتابخانەی شیعری بابان، کە هەندێ لەمێژوو نووسانی ئەدەب بە قوتابخانەی نالیی دادەنێنو هەندێکیش لە باسیدا ناوی نالیو سالمو کوردی پێکەوە تۆماردەکەن. ئەو قوتابخانەیە گەر لە رووی ناوەرۆکیشەوە گەلێك دیمەنی لە ئەدەبیاتی

(٧) مێجەرسۆن هەوڵی ئەوەی داوە زۆر ناپەسندانە ئەم تێکەڵیەی خەڵکی سلێمانی لێك بداتەوە بە چەشنێك کە بە سووکی تەماشای ئەو شارە نەبەزە بکرێت کە ئەمە تەنیا لە دوژمنێکی وەك ئەو دەوەشێتەوە. جێی داخە کە هەندێ کورد ئەو ووتە ناشیرینانەی ئەو دووبارەبکەنەوە

(٨) تا ئێستا لێ کۆ لینەوەیەکی عیلمیی ئەم کێشەیەمان نییە کە مەسەلەکە بپەستێ بە ژیانی سیاسیو ئابووریی کوردەواریو بەپلەی ئەوسای کوردایەتییەوە تائێستاش. لێکۆڵینەوەی راستەقینەی ژیانو بیرو بزوتنەوەی ئەو رابەرو رۆشن بیرەی کورد پشت گوێ خراوە، کە بە شەهیدێکی گەورەی بیروباوەر دەژمێررێ مەبەس مەولانا خالیدی نەقشبەندییە. کە بەزۆر ئاوارەو دەربەدەر کراو لە دوور وولات بەرشانەوە کۆچی کرد (١٢٤٢ هـ)

ئەمرۆماندا نەمابێ. ئەوا فۆرمی ئەدەبیاتی ئەمرۆمان هەر بەرەوپێش چوونی مێژوویی فۆرمی ئەدەبی ی ئەو قوتابخانەیەیە، بەتایبەتی ئەو زمانەی کە ئەدەبیاتەکەی پێ دەنووسرێ هەر ئەو زمانە، تازە پتەوەیە کە ئەو قوتابخانەیە کردبووی بە کەرەسەی دەربڕینی ناوەرۆکەکەی و بە هۆی دارشتنی فۆرمی تایبەتی ی خۆی. گەر گۆڕینێکیش لە زمانی ئەدەبیاتی ئەمرۆمان و ئەو قوتابخانەیەدا ببینین، ئەوە هەر ئەو گۆڕرانەیە کە مێژووو سروشتی پێشکەوتن دروستی کردووەو دەبێ رووبداو سەرچاوەی یەکەمی ئەو پێشکەوتن و بەرەوپێش چونەش لە زمانی ئەدەبیاتی ئەمرۆماندا هەر ئەو رۆشنی و تازەگەری و دینامیکێتی یەیە کە لە زمانی ئەدەبیاتی دەوری بابان دا هەبووو دەستی پێ کرد. ئەو زمانە کوردی یەی، یاووردتر ئەوە بیێژین ئەو دیالێکتە کوردی یەی لە سەرەتاوە شیعری نالی و سالم و کوردی ی پێ نووسرا، تەواو ئەو دیالێکتە نەبوو کە خەڵکی سلیمانی پێ ی دەپەیڤین. بەڵکو هەر وەك خەڵکی سلیمانی خۆیان تێکەڵ بوون و گەر شێوەی قسەکردنیان تەئسیری چەند دیالێکتی جیاوازی کوردیشی تیا دیار نەبووبێ ئەوا چەند بەشە دیالێکێ هەر کاری تێ کردووە. هەروەها ئەم تێکەڵی یە لە زمانە ئەدەبی یەکەشدا هەر دیاربوو. هونەرمەندی و وەستایی دامەزرێنەرانی ئەو قوتابخانە ئەدەبی یە، توانایەکی وای بەخشی بە ئەدەبەکەیان، کە زوو بڵاوببێتەوەو باش بچێتە دڵەوەو کار بکاتە سەر شاعیرانی ناوچەی تری کوردستان و ئەو دەنگەی لە سلیمانی یەوە، دەنگی دا یەوەو دەنگ دانەوەکەش لە یەکەم پلەدا لە ناوچەی سۆرانەوە(٩) بوو. هەر لەو سەردەمەدا شیعری حاجی قادری کۆیی (١٨١٥–١٨٩٧) و ئەختەر – (١٨٣٦–١٨٨٦) و کەیفی جوانرۆیی لە خاکی سۆرانەوەو مەجدی (١٨٤٩ – ١٩٢٥) لە ئەردەڵانەوەو کۆمەڵێ شاعیری تری ناوچەی سنەو موکریان هەر بەو چەشنەیان نووسیوە کە نالی و هاوەڵەکانی نووسیویانە. واتە: پشت بە گەلێك بەڵگەی ئەدەبی دەتوانین بڵێین ئەو زمانە ئەدەبی یەی لە سلیمانی یەوە هەڵقوڵی هەر لەسەرەتای دروست بوونیا زمانی ئەدەبی ی هەرچوار بەشە دیالێکتەکەی کرمانجی خوارووبوو واتە: سلیمانی و سنەو سۆران و موکریان. ئەوساش و ئێستاش لە ئاخافتنی رۆژانەیاندا ئەوندە جیان کە هەریەکێ لەوان ناوبنێن بەشە

(٩) تا ئیستا زۆر نووسەر بە هەڵە بەهەمنو (کرمانجی خوارو) دەڵێن (سۆرانی)، کە سۆران هەر بە ناوچەی میرنشینی سۆران دەووتری و شێوەکەی بەشێکە لە چواربەش دیالێکتی کرمانجی ی خوارووە واتە (سلیمانی، سنە، موکریان، سۆران).

(دیـالێکت)، بەڵام ئەوسـاش و ئیستـاش هەر بەیـەك زمـان و یەك چەشن نووسیـویـانە. گەربـاری سیــاسیی لوڕستـان و لەنـاوچـوونی میـرنشینی بۆتـان پاش ئەوەش هێـرشی جانەوەرانەی کەمالی یەکان وای کردبێ کە مەشخەڵی شیعری بابەتایەرو شیعری کرمانجی ژووروو، یابڵیین ئەدەبیاتی بۆتان کزببێت، یا لەناوبچێو تەوژمی شیعری بابان وای کرد بێ کە زۆر لەوانــەی هەورامی نەبــوون و بەهــەورامی شیعـریـان دەووت، یا تەنـانـەت خوێنـدەوارانی هەورامـانیش ئەم شێـوە تازەیـەی نووسین بە شێـوەی ڕەسمیی ئەدەبیـات بناسن و هەورامی بچچێبێڵن. ئەوا مەشخەڵی شیعری بابان نەهاتە کزیو جاروبار هەر گەشەی دەسەندو هەر پێش دەکەوت و گەر جاروبار کپ بوو بێ، ئەوا هەر ماوەر ڕێگەی خۆی نەگۆڕیوەو ڕووداوی کۆمەڵایەتیو سیاسی جاروبار گیانێکی تازەی کردووە بە بەریا.

## داگیر کردنی عوسمانی:

نزیکیی خاکی بۆتانو تەنانەت بادینانیش وای کردووە کە دەسەڵاتی تورك یەکسەر بگاتە هەموو کونجێکی ژیانی ئەو دوو میرنشینە پێشووەی کورد. داگیرکردنی عوسمانی لەفەرهەنگی سیاسەتدا بەرامبەر بە نەزانیو نەخۆشیو دواکەوتنە. بەمجۆرە لە هەموو خاکی داگیرکراوی کورددا، عوسمانی یەکان دەستیان دایە کوژاندنەوەی هەموو مەشخەڵو چرایەکی زانیاری. لەجزیرەو ئامێدیو ئاکرێو شووشو باڵەتەو سلیمانیو گەلێ شوێنی کوردستان مزگەوتە گەورەکان جێگەی خوێندنو سەرچاوەی زانستو ئەدەبیات بوون. بەلام داگیرکەری عوسمانی ئەو مەشخەڵەی ڤەمراندو گەر بۆ خاپاندنو دەسەڵات پتەوکردنی خۆیان کاریان بە ئاینو مزگەوت بووبێ، ئەوەهەوڵی ئەوەیان داوە کە لە جێگەی دەنگی موناقەشەوزانین، دەنگی دەفو لەجێگەی چرای زانست بریسکەی شیرو زرکی دەرویشی تیادا جێگیر بێت، ناوچەی سلیمانی، هەرچەندە زۆر کارەساتی دی کە ببێتە هوی دواکەوتنو ڕاگرتنی بەرەوپێش چوونەکەی دەوری بابان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندی هۆ هەبوو کە ئەو مەشخەڵەی لە کوژاندنەوە ڕزگارکرد.

دووری‌ی سلیمانی له پایته‌خته‌وه‌و به زه‌حمه‌ت گه‌یشتنی سوپاو سه‌ربازی عوسمانی [١٠]، وای کردبوو که هیچ کاتێك له سلیمانی دا ده‌سه‌لاتێکی پته‌وی عوسمانی دیار نه‌بێت گه‌ر شێخی نۆدێ له ده‌وری بابان‌دا به‌یه‌کێ له کۆله‌که‌کانی زانست بزانرێ.

ئه‌وا کاك ئه‌حمه‌دیش له‌م ده‌وره‌دا به‌وه‌ی ته‌ریقه‌ت‌و زانینی له یه‌ك‌دا، وای‌کرد ئه‌و مه‌شخه‌له نه‌کوژێته‌وه. ته‌نانه‌ت به‌ڵگه زۆره که پاش ڕوخاندنی بابانیش هه‌ر به‌کوردی ده‌رسی ده‌ووته‌وه. عوسمانی‌یه‌کان – بۆ به‌ڕیوه‌بردنی ده‌ستگای ده‌وڵه‌ت پێ‌ویستیان به چه‌ند قوتابخانه هه‌بوو که کادرو فه‌رمانڕه‌وایان بۆ پێ‌بگه‌ێنێت. بۆ ئه‌وه‌ش که خه‌ڵکی هه‌ندێ لای ئیمپراتوریه‌ته‌که‌ش به‌چه‌ند ده‌ستگایه‌کی ئه‌وتۆ بێ‌ده‌نگ بکه‌ن که خۆشیان سوودی لێ‌ببینن – له‌پاڵ دانشگای سوڵتانی‌و عه‌سکه‌ری‌ی ئه‌سته‌مبووڵ‌دا له چوار شاری ئیمپراتۆریه‌تدا چوار قوتابخانه‌ی ڕوشدیه‌ی عه‌سکه‌ری‌یان کرده‌وه. که بۆ ئه‌و کاته له ڕیزی پله‌ی سانه‌وی‌ی خوێندنی ئه‌مڕۆ ده‌ژمێررا، هه‌رچه‌نده ڕاده‌ی خوێندنه‌که‌ی زۆر له‌وه به‌رزتر بووه.

یه‌کێ له‌م چوار ڕوشدیه‌ی عه‌سکه‌ری‌یه به‌ر شاری سلیمانی که‌وت [١١] ئه‌م قوتابخانه‌یه، هه‌ر وه‌ك پێش‌که‌وتنه که‌ی پێشووی ده‌پاراست، هه‌ر وه‌ها بناغه‌ی خوێندنی هاوده‌م‌و تازه بابه‌تیشی یه‌که‌م جار له سلیمانی‌دا به‌ڵکو له هه‌موو کوردستاندا دامه‌زراندو هه‌ر لێره‌دا کۆمه‌ڵێ قوتابی پێ گه‌یشتن که دوایی ڕوویان کرده ئه‌سته‌مبووڵ‌و خوێندنیان ته‌واو کردو زۆریان له‌مه‌ودوا بوون به‌که‌سی وا که له مێژووی سیاسی‌و که‌لچه‌رو ئه‌ده‌بیات‌و زمانه‌وانی‌و مێژوو نووسینه‌وه‌ی کورددا ناویان بدره‌وشێته‌وه. هه‌ر وه‌ك کار به‌ده‌ستی وایان تیاهه‌ڵکه‌وت که‌له ئه‌سته‌مبووڵدا پایه‌ی زۆر بڵندی هه‌بێ‌و له ڕووی شارستانی‌و که‌ڵچه‌ره‌وه هه‌وڵی ئه‌وه بدات گه‌ر خزمه‌تی هه‌موو کوردستانیشی پێ‌نه‌کرێ ئه‌وا خزمه‌تی سلیمانی بکات.

---

(١٠) له‌م باره‌یه‌وه یادداشته‌که‌ی م..یه‌رسۆن گ... شتی سه‌یر ده‌گێرێته‌وه. ته‌نانه‌ت سه‌ربازی عوسمانی له ترسی هه‌مه‌وه‌ند هه‌ر نه‌یتوانیوه ڕێگه‌ی سلیمانی بگرێت‌و زۆر به زه‌حمه‌ت گه‌یشتۆته ئه‌وی

(١١) ئه‌م چوار قوتابخانه‌یه له ئیزمیروشام‌و به‌غداو سلیمانی بوون

## داگیر کردنی ئینگلیز:

ئەوەی دەربارەی داگیرکەری عوسمانی دەووتریّ، دەربارەی داگیرکەری ئینگلیزیش ڕاستە. دەسەلاّتی ئیمپریالیزمی ئینگلیز هەر لە ڕۆژی خۆیەوەو تائەمڕۆش یەکەم سەرچاوەی ماتەمو کارەساتو دابەش کردنو دواکەوتنی کوردستانە.

بەلاّم ڕیکەوتێکی سەیری مێژوو وای کرد کە یەکیّ لە کوڵەکەکانی ئەم ناوەی ئیمپریالیزمی ئینگلیز کە مێجەرسۆنە، لە پالّ ئەو هەموو دوژمنایەتی یەدا کە لە گەلّ کوردی کردو لەپالّ ئەوەدا کە مێژوو بەیەکەم دوژمنی سەرداری نەتەوەی کوردو ڕابەری دەیان سالّی خەباتی شێخ مەحموودی حەفیدی دەزانیّ، هەندیّ خزمەتی زمانی کوردیش بکاتو لەدەوری ئەودا ئەو تەوژمی ئەدەبیاتو زمان پوختە کردنەی دەوری بابان بەرەوپێشەوە بڕوات[١٢].

## فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود:

ئەم تەوژمو پێش‌کەوتنە کالاّیی ماندوویی لە سالّی ١٩٢٢دا کردەوەو پشتێنی بە ئاسوودەیی ڕۆیشتنی تاماوەیەك لیّ‌بەست. سالّی ١٩٢٢ لە مێژووی کورددا سەرباسێکی زێڕینە. گەر لەمێژوودا ئەو سالّە بێت کە لە ناوچەیەکی کوردستانا یەکەم قەوارەی تازە بابەتی کورد دامەزراو شێخ مەحموودی پێشەوا بە ڕەسمی بوو بە مەلیك مەحموودی یەکەم. ئەوا بۆ ڕۆشن‌بیریو خوێندەواری کەلّچەری کوردی، بەسالّی ڕەسمی ی لە دایك‌بوون دەژمێرریّ و لە وسالّەدا ئاواتەکەی خانی هاتە دیو زمانی کوردی بە ڕەسمی ناسراو وەك ئەو دەیفەرموو : «نەقدیّ مە بوو بەسکەی مەسکووك». لەڕوژانی پاشایەتی ی شێخ مەحموودا زمانی کوردی بە ڕەسمی بوو بە زمانی دائیرەو دەستگای دەولّەتو قوتابخانە. هەر (شێخ) لە دەست بەسەری هیندستانەوە گەڕایەوە پایتەختەکەی. قوتابی ی کورد یەکەم سروودی خۆیان بە کوردی بۆ ووت[١٣]. یەکەم جار بوو لە مێژووی قوتابخانەی تازەوهاودەمدا زمانی

---

(١٢) لەم بارەیەوە تەماشای ئەوە بکە کە نووسەری ئەم نامەیە لە حوزەیرانی ١٩٧٠ دا لە (التآخی) دا بە ئیمزای (ع) نووسیویە.

(١٣) ڕەفیق حیلمی لە یادداشت‌دا باسی ئەو سروودە دەکات کە شاعیری ناودار زێوەر لە بەرەوپیرچوونی شێخ‌دا بۆ قوتابیانی نووسیبوو.

کوردی زمانی ڕەسمی بێت. ڕۆژنامەگەریی کوردی لەم دەورەدا چالاکانە پەرەی سەند، شیعرو ئەدەبیات بوو بەچەکی پاراستنی شۆڕش و ئەو قەوارەیەی کورد، ئەو زمانەش کە لە هەموو ئەم کەین و بەینەدا بەکار دەهێنرا هەر ئەو شێوە کوردی یە بوو کە لە ڕۆژانی نالی دا دەستی پێ کردبوو و لە دەوری هەردوو داگیرکەردا پەرەی سەندبوو.

## دەوڵەتی عیراق:

پاش ئەوەی جارێکی تر داگیرکەر هاتەوەو (شارەزوور بۆوە بە دەریای خوێن و سلیمانی گەمی یە ڕەنگ) و دەسەڵاتی شێخ مەحموود پاش نزیکەی ساڵێك لەناودراو ناوچەی سلیمانی کرا بە لیوایەکی مەملەکەتی عیراق کە تازە فەیسەڵی یەکەم هێنرا بووو کرابوو بە مەلیکی.

پاش ئەوەش لە ناوچەی سلیمانی دا خوێندن و زۆر کات کاروباری ڕەسمی ی دەسگاکانی دەوڵەت بە کوردی هێڵرایەوە. لەو ساوەو تائێستا شەش پۆلی سەرەتایی بەکوردی دەخوێنرێ. ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبێ کوردی لەم ناوچەیە هەر نەبڕاوە. فراوان بوون و پەرەسەندنی یا کەم بوونەوەی و کزبوونی بەستراوە بە تیژبوون و هێواش بوونەوەی هێرشی ڕژێمی کۆنەپەرستی ی ئەو سەردەمانەوە. بەلاّم بەهیچ جۆرێك تا ساڵی ١٩٦١ ساڵێك ڕانەبوردووە کە ئەم ناوچەیە چاپەمەنی کوردی تیانەبێ. هەر وەك لە ڕۆژانی بابان دا ئەم تەوژمی زمان و ئەدەبیاتە ناوچەکانی تری کرمانجی ی خوارووی گرتەوە، هەر وەها لەم دەورانەشدا ئەو دیمەنە هەر بینراوە. زۆر بەسەرتێکچوونی دەسەلاّتی شێخ مەحمووددا ڕانەبوردبوو کە حوزنی ی موکریانی چاپخانەی (زاری کرمانجی) ی هێنایە ڕەواندزو کردی بە دەسگایەکی ئەوتۆی ڕۆشن بیری ی کوردی کە تائێستا هەر لەکاردا بێت. لە ناوچەی کەرکوك و هەولێردا بەگشتیێ یا لە هەندێ شوێن دا، هەمیشە یا ناوبەناو بە کوردی خوێنن هەر هەبووە. هەموو ئەم نووسین و ئەدبیات و خوێندنەش هەر بەو زمانە ئەدەبی یە بووە کە لە سلیمانی بەکارهێنراوە. بۆ ناوچەی هەورامانیش، هەر وەك تەوژمی ئەدەبیاتی بابان وای کرد کە زۆر لەوانەی هەورامی نەبوون و بەهەورامی یابڵێین بەشێوەی گۆران دەیاننووسی

وازی لێ بێنن و بەو شێوە تازەیە بنووسن. لەم دەورەدا خوێندنی کوردی هەر لە زووەوە چووە ناوچەی هەورامانی خوارووەوەو هەر لەو کتێبانەشدا کە لە سلێمانی دەخوێندران، بەم جۆرە لە هەوراماندا کۆمەڵێ خوێندەوار پەیدابوو کە بە تەواوی بەو شێوە ئەدەبی یە بخوێنن و بنووسن. باری بەرەوپێش چوونی ژیانی ئابووریش وای کرد کە ناوچەی هەورامان نەتوانێ لەو قاوغە ئابووری یە کۆنەی خۆیدا بژی کە جاران تیادا بوو، واتە بێ پەنا بردنە بەر بەرهەمی کشتوکاڵ و پیشەسازی ی هیچ جێگەیەکی تر بتوانێ بژی، بۆیە لە ئەنجامی تێکەڵی ی تازەی ئابووری و بازرگانی یەوە وای لێ هاتووە کە زوربەی خەڵکی هەورامان هەر دوو شێوە باش بزانن. هەر وەك سروشتەکەی هەورامان خۆی کەوا هەڵکەوتووە کە بۆ کشت و کاڵ دەست نەداو دەستی پیشەسازی و هاوینەهەوار ئاوەدان کردنەوە هێشتا نەك هەورامان بەڵکو هەموو کوردستانی نەگرتۆتەوە، ئەمە وای کردووە کە خەڵکی هەورامان لەپاڵ توجارەت دا (لەدەرەوەی هەورامان) رووبکەنە خوێندەواری و فەرمانبەر پێ گەیاندن. لەئەنجامی ئەمەدا وای لێ هاتووە گەر جاران لە سلێمانی یەوە فێرکەر دەچوو بۆ هەورامان و بە شێوەی سلێمانی خەڵکی ئەو ناوچەیەی فێردەکرد. ئێستا زۆر لە فێرکەرانی ناوچەی هەڵەبجەو تەنانەت سلێمانی هەمووی و تا ناوچەی سۆرانیش خەڵکی هەورامان بن و هەر بەوشێوە یەکگرتووەی خوێندن دەرس بڵێنەوە، گەر کەسی ئەوتۆشیان تیاهەڵ بکەوێ کە خەریکی نووسین و ئەدەبیات بێ ئەوە ئەویش هەر بەو شێوە یەکگرتووە دەنووسێ بە شێوەکەی خۆی نا(١٤)

بۆ ناوچەی سنەو موکریانیش هەر وەك لەوێش هەر لە سەردەمی بابانەوەو پاش کزبوونی شیعری دیالێکتی گۆران هەر لەسەر پەیڕەوەکەی (نالی و سالم و کوردی) شیعر دەستی پێ کرد؛ هەر لەو کاتەوەو تائێستاش ئەم پەیڕەوە هەر بەردەوام بووە.

---

(١٤) لە گۆڤاری (گەلاوێژ) دا ناوی گەلێ نووسەر دەبینین کە خۆیان کەلهوڕن یا کرماشانین و (لەجیاتی شێوەی خۆیان) هەر وەك نووسەرانی تری گەلاوێژ نووسیویانە هەروەك یەکێ لە نووسەرە گەورەکانمان کە مەلا جەمیل بەندی ی رۆژبەیانی یە، شێوەی قسەکردنی خۆی (رۆژبەیانی) یە کە بەشێکە لە دیالێکتی گۆران. بەڵام نووسینەکەی کە هەر بەم زمانە ئەدەبی یە یەکگرتووەی ئێستای ئێمەیە دەیخاتە ریزی نووسەرانی گەورەو ئەو نووسەرانەوە کە کوردی باش دەنووسن و هەر وەك لە ناو خەڵکی هەوراماندا ئێستا نووسەرو شاعیر هەر بەم زمانە ئەدەبی یە دەنووسن و دەتوانین لەوانە ناوی ئەم خاوەن بەرهەمانە ببەین شێخ محەمەد ئەمین کاردۆخی، حەمە کەریم رەمەزان و دانای هەورامی و رەشید هەورامی عوسمانی هەورامی... هتد.

ئەو شتانەی لە ناوچەی سنە دەنووسرێن‌و دەگەنە ئێمە، یا ئەو نووسەرانەی خەڵکی ئەو ناوچەیەن کە لە گۆڤار یا رۆژنامەدا دەنووسن کە جاروبار لە ئێرانا رێگەی پێ‌دەدرێ یا جاروبار کوردی ئێران لە دەرەوەی وولات دەری دەکەن هەر بەو شێوە یەکگرتووە دەنووسن. ئەم بریارە زۆر قووڵترو فراوانتر بەسەر خەڵکی موکریاندا دێتەدی. چونکە ناوچەی موکریان لەپاڵ ئەوەدا کە مێژووی ئەدەبیاتەکەی ئەم دوو سەدەیەی لەگەڵ ناوچەی سۆران‌و سلێمانی‌و سنەدا جیانا کرێتەوە. ئەویش وەك سلێمانی ساڵێکی گەشەدارو زێرین لە مێژووی نیشتمانپەروەری‌و سیاسی‌دا هەیە کە کارێکی تەواوی کردە سەربزوتنەوەی رۆشن‌بیری‌و سەر ئەدەبیات کە تائێستا تەئسیری هەرمابێ

## کۆماری مەهاباد

ئەو ساڵەش ساڵی دامەزراندن‌و دەسەڵاتی کۆماری کوردستانە کە مەهاباد پایتەختی بوو و زۆری دەسەڵاتی لە ناوچەی موکریان‌دا بوو. مێژوو نووسان دەتوانن زۆر شتی رەنگین دەربارەی ئەو ساڵە بنووسن‌و نیشتمانپەروەران‌و شاعیران‌و شۆرشگێرانیش لە تۆماری یادگارا زۆر وێنەو تابلۆی ئازایەتی‌و فیداکاری بۆ بەجێ‌بهێڵن بەڵام بۆ ئەم باسەی ئێمە، ساڵی ١٩٤٦ ئەو ساڵەیە کە زمانی کوردی بە زمانی رەسمی‌ی ئەو ناوچەیە ناسرا کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستانی تیابوو. فەرمانی سەرکۆمار بەو زمانە دەردەچوو کاروباری دەستگای دەوڵەت بە کوردی بوو، قوتابی‌ی کورد بە زمانی زگماکی خۆی کەوتە خوێندن. تاقە چاپخانەکەی (کوردستان) لە مەهابادا کەوتە گەرو هەموو شتی بۆ کاروباری کۆمارو قوتابخانە چاپ کردو کتێب‌و گۆڤارو رۆژنامەی کوردی کەوتنە دەرچوون. ئەو زمانە ئەدەبی‌یەش کە کە بۆ ئەم مەبەسانە بەکاردەهێنرا هەر ئەو زمانە بوو کە لە دەوری بابانەوە گەشەی سەندبوو. تەنانەت لە رووی خوێندنەوە هەر بەرهەمی تەجروبەی بیست‌وچوار ساڵەی ناوچەی سلێمانی براو بە پوختەیی لەوێ سوودی لێ‌بێنرا. هەر وەك لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کۆمارەکەشدا کاری ئەم تەجروبەیە زۆر دیار بوو.(٦)

---

(٦) لە کوردستانی عیراقەوە گەلێك خوێندەوارو نووسەرو مامۆستا چوونە مەهاباد لە دەسگای فێرکردن‌و رۆژنامەو نووسینی کۆمارەکەدا جێگەی دیاریان هەبوو.

لەم ساڵەدا ڕێرەوی دووایی بە یەك شێوە نووسینی موکریان لەگەڵ سێ بەشە دیالێکتە کەی تری کرمانجی ی خوارەودا جێگیربووو وای لێ‌هات‌کە هەر وەکوتا ئێستا دەنگی سروودی ئەو سەردەمە لە گوێی ئەو لاوو کاڵانەدا دەزرنگێتەوە کە ئەو سەردەمەیان بە قوتابێتی یا گەورەیی دیوە. هەروەها ئەئسیری جێگیربوونی ئەو شێوە نووسینەش لە بەرهەمی ئەو نووسەرو شاعیرانەدا دیاربێ کە لەو ناوچەیەدا پێ‌دەگەن یاله بنەچەدا لەوێوە هاتوون[٧]

## زمانی ئێستای ئەدەبیات:

کەواتە ئەم شێوە نووسینەی ئێستا لە بەشی زۆری کوردستانی عیراق‌و ئێراندا پیێ‌ی دەخوێنرێ‌و دەنووسرێ‌و زمانی ئەدەبیاتە، شێوە نووسینێکی یەکگرتووی کوردی‌یە کە هەموو خاوەنانی کرمانجی‌ی خواروو (سنە — سلیمانی، سۆران، موکریان)و نووسەرانی کوردی (گۆران) و هەندی نووسەری کوردی لوڕ[٨] بەکاری دەهێنن.

ئێمە ناتوانین بەهیچ جۆرێك بەم شێوە ئەدەبی یە بڵێین، شێوەی سلیمانی، چونکە هەر وەك نووسینەکە خۆی، تەنانەت نووسینی شاعیران‌و نووسەرانی شاری سلیمانیش لەگەڵ قسەکردنی ناو ماڵیاندا جیاوازی‌یەکی بچووکی هەر هەیە. هەروەها وورده وورده گەلێك ووشەی ئەم بەشە دیالێکت‌و دیالێکتانەی تری تێکەڵ بوو هەر وەك هەندێ لە گراماتیکی‌ی ئەوانیش جێ‌ی خۆی تیایدا دۆزیوەتەوەو هەندێ لە جیاوازی یەکانی فۆنەتیکی خەڵکی سلێمانیش لێرەدا جێگەی نەبۆتەوە. زمانی ئەدەبی‌ی یەکگرتوو لێرەدا لە سەرچاوەیەك دەچێ، کە لە سەرەتاکەیدا، واتە لەژێر زەمیندا، چ لە دیمەن‌و تام‌و پێکهاتنیدا هەر ئاوی ڕوونەو بریتی‌یە لە دوو بەش هایدرۆژین‌و بەشێك ئۆکسجین (H20) بەڵام کە ماوەیەك بەژێرزەمیندا دەڕوا زۆر

(٧) لە کوردستانی عیراقدا چەند نووسەرمان هەیە کە لە بنەچەدا موکریانین‌و نووسینیان شەقڵی ئەو لە موکریانەوە هاتەی تیادا دیارە هەروەك لە کوردستانی عیراق‌دا ژیان لە شەقڵی موکرێتی‌ی نووسینی گیوی موکریانی‌و هەژارو حەسەنی قزلچی‌و ڕەحمانی زەبیحی‌ی نەگۆڕیوە.

(٨) دیارترین نووسەر لەناو کوردی لوڕی عیراق‌دا نووسەر کامیل حەسەن بەسیرە کە نووسینە کوردی‌یەکانی هەر بەم زمانە ئەدەبی‌یە یەکگرتووەیە.

ڕەگەزی تێکەڵ دەبێ‌و تا لووتکەی تێربوون لە ئاوەکەدا دەتوێتەوەو کە بە ڕەگەزی‌تر گەیشت هەندێ لە تواوە کەی پێشوو دادەنێ‌و هەندێ شتی‌تر دەتوێنێتەوە. تا لە ئەنجام‌داو لەو کاتەدا کە هەڵدەقوڵێ لە ئەنجامی ئەنالیزدا هەر (H20) دەرناچێ، بەڵکو شتێکی‌تر دەردەچێ کە ڕەگەزی یەکەمی ئاوە، هەرچەندە دیمەنی دەرەوەو ڕەواڵەتی هەر لە ئاوی سادەیا لە ئاوێکی پەتی ڕوون دەچێ بەم چەشنە ئەو زمانە ئەدەبی‌یەی ئێستا بووە بەزمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان‌و ئەو کوردانەی بە سێ دیالێکتی کوردی دەدوێن بەو زمانە دەخوێنن‌و دەنووسن‌و زمانی نووسینی ئەدەبیاتیانە. ئەو زمانە لە سەرەتاوە لەشاری سلیمانی‌دا بوو بەزمانی ئەدەبیات‌و بلاوبۆوەو هەموو ئەو تێکەڵ بوون‌و تواندنەوەو ڕۆچوونەی بەسەردا هاتووە کە بەسەر زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی هەموو گەلاندا دێت تادەبێتە زمانی ئەدەبی ی هەموو نەتەوەکە. ئەم زمانە لەگەڵ شێوەی قسەکردنی شاری سلیمانی‌دا جیایی هەیە، هەرچەندە ڕەواڵەتەکەی هەر شێوەی ئەو شارەی‌پێوە دیارە.

بەلام ئایا ئەم زمانە ئەدەبی‌یە یەکگرتووە بووە بەزمانی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی کورد؟ گەر نەبووە دەبێ بپرسین – ئایا نەتەوەی کورد ئەمرۆ دوو زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی هەیە یایەك؟ ئایا زمانی ئەدەبی ی کوردی کردن بە دوو لەگەڵ ڕێ‌ڕەوی مێژووی نەتەوەی کوردو قانزاجی زەحمەتکێشانی ئەو نەتەوەیەدا دەگونجێ یانا ؟ ئایا پەیداکردنی دوو زمانی ئەدەبی لەگەڵ ئێداویستەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد (کوردایەتی) دا یەکە؟ گەر یەك نەبێت ئەو چەشنە هەوڵە لە مێژووی نەتەوەی کوردو کوردایەتی‌دا بەچی دەژمێررین؟ پاش وەلامی ئەمانە ئایا ئەم زمانە ئەدەبی‌یە یەکگرتووەی ئێستا لە قالبی ئێستایدا لی‌ی‌دی‌و دەتوانێ ببێ بە زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی هەموو نەتەوە ؟ وەچۆن دەتوانین ئەو ڕێبازە بدۆزینەوە کە مێژوو بۆ دروست بوونی زمانی ئەدەبی ی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی داناوەو چۆن ئەمەی ئێستا والێ دەکرێ ببێ بەبنکەی پەیدا بوونی ئەو زمانە ؟ لەم لاپەڕانەی دووایی دا هەوڵ دەدەین بەپێ‌ی ڕای خۆمان‌و بە پێ‌ی ئەو باوەڕەی لە ئەنجامی خوێندنەوەو تەجروبەوە پەیدابووە وەلامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

لە کتێبی.. سەربخێ لەزمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی بەغدا، ١٩٧١ ل ٢٥ – ٤٥ ی نووسەری پێشەکی‌یەوە.

## سەرەتایەك

بۆ هەموو کوردێکی دڵسوز، بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی‌ی خۆشەویست، بۆمێژوو..! ئەم کتێبەی‌کە هاتە بەرهەم‌و کەوتە دەست خوێندەواران‌و خەڵکی شارە خۆشەویستەکەمان بەرهەمی چوار ساڵی ڕەبەقە. شەوو ڕۆژ بەبێ وچان.. لە ئەیلولی ١٩٨٠ دەستم پێکرد تا ئەیلولی ١٩٨٤ تەواو بوو ئامادەبوو بۆ چاپ.

ڕاستی‌یەکەی هەرچەند ئەمە ئیشی من نەبوو بەڵکو ئیشی کۆمەڵێ نووسەرانی ئەم بابەتە بوو کە ئەبوو لەزووەوە بۆ ماوەیەکی زۆر خەریك بوونایە بۆ کۆکردنەوەو زیندووکردنەوەی ڕابوردووی شارەکەمان کەببوایە بەکتێبێك بۆ مێژوو بۆ یادگاری خۆمان‌و بۆ نەوەی داهاتوومان. بۆیەمن ئەڵێم ئەم کارە ئیشی من نەبوو چونکە نووسەر نەبووم‌و ئەمە یەکەم بەرهەممە لەژیانم‌دا ئەوەی کە پاڵی پێوەنام و کاری تێکردم بۆ ئەم مەبەستە زۆر هۆ هەبوو کە کۆببوونەوە لەدڵ‌و مێشکم‌دا وەك:

گۆڕانی ژیانی جاران‌و ئێستا لە هەموو بابەتێکەوە وەك شتی فولکلۆری‌و نەریت‌و خوورەوشت‌و ژیان‌و ڕابواردن‌و ڕابوردووی جاران. ئەوسا پارە کەم بو بەڵام شت زۆر هەرزان‌و تالاّن بوو، خەڵکی بەساکاری‌و قەناعەتەوە ئەژیان.

برایەتیو خزمایەتیو دراوسێتیو برادەریەتی زۆر بەهێزبوو، ڕێزوخۆشەویستی هەبوو لە ناو خەڵك داو لەنێوانی گەورەو بچوكدا. جاران نەخۆشی کەمبوو خەڵکی ئەو ڕۆژگارە زۆر بەتەمەن تر بوون لە هی ئێستا؛ چونکە ئەوەندەیان لێك نەئەدایەوە گوێیان نەئەدایە دنیا.

لەخێزانێکدا تەنیا پیاوی ماڵەکە کاسبی ئەکرد ئەوانی ترئاگایان لە چۆنێتیی نان پەیداکردن نەبوو. چاولێکەریو بەخالەتو هەڵپە نەبوو دزیو پیاوکوشتنو خراپە زۆر کەم ڕووی ئەدا. یەکێتی بەهێز بوو لە ناو شارەکەدا هەروەها لە ناو گەڕەکەکانو گوزەرەکاندا کەس نەی ئەتوانی دزیو پیاو خراپیو دەست درێژی بکات.. کواشارەکەی جاران...؟

شارەکەی برایم پاشا و کاك ئەحمەدی شێخو مەولانا خالیدو شێخ مەحموودی نەمرو شارەکەی شەشی ئەیلوول..؟ وەك شاعیری بەناوبانگ شێخ ڕەزای تاڵەبانی ئەفەرموێ:

«دریغ بۆ ئەو زەمانە ئەودەمە، ئەو ڕۆژە، ئەو عەسرە
کە مەیدانی جریدبازی لەدەشتی کانی ئاسکان بوو»

داخی گرانم بۆ ئەو پیاوە بەهەیبەتو منەووەرانە، بەو جلو بەرگە جوانانەوەو ئەو کوڕوپیاوو دیوەخانانەو ئەو پیاوە قسە خۆشو بەبەزمو ڕەزمانەو ئەو قسە نەستەقانە کە نەمان.... هەروەها ئەو ئافرەتانەی وەك ئامینەخانی نەقیبو حەپسەخانی نەقیب کە نموونەی ئافرەتانی جاران بوون. چییان لیٚهات؟؟ ئەوکارو پیشەسازییە دەستیانەی جاران، وەك شیرگەریو کارگەچێتیو موتابچێتیو چەخماخ سازیو پانیبەرزو کەوش دروین.. بەداخەوە هیچی نەمانو لەبەرچاو ون بوون. کە پێویستە ئەو بەرهەمانەیانکە نموونەن بخرێنە مۆزەخانەو پێشانگای فوتۆگرافی،بۆ ئەوەی یادیان بکرێتەوە وپیشەی باووباپیرانمان لەناونەچێت کاتێك ئەم شارە کارەبای تێدانەبوو.. یان کە پەیوابوو بەم جۆرەی ئێستا کە نەبوو، لە هەندێ چایخانەدا نەبێ گرامەفۆنی دەستی تێدابوو. بەڵکو رادێوو تەسجیلو تەلەفیزیون نەبوو. بە تایبەتی شەو پیاوان لە چایخانەکاندا کاتێکی خۆشیان ئەبردە سەر، بەقسەی خۆشو سەرگوروشتە گێڕانەوە. لە هەندێ چایخانەدا نیمچە ئاهەنگێکیان ئەگێڕا چەند

کەسێك هەبوون پێیان ئەوتن حەقایەت خوان وەك مەلا سمایلو عوسمانی قالەرەش دەستیان ئەکرد بە شانامە خوێندنەوەو حەقایەت کردن. کورانیش دەستە دەستە بە کۆلانانی گەڕەکەکانی خۆیاندا ئەگەرانو دەستیان ئەکرد بە گۆرانیوتنو چەپلە لێدان. منداڵەکانیش لە بەردەرگاو کۆلاندا دەستیان ئەکرد بەیاری هەمە جۆری ئەو کاتە، هەروەها ژنانیش لای منداڵەکانەوە کۆری خۆیان ئەبەست وە دەوری ئافرەتێکی بەتەمەنی دنیا دیدەو قسەخۆشو سوعبەت چییان ئەداو گوێیان لەقسەی ئەگرتو پیاوە بەتەمەنە ئاین پەرستەکانیش پاش نانخواردنی ئێوارە ئەچوون بۆ مزگەوت.

هەموو مزگەوتێك سەکۆیەکی گەورەی هەبوو هاوینان ئاوڕشێنئەکراو دوایی بەرەو حەسیریان دائەخست لە سەر سەکۆکە نوێژیان ئەکردو گوێیان لە حەدیثی مەلاکەرائەگرت پاشان دەست ئەکرا بە قسەی خۆش.. باسی دینو دنیاو قیامەتیان ئەکرد.

هەموکەس ئاوا وەختیان ئەبردە سەر بەتایبەتی شەوان بەبێ کینەو قسەی بەتوێکل، جاران شەوانی هاوینان لەسەر بان هاتوچۆی یەکترییان ئەکرد،لەم چیخ بۆ ئەو چیخ ئەچوون بە میوانی یەکتری دەست ئەکرا بەقسەی خۆشو چاییلێنانو گیزە گیزی سەماوەرو خواردنەوەی بەفراوو دۆی سارد.

ئەوسا سەیرانگاکانی کانی باو کارێزی مەجی بەگو تووی مەلیكو سەیرانی نەورۆزی لای کارێزی وەستا شەریف بەرگردی مامەیارە کە حاجی تۆفیقی (پیرەمێرد) هەموو ساڵێك ئەم شارەی وەك خێزانێك کۆ ئەکردەوە لەوێ. ئەو ڕۆژە لەو دەشتەدا دەست ئەکرا بە یاپراخو چایی لێنانو دەستگرتن بۆ هەڵپەرکێو ڕمبازی تائێوارە بەخۆشیکاتیان ئەبردە سەر، جاران لە ڕەمەزاندا ئێواران پێش بەربانگ ئەم شارە ئەخرۆشا، لە هەموو لایەکەوە خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ پێشوازیی بەربانگ. ئەو هاوارو بگرەی ناومەیدانو جادەکان هەر یەکەی لە ئاوازێك بۆ فرۆشتنی میوەهاتو کولێرەو لەواشەی گەرمو دۆو شەربەتی مێووژو وەکلۆ بەفری گوێژە، ئەو زەمانە جەژنان دوای مەلابانگدان سینییە چێشت ئەچوو بۆ مزگەوتەکان پیاوانی گەڕەك لەوێ نانی بەیانیان ئەخواردو هاتوچۆی دراوسێو خزمانیان ئەکرد، لە دوایی دا منداڵانیش جەژنانەی خۆیان وەرئەگرت و ئەچوون بۆ بەردەرکی سەراو

پیرەمەسوور بۆ سواری چەرخ و فەلەك و كورسی كورسی و ماین چەقەڵ وە بە سواری عەرەبانەو پاس قەمەرە ئەگەڕان بە ناو شاردا بەگۆرانی وتن و چەپڵە ڕێزان.

ئەو سەردەمە زستان و شەوانی زستان زۆپای دارگەرم ئەكرا لە قوتابخانەكان و چایخانەكان و مزگەوتەكان‌دا خەڵكی كۆ ئەبوونەوە لەدەوری دەست‌ئەكرا بەقسەی خۆش و سەر گوروشتە گێڕانەوە، شەویش لەماڵان دراوسێ كوڕوكچ تێكەڵ ئەبوون وەك خوشك و برا هەر شەوەی لە ماڵێك كاتێكی خۆشیان ئەبردە سەرو دەورەیان ئەدا لە مەقەڵی ی ئاگر یان ئاگردان. دەست‌ئەكرا بە چایی لێنان و خواردنی باسوق و سنجوق و مێووژو گوێز، دەست ئەكرا بە حەقایەت كردن و قسەی خۆش و یاری‌كردن وەك گۆرەوی بازی وفنجانێن و شەرەگورز، هەموو شەو بە خۆشی زستانەكەیان ئەبردە سەر.

ئەو گۆرانە بوو بە هۆی ئەوەی دەست‌بكەم بە كۆكردنەوەی نوسینی ئەم جۆرە شتانە، بەلاّم لەسەرەتادا بۆ (كتێب) نەبوو بەڵكو بۆ یادگاری خۆم بوو، تابوو بەشتێك و بیرم‌كردەوەو بڕیارم‌دا بیكەم بە كتێبێك كە پێشكەش بە هەموو كوردێكی دڵسۆزو ئەم شارە خۆشەویستەمانی بكەم.

ئەم شتانەی كە كۆم كردوونەتەوە لەم كتیبەدا نوسراوەو باسكراوە لە دروستبوونی شاری سلێمانی ساڵی ١٧٨٤ تا كۆتایی پەنجاكان. مەبەستیش ئەوەیە تائەو ساڵانە ئەم جۆرە شتانە هەرمابوون، دوای ئەوە وردەوردە لە بەرچاو نەمان و ون‌بوون.. باوو باپیرانمان لەگەڵ خۆیان‌دا بردیانە خاكەوە منیش بیرم كردەوە كە زیندووی بكەمەوەو لەناو نەچێت جارێكی تر قۆڵم لێ‌هەڵ‌كرد وەك مەلەوانەكە بڕیارم‌دا (؟) كە ئەڵێت: (سیروان بمبەی هەرلێت ئەدەم نەمبەی هەرلێت ئەدەم). بەلاّم ئەوەی شایانی باسە من مەلەوانیش نەبووم ووتم ئەگەر بش‌خنكێم هەر لێت ئەدەم ئەوە بوو بەسایەی خوای میهرەبان و سەری ئێوەی خۆشەویستەوە، نەش خنكام وبەرپمەوە ئەم بەرهەمەم هێنایە دی كەپێشكەشی كەم بۆ هەموو كوردێكی دڵسۆزو دانیشتوانی شارە خۆشەویستەكەمان و نەوەی داهاتوومان كەوەكو گەوهەرێك بدرەوشێتەوە هەتا هەتایە ڕوناكی هەبێت و ئەم‌شارەمان لەیاد نەچێت. دوا بەدوای ئەمە تكام وایە لە دانیشتوانی شاری سلێمانی ئێستە كە شاری سلێمانی كۆن ئەوەیە كە ئەم كتێبە ئەخوێننەوە ئێوەش لە سەرتانەڕێزی لێ‌بگرن وەك پێشینان ئەڵێن «كانیەك ئاوت لێ‌خواردەوە بەردی تێ‌فڕێ مەدە».

هەروەها تکام وایە لە خەڵکی شارەکەمان کە لێم ببورن لەهەرکەم‌و کورییەك یان ناوی هەرکەسێکم لەبیر چووبێت کەناوی بێنم چونکە لەمە زیاتر لە توانام‌دا نەبوو پشت بە خوا بۆ چاپی دووەم چاوەڕوانی یارمەتی ئێوەم چونکە «چەپڵە بەیەك دەست لێ نادرێ».

دیسان داواکارم لە نووسەران‌و ڕۆشنبیران لەهەر سوچێکی ئەم کوردستانە لەهەر شارێك‌و قەزاو ناحیەو دێهاتێك هەیە کە ئەمە ببێتە نموونەیەك وئەوانیش دەس بدەنە ئەم جۆرە شتانەو قوڵی لێ‌هەڵکەن‌و کۆی بکەنەوەو بیکەن بە کتێب و مێژووی باووباپیرانیان زیندووبکەنەوە بۆ ئەوەی داهاتوویش سوودی لێ‌وەربگرن منیش لە ساڵانی پەنجاکان بەدواوە بەجێ‌دێڵم بۆ نووسەران‌و ڕۆشنبیرانی ئێستا کە لەمەودوا دەست بدەنە ئەم جۆرەشتانە، تۆزی وازبێنن لە شتی بێگانەو هەوڵ بدەن بۆ زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەتەوەکەمان.

لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم بەرهەمەی من جێگای پێخۆش بوون‌و ڕەزامەندیی هەموو مرۆڤێکی کورد بێت. جێی خۆیەتی هەر لێرەش‌دا پڕ بەدڵ سوپاسی برایان سەروەری برام‌و جەمیلی نووری مەلا عەلی‌و مامۆستا کامیلی برای‌و ئەنوری حاجی رؤوف‌و عەتای برای‌و ئەحمەدی عەلی عارف‌و مامۆستا عەلی لەتیف ئەکەم کە یارمەتی هەندێك لەنووسینەوەی ئەم کتیبەیان داوم هەروەها سوپاسی مامۆستا ئەحمەد حسین ئەحمەد ئەکەم کە یارمەتی نووسینەوەی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەی داوم دوای پاکنوس کردن. هەروەها سوپاسی کاك فەرەیدونی کەریمی قالەی قجول‌و کاك کەمالی خەلفە فەرەجی کەبابچی ئەکەم کەیارمەتییان داوم لەپەیداکردنی هەندێك وێنەی ناو ئەم کتێبەدا. هەروەها سوپاسی دوکتور عز الدین مصطفی ڕسوڵ ئەکەم کە چاوێکی وردی بەم کتێبەدا گێڕایەوەو پێشەکیی گشتی‌و وردە پێشەکی بۆ هەموو بابەت‌و باسەکان نووسیەوە. هەروەها سوپاسی مامۆستا کاکەی فلاح ئەکەم کە لە هەندێك پرسیارو ڕاوێژی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری سەر بەم کتێبە دریغی لێ‌نەکردوین هەروەها سوپاسی هەموو ئەو کەسانە ئەکەم کە بەهەندێ زانیاری وردوبەناو کۆکردنەوەو کەرەسەی شیعرو زۆر بابەتی تر یارمەتییان دام‌و بوونە هۆی تەواوکردنی یەکە یەکەی باسەکانی ناوکتێبەکەو هەریەکەش لەشوێنی خۆیان‌دا ناویان هاتووە هیوام وایەوێنەی ئەم مرۆڤە دڵسوزانە لە ناوگەلی کوردمان‌دا هەمیشە زۆر

زۆرتربن بەتایبەتی. کاك قادر برسی کە ئەو کۆمەڵەشیعرە جوانانەی لە کاتی خۆیدا نوسیوەو هەڵیگرتووە کە بابەتی ئەم کتێبەیەو باسی جاران ئەکات یەکەم جارە بڵاوبێتەوەو پیشکەشی بەم کتێبە کرد زۆر زۆر جێگای سوپاسە. هەروەك پێویستە زۆر سوپاسی کاك عومەری نەعمانو کاك عەلی دەدە بکەم کە لە کۆکردنەوەی زۆر بابەتدا یارمەتییان دام.

## ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە



**خاوەنی کتێب ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە ساڵی ١٩٣٦ ز لە سلێمانی لە گەڕەکی مەڵکەندی پیرمەسوور لەدایك بووە.**

## شاری سلیمانی

شارێکی دڵگیر پڕ نرخو جوانی
شاری هەڵمەتەو شاری قوربانی
کانی زیرەکیو زمان ڕەوانی
هاوتایە نەبووە بۆ سولەیمانی
هەزارو حەوسەد لەگەڵ هەشتاوچوار
مێژووی میلادە کە بۆت بوو بەشار
شەپۆلی عەشام هورووژمی یەکجار
بۆ دامەن گۆیژە شاری یادگار
قەڵاچوالانی کۆچ کردەسەیوان
بەئەمری پاشا ئیبراهیم بابان
لەدەستو پێوەند لەئاغا لە شوان
لە شێخو مەلا لە کوردو گۆران
دێ بچووکەکەی بەناو مەڵکەندی
بوو بە گەرەکێ نەما بە گوندی
ڕوو لە برەوو بەرزی و بڵندی
پڕ جافو بەگو پڕ هەمەوەندی
تەپۆلکەی دەبۆی زەمانی تورکان
بوو بە عرووسیو دیوانی بابان
ڕاستە شەقامو بازاڕو دوکان
مزگەوتو ئاش و حەمامو پڕخان
لە خواری دەبۆ لەدامەن قەڵا
بۆ نوێژو تاعەت بۆ بانگو سەڵا

◄

(پاشا) مزگەوتی گەورەی بینانا
بناغەی عیلم و مەلای بۆ هێنا
لە دیوی قسنی پیر مەسووری جوان
مزگەوت و ماڵی کرد (حاجی ئەحان)
ئەو پیر مەسوورەی نەزری بۆداوە
بەردی نیازی توند پێوە ناوە
خانوی مەڵکەندی نزم و بلاوە
درکەزی پەرژین چواردەوری داوە
ژێرخانی درێژ ناوی ئاگردان
بەکلاورۆژنە دووکەڵی سەربان
شوینی رمبازی و سوار چاکی مەیدان
دەمی ئێوارە بەرگردی سەیوان
خۆ (پوورەبەگی) باخی شیرینە
بۆسەیرو سەفا خۆش و رەنگینە
ئەگریجە شۆری پیشەی ببینە
تەشی رستن و کلاو چنینە
قەرسیلی سەوزی جوانی بەدیمەن
بەر قاوەخانەی دەشتی سەرچیمەن
پیاوانی گەرەک پێش زەردە پەریین
چوار مشتی ئەدوون لە دنیاو لەدین
رووکەرە ناوچەی کەڵێسەی گاوران
گوڵاو گرتنە پیشەو کاریان
جامانەرەشە لەمەیدانی کار
بۆ پێکهینانی خرینەو خەرار
قۆڵکە بە قۆڵیا بچینە سەرگۆل
خانووی هەژاران چوار ئەترافی چۆڵ

دەرگەزێن خەڵکی بەدیوەخانە
بازرگان ئەشراف عەبا بەشانە
خانوو دوونهۆم هەیوان سێ‌دەری
سەکۆ لە حەوشە باخچە لەوبەری
خواجە نشیینی بەر قاپی دیارە
خۆی نیشان ئەدا شوین پارەدارە
جێی نویژو تاعەت بۆ نزیك‌و دوور
مەولانا خالید خانەقای مەشهوور
گەڕەکی هۆڵێ لە قەراغ شارن
قاترچی، سەپان، ڕەنجبەر هەژارن
حەوشیان بچووکە تووی تیا ڕواوە
سەربانی ماڵیان بەچیغ گیراوە
لە شیوی قازی بۆ هۆمەرمەندان
تێپەرکەی چویتە سەرکانی دۆمان
کەلەپاچەکان کۆلانی باریك
ڕیخ‌و زیخ، هەموو ناخوش‌و تاریك
گەڕەك پێچاوپێچ بەردەلان‌و لێژ
دیواری نزم‌و گویسوانەی درێژ
لەئاشە گواوی بۆ ماست فرۆشان
ئەگەیتە ناوچەی کۆلانی کەلان
ژووررووی سەر چیمەن قەزازەکانە
پڕ لە کەلاوەو شوێنی ویرانە
لە دەشتی سەعەی بلە ئێواران
کەوشەکەو سێ‌باز گەنج‌و منالان
داخزێ بەرەو شیوی جوولەکان
کەنشتەی خواجە لە شوێنێکی پان

زەرەنگەر پیشەو عەتاری فێرن
گەنجی بێ موویان بەرۆژ کوڵگێرن
سەرشەقام ناوچەی کانیو کارێزە
پڕ لە مزگەوتو پیاوی بە ڕێزە
لە مزگەوتەکەی رەسووڵی ئاغال
کە تێپەڕت کرد چوار باخی کەم ماڵ
چوار باخ خانویان نزمو یەك نهۆم
دەرگای حەوشەیان کلیلو کلۆم
جێ نزرگەی وەیس لەقوڵی ئەودیو
پشت دەباخانە هەموو چەمو شیو
ڕووکە سەرچاوەی خوری کانێسکان
پانی بەرز لەپێ پڕە ئێواران
ئەگریجە خاوو نەرمو چاو بە کل
دەست بە سەتڵەوە ئەرۆن شل و مل
پەنجەی سوخمە سەوز خوڕەی شیر دۆشین
ماڵات لە حەوشەی چەپەرو پەرژین
با لە شێخانا پشوویە بدەین
لەدەفو زیکرا سەری دەربخەین
(شیخ جافر) شوێنی سۆفیو دەروێشە
پڕ لە ڕیش پانو خەڵکی بێ ئیشە
لە کارێزەکەی (ئەحمەد زەنگەنە)
ژن گۆزە بە شان دەس و پێ خەنە
بۆ شەڕە سەگیش دەشتی پەستەك سوور
بە دەوریا کەوش ڕەش فەقیانە ئەستوور
خانو ناوبازار ناوەندی شارە
ئەسحابە سپی لای چەپی دیارە

سەرچاوەکانی باخو شینایی
وا لە گونجەکەی حەسەن بەغدایی
(شەخسە فەقیرە) لە گۆیژە دیارە
لەویوە ئەروا بۆ (مامەیارە)
زیافەتی کفتە لە سابوونکەران
پیشەی گەرەکە سەر لە ئێواران
سەرکاریز چۆنە ؟ چۆن دانراوە ؟
بەناو کاریزی دایکی پاشاوە
جێگە هەڵپەرکێی بەگلەرو ئاغا
دەشتە پانەکەی (ئەحمەدی ساغا)
بۆ حەسانەوەی کاروانی رێی دوور
حەوشی گەورەیەو (حەوشی پەستەك سوور)
چوار شەمەی بەهار سەیرو گەرانە
داری شیخ هەباس شوێنی سەیرانە
لەشوێنی خۆیا گوریس رائەخەن
دوو ژن تێهەڵکیش دیلانێ ئەکەن
بەمتوموورو و بەبەرو بەرموور
گیرفان پرشانەو ئاوێنەو کلتوور
بەکەوشی سوورو سەروو پێچی سەر
کەوای (شیرداخو شەیتان بێز) لەبەر
لەدرزی قاپی ژن وەستاوە دوور
کە رەت بوو پیاوێ مل ئەباتەژوور
(شەماڵەی) بەخت شەو لای ژنان باوە
لە سووچی کۆڵان خویان مات داوە
پشکۆو مقاشێ لەگەڵ جامە ئاو
ترسی دەرئەکەن منالی تۆقاو

شەخس و موفەرك و نووشتەرەوایە
حاجی مامۆستا دوعای گیرایە
کشتەکی مەچەك بۆ لەرزوو تایە
مەلاش بەسەریا دەم بەدوعایە
بە قۆچکەی ساوا دووکووژەکەی شین
بۆ پارێزگاری لە شەوەی لەعین
بەقامیش و دوێت مەلا بەباشی
نوسیویە نەورۆز چوار دەوری کاشی
منالی حوجرە ترسی فەلاقان
بە (سایە) و (حونجە) دەور ئەکەن قورئان
خەتەنە سووران یاپراخ لێنانی
رەش بەلەك شایی و زورنا لێدانی
کەوشەکی فەقێ شیعرو گۆرانی
پیشەتە پێشرەو ئەی سولەیمانی

ئەندازیار
(نووری کاکە حەمە)

# ٦

## ڕوداوێکی چاوەڕوان نەکراو

ئێوارەیەك لە ئێواران لەماڵەوە دانیشتبووم، لە ناکاوێك‌دا زەنگی تەلەفۆن لێی‌دا، وەمنیش لەجێی خۆمەوە دەستم دایە تەلەفۆن‌و لەدوای یەکتر ناسین لەگەڵ یەکتردا کەوتینەباس‌و خواست‌و هەواڵ پرسین لەئەنجام‌دا برادەرێکی دێرینی دەورو بەری منداڵی‌ی خۆم دەرچوو کە هەندێك بیرەوەری‌و یادگاری خۆشمان هەبوو پێکەوە لە سەردەمی منداڵیمان‌دا. لەکۆتایی‌دا داوای ئەوەی لێکردم کە ئیشێکی گرنگی پێم هەیەو ئەگەر لە تواناداهەبێت بە زوو ترین کات یەکتری ببینین

وەمنیش لەوەلاّم دا بەوپەری شادمانی‌یەوە داواکەیم پەسەند کردو پێکهاتین لە سەرکاتی یەکتربینین هەر لە ماڵی خۆمان ئەوەندەی نەخایاند بەیەك گەیشتین لە شوێن‌و جێگای دیاری‌کراوی خۆمان‌دا.

پاش ئەوەی بەدیداری یەکتر شاد بووین‌وە هاتینە سەر باس‌وخواستی داواکاری یەکەی، وەبڕیاری ئەوەم داکە ئەوەندەی لەتواناما بێت یارمەتی بدەم. بەلاّم لەگەڵ ڕێزم‌دا بۆ برادەر زۆربەلامەوە سەیربوو کە خوولیایەکی‌وا کاریگەر کەوتۆتە سەری‌یەوە، چونکە بەلای منەوە لەم بوارەدا هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی ئەوتۆم

بەدی نەئەکرد لەئیش‌وکاری رۆژانە ی‌دا بۆیە پێم سەیربوو کاروپرۆژەیەکی واگەورەو گرنگ و پیرۆز کە پڕ بێت لە شانازی و فیداکاری‌یە مێژووییەکانی شارە خۆشەویستەکەمانەوە بە هەموو لایەن‌و نەریت‌و بەرگ‌و پەلاس و خۆراك وچۆنیەتی وەفاداری پڕ بایەخ‌و بەهایەکی ئەو تۆو کە بێ نموونەبێت، لەگەڵ هەمۆویاساو دەستوورەکانی ئەو سەردەمانەوە بەڕای من ئەبوو ئەم کارە بەلیژنەیەکی رۆشنبیرو ئەدەب دۆست‌و زمانەوان‌و مێژوو نووس خاوەن بڕوانامەیەکی ئەوتۆ بووبن کە گەلێك بەرهەم‌و تاقیکر دنەوەیان لەم ڕووەوە هەبوایە، بەلام بە داخەوە نازانم بۆچی خوێندەوارە گەورەکانمان ئەم‌لایەنەیان بە بیردانەهاتووە وەیاخود پشت گوێ‌یان خستووە. چونکە ڕوون‌و ئاشکرایە ئەم کارە هەروا ئاسان نییە کە بە تەنیا کەسێك لەماوە ی چوار ساڵ‌دا عەوداڵی کۆکردنەوەی ئەم بەرووبوومە کۆ نانەبێت و لەوەخت‌و ناوەختا بەکوچەو ماڵان‌دا بگەڕێت‌و ئەو شتە کۆنانەی کە لە ناوچووبن هەر هەمووی کۆبکاتەوەو وێنەیان بگریتەوەو نوێ‌یان بکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە دەست نەوەو داهاتووەکانمان کە مێژووی راستەقینەی شارەکەی خۆیان بزانن، وەخۆیان باوو باپیرانیان بناسن.

جا لێرەدا ئەو هەقە ئەدەمەدەست خوێندەواران خۆیان کەڵك‌و بایەخی ئەم پەرتووکە دیاری‌ی بکەن وە نرخی ئەو هەموو هیلاکی‌و بە شوێن گەڕان‌و خەرج‌و پارەیە دیاری بکەن کە نووسەر لەپێناوی‌دا هیلاك‌و ماندووبووە.

وەکو خوالێخۆشبور نجم‌الدين مەلا فەرموویەتی :

«عەتر ئەوەیە خۆی بۆنی بێت نەك عەتارەکە مەتحی بکات» بۆیەمنیش نامەوێت لەمە زیاتر لە سەری بڕۆم باجەماوەر خۆیان بڕیاری خۆیان بفەرموون، هەرئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کەمنیش بەرهەمی ساڵەهای ساڵی خۆم کە لە ئەنجامی شەونخونی‌و هیلاکیم‌دا پێشکەش بە پەر تووکی ناوبراو بکەم. لە هەموو سەیرتر ئەوەیە کە منیش لە ساڵەکانی (٦٠) شەست‌دا لە تێڕوانینی خۆمەوە وام بیرکردبۆوە کە شتێکی ئەوتۆ لە چوار چێوەی شیعردا بهێنمە بەرهەم وەئەگەر توانیم پێشکەش بە خوێندەوارانی بکەم. ئەوەی چاوەڕوانم نەئەکرد وەنەئەهات بەبیرم‌دا ئەوە بوو کە کاك (اکرم) یش دوابەدوای من لە حەفتاکان‌دا هەر بەو جۆرەی یەکتر بیرمان کردۆتەوە، جیاوازیمان تەنها مەگەر لە ساڵەکان‌دا هەبێت، ئەگینا وەکوتر هەستی شەشەممان بۆ یەك مەبەست لەکارا بووە.

بەلاٚم چۆن ئێمە گەیشتینەیەك ئەگەر ڕێکەوت یارمەتی ئەوەی نەدابین بۆ بەرهەمەکەی کاك ئەکرەم.

وەلەکۆتایی پڕ بە دلٚ پیرۆزیایی وماندوو نەبوونی پێشکەش کاك ئەکرەم ئەکەم لەوهەموو هەولٚو کۆششەی کەوا داویەتی ئومێدەوارم بەسەرکەوتنی ماندووی تەواوەتی بحەوێتەوە.

«قادر برسی»

● «برسی» ●

فەقێ ئەحمەد خانەدان / بنەماڵەکەی بابان
کە لە دارشمانەوە / هاتن بۆ قەڵا چوالان
ئیبراهیم پاشا رێکەوت / بۆراوێکی کانێسکان
مەڵکەندی کرد بەم شارە / خۆش‌و دڵگیر، ئاوەدان
سولەیمانی بوکی جوان / شاری خنجیلەی کوردان
نەزرگاکەی کاك ئەحمەد / نەوەی خۆشویستی یەزدان
شاری شێخ مەحمووی نەمر / رەمزی هەوڵ‌و تێکۆشان
مەولانا خالی‌ی نەمر / بوێژی دین پەروەران
کانگای ئەدەب و هونەر / مەحوی و بیکەس‌و گۆران
نالی‌و سالم‌و کوردی / یان حەمدی صاحبقران
سەیرانگەکەی پیرەمێرد / لای مامەیارەی جاران
لانەی بێخودو سەلام / زێوەری بەناونیشان
رەمزی مەلا مارف‌و / قانیعی چەوساوەکان
مەلا حەمدونی بێچاو / وردبینی راست‌و رەوان
میرزا مارفی شاعیر / حەز بەجەماڵی جوانان
کاکە نوری شێخ صاڵح / واحد نوری نەوجەوان
عەلی کەمالی باپیر / شەیدای مانگی بێ ئاسمان
ئەمین زەکی بەناوبانگ / مێژوونووسی کوردستان
رەفیق حلمی کوردشوناس / خاوەنی یادا شتەکان
تۆفیق وەهبی قەڵەم‌تیژ / رۆژنامەو گۆڤارەکان
خواجە فەنی تێکۆشەر / بابەگەورەی قوتابیان
کاکەحەمەی سیف الله / گیان‌و ژیانی تەرخان

لەپێناوی زانیاری
کەشتی نەجمەدین مەلا
خاوەن ڕێزمانی کوردی
نەمرود مصطفی پاشا
مەحموود جەودەتی دلێر
حاجی فقێ و عەبدوڵلا
مەلا مصطفێی سەفوەت
مەلا عەلی خانەقا
خاوەن دەنگ‌و سەڵای خۆش
کەریم بەگی فتاح بەگ
حەفیدزادە شێخ قادر
مامەشێخ حەمە غریب
مەلاعەلی مەلکەندی
حاجی ئیبراهیم ئاغا
شێخ نوری بابا علی
برایم ئاغای خوبیلە
ئاغا فتح الله، یەکتابەگ
توفیق قەزاز، حەماغا
عارف‌و جمیل صائب
فتاح چلبی، ئەزمی بەگ
حاجی عزیز قەرەنی
حاجی شێخ ئەمینەکەی
شێخ محمەدی گوڵانی
لاوی داناو بە پەرۆش
حاجی باقی بەنگینە
کاکە محمد قودسی
شارەکەی شەشی ئەیلول
ئەلە گون سووتاوەکەی
هەربەردە فرکێی ئەو بوو
بەخوێنی ئەلەو عەول

شاروزوربەی ناوچەکان
قوتابخانەی زانایان
مەلا سعیدی کابان
فەرماندەی گشت ئەفسەران
نەوەی خێڵی بابەجان
نموونەی ناو شاڵی یەکان
ئەدیب وزانای قورئان
جەنابی حاجی ئەحیان
مەلا ئەحمەدی دیلان
هەڵۆکەی دەشتی بازیان
سوپا سالاری کوردان
کریم علکەی کلدان
کەمیجەڕسۆنی بەزان
بازرگانی بەویژدان
مەلاو مەردۆخەیی یەکان
سەرۆکی کاکەیی یەکان
سەرۆك شارەوانی یەکان
مامۆستا صالح قەفتان
نموونەی پیاوی جاران
تا کەرکوکلی زادەکان
خاوەن پردی قلیاسان
مزگەوتی صابونکەران
مەجی فەندی کانێسکان
کاکە قالەی ئایشە خان
خەمخواری ئەصحابەکان
شەهیدەکەی حوزەیران
عەولە سیسی قارەمان
قۆچەقانی ئەوەشان
مەترەلۆزەکەی شکان
شەشی ئەیلولیان نەخشان

سەرچاوەی سازوهونەر     دەروێش ئەولای شمشاڵ زان
ئەحەی ناصری بە سۆز     گۆینەی ناسراوی خۆشخوان
ئەحەی کرنووی بلیمەت     پیاوی قۆشمەو نوکتەزان
کاك شێخ لطیفی دانساز     سکەی لێدا بەئاسان
حسن ئاغای تفەنگچی     ماموٚستا جمال عیرفان
کریمی کاکە زاڵو     وسواغای پەستەك لەشان
سەرکردەی ئیشکچی بوون     لەدژی پیاو خراپان
کاك کەریمی کاکەڕەش     شێری بەبێ ئاوو نان
دەرگای لەسەرخۆی داخست     تاکو مردن لەبرسان
بۆ ئەوەی کرنوش نەبا     بۆ نامەردو دوژمنان
کاك ملا علی صحاف     خزمەت بەپەرتوکەکان
هونەرمەند رفیق چالاك     زانای لە هەموو شتزان

* * *

شاژنی هەڵکەوتووبوو     نەقیب زادە حەپسەخان
ئامینەخانی نەقیب     لەتەك پیاوا شان بە شان
شاژنی ناو ژنان بوو     خاوەن لاو و دیوەخان
داهێنەری حەمام بوون     فاتمەخان و گازی‌یە خان
نەخشەی بنەڕەتی شار     لەچوار لاوە دەست نیشان
سەرەو ژوور بەندیخانە     سەرەوخوار تاجوولەکان
رۆژهەلاتی کۆتایی     شەقامی صابونکەران
رۆژئاواشوێنی حامیەو     گەرەکی ژاڵەیەکان
صابونکەران مەڵکەندی     سەرشەقام و کانێسکان
هەرئەم چوارە ناسراو بوو     گەرەکە سەرەکی‌یەکان
شارمان تەڕوپاراو بوو     کارێز و کانیاوی جوان
پڕ لە وەفاداری بوو     کاتی هەوڵ و تێکۆشان
هەموو یەك دەنگ و ڕەنگ بوون     لەدژی داگیرکەران
لەناوکۆڕی خەباتا     چەشنی شێر ئەیان نەڕان
شاری فیداکاری بوو     لەگەڵ عەرەب شان بە شان
بەڵگەم شۆڕشی بیستە     ڕوو بە ڕووی ئینگلیزەکان

مالی عارف بەگەکەی    ویران بوو بە بۆردومان
چەکی باوەڕی ئەوسا    مانگرتن خۆپیشاندان
قوربانیان بۆ داوە    بەکرو قالەی نەوجوان
وەرن باگەشتێ بکەین    بۆناو بازاڕی جاران
چاپخانەکەی پیرەمێرد    ڕۆژنامەی ژین و ژیان
لای قادر ئاغای عەتار    خوێندنەوەی نوسراوەکان
چایخانەی دەرویش شەریف    لە بەردەمی کانێسکان
جێی تەدبیرو ڕاوێژ بوو    لەلای پیاوە گەورەکان
لەوێ کۆمەلیان ئەبەست    پاش نیوە ڕۆو ئێواران
لەمەکتەبەی گەولایژ    ڕۆشبیران ئەوەستان
خەریك بوون بە خوێندنەوەی    ڕۆژنامەو شیعرو پەخشان
حەمە سەعی خەیات و    کۆڕو کۆمەلی جاران
نیشتەجێی شێخ و ئاغاو    کەلە پیاوی بەگزادان
دوکانی صالحی ڕەشە    لێکەوتەوکۆن ئەفسەران
هەمیشە ئەوێ بوو بوو    بەشوێن جێو نزرگەیان
لەپال دیواری سەرا    سەر شۆستەو حەسیرییان
دائەنیشتن بەریزە    بەردکێش و مەلکەندییەکان
حاجی بارام وەکو شێر    لەوناویانا ئەی نەران
حاجی عبداللهی گۆڕی    خاوەنی قافلەوکاروان
بارگەوبنەی ناوریشم    نێوان عیراق و ئێران
سەعولی خەلفە کەریم    سەر باشقەی قەسابەکان
عەلی برزوی چاپوك سوار    حەمەئەمینی ئایشە خان
حەمەی شێخەلی سوارچاك    قۆزو بە دەست و نیشان
خالەمچەی بەگوێنەگ    لەناو سەر جەمی یاران
خالە ڕەجەبی قۆشمە    خاوەنی نوکتەی ڕەوان
ئەوەی خامە سنەیی    مەجۆل و مام ئەورەحمان
قادر زەکی بۆ بەزم    غوربەتی خۆی هەل ئەسان
فرمێسکی دڕۆی ئەڕشت    هەر وەکو تاوی باران
کورانی حاجی شەریف    موختاری صابونەکەران
یەك لە یەکتر خۆشتربوون    ڕەوشەو صدیق و عوسمان

صابری تەپە چنە   هەرکاتیٚ ئەیان دوان
بنەجۆرێکی وا ئەدوا   خودا بەردی ئەباران
ئیسحاق میری پارێزەر   جولەکەی داناو زۆر زان
میری مووشیٚی بە ناوبانگ   ئەشرافی جولەکەکان
بەشیر و ساکۆو جەرجیس   شاهینو قەچەو دیکران
گەرەبیتو ئەسکەندەر   ئەرمەنیو کلدانی یەکان
مام عەبدی گەورەوبچوك   لەگەلٚ خالەئیستیفان
کەسپەڕو تۆبیاو ئۆفیك   لەڕێزەی مەیفرۆشان
یادگاریٚ پەندەیە   واپێشکەشم کرد پێتان
ئێوەش خۆتانو خواتان   بسپێرنە داهاتووتان
میراتو کەلەپوورە   ڕوویان سوورە ئەجدادتان
لەمە(برسی) تریش بم   خۆزگەم بەجاری جاران



**قادر برسی**

**خاوەنی ئەم شیعرانە، دەربارەی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٣٤ ز لە سلێمانی، لەگەڕەکی مەڵکەندی لە دایك بووە.**

ئەم نامیلکەیەم ناو نا بەتێشوو
مەبەست ژیانەو خۆراکی پێشوو
جاران ژیانی ئەم شارە وابوو
هەتا ئەم پیشەو دەستورە باوبوو
ئەمەم بۆیە وت بمێنێتەوە
ڕابوردوی خۆمان بیر نەچێتەوە
وەك میراتێکی نەتەوایەتی
مێژوو یەکیش بێت بۆ کوردایەتی
ڕەنگە داهاتووش بۆ مۆزەخانە
کەڵکێکی هەبێ بۆ خۆو بێگانە
کاتێ منداڵ بووین پێ ڕەوکەو سەر پێ
عەزیزی‌و چاکەت بەرواڵنکەو دەرپێ
دوای بەسەر چوونی بڤەوگروگاڵ
ڕزگار بووین لەدەست شەوەو دایکی ئاڵ
کوژەکەو شیلان یا حەت حەتۆکە
بۆ چاوەزاری دێوو جنۆکە
لای لایەی دایەو گورگانە شەوێ
تاکو لەترسا خەومان لێ بکەوێ
ئایشێ گوێ درێژو ختەو شەو لەبان
پیشەی دایکان بوو تابەری بەیان
قورقوشم‌وئاگر لەگەڵ جامە ئاو
بانگی‌شێوان‌و منداڵی تۆقاو
گوێچکە سمین‌و مەلاشوو کەوتن
بۆن‌وبەرامەو شەخس‌و پیربردن

عەرەقی نەعناو مایلوس و گوڵاو
خەیار چەمەرو هەزار بەندوباو
سادەی هەراش بوین واچوینە کۆڵان
کات بەسەر ئەبەین لەناو منداڵان
چوینە بەر خوێندن بۆلای مامۆستا
لەوخەوی مەرگە ئاوەڵان هەستا
بەیانیان حوجرە، یەکی چڵێ دار
فیرکراین شیعری نەورۆزو بەهار
بەهەیە هەیەو یاری چاوشارکێ
دەست بە دیوارو بەحەمامۆکێ
هەلور بلورو بەئاخچی و بوخچی
بەسواری قامیش وەك ئارەبانچی
شەرە تۆپەڵەو شێرە بەفرینە
هەروەکو برا بێ رق و کینە
جارجار ئاش و ماش بۆ تامی تامی
یاتەرە سازبوو یا گەنمە شامی
کۆڵارە هەڵدان شەقەی دارهەلووك
بەسوورو سەمای بەرئاوێنەی بووك
خل ئەبووینەوە شەوانی بەرات
ماڵان ئەگەراین بۆنوقل و نەبات
نەورۆزاو نەورۆز لەمامەیارە
کۆ ئەبووینەوە خەڵکی ئەم شارە
هێلکەو خورماورۆن پەنیرو یاپراخ
لای پیرەمیردی بەشەوق و دەماخ
هەموو جەژنانیش بوبوبەدەستوور
کورو کاڵ ئەچووین بۆ سەر پیرمەسوور
بۆکورسی کورسی و بۆچەرخ و فەلەك
ماین چەقەڵ و منداڵی گەرەك

گیرفانمان پڕ بوو لەفلس‌و ئانە
بڕێشکەو نۆک‌و پارەی جەژنانە
بەهەی بەلارو بەستەی سەوزەڵی
شیرنی لە یلانیٚ‌و ئەریٚ هۆ لەیلیٚ
بەم بەزم‌و ڕەزم‌و چەپڵە لێدانە
ناوشار ئەگەڕاین بەئەرەبانە
ڕۆژبەرۆژ خۆشتر وەك باقی یاران
پیشەوکارمان بوو سەیران‌و گەڕان
ئەوسا سەیرانگای تووی مەلیك باوبوو
تا حەپسەخان‌و شێخ مەحموود مابوو
وەیس‌وکانی‌باو دۆڵی دەباشان
قۆری‌یە شکاوو پردی قلیاسان
بەردەم ولۆبەو پردی تانجەرۆ
پیادە ئەسپ‌سوار هادەی زووبرۆ
دەهۆڵ وزوورناو شایی‌و ڕەشبەڵەك
قریوەو شاباش ئەگەیشتە فەلەك
کابرای سەرچۆپی دەسەسڕ بە دەست
وێسە جووی ناوبوو سەرخۆش‌و بەدمەست
سوورو چەقەنەو بەستەی چەلەبان
تا ئەهاتنەوە بەرەو جوولەکان
جوولەکەیش وابوون بۆ کەپرەشینە
شەراب بەکوپەو کاسەو مەسینە
باوو باپیریان بەوکارو ئیرسە
شەموان پشوودان چیشتی هەریسە
ڕۆژانمان ئاوا شەوان ئێوارە
بەدیار شانامەو لەدیار شەوارە

حەوت شەو مێوژوگوێز یاخورمای دانە
ئەبەخشرایەوە بۆ گوێزە بانە..
خورشیدو خاوەر ڕۆستەمو زۆراب
حیکایەت خوانی دەنگ خۆشو ئەرباب
مەلا ئیسماعیل سەعەی خوامراد
بەهەرچۆو شێرۆو شیرینو فەرهاد
لەگەڵێماڵیش بەزمو هەڵپەڕین
دەستارو ساوەر کوتانو هاڕین
دوای تەواو بوونی ئەم تەپەتەپە
گەنمە کوتاو بوو ساوەری لەپە
گەلێ کەس ئەیگرت شەوان مۆتەکە
بەپیرخەنیلەو بەچەن سووتەکە
کەشكو دۆخەوا ترشیوترخێنە
شانی بەرەبەر کێو بروخێنە
باراش هارینیان لەئاشی ئاوبوو
نانو کولێرەش لەماڵان باوبوو..
کولێرەی ساوەر یا پەنجەکێشی
جۆی تێکەڵ ئەکرا بۆپێزوکێشی
چنگاڵ کەلانە یاخود شلکێنە
تیریو لەواشە تا ناوەشکێنە
پنەو تیرۆكو تەنوورو ساجی
مایەو کۆڵەووژ تاوەوناوساجی
لەگەنو سەحەن، کەوگیر یەغنکێش
دەسکەوان بێژنگ تەختەو قیمەکێش
کەرەسەی پێویست تەشتو سینیی مس
ئەی هێناو ئەیبرد دراوسێ بێپرس

کوورەو مقاڵی ئاگردان مەقاش
داروخەلۆوزی حەلاش‌و بەلاش
ڕەفەو فەخفووری پەنجەرەو تاقی
سندوق هەشت تەرخان یاخو بوراقی
کلیم‌وبەڕە فەرشی سوورو شین
سەرینی پەڕو جاجم پۆپەشمین
لێفەو دۆشەك‌و چەرچەف‌و پشتی
مشکی‌و خامەك بوو بۆ بەروپشتی
چرامان لەمپا قوتیلە یا مۆم
نیرگەو كۆڵەكەی زۆری خواروكۆم
تاكتاكە ڕادیوێ كەمتر تەلەفۆن
سندوقی قەوان یاگرامەفۆن
پایزتا بەهار مێوژو باسوق
لەگەڵ كاكڵە گوێز بادام‌وسنجوق
لەبەر زۆپای دار یاخود ئاگردان
بەسەرگورشتەو چیرۆك و داستان
كۆ ئەبووینەوە خزم‌و دراوسێ
دەست‌و داوێن پاك بێ ورتەوباسێ
سێوی بن.ئەرزوبنە گۆزروان
هەنگوینی شانەو دۆشاوی خۆمان
گێزەرو توورو قارچك دومەلان
ڕبەهەناری دەوری شەرەكان
بەڕوو وگوێزوو هەنجیری پەپکە
مرەبای بەهیەو خۆشاوی لەتکە
شەقەی گوێزی سوێر چەقالەو قەزوان
بنێشتی کوردی تابەتی ژنان

کلاش‌و کلاو چنین‌و ڕستن
یاریی گەورە کچ گوریس داخستن

## کاروپیشە لاوو دیوەخان

ئەم شارە وابوو بۆلاو دیوەخان
بۆ پیاوی گەورەو کاتی لێقەومان
کەواو چاکەت و عەبای شان سورمە
بەشان‌و شەوکەت بەو سام‌و شەرمە
لەگەڵ ئەوەیش دا شایانی باس بوون
زوربەیان حاجی‌و مەلاو خواناس بوون
شاعیرو ئەدیب یان مەلاو میرزا
عەرەبی‌و تورکی وفارسی شارەزا
پیاوی هەڵکەوتوو زاناو منەوەر
ڕۆشنبیر سویل سدارە بەسەر
کاربەدە ستان‌و پیاوانی میری
کلێتەو عەینەك باستۆن بۆ پیری
زۆریان کاسب بوون، بارزگان عەتار
حوجرە لە خانا قەیسەری‌و بازار
هەندێکیش قەساب یا بەقاڵ باشی
خەیات‌و خەفاف جۆلاو دارتاشی

مزگەر نانەوا لیفە دروو هەلاج
زەرەنگەڕ خومچی چەخماخ ساز سەراج
وردەبابەتو کۆلگیر جوولەکە
بەقاڵیش سلقو بامێ و کوولەکە
سەرتاشی جاران باکەش کەڵە شاخ
عەجامات لۆکەو خوێنو خورو زاخ
چەڵتوکو گەنم دوکانی عەلاف
لیرە ئەسکەناس چۆتەلای سەڕاف
ئاسنگەر تەورو خاکەنازو پاچ
کورتاندروو ناڵبەنگ باجگر خەرجوباج
حیلیگولاوی دوکان لاکۆلان
گەزۆو مەسکەتو چەرچیو منالان
پورەمەنیجو ئامەی چەقالە
ئورزدیباك بوون بۆ حەمەو قالە
شێلم بە ترشو تەرە تووی ولیان
دەڵەمەو دۆشاو بەلاڵوك دەرمان
شەربەتی مێوژ پڕ عەترو گولاو
یا دۆکەی ڕەحە خۆشتر لەماستاو
تۆڵەکەی کولاو، چەنەوەر پیشۆك
قەنیلەی نۆکو تا فەریکە نۆك
کەوچکو چەقۆ شانەو شەکردان
دەستکرد هەجیجی کارگەی هەورامان
کڵاشی پەڕۆ بەکۆنەی خۆمان
چنینی دۆم بوو لەهۆمەرمەندان
لەدەرگای مالان دەنگی دەف ئەهات
کتێب گرەوە کەلانو خەڕات

وڕچو مەیموونو دەهۆڵو زوڕنا
لۆتی ئەی گێران بەکۆڵا نانا
قەرەچو چیخو بێژنگو هێڵەك
هورۆژمی منالّ گەڕەکاو گەرەك
یا زلە حەسیر گەورە پڕ ماڵتان
هەرزانو تالان بەقەدەر حاڵتان
بەجرتو جوێن ئەهات سالە شێت
بەرد بەمالانا هەی ئەوەم بە کویت
خۆشترین شێتی ئەو سا سالە بوو
ئەویش کە کوڕی سەعەی قالە بوو
وێڵە دەری بوو بەتوخمو ڕەگەز
بەزمانی خۆش بوو ئەمنەی بالابەرز

○

## گەڕەکەکانی سلێمانی

○

(کانێسکان) ناسراو بەراوە ئاسك
بیشەلو قامیش کانیاوو باسك
ماڵی کاك ئەحمەد، گەڕەکی شێخان
ئەو تواناو هێزەی چەندەهای ڕوخان
دیارو ئاشکرا ناوچەی پیر مەسوور
بەگۆزەو دیزە ئاگردان تەنوور
مەڵکەندی ناسراو بەمەڕو ئاژاڵ
بەردهەڵکەندی، گوێژە و بەفرو چاڵ
سابونکەرانیش بۆ بەزیو شەماش
قەسابەکانو سەروپێی عەواش

سەرکارێزماڵی دایکی پاشابوو
ئەوەی وتوومە دوای وەچەی شابوو
سەرچیمەن، چوار باخ بۆ باخو باخات
نیشانەی سەوزی پیشوودەرئەخات
بەڵام دەرگەزێن ناوچەی سەرشەقام
جێی پیاوی گەورەی بەجێگاو مەقام
خانوو بەردی کۆن بەنەخش‌و نیگار
دەرگاو پەنجەرە بەتەختەو بەدار
تەکیەی دالاٚن‌و تاقی بەر دەرگا
بەکاشی شین‌و ناڵ و شاخە گا
دیوار بەردو گەچ پان‌و دوونهۆم
بەئەلقەرێزو دولاین‌وکلۆم
شووشەی ڕەنگاو ڕەنگ ئاوێنەی مەرمەڕ
بۆ زستان گەرم‌و هاوینان سەرسەر
سەرخان‌و ژێرخان حەوشەو دەروازە
باخ‌و باخاتی بەبێ ئەندازە
حەوزو فوارەی جوان قەنەفەو کورسی
هەیوان شووشە بەنگ کۆشك‌و عوروسی
نەخاوەن ماڵیا نەکۆشك‌و تەلار
خاپووروکاول ماوە شوێنەوار
گەرەکی گاوران، کلدان، ئەرمەنی
باسرمەو شەراب چێشتی سەمەنی
بەشادی‌و خۆشی جەژنی سەری ساڵ
ئەدرا بە میوان هێلکەی سەوزوئاڵ
لەکەنیسەوە لە پاش دەنگی زەنگ
لەدوای دوعاونوێژ مۆسیقاو ئاهەنگ

هەمووگوێ رایەڵ فەرمانی قەشە
قەشەی بەبێ ژن بەوبەرگە رەشە
خۆ بەخۆی خۆیان وایان فێر ئەکات
لەتەك شەماشەو پۆلی راهیبات
خزمەت گوزاربن باربووی‌یەك بکەن
ڕەوشتیان جوان‌بێ خراپە مەکەن
مردوویان ئەناشت لەگردی گاوران
ئەویش گردێك بوو هاوشانی سەیوان...

# ٥ شاری سلیمانی

شاری سلیمانی شارێکی شاخاوی‌یە لەکوتایی سالی ١٧٨٤ دا کوتایی هات بەدروست‌کردنی لەلایەن ابراهیم پاشاوە میری بابانی‌یەکان لەنزیك‌ناوچەی سەرا کە مامی (محمود پاشا) سالی ١١٩٦ کوچی دروستی کردوە ، لە سەر سنوری گەرەکی مەلکەندی ئەم شارە دروست‌کراوە ابراهیم پاشا چەند خانویەك لەگەل حەمامێك وەمزگەوتیك وە بازاریکی تیادروست کردوەو لە قەلاچوالانەوە کە پایتەختی بابانی‌یەکان بوو گویزایەوە بوسلیمانی وە داوای لە خەلکی لادی‌یەکان کرد ئەوانیش بگویزنەوە بۆ شاری سلیمانی وە لەو میژوەوە شاری سلیمانی ویستویەتی جیگای شاری شارەزووری میژوویی بگریتەوە کە لەزور کۆنەوە ئاوەدانی تیاهەبوە .

سنووری شاری سلیمانی بریتی‌یە لە شاخی گویژەوقەیوان لە باکور وەطاسلوجە لە روژئاواوە ، گلەزەردە لە باشور بەلام لە رۆژهەلاتەوە ناوچەیەکی دەشتایی‌یەو ئەروانێ بەسەر دەشتی شارەزووردا .

شاری سلیمانی مەلبەندی قەزای مەرکەزە بریتی یە لە چوار قەزا : (هەلەبجە) ، (شارباژیر) ، (رانیە) ، (قەلادزە) .

میستەرهارت لە پەڕاوەکەی خویا ئەڵیت لە سالی ۱۸۲۰ ـ دا یانی دوای تەواو بوونی بە ۳٦ساڵ ژمـارەی دانشتـوانی (۱۰) هەزار کەسێـك بووە وە ژمـارەی ماڵیشی (۲۱٤٤) ماڵ بووە کە لەمە (۱۳۰) ماڵی جوولەکە وە (۹) ماڵی کلدانی وە (٥) ماڵێشی ئەرمەنی بووە.

## ناو و هەوا

ئاو هەوای سلیمانی ئاووهەوایەکی کیشوەری بە پلەی گەرما نزم دەبێتەوە بۆ ژێر پلەی سفر لە زستان داو ئەگاتە (٤٠) پلە لە هاویندا بە هۆی ئەوەی کەوتوتە ناوچەیەکەوە کە بە شاخ دەوە دراوە وە هەردوو وەرزی فینـك (بـەهـارو پـایـز) کورتن وە باران بە زوری لە زستـان و بەهـاردا دەبـاری وە ئەگـاتـە نزیکـەی ۹۰۰ ـ ۱۰۰۰ ملم هەروەها سلیمانی ناسـراوە بەهەڵکـردنی بایەکی توندکەپێی دەوترێ ڕەشەبا ئەویش لەئەنجامی جیاوازی پلەی گەرما لەنیوان شاخەکان و ناوشاری سلێمانیدا.

## سەرچاوە

---

۱ ـ نامیلکـەی سلیمـانی لەلایـەن قوتـابیـانی قوتـابخـانـەی پی گەیاندی مامۆستایانی سەرەتایی کورانەوە سالی ۱۹٦۰ لاپەرە ٥ ـ ٦ ـ ۷.
۲ ـ دلیل الطالب الجدید في جامعة السلیمانیة ساڵی ۱۹۷۸ ـ ۱۹۷۹ لاپەرە ـ ۱۳ ـ وەساڵی ۱۹۸۱ لاپەرە ۱٥
۳ ـ کتێبی مێژ وی سلیمانی امین زکي بگ.

## ٤ گەڕەکەکان و لقەکانی

ناوەکانیان لەچییەوە هاتوون ؟

گەڕەکە کۆنەکانی سلێمانی :

١ – مەڵکەندی :

کۆنترین گەڕەکی شاری سلێمانی‌یە . لەپێش دروستکردنی سلێمانی‌دا دێیەکی خنجیلانە بووە ، هەندێك ئەڵێن گوایە دێی (مەلیکی هندی) بووە ، بەڵام هەرگیز ڕێی تێناچێت ..! هەروەك لای هەندێك بەمەلیك کەندی واتە هەڵکەندراوی مەلیك دەزانرێت . ئەمین زەکی دەڵێ : ڕەنگە ملك‌گوندی «بێ» (محمد امین زەکی بەگ تاریخی سلێمانی و وڵاتی بەغدا ١٩٣٩ لاپەڕە ٨٩) .

دوور نییە (مەل) (کەندی) بوو بێت واتە کەندی مەل‌وباڵندە بووە کەهێلانەیان تێدا کردووە .

٢ – چوار باغ :

ئەوسا بریتی بووە لەچوار باخی سەوزو ئاودار پڕ بووە لە میوە هاتی هەمە جۆرە وەك : قەیسی ، قۆخ ، هەنار .. کە ئەحمەد پاشای بابان دروستی کردوون .

٣ – دەرگەزێن :

بەناوی ذێی (دەرگە زێن)ی هەمەدانەوە ناو نراوە ، چونکە هەندێ لەدانیشتووانی لە کاتی خۆیدا لەوێوە هاتوون .

٤ – سەر شەقام :

ئەو سارێگای کاروانی بەینی قەلاچوالان (کەمەرکەزی فەرمان رەوایەتی ی)و بەغدادبووە ، بە کە لی (سەگرمە)دا کە بەم شوێنەدا تێپەڕیوە .. بۆیە کە ئاوا کرایەوە ناو نرا گەڕەکی «سەرشەقامەکە» .

٥ – گوێژە :

لە داری گوێژەوە هاتووە کە ئەوسا لەو شوێنەدا و بە شاخە کەشەوە زۆر بووە ، یان بە ناوی چیای گوێژەوە ناونراوە کە بە پشت سلێمانی‌یەوە یە .

٦ – کانێسکان :

وشەیەکی لێکدراوە لە (کانی) (ئاسکان) لەکاتی خۆیداپێش بنیاد نانی سلێمانی کانیاوبێشەلان بووە ئاسك ڕووی تێکردووە بۆ ئاو خواردنەوە ، هەروەها کاروانی‌یش لایان داوە بۆ پشوودانو حەوانەوە .

٧ – جوولە کان :

بەناوی ئەو جوولەکانەوە ناونراوە کە لە کاتی خۆی‌دا تێیدا دانیشتوون[1]

(١) سەرچاوە لە بلاوکراوەکای شارەوانی (سلێمانی) ژمارە ٢ سالی ١٩٦٨ لاپەرە ٢٦ .

## لقی گەڕەکان

١ ـ مەڵ کەندێ:
أ ـ پیر مەسوور
ب ـ حاجی حان
٢ ـ گۆبژە:
أ ـ صابوونکەران
ب ـ قەزازەکان
ج ـ گاوران
د ـ سەرچیمەن

٣ ـ دەرگەزێن:
أ ـ سەرکارێز
ب ـ سەرگۆل

٤ ـ سەرشەقام:
أ ـ هومەرمەندان
ب ـ گونجێ
ج ـ حەوشی پەستەك سوور
د ـ شیوی قازی
٥ ـ چوارباغ
أ ـ هۆلی (قەصابەکان).
٦ ـ کانی ئاسکان:
أ ـ شێخان
ب ـ بازارە بچکۆلە
ج ـ ژاڵەیی یەکان
د ـ نوریاوا

تێبینی:
لە هەندێ گەڕەکا خانوویەکی گەورە چەند ژوورێکی تێدا بوو، هەر ژوورەی خێزانێکی تێدا بووە پێیان وتووە (حەوشی گەورە)، یان بۆ نیشانە وتوویانە کۆڵانەکەی لای حەوشی گەورە.

# دیمەنی کۆنی سلێمانی



وێنەی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٢ دا گیراوە بەفڕۆکە لەبەرزی دە هەزار پێوە - ١٠٠٠٠ - قدم.




نموونەی خانووی زۆر کۆنی سلێمانی




وێنەی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٧ دا



قوتابخانەی فەیسەڵیە ١٩١٨



بەردەرکی سەرا ساڵی ١٩٣٤



قەیسەری وەسمان پاشا



خوار مزگەوتی گەورە بەردەمی کۆشکەکەی ئێستای تەوفیق قەزاز سالی ١٩٤٦ گیراوە.



پردی قلیاسان ساڵی ١٩٥٠



نۆبەچی بەردەرکی سەرا



بەرمزگەوتی گەورەکاتی نوێژی جومعە



مەیدانی دارو خەڵۆزەکە ساڵی ١٩٥٠



دیمەنی ناوسەراو جادەکەی تەنشتی بەرەو خەستەخانە



باخی میللی بەرامبەر مزگەوتی گەورە



شەقامی سابونکەران



شەقامی کاوە قوتابخانەی فەیسەڵیە



بەردەرکی سەراو قوتـابخـانـەی فەیسـەلیـەو جادەی تازە ( مەولـەوی)



بەردەم قوتابخانەی فەیسەلیەیە

# گردەکانی دەوروپشتی شار

شوێنی شاری سلێمانی بەقەد پاڵی چیای گۆیژەوە هەڵبژێراوە ، لەدوورەوە هەمیشە چەشمەندازی چیای بەرزی پیرەمەگروون کە (٢٦٧٠م) بەرزەو لای خۆرئاوایەوە چیای گڵەزەردە دیارە .

شوێنی کۆنی سلێمانی لەسەرەو لێژی خوار گۆیژەدا هەڵبژێدراوە ، بەڵام دەوروپشتی شاری کۆن ، کۆمەڵی گرد بوو ، کە لەسەردەمی دامەزراندنی شاردا شوێن کشتوکاڵ بوون‌و وردە وردە هەندێکیان بوون بە گۆرستان لەگەڵ گەورە بوونی شاردا ، زوربەی ئەو گردانە بوون بە خانوو . کەواتە دەتوانین بڵێین شاری سلێمانی ئێستا چوار دەوری بەچیا تەنراوە شارە کە خۆی لەسەر کۆمەڵە گردێکە کە ناویان بەم جۆرە لێنراوە .

١ – گردی حاجی ئەولا – پشتی باخی شێخ لەتیف ...

٢ – گردی ناوەڕاست پێی‌شیان دەوت گردی سەید عەبدول کەریمی کاسەوکەوچك چونکە ئەو زاتەی لی‌نێژراوە ، بەرامبەر گردی حاجی ئەولا تەنیشت ڕێگا کۆنەکەی هەڵەبجە .

٣ – گردی سەیوان : تەنیشت گردی ناوەڕاست‌و شێخ مارفی نۆدێ‌باوکی کاك ئەحمەدی شێخی لی‌نێژراوە .

٤ ـ گردی شێخ حسینی قازی کەپێشی دەڵێن گردی شێخە بچکۆلە چونکە ئەودوو زاتەی لێ نێژراوە. شێخ حسینی قازی خوشکەزای کاك ئەحمەدی شخەو شێخ محمد (شێخە بچکۆلە) کوڕی کاك ئەحمەدی شێخە ئەکەوێتە پشتی گردی سەیوانەوە.

٥ ـ گردی گوڵان: پێشی دەڵێن گردی مامە یارە، چونکە مامەیارە لەسەر ئەوگردە نێژراوە پشتی کارێزی وەستا شەریف

٦ ـ گردی گاوران: پێشی دەڵێن گردی ئەڵەمانەکان چونکە گۆڕستانی گاورەکانە، لە پشتی گردی شێخ حسینی قازی یەوە[1]

٧ ـ گردی هۆمەرەکوێر:

لەنێوانی گردی سەیوان و گوندی قڕگەدایە.

٨ ـ گردی سەلیم بەگ:

لەپشتی گردی گاروانەوەیە لەسەر ڕێگای قڕگە.

٩ ـ گردی کانی شەکراو

لەپشتی گردی سەلیم بەگەوەیەوە.

١٠ ـ گردی سووتاو یان گردی گڕوێ، شوێنی کانی بەردی مەڵکەندی یەکانە. دەکەوێتە پشتی تانکی ئاوەکەی سەرووشار.

١١ ـ گردی صالحی مەحموود:

١٢ ـ گردی دەباشان:

ئەمیش لەتەنیشت گردی صالحی مەحموودە وەیە.

١٣ ـ ناوگردانی خواروو لەپشتی گردی دەباشانەوەیە.

تێبینی:

گردی ئەڵەمانەکان بۆیە ئەو ناوەشیان لێناوە لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ساڵی ١٩١٦ز فڕۆکەیەکی ئەڵەمانی هاتبوو لەدەشتی فڕۆکەخانەکە نیشتەوە، جێگای گەڕەکی شۆڕشی ئێستا لە سەرخەتی پێنجەتی پێنجەکە. بەڵام دەڵێن لەبەر ئەوەی نیشانەی نیشتنەوەیان لەبیر چووە بۆی بکەن بەرەو ڕووی کوێ بنیشێتەوە، خزاوەو کەوتۆتە شیوی (دۆزەخ مینە) تەنیشت ماڵی قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید. ئەو شیوەیە کە لای سەرچاوەی کانی ئاسکانەوەیە بەرەو دەشتی وەیس ئەڕویشت دوو فڕۆکەچی تێدا بووە بەو کارەساتە هەردووکیان مردوون و لە گردی (گۆڕستانی گاوران) ناشتیانن پاش ماوەیەك دەریان هێنابوونەوە، ئێسقانە کانیان بردبوو نەوە بۆ ئەڵەمانیا لەو ڕووداوەوە ناویشیان ناوە گردی ئەڵەمانەکال.

١٤ ـ ناوگردانی سەروو کە پێی دەڵێن ـ گردی دۆڵی میران لە پشتی ناوگردانی خوارووەوەیە.
١٥ ـ گردی کانیە بەهارە:
ئەم گردە دەکەوێتە پشتی گردی دۆڵی میران.
١٦ ـ گردی جۆگا: لە بەرامبەر شەخسی شێخ جافرەوەیە.
١٧ ـ کردی فەقێیـان: لەپشتی مزگـەوتی کانی ئاسکانە وەختی خۆی فەقێکان یاریان تێدا کردووە.
١٨ ـ گردی شێخ ئەحمەدی هندی: ئەم گردە بەرامبەری کارێزە وشکەیە.
١٩ ـ گردی قۆرییـە شکـاو: لەپشتی ئاوی قۆرییـە شکاوەوەیە، واتە بەرزاییەکانی پشتی گەڕەکی شۆڕش.
٢٠ ـ گردی غاباتەکە: ئەمیش گردی ماڵی پارێزگارە (محافظ).
٢١ ـ گردی مسکێنان: لەپشتی شەخسەکەی ئابلاخەوەیە.
٢٢ ـ گردەکان: کەگردی رعایە شباب وئەوڕیزە گردە پێیان دەڵێن و وتوون گردەکان.
٢٣ ـ گردی گەورە: ئەوگردە گەورەیەیە لەپشتی رعایە شبابەوەیە.
٢٤ ـ گردی کەرترێنەکە. بەردەمی خانووەکانی کارگەی جگەرەیە.
٢٥ ـ «گردی موشیراوا: لەپشتی کارگەی سەهۆڵی قەندیل و خوار مۆزەخانەکەیە.
٢٦ ـ گردی شێخ فەتاح: بەرامبەرگردی شێخ محیّدینە.
٢٧ ـ گردی شێخ محیدین: لە پشتی مۆزەخانەکەوەیە.
٢٨ ـ گردی گۆڕەجـوولـەکـە: سەروو جوولـەکـان و خوار یاریگەی پەروەردەیی ئیدارە محلی یەوەیە، لەمێژ گۆڕستانی جوولەکەکان بووە.

٢٩ ـ گردی کاك ئەحمەدی بۆن خۆش: خواروو گۆڕە جولەکە
٣٠ ـ گردی شێخ هەباس: خوار جوولەکان و دێی ولۆبەیە.
٣١ ـ گردی حاجی مەلا عەلی: بەرامبەر دەباخانەکەیە.
٣٢ ـ گردی زێڕینۆك: ڕێگەکۆنەکەی هەڵەبجەپێشی گردی کانی با بەدەستە ڕاستا بەرەو تانجەرۆ

٣٣ –گردی کانی با : دوای گردی زێڕینۆکە .
٣٤ –گردی پیرمکایل بەرامبەر گردی سەلیم بەگ پشتی دێهومەرەکویرە .

## کارێزەکانی ناوشارو دەروپشتی سلێمانی

**شاری سلێمانی :**

هەر لەسەرەتاوە بناغەی شارستانێتی سەردەمی خۆیی بۆ دانراوە . دەتوانین کاریز هەڵ کەندنو راکێشانی ئاوی کارێز بەبۆری بۆماڵو مزگەوتو حەمامو ئاشی گەرەك ، بە یەکەم پرۆژەی ئاودانی شار دابنێین ، کە تائیستاش هەر ئەوە بناغەی ئاودانی شارە .

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین دامەزرێنەری شاری سلێمانی بیری لەوە کردۆتەوە کە شارەکەی لە شوێنێکی ئاوداردا بنیات بنێت ، ئەو کارێزانەی لەکاتی شار دامەزراندن‌دا هەڵکەندران تا ساڵانێکی زۆر بەشی شاریان دەکرد . بۆگەورە بوونی شاریش هەروەك پێش بینی ئەوەیان بوو بێت کە ئاوی سەرچنارو پاشان زێ ی دوکانیش فریای شار دەکەون وابووە .

کارێز هەڵکەندن هەر لەسلێمانی نەبووە رەنگە لە زۆر شاری تری جیهانیش‌دا هەر بەم جۆرە بووبێت ، بەلام بێ سوودنی یە کەوەسفی جۆری کارێز هەڵکەندنی جارانی سلێمانی بکەین تاکەرەسەی بەراوردکردن بدەینە دەست پسپۆڕانی خۆی .

لەزەمانی کۆن‌دا بۆ دروست‌کردنی پرۆژەی ئاو بە پێی سەردەمی خۆی چەند کارێزێکیان لێداوە وەبەهۆی ئەم کارێزانەوە ناو ماڵەکانو حەمامەکانو مزگەوتەکان بووژاونەتەوە ، وە هەروەها بۆکشتوکاڵیش سوودێکی زۆری لێ وەرگیراوە ، زوربەی مزگەوتو حەمامەکانی سلێمانی کارێزی تایبەتی خۆی تێدایە ئەوەی کارێزی نەبێت لە کارێزە نزیکەکانەوە بە گونج بۆی راکێشراوە . لێدانی کارێز ئەرکێکی زۆری هەبووەوە ماوە یشی ویستوەو وردەکاری یەکی زۆری تێدا بەکار هێنراوە .

(ع . م . ر)

## چونێتی لێدانی کارێز :

ئەگەر مزگەوتێك یان حەمامێك یان زەوی‌یەکی بەپیت‌و بەرەکەت بۆ کشتوکاڵ پیویستی بەکارێز هەبوایە دەچون لەدووری (٥٠٠م‌تا ١٠٠٠م) لەسەروو ئەو شوێنەوە زۆر جاریش لە ١٠٠٠م تێ دەپەڕی بیرێکی قوڵیان لێدەدا تاکو نزیکەی (٢٥م – ٣٠م) قووڵی وە زۆر جار لە ٣٠م پتریش تێدەپەری ، پاشان دەهاتنەوە ئەو شوێنەی کارێزەکەی بۆ لێدەدەن ، وەکو ئەو مزگەوتە یان ئەو حەمامە،با ناوی بنێین خاڵی سفر واتە (نقطة الصفر) ئەوانەی ئەم کارێزەیان لێدەداو هەڵیان دەکەندن پیێیان دەووتن کارێزکەند .

ئەم کارێزکەندانە لە خاڵی سفرەوە بەرەو ڕووی بیرەکە زەوی‌یەکەیان هەڵ دەکەن تانزیکەی پەنجا مەتر دەڕۆیشتن ، هەموو گڵەکەیان فڕێ دەدایە دەرەوە بە وێنەی سەنگەرێك سەرەکەی بەتاڵبوو ، پاشان بەبەرد هەڵیان دەچنی بە بەرزی ١،٤٠م وەبەپانی ٤٠سم . پاش لێدانی‌و هەڵکەندنی ئەم پەنجامەترە قوڵی سەنگەرەکە دەچووە نزیکەی ٣ مەتر ، ئیتر لە دوای ئەوەوە هەر لەسەرهەمان لێژی لەژێرەوە زەوی‌یان کون دەکردو بەژێری‌دا دەڕۆیشتن هەربە بەرزی ١،٤٠م‌و پانی ٤٠سم .




دەمی کارێز لە خاڵی صفرەوە




«شێوەی لقدانی کارێز»

بەم جۆرە بەژێر زەوی یەکەدا دەڕۆیشتن، هەتا کو بڕۆیشتنایە پتر لەسەر ڕووی زەوی دوور دەکـەوتنـەوە، واتـە قوولتـر دەبـوو، بەڵام هەرماوەی سی مەتر دەیان توانی بەژێر زەوی‌دا بڕۆن، لەدوای ئەم سی مەتـرە لە زەوی یەوە بیـرێکیـان لێ دەدا تاکو دەگەیشتە سەر کۆتایی سی مەتری یەکەم، وەقووڵایی ئەم بیرە دەگەیشتە دەوری شەش مەتر ئینجا لەم بیرەوە دە چوونە خوارەوە و دەستیان دەکرد بەهەڵدڕینی زەوی‌یەکە هەر بەرەو ڕووی بیـرەکـەی یەکـەمجار لێدرابوو ئاوی لێ هەڵقولابوو وە وردە وردە گڵە کەیان فرێ دەدایە دەرەوە، دەڕۆیشتن هەتـا نزیکـەی سی مەتـری تریـان دەبڕی ئینجا هەر لەبەر ئەوهۆیە ئەویش نەتـوانینی فرێـدانی گڵ وتونـدبـوونی هەنـاسەوتاریکی دەهاتنەوە سەر زەوی‌و لەکـۆتـایی سی مەتـری دووەم دا بیـرێکی تریـان لێ‌دەدو لێـوەی دە چوونـە خوارەوە وە دەستیـان دەکـردەوە بەهـەڵـدڕینی ناوزەوی. وە ئەم بیـرە قووڵی دەگـەیشتـە دەوری نۆ مەترێ، هەروەها هەر سی مە تریان لێ تەواوبکردایە دەهاتنە دەرەوەو بیرێکی قووڵتریان لێ دەداو لێوەی دەچوونە خوارەوەو ئیشیان تێدا دەکرد بەم جۆرە بەلێدانی نزیکەی بیست بیر یا بیست و پێنج بیر یان زۆر جار لەوە زیاتر تا دەگەیشتنە دەمی بیرە سەرەکی یەکە کە ئاوی تێـدابـوو. پاشان بۆ ئەوەی ئاوی ئەم بیرە پتر پەرەبسێنێ وەپتر بەلێژی بێتە خوارەوە دەچوون لە بیرە سەرەکی‌یەکەوە بەرەوژوور بە دوویان سێ ڕێگادا بەوجۆرە زەویەکەیان هەڵ دەدڕی‌و بەژێری‌دا دەڕویشتن.

پاش سی مەتـر دەهـاتنـە دەرەوە بیـریـان لێ‌دەدا هەتـا کو(٣ ـ ٥) بیـر دوور دەکـەوتنـەوە بەهـەر سێ خەتەکەدا وەئاوی ئەم خەتانە دەهاتنەوە سەر بیرە سەرەکی یەکە هەمووی لەیەکی دەداو بەناو کارێزەکەدا دەڕۆیشت لەژێر زەوی‌یەوە وەلەخاڵی سفرەوە، ئەم ئاوە سەری دەر دەهێنا وەپی یان دەوت کارێزی فلان.

تەنها لێدانی بیرە سەرەکی یەکە بۆ هەڵقولاندنی ئاوەکەبوو بەڵام بیرەکانی تر هەمووی بۆچوونە خوارەوەو بۆگڵ فرێ‌دان بوو وەلە دوایی‌دا ئەم بیرانە سەریان دەگیرا وە بە بەرد هەڵ دەچنـران وەنیشـانە دەکران، وەلە هەچ شوێنێکدا ناوی کارێزەکە هەرەسی بهێنایە وە بگیـرایـە لەم بیـرانەوە بۆدەچوونە خوارەوە وەگڵە کەیان دەر دەدا وە دیوی ناوەوەیان بە دیوار هەڵ دەچنی بۆ ئەوەی جارێکی تر هەرەس

نەهێنێت وەپاش تەواو بوونی هەر لەو بیرەوە دەهاتنە دەرەوەو سەری بیرەکەیان جارێکی تر دەنایەوە.

## ئەو کەرەستانەی کە کارێزکەنەکان بەکاریان دەهێنا..!!

کارێزکەندەکان چەند کەرەسەیەکی تایبەتی خۆیان پێ‌بوو بەکاریان دەهێنا وەکو: (پاچ) بۆ هەڵکەندنی‌و قوڵنگ کەکلکێکی کورتی هەبووە بەدرێژایی بستێك‌و چوار پەنجە بۆ لابردن‌و دەردانی گڵەکە هەروەها تەرازوو، خۆ ئەم تەرازووە بەکار دەهێنرا بۆ زانینی لێژایی زەوی‌یەکە وەلە مەعدەنی زەرد دروست‌کرابوو، لە شێوەی سێ‌گۆشەدا، وە لەگۆشەی ناوەڕاستەوە خەتێك کە بە بڕبەند تێی کرابوو بەرێکی هاتبووە خوارەوە هەتاکو ناوەڕاستی بنکەی (قاعدە) سێ گۆشەکە ئەم گۆشەی ناوەڕاستە بەزەوی دەچقێنرا، پەتێك لە بنکەکەوە بەرەو خوار شۆڕ کرابووەوە قورسایی‌یەکی کەمی پێوەبوو وە لە گۆشەکانی ئەم‌لاو ئەولای بناغەکەوە دوو قولاپی پێوەبوو کە بەهۆی دوو پەت‌و دووپارچە تەختەوە دەیان توانی کە لێژایی زەوی‌یەکە بدۆزنەوە چونکە ئەو پەتە هەچ کاتێك لەسەر خەتی سەر تەرازووەکە ڕێك بوەستایە مانای ئەوە بوو شوێنەکە تەرازووە، وە بەم جۆرەکاری خۆیان پێ دەبردە سەر. هەروەها لەو کەرەسانەی کە بەکاریان هێناوە.

هەروەکو تورەکەیەکی بچکۆلە بۆ ئەوەی گڵەکەی تێ‌بکەن‌و دووری نجەنەوە، شتێکیان دروست‌کردبوو پێ‌یان دەووت دۆلکە. ئەم دۆلکەیە لە شێوەی تورەکەدا لەپێستی «گا» دروست دەکرا بەدەمی دۆلکەکە بە دارێکی چەقاوەی خڕ قایم دەکرا... ئەم دارە دەبوایە یان لەداری هەنار یان بەڕوو بوایە...

ئەمە دەدوررا بەدەمی تورەکە پیستەکەوە بێگومان دووکەس لەدەمی بیرەکەوە دەچوونە خوارەوە یەکەمیان هەڵی دەکەند بەقوڵنگەکە فڕی‌ی دەدایە دواوە زەلامی دووەم ئەم تورەکەیەی بەدەستەوە بوو پڕی دەکرد لەگەڵ دووری دەخستە وە بۆ دەمی بیرەکە وەهەندێ جار ئەگەر شوێنەکەی زۆر دوور بوایە لەدەمی بیرەکەوە زەلامێکی

تریش دەچووە خوارەوە لەم تورەکانەی پێ بوو گڵی دوور دەخستەوە بۆ دەم بیرەکە، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی تاریکی ناوکارێزەکە . هەر چەند کارێزەکە لەدەمی بیرەکە دوور بکەوتایەوە تاریك تر دەبوو ، لەبەر ئەوە هەر لە دیواری کارێزەکەدا تاقێکی بچکۆلەی لێ دەداو مۆمێکی تێدا دادەنا هەتا دای بگیر سێنێ ؛ حەوت هەشت مەتر دوور دەکەوتەوە تاقێکی کەی لێ دەدا مۆمێکی کەی تێدا دادەگیرسان .

بەم جۆرە ناوبیرەکە رووناك دەبووەوە تاماوەی نزیکەی ٣٠ مەتر دوای ئەوە پێویستی بەبیرێکی تر دەکرد .. ئەمە جۆری هەڵکەندنو دوور خستنەوەی گڵ بوو بۆ دەمی بیرەکەو لەگەڵ جۆری کەرەسەکانی کە بەکاریان دەهێنا، بەڵام دوای ئەوە بەهۆی چەند کەرە سەیەکی ترەوە بەتاقە کەسێکی تر لەسەر زەوی یەوە لەدەمی بیرەکە ئیشیان دەکرد ... ئەمانە ئیشیان دەردانی گڵەکەی ناوبیرەکەبوو . دووکۆڵەکەی گەورەیان لەملاو لەولای بیرەکەوە بەتوندی دەچەقاندە زەوی یەکەو قایمان دەکرد ، لەدوایی دا کەرەسەی سەر خستنی گڵ کە بە هۆی چەرخەوە کەلەداری بی دروست کرا بوو . ئەم چەرخەیان دەخستە سەر ئەو دوو کۆڵەکەیەو گوریسو قولاپی لێ دەبەستراو شۆڕ دەکرایەوە بۆ دەمی بیرەکە ، ئینجا دوو زەلام بەقاچو بەدەست ئەم چەرخەیان بادەداو گوریسەکە دەرۆیشتە خوارەوە بۆ ناو بیرەکەو وە لە خوارەوە ئەو زەلامەی گڵەکەی دەهێنایە دەمی بیرەکەوە تورەکەی دەکرد بە قولاپەکەدا وە بە هۆی بادانی چەرخەکەوە تورەکەکە سەردەکەوتو زەلامێك لەسەرەوە لێیدەکردەوە بەتاڵی دەکرد . ئەم گوریسو قولاپە وا دروست کرابوو لەدوولاوە کاتێك کە چەرخەکە بادەدرا تورەکەیەك سەردەکەوتو تورەکەیەکیش دەچووە خوارەوەی ئەوەی خوارەوە تورەکە بەتاڵەکەی لێ دەکردەوە ، ئینجا جارێکی تر پری دەکردەوەو دەیکردەوە بەقولاپەکەدا وە ئامادەی دەکرد بۆ سەر خستن .

بەم جۆرە گڵی ناو کارێزەکەیان لەدەمی بیرەکەوە سەر دەخستە سەرەوە بەم شێوەیە دەوامی دەکرد . هەروەکو وتمان هەتا کو سی مەتر لەدوایی دا دەهاتنە دەرەوە بیرێکی تریان لەدووری سی مەترەوە لێ دەداو داموودەزگای دەردانی گڵیان دادەمەزراند .. بەمچەشنە تا ئێوارە کاریان دەکرد ، ئێوارەش کەرەسە کانیان کۆدەکردەوەو قسڵیان دەکرد بە تورەکەکانەوە بۆ ئەوەی تورت بێتەوەو بۆن دەر نەکات چونکە لەپێستی گا دروست کرابوو .

ئاوی ئەم کارێزانە هەندێکیان چوار پێنج ئینج ئاوی لێ دەهاتە دەرەوە وە هەندێکیان شەش ئینج ، وە ئەمانە زۆریان ئاشی پێ دەگەڕا کارێزی وا هەبوو نزیکەی دەئاشی گێڕاوە، لە دواییدا ئاوەکەی کراوەتە سەر زەرعات سوودی لێ وەرگیراوە هەندێ جار ئەگەر کانییەك ئاوی زۆر بوایە دەچون هەڵیان دەدری بۆ ناوەوە هەڵیان دەچنی بە دیوارو دەیانکرد بەکارێز.

بەڵام ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بە ئاو هەبوو بێت وەنزێك بووبن لە کارێزەکەوە وەکو حەمام و مزگەوت و حەوزی چەندماڵێك لە گەڕەکەکان دا بەگونج ئاویان ڕاکێشاوە، گونج بریتی بووە لە بۆرییەك کە درێژی (٥٠ - ٦٠) سم بووە، خڕی دەمەکەی نزیکە ٢٠ سم بووەوە لە قوڕ دروست کراوە سوور کراوەتەوە وەئەم بۆری یانە دەبەسترا بەیەکەوە لە دەمی بەستنەکەدا شتێکیان بەکاردەهێنا پێی دەوترا (جاڕو) کە لە قسڵ و خۆڵەمێش دروست کرابووەوە بەینی بۆرییەکانی سارێژ دەکرد، وەئەگەر لە شوێنێکدا گونجێك بشکایە یان کونی تێ ببوایە قسڵ و پیولەگەڵ ووردە لۆکەدا تیکەڵ دەکراو ئەو شکاوییەی پێ چاك دەکرا.

بەڵام لەدوایی دانانی پرۆژەی ئاوەوە زوربەی ئەم کارێزانە بەسەرچوون وەکەس نەبوو خزمەتیان بکات وردە وردە کەم بوونەوە، هەندێکی کەمیان نەبیت ماوە لەوانەش هەندێکیان لە نەماندان. بەڵام بەداخەوە ئەگەر چاك بکرێنەوە خزمەت بکرێن، دەتوانرێ هەروەك یادگارێك بمێنێت وە شارەکەش سوودی لێ وەربگرێ.

# ● کارێزەکان ●

ئەمانەش ئەو کارێزانەن کە لە سلێمانی و دەوروپشتی دا هەبوون لەگەڵ دیاری کردنی شوێنەکانی دا.

١ - کارێزی شێخ مەحموود: لەبەردەمی داری (تووی مەلیك) دابوو.

٢ - کارێزی حاجی بەگ: لە سەروومەڵکەندی لای کەمپی ئەرمەنی یەکان کە ئێستا کراوە بەعەماراو، لەبەردەمی مزگەوتی عەلی کەمال دایە.

٣ - کارێزی عەزیز ئاغا: (دوولوولەکە) لەسەروومەڵکەندی، بەرامبەر بەندیخانەی سەرەوەی ئێستا لەسەر فولکەی ئەزمڕ کە ئێستا کراوە بە عەماراو.

٤ - کارێزی دارۆغا:

ئەو کارێزە کە ئێستا مزگەوتی دارۆغای لەسەر دروست کراوە.

٥ - کارێزی حاجی حەمە سوور:

کەوتۆتە سەروکارێزی دارۆ غاوە.

٦ - کارێزی سەید ئەحمەدی بابا رەسووڵ.

کەوتۆتە تەنیشت کارێزی حاجی حەمەسوورەوە.

٧ - کارێزی عەزیزە جۆلا:

کەوتۆتە ناو مزگەوتەکەی گەڕەکی ئازادی یەوە.

٨ - کارێزی وەستا شەریف:

کەوتۆتە بەردەمی گردی مامەیارە.

٩ - کارێزی مەجید بەگ:

کەوتۆتە بەردەشتایی یەکەی بەرامبەر گەڕەکی ئیسکان..

١٠ - کارێزە وشك:

کەوتۆتە ناو گەڕەکی کارێزە وشکی ئێستاوە لەنزیك پردەکەوە

١١ - کارێزی ئەحمەد زەنگەنە:

کەوتوتە پشتی سەراوە.

١٢ - كارێزی کوڵەسپی :
کەوتۆتە ناو گەڕەکی صابونکەرانەوە .
١٣ - كارێزی کانی ئاسکان :
کەوتۆتە بەردەمی مزگەوتی کانی ئاسکان (کانیسکان) ەوە .
١٤ - كارێزی قوری‌یە شکاو :
کەوتۆتە چاڵایی‌یەکەی دەشتی فرۆکەخانەکە .
١٥ - كارێزی دەشتی ئەحمەدی ساغا .
کەوتۆتە بەر گەڕاجی ئەسحابە سپی‌یەوە .
١٦ - كارێزی ناو ماڵە ماسی‌یەکە :
کەوتۆتە ناو گەڕاجی جوانڕۆوە .
١٧ - كارێزی ناوخانە سووتاو :
لەناو گەڕاجی گەل‌دا یە لەبەر خانەقا .
١٨ - كارێزی ناو گومرگە سووتاو :
کەوتۆتە ناو گەڕاجی بەغدا لەبەر خانەقا .
١٩ - كارێزی دایکی پاشا .
لەبەردەم ماڵی عەزمی بەگ‌دایە لەسەر کارێز .
٢٠ - كارێزی گونجی حەسەن بەغایی :
کەوتۆتە ناوەند باخی (شێخ لەتیف) ەوە .
٢١ - كارێزی مشیراوا :
لەدەشتاییەکەی بەردەم گردی مشیراوادا خوار کارگەی سەهۆڵی گەڕەبێت .
٢٢ - كارێزی حاجی مەلا عەلی .
کەوتۆتە ناومزگەوتەکەی گەڕەکی خەبات .
٢٣ - كارێزی ئەمینی عەتار :
کەوتۆتە پشتی گەڕەکی خەباتەوە .
٢٤ - كارێزی کانی دۆمان :
کەوتۆتە خوار باخی شێخ لەتیفەوە .
٢٥ - كارێزی جوولەکان : دووکارێز هەبوو لەگەڕەکی جوولەکان یەکێکیان لای کەنێشتەی خوارووی جوولەکان ، ئەوی تریان لای کەنیشتەی سەرووەوە بوو .

٢٦ – کارێزی خولەی تەمر :
کەوتۆتە پشتی گردەسووتاو (گردەگڕویٚ) پشت کانەبەردەکا .
٢٧ – کارێزی دەباشان .
هەر لەناو دەباشان‌دا دوو کارێز هەبوو .
٢٨ – کارێزی گاڤران : سەروو کارێزە وشك .
٢٩ – کارێزی غەفوور ئاغای حاجی ئەولاٚ :
کەوتۆتە بەینی زەرگەتەو کارێزە وشکەوە .
٣٠ – کارێزی زێڕینۆك :
دوو کارێزە کەوتونەتە ئەم دیوو ئەو دیوی ڕێگا کۆنەکەی هەڵەبجەوە کە دەچێت بۆ کانی با .
٣١ – کارێزی سیٚ توان : کەوتۆتە بەردەمی کانی باوە .
٣٢ – کارێزی باشچاوەش : کەوتۆتە بەینی گردی سەلیم بەگ‌و قڕگەوە .
٣٣ – کارێزی هۆمەرەکوێر : کەوتۆتە نێوان گردی سەیوان‌و قڕگەوە .
٣٤ – کارێزی کانی شەکراو :
کەوتۆتە ئەو دیو هۆمەرە کوێرەوە .
٣٥ – کارێزی بۆگەنە :
کەوتۆتە بەردەم شەخسەکەی کاك ئەحمەدی بۆ نخۆشەوە .
٣٦ – کارێزی حەمە ئاغای برایم ئاغا :
لەگەڕەکی چوارباخ لای ئاشی حاجی ئەحمەدی مچەسەلاق.ئەوسا ناو باخەکان بوو .
٣٧ – کارێزی مەوڵانا :
کەوتۆتە خوار جوولەکانەوە .
٣٨ – کارێزی کانی سارد : لەخوار سەر شەقامەوە .
ناو قەسابخانە کۆنەکە .
٣٩ – کارێزی کانی ماسی : کەوتۆتە ئەم دیو قەرەتۆغانەوە لەسەرڕیگای قەرەداغ .
٤٠ – کارێزی نووری بەگ : پشتی کانی ماسی .
٤١ – کارێزی کامام : لەناو دیٚی وڵووبە کە ئێستا کەوتۆتە ناوشارەوە .
٤٢ – کارێزی شێخ هەباس : ئەم دیو گردەکەی شێخ هەباس .

# ● كارێزكەندە بەناوبانگەكان ●

ئەمەیش لیستەی ناوی هەندێك لەو كارێزكەندانەی كە لە كاتی خۆیدا زوربەی ئەو كارێزانە كە ناومان بردن ئەمانە بردن هەڵیان كەندوون و ئیشیان تێدا كردوون :

١ ـ وەستا حەمە ئەمین.
٢ ـ وەستا كەریمی ئەحمەدی.
٣ ـ وەستا ئیسماعیل كەریم.
٤ ـ وەستا رەحیم.
٥ ـ وەستا حەمە حەیران.
٦ ـ وەستا عەباس.
٧ ـ وەستا حەسەن.
٨ ـ وەستا ئەحمەد.
٩ ـ وەستا عوسمان ئیسماعیل كەریم.

وەجگە لەوانەی كەوەستای كارێز بوون هەندێكی تر هەبوون كەوەستای گونج دانـــان بوون لەوانـەش ئەوەی كە زۆر ناسـراو بووە ناوی وەستـا (پیـرۆت) بووە. . یەكێكی تریش ناوبـانگی دەركـردووە بەدروستكـردنی گونـج ناوی حاجی سالحی كورە بووە.

سەرچاوە :
وەستا عوسمانی وەستا سمایلی كارێزكەند.

# ئاشی ئاوو شوێنەکانی

«ئـاش» بۆ لادێو شار دیـاردەیـەکی بە شارستـانی یـە، لە زوربـەی لاپـەڕەی مێژووی کۆن دا، دروستکردنی ئاش بەدیمەنێکی بەیەکەوە بەستنی شارو لادێ، یان کشتـوکـاڵ و شارستـانێتی دادەنـرێت. هەر لەبـەر ئەمـەیە بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئەرکە لەسەرەتای دروستبوونی سلێمانی یەوە، سوود لەو کارێزو پرۆژەی ئاوە بۆ ئاش دروستکردنیش بینراوە.

شاری سلێمـانی تاپـەیـدا بوونی ئامێری میکانیکیو تەکنیکیی تازە، پیویستی شاری، لەگەنم هاڕین و چەڵتووك کرەکردن بەدروستکردنی گەلێك ئاشی ئاو ڕایی کردووە.

هەر لە لاپەڕەی یادگاردا چەند لاپەڕەش بۆ ئەو دیمەنەی ژیان و گورج و گۆڵیی شار بەباسی ئاشی ئاو بەجێ دێڵین.

ع.م.ر

پێش ئەوەی ئاشی مەکینە بێتە شارەکەمانەوە زۆر ئاشی بەرد هەبوون کە بە ئاوی کارێزەکان دەگەڕاند بۆ هارینی گەنمو جۆو چەڵتووك .

ناوی ئەو کارێزانەو ئەو ئاشانەی کە لە سەری گەڕاون لەسەر چاوەی کارێزەکەوە یەك لە دوای یەك هەتا ئەو ئاوە چۆتەوە دەری شار بۆ ناو شیوەکانی جوولەکان بەم شێوەیە بوون :—

١ – ئاوی کارێزی حاجی بەگ : لە سەرو گەڕەکی مەڵکەندی کە دەرەوەی شاربووە ، لە کاتی خۆی‌دا ئەو ناوە پی‌یان دەوت (کەمپی ئەرمەن) چونکە عەسکەرە لیڤییەکان کە سەر بە ئینگلیز بوون مەڵبەندیان لەوێ بووە ئێستا کە سەری داپۆشراوە وە بووە بە عەماراو ، شوێنەکەی بەرامبەر مزگەوتی (عەلی کەمال) ە

ئەوکاتە کە ئاوی کارێزەکە هاتووە بەرەو خوار پاش ماوەیەك کە ئاوەکە دەڕوات سیٚ ئاشی یەك لەدوای یەك دێتە بەر هەرێەکەی بەینیان زۆر نەبووە ، وە نزیك بوون لەیەك . یەکەم ئاشی سەروو . دووەم ئاشی ناوەراست . سیٚیەم ئاشی خواروو . دوای ئەوە ئاوەکە بەرەو خوار لەسەرەتای جادەی ئیبراهیم پاشاوە دەست پیٚ ئەکات لەو دیو جادەکەوە ، لەوێوە دێتە خوارەوە . ئاشێکی تری دێتە بەر نزیك کارێزی دارۆغاو شەخسە فەقیرەوە (ئاشە خرکە) لەوێوە دەچێتەوە نزیك تووی قۆجە پشتی (دارالطلبة) ی ئێستا ، ئاشێك لەوێدا بووە بە ناوی ئاشی ڕەمەزان ، ئاوەکە لەوێوە دا دەگەڕێتەوە دێتە خواریٚ بەرامبەر مزگەوتی (تەکیە رووتە) دەڕوات هەتا دەگاتە پشتی گاوران .. لەوی‌دا ئاشێك هەبووە بەناوی ئاشی گاوران کە ئێستاش شوێنەکەی دیارە ، وە ئەم ئاوە لەوێە ڕۆیشتووە بە بەردەمی ماڵی کەریمی عەلەکەدا بۆ کۆڵانەکەی ئەو بەر ، وە لەوی‌وە لەبەردەمی ماڵی مەلا عەلی‌ی سەرکارێز چۆتەوە بەردەمی تەکیەی (شێخ مارف) وە لەوی‌دا ئاشێك هەبووە پی‌یان گوتووە ئاشی بەر تەکیٚ وە بەناو بانگیش بووە بەئاشی (حەبیە ڕەش) وە ئاوەکە چۆتەوە ئەو بەر پشتی باخی شێخ لەتیف وە لەوی‌دا ئاشێکی تر هەبووە بەناوی ئاشی حاجی حەسەن .. ئاوەکە لەوێوە چۆتەوە پشتی کانی دۆمان ئینجا بۆ وڵووبە بۆ شیوەکانی خوار جوولەکان هەموو زەرعاتی ئەو ناوە بەو ئاوە ئاو دراوە .

## ٢ – ئاوی کارێزی عەزیز ئاغا :

کەوتۆتە سەروو یانەی وەزرشی کرێکاران کە بەرامبەر بەندیخانەیە وە ئێستا عەماراوە ئەو کاتە سەریان گرت و دوو لوولەی ئاوی گەورەیان تێ خست وە ئاوەکە بەو دوو لوولەیەدا دەهاتە خوارەوە بۆ ناو مەڵکەندی ، وەپێیان دەوت «جووت لوولە» . وە لە مەڵکەندی‌یەوە دەچوە ناو شیوەکان .

ئەم دوو لوولەیە لە بەهاردا شوێنی سەیرانگا بووە ، وە ئەو ئاوە لەکاتی خۆیدا ئەپەڕی‌یەوە ئەو بەر بە تەنیشت بەندیخانەدا دەڕۆیشت بۆ لای سەرقەبرانی گردی جۆگا لەسەرەتای سەر قەبرانەکەوە لەدیوی ئەم دیو بەقەراخ دا ئاوەکە دەهاتە خوارێ .. وە لە ناوەڕاستی بەردەم سەر قەبرانەکەدا ئاشێك هەبووە بەناوی ئاشە پەپوولە ، پاشان ئاوەکە سەرەو خوار دەبووەوە لە کۆتایی سەر قەبرانەکەدا دەگەڕایەوە وە لەوێش‌دا ئاشێك هەبووە بە ناوی ئاشی «حاجی کەریم» بەرامبەر شەخسەکەی شێخ جافر . ئینجا تۆزێك دەڕۆیشت وە بۆ جارێکی تر دادەگەڕایەوە بەرەو خوار دەبووەوە بۆ «کانیسکان» وە ئاشێکی تری دەهاتە سەر ڕێ پێیان دەووت ئاشی «شێخ مەحموود» بەرامبەر «حەمامی شیرین» .

لەوێشەوە بەرەو خوار دەبووەوە بۆ لای دارە سووناوەکە خوار کورە خشتەکەی حاجی صالحی کورە ، لەوێدا ئاشێکی تر هەبوو پێیان دەوت ئاشی ناو مالان یان ئاشی (حەمە عەلی شەپیلك) چونکە ئەو دەمە ئەو ئاشەوانی بووە لەبەردەم ماڵی حەمەقیلەی قەسابەوە ... ئاوەکە دەڕۆیشت بۆ ناو ماڵی «جەمال عیرفان» کە ئێستا ماڵی شێخ لطیفی شێخ مەحموودە ، ئینجا دەپەڕی‌یەوە ئەوبەر بەژێر ماڵی مەزهەری ئەحمەد ئەفەندی وە دەردە چوو بۆ ناوماڵی حاجی مەجیدی دەباغچی وە لەوێوە دەچووە ماڵە مەلا کان ئینجا بەرەو خوار دەبووەوە بەرەو نوری ئاوا ، ئاشێکی دەهاتە بەر ڕێی بەناوی ئاشی مارف بەگ خوار ماڵی عەبە دەلاك کە دەکەوێتە پشتی بەنزینخانە هەرە کۆنەکەوە پاشان بەرەو خوار دەبووەوە بۆ بەردەمی دەباخانە کۆنەکە کە ئێستا جێگای بسە ریدە تازەکەیە وە دەڕۆیشت بەرەو خوار بە جادەی مەولەوی‌دا تێ دەپەڕی ، ئەو کاتە جادە نەبووە لە سلێمانیدا ... ئەم ئاوە بەبەردەمی چایخانەی

صالحه شێت دا تێ دەپەڕیو بەرەو خوار دەبووەوە بەر دەمی ماڵی صالحی وشکە وەرد.. ئاشێـــك دەهـــاتـــه بەری ئەویش هەر ئاشی مارف بەگ بووە، هەر موڵکی خۆیشی بووە وە پێ شیـان دەوت ئاشی «خـەلـەیلێ» چونکـە ئەو کاتـە ئەو ئافرەتە ئاشەوانی بووە..

لەوێوە بەرەو خوار دەبـووەوە بۆ کۆڵانـەکـەی ئەو بەر پێش شەخسـەکـەی «شیخ مصطفی» وە ئاشێك دەهاتە بەری بە ناوی ئاشی حەمەی ئەورەحمان ئاغا، وە لەوێوە بەلای شەخسەکەوە تێ دەپەڕی بۆ ناو باخەکانی چوارباخ وە دوا ئاش دەهاتە ڕێی، بەنـاوی ئاشی «حـاجی ئەحـمـەدی مچـەسـەلاق»وە لەوێـوە ئاوەکـە بە ناو باخچەکان دا دەڕۆیشت بۆ ناو شێوەکانی جوولەکان.

**٣ ـ ئاوی کارێزی سەرچاوەی کانیسکان:ـ**

ئەم ئاوە لە بەردەمی مزگەوتی کانی ئاسکان دا دەستی پێ دەکرد وە دەپەڕییەوە ئەو بەر ماڵی شیخ عەزیزی خەلیفە وە لەوێوە دەهاتە دەرێ دەچووە حەوشی گەورە پاشان بەتەنیشت ماڵی مەجید ئەفەندیی کانیسکان دا تێ دەپەڕی وە دەچووە ناو حەوزی جوتیاران.. وە لەوێدا حەوزیکیان کردبوو ژنان جلیان لێ دەشت.

وە دوای ئەوە ئاشێکی دەهاتە بەر بەناوی ئاشی مەجیدە فەنی کانیئاسکان هەر لە خوار ماڵی مەجیدە فەنییەوە ئەو بەرەو خوار دەبووەوە بەشوێنی جادەکەی ئێستای بەردەم یانە ئەزمرو فەرمانبەران وە باخچەی گشتی، بەرو خوار دەبووەوە بە بەردەم قەسابخانە کۆنەکەی ئەوسادا تێ دەپەڕی کە لە دواییدا بوو بە ماڵی موتەسەرریف بە شوێنی حەوشەکەدا دەپەڕیەوە ئەوبەر بەشوێنی جادەی مەولەویدا تێ دەپەڕی..

بۆ یەکەم کۆڵانی پشتی نەقلیاتی سەعەی تەها کۆیی، لەوێدا ئاشێك دەهاتە بەری بەناوی ئاشی شەفیق بەگ هەر لەبەردەم ماڵی شەفیق بەگ دا بووە، وەپێی شیان دەوت ئاشی بەر تەلەکە، چونکە دارتەلێ لەنزیکەوە بووە ئاشەوانەکەی حەمە کەچـەڵی نابـوە وەلـەوێـوە ڕێك بەرەو خوار بۆتەوە بەشوێنی غازە کۆنەکەوە تەنیشت ماڵی فەقی ڕەشید بەرەو خوار بۆتەوە بۆ باخەکانی چوارباخ وە لەوێوە بۆ ناوشیوەکانی جوولەکان.

## تێ بینی :

ئاوی کارێزی حاجی بەگ و عەزیز ئاغا کە لە سەرووی شارەوە بەرەوخوار بوونەتەوە هەتا شیوەکان دەتوانین بڵێین سنووری سلێمانی لە دیوی ئەم دیو کارێزەکانەوە واتا دیوی ناوەوە ناو شار بووە ... وە لە زۆر شوێن دا ئاوەکە دوور بوون .. لە ناو شار .. بەلام شوێنی هەردوو کارێزەکە کە بەرەو خوار بوونەتەوە دەشت بووە .. بەڵام لە زۆر شوێن دا کە دەڵێن بەفلان شوێن دا ڕۆیشتووە بۆ زانین و نیشانەی شوێنەکەیە ...

### ئەو ئاشانەی بە ئاوی شیوەکانی ناو شار ئیشیان کردووە ...

لە مەیدانی کافرۆشەکانەوە لە خوار مەیدانی ماستەکەوە دەست پێ دەکات بە پشتی مزگەوتی خومخانەکان هەتا پشتی جوولەکان ...

١ – ئاشە گواوی : مەیدانی کافرۆشەکان .. لەوێوە ئاوەکە دەپەڕی‌یەوە ئەو بەر ، وە دەڕۆیشت بۆ بەرماڵی صالحی عەزەی مەمەند .. وەتێ دەپەڕی بەرەو خوار وەلەوێ‌دا ئاشێك هەبوو : ئاشی ئەمینە فەنی مەسرەف – پشتی مزگەوتی مەلا حسینی پیسکەندی وە لەوێوە ئاوەکە دەچووە ناو گەڕەکی جوولەکان .. وە ئاشێك لەوێدا هەبوو بە ناوی ئاشی (حەمە کوێر) وە دەچووە خوارتر ئاشێکی تر هەبوو هەر لە ناو جوولەکان بەناوی ئاشی غولام ئەلی وە ئاوە پیسەکە لە شیوەکانی ناو جوولەکانەوە ڕۆیشت بۆ خوار جوولەکان .. وە لەوێدا دووئاش هەبوو هی مەلا عەلی مەلکەندی بوو .. یەکەمیان پێ‌یان دەووت ئاشە گەورە وەدووەم پێ یان دەوت ئاشی کانی موسەلەم .. وەخوار ئەم دوو ئاشە .. دوا ئاش ئاشی عەزیزی کوێخا وە لەوێ‌وە ئاوە پیسەکە دە چووە شیوەکانی پشتی جوولەکان .

## ناوی گۆڕستانەکانی دەوروپشتی سلێمانی و قەبر هەڵکەنەکان

١ - گۆڕستانی گردی حاجی ئەولاّ پشتی باخی شێخ لەتیف .
٢ - گۆڕستانی گردی ناوەڕاست .
٣ - گۆڕستانی گردی سەیوان .
٤ - گۆڕستانی گردی شێخ حسینی قازی .
٥ - گۆڕستانی گردی گاوران . گۆڕستانی گاورەکانە .
٦ - گۆڕستانی بەرامبەر تەکیە رووتە .
٧ - گۆڕستانی بەردەمی مزگەوتی حاجی مەلاشەریف لە مەڵکەندی .
٨ - گۆڕستانی لای شەخسی پیر مەسوور لەمەڵکەندی .
٩ - گۆڕستانی گردی جۆگا بەرامبەر شەخسی شێخ جافر .
١٠ - گۆڕستانی لای شەخسی شێخ جافر بەرامبەر گردی جۆگا .
١١ - گۆڕستانی گردی فەقێیان پشتی مزگەوتی کانی ئاسکان .
١٢ - گۆڕستانی لای شەخسی شێخ مستەفای شاملی لە کانی ئاسکان، بازارە بچکۆلە .
١٣ - گۆڕستانی لای شەخسی شێخ ئەولاّ کولاّنی بەرامبەر حەمامی کانی ئاسکان .
١٤ - گۆڕستانی پشتی قەسابخا و دەباخانە کۆنەکە شوێنی تاوڵەی سواری پشتی ماڵی موتەسەرریف .
١٥ - گۆڕستانی لای شەخسی وەیس شوێنی مەڵبەندی سوپای عەسکەری و سانەوی فریشتەی کچان .
١٦ - گۆڕستانی گردی شێخ محی‌دین : پشتی مۆزەخانەکە .
١٧ - گۆڕستانی گردی شێخ فەتاح : بەرامبەر گردی شێخ محی‌دین .
١٨ - گۆڕستانی چوارباخ لای شەخسی شێخ مستەفا، خوار ماڵی حاجی ئەحمەدکریسی قەساب .

١٩ - گۆڕستانی گردی گۆڕە جوولەکە ، گۆڕستانی جولەکەکان بووە سەرووگەڕەکی جوولەکان خواریاریگای پەروەردەیی .
٢٠ - گۆڕستانی لای شەخسی هۆمەرمەندان .. لە هۆمەرمەندان .
٢١ - گۆڕستانی دەشتی سەعەیبلە : نزیك قەسابخانەکۆنەکە لەسەرشەقام .

## ● قەبر هەڵکەندەکان ●

گەڕەکی مەڵکەندی :

١ - حەمەی ئەمینی مەلی
٢ - دەرویش موحەممەد
٣ * حەمە سەلیم
٤ - شێخ موحەممەدی شێخ ئەحمەد

گەڕەکی گۆیژە :

١ - حاجی عەلی موحەممەد
٢ - کەریمە زەرد
٣ - ئەمینی مێتو
٤ - حەمە عەقراوی
٥ - عەلی دەروێش ئەمین
٦ - عوسمانی حاجی عەلی (بابل)

گەڕەکی دەرگەزێن :

١ – حەمە گاسوار
٢ – فەرەجی حەمە موراد
٣ – حاجی ئەحە خڕە
٤ – مام بارام
٥ – سمایلی صالحی دەروێش ئەمین
٦ – حەمە عەزیز

گەڕەکی سەر شەقام و چوارباخ:

١ – ئەمینی خولەی بووك
٢ – فەتاحە گۆچ
٣ – علی حۆڵە
٤ – حاجی ئەحمەد
٥ – ئەحە چەلە
٦ – دەروێش موحەممەد

گەڕەکی کانیسکان :

١ – مەلا سابیر
٢ – ئەحەی بلە
٣ – حەمەی ئەحەی‌بلە
٤ – حەمە حەیران

# شەخسەکانی ناوشارو دەوروپشتی

شەخس و پیر :

لەلای مسولمانان و لای خاوەنانی گەلێ ئایینی تر بەشێکە لە (میتۆلۆژیا) و ئەفسانەی کۆن و بەشێکە لەباوەڕی سەر بەئایینی ئاسمانی . لەناو کورددا بە چەشنێکی سەیر میتۆلوژیاو ئایینی کۆنی پێش ئیسلام و کۆمەڵێك باوەڕی ئیسلامی تێکەڵ بەیەك دەبن و پێوەندی بەگۆڕی شەخس و پیرەوە ڕەگەزی ئەمدیاردەیە دەدات بەپسپۆرانی خۆی .

لەناو شاری سلێمانی و دەوروپشتیدا کۆمەڵێك زیارەتگا هەیە کەزوربەی پێش دروستبوونی شار هەبووەو بەدوای ڕەچەڵەك گەرانیاندا زۆر زەحمەتە ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا ، کە پێوەندی خەڵکی ئەم شارە لەسەرەتای دروستبوونی شاردا بەمیتولۆژیاو باوەڕی پیشووەوە نەبڕاوە .

لەبەرئەوە لەهەر کونجەوە شوێنێك و قسنێك دۆزراوەتەوە کەمەراسیمی ئەو باوەڕەیان تێدا بەجێ بهێنرێت . بەڵگەش بۆئەم کۆن تازەکردنەوەیەوەیە ، کە تەنیا گۆڕی کەسێکی گەورەی وەك «کاك ئەحمەدی شێخ» لەناو زیارەتگاکاندا سەر بە دوو سەد ساڵەی سلێمانی یەو بناغەی ڕوون و ئاشکرای هەیە .

تۆماری ناووشوێنی ئەم زیارەتگایانە ، دەبنە بەڵگەی ئەم بیرە .

(ع . م . ر)

لەشارەکەماندا چەند شەخسێك هەیە کە لەکۆندا وەتا ئێستاش ژنان دەچن بۆ زیارەت کردنی بەتایبەتی کە منداڵیان نەخۆش بکەوتایە .. وەیان یەکێکی گەورە دەیانبردە سەر شەخسەکەو لێی دەپارانەوەو دوعایان دەکرد کە نەخۆشەکە یان بۆچاك بکاتەوە ، وەیان ئەگەر کەسێکیان لەغەریبی بوایە بێتەوە وەیان کچێك حەزی دەکرد شووبکات بە خۆشەویستەکەی لێی دەپارایە کە «مەقسەدی خۆی حاسڵ بێت» . یان دایکی کوڕێك دەپارایەوە کە دڵی کەس و کاری ئەو کچەی کوڕەکەی بەتەمایەتی نەرمی بکات .. یان کوڕەکەی لەقوتابخانە دەربچێت و زۆرشتی‌تر .. تاد. کە دەچوونە ناو شەخسەکەوە بەردێکی بچووکی تەنك و سافیان دەنایە بەردی لێواری قەبرەکەوە .. کە بەردەکەی پێوە دەنا نیازی دڵی خۆی دەوت ، ئەگەر هات و بەردەکە نووسا بە بەردی قەبرەکەوە ئەوە گوایە مەقسوودی حاسڵ دەبێ، ئەگەر بەردەکە نەنووسایە بە قەبرەکەوە ئەوە مەقسوودی حاسڵ نەدەبوو .. بەوە زۆر دڵتەنگ دەبوو .

زوربەی شەخسەکان ژنان ڕۆژانی چوارشەمموان دەچوونە زیارەتی بەتایبەتی لەبەهاردا وەنیمچە سەیرانێکیان لە پاڵدا دەکرد .

ناوی شەخسەکان لە گەڕەکەکاندا :

گەڕەکی مەڵکەندی :

١ – شەخسی پیر مەسوور : بەرامبەر ماڵی عەزیز قەزاز بۆ (لەرزو تا) ..
٢ – شەخسی شێخ حەسەن : لەسەروو پیر مەسوورەوە .
٣ – شەخسی پیر مەحموود : لەپشتی مزگەوتی حاجی‌حانەوە .
٤ – شەخسی شێخ جافر : بەرامبەر ماڵی عومەربەگی ئەحمەد بەگی تاپۆ ..
٥ – شەخسی فەقیرە : نزیك کارێزی دارۆغا .
٦ – شەخسی پیر موحەممەد : لەناو ماڵی برایمی پیرۆت .
٧ – شەخسی کاکەلاو : بەر ماڵی حەمەکەریمی ئاشە گواوی ..
٨ – شەخسی شێخ ئەحمەدی هیندی : بەردەمی گردەکەی بەرامبەری کارێزە وشك .

٩ – شەخسی سەید مەحموود : لەقەبرستانی گۆڕی فەقێیان لە پشت مزگەوتی کانێسکانەوە .
١٠ – شەخسی پیری‌کۆکە : لەبەینی قرگەو وێلەدەر (بۆکۆکەرەشە) . . .

گەڕەکی گۆیژە :

١ – شەخسی ئەسحابە سپی : کەوتۆتە ناو گەراجی ئەسحابە سپی‌یەوە .
٢ – شەخسە فەقیرە : لەقاوەخانەی سەرچیمەن (بۆ ئازار) .

دەرگەزێن :

١ – شەخسی هۆمەرمەندان : لەهۆمەرمەندان شوێنی سەیرانگابووە (بۆ ئازار) .
٢ – شەخسی قازی بەنێ : پشتی گەڕەکی خەبات لای کارێزی ئەمینی عطار (بۆمندالێ بوون) .
٣ – شەخسی کانی‌با : سەرگردەکەی «کانی‌با» بۆ «نەخۆشیی باداری» .
٤ – شەخسی شێخ محمدی بروسکە : لەکۆلانی لای مالی حاجی عبد اللەی شالی .

گەرەکی سەرشەقامو گەرەکی چوارباخ :

١ – شەخسی شێخ ئەبوبەکر : بەردەمی مالی عاصەی کەلەنتەر ، «بۆ شێت‌و فێ لێهاتن» .
٢ – شەخسی شێخ هەباس : خوار جوولەکان و گوندی ولووبە وەختی خۆی شوێنی سەیرانگابووە .
٣ – شەخسی شێخ مستەفا : خوار مالی حاجی ئەحمەد کریس .
٤ – شەخسی مەلاخدر : بەرامبەر مزگەوتی شێخ سەلام «بۆ لەرزوتا» .
٥ – شەخسی شێخ محیێ دین : سەرگردەکەی شێخ محیێ دین .
٦ – شەخس شێخ فەتاح : سەرگردەکەی شێخ فەتاح .

٧ – شەخسی کاك ئەحمەدی بۆنخۆش : بەینی جولەکانو ئابلاخ ، «بۆکۆکە رەشە» .
٨ – شەخسی وەیس : شوێنی سەیرانگای بەهارانبووە بۆ «نیازی دڵداری» . ئەم شەخسە لەفولکلۆری کوردیدا دەماودەم بەیتی بەسەردا هەڵدراوە وەك :

بابچینە سەر وەیس بۆ تۆبە کاری
تۆبە لەگشتی غەیرەس دڵداری

لەناو مەڵبەندی هێزی سوپاو پشتی سانەویی فریشتەی کچان ..
٩ – شەخسی شێخ مستەفا لەسەرشەقام پیشمزگەوتی مەلا حسەینی پیسکەنی .
١٠ – شەخسی سەی محەمەد پشتی مزگەوتی قامیشانی خوارو .

گەرەکی کانیسکان :

١ – شەخسی شێخ جافر : پشتی زەراعە بەرامبەر گردی جۆگا . بۆ (هەموو نەخۆشی یەك) .
٢ – شەخسی شێخ ئەولا : کۆلانی بەرامبەر حەمامی کانیسکان «بۆ لەرزوتا» .
٣ – شەخسی سۆفی عەبدە : بازارە بچکۆلەکۆلانی لای حەوشی گەورە لایماڵی حەمەی سەکینە .
٤ – شەخسی شێخ مستەفای شاملی : بازارە بچکۆلە لای ماڵی شێخ موحەممەدی حاجی سەید حەسەن بۆ نیازی دڵ .
٥ – شەخسی موحەممەد صالح : لەناو ماڵی شێخ فتح اللەی شێخ ڕەشیدی تەنەکەچی پشتی مزگەوتی گەورە . بۆ ئازاری ژنان .
٦ – شەخسی شێخ بزورگ : لەناو ماڵی مەجید بەگی قادر پاشاپشتی مزگەوتی گەورە .
٧ – شەخسی شێخ مستەفا : پێیشی دەڵێن شەخسەکەی ئابلاخ لەمسکێنان لەپشت مزگەوتی حاجی حەسەنی لوکە .

# باخەکانی دەوروپشتی سلێمانی

باخی سەوزەو میوە :

شاری سلێمانی کە خۆی لەسەرەتاوە ئاودار بوو ، بۆ پێویستی ی شار لەسەوزەو میوە ، هەر ئەوە نەبووە کە پشت بە دێهاتی دەوری شار ببەستێ ، بەڵکو ئەو پرۆژەی کارێزانەی شارو تەنانەت ، پرۆژەی (شیوەکانی شار) کەجێی مەجاری ئێستا دەگرێتەوەو هەر ئەو زێرا بە کۆنانەش بناغەی پرۆژەی زێرابی شارن .. سوود لەوەش بینراوە بۆ ئاودان و پێگەیاندنی ئەو باخانەی لەناو شارو دەورو پشتی شاردا بوون .

بەم جۆرە شاری سلێمانی تانیوەی یەکەمی ئەم سەدەی بیستەمەش ، هەر بەڕێو شوێنی سەرەتای دامەزراندنیا، بەهۆی ئەو باخ و بێستانانەوە پەکی لە سەوزەو میوە نەدەکەوت .

(ع . م . ر)

بۆ یادگار ناوی ئەو باخانەو شوێنو باخەوانیان دەنووسین ، کە لەم دوو سەد ساڵەدا بایەخێکی زۆریان بۆ شار هەبووە .. ناوەکانیش زوربەی ئەو ناوانەن کە پێیان بەناو بانگ بوون .

| ناوی باخەکان | باخەوانەکان | شوێنی باخەکە |
|---|---|---|
| ١ – باخی شێخ لەتیف | ئەول کەریم | لەگەڕەکی دەرگەزێن |
| ٢ –کارێزی حاجی مەلا عەلی | ئەحەی حسین | لەگەڕەکی خەبات |
| ٣ * باخی شێخان : دوانن : | ا – ئەحەی حەلیم | شوێنی قەسابخانەی |
| | فەتاحی حاجی نەسە | کۆن |
| | ب – حەوبراو | |
| | سلێمانی مام مەحموود | |
| ٤ – باخی سەی حەسەن | حەمەی فەرەجو | لەگەڕەکی سەرشەقام |
| | حاجی دەروێش رەحیم | |
| ٥ – باخی حاجی صالحی قاسم | حسێنی برایم ئاغا ئیجاری کردبوو | لە پشتی جولەکانبوو |
| ٦ – باخی حاجی سەعیاغا | حاجی سعیدهۆمەروکوڕەکانی | لەدەوروپشتی جولەکان |
| ٧ – باخیکانی موسەلم | علی فاتەی عەلاوو | قەسابخانەی تازە |
| | حاجی مەحموود | |

| | | |
|---|---|---|
| ٨ – باخی حەمە ئاغای | مام حەمە ئەمین‌کەمەشهور | چوار باخ |
| ئیبرایم ئاغا | بوو بەشێرە کوللە لەگەڵ | |
| | عەلی دەوڵەت | |
| ٩ – باخی کانێسکان | حاجی سەعید عەلیقوبادو | کانێسکان |
| | حاجی صالحی برای ئیجاریان کردبوو | |
| ١ – باخی خەجە خانێ | غەفووری خەجیلێ | لەخوار جوولەکان |
| ١ – باخی خورگەی | حاجی عەول‌و ئەمینی‌مریەم‌و | لەخواز جوولەکان |
| خواروو | ئیسماعیلی صالحی دەولەت | |
| ١٢ – باخی مەجید بەگ | مەجید بەگ | شوێنی زانکۆو خەستەخانەکە |
| ١٣ – باخی فائیق بەگ | دەروێش ڕەمەزان | چوار باخ لای سانەوی کوڕان |
| ١٤ – باخی ولۆوبە | حاجی صالحی‌و‌حەمە عەلی | لەولۆوبە لای حاجیاوە |
| ١٥ – باخی کانی کامام | حەمەی مەلا ئەحمەد | حاجیاوەی ئیستا |
| ١٦ – باخی زێرینۆك | عەبەی شاموحەممەدو | لای سەیتەرەکەی |
| | حەمەی مەلا ئەحمەد | ڕێگای عەربەت |
| ١٧ – باخی‌کانی ماسی: | کاکی سلێمان‌و | لەسەر ڕێی قەرەداخ |
| | غەفوری مام شەریف | |
| ١٨ – باخی کانی دۆمان : | عەبدولای حاجی ڕەحیم‌و | خوارسەرشەقام |
| | ئەمینی حاجی ڕەحیم | |

١٩ – باخی چاورەشە
٢٠ – باخی سێ توان
٢١ – باخی کارێزی
بارچاوەش
٢٢ – باخی مەڵکەندی

٢٣ – باخی مەولانا
٢٤ – باخی گەنم دۆل
٢٥ – باخی حاجی بەگ
٢٦ – باخی کارێزی
تووی مەلیك
٢٧ – باخی شێخە بچکۆلە
٢٨ – باخی حاجی حەمە
سوور

حەمە ڕەشید حەمە سەعید
حاجی قادری‌کا بچکۆل
خێلێ حاجی سەعید
قڕگەیی
مارفی دەروێش مەحمودو
شێخ حەمە مارف
حاجی غەفوری باخەوان
حاجی فتح الله
حاجی ئەمینی مەڵکەندی
ڕەئوفی حاجی ڕەحیمو
عارفی حاجی بارام
حەمەی هەسەن قڕگەیی
حاجی حەمە سوور

خوار قەرەتۆغان
لای کانی با
لای قڕگە

بەر مزگەوتی‌مەڵکەندی

بەردەمی ئاوی خورگە
پشتی کانی گۆمە
بەردەمی هەوارە بەرزە
تووی مەلیکی
ئێستا
هەوارە بەرزە
لای داروغاو
بەرەوژوورتر

٢٩ – باخی کاریزی
وەستاشەریف
٣٠ – کاریزی حاجی
سەعیدی جۆلاّ
٣١ – باخی داروغا

ڕەسوڵە دریژی باخەوان و
مام غەفوور
مارفی حاجی سەعیدو
صالحی چایچی
حاجی نەجم

لای گردی مامەیارە

لای خانووە
قورەکان
پشتی حاجی حان لای
شەخسەکەی شێخ جافر

سەرچاوە
حاجی رەئووف ڕەحیم
باخەوانی کاریزی تووی مەلیك

تێبینی :

بێجگە لەم باخانە باخی تر هەبوو ، لەناو شاردا وەکو باخی پوورە بەگی شوێنی ئاشی ئەلەکتریکەکەو شوێنی مزگەوتی تەکیەڕووتەو مزگەوتی شێخ مەحموودی قەرە چێوار (چوارباخ) وەشوێن بیناکەی تۆفیق قەزاز وەهەندێ شوێنی تریش .

# مزگەوتەکان

مامۆستا مەلا موحەممەدی قزلجی دەربارەی مزگەوتەکانی سلێمانی نووسیوی‌یە : لەهەر گەرەکێك‌دا لەگەڕەکەکانی شار (جوولەکان) نەبێت چەند مزگەوت هەیە کە لە زەمانی بابانەکان‌دا دروست‌کراون ، بیناکانیان نەقش‌و ڕازاندنەوەیان تێدانین ، هەرچەندە دیمەنی دەرەوەیان جوان‌و بە ڕەونەقن . بناغەی مزگەوتەکان لەبەردو گەچن ، هەر مزگەوتە حەرەمێکی بۆ نوێژکردن‌و ژوورێکی بۆکە ل‌وپەلی مزگەوتەکە تێدایە ، لەگەڵ چەند ژووری تر بۆ ژیان‌و گوزەرانی ڕۆژو شەوی فەقێکان ، کە لەوێدا دەژین‌و دەنوون‌و دەور دەکەونەوە ، هەروەك ژوورێکی تر بۆ مودەڕیس دانراوە کە لەوی‌دا خەریکی خوێندنەوەو دەرس وتنەوەیە ، حەوشەی هەر مزگەوتە باخچەیەکی جوان‌و ڕەنگین‌و جۆگە ئاوێکی تێدایە ، کە ئاوەکەی دەرژێتە حەوزێکی سازگارەوەو خەڵکی لێی دەخۆنەوەو دەست نوێژی تێدا دەشۆن ، ئەمەش لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی‌یە کە دەڵێ : ئاوەکە قوللەتین بێ پیس نابێت .. بەڵام ئەم حەوزانە ئەوەندە بەکار هێنراون پیاو ئیتر قێزیان لێ‌دەکاتەوە .

مەسرەفی مزگەوت‌و مەدرەسەو فەقێ‌و مووچەی مەلا هەموو لەسەر بابانەکان بوو ، کە زۆر بەخشندانە لەوەقف‌و لەپارەی خۆیان مەسرەفی ئەم مزگەوتانەیان دەکرد .

پێڕەو وابوو هەر فەقێ‌یەك خوێندنی تەواوبکردایە ئیجازەی لەمەلا وەردەگرت‌و بەپێی توانای خۆی لەمزگەوتێك‌دا دادەمەزراو مووچەی بۆ دەبڕایەوە .

پاش لەناو چوونی بابانەکان خەڵکی گەرەك مەسرەفی مزگەوت‌و مەدرەسەو فەقێ‌و مووچەی مەلایان گرتە ئەستۆو لە زەکات‌و خێروخێرات ئەم کارە بەجێ دەهێنرا ... بروانە محمدالقزلجی – التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية . بغداد ١٩٣٨ ص ٣٢ ، ٣٣ ..

ئەمە دەربارەی سەرەتا بوو ، بەڵام تادوایی دەوڵەتی عوسمانی و سەرەتای دەوڵەتی عیراق ئەم پێڕەوەی دوایی بەردەوام بوو ، ئیتر لەدەوری دروستبوونی حوکمەتی عیراقەوە وردە وردە مزگەوتەکانو وەقفو ئەرکیان کەوتە دەس دائیرەی ئەوقاف .

لەسلێمانی دا مزگەوت دەورێکی گەورەی لەژیانی خەڵك دابووە . شوێنی خواپەرستیو خوێندنو کۆبونەوەی خەڵك بووە . هەروەك سلێمانی لەو شارە کەمانەیە کە پرسەی مردووی بۆ پیاوانی هەمیشە لەمزگەوت دادەگیرێت.بەڵام پاش نووسینی ئەو کتیبە ژمارەی مزگەوت لەگەڵ فراوان بوونی شاردا زیادی کردو دروستکردنی جێگەی تایبەتی لەهەر مزگەوتەدا بۆ پرسە بوو بەپێڕەوێکی تازە .

بەپێی توانا چەند لاپەڕەیەك لەناوو زانیاری دەربارەی مزگەوتەکانی سلێمانی دەکەین بەیادگار ...

(ع . م . ر)

لە کتێبەکەی مامۆستا قزڵجیدا باسي مزگەوت هەیە.

# مزگەوتەکان

١ – دامەزرێنەری مزگەوت .
٢ – ناوبانگی مزگەوتەکە .
٣ – دابەش کردنی مزگەوتەکان بە سەر گەرەکەکاندا .
٤ – ناوی ئیمامو خەتیبو مودەر یسەکانی مزگەوتەکان .

تێبینی :

بلاوکردنەوەی تەریقەتی قادریو نەقشبەندی لە ناوچەی سلێمانی ..

١ – تەریقەتی قادری : بلاوکەرەوەی شێخ مارفی نۆدێیە ...
٢ – تەریقەتی نەقشبەندی : بلاوکەرەوەی مەولانا خالیدە ...

لەمزگەوتەکاندا تەکیە شوێنی قادرییەو .. خانەقاش شوێنی نەقشبەندییە ..

هەروەها دەروێشەکان لەتەکیەکاندا زکریان دەکرد بە تەزبیحی دەنك گەورەی (١٠١) دانەیی .. بەلام صوفیەکان لەخانەقاکاندا وردە بەرد بەکۆمەلێ دانراون هەر صوفیەك صەد دانەی لێدێنێت وەزیکری خۆی پێدەکرد .

١ – شێخ مارفی نۆدی : کە بلاوکەرەوەی تەریقەتی قادری یە ، زاناو شاعیرو پیاوچاکی ئاینو بەناو بانگی کوردە ، باپیرە گەورەی شێخ مەحموودی نەمرە .. ناوی سەیید موحەممەد ناسراو بە (مەعروف) کوری سەیید مستەفا کوری سەیید ئەحمەدە وە باپیرەی سیانزە هەمینی سەیید عیسای بەرزنجییە کوری بابا عەلی هەمەدانی ، لە دێی نۆدێ لە شارباژێر لە سالی ١١٧٥ ك لەدایك بووە وە لە سالی ١٢٥٤ ك لە سلێمانی کۆچی دوایی کردوەو لەگردی سەیوان نێژراوە . ناوبراو پتر لە ٥٠ کتێبی ئاینیو ئەدەبیی بۆ بەجێهێشتووینو زۆریان لە کتێبخانەکانی دەرەوەو ناوەوە ماونو وا سەر لە نوێ لیژنەیەك خەریکی چاپکردنەوەی هەموویین.

٢ – مەولانا خالیدی نەقشبەندی :

بلاو کەرەوەی تەریقەتی نەقشبەندییە . ناوی (ضياء الدين خالدی کوری ئەحمەدی کوری حسین) ی مکایلییە لە عەشیرەتی جافەو لەسالی ١١٩٣ ك لە قەرەداخ هاتۆتە دنیاوە . ئەم زاتە بەرێزە رۆشنبیرو عالمێکی بەرزو بەنرخی کورد بووەو

گەلێك خزمەتی زۆری ئایینو زانستی کردووەو بەچەندان زاناو هەڵکەوتووی پێ گەیاندووە .

گەلێك کتێبی بەنرخی بۆ بەجێ هێشتووین . زۆر وڵات گەڕاوە وەك ئێرانو تورکیاوهیندستانو ئەفغانستان لەساڵی ١٢٢٨ ك لەسەر داواکاری چەند زانایەکی شام چوو بۆ ئەوێ وە لە شەوی هەینی ٢٨ شەوال ساڵی ١٢٤٢ ك بەنەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کرد وە لە وڵاتی شام نێژراوە .. وە گومەزێکی جوانو نایابی لەسەر چیای قاسیون ژوور گەڕەکی کوردان (تاخیٔ کرمانج) بۆکراوە .

لەبەرگرنگی ئەم باسە کەڵکمان لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە :

١ – التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية ... نوسینی مەلا محمدی قزلجی ساڵی ١٩٣٨ م .

٢ – مێژووی سلێمانیو وڵاتی نووسینی زانای بەناوبانگ مێژوونووس ئەمین زەکی بەگ .

٣ – شاری سلێمانی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ناوخۆ .. نووسینی شێخ محمدی خال ساڵی ١٩٦١ م .

٤ – شێخ محمدی شێخ خالدی شێخ احمد امامی مزگەوتی شێخ یوسف .

٥ – شێخ فتح اللەی شێخ رشید .

# مزگەوتەکان

گەڕەکی مەڵکەندی :

١ – مزگەوتی مەڵکەندی : بەناوبانگ بووە بە مزگەوتی تەکیەی وسوو پاشا لەزەمانی بابانەکاندا. دامەزرێنەری: خەڵکی دێی مەڵکەندی پێش دروستکردنی شاری سلێمانی ..

١ – مه‌ولانا ئیبراهیم له‌كاتی دروستكردنی سلێمانی‌دا . . .
٢ – مه‌لا عه‌بدول ڕەحمانی نۆتشی (موفتی‌ی سلێمانی) زه‌مانی ئه‌حمه‌د پاشا .
٣ – حاجی مه‌لا ئه‌حمه‌دی كوڕی مه‌لا عبد الرحمن نۆتشی موفتی‌ی سلێمانی) دوای باوكی ١٢٢٧ ك – ١٣٠٢ ك .
له‌م دوایی‌یانه‌ش به‌بیره‌وه‌ری خه‌ڵك .
أ – شێخ حه‌حه مارف .
ب – مه‌لا موحه‌مه‌دی كوسته‌یی «شه‌ل» .

٢ – مزگه‌وتی حاجی حان : دامه‌زرێنه‌ری حاجی ئه‌حمه‌د (أحان) پیاوێكی ده‌وڵه‌مه‌ندبووه له‌زه‌مانی بابانه‌كان له‌قه‌ڵاچوالانه‌وه هاتۆته سلێمانی‌و ئه‌م مزگه‌وته‌ی دروست‌كرد .

## ئیمام‌و موده‌ڕیسه‌كانی

١ – شێخ ڕه‌سووڵی شێخ موحه‌مه‌د به‌ناوبانگ بووه به‌(پلاوخۆر) له‌دوا سالانی چه‌رخی سیانزه هه‌مینی كۆچیدا ، كۆچی دوایی كردووه .
٢ – شێخ عه‌لی و شێخ ئه‌حمه‌د كوڕانی شێخ ڕه‌سووڵ .
٣ –شێخ مسته‌فاو شێخ مارف كوڕانی شێخ ئه‌حمه‌دی شێخ ڕه‌سووڵ.
٤ – شێخ له‌تیفی كوڕی شێخ عه‌لی (ئیمام بووه) .
٥ – مه‌لا عه‌بدول كه‌ریمی موده‌ڕریس ١٣٢٣ ك .

٣ – مزگه‌وتی شێخه‌لی (شێخ علی) .
له‌پێشدا به‌ناوبانگ بووه به‌مزگه‌وتی مه‌لا ئه‌مینی مام ڕۆستەم دامه‌زرێنه‌ری حاجی ئه‌ولای حه‌مه كه‌ركوكی باوكی حاجی مه‌لا سه‌عید كه‌ركووكلی زاده‌یه . . .
ئیمام‌و موده‌ڕیسه‌كانی .

١ – مەلامەحموود کۆکۆیی .
٢ – مەلا ئەمینی مام رۆستەم .
٣ – شێخ عەلی شێخ محمد بە (شێخەلی پەڕۆ) بەناوبگ بووە .
٤ – مەلا عەبدوللاَ .

٤ـ مزگەوتی بن تەبەق هەرمنی :–

دامەزێنەری سلێمان پاشایە ..
ئیمامو مودەڕیسەکانی .
١ – حاجی مەلا ئەحمەدی هەرمنی .
٢ – حاجی مەلا صالحی کوڕی .
٣ – مەلا فتح‌اللەی پاوەیی .
ـمزگەوتی سەیید ئەحمەدی نەقیب .
دامەزرێنەری سەید ئەحمەدی میرەسووری نەقیبە

ئیمامو مودەڕیسەکانی

١ – سەیید ئەحمەدی نەقیب ١٢٨٠ – ١٣٢٧ ك .
٢ – مەلا موحەممەدی ڕەش .
٣ – مەلا شێخ عەزیزی سابلاخی .
٤ – مەلا موحەممەدی چروستانی .
٥ – سەیید عارف ئەبو بکر .
گەڕەکی گویژە
١ – مزگەوتی شێخ ئەمینی خالّ .
دامەزرێنەری مەلا مستەفای کوری مەلا شەمسەدینی کوری مەلا عوسمانە ، لەسەردەمی ئیبراهیم پاشادا لەکاتێکا کە قەڵاچوالانیان گواستۆتەوە بۆ سلێمانی داروپەردووی مزگەوتەکەی تریان هێناوە لەم مزگەوتەدا بەکاریان هێناوە .

## ئیام‌و موده‌ڕیسه‌کانی

١ – مه‌لا مسته‌فای کوڕی مه‌لا شه‌مسه‌دینی کوڕی مه‌لا عوسمان .
٢ – مه‌لا ئیسماعیلی کوڕی مه‌لا مسته‌فا کوڕی مه‌لا شه‌مسه‌دین .
٣ – شێخ موحه‌ممه‌دی خاڵ کوڕی مه‌لا ئیسماعیل .
٤ – حاجی شێخ ئه‌مینی خاڵ ١٢٦٠ – ١٣٥٠ ك .
٥ – شێخ موحه‌ممه‌دی خاڵ کوڕی شێخ عه‌لی کوڕی حاجی شێخ ئه‌مین .
٦ – که‌شێخ موحه‌ممه‌دی خاڵ بوو به قازی چه‌ند مه‌لای تر بوون به ئیمامی مزگه‌وته‌که وه‌ك مه‌لا مصطفی .

٢ – مزگه‌وتی شێخ موحه‌ممه‌دی به‌رزنجی :

دامه‌زرێنه‌ری حسینی عه‌زیزی جۆلاَ بناغه‌که‌ی کردووه ئینجا له‌گه‌ڵ ئه‌هلی گه‌ڕه‌ك ته‌واو یان کردووه .

## ئیام‌و موده‌ڕیسه‌کانی

١ – شێخ موحه‌ممه‌دی به‌رزنجی : له‌دوای جه‌نگی یه‌که‌می جیهانی وه‌فاتی کردوه .
٢ – سه‌یید عه‌لی کوڕی شێخ موحه‌ممه‌دی به‌رزنجی .
٣ – شێخ نه‌جمه‌دینی شێخ شه‌مسه‌دین .

٣ – مزگه‌وتی سه‌یید حه‌سه‌ن .

دامه‌زرێنه‌ری عه‌بدول ڕه‌حمان پاشای بابان بووه .

## ئیام‌و موده‌ڕیسه‌کانی

١ – مه‌لا عه‌بدوللای ڕه‌ش .
٢ – شێخ موسته‌فای موفتی کوڕی بابا ڕه‌سوول .

٣ – سەیید موحەممەدی کوڕی شێخ عەلی بابا ڕەسووڵ.
٤ – سەیید حەسەن کوڕی شێخ عەلی بابا ڕەسووڵ.
٥ – حاجی مەلا مستەفای کوردی.
٦ – سەیید غەفوور.

٤ – مزگەوتی هەمزاغا : باپیری حاجی تۆفیق پیرەمێرد.
دامەزرێنەری سەرەکی بووە.

## ئیمام و مودەڕیسەکانی

١ – مەلا ئەحمەدی صائب.
٢ – ڕەئوف صائبی کوری مەلا ئەحمەد.
٣ – مەلا مەعروف وەهبی (باوکی ڕەمزی ی شاعیر).
٤ – مەلا عەبدول ڕەحیمی عەزیزی مەریوانی.

٥ – مزگەرتی شێخ بابا عەلی : لەپێش‌دا بەناوبانگ بووە بە مزگەوتی شێخ عەبدول ڕەحمانی شێخ ئەبوبەکر دامەزرێنەری عەبدول‌ڕەحمانی پاشای بابان بووە..

## ئیمام و مودەڕیسەکانی

١ – سەیید عەبدول کەریمی سەیید عەلی بەرزنجی : کە بە شێخ عەبدول‌کەریمی کاسەوکەوچك ناوبانگی دەرکردووە. لە سالی (١٢١٣) ك کۆچی دوایی کردووە لە گردی ناوەڕاست نێژراوە.
٢ – مەولانا خالیدی نەقشبەندی : ١١٩٣ – ١٢٤٢ ك.
٣ – موحەممەد فەیزی زەهاوی (موفتی بەغداد) ١٢٠٨ – ١٣٠٨ ك.
٤ – شێخ عەبدول ڕەحمانی شێخ ئەبوبەکر.
٥ – شێخ بابا عەلی ١٢٧٥ – ١٣٥٩.
٦ – شێخ نووری شێخ بابا عەلی ١٣٠٥ ك – ١٩٥٦م.

٦ - مزگەوتی شێخ جەلالی قەرەداغی (قەزازەکان) دامەزرێنەری حاجی عەزیزی خەیات بووە ..

## ئیمام و مودەڕیسەکانی

١ - شێخ جەلالی قەرەداغی ١٢٩٥ - ١٣٥٠ ك .
٢ - شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ جەلالی قەرەداغی .

٧ - مزگەوتی موفتی .
دامەزرێنەری مەلا مەحموودی پیر حەسەنی باوکی مەلا ئەحمەدی چاومار لە پێش‌دا ئیمام و مودەڕیسی بووە .

## ئیمام و مودەڕیسەکانی

١ - مەلا ئەحمەدی چاومار (موفتیی سلێمانی) (١٢٢٠ - ١٢٨٨ ك) .
٢ - حاجی مەلا موحەممەد ئەمین کوڕی موفتی سلێمانی : (١٢٥٠ - ١٣١٥ ك) .
٣ - عەبدول عەزیز موفتی (موفتیی سلێمانی) ١٢٨٨ ك ١٩٤٧ ز .
٤ - مەلا مەحموود (بێخود) ١٢٩٨ ك ١٩٥٥ ز .

٨ - مزگەوتی تەکیە رووتە : گوێژە .
دامەزرێنەری شێخ عەلی تاڵەبانی بەپارەی خەڵکی دروستکراوە .

## ئیمام و مودەڕیسەکانی

١ - شێخ عەلی تاڵەبانی .
٢ - شێخ نووری شێخ بابا عەلی .

٩ – مزگەوتی شێخ موحەممەدی ئاڵەکی (ناوبازاڕ) . دامەزرێنەری عەزیز ئاغای مەسرەف لەزەمانی ئەحمەد پاشای بابان‌دا ، مەسرەف کەری پاشابووە ..

## ئیمام و مودەڕیسەکانی

١ – شێخ موحەممەدی ئاڵەکی .
٢ – مەلا عارفی ئەمینی جەفار .
٣ – مەلا عارفی ئەمینی وەسمان .
٤ – مەلا غەفوری چەقژی .

## گەڕەکی دەرگەزێن

١ – تەکیەی شێخ مارف :
دامەزرێنەری حاجی بەگ لە سالی ١٨٤٥ ز بیناکراوە ، لە ساڵی ١٩٨٠ ز بەر جادەسی مەتری‌یەکە کەوتووەو ڕوخێنراوە .

١ – شێخ مارف : لەسالی ١٣٠٤ ك بەررەحمەتی خودا چووە .
٢ – شێخ سەعیدی شێخ مارف :
٣ – شێخ رەئوفی شێخ سەعیدی شێخ مارف .
٢ – مزگەوتی شێخ عەبدولای هەولێری (شێخ ئەولا) «مزگەوتی دوودەرگا» .
دامەزرێنەری سەیید عەبدول قادری بەرزنجی یەکە ڕیکەوتی ساڵی ١٢٣١ ك بووە.
ئیمام و مودەڕیسەکانی
١ – مەلا موحەممەد
٢ – شێخ ئیسماعیل
٣ – شێخ ئەولای هەولێری کوری شێخ ئەحمەد
٤ – مەلا محەمەد ئەمینی بالیکدەری
٥ – حاجی مەلا ئیسماعیل
٦ – حاجی مەلا عینایەت

٣ – مزگەوتی شێخ عەبدول ڕەحمانی عازەبانی (هەلاجەکان) دامەزرێنەری مەحموود پاشای بابان بووە ..

ئیمام و مودەڕیسەکانی .

١ – حاجی مەلا ڕەسوول

٢ – مەلا موحەممەد صاڵحی کوڕی حاجی مەلا ڕەسوول

٣ – شێخ عەبدول ڕەحمانی عازەبانی

٤ – سەید ئەحمەدی شێخ عەبدول ڕەحمانی عازەبانی

٤ – مزگەوتی مەلاعەلی نیزامی :

مەلا عەبدول ڕەحمانی ڕەسووڵ ئاغا دایمەزراندووە ..

ئیمام و مودەرریسەکانی :

١ – مەلا عەلی نیزامی

٢ – شێخ قادری سنەیی

٣ – مەلامەحموودی حاجی عەلی (حاجیەلی)

٤ – مەلا مەحموودی مەلا ئەورەحمانی دەرمان کوت ئەم مزگەوتە ساڵی ١٩٨٠ بەرجادەسی مەتری‌یە کە کەوتووە لەئەنجامدا ڕوخێنراوە .

٥ – مزگەوتی شێخ لەتیف :

دامەزرێنەری شێخ عەبدول کەریمی شێخ قادری سنەیی ، لە پێش‌دا بەناوبانگ بووە بە مزگەوتی شێخ عە بدوول کەریمی سنەیی . دیسان ئەم مزگەوتە ساڵی ١٩٨٠ کەوتوتە بەرجادەسی مەتری‌یەکەو ڕوخاوە

ئیمام ومودە ڕیسەکانی :

١ – شێخ عەبدول‌کەریمی شێخ قادری سنەیی

٢ – شێخ لەتیفی شێخ عەبدول کەریمی سنەیی

٣ – حاجی مەلا جەلالی مەلا حەسەن

٦ – مزگەوتی شێخ ئەمینی قەرەداخی :

میری بابانەکان دای‌مەزراندووە لەکاتی خۆی‌دا بەناوبانگ بووە بە مزگەوتی (شێخ مارفی قەرەداخی) ..

ئیام‌و موده‌ڕیسه‌کانی :
١ – شێخ مارفی شێخ هۆمه‌ر کوڕی عه‌بدول له‌تیفی گه‌وره ..
٢ – شێخ عه‌بدول ڕه‌حمانی کوڕی شێخ مارف
٣ – شێخ ئه‌مینی قه‌ره‌داخی برای شێخ عه‌بدول‌ڕه‌حمان بووه
٤ – شێخ مارفی شێخ ئه‌مینی قه‌ره‌داخی
٥ – شێخ مسته‌فای شێخ شێخ مارفی قه‌ره‌داخی ئه‌م مزگه‌وته وه‌ختی خۆی خانه‌قابووه ، جێگه‌ی نه‌قشبه‌ندی بووه .

٧ – مزگه‌وتی حاجی مه‌لا ره‌سووڵ :

دامه‌زرێنه‌ری (باش چاوه‌ش) باپیری حه‌مه پاشای ئه‌وره‌حمان ئاغایه ، ئه‌م مزگه‌وته به‌رجاده که‌وتووه ، شوێنه‌که‌ی فولکه‌ی (نالی) یه سالی ١٩٦١ به‌رجاده که‌وت .

ئیام‌و موده ڕیسه‌کانی :
١ – حاجی مه‌لا ره‌سووڵ ١٢٨٠ – ١٣٣٨ ك
٢ – مه‌لا مسته‌فای حاجی مه‌لا ره‌سووڵ ١٣٢٤ ك – ٩ – ١٢ – ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووه ، ناوبراو شاعیرو نوسه‌ر بووه (صه‌فوه‌ت) .

٨ – مزگه‌وتی خانه‌قای مه‌ولانا خالید :
دامه‌زرێنه‌ری مه‌حموود پاشای عه‌بدول‌ڕه‌حمان پاشا بووه . ئیام‌و خه‌تیب ومووده‌ڕڕیسه‌کانی .
١ – مه‌ولانا خالیدی نه‌قشبه‌ندی ١١٩٣ – ١٢٤٢ ك
٢ – شێخ مارف
٣ – مه‌لا موسی
٤ – شێخ عومه‌ری قه‌ره‌داخی
٥ – مه‌لا عه‌بدوڵلای چروستانی موده‌ڕڕیس بووه .
٦ – که ساڵی ١٩٥٦ کرا به شوێنی نوێژی جومعه ، مه‌لامسته‌فای حاجی مه‌لا ره‌سوول (صه‌فوه‌ت) یه‌که‌م خه‌تیبی خانه‌قابووه .

## گەڕەکی سەرشەقام و چوارباخ

١ – مزگەوتی حاجی مەلا عەزیز : لەپێشدا بەناوبانگ بووە بە مزگەوتی مەلا حەمە ئەمینی بالیکدەری . حاجی مەحموود رەش دایمەزراندوە .
ئیمامو مودەڕیسەکانی :
١ – مەلا عەبدوڵلا سوور ٢ – مەلا حەمەئەمینی بالیکدەری ١٢٧٠ – ١٣٣٠ ك .
٣ – حاجی مەلا عەزیز کەساڵی ١٣٣٥ کۆچی دوایی کردووە .
٣ – مزگەوتی شێخ حسینی قازی :
دامەزرێنەری حاجی مەلا عەبدول رەحمانی (کانیکەوە) بووە .

## ئیمامو مودەڕیسەکانی

١ – شێخ حسینی قازی ١٢٢٥ – ١٢٩٢ ك .
٢ – حاجی مەلا عەبدول ڕەحمانی کانیکەوەیی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی کۆچی دوایی کردووە .
٣ – مەلا عەبدول رەحمانی کۆڵ .
٤ - مەلا عەبدولواحید .

٣ – مزگەوتی خانەقای حاجی مەلا عەلی مەلاوەسمان :
دامەزرێنەری حاجی ڕەسووڵی حەمە ئاغای گووروون بووە
ئیمامو مودەڕیسەکانی
١ – مەلا عوسمان یان مەلا وەسمان : لەدوایی‌دا ئەم ئیمامە مەزنە کە شاعیرێکی ناوداریشە هەستی بەگەورە کردنی مزگەوتەکەکردو کردی بەخانە قا .
٢ – حاجی مەلا عەلی مەلا وەسمان
٣ – مەلا صالحی برای مەلا عەلی
٤ – مەلا ئەحمەدی مەلا صالح .
٤ – مزگەوتی قامیشانی خواروو

دامەزرێنەری حاجی ڕەسوول ئاغال بووە
ئیمام و مودەڕریسەکانی
١ – مەلا قادری دەنگ گەورە
٢ – مەلا صالحی کوردە
٥ – مزگەوتی مەڵا غەفوور
دامەزرێنەری بابانەکان بوون
ئیمام و مودەڕیسەکانی
١ – مەلا ئیبراهیم
٢ – مەلا عەلی‌ی مەلا ئیبراهیم
٣ – مەلا غەفووری مەلا عەلی‌ی مەلا ئیبراهیم (باوکی نەجمەدین مەلا)
٤ – مەلا عەلی داریکەلی

بەڵام ئەم مزگەوتە ڕوخاوەو حاجی فەرەج کە خەڵکی گەڕەك بووە لەسەر حسابی خۆی چاکی کردۆتەوە ، لەم دوایی‌یەدا مەلا حەسەنی (گردە زوبێر)ی مەلای بووە .

٦ – مزگەوتی شێخ یوسف..
دامەزرێنەری شێخ یوسف بووە.
ئیمام و مودەڕیسەکانی
١ – شێخ ئە حمەدی شێخ یوسف
٢ – شێخ خالیدي شێخ ئەحمەدی شێخ یوسف
٣ – شێخ موحەممەدی شێخ خالیدی شێخ ئەحمەد .
٧ – مزگەوتی خومخانەکان (ناوبازار گوزەری ئاسنگەرەکان) دامەزرێنەری حاجی عەبدولرەحمان بەگ بووە ..
ئیمام و مودەڕریسەکانی
١ – حاجی مەلا ئەحمەدی دیلێژە ١٢٥٠ – ١٣١٨ ك
٢ – مەلا حەمە سەعیدی حاجی مەلا ئەحمەدی کوڕی
٨ – مزگەوتی مەلا حسینی پیسکەندی ... مزگەوتە کە لەپێش‌دا بینایەکی بچووکی کۆن بووە مەلا حسینی پیسکەندی گەورەی کردوو چاکی‌کرد .

ئیمام و مودەڕڕیسەکانی

١ – مەلا مەحموود سوور

٢ – مەلا عومەری قەرەوەیسی

٣ – مەلا حسێنی پیسکەندی ١٢٨٢ – ١٣٦٧ ك

٤ – مەلا سەلامی کوڕی مەلا حسین

٩ – مزگەوتی شێخ هەباس (عەباس)

شوێن کەنیشتەی جوولەکەکان ، ئەوکاتە جوولەکەکان سلێمانیان بەجێ هێشت کرا بە مزگەوت .. ئەم مزگەوتە مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسوولْ مەولوودی تیا خوێندووە لە ساڵی ١٩٥٠ ز کرابە مزگەوت و خرایە سەر ئەوقاف

ئیمام و مودەڕڕیسەکانی

١ – مەلا سەیید عەبدول کەریمی شێخ محمدی شێخ محی الدین قووڵە

٢ – مەلا مەحموودي حەمە محی دین

١٠ – مزگەوتی خانەقای مەحوی

دامەزرێنەری حاجی مەلا موحەممەد (مەحوی)یە کە سوڵتان عبد الحمید هەزار لیرەی ناردووە بۆ چاك کردنی و کردی یە خانەقا بێگومان لەپێش دا مزگەوتێکی بچکۆلە بووە ، مەلاعوسمانی باڵخی باوکی مەحوی ئیمام و مودەڕیسی بووە ، ساڵی ١٨٩٠ تازە کراوەتەوە ، بووە بەخانەقا .

ئیمام و مودەڕیسەکانی

١ – حاجی مەلا موحەممەدی (مەحوی) ١٨٣٠ – ١٩٠٤ ز

٢ – حاجی مەلا عومەر کوری (مەحوی)

٣ – مەلا خالیدی کوری مەلا موحەممەدی مەحوی

٤ – مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا خالیدی مەحوی ١٨٩٧ – ١٩٧٦ز

١١ – مزگەوتی شێخ مەحموود : چوارباخ

دامەزرێنەری شێخ مەحمودی قەرەچێوارە لەسەر حسابی خەڵکی لەساڵی ١٩٣٩ دروست کراوە ... کە حاجی صابری بەقاڵ بەکۆکردنەوەی پارەوە خەریك بووە . .

ئیمام و مودەڕیسەکانی
١ – شێخ مەحموودی قەرەچێوار
٢ – مەلا محمدی دێگەڵی

١٢ – مزگەوتی حاجی عەلی ئاغا :
ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە لەلایەن عەبدوڵڵا لوتفیەوە بە ناوی باوکی یەوە دروست کراوە
ئیمام و مودەڕڕیسەکانی :
١ – مەلا موحەممەدی کانی ڕۆشنایی لەشەستەکانا کۆچی دوایی کرد :
٢ – مەلا قادری جاف (عەربەت)

## گەڕەکی کانێسکان (کانی ئاسکان)

١ – مزگەوتی گەورە : (١)
دامە زرێنەری ئیبرایم پاشای بابان بووە کە دامەزرێنەری شاری سلێمانی بووە .
گەورەترین وبەناوبانگترین مزگەوتی سلێمانی یە .
ئیمام و مودەڕیسەکانی
١ – شێخ مارفی نۆودی بەرزنجەیی : ١١٧٥ – ١٢٥٤ ك
٢ – حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ١٢٠٨ – ١٣٠٥ ك
٣ – مەلا عەبدول ڕەحمانی پێنجوێنی : ١٢٥٠ – ١٣١٩ ك
٤ – سەیید عەبدوڵلای حاجی سەیید حەسەن
٥ – حاجی مەلا عەبدوڵلای بیژوێ ١٣١٣ – ١٣٩١ ك

(١) پاش کاك ئەحمەدی شێخ سەیید غەوسەو شێخ محی‌دینی سەیید غەوسە خەتیبی بوون دیسان لە زەمانی کاك ئەحمەددا حاجی مەلا ڕەسولێ دیلیژەیی کراوە بە واعیز عەسران وەعزی خوێندۆتەوە . لەسەردەمی حوکمرانی شێخ مەحموود شوێنی کڵپەسەندنی جۆشی نیشتمان پەروەری بووە . تەرمی کاك ئەحمەد وشێخ مەحمود لەوی‌دا نێژراون تائێستا زیارەتگای خەڵکین .. ئەتوانین بلێین یەکەم مزگەوتە کە جومعەی تێداکراوە .

٢ – مزگەوتی کانێسکان :
دامەزرێنەری عەبدوللاّ پاشای بابان بووە
ئیمام و مودەڕیسەکانی
١ – مەلا گۆورروون
٢ – شێخ عەزیزی خەلیفە
٣ – مەلا عەبدوللاّی کانیسکان

٣ * مزگەوتی قامیشان
دامەزرێنەری عەبدوڵلاّ پاشای بابان دوامیری بابان بووە
ئیمام و مودەڕیسەکانی :
١ – شێخ مستەفای گوڵانی
٢ – شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ مستەفای گوڵانی
٣ – مەلا صاڵح
٤ – مەلا شێخ مارف
٤ – مزگەوتی شێخ مستەفای نەقیب :
دامەزرێنەری شێخ مستەفای نەقیبە
ئیمام و مودەرریسەکانی
١ – حاجی مەلا عەلی‌ی کانی کەوە
٢ – حاجی مەلا رەسووڵ

٥ – مزگەوتی بن تەبەقی بچکۆلە (عرفان)
دامەزرێنەری خضر ئاغای ئاشنای بابانەکان بووە سالی ١٨٣٧ ز

ئیمام و مودەڕیسەکانی :
١ – مەلا عەبدو ڵلا (عرفان) باوکی جەمال عرفان سالی ١٩١٨ کۆچی دوایی کردووە
٢ – حاجی مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلیژەیی
٣ – مەلا مارفی خاوێیی

٦ – مزگەوتی شێخ سەلام :
زەوی ئەم مزگەوتە هی بابانەکان بووە بەسەرپەرشتی شێخ قادری گەورە باوکی شێخ سەلام (قازیی سلێمانی) بە پارەی گەڕەك بنیات نراوە ..
ئیمام و مودە ڕیسەکانی
١ – شێخ سەلام
٢ – شێخ ئەحمەدی شێخ سەلام
٣ – شێخ مستەفای شێخ ئەحمەدی شێخ سەلام
٤ – مەلا عەبدول رەحیمی چڕوستانی
٥ – مەلا عەبدوڵلای چڕوستانی کوری مەلاعەبدول ڕەحیم
٦ – مەلا عەبدول ڕەحیمی میرزا ..
ئەمە یەکەم مزگەوتە کە لە لایەن حاجی سەعیدی عەلی قوبادەوە شوێنی تایبەتی بۆ پرسە تێدا دروستکراوە .
٧ – مزگەوتی حاجی عەلی بەگ
دامەزرێنەری حاجی عەلی بەگ لە ساڵی ١٩٥٠ دروستکراوە ..
ئیمام و مودەڕیسەکانی .
١ – مەلا حەمە ئەمینی بێژوێ ..




مزگەوتی گەورە ساڵی ١٩٥٠



تەکیەی شێخ مارف



نوێژ کردن



شێخ بابا عەلی تەکیە
لە ٢٧ / ١١ / ١٩٤٠
لە تەمەنی ٨٥ سالیدا
کۆچی دوایی کردووە



شێخ نوری بابا عەلی

لە ١٢ / ٣ / ١٩٥٦

لە تەمەنی ٧٠ سالێدا

کۆچی دوایی کردووە



شێخ مارف شێخ ئەمینی قەرەداغی

لە سالی ١٨٧٩ ز لە سلێمانی

لە دایك بووە لە سالی ١٩٥٣

کۆچی دوایی کردووە.



شێخ عومەری شێخ ئەمینی قەرەداغی
لەساڵی ١٨٨٤ز لە سلێمانی لەدایك
بووە لە ١٣ / ٥ /
١٩٣٦ كۆچی دوایی كردووە.



مەلا عەبدوللە بێژۆیی
لە ساڵی ١٣١٣
١٣٩١ ك
كۆچی دوایی كردووە.



مەلا مەحموودی بێخود

ساڵی ۱۲۹۸ ك لە دایك بووە

ساڵی ۱۳۷۵ ك کۆچی دوایی کردووە



مەلا مەحەمەدی چروستانی

ساڵی ۱۸۹۰ ز لە دایك بووە

ساڵی ۱۹٦۳ کۆچی دوایی کردووە



مەلا سەلامی مەلا حوسێنی پەسکەندی

ساڵی ۱۹۰۹ ز لە دایك بووە



مەلا مەستەفا حاجی مەلا رەسوول سەفوەت

۱۳۲٤ ك ۹ - ۱۲ - ۱۹٦۳

# حوجرەكان

زۆر جار كە باسی شاعیرێك یان گەورە پیاوێك دەخوێنینەوە ، سەرەتا بەوە دەست پێدەكرێ كە دەڵێ : لە منداڵیدا خرایە بەرخوێندن ، كە قورئانو كتیبە وردەكانی تەواو كرد ئەوسا چووە مزگەوتو بوو بە فەقێ . كەواتە پلەی حوجرە كە لەناو عەرەبدا «كتاب ج.كتاتیب» ی پێ دەڵێن لەپلەی خوێندنی سەرەتایی ئێستا دەچی چونكە قوتابی لەوێدا فێری تیپەكان دەبێت،ئەوسا بۆ فێربوونی خوێندنەوەو دەس دانە قورئان خوێندن تاجزمی یەكەم یان دووەم قورئانی بە «حوینجە» واتە «تهجي» و تیپ بەتیپ دەخوێندوو دوای ئەوە ئایەت بەئایەت بە (سایە) واتە بێ حوینجەكردن دەخوێندرا .

پاش تەواوكردنی قورئان كۆمەڵێ كتێب هەبوو بەكوردیو فارسی بۆ بەهێزكردنو پەیداكردنی چێژی ئەدەبی بەقوتابی دەوترا،پاش ئەم ئامادەكردنە ئیتر قوتابی دەچووە مزگەوتو دەستی دەدایە خوێندنی زانستییە عەرەبی و ئیسلامییەكانو پلەی مزگەوت جێی پلەكانی تری دووای سەرەتایی ئێستای دەگرتەوە . بۆ باسی شاری سلێمانی دەتوانین چەند شتێك لەم بارەیەوە دەستنیشان بكەین :-

١ – شارەکە هەر لەسەرەتاوە ، چەند حوجرەی تێدابووە کە بەرنامەکانی وەك بەرنامەی حوجرەکانی وولاتی ئیسلام بووە .. بەڵام هەندێ شتیشی لیٚ زیاد کراون ، وەك خوێندنی شیعری فارسی لە پەندی عەتتارەوە تا گولستانو بوستانی سەعدیی شیرازی . بەڵام زاناو شاعیری شارەکە خۆیشی لەم بەرنامە دانانەدا دەستیان هەبووە وەك ئەوەی «ایشدە» ی شێخی نۆدێ لەگەڵ کتێبەکانی تردا خوێندراوەو کتیبێ «ئەحمەدی» شێخی نۆدێ ، کە دووەم فەرهەنگی کوردی عەرەبی ی بە شیعرە[1] سەرەتای عەرەبی فێربوونی بۆ منداڵی کورد بەپتەوی تەخت کردووە .

٢ – دیاردەیەکی ئاشکرایە کە زۆر لەم حوجرانە ژنی خوێندەوار بردوونی بەرێوە ، ئەمەش هەر لەسەرەتای دامەزراندنی شاری سلێمانی یەوە رۆڵی تایبەتی دەدا بە ژنی کورد . تێکڕا ئەم چەند لاپەڕەیەش ئەو پەردەیەی ژیانی سلێمانی دەگێڕێتەوە .

(ع . م . ر)

---

(١) وەك ووتمان قورئانو پاشان کتێبە وردەکان دەخوێندران .. هەروەك هەندێ جار خاوەن حوجرە مەلایەکی بەتوانای خاوەن ڕێبازی تایبەتی پەروەردە بوون وەك (خواجە ئەفەندی) ، یان کۆلکە مەلایەك بووەو لەتوانای مەلایەتی هەرئەمەندەی لەتوانادا بووە (ع ، م) .

حوجره لەوسەردەمەدا زوربەی گەرەکەکان حوجرەیەك یان دوو حوجرەی تێدا هەبووە .. حوجرەکەش بریتی‌بووە لە مەلایەك‌و چەند قوتابی‌یەك لەدوکانێك یان ماڵێك دا مامۆستایەك قورئانی فێردەکردن[1] . چونکە ئەوسا قوتابخانەکەم بووە منالْ پێش قوتابخانە دەخرایە حوجرەوە تا حوجرەی تەواو دەکرد ، ئەوسا یان دەخرایە قوتابخانەوە یان دەبووبە شاگرد لای وەستایەك . مامۆستاکە کام منداڵیان لەهەموویان گەورە ترو ووریا تر بوایە دەیکرد بە(خەلفە) ، ئەگەر منداڵێك هارو هاجی بکردایە سزاکەی داروفەلاقە بووە .

داریکیان دەهێنا پەتێك بەم سەرو ئەوسەری بەسترابوو،مناڵەکەیان پالْ دەخست لەسەر پشت هەردوو قاچیان بەرز دەکردەوەو پەتەکەیان دەخستە هەردوو قاچی‌یەوە ، دارەکەیان بەرزدەکردەوەو بایان دەدا تاپەتەکە توند دەبوو لە هەردوو قاچیدا ، ئەوسا مامۆستا بەدارێك ، چەند دارێکی دەدا لەبنی پێی ، پاشان فەلاقەیان دەکردەوە .

خوێندنی ناو حوجرەکەش لەپێشەوە «حوینجه» فێر دەکران بەم شێوەیە :

الف سەرئا .. لام زەنەال .. حیْ سەرحا میم زەنە حەم دال بۆر دوو «الحمد» ..

ئابەم شێوەیە مامۆستاکە دەی‌ووت‌و منداڵەکان دەیان وتەوە هەتافێری سوورەتی «الحمد» دەبوون ئیتر لەمەوە دەستیان پی‌دەکرد هەتا فێری قورئان خوێندنەوە دەبوون ..

---

(١) مەلا فاتم کچی مەلا ئەحمەدی چاو هار دایکی مەلا کاکە حەمەی حاجی سیف اللە یە (ع . م) .

# حوجرەکان

١ – حوجرەی مەلاعەزیزی زەلزەلەیی .. لای مزگەوتی حاجی حان .
٢ – حوجرەی خواجە ئەفەندی ، لای مەلا عەزیزی زەلزەلەیی خوێندویەتی بەرامبەر مزگەوتی گەورە .
٣ – حوجرەی مەلا موحەمەدی قوولەرەشی لای مزگەوتی گەورە .
٤ – حوجرەی مەلا موحەمەدی رەش تەنیشت مزگەوتی بن تەبەقی بچکۆلە (عرفان) لەگەڕەکی شێخان .
٥ – حوجرەی مەلا سوورە : لە چوار باخ لەلای ئاشی حاجی ئەحمەدی مچەسەلاق .
٦ – حوجرەی مەلا فاتم (ئافرەت بوو) قوتابی کچ‌وکوڕ لەدەرگەزێن بەرامبەر مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسوولّ(١) .
٧ – حوجرەی مەلا ڕەعنا : ئافرەت بوو قوتابیان لە کچ‌وکوڕ بوون . بەرامبەر مزگەوتی شێخ سەلام .
٨ – حوجرەی عەبەی مەلا مووسی : دەرگەزێن لای خانەقای مەولانا خالید .
٩ – حوجرەی مەلاصالحی کانی ئاسکانی : لای مزگەوتی قامیشان .
١٠ – حوجرەی مەلا خەجیّ : ئافرەت بوو : قوتابیانی لەکچ‌وکوڕ بوون لەگەڕەکی سەر شەقام .
١١ – حوجرەی مەلاشێخ عوبێد : سەر شەقام لای خانەقای مەحوی .
١٢ – حوجرەی شێخ سەعیدی موعەلیم : بەرخانەقا .
١٣ – حوجرەی مەلا ئەحمەدی عەینەك سەرشەقام .
١٤ – حوجرەی شێخی ئیمام : ئیمامی مزگەوتی کانی ئاسکان لەناو مزگەوتەکەدا .
١٥ – حوجرەی مەلا حەبیب : لای مزگەوتی شێخ سەلام .
١٦ – حوجرەی مەلا عەلی صەحاف : ناوبازار لای قەیسەری نەقیب .
١٧ – حوجرەی مەلا ئیبراهیم : دەرگەزێن بەرامبەر ماڵی مەلا ئەحمەدی چاپی .
١٨ – حوجرەی مەلا فەتاحی مەرجان : کچ وکوڕ ، مەڵکەندی پشتی پیرمەسوور .
١٩ – حوجرەی مەلا قادر : سەرشەقام لەناو مزگەوتی حاجی ڕەسوولی ئاغال .

٢٠ – حوجرەی مەلا صالحی کورد : ئەمیش دوای مەلا قادر چووە شوێنی ئەو لەناو مزگەوتەکەدا .
٢١ – حوجرەی شێخ محیٚ‌دین : سەر شەقام تەنیشت مزگەوتی مەلا حەمەئەمینی بالیکدەری .
٢٢ – حوجرەی مەلا مستەفا : سەر شەقام بەرامبەر خانەقای مەحوی .
٢٣ – حوجرەی مەلا ئامینە : ئافرەت بوو ، کچ‌وکوڕ ، سەرشەقام .
٢٤ – حوجرەی مەلا محمدی زرگوێزی : سەر شەقام بەرگومرگە سووتاو .
٢٥ – حوجرەی مەلا حسێن بەناوبانگ بە (عەرزم) لە سەر شەقام لە ماڵەکەی خۆی‌دا .
٢٦ – حوجرەی مەلا عەلی باوکی لوا مەجید عەلی کۆڵانی بەرامبەر سەرا .
٢٧ – حوجرەی شێخ حسینی بەرزنجی : نزیك خەستەخانەی سەرەوە ، (جەمهوری) تەنیشت ماڵی خەلیل چاوەش .
٢٨ – حوجرەی مەلا شەلە : لەگەڕەکی سەر شەقام .
٢٩ – حوجرەی عەبدوڵلای شێخ تەها : خوار شەوکەتی دانساز لەناو بازار .
٣٠ – حوجرەی تاجیە خان : (ئافرەت بوو) دایکی کەریمی تاجر خان لە سەرشەقام .
٣١ – حوجرەی مەلا نەجمەدین : لەپێش‌دا ژێرپردەکە ، جادەی تازە (مەولەوی) دوایی گواستیەوە صابونکەران بەناوی (کەشتی‌نووح)ەوە .
٣٢ – حوجرەی مەلا موحەمەدی چروستانی : تەنیشت مزگەوتی شێخ سەلام .
٣٣ – حوجرەی مەلاعەبدوڵلا : کانێسکان کۆڵانی پشتی مزگەوتی‌گەورە .
٣٤ – حوجرەی میرزا : تەنیشت مزگەوتی شێخ عەبدوڵلای هەولێری واتا مزگەوتی دوو دەرگا .
٣٥ – حوجرەی دەروێش عەلی : دەرگەزێن لەناو مزگەوتی شێخ یوسف .
٣٦ – حوجرەی مەلا صەدیق : لە صابونکەران .
٣٧ – حوجرەی مەلا عاصم : ئافرەت بوو : کانێسکان بەرامبەر ماڵی شێخ لطیف .
٣٨ – حوجرەی حاجی شەلە : کانێسکان لای مزگەوتی قامیشان کوڕەزای حاجی ئەحان دامەزرێنەری مزگەوتی حاجی‌حان .

٣٩ – حوجرەی مەلاسەیید عەزیز : کانێسکان بازاڕە بچکۆلە .
٤٠ – حوجرەی مەلا موحەممەد : خوار گوزەری ئاسنگەرەکان .
٤١ – حوجرەی مەلا حامیدی مەلاحەمدوون : تەنیشت مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسووڵ .
٤٢ – حوجرەی شێخ نەجمەدینی شێخ عارفی خانەقا : لەخانەقای مەولانا .
٤٣ – حوجرەی حاجی مەلا سەعید : لەپشت مزگەوتی بن‌تەبەقی هەرمنێ.

تێبینی: زۆر حوجرەی ترهەبووە لەکۆنەوە بەڵام توانیومانە هەر ئەمەندە کۆبکەینەوە .



نموونەی حوجره لەسەر شانۆ

# گەرماوەکان – حەمامەکان

هەر لە کونجی شارستانێتی‌یەوەو لە سەر پێڕەوی زۆر کۆنی شارانی جیهان ، لە سلێمانی چەند حەمامی گشتی دروستکرا . گەڕەکی صابونکەران‌و بوونی ئەم حەمامانە لایەنێکی ئەم دیمەنی شارستانێتی‌یە دەردەخەن . بەڵام ئەوەی کە دەچێتە لاپەڕەی نەمان‌و ونبوونەوە ، ئەوە لایەنی میعماری‌و نەخشەکێشانی ئەم حەمامانەیە ، کە لە هەندێ لاوە لە حەمامی وڵاتانی رۆژ هەڵات دەچوون‌و لە هەندێ دیمەندا جیاواز بوون ... بە داخەوە تا ئێستا هیچ پسپۆرێك لە سەر ئەم لایەنەی نە نوو سیووە .

(ع . م . ر)

حەمامەکانو شوێنەکانیانو حەمامچی یەکانو ناترەکانیو خاوەن موڵکەکانی ..

١ – حەمامی وەسمان پاشای بابان شوێنی سینەمای سیروان ..

٢ – حەمامی گازیٚ : شوێنی حەمامی سەرچناری ئێستا کە موڵکی دایکی حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا بووە .

٣ – حەمامی مەیان[1] شوێنی قەیسەریی مەحەی دگڵی ئێستا کە ئەم سیٚ حەمامە لە زەمانی عوسمانلی یەوە نەماونو ڕووخاون هەندیٚ لە پیاوە بەتەمەنەکان دەڵێن : منداڵ بووین لە گەڵ دایکاندا دەچووین بۆ حەمام ، ئەوسا پارە کەمبووە زوربەی ژنان یەکی دوو سیٚ هێلکەی دەبرد لە جیاتی پارەی خۆشوشتن .

٤ – حەمامی فاتمە خان : تەنیشت سەرا ، موڵکی عەزمی بەگی بابان . ساڵی ١٩٥٤ لە زەمانی (عومەر عەلی)ی موتەصەرریفدا ڕوخاوەو خراوەتە سەر سەرا .

حەمامچی یەکان .

١ – وەستا قادری حەمامچی .

٢ – حەمە قاوەچی .

٣ – ئەمینی حەسەن .

٤ – مەحموودی حەمامچی .

٥ – حەمە ئەمینی کانی بەردینەیی .

## ناترەکان

١ – سالەی ناتر

٢ – حەمەی ڕەزا خان

٣ – عومەرە گەڕ

٤ – ڕەشید شەریف

٥ – عەبدوڵلاٚ مەحموود.

---

(١) ئەم حەمامە وەختی خۆی موڵکی حاجی ئەولاٚی شاڵی بووە .

٥ – حەمامی قشڵە : شەقامی مەولەوی موڵکی حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا . ساڵی ١٩٧٤ شارەوانی تێکی داوەو کردی بە دوکانو بازاڕ .

حەمامچی یەکان :

١ – سمایل بەگ

٢ – حاجی مەجیدی قالەی نور اللە

(ناترەکان)

١ – حەمەی زەینەب

٢ – مام عەزیز

٣ – حەمە دەم خوار

٤ – ئەحەی زارا

٥ – حەمەی دێوانە

٦ – حەمەی عارفی تونچی

٧ – حەمامی شێخ مارف : تەنیشت بازاڕی صلاح الدین موڵکی شێخ مارفی نەقیب ..

حەمامچی یەکان ..

١ – حاجی سمایلی خەمامچی

٢ – عەلی ی دەروێش ئەمین

ناترەکان

١ – ئەلەکوێر

٢ – حەمە ڕەزا

٣ – مام سایەق

٤ – سەلیم

٥ – حەمە کوێر

٦ – حەمە کڵاو لار

٧ – عەبەی حەمەی ئامی

٨ – حەمامی سوورەت : لای مەیدانی «کا» یەکە موڵکی کەریمی عەلەکە بوو . ئەم حەمامە دیوارەکانی هەمووی وێنەی پاڵەوان بە سواری ئەسپو قەڵغانو شیرو تیرو کەوان بە دەستەوە و وێنەی ڕۆستەمو زۆراب و مارو

باڵندەو دارو درەختی هەمەجۆر بە گەچ لە سەر دیوارەکانی نەخشاوو ڕەنگاو ڕەنگ کرد بوو ، بۆیە پێ یان دەوت حەمامی سوورەت .

حەمامچی‌یەکان :

١ - حاجی موحەممەد

٢ - وەستا پیرۆت

٣ - حاجی صالحی حەمە عەلی

ناترەکان :-

١ - عومەر مەجید دەنووك كوڵ

٢ - کەریمە لاڵ

٣ - حەمە ڕەزا

٤ - کەریمی حەمە ڕەزا

٥ - کەریمی حاجی غەفوور

٦ - صدیق تۆفیق

٨ - حەمامی غەفوور ئاغا : (حەمامە بچکۆلەکە) بەرامبەر گومرگە سووتاو موڵکی غەفوور ئاغای حاجی ئەولاٚ

حەمامچی‌یەکان :

١ - عەبەی فەقێ سەعید

٢ - ئەحەی فاتم

٣ - سەیید عەلی

ناترەکان :

١ - عەلی وەستا عەباس

٢ - خلە

٣ - مام ئەورەحمان

٤ - ئەحەی حەمەی چایچی

٩ - حەمامی تازە بەرامبەر مزگەوتی حاجی مەلا عەزیز ، سەر شەقام . موڵکی حاجی سەعید ئاغا

حەمامچی‌یەکان :
١ – حاجی ئەحلان
٢ – حاجی قادر .
٣ – وەستا سمایل
٤ – نووری بەگ
ناترەکان :
١ – ئەحە سنەیی
٢ – حەمە سەعید
٣ – حەمە چاوشین
٤ – مەجید کاکەیی
٥ – عەزەی فاتە
٦ – فەرەجی جەواهیر
٧ – حەمە رەشید ..

١٠ – حەمامی حاجی غەنی :
کۆڵانی تەنیشت خانەقای مەولانا خالید :
موڵکی حاجی مەلا سەعیدو فەرەجی حاجی حامید، شوێنەکەی بوو بە دووکان ...
حەمامچی‌یەکان :
١ – وەستا ئەحمەدی تۆفیق حەمامچی .
ناترەکان :
١ – حەمەی زارا .
٢ – مەلا قادر .
٣ – مەجید نادر .
٤ – کەریمە گەڕ .
٥ – عوسمانی ئەحلان .
٦ – عومەری مەجید نادر .

١١ – حەمامی حاجی ئەولاٚ : سەروو خانەقای مەولانا خالیدو موڵکی حاجی ئەولاٚ ...

حەمامچی یەکان :

١ – وەستا ئەحمەدی دەروێش – ئەحلان –

٢ – تۆفیق کوڕی وەستا ئەحمەدی دەروێش .

ناترەکان :

١ – میرزا دەم خوار .

٢ – حەمەی حەنیف .

٣ – عومەرە ملکوڕ .

٤ – صابیرە قوونە .

٥ – ئەحە خڕە .

١٢ – حەمامی موفتی . لە صابونکەران .

موڵکی عەبدول ڕەحیم و بربارا ئەلەکە خوشك و برای کەریمی ئەلەکە لە گەڵ ماڵی موفتی .

حەمامچیەکان :

١ – حەمە کاکەی موفتی .

٢ – حاجی کەریمی شمقار .

٣ – حاجی تۆفیق لەیلیٚ .

ناترەکانی حەمامی موفتی .

١ – ئەورەحمانی حاجی کەریمی شمقاڕ .

٢ – مەلا کەریمی گۆرانی بێژ .

٣ – حەمەی ئامیٚ .

٤ – خوارەحم .

٥ – دەروێش کەریم .

٦ – ئەوکە .

٧ – ئەلە شەل .

٨ – حەمە خان .
٩ – ڕەفیقی حاجی تۆفیق .
١٠ – عوسمانی حاجی تۆفیق .

هەندێ لە ناوی تونچی‌یەکان .
١ – بریسە کەچەڵ .
٢ – ئەحە پیاو خۆر .
٣ – قالە چاو جوانی تونچی .
٤ – عارفە کەچەڵ .
٥ – حەکە .
٦ – حاجی برایم .
٧ – مەلا قادر .

تێبینی :

ئەم حەمامانە هەمووی توونیان هەبوو لە پشتی خەزێنەی ئاوەکە ، تونچی‌یان ڕاگرتبوو ، بۆ ئەوەی پەیین بهێنێ و بیکاتە تونخانەکەوە ، بیسووتێنێ لە بری نەوتی ڕەشی ئێستا .

پەیینەکەیان لە سەر بانی حەمامەکە هەڵ دەخست ، بۆ ئەوەی وشك بێتەوە . سەری ئەم حەمامانە هەموو کلاو ڕۆژنەیان هەبوو لە سەر گومە زەکەوە ، بە زستانان شووشەیان تێ دە خست لە هاوینیش دا لایان دە برد لە بەر هەڵاوی گەرمی .

زۆر جار منداڵان دەچوون لە کلاو ڕۆژ نە کەوە سەیری ژنانیان دەکرد تا تونچی‌یەکە پێی دە زانی منداڵەکانی دوور ئەخستەوەو وڕاوی دەنان .

چەندان جار خەزێنەی ئاوەکە دڵۆپەی دە کرد بە کوردی‌یەکەی ئاوی دە دزی ، تونچیەکە قوڕە سووری دەبرد دەیدا لەو درزانە .

بەلاّم لە وەختی ژناندا چاوی تونچیەکەیان دە بەستەوە بە ناو حەمامەکەدا دەچووە خەزێنەی ئاوەکەوە تا وەکو ئافرەتان بە ڕووتی نەبینێ .

بێگومان حەمامەکان چایخانەیان تێدا بوو بەزستانان شێلم و شیری تێدا دە فرۆشرا . هەموو حەمامێك پەشتەماڵی تایبەتی خۆی هەبوو .. زوربەی خەڵك پەشتەماڵی نە بوو بە خاولیی حەمامەکە خۆیان وشك دەکردەوە ... ڕۆژانی هەتاو لە سەربانی حەمامەکە هەڵیان دەخست کە وشك بێتەوە . بەلاّم لە بەر ئەوەی کە هەموو کەسێ بە کاری ئەهێنا ، ئەم پەشتەماڵەشی بووە بە پەندی پێشینان .. کە دەڵێن : «دەڵێیت پەشتەماڵی حەمامە هەر ڕۆژەی بەبەری یەکێکەوەیە .

شتێکی ئاسایی بوو ناترو تونجیەکان زووربەی ئەم حەمامو ئەو حەمامیان دە کرد .



-حاجی مەجید قادر (حەمامچی)
ساڵی ١٩٠٠ ز لە دایك بووە
ساڵی ١٩٧٣ ز کۆچی دوایی کردووە



حاجی تۆفیق لەیلی

(حەمامچی)



عەلی دەروێشی ئەمینی

(حەمامچی)



موحەمەد فەتاح کەریم

(حەمەدەم خوار)

ناتر ساڵی – ١٩ ز لەدایك بووە



عبدو الكريم يار ئەحمەد

(ئەوکە) ساڵی ١٩٠٤ لەدایك بووە.

# خانەکان و قەیسەری یەکان

لە هەموو شارە کۆنەکانی جیهان‌دا ، کە شار بووە بە شوێنی بازرگانی و ڕێڕەوی کاروانی و وڵاتان. خان و قەیسەری دێتە کایەوە و دەبێ بە بنەڕەتی بازرگانی ، کە ل و پەلی تێدا ساغ دە کرێتەوە دەبێتە جێی نووستن و حەسانەوەی خاوەن ماڵ و وڵاغەکانیان و جێی بار خستن .

شاری سلێمانیش هەر لە سەرەتای دروست بوونەوە بەرە بەرە خان و قەیسەری بۆ ئەم مەبەستە تێدا دروستکراوە و ئەمەش لاپەڕەو تۆماری ئەم باسەیە ...

(ع . م . ر)

## خانەکان

١ – خانی غەفوور ئاغای حاجی ئەولاّی گەورە ؛ بە ناوبانگ بوو بە خانی – مێوژەکە یان – خورماکە . بەرامبەر گومرگە سووتاو ، دوایی کەریمی فەرەجە فەنی کڕیو پێشی کرد بە دوکانو پشتی کرد بە گەراج . ئێستا بازاڕی شوانە .

٢ – خانی حاجی سەعید ئاغا – سەعیا ئاغا – وبراکانی ؛ بەرامبەر خانی غەفوور ئاغا . ئێستا بووە بە بازاڕی سەیوان .

٣ – خانە سووتاو : خانی حاجی ڕەشیدی سەعیدی قادر ئاغاو حاجی ئیبراهیم ئاغا – شوێنی گەڕاجی شەعب .

٤ – خانی غەفوور ئاغای حاجی ئەولاّی گەورە تەنیشت خانی یەکەم (مێوژەکە) ، حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغا کڕیو کردی بە بازاڕی (مەحوی) .

٥ – خانی خوێیەکە ، تەنیشت گومرگە سووتاو ، خاوەنی حاجی حەما غای حاجی حسێن ئاغا برای حاجی سەعیاغا لە دایکەوە .

٦ – خانی ئاغا فتح الله ، لەم دواییە دا تۆفیقە فەنی کوڕی ڕوخاندیو تازەی کردەوە بوو بە بازاڕی تۆفیقە فەنیی ئاغا فتح الله .

٧ – خانی غەفوور ئاغا ئێستاکە خانی تازە بەتەنیشت قەیسەریی نەقیبەوە ئێستاکە خاوەنەکانی کاکە حەمەی ئەمینی عەتارو حاجی عەلیو حاجی موحەممەدی کۆڵەکن پێش غەفوور ئاغا ئەم خانە مۆلکی حاجی فەتاحی حاجی ئەولاّی حەمە کەرکووکی برای حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکلی زادە بوە .

(مێجەرسۆن) لەم خانەدا حوجرەیەکی گرتبوو بە کرێ تیایدا دە ژیا .

٨ – خانی عەجەم . خاوەنی حاجی سەعیاغاو براکانی بوون ، ئەم خانە کەوتبووە سەروو خانی غەفوور ئاغا تا نزیك کۆیان درووەکان لە پشتەوە شەقامی کاوە تەنیشت ماڵی مارف بەگ ، باوکی فایەق بەگ تا نزیك ئەسحابە سپی .. ولاخ بە بارەوە دە هات لە دەرەوە لەم خانەدا گومرگ دەکرا .

زەمانی عوسمانلی پێیان دەووت – گومرگی ڕێژێ – زەمانی (میجەرسۆن) بوو بە میوانخانەی میجەرسۆن ، پشدەرییەکانو جافەکان لە وێدا دادەبەزین ، لە سەر حیسابی ئەو خزمەت دە کران ..

ئەم قەیسەری یانە زۆری بەرگ درووــ خیاط ــ و قوماش فرۆش و عەتارو دوکانداری تری تیا بووە ... ئەمانەش قەیسەری یەکانن :

١ ــ قەیسەری ی وەسمان پاشا :
خاوەنی عیزەت بەگی وەسمان پاشاو خێڵی عەلەکە بوون ، دوایی سووتاو بەلەدی یە کڕی یەوە کردی بە بیناو دوکان و بازاڕ هەر بە ناوی بازاری وەسمان پاشاوە مایەوە .
٢ ــ قەیسەری ی غەفوور ئاغای حاجی ئەوڵای گەورە ، وەختی خۆی هەلاجەکانی تێدا بوو دوایی ڕووخاو فرۆشرایەوە کرا بە (بازاڕی حاجی حەسەنی لۆکە) لای مەزاد خانەکە ..
٣ ــ قەیسەری ی نەقیب :
خاوەنەکەی شێخ مستەفای نەقیبە ئەم قەیسەری یە تەنیا تا ئێستاکە ماوە .
٤ ــ قەیسەری ی شێخ مەحموود :
شوێنی مەیدانی برنجەکە لە سەر تەپۆڵکەی ئاشە گواوی .
ئەم قەیسەری یە لە زەمانی عوسمانلی دا لە سەر دەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا تەواو بوو .

لە بەر ناخۆشی ئەو کاتەو گرانی ــ کەس نەچوو بووە ناوی . دەڵێن منداڵان بە ڕۆژیاری یان تیادا دەکرد . پاش تەواوبوونی قەیسەری یەکە شەوێك بۆ بەیانی خەڵك دێن بۆ بازار دە بینن هەر هەمووی ڕووخاوە بەلآم کەس نە بووە بە ژێری یەوە چونکە چۆڵ بووە .

# مەیدانو گوزەرەکانی ناو شار

لە ناو شاری سلیمانیدا ئەم مەیدانانە هەبوون :

١ – مەیدانی دارو خەڵووزەکە :
بەرامبەر بەلەدی‌یە کۆنەکەو بازاڕی شووشە .

٢ – مەیدانی بەر بەلەدی‌یەکە : بەر دەم بەلەدی‌یە کۆنەکە .

٣ – مەیدانی ماستەکە : خوار پردەکە .

٤ – مەیدانی گاکە : بەر دەمی ماڵی حاجی عارفی مستۆ ،
خوار مەیانی ماستەکە

٥ – مەیدانی برنجەکە : سەر تەپۆڵکەکە .
لە زەمانی عوسمانلیدا شوێنی کەوش درووخانەبووە .
ئەکەوێتە پشتی مەیانی گاکەو بازاڕی کاوەی شێخ لەتیف .

٦ – مەیدانی کاکە : بەر دەم حەمامی سوورەت خوارمەیانی گاکە

## گوزەرەکان

١ – گوزەری کەوش دروومکان : شوێنی مەیدانی برنجەکەو دەوروپشتی .. دواى سەفەر بەر بڵاو بوونەوە هاتنە دەورو پشتی بەر حەوزەکە .
٢ – گوزەری بەر حەوزەکە : بەر دەم قەیسەریی وەسمان پاشا ، لە زەمانی (مێجەرسۆن) دا چایخانە بوو داری لێ نێژرا بوو ، حەوزێکیان بۆ دروست کردو ئاوی کارێزیان بۆ راکێشا ، ناو نراحەوزەکەی ناو بازار .
٣ – گوزەری پانی بەرز دروومکان ؛ یەکەم کۆڵانی بەرامبەر حەوزەکەی ناو بازار بوو .
٤ – گوزەری زین دروومکان : سەراجەکان :
کۆڵانی تەنیشت پانی بەرز دروومکان ، لای عەباسی ئەبو شوارب کەبابچی .
٥ – گوزەری مزگەرەکان : کۆڵانی تەنیشت حەوزەکەی ناو بازار ئێستاکە بازاری حاجی حەمە مورادە ..
٦ – گوزەری ئاسنگەرەکان : کۆڵانی پشتی مزگەوتی خومخانەکان .
٧ – گوزەری خومخانەکان : خوار گوزەری ئاسنگەرەکان .
٨ – گوزەری هەلاجەکان : کۆڵانی بەر دەم مزگەوتی شێخ عەبدول رەحمانی عازەبانی ، لە پێش دا لە خانی غەفوور ئاغا دابوون ئێستاکە بازاری حاجی حەسەنی لۆکەیە .
٩ – گوزەری زەرەنگەرەکان :
خوار دوکانی ئەحمەدیو کۆڵانی تەنیشت خانی غەفوور ئاغا وئێستاکە بازاری مەحوییە ، وەختی خۆی ئەم زەرەنگەرانە هەمووی جوولەکەبوون ...

# نانەواکان

جاران بێجگە لەو نانە جوانو ناسكو بەتامەی کە دروستیان دە کرد .. لەواشەیان دروست دەکرد کە لە نانەکە گەورەترو درێژتر بوو ، وە هەندێکیان کولێرەیان دروست دە کرد بە فڕن زۆر بە لەزەتو بە تام بوو ، لە مانگی رەمەزانیش دا بێجگە لە مانە نانی گەورەیان دروست دەکرد هەڵیان دەواسیوە زۆر نانەوا کولێرەیان دروست دەکرد بە تایبەتی ڕۆنو کونجیان پێوە دە کرد .

نرخی کولێرەیەك تا سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی بە دوو پوول بووە ، دوایی بوو بە عانەیەك بەر دەوام بوو تا ساڵی ١٩٥٠ دوایی کەوتە دەست (اعاشة) پێنج فلسی پەیدا بوو .. هەر بە پێنج فلس بوو تا ساڵی ١٩٦٠ بە دواوە ..

## نانەواکان ئەمانە بوون

١ – وەستا صالح گوێ ڕەپ : مەیدانی خوار بەلەدیێەکە.
ئەم نانەوایە ساڵی گرانیەکە واتا ساڵی ١٩١٨ بەوە ناوی دەرکردووە کەچەند کەسێك فێری بەردەمی ئەو نانەوا خانەیە بوون بۆ ئەوەی نان لە خەڵك بڕفێنن لە برساندا ئەم شوێنە زۆر قەرەباڵخ بووە .
٢ – وەستا مەلا فەرەج : بەرامبەر بەلەدیە کۆنەکە.
٣ – وەستا حاجی سەعی نانەوا:مەیدانی خوار بەلەدیێەکە . خەلفەو شاگرد : ڕەشە بە ناوبانگ بە (شێتە)و حەمە شێت ، مەلا کەریم .

٤ ـ وەستا مەلا ئەحمەدی نانەوا خوار بەلەدیٚیەکە . . خەلفەو شاگرد: مەلا قادری نانەواو عەزە لادبیٚ .

٥ – وەستا رابعە خان : تەنیشت حاجی دەروێشی قەساب[1] خەلفەو شاگرد :

١ – هەویر شێل حەبیب الله
٢ – نیوەنان عەلی کوتەك
٣ – وەستای نان پێوەدەر قالە
٤ – دەغیلەدار عەلی دەدە

٦ – وەستا ڕەشیدی خاتوون : خوار ئەحمەدی لای خانی غەفوور ئاغا ...

خەلفەو شاگرد :

شێخ عەلی (شێخەلی) نانی پێوە دەداو غەفوور کەریم هەویری بۆ دەشێلا ، خۆی لە سەر دەغیلە دادەنیشت .

٧ – وەستا صالحی نانەوا ، مەیدانی ماست فرۆشەکان .

خەلفەو شاگرد :

حەمەی کوری‌و باجی زەینەب‌و مەلا بەکر .

٨ – وەستا برایمی صۆفی صالح، مەیدانی ماست فرۆشەکان خەلفەو شاگرد :

حەمەی کوری‌و حەمەی وەستا صالح‌و سەعەی خورشەو حەمە صالحی فەیرۆز .

٩ – وەستا حاجی عەبدوللای نانەوا : خوار بلدی‌یەکە ، ئەم نانەوا خانەیە بە فڕن کولێرەی دەبرژان .

خەلفەو شاگرد :

حەمەی حسین ئاغاو سەعەی نانەکەو حەمە صالحی تەگەرانی .

١٠ – وەستا مەلا قادری نانەوا : تەنیشت خەلفە فەرەجی کەبابچی .

خەلفەو شاگرد :

ئافرەتیٚ نیوەنانی بۆ دەکردەوە ناوی شەربەت بوو ، عەبە زەردو عارف ڕەشیدو سەعەی خورشەو حەمەی مێوژەو جەلالی تەڵەو لەتیف جگەرەو قالەی عاصە .

(١) رابعە خان ئافرەتێك بو ناوی هەبوو لە شارەکەدا ، کورسی یەکی دادەنا لە نانەوا خانەکەی‌دا عەبایەکی شاڵ سورمەی دەدا بە شان‌دا دەستی دەکرد بە نێرگەلە کێشان .. (نێرە پیاوێك) بوو بۆ خۆی ئەم ئافرەتە لە گرانی‌یەکەی سالی ١٩١٨ دا زۆر یارمەتی خەلکی داوە بە نان‌و ئارد . لە ناو میری‌دا دەستی دەرۆی زۆر ئیشی دەکرد بۆ خەڵکی تەنانەت زۆر کەسی لە بەندیخانە دەهێنایە دەرێ‌و دەبوو بەزامنی . نەمری بۆ ئەم ئافرەتە ناودارەی سلێمانی .

١١ – وەستا عەلی حەمە تیکە : بەر دەرکی سەرا ..
خەلفەو شاگرد :
مستەفا ترپاپراخو برایم ئەسعەدو عارف ڕەشیدو عوسمان سەعیدو عومەر سەعیدو موحەحمەد خاگوڵیو ئەحە گێژو حەمەی فەقێ عەبدوڵڵاو غەفورە لوتەو نەورۆزی مەلا عەلی ، خولەی لالە ئەمین دەغیلە دار بوو .
١٢ – وەستا حەمە سەعیدە کوێرە شوێنی بانقی ڕافدین .
خەلفەو شاگرد :
ئافرەتێك بە ناوی سەلەخان نیوەنانی بۆ دەکردەوە . حەمە کوڵ ئیشی لە گەڵدا کردووە .
١٣ – وەستا حەمەی عەبدوڵڵا (عالبۆس) : بەر دەرکی سەرا
خەلفەو شاگرد :
عومەر سەعیدو غەریبی حەپسەو حامید بانەیی‌و مینەژنانی‌و عەلی بەغدادی .
١٤ – وەستا نەجمەدین نانەواو قالە بانەیی : جێگەی چێشتخانەی لاوان (عەلی سوور) . پێش ئەوەی بکرێ بە بینا باخ بووە ، بەر دەم مزگەوتی سەیید ئەحمەدی نەقیب ساڵانی ١٩٣٣ – ١٩٣٤ حمیدی برای قالە بانەیی ئیشی بوکردون .
١٥ – وەستا شێخ عەلی (شێخەلی) : جێگای عەلی سوور تەنیشت نەجمە دینی نانەوا ..
خەلفەو شاگرد :
شێخ موحەممەدی کوڕی ئیشی بۆ کردووە .
١٦ – وەستا ڕەفیق‌و تۆفیق برا بوون‌و شەریك بوون : جێگای قاپی سینەمای سیروان ، بەرامبەر خەلفە ڕەشیدی کەبابچی ..
خەلفەو شاگرد :
برایم‌و مەحموودی برایان ئیشیان بۆ کردوون بە شاگردی .
١٧ – وەستا عومەری حەلیم ، گوشتگا ، بەرامبەر ڕەفیق‌و تۆفیق لە جێگای خەلفە ڕەشیدی کەبابچی .
خەلفەو شاگرد :
عەلی حاجی حسین ئیشی لە گەڵا کردووە .

١٨ – وەستا قالە بانەیی : خوار سینەمای سیروان بەرامبەر عارف ڕەشید چایچی ..
خەلفەو شاگرد :
ئافرەتێك بە ناوی سەیزادە بوو لە گەڵ حەمیدی برای قالە بانەیی وحەمە کوێر .
١٩ – وەستا کریکۆر : جادەی مەولەوی، بەرامبەر بازاری عەصری سەروو شێخەی نوقوڵ پێش ئەوەی سینەمای ڕەشید بینا بکرێت پێش ساڵی ١٩٥٠ تەنیشت ئاشی فەیزوڵڵا . ئەم نانەوایە گاور بوو بەڵام کولێرەی بە فڕن دەکرد . کولێرەی کریکور بە ناوبانگ بوو .. دوای بینا کردنی سینەمای ڕەشید چووە گەڕەکی صابونکەران .
خەلفەو شاگرد :
حەمە عەلی ئاغاو حەمەی ڕەعنا ئیشیان لە گەڵا کردووە .
٢٠ – وەستا دەروێش ڕەحیمی نانەوا: صابونکەران.
خۆی ئیشی دەکردو پوورە سەکینە نیوە نانی بۆ کردۆتەوە ..
٢١ – وەستا ڕەشە خێل : ناو بازار بەرامبەر گورونی کەبابچی
خەلفەو شاگرد :
ئافرەتێك بە ناوی پوورە زارا نیوە نانی کردۆتەوە ، ئەحە چاوەشی برای رەشە خێل بە ناوبانگ بە (بابم) لە گەل حەمەی کوڕی رەشە خێل، وەستا نووریو حەمە کەلەو سمە بابمی برایو ئەحمەد کەریم ولوڵوبەیی .
٢٢ – وەستا ئەحمەدی ئەستێر : خومخانەکان ..
خەلفەو شاگرد :
سەیفەو حەمە سەعیدی ڕەشەی خاتوونو غەنیی برای حەمە سەعیدو قادری مەلا فەرەجو فائق ڕەشیدو عەلی موراد .
٢٣ – وەستا ڕەحیمی نانەوا : خوار ئەحمەدی، گوزەری زەڕەنگەرەکانی کۆن (زەمانی جوولەکە) .
خەلفەو شاگرد :
بلەشەلو ئەحەیمارفە ڕیچە . ئەم نانەوا خانەیە بە ناوبانگ بووەو جوانترین نانی دروست کردووە .
٢٤ – وەستا قادری حاجی حسێنو عەلی حاجی حسێن : برابون.کۆڵانی بەرامبەر ئەحمەدی لە لای ئاشی میرزا غەفوور

خەلفەو شاگرد :
ئافرەتێ ئیشی لە گەڵدا کردوون بە ناوی باجی زەینەبەوە .
٢٥ – وەستا دەروێش ئەحمەدو حەمەی مەلامین: خوار وەستا ڕەحیمی نانەوا «شەریك بوون هەردوکیان پێکەوە ئیشیان دەکرد» .
٢٦ – وەستا شێخ عەلوان: خوار دەروێش ئەحمەد .
خەلفەو شاگرد :
حەمە شێتو ئافرەتیکیش ئیشی بۆ دەکرد ، جار جاریش خۆی لە گەڵیان ئیشی دەکرد .
٢٧ – وەستا حاجی سەعیدی نانەوا : خوار شێخ عەلوان ، ئەمە لە باتی تەنور فڕنی هەبوو .
خەلفەو شاگرد :
وەستا صالحی سەلیمی نانەواو ڕەحیمو حەمە سەعی چاوشینی برای دەروێش ئەحمەدی نانەوا ئیشیان بۆ کردووە .
٢٨ – وەستا ئەحمەدی دادی: مەیدانی دار فرۆشەکان خوار ماڵی بابا عەلی شێخ مەحموود ..
خەلفەو شاگرد :
قالەی مەلا فەرەجو صاڵحە کۆڵو موحەممەدی فەقێ عەبدوللاو عومەر عەبدول رەحمان .
٢٩ – وەستا حەمە سمێڵ : شوێنی بازاڕی زێوەر بە ناوبانگ بوو بە مەیدانی دارو خەلوزەکە .
خەلفەو شاگرد :
ئافرەتێك بە ناوی باجی ڕەعنا نانی بۆ کردۆتەوە،مامە سەعە هەویری بۆ دەشێلا خۆیشی ئیشی دەکرد لە گەڵیان .
٣٠ – وەستا عەزە لادێیی : مەیدانی دارو خەلۆوزەکە .
خەلفەو شاگرد :
بلەی ئەسعەدو حەسەنی خوشکەزای لە گەڵ حەمە سەعیدی کوڕی عەزە لادێیی .
٣١ – وەستا ئەحەی مارفە ڕیچە : ناو سەراجەکان .

خەلفەو شاگرد :

مەحموودی برایو حەمە ڕەشیدی ئەحە شانیٚوحەسەنەشەلی برای جەلالی تەڵە .

٣٢ – وەستا عومەری حەمە تیکە: سەرکاریٚز

خەلفەو شاگرد : ڕۆستەمو.وەستا کەریم .

٣٣ – وەستا حەمەی وەستا صالح : مەیدانی خوار بەلەدیٚ یەکە .

خەلفەو شاگرد :

برایم عەبدوڵلاو خولەگەرو حەمە عەلی بازیانی برای حسێن بازیانی ، خۆیشی ئیشی لە گەلٚدا دەکردن .

٣٤ – وەستا کەریم ڕەحیم : بە ناوبانگ (بە کەریمی جواو) بەر ئەسحابە سپی

خەلفەو شاگرد :

سەیفەو عومەرە سوورو عەبەی قادر بەگو سالە کۆلٚ .

٣٥ – وەستا عەلی‌ی پۆلیس : لای شەوکەتی‌دانساز :

خەلفەو شاگرد :

عەبدوڵلای برایو موحەمەدی خوشکەزایو عەلی فیدائیو حەمەی قالە شوانو حسێن ڕەشید شەریف .

٣٦ – وەستا عەبەی سەلەی نانەوا – سەرسەقام.

خەلفەو شاگرد: ئەحەی برایو عەزەی میرزا کەریمو صدیق عەزیزو کەریمی دەروێش مەجید.

٣٧ – وەستا ئیبراهیم ئەسعەد: مەیدانی ماست فرۆشەکە .

خەلفەو شاگرد :

حەمە صالحی برایو وەستا غەفوورو حەمە شێتو خولەی مارفە ڕیچە .

٣٨ – وەستا حاجی باقی (بەنگینە): شاعیریش بوو، مەیدانی دارو خەلووزەکە .

خەلفەو شاگرد :

شێخ موحەمەدی شێخەلیو حامید بانەیی.خوێشی ئیشی لە گەلٚدا دەکردن .

٣٩ – وەستا ئەمین شابنگەر: صابونکەران .

خەلفەو شاگرد : شەریفە لووتەوموحەمەد عەبدول ڕەحمان .

٤٠ – وەستا قالەی عاسە : گومرگە سوتاو .

خەلفەو شاگرد : غەریبی حەپسەو عوسە قەزوان .

٤١ – وەستا عارف ڕەشید : گومرگە سوتاو .

خەلفەو شاگرد :

مچە کەچەڵو خولە چالاك وسەردار .
٤٢ – وەستا غەنی ی رەشید : کانێسکان .
خەلفەو شاگرد :
حەمە سەعیدی مەولودو فائق عارف خومەیس .
٤٣ – وەستا حەمە سەعیدی ڕەشەگاخاتون :
خەلفەو شاگرد :
صدیق عەزیزو یوسفی ڕەشەی ئەمینی کورتەك .
٤٤ – وەستا حەمەی میرزا ڕۆستەم : نزیك گوزەری سەراجەکان .
خەلفەو شاگرد :
عەبەو کەریمی برای حەمەی میرزا ڕۆستەم .
٤٥ – وەستا عەبدوللای میرزاو عوسمان میرزا : دارۆغا ، برابوون: پێکەوە ئیشیان دەکرد .
٤٦ – وەستا ئەحمەد کەریم ولۆوبەیی مەیدانی کاکە .
خەلفەو شاگرد :
سابیرە لووتەو غەریبی حەپسەو قالە سەقەر .
بێجگە لە نانەواخانە صەمونخانەش هەبوو . ئەمانە فڕنی سەموونیان هەبوو بەدار فڕنەکەیان گەرم دەکرد . جار جاریش پاقلاوەو برمەو چۆرەك ، شەکرلەمەیان دەبرژان . چار جاریش کولێچەو گالگاڵیان بۆ ماڵان دەبرژان . بەڵام صەمونی ئەوسا لە گەڵ ئێستاکە عەرزو عاسمانی فەرقە بەتامو جوانی . ئەم صەمون چیانە ئەمەندە نەبوون بەڵکو چەند کەسیك بوون .
یەکەم کەس کە لە کۆنەوە ناوبانگی هەبوو بریتیبوو لە :
١ – سەعەی صەموون : بەر دەرگی سەرا .
خەلفەو شاگرد :
کوڕەکانی لە گەڵیان ئیشیان کردووە کە برایم – رەئوف – ئیسماعیل – عەبەوللا – ئەمین – قادر – عەلی بوون .
٢ – ئەحەی گەچ کوت: بەر دەرکی سەرا .
خەلفەو شاگرد :
صالحی کوڕی لە گەڵیدا ئیشیی کردووە .

بێجگە لە نانەوا خانەکان ، دەسگێڕی تانیش هەبووە ، کە بە سەبەتە دەیگێڕا بەناو بازاڕ یان لە مەیدانی خوار بەلەدیەکە دایان دەنا .
عەسران بە هەرزانتر دەیان فرۆشت . ئەم دەسگێرانە نانەکانیان دەخستە ناو قوڵینەو دەیان خستە سەر سەریان . هەندێ لەو دەسگێڕانە ئەمانەبوون :

١ – عەزیز حەمە ئەمین .
٢ – غەفوور حەمە ئەمین      برابوون
٣ – حەسەن دالأش .
٤ – سەعەی ڕەشید .
٥ – حەمە گۆج .
٦ – فائق عارف خومەیس .
٧ – صالح میرزا .
٨ – عەلی مەعبوب .
٩ – حسەینی مەلا مارف .
١٠ – عارف ڕەشید .
١١ – بابم برای ڕەشە خێل .
١٢ – حەمە کەللەی کوڕی بابم .
١٣ – صاڵح چنگیانی .
١٤ – حەسەنە شەل .
١٥ – سەیفە دین .
١٦ – تۆفە کوێر .

**سەر چاوە :**
**حەمەی وەستا صالحی نانەوا**
**چەند نانەوایەکی تر . . .**

---

تێبینی :
وەختێ خۆی نان زۆر بوو خەڵك کەم بوو ، وەهەر ماڵێکیش سەر تەندووریان هەبوو خۆیان نانیان دەکرد ، کولێرەی بازاڕی
مالأن هەر لە ڕەمەزانان دا دەیانخوارد . نانەوا کان هەر لە بازاڕدا ساغیان دە کردەوە .
ئێواران زۆری نانەواکان لە بەر ئەوەی نانیان نەمێنێتەوە بۆ بەیانی دەیانکردە سەبەتەوە دەسگێڕ دەیگێڕا ، دەیبردە مەیدانی بەر بەلەدیەکە بە هەرزان دەیان فرۆشت .



عەلی حەمەتیکە



حاجی رەشید ئەمین چاوەش (ڕەشەخێل)
ساڵی ١٨٩٩ ز لەدایك بووە
لە ٧ / ٦ / ١٩٦٦ کۆچی دوایی کردووە



مەلا قادر سەعید ڕەسوول ساڵی ١٩٠٠
لە دایك بووە



سەعید مەلا مەحموود (سەعەی سەموون) ساڵی
١٨٩١ ز لەدایك بووە
ساڵی ١٩٦١ ز کۆچی دوایی کردووە.



کریکۆر خاچا دۆر
ساڵی ۱۹۰۰ ز دا لە تورکیا لە دێی (ئارەب‌گیر) لەدایك بووە
ساڵی ۱۹۷۱ ز لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.



وێنەی نانەواخانەی حەمەی وەستا ساڵح

# قەسابەکانو ولقەکانی

ناوی قەسابە کۆنەکان تا ساڵی ١٩٦٠

١ – عەزەی چەکوش (قەساب باشی)

٢ – بلەی چەکوش          برا بوون

٣ – بەکری مستەفا

٤ – محەی حسکە

٥ – هۆمەری حەمە سوور

٦ – محەی حەمە سیس          «حاجی محی الدین باوکی حاجی دەروێش»

٧ – ڕەشەی حەمە سیس     برا بوون

٨ – حاجی کەریمی مەحموودی کەبابچی

٩ – صۆفی کۆڵەك

١٠ – عەبە گوجوز

١١ – جەدریس

١٢ – حەمە ئەمینی عەبەی ئایشە خان

١٣ – مالەی قەساب

١٤ – فەرەجی قەساب     برا بوون

١٥ – عەبەی حاجی

١٦ – کەریمی هەیەر

١٧ – ڕەشەی یارە

١٨ – فەرەجی سمایل کۆیی

١٩ – مەجیدی سمایل کۆیی    برا بوون

٢٠ – کەریمی حوڕ

٢١ – حەمە چاو زەق

٢٢ – کەریمی مستەفا

٢٣ – فەتاحە سوور

٢٤ – مەجۆلە کەچەڵ

٢٥ – صالح زك ڕەق

٢٦ حەمە زك ڕەق

٢٧ – مەجیدی خەجاو

٢٨ – کەریمی خەجاو

٢٩ – علی‌ی خەجاو    برا بوون

٣٠ – حاجی ئەحمەدی مچە سەلاق

٣١ – عەزە فیلە باوکی ئەحە پەسوێ

٣٢ – ڕەشەی بەکر

٣٣ – ئەحەی بەکر

٣٤ – مەجیدی بەکر. «برا بوون» کوڕانی بەکری مستەفا

٣٥ – عەزە مامش .

٣٦ – حەمەی عەزەی چەکوش .

٣٧ – عەلی‌ی عەزەی چەکوش (صۆفی عەلی) .

٣٨ – صالّحی عەزەی چەکوش .

٣٩ – مەجیدی عەزەی چەکوش .
٤٠ – ئەحمەدی عەزەی چەکوش (حاجی ئەحە کریس) .
٤١ – مەحموودی عەزەی چەکوش برابوون.
٤٢ – تۆفەی هۆمەر
٤٣ – ئەحەی هۆمەر . کوڕانی هۆمەری حەمە سوور .
٤٤ – سابیرە سوور .
٤٥ – سەعۆلی خەلفە کەریم .
٤٦ – حاجی دەرویش .
٤٧ – عەلی برزوو .
٤٨ – عەلی ڕەشەی یارە .
٤٩ – جەلالی عەبە پانێ .
٥٠ – قالە سوورە برای ئەحە پسوێ .
٥١ – کەریمی عەواش .
٥٢ – ڕەشەی کەریمی هەیەر
٥٣ – حەمکولی کەریمی هەیەر بران
٥٤ – حەمە قیلە
٥٥ – ئەحە نەسیم
٥٦ – حاجی عەلی کۆڵەك
٥٧ – حاجی موحەمەدی کۆڵەك
٥٨ – ڕەشەی کۆڵەك : کۆڕانی صۆفی کۆڵەك
٥٩ – عومەری سەلیم
٦٠ – حەمەی سەلیم بران

٦١ – فەرەجی سەلە قەراخی

٦٢ – ئەلەی وەسمان

٦٣ – حەمەی وەسمان     برا بوون

٦٤ – مەجۆل

٦٥ – حەمەی ماله

٦٦ – قاله مشن

٦٧ – فەری بەگ

٦٨ – سەعە شوان

٦٩ – قالەی عەزە مامش

٧٠ – سالەی ئامە تەییارە.

٧١ – سەیید ئەحمەدی بوچه

٧٢ – بەکری فاتەی خانم

٧٣ – توفیق بتی

٧٤ – حاجی توفیق گورگەوان

٧٥ – سەیید جاسم

٧٦ – سالەی حەمە چاو زەق

٧٧ – مەجیدی دایکه ئامه

٧٨ – مەجیدی حاجی ئەحمەدی مچه سەلاق

٧٩ – ئەمینی حاجی ئەحمەدی مچه سەلاق     بران

٨٠ – عەلی حەمادی

٨١ – حسه کەلۆش

٨٢ – عوسمانی حمه ئه‌مین کۆیی

٨٣ – ڕه‌حمانی دایکه گه‌وره.

٨٤ – عارف فیتك.

٨٥ – جه‌لاله که‌چه‌ڵ

٨٦ – حسه شه‌ل

٨٧ – عه‌لی عه‌زه‌که

٨٨ – سه‌عید ئه‌حمه‌د (سه‌عه زله)

٨٩ – صه‌بری صاڵح

٩٠ – عه‌زه ده فلس

٩١-عه‌به‌ی صۆفی عه‌لی

٩٢ – ره‌ئووفی عه‌به‌ی حاجی

٩٣ – ئه‌له‌ی حه‌لیه

٩٤ – سووره‌ی مقاو.

٩٥ – عه‌لی گوز

٩٦ – عه‌لی مه‌لا ڕه‌شید

٩٧ – ئه‌حه گێژ

٩٨ – حه‌مه‌ی جه‌دواغا

٩٩ – حسه‌ینی حه‌ماغا

١٠٠ – عه‌به‌ی حه‌مه ئه‌مینی ئایشه خان

١٠١ – فایه‌قی کاك سه‌عید

١٠٢ – که‌ریمی ئه‌حه‌ی هۆمه‌ر

١٠٣ – ڕەحیمی ئەحەی هۆمەر بران

١٠٤ – بلەی حەمە خورشە

١٠٥ – حەمە ئەمینی سەمەن

١٠٦ – نووری فەرەجی مالە

١٠٧ – خولەی نوورە

١٠٨ – عەبەی فەرەج

١٠٩ – بلەی مام فەرەج

١١٠ – سمەی مام فەرەج بران

١١١ – ئەحمەد ئیبراهیم (ئەحە کۆیر)

١١٢ – مەحموود ئیبراهیم (خولە کۆیر) بران

١١٣ – عەلی عارف فیتك

١١٤ – عومەری عارف فتیك.

١١٥ – عوسمانی عارف فیتك «بران»

١١٦ – حەمەی مریەم

١١٧ – صابری مام ئەحمەد

١١٨ – حەمە ڕەشید ئەحۆل

١١٩ – عارفی ئەحەی زبە

١٢٠ – حەمە کاکە

١٢١ – بلەی گولێ

١٢٢ – فەرەجی شیرین

١٢٣ – حسینی شیرین

١٢٤ – حەسەنی شیرین      بران

١٢٥ – عەلی عەینە

١٢٦ – ڕەحیمی عەینە

١٢٧ – ئەحەی عەینە      بران.

١٢٨ – جەلالی عەباس

١٢٩ – شەشەی عەباس      بران

١٣٠ – عەبەی سابیرە سوور

١٣١ – گووروونی سابیرە سوور      بران

١٣٢ – حەمەی عەتێ

١٣٣ – عەلی‌ی عەتێ      بران

١٣٤ – غەریبی خومسار

١٣٥ – حەمەی خومسار      بران

١٣٦ – عەبە ڕووت

١٣٧ – عیزەتە ورگە .

١٣٨ – عومەری حەمە قیلە

١٣٩ – عەلی بەکری محەی قالە بچکۆل

١٤٠ – عومەری بەکری محەی قالە بچکۆل

١٤١ – عوسمانی بەکری محەی قالە بچکۆل      بران

١٤٢ – عومەری فاتە

١٤٣ – کەریمی فاتە      بران

١٤٤ – حەمە سووری عومەری سەلیم

١٤٥ – حەسەنی صۆفی عەلی (مەلا حەسەن)

١٤٦ – ئەحەی فەرەج شۆکل

١٤٧ – گوورروونی بابە خولە

١٤٨ – قالەی وەستا سمایل

١٤٩ – ئەحەی وەستا سمایل

١٥٠ – حەمەی وەستا سمایل      بران

١٥١ – سڵە سمێڵی قەساب

١٥٢ – سمەی کەریمە ڕەش

١٥٣ – عەلی‌ی مەجۆل

١٥٤ – عوسمانی مەجۆل

١٥٥ – بەکری مەجۆل      بران

١٥٦ – حەمەی مەجی دایکە ئامە

١٥٧ – عومەری مەجی دایکە ئامە      بران

١٥٨ – عەلی سەعە شوان

١٥٩ – عوسەی سەعە شوان      بران .

١٦٠ – عومەری سوورە

١٦١ – حەمەی حاجی ئەحە کریس

١٦٢ – مەجی حاجی ئەحە کریس      بران

١٦٣ – عەبەی عەلی برزوو

١٦٤ – کەریمی قالەی عەزە مامش

١٦٥ – حەمەی فەتی

١٦٦ – حەمەی جەمە

١٦٧ – ئەحە لیلە

١٦٨ – قادر سەعید

١٦٩ – ڕەسووڵ عەبدوڵلا

١٧٠ – سەعید ڕەشید (سەعە شین)

١٧١ – عوسمانی حەمەی عەزە

١٧٢ – عومەری حەمەی عەزە بران

١٧٣ – سلێمان عەبدوڵلا (سڵە کوێر)

١٧٤ – مچە ئیزرەم

١٧٥ – عومەری سالە گاکوژ

١٧٦ – عوسمان حەمە رەشید

١٧٧ – ڕەزای سەعەی سوتەڵ

١٧٨ – لەقەسابە جوولەکە کانیش: (مووشەو عەزیزو یاقووب) برابوون.

## نرخی گۆشت هەتا ساڵی ١٩٦٠

## لەساڵی ١٩٣٠ - ١٩٤٠

حوقە لە ٨ عانەوە کە ئەکاتە ٣٢ فلس، حوقەیەك بوو بە ١ روپیە کە ئەکاتە ٧٥ فلس.. چوار ئیزرەم ئەکاتە١ حوقە.. ساڵی ١٩٥٤ حوقە بووبە کیلۆ بە بڕیاری بەلەدی‌یە کیلۆی گۆشت بووبە ١٣٠ فلس... ساڵی ١٩٥٨ لە سەر بڕیاری بەلەدی‌یە گۆشتی مەڕ کیلۆی بوو بە ١٦٠ فلس، بزن ١٤٠ فلس، گا ١٢٠ فلس.. ئێواران بە هەرزانتر دەیان فرۆشت لە مەیانەکە، بۆئە وەی نەمێنێتەوە بۆ بەیانی.

●

چایچی یەکانی ناو قەسابخانەکە ئەمانە بوون

١ - نعمانی چایچی

٢ - حەمەی خەجاو (غەزێمی کچی یارمەتی دەدا)

٣ - ئەمینی حاجی

●

## سەلاقەکان

بەوانەش دەلێن کە حەیوان سەر دەبڕنو کەوڵی دەکەن

١ – مچە سەلاق (باوکی حاجی ئەحمەد)

٢ – عەبدوڵڵای بلەی چەکۆش (ئامۆزای حاجی ئەحە کریس)

٣ – حەمەی خەجاو

٤ – سەیید جاسم

٥ – فەرەجی سەلاق

٦ – کەریمی مەلا ڕەشید

٧ – ڕەزا کەرکووکی

●

ئەوانەی حەیوانیان فوو کردووە

١ – عەزە مامش

٢ – ئەحەی حەمە عەزیز

٣ – ئەحە پەسوێ

٤ – مچە کوێر

●

# گا کوژەکان

ئەوانە دەڵێن کە تەنها گایان سەر بڕیوەو پێستەکەیان کەول کردووە.

١ – سالە گا کوژ

٢ – صابر قلّیش

٣ – قالەی عاسە

٤ – حەمە هەورامی

٥ – حەمەڕەشید کوڕی حەمە هەورامی

٦ – عوسە قلّیش

٧ – توفیق گا کوژ



ئەحەی هۆمەر (قەساب)
ساڵی ١٨٩٢ ز لەدایك بووە
ساڵی ١٩٥٧ ز کۆچی دوایی کردووە



سەعۆلی خەلفە کەریم (قەساب)
ساڵی ١٨٧٦ ز لە دایك بووە
ساڵی ١٩٥٦ ز کۆچی دوایی کردووە



عەلی برزوو (قەساب)
ساڵی ١٨٩٤ ز لە دایك بووە
ساڵی ١٩٥٤ ز کۆچی دوایی کردووە



حاجی ئەحە کریس (قەساب)
١٩٠٧ - ١٩٧٠



حاجی دەروێش (قەساب)
ساڵی ١٩١٢ ز لە دایك بووە
ساڵی ١٩٧٠ ز کۆچی دوایی کردووە



دیمەنی ناو قەسابخانە کۆنەکە ساڵی ١٩٥٧

## ● جگەرچی یەکان ●

ئەوانەی بە کۆمەڵ جگەریان دەکڕی لە قەسابەکان وەهەر بە ساغی دەیان فرۆشتەوە..

١ – فەرەجی ئامیٚ
٢ – نعمانی جگەرچی (باوکی عومەری نعمان)
٣ – قالەی نعمان
٤ –حەمە سووری جگەرچی باوکی (عەلی سوور)
٥ – بابە خولەی جگەرچی
٦ – ئەحمەدی جگەرچی برای (بابە خولە)
٧ – ئەورەحمانی جگەرچی

●

نرخی سیو جگەری نەگیراوە واتا بە دڵ و گورچیلەوە کە دەیان فرۆشت، نرخی بەم جۆرە بوو....

ساڵی ١٩٣٠ – ١٩٤٠ بە یەك عانە کە دەکاتە چوار فلس
ساڵی ١٩٤٠ – ١٩٥٠ بوو بە ٥٠ فلس
ساڵی ١٩٥٠ – ١٩٦٠ بوو بە ٣٠٠ فلس

●

دیسانەوە ئەمانەی خوارەوەش جگەر ‌ەکان بوون لە گەڵ دیاری کردنی شوێنەکانیان.

١ – توفیقە گەڕە بەر دەرکی سەرا

٢ – حەمە ڕەشی خاتون: مەیدانی خوار بەلەدی یەکە.

٣ – حەمە سوور: مەیدانی خوار بەلەدیێەکە

٤ – بابە خولە: مەیدانی خوار بەلەدیێەکە

٥ – ئەحمەدی جگەرچی مەیدانی خوار بەلەدیێەکە

٦ – مەلا عوسمانی تەپل .مەیدانی خوار بەلەدیێەکە

٧ – کاك مەجید: بەرامبەر سەرا جێگای بانقی رافدین: باوکی ئەحە دۆرانی

٨ – حەموودە کوێر مەیدانی خوار بەلەدیێەکە

٩ – عوسمانی نعمان مەیدانی خوار بەلەدیێەکە

١٠ – مامەی جگەرچی مەیدانی خوار بەلەدیێەکە

١١ – ئەحە پیر مەیدانی خوار بەلەدیێەکە

١٢ – حەمە جەلیل : بەر گەڕاجی حەمەی فەرەجە فەنی .

١٣ – سەعەی بابم : بەر گەڕاجی کەریمی فەرەجە فەنی .

١٤ – ئەورەحمانی جگەرچی : صابوونکەران .

١٥ – مەحموود دەلی : صابوونکەران .

١٦ – حسەی قالە حەیتە : گەڕاجی شعب لەبەر خانەقا .

١٧ – ئەورەحمانە سیس : بەر خانەقا .

١٨ – فەتاحی وەلکە : بەر گەڕاجی ئەسحابە سپی .

١٩ – صالحی وەلکە : بران: بەر گەراجی ئەسحابە سپی .

٢٠ – حەمە ورگە : سەر شەقام .

٢١ – بلەی مرێم صابوونکەران .
٢٢ – ئەحەی گوڵە: بەرامبەر بەنزیخانە کۆنەکە .
٢٣ – عەبەی گوڵە: بەر خانەقا.
٢٤ – عومەری غەریب : مەیداني خوار بەلەدی‌یەکە .
٢٥ – قەجەری : بەر گومرگە سووتاو ...

●

نرخی شیشێك جگەرو دڵو گورچیلەو گون لەساڵی (١٩٣٠ – ١٩٤٠) بە پوولێك بوو وەبوو بە دوو پوول . لە ساڵی ١٩٥٠ بووبە عانەیەك . پیش ساڵی ١٩٦٠ بووبە دە فلس .

●



بابه خوله‌ی جگه‌رچی



حه‌مه جه‌لیل (جگه‌رچی)
ساڵی ١٩١٢ ز له‌دایك بووه
ساڵی ١٩٨٤ ز کۆچی دوایی کرووه

# سه رو پیّچیه‌کان

ئه‌وانه‌ی که به کۆمه‌ڵ «سه‌رو پیّ»و که‌لله‌و زمان‌و ورگ یان ده‌کری ده‌یان فرۆشته‌وه ، هه‌روه‌ها زوربه‌شیان سه‌رو پیّخانه‌یان هه‌بوو ئه‌مانه‌ی لای خواره‌وه بوون :

١ – فه‌ره‌جی ثامیّ .
٢ – باجی عه‌واش ی سه‌روپیّ : ئه‌م ئافره‌ته له هه‌موویان کۆنتر بووه له ماڵه‌وه ده‌ی. فرۆشت‌و لیّی ده‌نا .. له گه‌ڕه‌که‌کانی تره‌وه ڕوویان تیّ ده‌کرد ماڵیان له گه‌ڕه‌کی (هۆلیّ) قه‌سابه‌کان بوو .
٣ – حاجی ده‌روێشی سه‌رو پیّ .
٤ – حه‌مه ڕه‌شی سه‌رو پیّ .
٥ – عه‌زه‌ی حه‌مه ڕه‌شی سه‌رو پیّ .
٦ – حاجی کاکه‌ی سه‌رو پیّ .
٧ – حاجی کاکه ڕه‌شی سه‌روپیّ .
٨ – نعمانی سه‌روپیّ .
٩ – حه‌مه لچ قرتاو (ده‌ستگیّر) .
١٠ – عه‌به که‌چه‌ڵ (ده‌ستگیّر) .
١١ – حه‌مه که‌چه‌ڵ (ده‌ستگیّر) .
١٢ – عه‌بووشی سه‌روپیّ .

ئه‌و سیانه‌ی له لیسته‌که‌دا واتا (٩ ، ١٠ ، ١١) که ده‌ستگیّربوون به ته‌شت ده‌یان خسته سه‌ر سه‌ریان‌و ده‌یان گیّراو هاواریان ده‌کرد : ئای که‌لله . قاچو قوله‌که‌ی بومبایه ...



حاجی کاکەی سەروپیْ
ساڵی ۱۸۷۵ ز لە دایك بووە
ساڵی ۱۹۵۰ ز کۆچی دوایی کردووە



حاجی دەروێش سەروپیْ
لە تەمەنی ۷۵ ساڵیدا
ساڵی ۱۹۵۷ کۆچی دووایی کردووە.

# دەباغ چییەکان

ئەوانە بوون کە پێستەیان (چاك) دەکردو پاکیان دەکرد ئینجا خوێیان پێوە دەکردو وشکیان دەکردەوە ...

١ – عەزەی مەمەند .
٢ – حاجی فەتاحی گۆشت نەخۆر .
٣ – مەلا عومەری حاجی فەتاحی گۆشت نەخۆر .
٤ – حاجی شێخ موحەممەدی دەباغچی .
٥ – حاجی مەجیدی دەباغچی .
٦ – حاجی عارفی دەباغچی .
٧ – ڕەشەی حاجی عارف .
٨ – مەجیدی حاجی عارف کوڕانی حاجی عارفی دەباغچی .
٩ – عومەری حاجی عارف .
١٠ – حاجی حەمە ڕەشی دەباغچی .
١١ – حەمە سووری دەباغچی .
١٢ – حەمە صالحی عەزەی مەمەند
١٣ – ئەحە ڕەشی دەباغچی .
١٤ – ڕەزا خانی دەباغچی .
١٥ – عومەری ئەمینی حەبیب .
١٦ – فەتاحی قاورمە سووتاو .
١٧ – شێخ ئەحمەدی دەباغچی .
١٨ – صاڵحی ئەمینە سووری دەباغچی
١٩ – قالە کوێری دەباغچی .
٢٠ – ئەحمەدی سمایلی دەباغچی .
٢١ – غەریبی سمایلی دەباغچی .



ڕەشەی حاجی عارفی دەباغچی
١٩٠٠ - ١٩٦٣



عُومەری ئەمینی حەبیب دەباغچی
١٩٠٠ - ١٩٦٣

# بازرگانی ڕیخۆڵەو پێستە

١ – صالحی ڕەشە.
٢ – خواجە پطرس
٣ – مەلا ئەحمەد: ئەم ڕیخۆڵەچی‌یانە شەریك بوون .
٤ – حەمەی صالحی ڕەشە
٥ – مەحموودی صالحی ڕەشە .
٦ – عەلی‌ی صالحی ڕەشە برابوون‌وشەریکیش بوون .
٧ – عەبەی قالەی مریەم .
٨ – ڕەشەی مەلا ئەحمەد .

●

**ئەوانەی ئیشیان بۆ کردوون لە قەسابخانە :**

١ – عەلی شاملی .
٢ – حسەینی مەلا ئەحمەد .
٣ – جەلالە کوێر .
٤ – غەریب .
٥ – حەمەی ئەحمەد .
٦ – ئەحەی شاناز .
٧ – سەعە ڕووسی .
٨ – عومەری توفیق .
٩ – قاسم حسین .

١٠ ـ حەمەی ئایشێ
١١ ـ حەمەی عەتیە
١٢ ـ خالیدی عەلی شاملی
١٣ ـ حەمەی عەزیز
١٤ ـ کەریمی محەی شیر
١٥ ـ سەعەی بابم
١٦ ـ کەریمی حاجی عەلی
١٧ ـ عەبەی خورشە
١٨ ـ رەفیقی خورشە
١٩ ـ شێخ حسین
٢٠ ـ شێخە
٢١ ـ خولە لاڵ

تێبینی: لە بابەت بازرگانی ریخوڵەو پێستەوە:
ریخوڵە بە کار دەهات بۆ باسترمەو تەلی عەمەلیات و تەلیعودو کەمانچەو ژێ هەلاچ. ئەم ریخوڵەیە لێرە چاك دەکراو پاك دەکراو خوێ دەکراو دەخرایە پێستی مەڕ دەر دەهات وەك هەمانەو پێستی پەنیر دەیان خستە ناوی دەیان نارد پێشدا بۆ شاری موصل دوایی بۆ بەغداد، دوایی ئەوەش دەنێررا بۆ بیروت بەڵام لە شەری یەکەمی جیهانی‌یەوە یەکسەر دەیان نارد بۆ شەریکەی (ئو هایمەر) لە دوڵاتی ئەم ریکا بە پاپۆڕ لە بیروتەوە. هەروەها پێستەشیان دەنارد شارانی موصل و بەغداد.

# ● كەبابخانەو كەبابچییەكان ●

كەبابچییەكان ئەمانەن :

١ – وەستا تۆفیق باوكی خەلفە فەرەج تەنیشت قەیسەری نەقیب ، خوار قادرمەكان ..

خەلفەو شاگرد : فەرەجی كوری .. حەمەی دولبەر .

٢ – وەستا ئەورەحمانی برای وەستا تۆفیق كەبابچی ، خوار وەستا تۆفیق .. خەلفەو شاگرد : خەلفە حەسەن .

٣ – وەستا بەكری صۆفی قادر بەر دەركی سەرا .

خەلفەو شاگرد : عەلی جاسوس(١)و خولە بۆمبا .

٤ – وەستا محیٚ دینی ڕیش لای قەیسەری نەقیب .

خەلفەو شاگرد : جەلال‌و جەمالی كوری .

٥ – وەستا ئەحەی ئایشیٚلی – كانیٚسكان ، بازاڕە بچكۆلە .

خەلفەو شاگرد : حەسەنی ئەحە تیٚلاٚ .

٦ – وەستا غەفوور : تەنیشت مزگەوتی گەورە .

خەلفەو شاگرد : جەلالی ئایشیٚو شیٚخ مستەفای شیٚخ ڕەشید .

٧ – وەستا مەجی ئاغاتەها : نزیك قەیسەری نەقیب .

خەلفەو شاگرد : خەلفە گوروون .

٨ – وەستا شیٚخ عومەر : بەرامبەر قەیسەری نەقیب لای مەلا عەلی‌ی صەحاف .

خەلفەو شاگرد : شیٚخ‌عەزیزو شیٚخ فەرەجی برای .

---

**(١) لە تەمسیلیٚكی قوتابخانەی زانستیدا ڕۆڵی جاسووسی بینی ئیتر ئەمە بوو بەناو بۆی.**

**(ع.م)**

٩ – وەستا حاجی حەمە ئەمینی قجول : ناو بازاڕ نزیك گوزەری ئاسنگەرەکان .
خەلفەو شاگرد : خەلفە غەفووری برایو خەلفە ڕەشید لە گەڵ عوسمانی کوڕی حاجی حەمە ئەمین .

١٠ – وەستا مامەلی : بەرامبەر خانی ئاغا فەتحوڵلاّ :
خەلفەو شاگرد : کەریمی برای عەباس ئەبو شوارب .

١١ – وەستا حەمەی حاجی قادر (باوکی وەستا واحیدی کەبابچی) بەر گومرگە سووتاو .
خەلفەو شاگرد : خەلفە حەمەو خەلفە ڕەشید .
١٢ – وەستا دەروێش عوسمان ، لای گەڕاجی قالە .
خەلفەو شاگرد : ئەحمەدی کوڕی .
١٣ – وەستا دەروێش تۆفیق : جێگای چایخانەی مینەشەل پێش دروستکردنی (سینەمای ڕەشید) بەرامبەر چایخانەی حەمە ڕەق .
خەلفەو شاگرد : عەلی ئایشیّلیو خەلفە ڕەشید .
١٤ – وەستا ڕەشەی کەباب : بەر گومرگە سووتاو .
خەلفەو شاگرد : خەلفە حەمەو خەلفە مستەفا .
١٥ – وەستا حەمەی کەباب : صابوونکەران – بە بێ خەلفە بەلام هەموو کاتێك منداڵی ڕاگرتووە بۆ باوەشێن ..
١٦ – وستا حاجی عەلی جاسوسو وەستا ڕەحیم : بەر دەرکی سەرا . خەلفەو شاگرد : بەکریدنو مەدحەتو جەلال ئەسعەدو حەمە لاوی حاجی عەلی جاسوس .
١٧ – وەستا گوروون : ناو بازاڕ نزیك ئاسنگەرەکان .
خەلفەو شاگرد : حەمە موراد و عومەری ئەجیو عەبەی سەیید شەریف .
١٨ – وەستا مارف دەستگیڕ : لە ماڵەوە دروستی دەکرد بە تەشت لە ناو بازار دەیگێڕا ، ژێریشی ئاگر بوو ...
١٩ – وەستا ئەحە لالە . دەستگیڕ : دوایی لە بەر دەرکی سەرا دوکانی دانا .
خەلفەو شاگرد : عەبدوڵلاّی زاواکی ..

٢٠ – وەستا خەلفە فەرەجی کەبابچی کوڕی وەستا تۆفیق کەبابچی شوێنەکەی باوکی نزیك قەیسەری نەقیب .
خەلفەو شاگرد : جەمالی کوڕیو عوسەی عەلی زەردو عوسەی شوکرە .
٢١ – وەستا حەمە قڕیل : بەر دەرکی سەرا .
خەلفەو شاگرد : حەمەی عەباس .
٢٢ – وەستا خەلفە ڕەشیدو بەکرىدن شەریك بوون : بەرامبەر (سینەمەی سیروان) .

خەلفەو شاگرد : عومەری صاڵحو نوری ئەحمەد وعەباسی حەسەنی شیرگەر .
٢٣ – وەستا خەلفە حەسەن بەرامبەر شارەوانی .
خەلفەو شاگرد : مچەی خلەو عەلی .
٢٤ – وەستا خولە بۆمباو ئەحمەدی برای شەریك بوون: بەر دەمی گەراجی حەمەی فەرەجە فەنی .
خەلفەو شاگرد : فەرەجی صەڵتەنەتو حەمەی نەجمە دین .
٢٥ – وەستا ئەحمەدی حەمە ئەمین : گوزەری دارتاشەکان نزیك شەوکەتی دانساز .
خەلفەو شاگرد : نامق چالاك .
٢٦ – وەستا عومەری ئەجیٚ . شەقامی کاوە .
خەلفەو شاگرد : بەکر موحەممەد .
٢٧ – مەدحەت : کانێسکان .
خەلفەو شاگرد : مستەفا خدرو صابیری ڕەحەی فەلیٚ .
٢٨ – وەستا تۆفیق ئەبو شوارب : مەیانی ماستەکە .
خەلفەو شاگرد : ئەحە ئێرانیو ڕەفیقی برای تۆفیق ئەبو شوارب .
٢٩ – وەستا فەتاحی سەمەن : تەنیشت سینەمای سیروان بەرامبەر خەلفە ڕەشید .
خەلفەو شاگرد : فەتاح عەبدوللاٚ .
٣٠ – وەستا کەریمو عەباس ئەبو شوارب : براو شەریك بوون.خوار حەوزەکا گوزەری سەراجو پانی بەرزدروەکان خۆیان پێکەوە ئیشیان کردووە .

٣١ – لە گوزەری هەڵاجەکانیش جوولەکە کەبابخانەی خۆیان هەبوو ، عەبەی یاقوو تامان کەبابچی بوو .

●

کەبابی جاران گەورە ترو بە تامو بە لەزەت تر بووە ، چونکە گۆشتەکە بە چەپەچاخ لە سەر تەختەی تایبەتی قیمە دەکرا ، وە دەخرایە سەر ئاگر ، شاگردێکی تایبەتی هەر ئیشی ئەوە بوو باوەشێنی دەکردو لە سەر کورسی یەکی بچووك بە پێوە دەوەستا تا لە سەر خۆ ئەبرژا .

●

هەموو کەبابخانەیەك نانەوا خانەو چایخانەیەکی بەرامبەر بوو ، یان لە تەنیشتیەوە بوو ، نانەکە بە گەرمیو بە گوێرەی پێویستی خەڵك دەهات وە هەموو کەبابچییەك سەوزەو پیازو ترشو ئاڵەتی ساغی بەکار دەهێنا .. لە زستانیشدا بە ترشیاتەوە لە گەڵ کەبابەکە ماستاوی خەستی کوڵکنو چای خەستی دەکرا بە سەردا .

●

**نرخی کەباب :**

لە سالی ١٩٣٠ تا ١٩٤٠ دوو شیشو نانێكو ماستاوێك بە ١٠ فلس بووە لە ساڵی ١٩٤٠ تا ١٩٥٠ شیشێك بوو بە ١٠ فلس .

لە ساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٦٠ شیشێك بوو بە بیست فلس .
شیشێك تەماتە بە عانە یەك دوایی بوو بە دە فلس . نانێك بە عانەیەك دوایی بوو بە دە فلس . ماستاوێك بە دە فلس دوایی بوو بە ٢٠ بیست فلس .

●

سەرچاوە :

خەلفە ڕەشیدی کەبابچیو چەند کەبابچییەکی بە ناو بانگیتر .

●



وەستا تەوفیقی کەبابچی باوکی خەلفە فەرەج ١٨٧٤ - ١٩٤٩



مامەورەحمانی کەبابچی برای وەستا توفیقی کەبابچیە لە ١٩٥٢/٦/٧ کۆچی دوایی کردووە.



وەستا فەرجی وەستا توفیقی کەبابچی ١٩٠٦ - ١٩٦١



وەستا گووروونی کەبابچی ساڵی ١٩٠٨ ز لەدایک بووە

# قاوەخانەو چایخانەو چایی چیەکان

چایخانەو قاوەخانە ، هەر وەك دەچنە ناو خانەی کۆشش‌و کارو کاسبی‌یەوە ... هەروەها لاپەڕەیەك‌و پەردەیەکی ژیانی کۆمەلأیەتی خەلکی شار دەگێڕنەوە .

راستە لە زۆر شاری رۆژ هەلأت‌دا ، چایخانە تاقە جێگەی رابواردن‌و یانەی شەوانی خەلك بووە ..

هەر لە بەر ئەوە ، ئەگەر یادگاری چایخانەکانی شار بە تەواوی بنووسرێتەوە ، ئەو پەردەیە تەواوی دەخرێتە روو و ئەم دیمەنەی ژیانی کۆمەلأیەتی‌ی شاریش دەبەسترێت بە ژیانی کەلچەرو (ثقافی) ی شارەوە .

ئایا ئەو چەشنە حیکایەتەی لە چایخانەکان‌دا دەخوێندرایەوە بەلگەی پەیدابوونی شتێکی تازە نین لە ژیانی ئەم شارەدا . شەوانی رەمەزانان ، پاش تەراویح‌و گوێ لەوەعز گرتن خەلك دەچوونە چایخانە . خۆزگە تۆماری ئەو حیکایەتانەو تێکستی ئەو (شانامە) یە دەما ، کە بە کوردی دەخوێندرایەوەیان دەکرا بە کوردی ، کە ئەمەش لاپەڕەیەکی رەنگینی بۆ ئەدەبیاتی کوردی بەجێ دەهێشت .

لێرەدا هەر ئەوە دەتوانین یادگارێکی باس‌و تۆمارێکی ناو بەجێ بهێلین کە کەلکی فراوان کردنیان هەیە ...

(ع . م . ر)

# یەکەمجار چۆن «چا» هات بۆ سلێمانی :

لە زەمانی عوسمانلی دەوری ساڵی ١٨٨٥ بۆ ١٨٩٠، مەلا، محەمەدی، مەلا غەفوور بۆ بازرگانی‌کردن هات‌و چۆی ئێرانی کردووە .. ئەوساکە لە بازارا ئەبینێ لە چایخانە خەڵك دانیشتوون بۆ قاوە خواردنەوە‌و چا ئەمیش دا دەنیشێ‌و داوای چا دەکات ، بۆی دێنن دەیخواتەوە .. بە دڵی دەبێت . ئیتر دەکەوێتە چا خواردنەوە .

دوایی کەماڵی بازرگانی دەکرێت ، ئەوسا بە قافڵە (کاروانی) هاتو چۆیان کردووە دەچێت ئەسباب‌و پێویستی چایچی لە قۆری‌و سەماوەرو پیاڵەو ژێرپیاڵە ئینجا شەکرو چا دەکرێت لەگەڵ خۆی دەی‌هێنێتەوە بۆ شاری سلێمانی ، دوایی خەڵکی پێی دەزانن دێن بەمیوانی بۆ چا خواردنەوە بە تایبەتی زۆر لە گەورە پیاوان روویان تێکردووە ... ئەو ماڵەش لە گەرەکی دەرگەزێن بووە خوارماڵی عیزەت بەگی وەسمان پاشا ، حەوشێکی گەورەو باخ‌و حەوزێکی فراوانی تێدا بووە . لەم رووەوە ئەم پیاوە ناوی دەرکرد بە مەلا موحەممەدی چایی، دوای کۆچ کردنی لە ساڵی گرانیەکەدا کورەکەی کە ناوی مەلا ئەحمەدی مەلا چایی بوو، لە نەبوونیدا خانووەکە دەفرۆشێت بە حاجی ئەحمەدی پیرۆز .. دوایی دەبێت بە عەتاری داوو دەرمان لە قەیسەری غەفوور ئاغا .. لەوەش وازدێنێ دەست دەداتە بەنایی .

ئەم سەر گوزەشتەیە وەستا ئەورەحمانی کوری مەلا ئەحمەدی چایی پینەچی لە صابونکەران بۆی گێڕامەوە کەگوایا زیوەر افندي بۆي گێڕاوەتەوە دەی ووت : خۆزگە بەو وەختەی لە ناو ئەو باخ‌و سەر حەوزەکەی ماڵی باوکت چامان دەخواردەوە .. وەستا ئەورەحمان دەڵێت :

باوکم لە ساڵی ١٨٧٥ لە دایك بووە مانای وایە ئاگای لە کەین‌و بەینی چا هێنا نەکە بووە ، ناوبراو درێژەی بە قسەکانی‌دا کە باوکی بۆی گێڕاوەتەوە .

ئیتر لەو کاتەوە خەڵکی تریش کەهات‌و چۆی ئێران دەکەن ، دەی هێنن وردە وردە بلاو بووەوە ، بە ماڵان‌و قاوەخانەکان‌دا .

پێش چایخانە قاوەخانە هەر بووە .. هەر قاوەیان لێ خواردۆتەوە . هەتا لە دیوەخانی ماڵە گەورەکان هەر قاوە بووە ، قاوە لە ولاتی هیندستانەوە بەرێگایی دەریایی‌یەوە هێنراوە بۆ شاری (بەصرە) ، وە لەوێوە بۆ بەغدا ئیتر بازرگانەکان

کەهات‌و چۆی بەغدایان کردووە ، لێرەوە ماڵیان بە قافڵە بردووە . لەوێشەوە ماڵیان بە قافڵە هێناوە وەك شەکرو چایی‌و ئەسبابی‌تر بۆ سلێمانی .

بۆیە لە دوایی‌شدا بەهەندێ چایخانەیان ووتووە قاوەخانە . چایخانەکان‌و قاوەخانەکان‌و شوێنەکانیان تا نەمانیان لە زەمانی عوسمانلی‌و داگیرکەری ئینگلیزو دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقا لە سلێمانی بە گوێرەی کۆنترین یەك لەدوای یەك ئەی نووسین، پاش هەوڵێکی زۆر توانیم ئەم چایخانانە یەك لەدوای یەك کۆبکەمەوە .. پاش بەراوردکرنی لە گەڵ چەند چایچی‌یەکی کۆن‌و خەڵکی شارەزای بەتەمەن‌دا.

## چایخانەو چایچیەکان وشوێنەکانیان

قاوە خانە ئینجا چایخانە ..

١ — قاوە خانەی مارفی قاوەچی : مەیدانی بەر بەلەدی‌کە ، بەرامبەر قەیسەری‌ی نەقیب ...

٢ — قاوە خانەی چەمچەماڵ لە گەڕەکی دەرگەزێن ، لای شیوی قازی .. خاوەنەکەی مام ئەحمەدی چایچی ئامۆزای صاڵح زەکی‌ی تۆفیق بوو .. بۆیە پی‌یان وتووە چەمچەماڵ چونکە گەرمیانیەکان لەوێ دا دەنیشتن ، کەگەنمی قەندەهاری‌یان دەهێنا هەر لەوێ دەیان فرۆشت .

٣ — قاوەخانەی کەللە — ناو بازاڕ خوار وەستا گورونی کەبابچی ، خاوەنەکەی کەللەی قاوەچی بوو .

٤ — قاوەخانەی سەر چیمەن : گەڕەکی گۆیژە لقی سەر چیمەن بەرامبەر دوکانی (عەلی فەوتاو) . یەکەم جار حسەکەر گرتوویەتی . دووەم جار فەرەجی عەدە هاتۆتە ناوی . سی‌یەم جار عەبدوڵڵا فەنی بەناوبانگ بە (عەبە بەراز) . ئەم قاوەخانەیە بەناوبانگ بووە، زۆر لە تاجیرو پیاو ماقوڵی گەڕەك هات‌و چۆیان کردووە .

٥ — چایخانەی سێوەی ئەحمەد بەگزادە : گەڕەکی گۆیژە بەرامبەر مزگەوتی تەکیە رووتە .

٦ – چایخانەی محەی شەمام . تەنیشت گومرگە سووتاو .
٧ – چایخانەی کاکە سوور : تەنیشت گومرگە سووتاو.
٨ – چایخانەی قالەی ئەولاحەسیر : مەیدانی ماست فرۆشەکە .
٩ – چایخانەی ئەحەی ئیساف : کانیسکان ، گەڕەکی ژاڵەیی‌یەکان .
١٠ – چایخانەی مینەی مەلا برایم : پشتی خانە سووتاو .
١١ – چایخانەی عارفی ڕەزا کاکەیی : سەرشەقام .
١٢ – چایخانەی حسەکەر : بەرامبەر قەیسەری وەسمان پاشا ، کە قاوەخانەی سەر چیمەنی بەجێ هێشت دوایی هاتە ئەم شوێنە .
١٣ – چایخانەی ئەمینی شانەگەر : بەزامبەر خەستەخانەی جەمهووری ژێر ماڵی ئاغای حەسەنی قەرەنی .
١٥ – چایخانەی سەعەی فەتاح : بەر دەرکی سەرا ، موڵکی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا .. یەك لە دوای یەکێ هاتووە ناوی ئەنووسین تا بوو بە ئوتیلەکەی نووری عەلی ...
١٦ – چایخانەی حەمەی مەلا برایم .. بەر دەرکی سەرا دوای سەعەی فەتاح ئەم هاتە ناوی .
١٧ – چایخانەی قاوەچی باشی بەر دەرکی سەرا دوایی حەمەی مەلا برایم هاتە ناوی . ئەم قاوەچی باشی‌یە ناوی سەیید عەلی ئەکبەر بوو .. لە سنەوە هاتبوو . چی ترو تفاقو ئەسبابی چایی بوو هەمووی لەگەڵ خۆی هێنابووی لەگەڵ نێرگەلەی ڕووسەکانو چل چرایەك دا .. ئەم چل چرایە هەڵواسرابوو، سەد مۆمی کافوری پێدا کردبوو شەو دایان دەگیرسان لە جیاتی ئەلەکتریك لە ژێر ئەم چل چرایەوە حەوزو فوارەی تێدا بوو .. دوایی ئەم چل چرایە پێشکەش کرا بە مزگەوتی گەورە .. کە وەختێ ئەم چایخانەیە کرایەوە بەر نە ئەکەوت ، هێندە قەرەباڵغ بوو بە تایبەتی شەوان ، چونکە شەو ئەبووبە ئاهەنگ‌و گۆرانی ووتن‌و چەپڵە ڕێزان . گۆرانی بێژی وەك (مەلا کەریم) و (حەمدی ئەفەندی) و چەندانی تر بەشداریان تێدا دەکرد .

کابرایەك بەناوی عەلی خانە کوێرە ڕەبابەیەکی پێ‌بوو ، کابرایەکی تر بەناوی غەفوور (شاکە شێت) یان پێ دەگوت ، هەموو شەوێك تورەکەیەك دەنکە

کولەکەی پیٚبوو کە چایخانەکە پڕ دەبوو لە خەڵك عەلی خان دەیگوت : غەفووره قەرەباڵغە . ئەویش دەیووت : بەریٚ بەریٚ .. ئەمجا عەلی خان دەستی دەکرد بە ڕەبابە لیٚدان وە دەست دەکرا بە گۆرانی‌و چەپڵە ڕیٚزان . هەموو شەویٚك خەڵك لەو چایخانەیەدا ناوا ژایان دەبوارد .

١٨ – چایخانەی سایەقە قوتە : بەردەرکی سەرا ، قاوەچی باشی چۆڵی کرد ئەم هاتە ناوی .

١٩ – چایخانەی حاجی عەول : بەر دەرکی سەرا ، سایەقە قوتە . چۆڵی کرد ئەم هاتە ناوی ، ئەو حەوزو فوارەیەشی هەر تیٚدا مابوو ، میٚزی (بلیاردۆ) ی تیٚدابوو . دوای خاوەن موڵکەکە حەمەی ئەورەحمان ئاغا فرۆشتی بە نووری عەلی ، ئەویش ڕوخانی، کرا بە دوکان‌و ئوتیٚل .

٢٠ – چایخانەی مەجۆلی خامە: دەشتی ئەحمەدی ساغا : بەر ئەسحابە سپی ، شویٚنی نۆبە چی‌یەکە وەختی خۆی دەشتیٚ بوو . ئەم چایخانەیە پیاوی گەورەو ئەفسەرە کانی عوسمانلی هاتو چۆیان دەکرد . یەکەم کەس بوو گرامەفۆنی هیٚنایە چایخانەکەی، زۆرکەس دەچوون بۆ سەیری ئەم گرامەفۆنە کە بۆری‌یەکی گەورەی پیٚوە دەکراو ویٚنەی سەگیٚکی پیٚوەبوو... هەر لەم چایخانەیەدا ساڵیٚکیان لەسەردەمی عوسمانلی‌دا بۆماوەیەك تیا ترۆش ئیٚشی تیٚدا دەکرد .. پرۆگرامیان پیٚشکەش دەکردو سەمایان تیٚدا دەکردو گۆرانیان دەوت لەگەڵ مۆسیقاو گۆرانی (بەرهوم یا بەرهوم) ...

٢١ – چایخا نەی سالەی فەقیٚ (شیٚخە صالح) : تەنیشت مزگەوتی دوو دەرگا – خوار ئەسحابە سپی . ئەم چایخانەیە بەشەوان حەکایەتی تیٚدا دەخویٚندرایەوە .

**حیکایەت‌خوان مەلا عەبدوللای سابلاٚخی بوو .**

٢٢ – چایخانەی کەریمی عەزولە (خاڵە کەریم) ناو بازاڕ خوار حاجی عەلی‌ی ماستاو .

٢٣ – چایخانەی ئەورەحمانی ئاغا نوزە : پشتی مزگەوتی شیٚخ لەتیف. هاوینان لەباخەکەدا بوو .

٢٤ – چایخانەی حەمە دزە : تەنیشت مزگەوتی هەمزاغا .

٢٥ – چایخانەی عەبەی عەدە : لای خانی ئاغا فتح‌اللهوە .

٢٦ – چایخانەی هۆمەر : گوزەری هەلا جەکان .

٢٧ – چایخانەی حەمەی سەکینە : کۆلانی پشتی مزگەوتی گەورە .
٢٨ – چایخانەی حەمدی ئاغا : کۆلانی پشتی مزگەوتی گەورە، بازاڕە بچکۆلە ، کانێسکان .
٢٩ – چایخانەی قالەی مەلا کەڕە : کۆلانی پشتی مزگەوتی گەورە. دوای حەمدی ئاغا ئەم هاتە ناوی‌یەوە .
٣٠ – مچەی عەبەی مەنیج : دوای قالەی مەلا کەڕە ئەم هاتە ناوی .
٣١ – چایخانەی ڕەفیق گلەو حامید وەرەقە، هەمان شوێن . دوای مچەی عەبەی مەنیج ئەمان هاتنە ناویەوە .
٣٢ – چایخانەی عارف جوکل : بەر خانەقا ...
٣٣ – چایخانەی مام‌تەها کۆیی : ناوبازاڕ «کەللەی قاوەچی کۆچی‌دوایی‌کرد» ئەم چووە شوینەکەی .
٣٤ – چایخانەی حەمەی صالحەفەنی : بەردەرکی سەرا .
٣٥ – چایخانەی عەزاوی برای مام ئەحلان وکەریم چاوشین لای مزگەوتی حاجی حان .
٣٦ – چایخانەی ئەحە ڕەشی مەلابرایم : بەرامبەر قەیسەری وەسمان پاشا کەحسە کەڕ بەجێی هێشت ئەم هاتە ناوی .
٣٧ – چایخانەی سالەی حەمەعەلی، مەیانی ماست فرۆشەکە بەناوبانگ بەچایخانەی قەصابەکان ، چونکە بەزۆری قەصابەکان لیێدا دەنیشتن .
٣٨ – چایخانەی فەرەج شۆکل مەیدانی ماست فرۆشەکە : ئەم چایخانەیەش هەر بەزۆری قەصابەکانی لیێدادەنیشتن .

٣٩ – چایخانەی مام نوعمان : بەرحەوزەکەی ناوبازاڕ ، ئەم چایخانەیە لە زەمانی (مێجەرسۆن) دا حەوزەکەی بۆ دروست کراوەو بەلوعەشیان بۆ ڕاکێشاوەو داریشی لیێنێژراوە . لە گوزەرەکانی ترەوە دەهاتن ئاویان لەوێ دەبرد بۆخواردنەوە و ئاورشێن . ئەم چایخانەیە بەزۆری خەڵکی دەرەوەی لیێدا دەنیشت ، چونکە ڕزقیان دەهێنا بۆ ناو شار تا ساغیان دەکردەوە هات‌وچۆی ئەم چایخانەیەیان دەکرد .
٤٠ – چایخانەی عەولەسیس : پشتی خانەسووتاو، چووە شوێنی مینەی مەلا برایم .

٤١ – چایخانەی سایەقەقوتە : دەشتی ئەحمەدی ساغا بەر ئەسحابەسپی ، چووە شوێنی مەجۆلی خامە چونکە ئەو دامە زرابوو بەچاوەشی بەلەدیە .

٤٢ – چایخانەی سالەی فەقێ (شێخەصاڵح) و عەبەی دەروێش کەریم ، دەشتی ئەحمەدی ساغا، سایەقە قوتە چۆڵی کرد ئەمان چوونە شوینی ئەم چایخانەیە . یەکەم چایخانەبوو کە چایچیەکەی رادیوی بردە ناوی، خەڵك پەیتا پەیتا دەچوون بۆ سەیرکردنو گوێگرتن ، لەساڵی ١٩٣١ دا .

٤٣ – چایخانەی صاڵحی وەستا بستە : دەشتی ئەحمەدی ساغا چووە شوێنی سالەی فەقێو عەبەی دەروێش کەریم، ئەم چایچیە یەکەم چایچی بوو کە لوکسی دوو تۆری هێنابوو بۆ چایخانەکەی .. خەڵکی دەچوون بۆ سەیری ئەم چایخانەیە .. حیکایەتی لێدەخوێندرایەوە . حیکایتخوان میرزا حەسەنی سەعاتچی بوو .

٤٤ – دیسان چایخانەی عەولە سیس : بەردەرکی سەرا ئەم چایچی‌یە لە شەڕی بەردەرکی سەرا لە شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠دا شەهیدکرا .

٤٥ – چایخانەی حەمەڕەق : بەردەرکی سەرا : چووەشوێنی عەولەسیس دوای ئەوە کە شەهید کرا .

٤٦ – چایخانەی ڕەشۆل : پشتی خانە سووتاو کە عەولەسیس گواستیەوە بەردەرکی سەرا ئەم چووە شوێنی .

٤٧ – چایخانەی حەمە تۆلە : بەر دەرکی سەرا .

٤٨ – چایخانەی قالەچاو جوان، بەر دەرکی سەرا .

٤٩ – چایخانەی ئەلە گون سووتاو : پشتی مزگەوتی حاجی حان . ئەم چایچی‌یە لەشەڕی بەردەرکی سەرادا لە شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠دا بە گوللەی ئینگلیز شەهید کرا .

٥٠ – چایخانەی عوسمانی قالە ڕەش : سەرشەقام پشتی مزگەوتی مەلا حەمە ئەمین ی بالیکدەری – ئەم چایخانەیە حیکایەتی تێدا دەخوێنرایەوە . حیکایەتخوان عوسمانی قالەڕەش بوو .. ئەم چایخانەیە هی خۆی نەبوو ، هی یەکێکی‌تر بوو ، بەس بە ناوی ئەوەوە ناوبانگی دەرکردبوو .

٥١ – چایخانەی عومەری حەمە ملۆزم : پێشی حەوزەکەی ناوبازاڕ تەنیشت حاجی فەتاحی حەڵواچی .

٥٢ – چایخانەی عومەری حەمە ملۆزم (دووەم‌جار) لەوێ‌وە گواستیەوە بۆ حەوشی سەرا . ئەو ناوە هەمووی باخ‌ودار بوو ، پی‌یان وتووە (باخی میللی) حەوزو فوارەشی تیدا بووە – چایخانەی باخی میللی .

٥٣ – دیسان چایخانەی عومەری حەمە ملۆزم (سی‌یەم‌جار) ئەوی‌ی بەجی‌هێشت چووە شوێنی قاپی سینەمای سیروان وشوێنی‌فڕن‌و چێشتخانەکە .

٥٤ – دیسان چایخانەی سالەی فەقی (شێخەصالح) و عەبەی دەروێش کەریم چوونە شوێنی عومەری حەمە ملۆزم . یەکەم چایخانەیەکە مێزی (بلیاردۆ) یان هێنا، هەرئەمان بوون لەسالی ١٩٣٥ تا سالی ١٩٤٢ چۆڵیان کرد ، بۆیەکەم جار سینەماهاتە سلێمانی ، چووە ئەوشوێنەو ناو نراسینەمای (صلاح الدین) .

٥٥ – دیسان چایخانەی حەمەرەق : سینەمای (صلاح الدین) سالی ١٩٤٥ ، گواستیەوە بۆ صابونکەران ئەم هاتە شوێنی بەڵکو ئەمە دوا چایخانەبوو، دەوامی کردو بە ناوبانگ بوو حەوزوفوارەشی تێدابوو .

٥٦ – چایخانەی ڕەحمە توڵلاّ : ناو دەرگای گەڕاجی ئەسحابە سپی ، برای (حاجی باقی‌ی بەنگینە) دوایی بوو بەژێر ئۆتۆمبیلەوە و گۆچی دوایی‌کرد .

٥٧ – چایخانەی مەجیدی حاجی ڕەسوول : کانێسکان تەنیشت کەریمی برای بەرامبەر ئیشغال .

٥٨ – چایخانەی شێخ موحەممەدی کاکە لاو : بەرامبەر حەوشی سەرا . ئەم چایخانەیە بەزۆری مەڵکەندی‌یەکانی لی دادەنیشتن بەهاوینان ، بەرامبەر چایخانەکە لەسەر شۆستە کە ئاورشێن دەکراو حەسیری لی دادەخرا سەرو باوەشێنیان دەگرت بەدەستەوە، باسی بەفرو بەردی مەلکەندی‌و ولاّخ‌و قسەی خۆش‌و سەرگوروشتە گێڕانەوە ، وەئەم چایخانەیە بەرەمەزانان شەو مەلا سمایل حیکایەتی لی‌دەخوێندەوە ، ئەومانگەشەو بەحیکایەت دەیانبردە سەر .

٥٩ – چایخانەی قالەی حاجی ئایشی : لای گومرگەسووتاو .

٦٠ – چایخانەی ئەمینی لاوە : تەنیشتی چایخانەی شێخ موحەممەدی کاکە لاو: هەمان دەستوور مەڵکەندی‌یەکانی لی دادەنیشتن ، وە لەهاوین‌دا لەسەر شۆستەکە دادە نیشتن . ریزیان لی دەبەست تانزیك نۆبەچی‌یەکە، ئەم چایخانەیە بە زۆری حاجی بارام‌و ئەحمەدی جاو خوالی‌یان خۆش بێت دەستیان

دەکرد بە یاری کاغەز (ئەسکەمل) پێکەوە بەدەم قسەی خۆشەوە خەڵك لی‌یان کۆ دەبوونەوە بۆ سەیرکردنو گوێگرتن .

٦١ – چایخانەی خالید بەگو رەشەی عەبدوڵلا ئاغا : بەردەرکی سەرا، خوار ئەمینی لاوە .

٦٢ – چایخانەی فەتاح برای عەزە بابوجی بەردەرکی سەرا خوار ئەمینی لاوە .. ئەوان چۆڵیان کرد ئەم هاتە ناوی ، ئەم چایخانەیەش هەر بە زۆری مەڵکەندی یەکانی لی‌دادەنیشتن .

٦٣ – چایخانەی سوڵتان : بەرامبەر سەرا شوێنی بانقی ڕافیدەین. سەیید عەلی ئەسغەر لەسنەوە هات تاوەکو بچێت بۆ بەغدا، گۆرانی‌یەکانی بە قەوان تۆمار کات. بوو بە میوانی ئەم چایچیە .

جاروبار لەم چایخانەیەدا گۆرانی دەوت .

٦٤ – چایخانەی شاسوار : سەروو مزگەوتی مەڵکەندی ئەم چایخانەیە پیاوانی گەڕەکی مەڵکەندی لی‌ دادەنیشتن .

٦٥ – چایخانەی باقیو خولەی فەرەجە فەنی : دەشتی کۆلك، گەڕەکی شێخان بەرامبەر هەژار خانەی کۆن .

٦٦ – چایخانەی کەریمی حاجی ڕەسوڵو خولە سنەیی گەڕەکی کانێسکان بەرامبەر ئیشغالەکە .

٦٧ – چایخانەی عەبە سنەیی ، گوزەری دارتاشو کۆپان درووەکان .

٦٨ – چایخانەی مەجید سنەیی: گوزەری دارتاشو کۆپان درووەکان .

٦٩ – چایخانەی ئەحمەدی چایچی خانی غەفوور ئاغا ناو هەلاجەکان .

٧٠ – چایخانەی حەمە ڕەشید کەچەڵ: خانی ئاغا فتح‌الله ..

٧١ – چایخانەی کەریمی ڕەزاخان: صابونکەران خوار چوخمەکە .

٧٢ – چایخانەی کەریم ئاغا: صابونکەران خوار حەوزەکە خوار حەمەشەشە ..

٧٣ – چایخانەی مەلا جەمیل: صابونکەران بەرمزگەوتی سەیید حەسەن .

٧٤ – چایخانەی بلەی ڕەسوڵ: سەرکارێز لای مالی عەزمی بەگ .

٧٥ – چایخانەی حەمە قادر: سەرشەقام بەرگومرگە سووتاو .

٧٦ – چایخانەی بەکری سەبیل: خوار ئەحمەدی گوزەری زەڕەنگەرەکان .

٧٧ – چایخانەی مەلا عەلی: ناو ئاسنگەرەکان .

٧٨ – چایخانەی حاجی کەریم : لای حەمامی شێخ مارف .
٧٩ – چایخانەی سالەی حەمە بەنگ‌کێش : تەنیشت کاکە سوور .
٨٠ – چایخانەی قالە پێنجوێنی : پشتی مزگەوتی خومخانەکە .
٨١ – چایخانەی مەجید کاکەیی : بەرگومرگە سووتاو .
٨٢ – چایخانەی ڕەزای چایچی : بەرامبەر گومرگە سووتاو .
٨٣ – چایخانەی عەبە خورشە : ناوبازاڕ لای وەستا گوروونی کەبابچی .
٨٤ – چایخانەی کاکیی چایچی : قەیسەری نەقیب .
٨٥ – چایخانەی شێخ عارف : قەیسەری وەسمان پاشا .
٨٦ – چایخانەی هۆمەر : بەرامبەر وەسمان پاشا .
٨٧ – چایخانەی حەمە ڕەشیدی مەلا تۆفیق : لای خانەقای مەولانا خالید .
٨٨ – چایخانەی حەمە گوێزە صابونکەران سەروو حەوزەکە .
٨٩ – چایخانەی مچەی ناصر برای ئەحەی ناصر بەرامبەر ئەسحابەسپی ...
٩٠ – چایخانەی عارفی ئاتەخان : مەیانی ماستەکە سەر تەپۆڵکەی ئاشە گواوی .
٩١ – چایخانەی سالە شێت : بەرامبەر مزگەوتی شێخ سەلام ئەم چایخانەیە بەزۆری
قەساب و دەباغچیەکانی لیّدا دەنیشتن ، چونکە ئەو کاتە قەسابخانەو دەباخانە
لەجێی ماڵی متصرف و خوار تاوڵەی سواری وە بوو .
٩٢ – چایخانەی عەزەی حەمە دێرەیی : دەشتی تەیارەخانەکە .
٩٣ – چایخانەی سەعەی تاها کۆیی : عەزەی حەمە دێرەیی چۆڵی کرد ئەم چووە
شوێنی . ئەم چایخانەیە زۆر دەوامی‌کرد بەناوبانگ بوو ، خەڵك شەو بەپیاسە
دەچوون بۆ ئەوێ ، شەوان تا درەنگێ خەڵکی لیّ دائەنیشت .
٩٤ – چایخانەی عەزەی حەمە دێرەیی : دەشتی تەیارە خانەکەی بەجێ‌هێشت هاتە
بەرامبەر عەلی‌سوور پێش دروست‌بوونی بینای سینەمای ڕەشید .
٩٥ – دیسان چایخانەی صالحی وەستا بستە : چووە شوێنی عەزە دێرەیی . ئەم
چایخانەیە ساڵی ١٩٤٧ تا ١٩٤٨ پاڵەوان بازی تیادەکرا .
٩٦ – چایخانەی حەسەن ڕەشاش : بەرامبەر مزگەوتی کانێسکان .
٩٧ – چایخانەی شێخەگۆجە : تەنیشت مزگەوتی کانێسکان .
٩٨ – چایخانەی عەبە یونس : کانێسکان .
٩٩ – چایخانەی حەمەمین : مەیانی خوار بەلەدیێەکە .

١٠٠ – چایخانەی سەی شوکر : تەنیشت حەمە ڕەقی چایچی .
١٠١ – چایخانەی عارفی فیتك : سەرئاوی مشیرئاوا هاوینان بەکەپر دروستی ئەکرد .
١٠٢ – چایخانەی دەروێش ئەحمەد : ناو بازاڕ خوار کەریمی عەزولەی چایچی تەنیشت دوکانی وەستا برایمی پیرۆتی تەنەکەچي .
١٠٣ – چایخانەی قالەی خامینا : خوار دەرۆیش ئەحمەدی چایچی ..
١٠٤ – چایخانەی فەرەجی حەمە موراد: دەرگەزێن ، ناو باخی تەکیەی شێخ مارف هاوینان بەکەپر دروستکرابوو .. ئەم چایخانەیە بە ناوبانگ بوو ، زوربەی لاوانی سلێمانی ڕوویان تێدەکرد ، چونکە باخێکی خۆشی هەبوو پیاسەیان تێدا دەکرد ، دەکرا بە بەزموڕەزمیٚ هەموودلێکی دەکردەوە. لەبەهاران‌دا پاقلەو کەنگرو شێلم بەترش ، وەلە هاوینان‌دا ترۆزیو کالیاری تێدا دەفرۆشرا .
١٠٥ – دیسان چایخانەی عارفی فیتك بەرامبەر بەنزینخانە کۆنەکە لای تاوڵەیسواری .
١٠٦ – چایخانەی ئەحەی خولە : کانیسکان بازارە بچکۆلە .
١٠٧ – چایخانەی سالەی ئەحەی خولە : کانێسکان بازارە بچکۆلە .. باوکی ئەمری خوای کرد ئەو سەرەوکاری کرد .
١٠٨ – چایخانەی ئەحەی ئەلە مێشاوی: جادەی مەولەوی بەرامبەر مزگەوتی شێخ سەلام .
١٠٩ – چایخانەی مینەشەل : بەرامبەر چایخانەی حەمە ڕەق: سووچی سینەمای ڕەشید ...
١١٠ – چایخانەی مەلای چایی: ناوبازار تەنیشت حەمامی شێخ مارف .
١١١ – چایخانەی عەزە بابوچی صابونکەران سەرڕوو دوکانی جەرگیس..
١١٢ – چایخانەیشێخ عەول کانێسکان .
١١٣ – چایخانەی ڕەشە : بەر ئاوی کانێسکان .
١١٤ – چایخانەی ڕەشەی هەینو صابونکەران .
١١٥ – چایخانەی عەلی قادر ئاغا : تەنیشت دەرگای گەراجی خاڵە عەبدە .
١١٦ – چایخانەی حەمەی شەشە : بەر حەوزەکەی صابونکەران ، ئەم چایخانەیە بەڕەمەزانان مەلا سمایل بەشەوان حیکایەتی تێدا دەخوێندەوە .

١١٧ – چایخانەی جەلال کابان : ناوسەرا .
١١٨ – چایخانەی عارف ئاغا : بەرئەسحابەسپی تەنیشت نەقلیاتی سلێمانی .
١١٩ – چایخانەی حاجی باقی بەنگینە ناو گەڕاجی ئەسحابەسپی .
١٢٠ – چایخانەی عومەری کاکەوڵا : ناو گومرگ .
١٢١ – چایخانەی فەرەجەشەل : بەر ئەسحابەسپی . ناوبراو لەشەڕی بەردەرکی سەرادا بریندارکرا .
١٢٢ – چایخانەی حەمەیزەینەب : تەنیشت عەلیسوور بەرامبەر سینەمای ڕەشید .
١٢٣ – چایخانەی مەلابەکر : مەیدانی برنجەکە ..
١٢٤ – چایخانەی حەمە ڕەشید : تەنیشت گەڕاجی قالە چاوجوان .
١٢٥ – چایخانەی عەبە پاپەتی : ناو بازاڕ پشتی حاجیلەی شەربەت .
١٢٦ – چایخانەی صەدیق بەردەرکی سەرا : کۆڵانی تەنیشت حەمە سەعیدی خەیات .
١٢٧ – چایخانەی جومعە : جادەی کاوە بەرامبەر کۆڵانی گوزەری هەلاجەکان .
١٢٨ – چایخانەی عەزەی بەهیە . تەنیشت قاپی‌ی چلپی سینەمای ڕەشید .
١٢٩ – چایخانەی مەحمودی مارف : جادەی کاوە بەرامبەر خانی تازە .
١٣٠ – چایخانەی کەریم ئاغا : جادەی مەولەوی : بەرامبەر حەمامی قشڵە .
١٣١ – چایخانەی عارفە سوور : صابونکەران سەروو دوکانی جەرگیس .
١٣٢ – چایخانەی دەروێش شەریف : بەرامبەر مزگەوتی گەورە ، لای ماڵی بابا عەلی‌ی شێخ مەحمود . ئەم چایچی‌یە لە چایەك زیاتری نەداوە بەکەس .
١٣٣ – چایخانەی تۆفیق عەلی‌ی چایچی : مەڵکەندی پیرمەسوور لای ماڵی حەمەقاوەچی .
١٣٤ – چایخانەی حەمە حسین بەرگومرگ بەرامبەر سانەویی کوڕان .
١٣٥ – چایخانەی حەسەن ئێرانی : جادەی کاوە بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە .
١٣٦ – چایخانەی ئەحمەدی قادر ڕەسوڵ : ناوبازاڕ – تەنیشت ڕەشیدی کەریمی هەیەری قەصاب .
١٣٧ – چایخانەی عارفی مەلانووری : بەردەرکی سەرا .
١٣٨ – چایخانەی کەریمی فەرەجی حەمە موراد : ناو شارەوانی .

١٣٩ – چایخانەی سەعەی گەوهەر: ناوبازاڕ خواژ ئەحمەدی .
١٤٠ – چایخانەی ئەحەی عەلیە کوردە: ناوبازاڕ خوار حاجی عەلی ماستاو .
١٤١ – چایخانەی ڕەشەی خولە سنەیی : شەقامی پیرەمێرد بەرامبەر ماڵی حاجی صاڵحی زەریفیٚ .
١٤٢ – چایخانەی حسەینەفەنی ی موغازەچی ، بەناوبانگ بە چایخانەی (ئەوقاف) چونکە موڵکی ئەوقافو لەژێر دائیرەی ئەوقافدا بوو بەرامبەر سینەمای ڕەشید ، مێزی بلیاردۆی تێدابوو .
١٤٣ – دیسان چایخانەی (ئەوقاف) خاوەنەکەی کاك عومەرە ، هەر پیٚیان‌دەوت : عومەری ئەوقاف .
١٤٤ – چایخانەی شەریف هەورامی : تەنیشت مزگەوتی موفتی جادەی کاوە .
١٤٥ – چایخانەی سمایلی حاجی موحەمەد: جادەی کاوە تەنیشت نەقلیاتی سلێمانی .
١٤٦ – چایخانەی سمایلی چایچی : خانی غەفوور ئاغا : خانی (مێوژەکە – خورماکە) .
١٤٧ – چایخانەی ڕەزای چایچی : خوارخانی غەفوورئاغا (خانی مێوژەکە) .
١٤٨ – چایخانەی ڕەشەو کەریمان : برابوون، خانی سەعیاغا بەرامبەر خانی غەفوور ئاغا .
١٤٩ – چایخانەی حەمەی چایچی : بەردەمی شەخصی کاك ئەحمەدی بۆنخۆش .. لەسەرە ڕێگای کاروان چیە کان بوو .
١٥٠ – چایخانەی حاجی : هاوینان بەکەپر لەسەر ئاوی مسکێنان بوو .. لەسەرە ڕێگای کاروانچی‌یە کان‌دا بوو .
١٥١ – چایخانەی فەتاح بابا : پشتی دەباشان : ڕێگای ئەزمڕ ئەمیش لەسەرە ڕێگای کاروانچی یەکان‌دا بوو .
١٥٢ – چایخانەی مام صاڵح : بە شاخی گۆیژەوە نزیك دیٚی وێڵەدەر .. ئەمیش بۆ ڕێگای کاروانچی بوو .
١٥٣ – چایخانەی کانی ماسی : لەسەر ڕێگای قەرەداخ، بۆ ڕێگای کاروانچی .
١٥٤ – چایخانەی حاجی سەمین : لەسەر ڕێگەی عەربەت نزیك بە دیٚی خەراجیان .

ئەم کابرایە خاوەنی قسەی خۆش‌و سوعبەت بووە ، بۆیە زۆر لە خەڵکی سلێمانی کەدەچوون بۆ سەیران بۆ ئەو ڕێگەیە هەمیشە لایان دەدایە لای حاجی سەمین بۆ بەسەربردنی وەختێکی خۆش بەقسەی سوعبەت‌و شەرە جوێن ..

١٥٥ – لە کاتی خۆیدا لە گەڕەکی جوولەکانیش دووچایخانە هەبوە یەکەم : عەبەی یاقووب تامانی کەبابچی ، لە تەنیشت کەنیشتنەکەوە کرد بووی بەچایخانەو مەیخانە .

دووەم : چایخانەی مووشێ بوو لای کەنیشتەی سەروو .

# چایچیە دەسگێڕەکان

ئەم دەسگێڕانە شوێنی ئەسبابی چایی و قۆری‌و سەماوەریان لای تەنەکەچی دروست دەکرد. دەگەڕان بەناو شاردا ، لە بەهارانیش‌دا دەچوون بۆ شوێنی سەیرانگەو مەڵبەندی یاری کردن‌و دەشت‌و دەر ئەم دەسگێڕانە چاکانیان هەرزان تربوو لەچای چایخانەکان .

ئەمەش لیستەی ناوی هەندێ لەو چایچیە دەسگێڕانە :-

١ – دەروێش ئەحمەد : بەقسەی خۆش ناوبانگی دەرکردبوو .
٢ – صەدیقە کەچەڵ .
٣ – نامداری چایچی .
٤ – ڕەشید قادر .
٥ – یوسفە لچە .
٦ – شێخ موحەممەد عەزیز .
٧ – حەمە دوو ڕەنگ .
٨ – حەمە کەچەڵ .
٩ – عارف ڕەشید .

ئەمەش لیستەی ناوی هەندێ لە قاوەچی‌یەکانە :

١ – مام ئیسماعیلی قاوەچی ... قاوەچی شێخ مەحموودو تەعزێ .
٢ – حەمە قاوەچی : قاوەچی لای موتەسەڕیفەکان .
٣ – عارفی ئاتەخان : دەسگێر .
٤ – فارسی قاوەچی : دەسگێڕو تەعزێ .
٥ – سەیدی قاوەچی : دەسگێر لە ناوبازار .
٦ – شوکرەی قاوەچی : دەسگێڕ لەناو بازاڕ .
٧ – عومەری حەمە مڵۆزم : قاوەچی تەعزێ .

# «گازینۆکان»

ئەم گازینۆیانە فراوانترو ڕێك‌وپێك تربوون لە چایخانەکان . مێزی بلیاردۆیان تێدا بوو بۆ یاری‌کردن . لەمانە :

١ – گازینۆی سیروان : جادەی مەولەوی سوچی بینای تۆفیق قەزاز . خاوەنەکەی حەمەی بەکربوو .

٢ – گازینۆی سەرچنار : بەرامبەر گازینۆی سیروان خاوەنەکەی ئەحەی سەعە بانەیی بوو .

٣ – گازینۆی ئاشتی : جادەی مەولەوی : شوێنی شێخە صالّحو کتێبخانەی زێوەر . خاوەنەکەی رەئووفی حەمەی سەعەی فەتاح بوو .

٤ – گازینۆی گشتی : جادەی کاوە،خوار ئوتێل سلێمانی خاوەنەکەی قادری وەستا ئەحمەد بوو .

٥ – گازینۆی سەرچنار : لەسەر ئاوی سەرچنار سالّی ١٩٥٨ دامەزراوە .

●

**تێبینی :**

سەردەمی پێشوو ، بەر لەوەی هێزی ئەلەکتریك (کارەبا)و ڕادیۆ بێتە شارەکەمانەوە ، لە چایخانە کۆنەکان‌دا خەلّکی شەوان بەکۆمەلّ دادەنیشتن ، دەست دەکرا بەقسەی خۆش‌و سەر گوروشتەگێرانەوە یان لە هەندێکیان‌دا حیکایەتخوان هەبوون بەرەبەرە داستان‌و سەرگورشتەی کورت‌و درێژیان دەگێرایەوە .. جاری واهەبوو حیکایەتەکە بەمانگێك تەواو دەبوو ، بەتایبەتی لەڕەمەزاناندا . هەندێکی ترکە بەشەو لەچایخانەکان‌دا دەمانەوە کۆری ئاهەنگ‌و گۆرانیان دەبەست لەلایەن دەنگ خۆشەکانەوە . کاتی پەیدابوونی صندوقی قەوان وردە وردە ئەم نەریتە لەناو چایخانەکان‌دا کەمتر بووەوە .

●



حەمەی چایچی
١٨٨٠ - ١٩٧٨



دەروێش فەتاح رەسول چایچی برای عەزەی بابی
١٨٩٧ - ١٩٦٧



ئەمینی لاوە
١٨٨٤ - ١٩٥٠



موحەمەد یوسف موحەمەد
(حەمەڕەق) ١٩٠٥ - ١٩٧٦



ئەمین موحەمەد ئیسماعیل (مینەشەل)
١٩٠٧ - ١٩٧٣



حاجی باقی (بەنگینە)
١٩٠٨ - ١٩٧٢



وەستا ساڵحی وەستا بستە

## فرۆشیاری سەوزە بەتایبەتی کەوەروکەرەوز

١ – سلێمانی مەحموود باخەوان : لەبەر بەلەدیٚ یەکە .
٢ – عەلی سلێمانو قالەی سلێمان : لەبەر بەلەدیٚ یەکە .
٣ – عەبەی کەوەرو حەمەی فەرەج : تەنیشت ئەحەی هۆمەری قەصاب .
٤ – حاجی عەلی‌ی فاتەی عەلاو : لای قەیسەریی نەقیب .
٥ – حاجی سەعە سوور : تەنیشت حاجیلەی شەربەت .
٦ – حەمە صاڵح قادر : لەبەرخانەقا .
٧ – حەسەنی پیرۆز : گومرگە سووتاو .
٨ – حاجی کەریم عەبدوڵلاّ : گومرگە سووتاو .
٩ – سابیری بایزو تۆفەکوێر : مەیدانی ماستەکە .
١٠ – سەعەی کەوەر : پشت حاجیلەی شەربەت .
١١ – مامە رەشە : لە صابونکەران .
١٢ – مەلا کەریمو حەمەی خەجیٚ کوردە : شەریك بوون لە تەنیشت حاجی فەتاحی حەڵواچی یەوە .
١٣ – رەئووفە شەل : لەناو مەیانەکە ..
١٤ – مەلا رەئووف سەوزە فرۆش و حەمە کەریم شەریك بوون، پشت حامی مفتی لەصابونکەران .
١٥ – عەبەی خویٚ : بەرگومرگە سووتاو .
١٦ – دەروێش سمایلە شەل : بەردەرکی سەرا .
١٧ – شێخ صاڵحی سەوزەفرۆش : بەرگومرگە سووتاو .

---

سەرچاوە :–
مەلا رؤوفی سەوزەفرۆش .

# سەوزە فرۆشەکان

(سەوزە و بامیێ وتەماتەو سلْقو کوولەکەو باینجان ..) .

١ – ئەحەسنەیی ... بەرحەوزەکە .

٢ – خاڵە حسە – کوێریش بوو – بەر حەوزەکە .

٣ – حاجی عەبەلادێیی : سەروو حەوزەکە .

٤ – صاڵح قیروان : سەروو حەوزەکە .

٥ – حاجی مەولوودو ئەمین قولی وحاجی صاڵح گونەگا : شەریك بوون لە نزیك حەوزەکە .

٦ – سەیید ئیبراهیمو سەیید مەجید : برابوونو شەریك بوون – نزیك حەوزەکە .

٧ – ئەحمەدی حەمەڕەق وسەعەی ئامان : تەنیشت قەیسەریی نەقیب لای حاجی فەتاحی حەڵواچی ..

٨ – حەمەی خەجیێ کوردە : تەنیشت حاجی فەتاحی حەڵواچی ...

٩ – سەعیاغا : بەرامبەر قەیسەری وەسمان پاشا .

١٠ – ڕەسووڵی بەقاڵ : بەرامبەر گوزەری ئاسنگەرەکان .

١١ – حەمە قرگەیی : بەرامبەر ئەصحابەسپی .

ئەمانەپێش سالاْنی ١٩٤٠ – ١٩٥٠ لەدوای ئەمانەوە :–

١٢ – کەریمی سەعیاغا : خوار بەلەدیێەکە .

١٣ – عەبەی قیروانو حەمەی قیروان : لای خەلفە فەرەجی کەبابچی ...

١٤ – مچەی ڕەعنا : سەرو حاجی دەروێشی قەصاب .

١٥ – فەتاحی حاجی سەعیدی باخەوان : تەنیشت عەبەی قیروان .

١٦ – غەفوور بامیێ : بەرامبەر حاجی دەروێشی قەصاب .

١٧ – حسێنو حەمە صالحو حەمە سەعید قرگەیی : بەرامبەر ئەصحابە سپی .

١٨ – نەجمی سەعە جاف : تەنیشت قەیسەری نەقیب ، بەرامبەر عەبەی عەلی برزووی قەصاب ...

**سەرچاوە :**

حەمەی سەیید برایمی بەقاڵو چەند بەقاڵێکی تر ..

# بەقاڵەکانی میوە

لەشاری سلێمانیدا زۆر بەقاڵی میوە هەبوون ، ئەمانە بەزۆری دوکانەکانیان لای بەلەدی‌یەکەوە بوون . هەموو جۆرە میوەیەکیان دەفرۆشت لەکاتی خۆی‌دا . وەکو ئەم میوە یانەی لای خوارەوە :

١ – ترێی رەشمیری .
٢ – ترێی سەئانی .
٣ – ترێی مام برایمە .
٤ – ترێی کشمیشی .
٥ – ترێی دۆشاوی .
٦ – ترێی سەرقووڵە .
٧ – ترێی رەش .
٨ – ترێی سوراو .
٩ – هەرمێ ناسکە .
١٠ – هەرمێ گوڵاوی .
١١ – هەرمێ سارمە .
١٢ – سێوە هەرمێ .
١٣ – سێوی لاسوورە .
١٤ – سێوی سپی‌ی چنگیان .
١٥ – هەڵووژە قایەری .
١٦ – هەڵووژە رەش .
١٧ – هەڵووژە سپی .
١٨ – هەڵووژە زەرد .
١٩ – کاڵەکی شەمەو وێڵەکە .

٢٠ – کاڵەکی مەرەنگی .
٢١ – شووتیی گەرە دێ – ئەم شووتییە خڕین بووە .
٢٢ – شووتیی سەیید صادق – قەیەفەڕی . درێژ بووە
٢٣ – شووتیی کوڵە ، بچووك بووە ..
٢٤ – خەیاری سوورقاوشان .
٢٥ – ترۆزیو کالیار .
٢٦ – قەیسی .
٢٧ – قۆخ .
٢٨ – هەنجیر .
٢٩ – هەنار .

# بەقاڵەکان

ئەمەش لیستە ناوەکانیان و شوێنەکانیانن :

•

١ – فەتاح هەرمەنی – سەرو حەوزەکە سالآنی پێش ١٩٤٠ .
٢ – حاجی فەرەجی بەقالْو خەلیفە بەکری ئەمینی دەروێشە کۆلْە:هەردوکیان براو شەریك بوون بەرامبەر حاجیلەی شەربەت فرۆش – ناوبازاڕ .
٣ – حاجی ئەحمەد ڕەشیدو حاجی دەروێش وعەلی سوور هەرسێکیان شەریك‌بوون بەرامبەر حاجیلەی شەربەت فرۆش .
٤ – ئەحمەدی عەبدوڵلا بەرامبەر حاجیلەی شەربەت فرۆش .
٥ – حاجی شێخەلی بەرامبەر حاجیلەی شەربەت فرۆش .
٦ – دەروێش سەعید بەرامبەر ئەسحابەسپی .
٧ – حاجی تۆفیق حەمە ئەمین : خوار بەلەدی‌یەکە .
٨ – حەسەن عەرەب .

ئەمانە هەتا سالْی ١٩٥٠ وە خۆیان لەپێش ١٩٥٠ ئێشیان بووە لە دوای سالآنی ١٩٥٠ :

١ – ئەحمەدی صوفی شاکەو حسێنی شەریکی بەرامبەر بەلەدی‌یەکە .
٢ – ئەحە سووری بەقالْو خولەشەلی برای – خوار بەلەدی‌یەکە .
٣ – غەریبی سەیید عەلی – خوار بەلەدی‌یەکە .
٤ – حسێنی حەمە قرگەیی‌و تەیبی بەقالْ (شەریك بوون) خوار بەلەدی‌یەکە .
٥ – بەکری عەلی گوڵەو عوسمانی برای .شەریك بوون، خوار بەلەدیەکە.
٦ – عوسمانی سەعەی قالە بانەیی . خوار بەلەدی یەکە .

٧ - حسینی سەعەی ئامانو عەبە ناوساجی : (شەریك بوون) خوار بەلەدی یەکە .
٨ - عومەری مام فەتاح : بەر بەلەدی یەکە .
٩ - حەمە فەرەجی مام قادر : بەر بەلەدیێەکە .
١٠ - عوسمانی عەلی ئاغا (جۆکەر) : بەر بەلەدیێەکە .
١١ - حسین سەیید مەجیدوعومەری برای : بەربەلەدیێەکە .
١٢ - قادر حسێن (قادرۆك) : بەر بەلەدی یەکە .
١٣ - شێخ مەحموودی بەقالو شێخ موحەممەدی برای - بەر بەلەدیێەکە .
١٤ - عێزەتی مەلاکەریم بەر بەلەدیێەکە ..
١٥ - فەرەج صالح مەشهور بەفەرەج شەیتان لەگەڵ مەحموودی برای شەریك بوون - بەر ئەسحابە سپی .
١٦ - سمەی خونچەلە بەر بەلەدیێەکە .
١٧ - بەکری مام مارف پۆڵکە، بەر بەلەدیێەکە .
١٨ - کەریم چاوەش : بەردەرکی سەرا .
١٩ - ئەحە دێرەیی : بەردەرکی سەرا .
٢٠ - سەعەخورشە : بەردەرکی سەرا .
٢١ - بەکری مۆرهەڵکەن : بەردەرکی سەرا .
٢٢ - بلەی حەمەو بەگ : بەرامبەر مینەشەل .
٢٣ - کەریم تۆفیق : سەروو دوکانی (متی) .
٢٤ - عوسمانی ڕەشەی حاجی فەتاح : صابونکەران .

ئەم میوە فرۆشانە بە شیوەیەکی تایبەتی هاواریان دەکرد ، هاوارکەیان زۆر شتی خۆش‌بوو بە تایبەتی ئیواران لای بەلەدی یەکەوە ئەیانکرد بە هەرایەك نەبێتەوە - هەرکەسە لەبەر دوکانەکەیەوە بەهاوارو بەقیژەوە ئەی‌وت :

١ - تۆوی ئەمریکایەو لیێ قەوماوە .
٢ - بەکۆمەڵ هەڵبژێرە ماڵی خۆتە .
٣ - کۆمەڵێك بەعانەیەك .

٤ – بەشەرتی چەقۆ.
٥ – بەکێشان بەگۆترە .
٦ – تاڵو کرمێ لەسەر خۆم .
٧ – باران باری ترێی ڕەش خۆش بوو .
٨ – خەیاری گوڵبەدەمە خاڵۆ .
٩ – ڕێواسی کەلی خانە .
١٠ – بابەلێ بەلێو ئەخوری .
١١ – ماڵ ماڵ نەبێ وبازاڕ بازار بێت .

**سەرچاوە :**

حەمەی سەیید برایمی بەقاڵ .

باخەوان و سەوزی فرۆشەکان و

بەقاڵی میوە



حاجی رەحیم عەبدوڵلا
(باخی سەید حەسەن بابا رەسول)
١٨٩١ ز - ١٩٧١ ز



حەوبرای حاجی نەسروڵلا
(باخی شێخان)
١٩١٣ زلەدایك بووە



عەبەی کەوەر
(سەوزی فرۆشی کەوەرو کەرەوس
١٩١١ ز لەدایك بووە



ئەمین قولی (سەوزەفرۆش)
۱۹۰۷ ز - ۱۹۸۱ ز



فتاح هەرمەنی (بەقاڵی میوە)
۱۸۷۲ - ۱۹٦۲



سەی مەجید بەقاڵ
(بەقاڵی میوەو سەوزە)
۱۸۹٤ ز - ۱۹۷۸ ز



ئەحمە عەبدوڵلا (بەقاڵ باشی)
۱۹۰۰ ز - ۱۹۷۹ ز



دوکانی رەسوڵی بەقاڵ (تەنیشت دوکاني وەستا گووروونی کەبابچی). ئەم وێنەیە لەسەرەتای ساڵانی چلەکاندا گیراوە.



غەریب سەید عەلی
(بەقاڵی میوە)



عەبە ناو ساجی (بەقاڵی میوە)
ساڵی ١٩١٩ ز لەدایک بووە



تەیب تاهیر محی دین (بەقاڵی میوە)
ساڵی ١٩٢٧ ز لەدایک بووە



میران (عوسمان عەلی عەباس)
(جۆکەری بەقاڵ) ١٩٢٥ ز لەدایک بووە.

## بەقاڵی وشکە

بریتین لە فرۆشیاری ڕۆن‌و برنج‌و هەموو جۆرە زەخیرەیەکی ناوماڵ بۆ چێشت لێنان ....

١ – حاجی مەلا فەرەجی بەقاڵ مەیانی ماستەکە.
٢ حاجی سەلیمی بەقاڵ مەیانی ماستەکە.
٣ حاجی ڕەشە شەل گومرگە سووتاوە
٤ حاجی کەریم گومرگە سووتاو، برابوون.
٥ حاجی مەلا محەمەد: مەیانی ماستەکە.
٦ – حاجی سەعید. باوکی ئەمینی موختار، مەیانی‌ماستەکە. (شەریك بوون).
٧ – حاجی حەمەصاڵح برای مەلافەرەجی نانەوا: بەرامبەر مزگەوتی شێخ موحەممەدی ئاڵەکی.
٨ – حاجی عبداللەی نانەوا: ناو بازاڕ خوار قادرمەکان.
٩ – حاجی تۆفیقی ئەمین: مەیانی خوار بەلەدیێەکە.
١٠ – حەمەی شازەمان مەیانی خوار بەلەدیێەکە.
١١ – ئەمین چتیر: ناوبازاڕ بەرامبەر ڕەشەی کەریمی هەیەر.
١٢ – قالەی کامەلا: بەرامبەر حاجیلەی شەربەت.
١٣ – حاجی ڕەشیدی زەریفێ: پێش حەوزەکەی ناوبازار.
١٤ – مام عەبدوللاَ (عەبوتێر): بەرامبەر قالەی کامەلا.
١٥ – حاجی حەمەکەرە: بەرامبەر حاجی ئەحە کریسی قەصاب.
١٦ – حاجی عەلی کوتەك: پێش حەوزەکەی ناو بازار.
١٧ – حاجی فەرەجی ئەمین: تەنیشت حاجی عەلی کوتەك.
١٨ – غەفووری ئەمین: تەنیشت حاجی فەرەجی برای.
١٩ – عومەرە گۆجی سەعەی قالە بانەیی: بەرامبەر بەلەدیە کۆنەکە

٢٠ – عەبەی قالە بانەیی : تەنیشت مزگەوتی شێخ موحەممەدی ئاڵەکی
٢١ – ڕەشە گۆج : بەرامبەر گومرگە سووتاو .
٢٢ – ئەحەسنەیی : بەرامبەر حەوزەکەی ناوبازاڕ .
٢٣ – مام حموودی بەرامبەر حەوزەکەی ناو بازاڕ .
٢٤ – خالە حسە بەرامبەر حەوزەکەی ناو بازاڕ .
٢٥ – حەمە شەریفی گەبرگە : تەنیشت حاجی سەلیم، مەیانی ماستەکە
٢٦ – حاجی ئەورەحمانی کانی بەردینەیی : ناوبازار لای قادرمەکان
٢٧ – حاجی ئەحمەدی ڕەشیدی بەقاڵ، بەرامبەر بەلەدی‌یە کۆنەکە
٢٨ – حاجی دەروێش غەفوور ئەمین: بەرامبەر بەلەدی‌یە کۆنەکە
٢٩ – حەسەنی دەوڵەت : بەرامبەر حەوشی سەرا .
٣٠ – حاجی ئەحە تەتە : بەرامبەر حەوشی سەرا .
٣١ – حاجی حەمە صاڵحی وەستا قادری حەمامچی بەرامبەر حەوشی سەرا .

عەلافەکان و بەقاڵی ووشکە



حاجی موحەمەدی سلۆ (عەلاف)

۸۸۷ ز - ۱۹۷۳ ز



ئاغای حەسەنی قەرەنی

(عەلاف)



مەحموود حاجی سەعید

(خولە زیرە) عەلاف

۱۸۹۵ - ۱۹٦۵ ز



مەلا ئەحمەد سەعید (عەلاف)

١٨٩٦ ز - ١٩٦١



قادر حەسەن کامەلا (بەقاڵی وشکە)

٩٠٥/ - ١٩٦٧ ز



حاجی عەلی موحەمەد عەزیز (بەقاڵی وشکە

(حاجی عەلی کوتەڵ)   ١٩٠٤- ١٩٨٤ز



حاجی ئەحە تەتە (بەقاڵی وشکە)

١٩٦٣ز وەفاتی کردووە



حەمەی شازەمان (بەقاڵی وشکە)



عوسمانی سەعید ماستاو لە [illegible] قەیسەری نەقیب
٩١٤- ١٩٨٣ کۆچی دوایی کردووە



حاجی رەشید زەیفێ (بەقاڵی وشکە)
(وێنەی ناو دوکانەکەی نزیك حەوزەکەی ناوبازار)

## – عەتارەکان –

شاری تازە ، بناغەی لەسەر بازرگانی‌و پیشەسازی‌و خوێندەواری دامەزراند ، بەلام پێکەوە نانی شارێکی تەواوی سەر بەژیانی شارستانێتی ، گەلێك کردەو کۆششی تری دەویست ، بازاری تەواوی هەمەرەنگی دەویست . دابین کردنی ژیانی رۆژانەی شاری دەویست . لەبەر ئەوە لەپاڵ ئەو سێ کوچکەیەدا ، کۆمەڵێك کارو کاسبی‌و هۆی گوزەرانی رۆژانە هاتە ناوەوە کە سیمای یەکێتی‌و تەواوی شارو لادێیەو ئەم شارەی دەبردە ریزی شارانی تر .

بۆ ئەمەش لەپاڵ ناوی ئەو کارو کاسبیانەدا کۆمەڵێ ناوی کۆشش کەران‌و رەنجدەرانی ئەو مەیدانە کۆدەبنەوەو دەچنە ناو تۆماری رەنگینی ئەو شارەو هەموو خەڵکی سەرفرازی ئەو شارەوە .. (ع . م . ر)

ئەوانەی داوو دەرمان بەهاراتیان دەفرۆشت .

| | |
|---|---|
| ١ – سەید مستەفا | قەیسەری نەقیب |
| ٢ – قادر ئاغای برایم ئاغا | قەیسەری نەقیب |
| ٣ – میرزا صالح | قەیسەری غەفوور ئاغا |
| ٤ – خولەپارە پیس | قەیسەری غەفوور ئاغا |
| ٥ – ئەورامی جوولەکە | قەیسەری نەقیب |
| ٦ – فەتاحی عەتار | بەرحەوزەکە .. |
| ٧ – حەمە سەعیدی چاوداقلیشاو | بەرحەوزەکە .. |
| ٨ – مەلا ئەحمەدی چایی | قەیسەری غەفوور ئاغا |
| ٩ – سەید عەلی سەید مستەفا | قەیسەری نەقیب |
| ١٠ – حەمەکەی مام صالح | خوار حەوزەکە .. |
| ١١ – عارف بڕنووتی | بەرحەوزەکە |
| ١٢ – حاجی ئیبراهیم | قەیسەری نەقیب |
| ١٣ – عومەری ئەورەحمانە خڕە | قەیسەری نەقیب |

## عەلافەكان

ئەوانەی گەنمو جۆو برنجو نیسكو نۆكو ماشیان دەفرۆشت ئەمانەی لای خوارەوە بوون:

| | |
|---|---|
| ١ – عارف بەگی عەبدوللاّ بەگ | بەرامبەر بەلەدی‌یە كۆنەكە |
| ٢ – حاجی ئایشیّ | لای گومرگە سووتاو |
| ٣ – عەبە تەشیلە | لەمەیدانی ماستەكە |
| ٤ – عەبلان | لەمەیدانی ماستەكە |
| ٥ – صاڵح بەگ (بەگە) | لەمەیدانی ماستەكە |
| ٦ – خاڵە عەبۆل | لەمەیدانی ماستەكە |
| ٧ – حەمە عەلی‌ی حەیران | لەمەیدانی ماستەكە |
| ٨ – حەمە ئاغا | لەمەیدانی ماستەكە |
| ٩ – فەتحوللاّ ئەمین | لەمەیدانی ماستەكە |
| ١٠ – حاجی كەریم لەیلیّ | لەمەیدانی ماستەكە |
| ١١ – ئەحمەد كەریم لەیلیّ | لەمەیدانی ماستەكە (براو شەریك بوون.) |
| ١٢ – ڕەشەی ئەمین كورتەك | لەمەیدانی ماستەكە |
| ١٣ – فەرەجی قالە كوردە | لەمەیدانی ماستەكە |
| ١٤ – موحەممەدی حاجی ئیبراهیم | لەمەیدانی ماستەكە |
| ١٥ – مەلا ئەحمەد | لەمەیدانی ماستەكە |
| ١٦ – حەمەی قالەی داود | لەمەیدانی ماستەكە |
| ١٧ – ئەحەی ئەستێر | لەمەیدانی ماستەكە |

١٨ – سەعید صالح لەمەیدانی ماستەکە
١٩– شاه موحەممەد بەردەمی ئاشی گاورەکە
٢٠ – عەزەی شوکرە بەردەمی مزگەوتی خومخانەکە

٢١ – حاجی شێخ حەسەن خوار پردەکە نزیك مەیدانی ماستەکە
٢٢ – حاجی موحەممەدی سلۆ خوار پردەکە نزیك مەیدانی ماستەکە
٢٣ – ئەورەحمانە خڕە خوار پردەکە نزیك مەیدانی ماستەکە
٢٤ – صاڵح بانەیی خوار پردەکە نزیك مەیدانی ماستەکە
٢٥ – شێخ لەتیف خوار پردەکە نزیك مەیدانی ماستەکە.

٢٦ – ئەورەحمانە شەڵ سەروو بەلەدی‌یە کۆنەکە
٢٧ – تۆفیقە شەڵ سەروو بەلەدی‌یە کۆنەکە

٢٨ – حەمەوبەگی عارف بەگ خوار بازاری شووشە
٢٩–عەبدوڵڵا بەگی عارف بەگ براو شەریکبوون
٣٠ – ئەحلان چاوشێن لای حەمامی شێخ مارف
٣١ – کەریم چاوشین برابوون و شەریك بوون

٣٢ – ئاغای قەرەنی لای حەمامی شێخ مارف
٣٣ – سووران لای حەمامی شێخ مارف
٣٤ – خولە زیرە لای حەمامی شێخ مارف
٣٥ – شێخ عەزیز لای حەمامی شێخ مارف
٣٦ –حەمە صالح سوور لای حەمامی شێخ مارف
٣٧ – حاجی کەریم لای حەمامی شێخ مارف
٣٨ –قالەی بلەشێخە لای حەمامی شێخ مارف

٣٩ – حاجی عەوێز کۆڵانی بەرامبەر مەیدانی ماستەکە
٤٠ – مەلا قادر کۆڵانی بەرامبەر مەیدانی ماستەکە

٤١ – مەلا حەسەن کۆلانی بەرامبەر مەیدانی ماستەکە
٤٢ – مەلا فەرەج کۆلانی بەرامبەر مەیدانی ماستەکە
٤٣ – عومەرە گۆج کۆلانی بەرامبەر مەیدانی ماستەکە
٤٤ – شێخ قادر کۆلانی بەرامبەر مەیدانی ماستەکە

٤٥ – موحەممەدی حاجی قادر بەر گومرگە سووتاو
٤٦ – موحەممەدی قەپانچی شەریك بوون

٤٧ – فاتمە خانی عەلافیش لەئافرەتە دیارەکانی شاری سلێمانی بوو.

٤٨ - حاجی رەسووڵ ئیبراهیم مەیدانی ماست فرۆشەکان

سەرچاوە
شێخ لەتیفی عەلافو چەند عەلافێکی تر.

# ئاشەکان

## ئاشی مەکینە

دوای ئەوەی بارو دۆخی ولأت نەوەستاو بەرەوپێشکەوتن رۆیی ... ئاشی ئاویش گۆرا بە ئاشی مەکینە کەوا ئاسانترو بەبەرهەمترو خاوێن تر بوو لە ئاشی ئاو .. چەند کەسێ ناودار هەوڵی هێنانو دانانی ئاشی مەکینەیان دا لە شاری سلێمانیدا .. ئێمەش والیستەی ئاشە مەکینەکانو خاوەنەکانیانو جێگاکانیان دەخەینەروو .... بۆ هارینی گەنمو جۆو چەڵتووك .

١ – ئاشی کەریمی عەلەکە : «ئاشی گاورەکە» لای مزگەوتی خومخانەکەوە .

٢ – ئاشی مەلا فەیزی : لەپێشدا لە شوێنی کتێبخانەی (گەلاوێژ) لە شەقامی مەولەویدابوو لەدوایی دا گواسترایەوە سەرپردەکە لەهەمان شەقام بەرامبەر بیناکەی تۆفیق قەزاز .

٣ – ئاشی حەمەرەشید ئاغا : لە گومرگە سووتاو .

٤ – ئاشی میرزا غەفوورو حسەینی حاجی رەشید لەپشتی خانە سووتاو لەکۆڵانەکەی بەرامبەر «ئەحمەدی» .

٥ – ئاشی شێخ جەلال : بەرامبەر مزگەوتی مەحوییە .

٦ – ئاشی رەشەی مەلا برایم : لەکۆلآنی خوار مزگەوتی خومخانەکەوە ..

# هەلاجەکان

لەشاری سلێمانی‌دا دوکانی هەلاج زۆربوون ئەمەش لیستەی ناوی زوربەیانە . لەخانی غەفوور ئاغا بۆ شی‌کردنەوەی لۆکە :

١ – وەستا قادر ئەمین (قالەی کروسك) .
٢ – وەستا ڕەحیم .
٣ – وەستا حەسەن .
٤ – وەستا سوڵتان .
٥ – وەستا رەئووف ڕەحیم.
٦ – وەستا صابر ڕەحیم . برابوون.
٧ – وەستا ئەحە نەبەرد .
٨ – وەستا مەلا ڕەسوول عەبدوڵلا .
٩ – وەستا کەریم ئەحمەد (کەریمەدێز) .
١٠ – وەستا صالح شایەر .
١١ – وەستا حەمەی وەستا قادر
١٢ – وەستا عوسمانی وەستاقادر. برابوون کوڕانی وەستا قادری کروسك .
١٣ – وەستا برایم عەلی .
١٤ – حەمە ڕەشید.
١٥ – وەستا ڕەزابرابوون .
١٦ – وەستا حاجی قادر .

دوای ئەمانە کە خانەکە فرۆشراو کۆن بوو و ڕوخا هەندێکیان چوونە گوزەری پانی بەرز درووەکان ، وەهەندێکیان چوونە گوزەری هەلاجەکان ، ئەویش بوو بەگوزەر لە بەردەمی مزگەوتی شێخ ئەوڕەحمانی عازەبانی بەرامبەر قەیسەریی نەقیب‌دا .

١٧ – وەستا شێخ ئەمین جادەی کانێسکان . .
١٨ – وەستا مەجید : لای مزگەوتی شێخ سەلام .
١٩ – وەستا حەمشەلاڵ : لای حەمامی سوورەت .
٢٠ – وەستا عەبەی مەولان لای حەمامی سوورەت .
٢١ – وەستا مەلافەرەج . کانێسکان .
٢٢ – وەستا شێخ محی‌الدین شێخ ڕەشید سەرچاوەی کانیسکان .
٢٣ – وەستا عەلی لاڵ ، گوزەری پانی بەرزدرووەکان .
٢٤ – وەستا حاجی حسین گوزەری پانی بەرزدرووەکان .
٢٥ – وەستا عەزەی وەستا صادق پانی بەرزدرووەکان .
٢٦ – وەستا ڕەحیم کەریم ئەحمەد پانی بەرزدرووەکان .

سەرچاوە :

وەستا (مەلا ڕەسووڵ عەبدوڵلای هەلاج) .



هەلاج

# کارگەچی یەکان

ئەم پیشەیە بەرهەمی لەوشتە بەنرخانەیە کە دەچێتە خانەی بەکار هێنانو هونەرو فولکلۆرەوە لە باریدا هەیە ئەگەر زیندووبکرێتەوە هەندێ گۆڕین بەسەر ئامێری کارەکەیدا بهێنرێ وتەکنیکی تازەی بۆ بخرێتە مەیدانەوە ، تا ئەمرۆش سوودی هەبێ و بەرەوپێشەوە بڕوا چونکە کەرەسەی بەرهەمو هونەری دروستکردنو شێوەی سوود لێ بینینو بەکارهێنانی هەر کوردستانین .

(ع. م. ر)

کارگەچی یەکان ئەم شتانەی خوارەوەیان درووست دەکرد لەلباد :

١ – فەرەنجی .
٢ – سەرکڵاو بۆباران .
٣ – لباد لەباتی بەڕە .
٤ – شەپقە بۆ بەرهەتاو .
٥ – سدارە .
٦ – پوزەوانە .
٧ – هیزەدان .
٨ – کیفی تفەنگ .
٩ – قەنەواچەی سەرشانی چاکەت بە لباد .
١٠ – پەستەك .
١١ – سەر زین بۆ ئەسپ .
١٢ – نەرمەزین بۆ ئەسپ .
١٣ – عارەق گێر بۆ ئەسپ تایبەت بۆ ژێر زینەکەی .
١٤ – کەرك یا کەپەنك بۆ شوان .

کارگەچی یەکان هەموویان لەماڵی خۆیاندا ئیشیان دەکرد لە گەڕەکی چوارباخ لقی (هۆلیێ) کە بە گەڕەکی قەصابەکان بەناوبانگ بوو .

## - ناوی کارگەچی‌یەکان -

١ – وەستا عارف : بەناوبانگ بوو بەعەرەبەی کارگەچی .. خەلفەو شاگرد :
١ – حەمەی شاناز .
٢ – حەمە فەرەجی شان خوار .
٣ – عەبەی حاجی ئەسپایی .
٢ – حاجی عەبدول رەحمان موحەممەدی ئاڵتوون :
خەلفەو شاگرد :
١ – عەزەی حاجی محی‌الدین .
٣ – حەمە صالحی ئەسڵان .
خەلفەو شاگرد :
١ – عەبەی حەمەی شاڵی
٢ – مەلا فەرەج .
٤ – مەجید ئەسلان :
خەلفەو شاگرد .
حەمەعەلی‌و عەبەی قەیەم وکەریمی قەیەم .

٥ – فەتاحی قوڵفە ساج‌و مەولوی قوڵفەساج .
خەلفەو شاگرد :
عەبەی تەڵەمشك .

٦ – عەبەی مەولان .
خەلفەو شاگرد :
مینە کەچەڵ .

٧ – فەتاح شەریف (فەتاحەشەل) .
خەلفەو شاگرد :
ڕەشەو ڕەزای کوڕانی فەتاحە شەل .

٨ – وەستا موحەممەد : (حەمشەلاڵ) .
خەلفەو شاگرد :
١ – صاڵح عەلی بانەیی .
٢ – حاجی حسێن پێنجوێنی .
٣ – حەمە سەعیدی برای صاڵح .

٩ – عەبدوللاّی حاجی موحەممەد (عەبەی حاجی ئەسپایی) .
خەلفەو شاگرد :
١ – عەبەی فەیزە .
٢ – موحەممەد فەیزوللاّ .
٣ – دەروێش سەعید .

١٠ – عەلی عەرەبەی کارگەچی :
خەلفەو شاگرد :
حەسەن‌و هیواو عوسمان‌و کوڕانی عەرەبەی کارگەچی ئیشیان بۆ علی برایان کردووە .

١١ – حاجی قادری گەچفرۆش
١٢ – مەلا کەریمی گەچفرۆش. هەردوکیان برابوون: لەگەڕەکی چوارباخ .
١٣ – مەلا عیزەتی گەچفرۆش .
١٤ – حەسەنی شاناز : شاگردی مەلاعیزەت .

سەرچاوە :
عوسمانی کوڕی وەستا عارفی عەرەبەی کارگەچی .

# – جۆلاّکان –

جۆلاّییش هەر لەو پیشانەبوو کە بەکار (تەتبیق) داهێنانو هونەرو فۆلکلۆریان کۆدەکردەوەو تائێستاش توانای زیندوو کردنەوەیان هەیە چ بۆ بەکار هێنانیان بۆ سوودی رۆژانەو چ بۆ یادکردنەوەو بایەخ پێدانی فولکلۆری کورد لە هەموو جیهان دا .
(ع. م. ر)

دەزگای جۆلاّ بریتیبووە لەم شتانەی خوارەوە :

١ – نەوەرد .
٢ – لایەر .
٣ – دانەو گورد .
٤ – چۆلەکەو لاڵە .
٥ – پیٚ تەتە .
٦ – پردەڵە ،
٧ – مۆڵەقە .
٨ – خەرەك .
٩ – دۆخ .

**ئەو شتانەی جۆلاّکان درووستیان دەکرد :**

١ – بەرماڵ .
٢ – جاجم .
٣ – پۆ پەشمین .
٤ – شاڵی رانکوچۆغە .
٥ – شاڵی کۆبان ... هەندێ شتیتر .

لەلاپەڕەی یادگاری ناوی هونەرمەندانی ئەم پیشە ڕەنگینەش‌دا ئەم ناوانە دێتەوە یاد :

| ناو | شوێن |
| --- | --- |
| ١ – وەستا بەرخە | مەیانی ماستەکە |
| ٢ – وەستا موشەی کوڕی بەرخە | مەیانی ماستەکە |
| ٣ – وەستا دەروێش حەسەن | مەیانی ماستەکە |
| ٤ – ڕەحیمە جوو | مەیانی ماستەکە |
| ٥ – وەستا ئەحمەد کێلەیی | مەیانی ماستەکە |
| ٦ – وەستا حاجی موحەممەد | مەیانی ماستەکە |
| ٧ – وەستا یاقوب | مەیانی ماستەکە |
| ٨ – وەستا شەومیر. برابوون | |
| ٩ – وەستا ئەلەچزە | مەیانی ماستەکە |
| ١٠ – وەستا عەلی شەریف | مەیانی ماستەکە |
| ١١ – وەستا سالەجوو کوڕی مالوم | مەیانی ماستەکە |
| ١٢ – وەستا میرە جوو | مەیانی ماستەکە |
| ١٣ – وەستا عەلی بەربەر | مەیانی گاکە |
| ١٤ – وەستا مچەگەزە | لای مزگەوتی گەورە |
| ١٥ – وەستا حاجی محی‌الدین لەیلێ | لەماڵی خۆی‌دا بەرامبەر مزگەوتی قامیشان |
| ١٦ – وەستا مەلا صابر | لەماڵی خۆی‌دا تەنیشت مزگەوتی قامیشان |
| ١٧ – وەستا بەکری میسری | کانێسکان ، شوێنی حەمامی کانێسکان |
| ١٨ – وەستا حەمەی میسری | کانێسکان ، شوێنی حەمامی کانێسکان |
| ١٩ – وەستا قالەی میسری | کانێسکان ، شوێنی حەمامی کانێسکان برابوون. |

| | |
|---|---|
| ٢٠ – وەستا میرزا فەتاح : | هەر لەماڵی ئەوان |
| ٢١ – وەستا حاجی سەعید | لەماڵی خۆیدا لە صابونکەران |
| ٢٢ – وەستا حاجی سەعید | لەماڵی خۆیدا لە سەر چیمەن |
| ٢٣ – وەستا عەبەی کانێسکانی | لەماڵی خویدا لە کانێسکان. مێردی ڕەحەکانێسکانی |
| ٢٤ – وەستا فەرەجە سوور | لەماڵی خۆیدا بەرامبەر مەکتەبی غازی |
| ٢٥ – وەستا فەرەج | تەنیشت مزگەوتی قامیشان |

سەرچاوە : وەستا عەلی شەریفی جۆلاو چەند جۆلایەکی تر...

سەنعەت کارەکان



حاجی کەریم خان (کۆش درووی)
١٨٨٦ - ١٩٥١ کۆچی دوایی کردووە



حاجی عارف زیزان (کەوش دروو)
١٩٠٠ز - ١٩٧٠ ز کۆچی دوایی کردووە



وەستا عەزیز حاجی عەزیز (کەوش دروو)
١٩١٢ ز - ١٩٨٢ ز کۆچی دوایی کردووە



ئیسماعیل ڕەشید موحەمەد (سمەی ریحان)
پانی بەرز درووو ساڵی ١٩٠٧ ز لە دایك بووە



سۆفی کەریمسەراج



وەستا عەباس محی‌الدین (سەراج)
١٨٩٢ ز - ١٩٧٤ ز کۆچی دوایی کردووە



حاجی حەمە ساڵی ئەسڵان (کارگەرچی)
١٨٩٣ ز - ١٩٧٣ ز کۆچی دوایی کردووە



حاجي مەجيد ئەسڵان (کارگەچی)

١٩٠٦ ز - ١٩٨٢ ز کۆچی دوایی کردووە



وەستا قادری مچیل (شیرگەر)

١٨٦٠ ز - ١٩٦٥ ز کۆچی دوایی کردووە



حەسەن ئەحمەد حەمە سوور (شیرگەر)

١٩٠٠ ز - ١٩٦٥ز کۆچی دوایی کردووە



حاجی سابیری مەلا موحەمەد
مەلا عەبدوڵڵای مەلا موحەمەد
(وێنەی ناو دوکانەکەیان لە کاتی دروست کردنی پانی بەرزدا)



پێڵاوی کەوش



پێڵاوی پانی بەرز



کلاش چنین



تاقمی کەرسەی شیرگەری بۆ
دروست کردنی خەنجەر خاوەنەکەی:
قالەی مچیل



جوڵا



کۆپان دروو



مزگەر



نالّ بەند

# موتابچی یەکان

ئامێرەکانی دروستکردن :

١ – شانە : مووشیکردنەوە .
٢ – مەندەف : ئامێری شیکردنەوو گرێ لابردنی مووە ، ئەمیش یاریدە دەری ڕستنی چەرخە ، چونکە موو دەکات بەکلۆیەك کە زۆر بەئاسانی دەڕێسرێ .
٣ – چەرخی مووڕستن : ئەو ئامێرەیە کە موو دەڕێسیو دەیکات بەبەن .
٤ – خەڕەك : ئەم ئامێرە بەن هەڵدەکاتە سەر لوولە بۆ پوی شاڵەکە ، دیسان خەڕەك ئیشیتری کردووە لە شوێنیتردا بەکارهێنراوە بۆ ڕستنی لۆکە .

موتابچی یەکان لەماڵی خۆیاندا ئیشیانکردووە لە گەڕەکی گاورانو سەرچیمەن ... شاڵی ئەستوورو سفتیان دروستکردووەو کە بەکارهێنراوە بۆ دەوری کۆپان و تورەکەی ئالیكو خەراری تووتنیان دروستکردووە لەبری گونیە بەمووی بزن ...

**ناوی موتابچی یەکان :**

١ – ئەڵلا ویردی : لەگاوران مەتیو مەرقۆزی کوڕی ئیشیان بۆ کردووە .
٢ – موسای گاور : لەگەڕەکی گاوران کە نیسانو ڕۆکسی کوڕی ئیشیان بۆکردووە .
٣ – ئاڵتونی گاور : لەگاوران ، لەدوایی دا بوو بە مسوڵمان ناوی خۆی گۆڕی بەمیرزا ئەحمەد .
٤ – مام ڕەسووڵ : لەسەرچیمەن برایمو سمایلی کوڕی ئیشیان بۆکردووە .
٥ – حاجی صاڵحی موتابچی لە سەرچیمەن .
٦ – سەعیدی موتابچی لە سەرچیمەن (برابوون) .

٧ – فانووسی گاور : هەر بەتەنها ئیشی‌کردووە لە گاوران .
٨ – کەریم مەزهەر : لە سەر چیمەن هەر خۆی ئیشی کردووە .
٩ – سەرکیسی گاور : هەر بەتەنها ئیشی کردووە لە گاوران .
١٠ – مام داود گاور ، هەر بەتەنها ئیشی کردووە لەگاوران .
١١ – حاجی صالحی سەعەی حەمە ئەمین .
١٢ – وەستا عەلی‌ی سەعەی حەمەئەمین .
١٣ – وەستا ئەحمەدی سەعەی حەمەئەمین .
١٤ – حاجی مەحموودی سەعەی حەمە ئەمین . لە سەرچیمەن . هەر چواریان برابوون .

**سەر چاوە**

١ – سەرنجێك لەدەروازەی فولکلۆری کوردەوە .
لەبڵاوکراوەکانی نقابەی مامۆستایان ..
٢ – کاك عەلی دەدەی توتنچی کەوەختی خۆی لەگەڕەکی سەرچیمەن دراوسێی ماڵە موتابچی‌یەکان بوو ..

# وەتراقچی یەکان

وەتراقچی یەکان ئەم شتانەی خوارەوەیان فرۆشتوە ... شتی کۆنە .

١ – بەرە .
٢ – فەرشەکۆن .
٣ – لباد .
٤ – جاجم .
٥ – رانكو چوغە .
٦ – پۆپەشمین .
٧ – مەوج .
٨ – گوریس .
٩ – پاشکۆی ولاخ .
١٠ – هۆر .
١١ – زەنوڵە .
١٢ – مەسینەی حەوت جۆش وچەندان جۆر کە لوپەلی تر . وەتراقچی یە بەناوبانگەکانی شاریش ئەمانە بوون .

١ – حاجی محی الدین ی وەتراقچی : خوار حەوزەکە .
٢ – دەروێش ڕەحیمی وەتراقچی : مەزاد خانەکە .
٣ – فەقێ فەرەج خانە (مەلافەرەج) شەریك بوون لە مەزادخانەکە .
٤ – حاجی فەرەج حەمەئاغا مەزاد خانەکە .
٥ – خولەی ئایشێی دەلاڵ مەزادخانەکە .
٦ – حاجی صاڵح مەزادخانەکە .

٧ – ڕەشەی پیرۆز مەزادخانەکە .
٨ – مەلا مەحموود مەزادخانەکە .
٩ – مەلا ئەورەحمان (مەلاڕووسی) مەزادخانەکە .
١٠ – شێخ ئەمین . مەزادخانەکە .
١١ – حاجی کەریمی غەواس .

**سەرچاوە :**

ئەحەی حەمە سوور ،ئەو دەمە پێڵاو دروو بووە لەخوار حەوزەکەی ناوبازاڕ کە لە گوزەرەکە لەناویاندا ژیاوە ...

# خومخانەچییەکان

خومخانەچی یەکان هەمیشە قووماشی خامو بلووری وکلاڤەبەنی گەورەیان دەهێنا ، دەیانخستە ناو مەرکانەی گەورەوە . ئینجا دەرمانی تایبەتی یان کە «رەنگ» بوو ، پی یان دەوت «خوم» دەیانکردە مەرکانەکەوە ، دیسان ئاگریان لەژێری دا دەکردەوە تابەجوانی تێکەڵاودەبوو وە دەکوڵا ، پاشان دەریان دەهێناو هەڵیان دەخست تاوشك دەبووەوە ئیتر ئەو ڕەنگەی بیانویستایە دەیگرت . بێگومان هەموو جۆرە ڕەنگێکیان هەبوو لەکاتی پیویستی دا بەکاریان دەهێنا .

شوێنی خومخانە چی یەکان تەنیشت گوزەری ئاسنگەرەکان بووە والێرەش دا لیستەی ناوی هەندێ لەو خومخانەچی یانە دەخەینەوە یاد ...

١ – حاجی کەریم .
٢ – حاجی شێخ ڕەشید .
٣ – مەجۆل .
٤ – حاجی مستەفای کوڕی حاجی کەریم .
٥ – یاشاعیا .
٦ – برایمو عەبە جوو . برابوون .
٧ – سمایلە جوو .
٨ – صالحی بنەوشە .
٩ – قالەی شێخ ڕەشید .
١٠ – سەعە جوو .
١١ – خێلێ خوم شین (مستەفاو موحەممەدی برایو ئەوانی تر) ...

# چەخماخ سازەکان

چەخماخ ساز بەوانە دەوترا کە چەکیان چاك دەکردەوە ، بە تایبەتی تفەنگ‌و دەمانچە وتاپڕ... بەڵام چەخماخ ساز وەنەبێت هەرئیشیان چاککردنەوە بوو بێت بەڵکو بەتوانا بوون وخۆشیان دروستیان دەکرد ، وەبەکاریش دەهات : هەرچەندە میجەرسۆن لە زەمانی ئینگلیزدا لێی قەدەغەکردن نەی‌هێشت دروستی بکەن بەپێچەوانەوە سزای دەدان .

ئەوشتانەی کە چەخماخ ساز دروستیان دەکرد جگە لەتفەنگی حسکەو دەمانچەو ساچمەزەنگی راویش بووە وەفیشەك‌و مقاشی زەردو قەنەو قفڵی لولەو ئەڵقەریزو دوولاپی‌و تەقوڵباب‌و شەکرشکێن‌و کلیل‌و کڵۆم‌و کەوچك‌و چا پاڵێویشیان دروست‌دەکرد . ئەمانەش نموونەی ئەو چەخماخ سازانەن لەگەڵ دیاری‌کردنی شوێنی ئیشەکەیان‌دا :-

١ - شێخ لەتیفی دانساز : لەماڵی خۆی‌دا لای باخی شێخ لەتیف .

٢ - ئەحمەد ئاغای مەحمود ئاغا : گوزەری‌زەڕەنگەرەکان ناوبازاڕ کۆڵانی تەنیشت ئەحمەدی .

٣ - ئەحمەدی برایم ئاغا : خوار قوتابخانەی گۆیژە .

٤ - شێخ حەسەنی شێخ عەبدوڵلا : خوار حەوزەکە لای پانی بەرزدرووەکان .

٥ - حەمەی ئەحمەد ئاغا : خوار حەوزەکە لای پانی‌بەرز درووەکان .

٦ - وەستا ڕەشید حسێن ئاغا : خوار قوتابخانەی گوێژە .

٧ - وەستا میرە .

٨ - وەستا موحەممەد

٩ - وەستا ئەحمەد لای پانی بەرز درووەکان. هەرسێکیان برا بوون

١٠ - وەستا صاڵح ، باوکی حەمە زلەی ئوتوچی : خوار دوکانی مەلاعەلی صحاف .

١١ - حاجی حسین یابە : خوار حەوزەکە ، لای‌پانی بەرزدرووەکان .

١٢ - حاجی صالحی سەعید سلەیمانی جەژنی : لای‌پانی بەرزدرووەکان .

١٣ – حاجی فەرەج بەگ (باوکی ڕەشید ئەفەنی و حاجی عەزیز بەگ و مەجیدبەگ (لەمەیدانی ماستەکە)

١٤ – وەستا سەعیدی چەخماخ ساز : مەیدانی ماستەکە .

١٥ – وەستا توفیق صالّح : لەدەشتی ئەحمەدی ساغا بەر ئەسحابەسپی .

١٦ – صالّح بەگ : بەرامبەر خەلفە ڕەشیدی کەبابچی .

١٧ – وەستا سمایلی چەخماخ ساز : لەماڵی خۆیدا لەکانیسکان .

١٨ – حسین ئاغا : خوار حەوزەکە لای پانی بەرز درووەکان .

١٩ – مستەفا بەگی باوکی ئەحمەد بەگ : لەماڵی خۆیدا لەگەڕەکی سەرگۆل .

٢٠ – برایم ئاغای مەلاعەزیز : گوزەری‌زەڕەنگەرەکان ناوبازاڕ کۆڵانی لای ئەحمەدی .

٢١ – وەستا حسین کۆڵانی لای ئەحمەدی .

٢٢ – وەستا فەتاح شەشخانە :

یەکێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان کە ناوی (ئەدمۆنس)ە ئەڵێت شاری سلێمانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ، بەدروستکردنی تفەنگ بەناوبانگ بووە ... بەشێك لەم بەرهەمە دەنێررا بۆ ناوچەی کوردەکانی تورکیاو ئێران .

دیسان دەڵێت : کاتێ کە سوپای ئینگلیز عیراقی داگیرکرد دروست‌کردنی تفەنگ لەتوانەوەدا بوو ، دوایی وردەوردە نەما ، بەڵام فیشەك وتەقە مەنی‌یان هەردروست دەکرد وە جار جارێکی کەم بەکاریان دەهێنا بۆ کێشانی شتومەك لەجیاتی سەنگ .

دیسان ڕۆژهەڵاتناسیکی تر کەناوی (مارك سایکس)ە دەڵێت : ساڵی ١٩٠٢ بەچاوی خۆم دیومە کە (١٥٠) تفەنگ لە دەست کردی چەخماخ سازەکانی سلێمانی دروست کرابوو ، هەروەها دەڵێت زۆر لە تفەنگی (مارتین بیبودی) دەچوو ..

سەرچاوە :

کتێبی مارك سایکس (دار السلام – لندن – ١٩٠٤) .

# شیرگەرەکان

## خەنجەرسازی یان «شیرگەر»

## شێوەی دروستکردنی خەنجەر وجۆرەکانی

١ – خەنجەری دەبان :

لەشمشێر درووست دەکرێت .. شمشێرەکە گەرم دەکراو ئینجا بە شێنەیی دەکوترایەوە ، بەلاّم کە گەرم دەکرا نەئەبوو بگاتە باری سوور بوونەوە ، چونکە خاڵو جەوهەرەکەی دەسووتا وەهەر شمشێرێك دوو خەنجەری لێ دروست دەکرا .

دەبان – کاتمە – بەگەلاّلەیی دەکرا ، مانای پێش تەواو بوونی تیغەکە بەنیوە چلّی – کاتمە – دەکرا .

کاتمە ئەوە یە کە تیغەکە بە بربەند گوڵگوڵ یان دابڕدابڕ دەکرا بەمشار .. ئینجا دەخرایەوە ناوکوورە ، هەروەها دەکوترایەوە ... بۆجاری دووەم دەمی ساف دەکرا ... وە ئەو خەتانە – دابڕەکانی نامێنیّ ، ئینجا تیغەکە گوڵگوڵ نەخشی تیا دروستدەکرا .

٢ – خەنجەری خۆراسان :

ئەمیش لە شمشێر درووست دەکرا ، بەلاّم کەمێك جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاسنی شمشێری خەنجەری دەبان . ئامادەکردنی ئەمەیان وەك دەبان نییە ... ئەمیش جەوهەرداره بەڵکو جەوهەرەکەی گوڵگوڵ نییە .

٣ – خەنجەری قەزبین :

ئەمیش هەر لەشمشێر درووست دەکرا ، لەناو کوردەواری دا بەناوبانگ بوو بە – قەزبێنی شام – دیسان ئەمەشیان جەوهەرداره بەلاّم جەوهەرە کانی بەسەر زەرددا دەنوێنیّ ، ئەمە جۆرێکیان .

قەزبێنی ساکار : ئەمیش لەئاسنی ساکار درووست دەکرا نەك لەئاسنی شمشێر .

٤ – خەنجەری شینەتیغ :

ئەمەیان بیّ جەوهەرە بۆیە بیّبایەخ بوو لەناو خەڵکیدا .

# ناوی شیرگەرەکان

١ – وەستا قادری وەستا مچیل (قالەی مچیل) وەستاباشی شوێنەکەی ناوبازاڕ بەرامبەر کەبابخانەی وەستا حەمەئەمینی قجوول .
٢ – وەستا ئەحمەدی مچیل : برای وەستاقادر بوو ، خوار دوکانی وەستاقادری برای ...
٣ – وەستا ئەحەرەشی شیرگەر : خوار وەستا ئەحمەدی مچیل .
٤ – وەستا حەمەی پیرۆتی شیرگەر : خوار وەستا ئەحە رەشی شیرگەر .
٥ – وەستا حەمەی لەیلێ : بەرامبەر وەستا ئەحمەدی مچیل ..
٦ – وەستا عەبدوللاو وەستا کەریم : برابوون : خوار حەوزەکەی ناوبازاڕ .
٧ – وەستا حەمەعەلی : ناوبازاڕ ، خوار ئەحمەدی .
٨ – وەستا حەسەنی شیرگەر : تەنیشت وەستا حەمە عەلی .

سەرچاوە :

ئەم زانیارییانە لە محمدی وەستا قادری وەستا مچیلی خەنجەرساز کەلەبەر دەستی باوکیدا ئیشی کردووە وەرگیراوە ...

# کەوش درووەکان

وەکو زۆر پیاوی بەتەمەن‌و شارەزا دەگێڕنەوە کە کەوش درووەکان لە هەموو پیشەسازی‌یەکی ئیشی دەستی‌تر بەناوبانگ تر بوون‌و لە هەموویان تێر تر بوون‌و خاوەن دەستکەوتێکی چاك بوون ... چونکە ئەو سەردەمە کەوش باوی بووە قۆندەرە کەم بووە یاخود هەر نەبووە .. کەوش پێڵاوێکی رێك وپێك بووە چونکە منداڵ‌و گەنج‌و پیاوی لەتەمەن‌دا لەگەڵ پیاوو ژنی دەرەوە (لادێ) کەوشیان بەزۆری لەپێ دەکرد .. گوزەری کەوش درووخانە لە زەمانی تورکدا لای ، کۆڵانی خوار عەباسی ئەبو شوارب کەبابچی واتا خوار گوزەری پانی بەرز درووو وسەراجەکان بووە ... دەڵێن لەوکاتە پتر لە سەد دوکان دەبوون ، لەخوار ئەوانیشەوە پەنجا دوکان پینەچی هەبوون کە بەس کەوشی کۆنیان چاك دەکرد .

کەجەنگی یەکەمی جیهانی دەستی‌پێکرد زۆریان لەبەر عەسکەری هەڵهاتن ، ئەوانەشی بەرکەوتن بەزۆرە ملی بران بۆ عەسکەری .. واتا نزیکی چۆڵبوون بوو .. بەڵام کە جەنگەکە کۆتایی هات‌و دەوڵەتی عوسمانی ئاشبە تاڵی لێکراو دۆڕانی ، هەموو گەڕانەوە ، زۆریان چوونە خانی (غەفوور ئاغا) وبە رحەوزەکەو دەوروبەری‌و لای مەزادخانەکە .

هەروەها دەگێڕنەوە لەناو کەوش درووەکان‌دا زۆر کوری ئازاو هەڵکەوتوویان تێدابوو ، زۆری شەرە گەڕەك ئەوان دروستیان دەکرد ، ئەگەر لەرۆژدا لەگوزەردا یان لەناوبازاردا ناکۆکی‌یەکیان بوایە دەیان خستە ئێوارە بۆ شەرەگەڕەك ، هەر کۆمەڵەی خەڵکی گەڕەکێ بوون ، کوروکاڵ ئامادە دەبوون ئینجا دەست دەکرا بەشەرەگەڕەك ، بەردهاویشتن‌و قۆچەقانی هاویشتن‌و .. شەرە تێلا ... ئەم نەریتە شتێکی باش نەبوو بەڵام ئەودەمە سەری‌هەڵدابوو ..

کەوش چەند جۆرێك بووە .

١ – بۆژنان : ئەم جۆرانە بووە :

أ – پەلکەدار .

ب – زەهاوی (ڕەنگاو ڕەنگ) .

٢ – بۆ پیاوان : ئەم جۆرانە بووە :

أ – ڕەش بۆ گەنج .

ب – سوور بۆ پیرەمێرد .

٣ – بۆ منالْ ڕەش‌و سوور ، کە پێیان دەگوت بابە جانە ..

# نرخی کەوش بەگوێرەی وەخت‌و جۆری کەوشەکان

لەسالأنی ۱۹۲۰ – ۱۹۳۰ نرخی دووقرِان تالیرەیەکی ئاڵتوون بوو.
لەسالأنی ۱۹۳۰ – ۱۹٤۰ نرخی لەروپیەونیوێکەوە تا ٥ روپیە.
لەسالأنی ۱۹٤۰ – ۱۹٥۰ نرخی ۲٥۰ر۱ دینار تا ۳ دینار.
لەسالأنی ۱۹٥۰ – ۱۹٦۰ نرخی ۲٥۰ر۱ دینار تا ٥۰۰ر۲ دینار.

ئەم پیشە سازی‌یە پێش ساڵی ۱۹٦۰ باوی نەما چونکە گۆرانێکی تر پەیدابوو..

کەرەسەی درووست کردنی کەوش، ژێرەکەی بەچەرمی گامێش سەرەکەی بەپێستی بزن‌و بەرەکەیشی لەپێستی‌مەرئەم چەرمانە پاش ئەوەی لەدەباخانە خۆش دەکران، دووای دروستکردنی کەوشەکە بە (زاچ) رەش‌دەکراو دەشۆرایەوە..

یادگار:

دیارە پیشەیەك ئەم جێگەو رەواجە گەورەیەی هەبێت کۆمەڵێك ناوی زۆریش بۆ یادگار بەجیٚ‌دیٚڵێت.

لەکەوش درووە خانەکە:

۱ – وەستا عەزیزی وەستا باشی.
۲ – سەعیدی عەلی قوباد.
۳ – وەستا مەهدی.
٤ – حاجی ئەحمەدی مەحموودی زڵخ.
٥ – خلەی عەبە جووجە.
٦ – وەستا عەبە گیر نەدەر.
۷ – حاجی حسین قەرەداخی.
۸ – وەستا صەدیقی مام تەها.
۹ – حاجی فەتاحی کرمۆڵ.
۱۰ – وەستا حەمە رەشیدە خیٚلە.

# پێڵاوی جاشکەوش

لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا ساڵی ١٩٤٢ ئەم جۆرە پێڵاوە پەیدابوو ... لەبەر گرانی شەڕو کەمبوونی کەرەسەی پێڵاویتر ... جاش کەوش هاتە کایەوە . ئەم پێڵاوە ژێرەکەی لە لاستیکی تایەو سەرەکەی بە چەرمی - گا - تێ دەگیرا .. زۆر بەرگەی دەگرت . بەزۆری خەڵکی دەرەوە بەکاریان دەهێنا لەبار بوو بۆ رۆیشتنی دەشتو گردو شاخو کێوو بێشەلان .

نرخی ئەم پیلاوە لەسەرەتاوە گران بوو ، جووتی بە پێنج دینار بوو ... تا دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئینجا نرخی دابەزیو بەرەبەرە هاتە خوارەوە تا ساڵی ١٩٥٤ بەتەواوی داشکا بوو بە (٣٥٠) فلس .

لەدوای ئەوە جارێکی تر نرخی بەرز بووەوە - بەجۆرێکی باشتر دروستیان دەکرد تا گەیشتە دینارێكو دنیارو نیوێك .

ئەم پیشەیە تا ساڵی ١٩٦٠ بەردەوام بوو ئیتر لەوە دواوە بەرەو نەمان چوو .

# کلاش وکلاش فرۆشەکان

لەناوچەی کوردستاندا بەتایبەتی پاش ئەوەی کە باران بڕان دەست پیٚ دەکات زوربەی خەڵکەکە کلاش لەپیٚ دەکات لەشارو لادیٚکاندا بەڵام کلاش چەند جۆرێکی هەیە بەگوێرەی بەرگەگرتنو چاك وخراپیان ئەمەش جۆرەکانیتی :

١ – کلاشی هەورامان کە لە تەوێڵە دروستدەکرێت باشترینو جوانترین کلاشە ، بۆیە ناوبانگیان دەرکردووە . ئەم چەشنە بە زۆری شار نشینەکان لەپیٚیان دەکرد . نرخی گرانتر بووە ، لە جۆرەکانی تر. ئەم وەستایانە لە تەوێڵە دروستیان دەکردن :

أ – وەستا سلێمان .

ب – وەستا خواکەرەم .

جـ –وەستا ئەبوبەکر – زۆر ناوبانگیان دەرکردووە . نرخی جوتێك کلاش لە تەوێڵە ساڵی ١٩٣٠ ، ١٥٠ فلس یان دوو رووپیە بووە تا ساڵی ١٩٦٠ گەیشتە ١ر٧٥٠ دینار .

٢ – کلاشی دۆمی : ئەم جۆرەش کلاشی چاك بوون، بەڵام نەدەگەیشت بەکلاشی تەوێڵە ، ئەم بنەکەی زۆر ئەستوور بوو هەم قایم بوو .. بە زۆری لادێیەکان بەکاریان دەهێنا .. ئەم کلاشە دۆمەکان دروستیان دەکرد ، نرخی لە کلاشی هەورامان هەرزانتر بووە .

٣ – ئەو کلاشانەی لە سلێمانی دروستدەکران :

أ – کلاشی ژێرکەتان .

ب – کلاشی ژێر لاستیك .

جـ – کلاشی دۆمی هەندیٚ لە کلاش فرۆشەکان ژێری کلاشەکانیان دەهێنا ؛ ژێر کەتانو ژێر لاستیكو ژێرکلاشی دۆمی پەرگەمایان دەکرد ، واتە قەراغەکانیان دەچنیو ئامادەیان دەکرد. پاشان دەیاندا بە چەند ئافرەتێکی شارەزا بۆیان بچنن

بەپارە جوتێ بە (٥٠) فلس دەچنرا . ئەمانە وەستای چاك‌و خراپیان تێدا هەبوو هەندیکیان زۆر جوان دەیان چنی .

ئەو ئافرەتانەی لەگەڕەکی کانێسکان کلاشیان چینوە ئەمانەن :

١ – حەمدیە یونس .

٢ – کافیە حەمە عەزیز .

٣ – ئامینەی ڕەشەی یارە .

٤ – خاوەری موحەممەد .

٤ – کلاشی بەن :

بریتین لەو جۆرە کلاشانەی کە بە بەنی ڕەش دەدوراو دەچنرا لەلادێ‌کان‌دا .. خۆیان دەیاندووری ئافرەتان بە کاریان دەهێنا لە دێهاتەکان‌دا .

## لیستەی ناوی هەندێ لە کلاش‌فرۆشەدر

١ – عارفە سوور نزیك مەزادخانەکە .

٢ – عوسمان دابێ خوار حەوزەکەی ناو بازاڕ .

٣ – حەمە ئەمین بانەیی لە کۆلانی مەزادخانەکەدا .

٤ – ئەمینی میسری سەروو حەوزەکەی ناوبازاڕ .

٥ – صالحی میسری خوار حەوزەکەی ناوبازاڕ .

٦ – حەمە صالح بۆ سکانی : سەرو حەوزەکەی ناو بازاڕ ، بەرامبەرقە یسەری‌ی نەقیب .

٧ – حەمەی گوڵی بەرامبەر حەوزەکەی ناوبازاڕ .

٨ – عەبدوللای حاجی محی‌الدین لەیلێ بەرامبەر حەوزەکەی ناوبازاڕ .

٩ – حەمە ڕەشیدی ئایشێ : ناو بازاڕ بەرامبەر کەبابخانەی حەمە ئەمین قجول .

سەرچاوە : عەبدوللای حاجی‌محی الدین لەیلێ .

# پانی بەرز دروەکان

پانی بەرز جۆرە پێلاوێکی ژنانەی شاری سلێمانی بوو ، ئەگەر سەرەتا لە سلێمانیش پەیدا نەبوو بێت ، ئەوا لە سلێمانی زۆری لیّ گۆڕاوەو زۆر بەرەو پێش براوەو خراوەتە قاڵبێکی جوانو رەنگینەوە .

ئەگەر ئەم هونەرە هەر بە مەبەسی کەرەسەی جوانی فولکلۆری دروستکردن زیندوو بکرێتەوە بایەخێکی گەورەی دەبێ .

(ع. م. ر.)

پانی بەرز ژێرەکەی (بن) بریتی‌بوو لە چەرمی «گا» یان «مانگا» و سەرەکەی بریتی بوو لە قەدیفەی هەمە رەنگ ، لەسەر قەدیفەکەوە بەسیم دەچنراونەخشی تیّ‌دەکرا دوای ئەوە پارچە پەڕۆدەخرایە ژێری ، ئینجا جامفاز (گونیە) ی دەدرا بەسەر پەڕۆکەدا ، دوای ئەوە سرێشی لیّ‌دەدراو لەسەر ئەوەوە چەرمی مەڕ پاش ئەوەی لەدەباغانە دەردە چوو پیّ‌یان دەوت (مێشن) لەسەر جامفازە کە تیّ دەگیرا . پاشان ژێرەکەیان دێنا لە سەر ژێرەکەوە لە نیوەوەی بۆ پێشەوەی پەڕۆی تیّ‌دەخرا هەروەها ناوکەفەکەو قەراغەکانی بەپێستی مەڕ (مێشن) تیّ‌ئەگیراو سەرووژێرەکەیان دەدووری ، پاژنەکەشی تەختە ، لەسەر ئەوە بە پێستی گاتیّ دەگیریّ ئینجا دایان دەکوتا .

سەرچاوە :
وەستا ئیسماعیل رەشید (سمەی ریحان) ی پانی بەرز دروو .

# لیستەی ناوی هەندێك لەپانی بەرز درووەکانی شاری سلێمانی

١ – وەستا ئەحمەد عەلی کەرکووکی – خەلفەو شاگردی : حەمەی قالەی ئاغال کە لە شەڕی بەردەرکی سەرادا شەهیدکرا .

٢ – وەستاعەبدوللاّ موحەممەد(باباغا) لەگەڵ وەستا صابری برایدا پێکەوە شەریك بوون .

٣ – وەستا بەکری وەستا مارف عەبەی ڕەشەی سوور کە ئیشی بۆ کردووە .

٤ – وەستا قادر ڕەسوول هەر خۆی بە بێ شاگرد .

٥ – وەستا حەمە خورشە : ئەورەحمانی کوری ئیشی بۆکردووە .

٦ – وەستا مەجید بەگی حاجی ئەمین بەگ برای مەحموود بەگی (جەراح) .
خەلفەو شاگردی : نووریی حەمۆل ...

٧ – وەستا مەلا حەکیم : هەر خۆی بووە بێ شاگرد ..

٨ – وەستا ئەحمەدی صالحە فەنیی دارەگەرە .
خەلفەو شاگردی : عەباسی برای ئیشی بۆ کردووە .

٩ – وەستا عەلی :
خەلفەو شاگردی : مەجیدی کوری ئیشی بۆ کردووە ..

١٠ – وەستاعەلی عەزیز : خۆی بووە بێ شاگرد .

١١ – وەستا حاجی فەرەجی مالە : خۆی بووە بێ شاگرد .

١٢ – وەستا ئیسماعیلی ڕەشید موحەمەد: (سمەی رێحان)
خەلفەو شاگردی : مەولوود سەعید .

١٣ – شێخ عومەر محی‌الدین :
خەلفەو شاگردی : بەکرو عوسمانی برای ئیشیان بۆ کردووە .

نرخی پانی بەرز .

لەساڵی ۱۹۲۰ تاساڵی ۱۹۳۰ : نرخی روپیەیەك ۷۵ فلسو کەمتریش (یەكجووت)

لەساڵی ۱۹۳۰ تاساڵی ۱۹٤۰ لە ۳۰ فلس تا ٤۰ فلسوکەمتریش (یەكجووت)

لەساڵی ۱۹٤۰ تاساڵی ۱۹۵۰ لە ٤۰ فلس تا ۳۰۰ فلس وکەمتریش (یەكجووت)

لەساڵی ۱۹۵۰ تاساڵی ۱۹٦۰ لە ۵۰۰ فلس تا ۷۵۰ فلسو کەمتریش (یەكجووت)

ئەم پیشەیە تا ۱۹٦۰ بەردەوام بوو کچانو ژنان پانیبەرزی (ڕەنگاوڕەنگ)یان لەناو ماڵو لەدەرەوەی ماڵ لەپێ دەکرد .

## پێڵاو درووەکان

پێڵاویان قۆندەرە لەم شێوەیەی ئێستایدا لەوە دەچێت زەمانی تورك هاتبێتە سلێمانیەوە ، زۆر تریش چەرمی پێڵاو لە موصلو بەغدادەوە هێنراوە بۆ سلێمانی ڕەنگە هەر لە بەر ئەم پەیوەندییانەش بووبێت کە زۆرتری پێڵاو درووی ئەو سەردەمە لەگاورەکان بوون ، یان لە کەرکوك وشارانی ترەوە هاتبوون .

یان دەبێ بۆ سەردەمی تازەی لەلادێوە بۆ شار هاتندا هەندێ پیشەو ئیش لای خەڵکی شار بایەخو ڕێزی نەبووبێ.

بە هەموو حاڵێك ئەم پێڵاو درووونە بەرەوپێش بردن بووەو لەپاڵ کەوش وکلاشو پانی بەرزی خۆماڵیدا ، سەردەمێکی زۆر بەردەوام بووەو لە کێشەدا بووە ، تاسەرهەڵدانی شارستانێتی ئەمەیانی بەسەر ئەواندا زاڵ کردووە .

(ع. م. ر)

٤٦ – صاڵحی مام تەها :
خەلفەو شاگرد : بەکری کوڕی و مام صەدیقی برای و عەلی و عوسمانی مام صەدیقی برازای .
٤٧ – حەمەی مەلا سەعید :
خەلفەو شاگرد : نەسرەدینی حەمەی حاجی حسین و فەتحو للاو سەلامی مەلا صابر .
٤٨ – عەزەی عەوێز : لە ماڵەکەی خۆی دا دروستی دەکردو لە دوکانەکەیدا بەحازری دەی فرۆشت .
٤٩ – سەعید بەگ : خۆی لەماڵەوە دروستی دەکرد لە دوکانەکەی بەحازری دەی فرۆشت .
٥٠ – صاڵح بەگ و شێخ عەبدوللا : شەریك بوون هەر خۆیان بەبێ شاگرد .
٥١ – عەلی خاڵە حسەو عەبدولی حەمەی سەعید. شەریك بوون عەلی مەحموود ئیشی لە گەڵ کردوون .
مەزاد خانەکە :
٥٢ – حەمەی ئورەحمان و عەلی پەریزاد : شەریك بوون کەوشی ژنانە (زەهاوی) ڕەنگاو ڕەنگیان دروست دەکرد .
٥٣ – ڕەشەی حەمەصاڵح : کۆنەفرۆشەکان لای مەزادخانەکە. خەلفەو شاگرد : شێخ عەبدوللای یەمەن و عەبەی حەلی و حەمەی سەعۆل و خالد بەگ و شێخ عەلی و حەسەن سەر شەقامی
کۆنە فرۆشەکان ،
٥٤ – عەزەی مەلا سەعید :
خەلفەو شاگرد : عەباسی محەی هەمزاغاو خەلفە عومەر .
٥٥ – وەستا ئیسماعیلی مەلا موحەمەد و شێخ مستەفای شێخ موحەمەدە لچە :
شەریك بوون – بابەجان – ی منداليان دروست دەکرد .
٥٦ – تۆفیقی حەمە خەرابەیی : خوار حەوزەکە بەرامبەر قەیسەری ئەحەبچکۆل .
خەلفەو شاگرد : غەغوورو کەریم وعوسمانی کوڕی لەگەڵ دەروێش ئەحمەدی ئەلی ڕەزاو حەمە خورشە .

٥٧ – سەعەی سەولّی جانو وەستا مەجیدە خێل. باوکی عەبەی کۆرنالّ .
خەلفەوشاگرد عەلیو حسینی کوڕی وەستا سەعیدو عەبە کوڕنالّ کوڕی وەستا مەجید .

٥٨ – حەمە سووری صالّحی ئامان : خوار حەوزەکە خۆی دروستی دەکردو دەیفرۆشت .

٥٩ – وەستا هادی : قەیسەریی غەفوور ئاغا . :
خەلفەو شاگرد :
ئەحمەدی کوڕیو خەمە ی عەزیزی دەروێش شەریفی خوشکەزایو خەلفە حەمە ئەمینی حاجی عەلی .

٦٠ – خەلفە حەمە ئەمینی حاجی عەلی : قەیسەریی غەفوورئاغا : خەلفەو شاگرد : فتح اللەو سەلامی مەلا صابر .

٦١ – وەستا قادر (قالەخواریّ) : مەزادخانەکە. خەلفەو شاگرد : عیزەتی — سەلمەخان (عیزەتە شێت)و سەعە کوێر

سەرچاوە :

١ – مەحموودی قالە شەوقە کە باوکی لەکەوش دروو خانەکەبووە .
٢ – ئەحمەدی حەمە سووری صالحی ئامان کە باوکو باپیری کەوش دروو بوون .
٣ – موحەمەدی صالّحی چوالان کە خۆیو باوکی کەوش دروو بوون .
٤ – عەلی خالّە حسە کە خۆی کەوش دروو بوو .

والێرەش‌دا لیستەی ناوی وەستا پێڵاو درووەکانی شاری سلێمانی دەخەینە ئەمانەن :

١ – فتووحی گاور ؛ لای دەشتی ئەحمەدی ساغا . بەر ئەسحابە سپی
٢ – یوسف جەرجیس : بەرامبەرفتوحی .
٣ – کەریم عەبدوڵڵا دەشتی ئەحمەدی ساغا بەرامبەر کۆیان درووەکان .
٤ – عەلی عەبدوڵڵا «برابوون» .
٥ – عەبدوڵڵا زوهدی : جادەی مەولەوی .
٦ – وەستا عەباسی کەرکووکی : جادەی مەولەوی بەرامبەر حەمامی قشڵە .
٧ – حەمەخان : جادەی کاوە بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە .
٨ – حەمەی قالەی منەوەر: خوار حەوزەکە .
٩ – حاجی عەلی حاجی عەبدوڵڵا قارەمان: خوار حەوزەکە .
١٠ – عەلی دەروێش شەریف : لای گومرگە سووتاو .
١١ – تۆفیق مام صاڵح : لای مەزادخانەکە .
١٢ – وەستا عەلی کەرکوکی : مەزادخانەکە .
١٣ – عەبەی حەمەی ڕەسووڵ : دەشتی ئەحمەدی ساغا بەر ئەسحابەسپی .
١٤ – عەبەلاڵ: بەرامبەر سەرا .
١٥ – وەستاعیزەت کەرکوکی : بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە ..
١٦ – وەستاعەزە لات : ناوکۆنەفرۆشەکان .
١٧ – مجیدسوڵتان : بەردەرکی سەرا. بەرامبەر مەکتەبی (فیصلیة)
١٨ – وەستا حەمە سەعید. سەرشەقام .
١٩ – حاجی عەلی حاجی عەبدوڵڵا : خوار حەوزەکە .
٢٠ – وەستامحی الدین : خوار حەوزەکە .
٢١ – عەبەی‌خانم : گوزدری پانیبەرز درووەکان .
٢٢ – دەروێشەزلە : ژێر بەلەدی‌یەکە .
٢٣ – یوسف کەنۆش: دەشتی ئەحمەدی ساغا بەرئەسحابە سپی.

٢٤ – ئەورەحمانی فەقێ ئەحمەد : خوارمەیانی بەلەدی‌یە ، بەرامبەر حاجی فەتاحی حڵواچی .
٢٥ – خولەی فاتەو ئەحمەدی حاجی فتح‌الله : شەریك‌بوون ، خوار حەوزەکە .
٢٦ – ئەحەی حەمەسوور ، گوزەری خوار حەوزەکە .
٢٧ – قادری محی‌الدین (قالەشەل) : کانێسکان بازارە بچکۆلە .
٢٨ – شێخ‌کەریم شێخ‌نظام‌الدین : خوار وەستافەرەجی کەبابچی .
٢٩ – حسەینی مامڕەشید : جادەی مەولەوی تەنیشت کتێبخانەی گەلاوێژ .

نرخی پێڵاو لەوسەردە مەدا

لەساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٠ لە ٦ ڕوپیەوە تا ١٢ ڕوپیە
لەساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٤٠ لە ڕوپیە ونیوێك تا ٥ ڕوپیە
لەساڵانی ١٩٤٠ – ١٩٥٠ لە ٧٥٠ فلس تا ٣ دینار
لەساڵانی ١٩٥٠ – ١٩٦٠ لە ٥٠٠ر١ دینار تا ٥ دینار

تێبینی : لەساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٠ گرانتربووە .
بەهۆی ئەوەی وڵات لەناخۆشی‌و تەنگ‌و چەڵەمەدا بووە .
سەرچاوە : ئەحەی حەمەسوور وچەند پێڵاو دروویەکی‌تر .

# زین درووەکان – سەڕاجەکان –

ئەم پیشەیەش تایبەتی بوو بۆ دروستکردنی هەموو جۆرێ لەزین و کەڵو پەلی وڵاخی بەرزە لە سلێمانی و دەورو بەری دا. وەك بەشەکانی تری باسەکانمان. وا لێرەشدا لیستەی ناوی ئەو وەستا کارامەو خاوەن بەهرانە تۆمار دەکەین.

ناوی وەستاکان ئینجا خەلفەو شاگرد.

١ – وەستا فەرەجی ماله : «وەستا باشی».

٢ – وەستا عێزەتی مەحموود جاف.

٣ – وەستا عەلی حاجی عەزیز.

٤ – وەستا ڕەشید «ڕەشەخێل» باوکی حاجی صاڵحی سەڕاج هەرخۆی بەبێ شاگرد..

٥ – وەستا مەحموودی سەڕاج : هەر خۆی بەبێ شاگرد..

٦ – وەستا دەروێش شەریف بێورەیی : باوکی ئەحە نەبەرد، هەر خۆی بەبێ شاگرد.

٧ – ڕەشید بیورەیی : برای دەروێش شەریف. هەر خۆی بەبێ شاگرد...

٨ – وەستا عەباسی سەڕاج برای (عەولەسیس) ی شەهید.

٩ – حاجی صاڵحی حاجی ڕەشید : عومەرو عوسمانی کوڕی ئیشیان لەگەڵدا کردووە.

١٠ – وەستا حسەینی ئەولای فەلەك ناس: تۆفیقی خوشکەزای لەگەڵیدا ئیشی کردووە.

١١ – وەستا دەرویش مستەفای سەڕاج : حەمە صالحی کوڕی ئیشی لەگەڵ دا کردووە.

١٢ – وەستا صوفی کەریمی سەڕاج : خەلفە حەمە ئەمین ئیشی لەگەڵدا کردووە.

١٣ – وەستا صادقی سەڕاج : هەر خۆی بەبێ شاگرد.

١٤ – وەستا مەلا حەمە ئەمین سەڕاج هەرخۆی بەبێ شاگرد..

١٥ – وەستا عەزیز بەگی سەڕاج ، هەرخۆی بەبێ شاگرد .
١٦ – وەستا خولەفەوتاو : هەرخۆی بەبێ شاگرد .
١٧ – وەستا فەتاح بەگ : هەرخۆی بەبێ شاگرد .
١٨ – وەستا مام فتح‌الله : هەرخۆی بەبێ شاگرد .
١٩ – وەستا حەمۆلی فەرەجی ماله. عەلی نایلۆن ئیشی لەگەڵدا کردووە .
٢٠ – وەستا کەریم‌ئاغا : هەرخۆی بەبێ شاگرد .
٢١ – وەستا تۆفیق ئاغا. ئەحمەدی کوڕی : (ئەحەزۆڵ) ئیشی لەگەڵ باوکیدا کردووە .

«ئەم دووکەسەی خوارەوە تەختەی قەڵتاخی زینیان دروست دەکردو دەیاندا بەزین درووەکان لەگوزەری سەڕاج‌و پانی بەرز درووەگان» .

١ – عەبدول ڕەحمان خاو .
٢ – حەمەی خاو. برابوون‌و شەریك بوون .

زین بریتی یە لەم شتانە .

١ – نەرمەزین .
٢ – تەکەڵتو .
٣ – قەڵتاخ .
٤ – سەرزین .
٥ – قوشقن .
٦ – تەننە .
٧ – لوقەی ئاوزین .
٨ – بەرە .

سەرچاوە :

ئەحمەدی کوڕی تۆفیق ئاغای سەڕاج

## مزگەرەکان

پیشەیەکی پڕ لە وردەکاری بوو لەناو شاری سلێمانی‌دا ئەم جۆرە شتانەیان لەمس دروست کردووە :

١ – مەنجەڵ .
٢ – سینی .
٣ – تەشت .
٤ – لەگەن .
٥ – یەغنکێش .
٦ – دەوری پەڕکەدارو ساکار .
٧ – پەردە پڵاو .
٨ – سوزگی .
٩ – تاوە .
١٠ – کەوگیر .
١١ – جام .
١٢ – مەسینە ...

●

## وەستاکان

١ – حاجی سەعیدی مزگەر : بەر حەوزەکە .
خەلفەو شاگرد : نووری کوڕی حاجی سەعید . وەستاڕەشید. تۆفیق ژاپۆن .
عەبدوللاو محەمەدی وەستا ڕەشید وفائق نوری حاجی سەعید .
٢ – حاجی موحەممەدی عەلی زەردی مزگەر . بەرحەوزەکە .
خەلفەو شاگرد : حەمە ڕەشید – عوسمانی برای حاجی موحەممەدو عەبدوللای کوڕی حاجی موحەممەدو مارف عەبدول ڕەحمان ..
٣ – حەمەی عەلان : کۆڵانی لای پانی بەرز درووەکان : خەلفەو شاگرد : عەبدوللاو جەمال .
٤ – وەستا قادری مزگەر : کۆڵانی لای پانی بەرزدرووەکان .
خەلفەو شاگرد : مستەفاو جەلالی کوڕی .
٥ – خەلیفە سەعیدی مزگەر : کۆڵانی لای پانی بەرز درورەکان .
خەلفەو شاگرد : حەمە صابری کوڕیو ئەحمەد حەسەن .
٦ – کەریمی وەستا سەعید : کۆڵانی لای پانی بەرزدرووەکان .
خەلفەو شاگرد : عومەرو برایمو موحەممەد ، کوڕانی وەستا کەریم .
٧ – دەروێش مەحموود : بەرحەوزەکە .
خەلفەو شاگرد : حسەینی کوڕی لەگەڵدا بووە ...
٨ – حەمە ڕەشیدو ئەحەی خورشە : بەر ئەسحابە سپی شەریك‌بوون .
٩ – حەسەنە خڕەو شێخ عەبدوللا : مەیانی ماستەکە ، شەریك بوون .
١٠ – شێخ عەزیز : سەر شەقام .
هەر خۆی بووە بەبێ شاگرد .

# دەسگێڕەکان

١ – حەمەڕەشید .
٢ – کەریمی وەستا سەعید .
٣ – شێخ عەزیز .

تێبینی : ئەم مزگەرانە خەریك بوون ، حاجەتی مس کەزۆر بەکار دەهات بۆ چێشت لێنان ڕەش دادەگیرسا ئەو مزگەرە دەسگێڕانە ، هەمیشە بەکۆلانانو وگەرەکەکاندا دەگەڕانو هاواریان دەکرد :

«حاجەت سپی ناکەنەوە .. حاجەت» ئەوحاجەتانەیان کۆ دەکردەوە ، ماڵ بەماڵ دەیانخستە ناوگونیەوە دەیانبرد لە بازار . پاش سپی کردنەوەی دەیانبردەوە هەر حاجەتە بۆ خاوەنی خۆی . وەك بە ناوبانگە مزگەرەکانی شار ، زمانی تایبەتی خۆیان هەبووە .. یائەمەزمان نەبووە ، بەلام لەناو خۆیاندا لەسەر هەندێ وشەرێك دەکەوتن کە ئەو خاوەن مالانەی ئیشیان بۆ دەکردن تێی نەگەن .

سەرچاوە
موحەممەدی وەستا ڕەشیدی مزگەر

# خانی وولاّخ

جاران دوور لەئێستا خەڵکی دەرەوە کە بە بارەوە دەهاتن بۆ ناو شار دوای بار فرۆشتنەکە ولاّخەکانیان دەبردە ئەو خانانە بۆ ئەوەی پشوو بدەن و ئالیك بدەن بە ولاّخەکانیان ، ئینجاخۆیشیان دەچوون بۆ کەل وپەل کڕین لەبازاڕدا ، ئەگەر فریانەکەوتنایە ئەو ڕۆژە بگەڕانایەوە بۆلادێ ئەوا ئەو شەوە لەخانەکە دەمانەوە و بەیانی زوو بەتاریك و ڕوون هەڵدەسان دەگەڕانەوە بۆ لادێ .

خانە بەناو بانگەکانی شار ئەمانە بوون .

١ – خانی مەجیدە فەنی کانیسکان . شوێنی حەمامی کانێسکان .

٢ – خانی یونس : کانێسکان تەنیشت خانی مەجیدە فەنی .

٣ – خانی بەکری‌میسری . کانێسکان لای مزگەوتی قامیشان .

٤ – خانی سوران : خوار بەلەدی‌یەکە ..

٥ – خانی ڕەشەکەرکووکی : خوار پردەکە نزیك مەیدانی ماستەکە .

٦ – خانی عەبە خورشە : لای مزگەونی شێخ سەلام .

٧ – یەحیا ئەفەندی : گەڕەکی شێخان .

٨ – خانی یەحیای ناڵبەند : کانێسکان بەرامبەر مەکتەبی کانێسکان .

٩ – خانی ئەحەی ڕەسووڵی قازی : صابونکەران بەرامبەر حامی موفتی شوێنی (کەشتی‌ی نوح) ی مەلا نەجمەدین .

١٠ – خانی عەلی قز : سەری صابونکەران .

١١ – خانی حاجی عارفی مستۆ : مەیدانی ماستەکە .

١٢ – خانی کەریمی حوڕ : گەڕەکی هۆڵی . قەسابەکان .

١٣ – خانی سەعەی مارف: مەیدانی ماست فرۆشەکان.
١٤ – خانی حەمە شەل : سەر شەرقام.
١٥ – خانی ئەحەگیپە : لای مزگەوتی خومخانەکان.
١٦ – خانی لەعلەخان : صابونکەران.
١٧ – دووبارە خانی سەعەی مارف. لەشوێنی گەراجی قالەی کۆن.
١٨ – خانی وەستا حەبیب : گەرەکی گوێژە لای ئاشی ئەلەکتریکەکە.
١٩ – خانی خەجێ : پشتی مزگەوتی حاجی حان.
٢٠ – خانی عەونی ئەفەندی : مەڵکەندی.

تێبینی
هەمووخانێك بەگونج لەکارێزەکانەوە ئاویان بۆ ڕاکێشابوو، هەموو ئاویان هەبوو لەبەر وڵاخەکانیان.

# کۆپان درووەکان

ئەم پیشە دێرینە لەکاتی دروست کردنی شارەوە سەری هەڵدابوو . لای گوزەری دارتاشەکان تەنیشت شەوکەتی دانساز بۆ درووستکردنی کۆپانی هێسترو بارگیروکەر .

## – وەستاکان –

١ – حاجی موحەممەدی سەلە : وەستا باشی بووە ، برایمی‌کوڕیو توفیق تریشقەو عەزیزی مام‌صالح ئیشیان بۆ کردووە .
٢ – محی‌الدینی کۆپان دروو : باوکی حەمە دەمە هەرخۆی بەبێ شاگرد ئیشی‌کردووە . ئەم پیاوە لەشەڕی بەردەرکی سەرادا شەهیدکرا .
٣ – عەبەی فاتەی خولەدرێژو غەفووری برای : هەددوکیان پێکەوە ئیشیان دەکرد ئەم دوانە برای عیزەت توپچین .
٤ – تۆفیق تریشقە : هەرخۆی بەبێ شاگرد .
٥ – حەسەنە زەردی کۆپان : صالحو فەرەجی کوڕی ئیشیان بۆ کردووە .
٦ – صابری کۆپان‌دروو : ئەحمەدی کوڕی ئیشی بۆکردووە .
٧ – بەکرە کە چەڵی کۆپان دروو : قادری کوڕی ئیشی بۆ کردووە .
٨ – کەریم کۆچی کۆپان دروو . لەگەڵ حەمە کەچەڵ شەریك بوون .
٩ – ڕەشە شوانە : هەرخۆی بەبێ شاگرد .
١٠ – وەستا برایمی کۆپان دروو : بەبێ شاگرد .
١١ – عەزیزی مام صالح (عەزەی کۆپان) بەبێ شاگرد .
١٢ – جەلالە چاوشین : مەولود سەعیدو عومەری برای ئیشیان بۆ کردووە .

١٣ – فەرەجی جەسەن صالح : هەر خۆی بەبێ شاگرد .
١٤ – صالحی حەسەن صالح : هەر خۆی بەبێ شاگرد .
١٥ – قادری مام کەریم . هەر خۆی بەبێ شاگرد .
١٦ – حاجی موحەممەدی کۆپان دروو چنگیانی (حەمە تەپل) هەر خۆی بووە بەبێ شاگرد .

سەرچاوە :
جەلال چاوشینی کۆپاندروو .

## نالبەندەکان

زۆر جار کەخەڵکی دەرەوە لەلادێوە دەهاتنە ناو شار ولاخەکانیان دەهێنا بەبارەوە . دوای فرۆشتنی بارەکەی ئەگەر پێویستی بکردایە کە ئەو ولاخە ناڵەکەی کۆن بووەو بێ کەڵکەیان پێوەی نەماوە دەیبردە لای ناڵبەند جوتێ ناڵی تازەی بەسمی ولاخەکەیدا دادەکوتا وەکو جوتێ پێلاو بۆی تازە دەکردەوە .

وەستاکان

١ – وەستا فەرەج : بەرگومرگە سووتاو .
٢ – وەستا مەحمود : بەرگومرگە سووتاو .
٣ – وەستا ئەحمەد : بەرگومرگە سووتاو .
٤ – وەستا صاڵح .
٥ – وەستا مەحموود برابوونو شەریك بوون لە مەیدانی ماستەکە .
٦ – وەستا تۆفیقەلووتە : مەیدانی ماستە .
٧ – وەستا ئەحمەد . مەیدانی ماستە .
٨ – وەستا مەحموود : مەیدانیدارو خەڵووزەکە شوێن بازاڕی زێوەر .
٩ – وەستا ڕەشۆل (حاجی ڕەشید) مەیدانی داروخەلوزەکە شوێن بازاڕی زێوەر .
١٠ – وەستا حەمە خورشە مەیدانی داروخەلوزەکە شوێن بازاڕی زێوەر .
١١ – وەستا مجەی عەبوکەل. مەیدانی داروخەلوزەکە شوێن بازاڕی زێوەر .
١٢ – وەستا عەلی.
١٣ – وەستا مەحموود.
١٤ – وەستا عومەر هەرسێکیان برابوون لەدە بۆکە .
١٥ – وەستا عەلیفەتاح وڵووبەبی : لای حەمامی سوورەت .
١٦ – وەستا حسێن : سەرشەقام لای حەمامی تازە .

١٧ – وەستا حەمە ئەمینە چەپە : بەرگومرگە سووتاو .
١٨ – وەستا حاجی قادر ئاغا : بەرخانەقا .
١٩ – وەستا وەهاب کۆیی : مەیدانی دارو خەڵووزەکە .
٢٠ – وەستا عەلی قادر عازەبانی : لەخانی سەعەی مارف ، لە مەیدانی ماستەکە .
٢١ – وەستا سەعید قادر عازەبانی : لەخانی سەعەی مارف لە مەیدانی ماستەکە (برا بوون) .
٢٢ – وەستا ئەحەقۆڕ : لە خانی کەریمی حور .
٢٣ – وەستا عەلی وەستا مەحموود : بەرگومرگە سووتاو .
٢٤ – وەستا مچەی وەستا ئەحمەد : لەخانی خورماکە .
٢٥ – وەستا حاجی عەبدوڵلاّ (عەبۆل) : بەر گومرگە سووتاو .
٢٦ – حاجی ئەحمەد . تەنیشت حەمامی شێخ مارف . .
٢٧ – وەستا یەحیا : کانێسکان بازاڕە بچکۆلە .
٢٨ – وەستا سەعەی ئووسوو : مەیدانی دارو خەڵووزەکە .
٢٩ – وەستا ئەوڕەحمانی دەروێش مەجید : بەرگومرگە سووتاو .
٣٠ – وەستا ئەوڕەحمانە دڕێز : مەیدانی دارو خەڵووزەکە .
٣١ – وەستا مەجید کاکەیی : خانی خورماکە .
٣٢ – وەستا مەناف : مەیانی برنجەکە .

سەرچاوە :

ڕەحیمی وەستا مەحموودی ناڵبەند .

## بەناکان

بێگومان کورد وەك زۆر نەتەوەی تری ئەم جیهانە خاوەنی هونەری میعماری (ئارکتێکچەر)ی خۆیەتی، ئەم هونەرەش زۆر لایەنی لەدیمەنی شاران و وڵاتانی تر دەچێت و زۆریشی جیاوازە هەروەك لەناو وڵاتێك و میللەتێکیشدا هەندێ جار دیمەنی ئەم هونەرە لەشاریکەوە بۆ شارێك دەگۆڕێت.

سلێمانی کۆن لەدامەزراندنەوە تائەم ساڵانەی دوایی دیمەنی هونەری میعماری و نەخشەو کەرەسەی تایبەتی خۆی هەبوو، کە ئێستا زۆر دیمەن و کەرەسە خەریکی گۆڕینە... ئایا ئەم گۆڕینە بەپێی پێویست و لەسەر بناغەیەکی عیلمی یە ؟!

لێرەدا تۆماری ئەم هونەری خانوو دروست کردنەی سلێمانی بەدیمەن و نەخشەو کەرەسەو ناوی هەنەرمەندانی بەهونەری یەوە جێگیر دەکەین. جیاکردنەوەی لایەنی خۆماڵی و جیهانی و لایەنی ئەو شتانەی کە دەبێ بپارێزرێن و ئەوانەی کۆن بوون و بەکەڵك نەماون، بۆ پسپۆرەکانمان بەجێ دەهێڵین، کە هیوامان وایە ئەم تۆمارە سەرەتای لێکۆڵینەوەیەکی عیلمی ئەم باسە بێت، کە سوودی بۆ پاراستن و بەرەوپێش بردنی ئەم هونەرە هەبێت، هەتا سلێمانیش لەم رووەوە، وەك زوربەی شارانی جیهان ئەو خاسیەتە تایبەتی یەی خۆی بپارێزێت، کە شانازی پێوە دەکەین وەدەبێ بەرەوپێشەوەی ببەین.

(ع.م.ر.)

## چۆن خانووی کۆن لە سلێمانی دروستکراوە؟!

لە سەرەتاوە کە خانوو وبینای تر دروستکراوە لە سلێمانی دا، بەزۆری لەخشتی کاڵ‌وقوڕ بووە. ئەستورایی دیوارەکانی لەنێوانی (٨٠سم – ١٠٠سم) بووە.. ئەم دیوارانە لەناوەوە بەگڵەسپی تەڕاودراوە لەکاتێکدا بەرز بۆتەوە دارەڕا کراوەو لەدوای ئەمە قامیش‌و زەلی لەسەرڕا خراوەئینجا گڵی پاکی بەسەردا کراوە. زۆر بە جوانی پەستراوەتەوە و قوڕی بۆ گیراوەتەوە (لەگڵەسوور) لەگەڵ کادا تێکەڵ کراوەو خۆشکراوە تاوەکو یەك بگرێ و درز نەبات ، باش سواخ دراوەوساف‌کراوە، دیسان لەدیوی دەرەوەش هەر بەو دەستوورە سواخ دراوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەم جۆرە خانووانە کە کۆن کراوە بە هاوین فێنکەو بەزستان گەرمە

لەدوای ئەوەی کە خانوو پەرەی سەندو هەندێ لەوکەسانەی کە دەست ڕۆیشتوو بوون‌و پارەدار بوون هاتوون پێش خانووەکەیان بەخشتی چوارگۆشە لەگەڵ گەچ دا بەشێوەیەکی جوان دروستکردووە، هەندێکی تر دیوارەکانیان بەبەردی مەڵکەندی درووستکرادووە.

ئەم جۆرە بەردە لە گردە گڕوی‌ەوە هاتووە کەدەکەوێتە لای بناری شاخی گۆیژەوە.

هەندێکی تریش هەربەخشتی چوارسوچ لەگەڵ گەچ‌دا دیوارە گڵەکەی داپۆشیوە، بەشێوەیەکی جوان چنراوە. ئەمانەش نموونەی چەند ماڵێکن لە سلێمانی دا کە بەوشێوەیە تەرتیب‌کراوە:

١ – ماڵی حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکلی زادە، لەزەمانی تورك‌دا کاتێ عەلی ئیحسان پاشا ساڵی ١٩١٧ هات بۆ سلێمانی لەوێ میوان بووە ئەو دەمە تازەکرابووەوە.

٢ – ماڵی حاجی مەلا محی الدین لەزەمانی ئینگلیزدا.

٣ – ماڵی حاجی ابراهیم ئاغا: لەزەمانی ئینگلیزدا.

دوا بەدوای ئەوان ئەوماڵانەی کە دەوڵەمەندبوون و گوزەرانیان باش بوو دەستیان کرد بەگۆرینی شێوەی خانووەکانیان بەتایبەتی ئەم جوڵانەوەیە پاش شەڕی بەردەرکی سەرابووە.

لەدوای ساڵی ١٩٣٠ وردە وردە شێوەی خانوو پتر گۆڕینی لەلایەن ئیشی دارتاش یەوە تێدا پەیدا بوو.. ئەوە بوو کەپێشەوەی خانوو و ثوتێل و باڵەخانەکان و بن میچی ماڵان نەخش دەکراو بۆیە دەکرا ئەم دیمەنە رەنگاورەنگە دڵراکێش بوو. نموونەی ئەم باسەمان لەهەندێ خانووی کۆنی شاری سلێمانیدا ماون.

تێبینی.

١ – لەکاتی خۆیدا لە سلێمانی خانوو لەقوڕ دروست کراوە بەم شێوەیە بووە. هەیوانێك لەپێشەوەو ژوورێك لەدوایەوە کە پێی دەوترا پشت هەیوان وە دووژوور لەملاو لەولای کە پێی دەوترا کەلەگی، وە هەر ژوورێك کە لەسەر ئەم ژوورا نە بێت پێی ئەووترا گەنجینە کە بۆ زەخیرە بە کار ئەهات و زۆر جار کلاو رۆژ نەشی بۆ دەکرا لەبەر هەواو رووناکی...

٢ – ئەوەی شایانی باسە لە ناو وەستاکاندا باو بووە هەر یەکە خەلفەیەکی تایبەتی خۆی هەبووە، لە کاتی ئیشدا وەستا کە بەدەم ئیشەوە ئەم جۆرە داواکارییەی لە خەلفەکەی ئەکرد تا کەرەسەی بۆ هەڵبدات وەك دەی بێنە دەی. باوکم دەی. نیمە دەی. چارەك هەڵدە دەی. بێنە سەرزە بێنە یاالله گەچ بێنە.. یان بەتوورەییەوە دەی وت:

زووبکە ودەی. کویراییت دایە دەی.. تاد

٣ – ئەم پیشەیەو زۆر لەپیشەکانی تر خاوەنی وەستا باشی یەك بوون ئەم وەستایە کابرایەکی شارەزاو لێهاتوو و دەمڕاست بوو بە رەسمی پەیوەندی هەبووە بە شارەوانی یەوە وەك سەرۆك یان وەستا وابووە هەر تەنگ وچەڵەمەیەك لەنێوانی وەستاکان یان وەستاکان و ئیشی میریدا رووی بدایە وەستا باشی بریاری لەسەر ئەداو رێی بۆ دەدۆزی یەو.

ئەو کەرەسانەی لەکۆندا بینای پێکراوە..

١ – **قسڵ**: ئەم کەرەسەیە لەقلیاسان چەند کوورەیەکی تایبەتی بۆکرابوو بەوڵاخ

بەردەقسڵی بۆ دەهێنرا، لەم کوورانەدا دەسووتێنرا ماوەی سێ شەوو سێ رۆژتیا دەمایەوە، لەدوایی ئەم قسڵە لەگەڵ قوڕە سووردا تێکەڵ دەکرا و وردەبەردی تێکەڵ دەکرا، بۆ بناغەی خانوو. ئەم بەردانەش لە جێشانەو هەزار مێردەوە دەهات.. ئەمانەش خاوەن کوورەکان بوون:

١ – مچەی پیرێژن
٢ – سەعەی مارف
٣ – ئەورەحمانی چەچەقولی
٤ – وەستا حەبیبی ئەولێ
٥ – حاجی صاڵحی کوورە
٦ – عەبدول قادرو نەجمەدین و کورانی حاجی صاڵحی کوورە بوون زۆر جار لەناو شاردا ئەو شوێنەی کە ئیشی لێ‌دەکرا کوورەیان لێ درووست دەکرد.

٢ – **گەچ**: هەروەها کوورەی گەچ لەشوێنیکا درووست دەکرا لەسەر بەردە تایبەتی یەکەی خۆی کۆمەڵ دەکرا، ئەو جۆرە بەردەش لەگوندی (تلەزەیت)و (گڵەزەردە) و ناوچەی قەرەداخ و دەربەندی بازیان و دەربەندیخان دروست دەکرا. ماوەی حەوت تا هەشت سەعات دەسووتا پاشان دەبوو بەگەچ.

ئەم کەسانەی خوارەوە خاوەن کوورەکان بوون:

١ – حەمەی ئەولێ.
٢ – نووری قەفتان
٣ عەبەی حاجی صاڵح.
٤ – حەمە چاوەش
٥ – مەلا کەریم.
٦ – مەلا عیزەت
٧ – عەزەی ئەولێ

٣ – **خشت**: ئەم جۆرە کەرەسەیەش هەرلەقلیاسان کوورەی بۆ دروستکراوە، گڵی تایبەتی بۆ هاتووەو خراوەتەقاڵبەوە وەئەم قاڵبانەش خراونەتە ناوکوورەوە بۆ ماوەی سێ‌رۆژو سێ شەو تا بەجوانی ئاگر لەژێری‌دا دەسووتاو سوور دەبووەوەو

ئامادەدەکرا بۆ بەکارهێنانی. شیوەی ئەو خشتانە ش چوار گۆشە بووە بە ئەندازەی ٢٢ × ٢٢سم کەدا دەنرا بەینەکانی بەگڵ و گەچ پر دەکرایەوە ئەبووبە ٢٥سم.

ئەم جۆرە خشتە لەدوای زەمانی ئینگلیز گۆراوە بووبە «نیمە» ئەوانەی کە خاوەنی کوورەی خشت‌بوون هەر ئەو کەسانە بوون کە کوورەی قسڵیان هەبوو، جگە لە وەستا حەبیبی ئەولی و ئەورەحمانی چەچەقولی.

٤ – **بەرد** : لەزووەوە لەدوای خانووی گڵ بەردوخشت پێکەوە بۆ بینا کردن بەکار هاتوون، لە زۆر شوێن دا ئەبینرێ، بۆ غوونە، قەیسەریی نەقیب تاقەکانی و دوکانەکانی بەخشت درووست‌کراوە بەڵام دیواری پشتەوە کە دەکەوێتە دیوی ...ادەی کاوە بەبەردی مەڵکەندی دروستکراوە. دیسان نموونەمان مەکتەبی فیصلیەیە بیناکەی بەخشت و گەچ وسەری بەگڵەبان بەڵام دیوارەکانی دەرەوەی بەبەردی مەڵکەندی دروست‌کراوە، هەروەها خەستەخانەی خوارەوە کە لە زەمانی تورکدا دروست کراوە خەستە خانەی سەرەوەو زۆر ماڵانی تر بەبەردی مەڵکەندی دروست‌کراون.

لەدوای ساڵانی ١٩٣٠دا بەردی سپی پەیدابوو ئەویش لەکانەبەردەکان دەردەهێنرا کە دەکەوێتە ئەوبەر دووریانەکەی سەرچناری کۆن وە خاوەنی ئەوکانەبەردانەش لەکاتی خۆیدا ئابڵاخیەکان بوون وەستا عەلی وەستا حەسەن وەکو خۆی گێرایەوە کە لە ساڵی ١٩٢٨دا تەنێ بەردی مەڵکەندی کریوە بە ٦٠ فلس بۆ دیواری پشت خەستەخانەکە کە قۆنتەراتی خۆی بووە.

لەساڵی ١٩٤٨دا تەنی بەردی مەڵکەندی بە ١٠٠ فلس بووەو تەنی بەردی سپی بە ٧٥ فلس بووە کڕراوە بۆ دروست‌کردنی (سینەمانی رەشید)...

# تەڕاوی دیواری گڵ

لەسەردەمی خۆیدا زۆر ماڵ بەتایبەتی ئەوانەی کە توانای گەچکاری‌یان نەبووە دیواری ژوورەکانیان تەڕاو دەدایەوە ... ئەمەش بە دوو جۆر بووە :

جۆری یەکەم : تەڕاو بەگڵەسپی : ئەویش بریتی‌بوو لەپارچە پارچەگڵی ڕەق‌و زەردباو، لەپەناگردەکان‌دا ژنان دەچوون کۆیان دەکردەوەو بەکوڵ دەیانهێناو دەیانکردە ئاوو جوان تێك دەدرا هەروەکو ماستاوی لێ‌دەهات ئینجا بەپەڕۆ بەخەستی لەدیوارەکانیان هەڵدەسوو چەند جارێك ..

جۆری دووەم تەڕاوبەگەچ :

هەروەکو جۆری یەکەم وەهابوو بەڵام لەباتی گڵ گەچیان تێکەڵ ئاو دەکرد ، هەربەو دەستوورە تێکیان دەداو بەخەستی لە دیوارەکانیان هەڵدەسوو ... کە وشك دەبووەوە ڕەنگێکی سپی‌ی جوانی هەبوو .

ئەم دووجۆرە تەڕاوە بۆنێکی خۆشی هەبووە بەتایبەتی جۆری یەکەم .

# ناوی ئەو شوێنانە کە لەکۆندا دروستکراون لەگەڵ ناوی ئەو وەستایانەی کەئیشیان تێدا کردووە

١ – بینای مه کتەبی ڕوشدی‌یەی عەسکەری. ئەم بینایەوەختی خۆی تورکەکان دروستیان کرد بۆ مەکتەبی روشدی‌یەی عەسکەری ، ئەم مەکتەبە لە ساڵی ١٨٩٢ز دامەزراوە دەوامی کردووە هەتا ساڵی ١٩١٣ز ، لە ساڵی ١٩١٤زدا کە جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی‌پێکرد ئەم مەکتەبە داخراو بوو بە خەستە خانەی عەسکەری وەهەر بە خەستەخانەش مایەوە. پی‌یان دەووت خەستەخانەی خوارەوە ، لەشەقامی کاوە لەم دوایی‌یەدا تەخت‌کرا وە بوو بەشوێنی ڕاوەستانی ئوتۆمۆبیل .

٢ – پردی قلیاسان :

لەگۆڤاری یان بڵاوکراوەی (سلێمانی) ژمارە (٥) ساڵی ١٩٧٠ کە شارەوانی‌ی سلێمانی مانگانەدەری دەکرد لەم پردە دواوە . ئەم پردە لە ساڵی ١٣٢٩ ی کۆچی واتا ١٩٠٩ دەستی پێکراوە، لە ساڵی ١٣٣٠ واتا ١٩١٠ تەواوبووە. دەوڵەمەندەکانی ئەو زەمانە هەرخەریکی پارەکۆکردنەوە نەبوون بەڵکو هەچ شتێك سوودی هەبوو بێت بۆ وڵاتەکەیان کردوویانە هەر لە پێناوی ئەوەدا کە مایەی خوش‌گوزەرانی بن‌و دوای خۆیان نموونەیەکی پیاوەتی بەجێ بهێڵن کە خەڵکی چاویان لی‌بکات .

یەکێك لەو پیاوانە (حاجی عەزیزی قەرەنی) بووە کە هەستی کردووە لەزستان‌و بەهاردا پەڕینەوە زەحمەت بووە بەهۆی زۆری‌بارانەوە شارەکەش زیانێکی زۆری لێکەوتووە . لەبەرئەوە ئەم پردەی لەگیرفانی خۆی دروست کردووە. هەرخۆیشی سەرپەرشتی کردووە .

وەستا عەلی وەستا حەسەن بۆی گێرامەوە کەئەویش باوکی بۆی گێڕاوەتەو کەوەستا باشی بووە ، لەکاتیکا پردی قلیاسان دروست کراوە خۆی ئیشی تێداکردووە وتوویەتی کە ئەم پردە بناغەکەی لەبەردو قوروقسل داڕێژراوەو لەدوایی‌دا تاقەکانی بەخشتی سوورو گەچ لێدراوە هەروەك وەستا حەسەن وتوویەتی کە گوایە ئەم پیاوە (حاجی عەزیز) لە سەر چەمەکە خێوەتی هەڵداوەو چاودێری کرێکارەکانی کردووە .

ئەم پردە هەزار لیرەی زەردی ئەو زەمانەی تێ چووە ئەم وەستایانەی خوارەوە ئیشیان تێدا کردودە .

١ – وەستا حەسەنی فاطمە غەزائی

٢ – وەستا حەسەنی وەستا ڕەشید

٣ – وەستا حەبیبی ئەوڵی .

**٣ – قەیسەریی نەقیب :**

خاوەنی ئەم قەیسەری‌یەش شێخ مستەفای نەقیب بووە، مامی‌شێخ مەحموودی حەفید هەروەکو حاجی ئەورەحمانە خڕەی خەیات بۆی‌گێرامەوە کە تەمەنی نزیکەی سەد ساڵە وتی : جێگای قەیسەریی نەقیب شیو بووە لە کاتێکدا کراوە بەقەیسەری بەچاوی‌خوی دیویێ کەشێخ مستەفا بەدیار وەستاکانەوە وەستاوە یان‌کورسی یەکی داناوەو لەسەری دانیشتووە سەرنجی ئیشەکەی داوە .

سەرکردەی وەستاکان وەستا حسنی فاطمە غەزائي بووە ، شێخ‌مستەفا ئیشەکەی زۆر بەدڵ‌بووە لە کاتی ئیش‌دا لیرەیەکی ئاڵتوونی بۆ هەڵداوە ئەویش بەدەم ئیشەکەوە لیرەکەی گرتۆتەوە خستویەتە ژێر دانیەوە .

٤ – مەکتەبی فەیصەلییە :

جێگای ئەم مەکتەبە ئێستا بازاڕی عەسری‌یە ، لە ڕۆژنامەی ژین‌دا بەم‌جۆرە باسی لێوەکراوە :

ساڵی ١٩٠٨ زەمانی عوسمانلی .. لە سەر فەرمانی (صەفوەت‌بەگ) کە سەرکردەی عەسکەری سلێمانی بووە ، نزیکەی (٥٠٠) لیرە بەپیتاك لەناو ساماندارەکانی ناوشاردا کۆکراوەتەوە تا بیناکەی لێ تەواوکراوە .

لەدوای روخاندنی دەوڵەتی عوسمانلی سوپای ئینگلیز هات بیناکەی کرد بە جێ نشینی سوپاکە ئەودەمە پێیان دەوت (مەکتەبی سیاسی) کە مێجە رسۆن حاکمی سیاسی بوو خۆی لەوێ دادەنیشت لەدوایی دا کە حوکمەتی عیراق هات هەمان بینا بوو بە مەکتەبی (فیصلیە) . ئەم وەستایانە ئیشیان تێدا کردووە .

١ – وەستا حەسەنی فاطمە غەزائي .
٢ – وەستا صاڵحی وەستا شوکرێ
٣ – وەستا حەسەنی وەستا رەشید
٤ – وەستا حەبیبی ئەولێ

**٥ – قەیسەریی شێخ مەحموود .**

ئەم قەیسەری یە لە ساڵانی ١٩١٧ – ١٩١٨دا دروست کراوە . پاش تەواوبوونی بەماوەیەکی کەم شەوێك بۆ بەیانی قەیسەری یەکە هەمووی رووخاوە ، چونکە ئەو ساڵە رێکەوتی ساڵی (گرانی) یەکە بووە لەبەر تەنگ و چەڵەمە وشەروگرانی ئەو شەوە کە روخاوە چۆڵ بووە کەسی نەبووە بەژێرەوە .

ئەمانەش نموونەی ئەووەستایانەن کەئیشیان تێدا کردووە :

١ – وەستا حەسەنی وەستا رەشید
٢ – وەستا صاڵحی وەستا شوکرێ
٣ – وەستا حەبیبی ئەولێ

**٦ – بەلەدی یە کۆنەکە** : لەزەمانی تورکدا بەلەدی یە کۆنەکە سەقاخانەی عەسکەری تورك بووە ئاویان لەوێ کێشاوە .

لەساڵی ١٩٢٤دا کە مەحموود ئەفەندی قادرئاغا سەرۆکی شارەوانی بووە دروسنکراوە هەر بێ خەریتەو موهەندیس لەسەر شێوەی مەکتەبی (فیصلیە) دروستیان کردووە ..

ئەمانەش ئەو وەستایانەن کە دروستیان کردووە ..

١ – وەستا سەعی وەستا حەسەنی فاطمە غەزائی
٢ – وەستا ئەمینی وەستا حەسەنی فاطمە غەزائی
٣ – وەستا عەلی وەستا حەسەنی فاطمە غەزائي

کوڕانی وەستا حەسەنی فاطمە غەزائی دروستیان کردووە.

٧ – تاوڵەی عەسکەری:

لەدوای بوردومانی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە ساڵی ١٩٢٤ کە شێخ مەحمودو سوپاکەی‌و خەڵکی ناوشار شاریان چۆڵ کرد، سوپای عیراق بۆ یەکەم جار ١٩٢٤ هاتە شاری سلێمانی‌یەوە شوێنی خەستەخانەی سەرەوە پێش ئەوەی بکرێ بەخەستەخانە کردیان بە تاوڵەی عەسکەری و جێ‌نشین بوون.

لەبەرئەوەی شوێنەکەی دەشت‌وباخ بووە ژوورو ئاخوڕیان تێدا دروست‌کردووە، بە سەرپەرشتی سەرکردەی ئەوسوپایە کە عەلی رەزابەگ عەسکەری بووە برای جەعفەر پاشای عەسکەری رەئیس وزەرای ئەو دەمە. ناوبراو خەڵکی گوندی (عەسکەر) دەوروبەری کەرکوکە.

ئەمانەش ئەو بەنایانەن کە ئیشیان تێدا کردووە:

١ – وەستا عەلی وەستا حەسەن
٢ – وەستا مارفە درێژ
٣ – وەستا محەی گوڵنام
٤ – وەستا شێخ موحەممەدی بەنا
٥ – وەستا عەلی دەروێش ئەمین
٦ – وەستا عەلی ئاش

**٨ – جێ‌نیشتەی سوپا «حامیة»**

ساڵی ١٩٢٦ زەمانی ئەحمەد بەگی متصرف لەبەرامبەر سەرچاوەی ئاوی کانیسکان دروست‌کرا.

بەڵێندەر: سیرۆب کەندریانی موصلاوی کە دۆستی میخائیل ساکۆ بوو بناغەکەی دا بە عەلی وەستا حەسەن‌و حاجی بارام‌و ئەورام شالوم، کە بناغەکەی تەواوبوو بۆ بیناکەی لە شاری موصلەوە لەگەڵ وەستاکانی سلێمانی‌دا تەواویان‌کرد.

**٩ – تازەکردنەوەی سەرا:**

سەرا لە ساڵی ١٩٢٧دا تازەکراوەتەوە بەڵام پێش تازەکردنەوەی لەزەمانی

مەحموود پاشای بابان مامی برایم پاشادا، هەر سەرابووە لەپێش درووست بوونی سلێمانی دا دروستی کردووە ، هەر نیشتەجێی بابانەکان بووە ، بەڵام دوای نەمانی فەرمانڕەوایانی بابان ساڵی ١٨٥١ کە تورك هاتو دەستی گرت بەسەر وڵات دا بوو بە نیشتەجێی ئەوان . ئەم سەرایە لەسەرەتادایەك نهۆم بووە بەگڵو دارەڕا دروست کراوە ، ژوورو ژێرخانو ژێر زەمینو پێچاوپێچی زۆری تێدابووە بە قادرمە چوونەتە خوارەوە بۆناو زیندان . لەدوایی دا ئەم سەرایە سەر لەنوێ دروست کرایەوە . دوای تەخت کردنی بە سەرپەرشتی ئیسماعیل ئەفەندی تورك کە خەڵکی ئەستەموول بووە وە لە گەڵ حەمەعەلی ئەفەندی کە کوردبووە هەردووکیشیان موهەندیس بوون .

ئەمانەش ئەو وەستایانەن کە بەشداریان کردووە لەتازە کردنەوەی سەرای سلێمانی دا

١ – وەستا سەعیدی وەستا حەسەن

٢ – وەستا ئەمینی وەستا حەسەن

٣ – وەستا عەلی وەستا حەسەن

# داپۆشینی شیوەکانی سلێمانی ساڵی ١٩٢٦

لەزەمانی مەحموود ئەفەندی قادرئاغادا کە سەرۆکی شارەوانی بووە لە سلێمانی ساڵی ١٩٢٦ دەست‌کرا بەداپۆشینی شیوەکانی سلێمانی ، لەم‌شارەدا شیو زۆر هەبووە هەمووی سەری بەرەڵلا بوون ، بەڵام دوو شیوی سەرەکی هەبووە کە زۆر گەورەبوون کە لە سەرەوەی شارەوە هاتوون‌و ڕۆیشتوون تاپشتەوەی جولەکان تەنانەت لە هەندێ شوێنی گەڕەکەکاندا پردیان دروست‌کردووە بۆ پەڕینەوە بەخشتی سووری چوارسووچ‌و گەچ هەڵچنراوە وتاقی بۆلێ دراوە . لەکاتی خۆی‌دا بۆ ئەم جۆرە شتانە لە ناو خەڵك‌دا پارەکۆکراوەتەوە .

ئەودوو شیوە سەرەکی‌یە لەم دوو قۆڵەی خوارەوە ڕۆیشتووە .

١ – شیوی یەکەم : لەمزگەوتی حاجی شێخ ئەمین لە صابونکەرانەوە دەست پێ دەکات ، دەپەڕێتەوە ئەوبەر بۆ بەردەمی مزگەوتی هەمزاغا لەوێشەوە دەچێ بۆ سەر چیمەن ئینجا بۆ بەر ماڵی حاجی سەعید ئاغا ، دەڕوا هەتا دەگەڕێتەوە بۆ بەردەمی خانەقای مەولانا ، لە وێشەوە دەچێ بۆ سەرشەقام بۆ پشتی مزگەوتی مەلاحسێنی پیسکەندی . ئەم شیوەلەبەر ئاشەکەی ئەمینە فەنی مەسرەف لەگەڵ شیوەکەی تردا تێکەڵ دەبن ئینجا بەرەوخوار بۆ پشتی جوولەکان دەڕوات .

٢ – شیوی دووەم :

لەپشتی مزگەوتی مەڵکەندی‌یەوە دەست‌پێ دەکات بەرەو پیر مەسوور (پیرمنصور) وەلەوێشەوە بۆ بەردەرکی سەرا ئینجا لەتەنیشت دوکانی جەرجینسەوە دەڕوات بۆ بەردەم ئەسحابە سپی وەبۆ ناو بازار ، بەژێر قەیسەری نەقیب‌دا دەڕوات بۆ گوزەری ئاسنگەرەکان ئینجا دادەگەڕێتەوە بۆ پشتی مزگەوتی خومخانەکان وەلەوێ‌دا ئاشێکی بەردی لەسەر دەگێرا کە پێ‌یان دەوت (ئاشە گواوی) ئینجا لەوێوە بەرەو خوار دەبووەوە بۆ بەردەمی خانەقای مەحوی ، دەپەڕێتەوە ئەوبەر بە بەردەمی ماڵی حەمە صاڵحی عەزەی مەمەندا تی ئەپەڕێ وەدەچێتەوە پشتی هەمان مزگەوتی مەلاحسینی پیسکەندی‌و لەبەردەم ئاشی ئەمینە فەنی مەسرەف تێکەڵ بە شیوی یەکەم دەبێ . وە لەوێوە دەڕۆیشت

بۆ جوولەکانو پشتەوەی جوولەکان . کەدەست کرا بە داپۆشینی ئەم شیوانە لەپێشدا دەست کرا بە داپۆشینی شیوی یەکەم ئەویش بەتاق وقاڵبو بەردی مەڵکەندیو قوروقسڵ دروستکراو سەری گیرا .. لەهەندێ شوێندا کونێکی گەورەیان تێدا دروست دەکرد بۆ ئاوەڕۆ تەنانەت زەلام بەچراوە دەچووە ناوی پیا دەگەڕا .. لە کارەساتی لافاوی ۱۹۳۳ - ۱۹۵۷دا لە هەندێ شوێندا لەبەر زۆری ئاو ئەم شیوە تەپی دوایی چاکیان کردەوە .

داپۆشینی شیوی یەکەم لەلایەن رەمزی فەتاح یوزباشی زەمانی تورك لەگەڵ وەستا سەعیدی وەستا حەسەنی فاطمة غەزائي کە خەڵکی شارەکەبوو ، لەبەلەدی‌یە گیرا بە قۆنتەرات ... ئەوانیش ئەم وەستایانەی خوارەوەیان خستە سەر :

١ - محەی دەشتەکە
٢ - محەی رابعە «ئەمەبرای حەمەگورگە بۆر بوو کە لە سەفەربەلکدا لەسووریا ئیعدام کرا ...»
٣ - وەستا سمایل حەسەن .
٤ - محەی گوڵنام
٥ - شێخ موحەممەدی بەنا
٦ - عەلی دەروێش ئەمین
٧ - عەلی ئاش

لەدوایی‌دا دەستکرا بە داپۆشینی شیوی دووەم ئەویش پارچەپارچە کرا ، هەندێکی زۆری بەلەدییە خۆی وەستای بۆ دەگرت .... هەندێکیشی درا بەقۆنتەرات .

١١ - خەستەخانەی سەرەوە : جمهوری :

کاتێ کە جێنیشتەی عەسکەری (حامیە) بیناکەی خۆی تەواوبوو گواستیەوە ، تەخت کردنی ئەو شوێنە لەساڵی ۱۹۲۸دا دایان بەقۆنتەرات بەحاجی بارامو وەستاعەلی وەستا حەسەن. ئەوانیش بەگاجووت شوێنەکەیان

تەختکرد . دوایی بەبەردی مەڵکەندی بیناکرا و بنمیچەکانی بەشیلان و تاقی خشت و گەچ چنرا وە ئەم بینایە بە سەرپەرشتی داود صادق کە ئەندازیاری ناوچەبوو وە بەیارمەتی ئەندازیاران حیکمەت ئەمین و ڕەشید عەبدول کەریم کە خەڵکی سلێمانی بوون دروستکرا .

ئەمانەش ئەو وەستا یانەبوون کە ئیشیان تێدا کردووە : ـ

١ – وەستا حەمە عەلی وەستا حەبیب .

٢ – محەی دەشتەکە .

٣ – وەستا سمایل حەسەن .

٤ – وەستا عەباس و وەستا حەسەن : (دووبرا بوون خەڵکی سابلاخ بوون) دوای تەواو بوونی دیواری خەستەخانەکە درا بە قۆنتەرات لەمەیتەمەوە بۆ ئەو سەر بەوەستا عەلی وەستا حەسەن ئەویش بناغەکەی بە بەردی مەڵکەندی و قوڕوقسڵوە دیوارەکانی بەهەمان بەرد تەواو کرد .

١٢ – ئوتێلەکان :

١ – ئوتێلی حاجی برایم ئاغا ساڵی ١٩٢٩ دەستکرا بە دروست کردنی .. دوای تەواو بوونی درا بەکرێ بە (قالە چاوجوان) بەناوی ئەوەوە ناوی دەرکرد . وەستاکانی دووبرابوون . وەستا ئەمین و وەستا عەلی کە کوڕانی وەستا حەسەن بوون .

٢ – ئوتێلی حاجی برایم ئاغا لە ساڵی ١٩٣٢دا دروستکرا ، وەدوای تەواو بوونی دای بەکرێ بەمیرزا حسێنی حاجی سەعید. ئەم ئوتێلەش لەناو خەڵکدا بەناوی ئەوەوە ناوبانگی دەرکرد . وەستاکانی : ئەم وەستایانە دروستیان کرد : ا – وەستا ئەمینی وەستا حەسەن ب – محەی دەشتەکە. ج – شێخ موحەممەدی بەنا

٣ – ئوتێل و گەڕاجی قالە چاو جوان :

ئەمەش دوای ئوتیلەکانی پێشووەوە دەستی پێکراوە موڵکەکەش هی دووخاوەن بوون کە ئەوانیش (حاجی تۆفیقی تازە دەوڵەمەند) و (سەعەی مارف) بوون .

وەستاکانی : تەنها وەستا مەردان بووە .

٤ – ئوتێلی ئەوقاف : کە موڵکی ئەوقاف بووە وە بە سەرپەرشتی نوورەدین ئەفەندی موهەندیس کە لە بەلەدی‌یە بووە دروست‌کراوە ، دوایی درا بەکرێ بەعەبەی دەروێش کەریم : وەستاکان . وەستا مەردان .

١٣ – دروست کردنی ماڵی متصرف و باخچەی گشتی‌و یەکەم جادە کەپێیان دەوت (جادەی تازە) دوایی ناونرا جادەی (مەولەوی) لەساڵی ١٩٣٨ دا کە زەمانی سەرۆکی شارەوانی مەحموود ئەفەندی قادر ئاغابووە دروست کراوە .

ئەمانەش ئەو وەستایانەن کە ئیشیان تێدا کردووە .

١ – وەستا مەردان ٢ – وەستا سمایل حەسەن .

٣ – محەی دەشتەکە

٤ – شێخ موحەممەدی بەنا

٥ – وەستا حەمە کەریم عەبدوڵڵا ...

١٤ – بەندیخانە :

بەندیخانە کە لە ساڵی ١٩٤٦دا دروست‌کرا بەسەر پەرشتی ئەندازیار حیکمەت ئەمین‌و قۆنتەراتی رەشیدی حاجی فەرەج کە باوکی دوکتور (جمال رشید) بوو ئەمانەش ئەو وەستایانەن کە ئیشیان تێدا کردووە .

١ – محەی دەشتەکە .

٢ – وەستا سمایلی حەسەن .

١٥ – یانەی ئەفسەران : نادی عسکری

ئەمەش لەزەمانی مەحموودئەفەنی قادرئاغا کە سەرۆکی شارەوانی بووە ، لەناو حەوشی سەرادا باخچە بووکە دروست کرا چاخانەی عومەری حەمە ملۆزم چووە ناوی پێش ساڵی ١٩٣٠. لە دوایی‌دا بووبەیانەی ئەفسەران . ئەم بینایە لە لایەن وەستا سەعیدی وەستا حەسەن کە وەکیلی بەلەدی‌یە بوو سەرپەرشتی دەکرا ئەمەش ناوی ئەو وەستایانەیە کە ئیشیان تێدا کردووە :

١ – وەستا ئەمینی وەستا حەسەن

٢ – حەمە عەلی وەستا حەبیب .

١٦ – یانەی فەرمانبە ران : نادي الموظفين ئەمەش لەزەمانی قادر ئاغای حاجی مەلا

محی الدین دا کە سەرۆکی شارەوانی بوو لەساڵی ١٩٤٤ دروست‌کرا لەپێشدا لەگەڵ باخچەی گشتی دا شوورەی بۆ کرابوو وداری لیٚ‌درابوو بەڵام بێنای تێدا نەبوو ، یەکەم جار قاعەو تارمەکەیان بەرۆژانە بەم وەستایانەی خوارەوە دروست‌کرد :

١ — وەستا عەلی وەستا حەسەن .
٢ — ئیبراهیم فەتاح
٣ — حەمەعەلی وەستا حەبیب
٤ — ئەحمەدی مەلا
٥ — وەستا سمایل حەسەن

ڕۆژانەی ئەم بەنایانەش یەکی ڕۆژی پێنج ڕوپیە بوو واتە (٣٧٥ فلس) وە لەدوایدا ڕوپیە بوو بە پارەی عیراقی ڕوژانەی بەنا بوو بە نیودنیار بەڵام کرێکاری بەردەست ڕۆژی بەیەك ڕوپیەبووە (٧٥ فلس) ...

تیٚبینی :

ئەم بینایە ئەو ساڵەی تەواوبوو بانقی زەراعی هاتە ناوی بەڵام لە ساڵی ١٩٤٧ دا بوو بە یانەی فەرمانبەران و ئەم یانەیە پێشان لە باخی میللی شوێنی بەڕێوەبەریی پەروەردە بوو چونکە لەپێش ئەویش‌دا لەماڵی حاجی مستەفا پاشا لە صابونکەران بوو ..

١٧ — سانەوی کوڕان :

ئەم بینایە لە ساڵی ١٩٤٧ دا تەواو بووە دراوە بە قۆنتەرات بە :

١ — حەمەی قەفتان
٢ — عەبەی حاجی صاڵحی صابونچی
٣ — نووری حاجی عەزیز

٤ – عەلی وەستا حەسەن

ئەم بەنایانەی خوارەوە لەبیناکە دائیشیان کردووە :

١ – حەمە عەلی وەستا حەبیب
٢ – ئەحەی مەلا
٣ – وەستا سمایلی حەسەن
٤ – محەی دەشتە کە .

ڕۆژانەی هەریەك لەم بەنایانە ١٠ ڕوپیە بووە واتە (٧٥٠) فلس ....

# ناوی بەناکان

ناوی بەناکانو جۆری ئیشەکانیان :

١ – وەستا حەسەنی فاطمه غەزائي : وەستا باشی بووە هەتاکو زەمانی مەحموود ئەفەندی سەرۆکی شارەوانی دەستێکی باڵای هەبووە لەگومەزو تاقو گەچکاریو خشتکاریو نەخشکاری دا .

٢ – وەستا حەسەنی وەستا ڕەشید گەچکاریو خشتکاریو نەخشکاری .

٣ – وەستا صالحی وەستا شوکریۆ: گەچکاریو خشتکاریو نەخشکاری .

٤ – وەستا حەبیبی ئەولیۆ : گەچکاریو خشبتکاریو نەخشکاری

٥ – وەستا گولۆ محمد سنەیی : وەستای گەچکاریو تاقو نەخشکاری بووە .

٦ – وەستا سلێمان : وەستای گەچکاریو وتاقونەخشکاری بووە .

٧ – وەستا مەلا محمد وەستای گومەزو گەچکاریو تاقو خشتکاری بووە .

٨ – وەستا مەردان وەستای گومەزو گەچکاریو تاقو خشتکاری بووە .

٩ – وەستا ئەورەحمانی چەچە قولی : کوورەی قسڵی هەڵۆ دەبەستو گونجی ئاوی ڕادەکێشا بۆ ماڵان ....

١٠ – وەستا پیرۆت : کوورەی قسڵی هەڵۆ دەبەستو گونجی ئاوی ڕادەکێشا بۆ ماڵان ...

١١ – کوڕانی وەستا حەسەنی فاطمه غەزائی : (سەعیدو ئەمینو عەلی) وەستای گومەزوتاقو گەچکاریو نەخشکاریو خشتکاری بوون لەدوای باوکیان وەستا سەعید بوو بە وەستا باشی هەتا ساڵی ١٩٣٠ کۆچی دوایی کرد وە لەدوایی دا وەستا عەلی برای بووبە وەستا باشی ...

١٢ – حەمە عەلی وەستا حەبیب : وەستای گومەزو تاقو خشتکاریو بەرد کاری بووە ...

١٣ – وەستا محەی رابیعە : وەستای خشتو بەردکاری بووە .
١٤ – وەستا شوانە : یەکەم وەستای خشتی کاڵو سواغی دیوارو سەر بان بووە .
١٥ – وەستا سایەقی هەمین : هەمین ناوی ژنەکەی بووە وەستای خشتی‌کاڵو سواغی دیواری سەربان بووە .
١٦ – وەستا عەلی دەرویش ئەمین : وەستای خشتی‌کاڵو خشتی‌سوورو بەرد بووە ...
١٧ – وەستا محەی دەشتەکە : یەکەم وەستای بەردکاری بووە .
١٨ – وەستا ئیسماعیلی حەسەن : وەستای خشتو بەردکاری بووە .
١٩ – وەستا حەسەن ئێرانیو وەستا عەباس ئێرانی کە دوو برابوون خەڵکی سابلاخ بوون وەستای خشتو بەردکاری بوون .
٢٠ – وەستا ئەحەی مەلا : وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە ..
٢١ – وەستا عەلیی ئاش : وەستای خشتی کاڵ بووە .
٢٢ – وەستا شێخ‌محمدی بەنا : وەستای خشتو بەردکاری بووە ..
٢٣ – وەستا حەمەی ئەمین مەلێ : وەستای خشتی‌کاڵ بووە .
٢٤ – وەستا عەبە قانوون وەستای خشتی‌کاڵ وخشتی سوورو بەرد بووە .
٢٥ – وەستا ئەحمەدی مارف وەستای خشتو گومەز لێدان بووە
٢٦ – وەستا مارفە درێژ : وەستای خشتو بەرد بووە .
٢٧ – وەستا عەزیزی ئیسماعیلو ئەحمەدی ئیسماعیل : برابوون ، وەستای خشتو بەرد بوون .
٢٨ – وەستا موحەمەدی مەلا ئەمین : وەستای خشتو بەردبووە .
٢٩ – وەستا حەمە کریم عەبدوڵڵا وەستای خشتو بەردبووە .
٣٠ – وەستا کریم مەحموود چاوشین : وەستای خشتو بەردبووە .
٣١ – وەستا عەلی رەعنا : وەستای خشتو بەردبووە .
٣٢ – وەستا شێخ فەرەج عەبدوڵڵا وەستای خشتو بەردبووە .
٣٣ – وەستا ئیبراهیم فەتاح وەستای خشتو بەردبووە .
٣٤ – وەستا مەولود حاجی محمد وەستای خشتو بەردبووە برای خاڵەرەجەب .

٣٥ – وەستا عەول : وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە .
٣٦ – وەستا حەمە ئەمین مامگۆجە : وەستای خشتی کاڵو سوور وبەردکاری بووە .
٣٧ – وەستا فەرەجی فاتیلێ : وەستای خشتی کاڵو سوور و(دارتاشیشی زانیوە)
٣٨ – وەستا محەی گوڵنام : وەستای خشتی کاڵو سواغ بە هاوێن ، لە زستاندا جۆلایی دەکرد .
٣٩ – وەستا کاکەوڵا : وەستای خشتیکاڵو وەباشترین گڵەبانی دەکرد ..
٤٠ – وەستا سەید بایز : باشترین وەستای گەچکاری بووە .
٤١ – وەستا فەتاحی پیرێژن : وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە .
٤٢ – وەستا غوڵام : وەستای خشتی کاڵو بەردو قوڕ بووە .
٤٣ – وەستا محمدی فیض الله : (حاجیحەمەکەڕ) وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە .
٤٤ – وەستا ڕەشەی ناجی : وەستای خشتیکاڵو سوورو بەردکاریبووە .
٤٥ – وەستا مەحموودی حەلاو : وەستای خشتیکاڵ بووە .
٤٦ – وەستا حەمەی محەی گوڵنام : وەستای بەردکاری بووە .
٤٧ – وەستا حەمەباریك : وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە ..
٤٨ – وەستا عەلی حەسەن فەرتەنە وەستای خشتیکاڵو سواغی دیوارو سەربان بووە .
٤٩ – وەستا سەعەی قالە شەکە : وەستای خشتو گەچکاری بووە .
٥٠ – وەستا حەمەی ئاڵتوون وەستای خشتو گەچکاریبووە .
٥١ – وەستا کایل : وەستای خشتو بەردکاریو گەچکاری بووە ..
٥٢ – وەستا سەعەی شیو : وەستای خشتو بەردکاری بووە .
٥٣ – وەستا حەمەمین خێلە : وەستای خشتی کاڵو بەردکاری بووە .
٥٤ – وەستا ئەحەی خلە : وەستای بناغەی دیوار .
٥٥ – وەستا قادر خشتبڕ : وەستای خشتی کاڵو سواغدان .
٥٦ – وەستا جەلال کانێسکانی : وەستای خشتی کاڵو بەردکاری بووە .
٥٧ – وەستا مەلا حەمەکاکە : وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە .

٥٨ – وەستا صالحی کاکە ئەوڵا وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە .
٥٩ – وەستا ئەحەی کاکە ئەوڵا : وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە .
٦٠ – وەستا عەلی خانم : وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە ..
٦١ – وەستا سمەشێت : وەستای خشتو بەرد بووە .
٦٢ – وەستا قالەی حەمەچاوەش : وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە .
٦٣ – وەستا عەبەی ئەمین پەری وەستای خشتو بەردو گەچکاری بووە .
٦٤ – وەستا مەحموودی مەلا ئەمین : بەناو نەقار .
٦٥ – وەستا عەبدولرەحمان ڕۆستەم : وەستای خشتو بەردکاری .
٦٦ – وەستا قادر عەزیز : بەناو نەقار .
٦٧ – وەستا حەمە نوقڵە : وەستای خشتو بەردکاری
٦٨ – وەستا عەبەی عەزیز : بەناو نەقار .
٦٩ – وەستا حەسەنی عەزیز : بەناو نەقار .
٧٠ – وەستا مەحموود قولی : وەستای خشتو بەردکاری
٧١ – وەستا صابری حەمەعەلی : وەستای خشتو بەردکاری
٧٢ – وەستا طاهر ئیبراهیم : وەستای خشتو بەردکاری
٧٣ – وەستا عەلی گوێزان : وەستای بەردکاری
٧٤ – وەستا عەبەی حەمەبانەیی وەستای خشتو بەردکاری
٧٥ – وەستا ئەحمەد مەعرووف : وەستای بەردکاری
٧٦ – وەستا عەلییە دریژ : وەستای گەچکاری
٧٧ – وەستا ئەحمەد فەتاح وەستای بەردکاری
٧٨ – وەستا عومەر عەلی قەصاب : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
٧٩ – وەستا صالح سلیمان : وەستای بەردکاری
٨٠ – وەستا حەمەفارس : خشتو گەچکاری
٨١ – وەستا عەبەی کڵاو وەستای خشتو بەردکاری
٨٢ – وەستا عەلیی کلاو وەستای خشتو بەردکاری
٨٣ – وەستا صالحی نارنج وەستای خشتو گەچکاری .

٨٤ – وەستا عەزەی نارنج وەستای خشتو گەچکاری
٨٥ – وەستا حەمەی‌حاجی قادر وەستای خشتو بەردکاری
٨٦ – وەستا کەریمی‌حاجی‌قادر وەستای خشتو بەردو گەچکاری
٨٧ – عەبەشیپاڵ وەستای خشتو بەردکاری
٨٨ – وەستا خولەشیپاڵ : وەستای خشتو بەردکاری .
٨٩ – وەستا بلەی‌جەواز : وەستای خشتو بەردکاری .
٩٠ – وەستا موحەمەد عەبدوللا فتح الله وەستای خشتو بەردکاری .
٩١ – وەستا فایەقی حەمەپۆلیس : وەستای خشتو بەردوگەچکاری .
٩٢ – وەستا فاضلی حەمە پۆلیس وەستای خشتو بەردکاری .
٩٣ – وەستا حەسەنی حەمەپۆلیس وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
٩٤ – وەستا مەحموودی‌فەقێ‌حسێن : وەستای خشتو بەردوگەچکاری .
٩٥ – وەستا ئەحمەدی فقێ‌حسێن : وەستای خشتوبەردوگەچکاری .
٩٦ – وەستا سەعەی فەرەج : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
٩٧ – وەستا حسەینی فەرەج : وەستای خشتوبەردو گەچکاری .
٩٨ – وەستا شێخ‌کریم : وەستای خشتو بەردکاری .
٩٩ – وەستا عوسەی چاورەش : وەستای خشتو بەردکاری .
١٠٠ – وەستا عوسەی مام ئەحمەد : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١٠١ – وەستا کریمان : وەستای خشتو بەردکاری .
١٠٢ – وەستا ئەسعەد رەباتی : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١٠٣ – وەستا حەسەنی وەستائەمین : وەستای خشتو بەردکاری .
١٠٤ – وەستا صدیق عبد الرحمن فتاح : وەستای خشتو بەردکاری .
١٠٥ – وەستا عبدالله عبد الرحمن فتاح : وەستای خشتو بەردکاری .
١٠٦ – وەستا عوسمانی حاجی عەزیز : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١٠٧ – وەستا رحیم عبد الرحمن مەحموود : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١٠٨ – وەستا ئەمینی حاجی عەزیز : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١٠٩ – وەستا بەکری حاجی عەزیز : وەستای خشتو بەردوگەچکاری .

١١٠ – وەستا خدر عبد الرحمن عەزیز : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١١١ – وەستا قالەی خورشە چاوشین : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١١٢ – وەستا عەبدوللا (عەبەی قوڕ) وەستای سواغی دیوارو سەربان .
١١٣ – وەستا مەحموودی شێخ محمدی بەنا وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١١٤ – وەستا بایزی شێخ محمدی بەنا : وەستای خشتو بەردوگەچکاری .
١١٥ – وەستا تۆفیق رابیعە : وەستای خشتو بەردو کاشی .
١١٦ – وەستا رەفیق رابیعە : وەستای خشتو بەردو کاشی .
١١٧ – وەستا حەمەقادر : وەستای خشتو بەردو گەچگاری .
١١٨ – وەستا کەمال قادر : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١١٩ – وەستا قالەی خولەکە : وەستای خشتو بەردکاری
١٢٠ – وەستا عومەری مام سەعید : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١٢١ – وەستا مستەفای حەمەئەمین مەلی : وەستای خشتو بەرد کاری .
١٢٢ – وەستا مەحموودی مام سەعید : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١٢٣ – وەستا مچەی حەیران : وەستای خشتو بەردکاری .
١٢٤ – وەستا حەمەی حەیران وەستای خشتو بەردکاری ،
١٢٥ – وەستا ئەحەی حەمە سوور : وەستای خشتو بەردو گەوچکاری .
١٢٦ – وەستا صالحی حەمەسوور : وەستای جشتو بەردوگەچکاری .
١٢٧ – وەستا کەریمی حەمەسوور : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١٢٨ – وەستا جەباری حەمەی محەی گوڵنام : وەستای خشتو بەردکاری .
١٢٩ – وەستا مستەفامحەممەد ئەمین : وەستای خشتو بەردکاری .
١٣٠ – وەستا بەکر قوتو : وەستای خشتو بەردکاری .
١٣١ – وەستا عەبدولی خونچە : وەستای خشتو بەردکاری .
١٣٢ – وەستا لەتیفی خونچە : وەستای خشتو بەردکاری .
١٣٣ – وەستا عومەری دەروێش عەلی : وەستای خشتو بەردکاری .
١٣٤ – وەستا عوسمانی دەروێش عەلی : وەستای خشتو بەردکاری .
١٣٥ – وەستا صدیقی مستەفای مەعروف : وەستای خشتو بەردکاری .

١٣٦ – وەستا قادری ڕەسووڵ موحەممەد : وەستای خشتو بەردکاری .
١٣٧ – وەستا سلْطان حسین موحەمەد: وەستای خشتو بەردکاری .
١٣٨ – وەستا حەمەتاتە : وەستای خشتو بەردکاریو گەچکاری .
١٣٩ – وەستا موحەمەد مستەفا : وەستای خشتو بەردو گەچکاری .
١٤٠ – وەستا سەعید مستەفا : وەستای خشتو بەردکاریو گەچکاری .
١٤١ – وەستا صالح مستەفا : وەستای خشتو بەردکاریو گەچکاری .
١٤٢ – صاڵح دێوانە : وەستای خشتو بەردکاری .
١٤٣ – وەستا حەمەی ئاسکە وەستای خشتو بەردکاری .
١٤٤ – وەستا ئیبراهیم مەجید عەبدوڵلا : وەستای خشتو بەردکاری .
١٤٥ – وەستا بەکری مالوم : وەستای خشتو بەردکاری .
١٤٦ – وەستا عەلیفەرەج چاوشین : وەستای لەبخکاری .
١٤٧ – وەستا حەمەئەمین جوڵا : وەستای خشتو بەردکاری .
١٤٨ – وەستا حەمەئەمین رضا : وەستای خشتو بەردکاری .
١٤٩ – وەستا فەرەجەڕەش : وەستای خشتو بەردکاری .
١٥٠ – وەستا حەسەنی مەلا هندی . وەستای خشتو بەردکاری .
١٥١ – وەستا موحەممەد مەحموود ڕەسووڵ : وەستای خشتو بەردکاری .
١٥٢ – وەستا عومەر پزیشك : وەستای خشتو بەردکاری .
١٥٣ – وەستا : حەمەی نەخشە وەستای خشتو بەردکاری .
١٥٤ – وەستا حەمەی میرزا : وەستای خشتو بەردکاری .
١٥٥ – وەستا نووری میرزا : وەستای خشتو بەردکاری .
١٥٦ – وەستا عەبەی خورشە : وەستای خشتبەردوگەچکاری
١٥٧ – وەستا ڕەفیقی خورشە وەستای خشتو بەردکاری
١٥٨ – وەستا توفیق حەمە فەرەج : وەستای خشتو بەردکاری
١٥٩ – ئەحمەد مستەفا عەبدولڕەحمان: وەستای خشتو بەردکاری
١٦٠ – وەستا عەزیز حەسەن ئەحمەد : وەستای بەردوگەچکاری
١٦١ – وەستا ئیسماعیل عومەر کەریم : وەستای بەردوگەچکاری

١٦٢ – وەستا عەلی عومەر کەریم : وەستای خشتو بەردکاری
١٦٣ – وەستا فائق محمد : وەستای خشتو بەردکاری
١٦٤ – وەستا حەسەن مەحموود : وەستای خشتو بەردوگەچکاری
١٦٥ – وەستا کەمال مەجید : وەستای خشتو، بەردکاری
١٦٦ – وەستا عەبەی ئەمنە : وەستای خشتو، بەردکاری
١٦٧ – وەستا یاسین ئەحمەد : وەستای خشتو، بەردکاری
١٦٨ – حەمە نووری : وەستای خشتو بەردوگەچکاری
١٦٩ – وەستا ساڵح کارگەچی : وەستای خشتو بەردوگەچکاری .
١٧٠ – وەستا بلەچاورەش : وەستای خشت، بەردوگەچکاری
١٧١ – وەستا ئەحەی شاناز : وەستای خشتو بەردوگەچکاری
١٧٢ – وەستا حەسەن تووکەسەر : وەستای خشتو بەردوگەچکاری
١٧٣ – وەستا کریم رەحیم کریم : وەستای خشتو بەردکاری
١٧٤ – وەستا نووری مامە خەلانی : وەستای خشتو بەردکاری
١٧٥ – وەستا حەمەی حەمەئەمین خلە : وەستای خشتو بەردوگەچکاری
١٧٦ – وەستا جاوید حاجی مەلا : وەستای لەبخکاری
١٧٧ – وەستا ئەمینی حاجی مەلا : وەستای لەبخکاری
١٧٨ – وەستا حەمەئەمینی عەزە ماوەتی : وەستای خشتوبەردکاری
١٧٩ – وەستا فائق محمد کۆڵەبی : وەستای خشتو بەردکاری
١٨٠ – وەستا عەلی چەلەبی : وەستای خشتو بەردکاری
١٨١ – وەستا جەلالی حەمەکاکە : وەستای خشتو بەردکاری
١٨٢ – وەستا جەمالی حەمەکاکە : وەستای خشتو بەردکاری
١٨٣ – وەستا لەتیفی فاتە : وەستای خشتو بەردکاری
١٨٤ – وەستا عەبدو ڵڵا عارف باراوی : وەستای خشتو بەردکاری
١٨٥ – وەستا تۆفیق بەلاش : وەستای خشتو بەردکاری
١٨٦ – وەستا سەعەی ئاڵتوون : وەستای خشتو بەردکاری
١٨٧ – وەستا حەسەنی مەنیج : وەستای خشتو بەردکاری

١٨٨ – وەستا حسەینی مەنیج : وەستای خشتو بەرد کاری
١٨٩ – وەستا حەمەی وەهاب : وەستای گەچکاری
١٩٠ – وەستا عەزەی وەهاب : وەستای گەچکاری
١٩١ – وەستا ڕەحیمەڕەش : خشتو بەردکاری
١٩٢ – وەستا عوسمان عەلی موحەمەد : وەستای خشتو بەردوگەچکاری
١٩٣ – وەستا ڕەحیم وێڵەدەری : وەستای لەبخکاری
١٩٤ – وەستا عوسەبروسکە : وەستای خشتو بەردکاری
١٩٥ – وەستا ئەکرەمی وەستا عەول : خشتو بەردکاری
١٩٦ – وەستا ئەنوەری وەستا عەول : وەستای خشتو بەردکاری
١٩٧ – وەستا نووری وەستا عەول : وەستای خشتو بەردکاری
١٩٨ – وەستا عەبەی عەلی سوور : وەستای خشتو بەردکاری
١٩٩ – وەستا عەلی مراد : وەستای خشتو بەردوگەچکاری
٢٠٠ – وەستا بەکرەبچکۆل : وەستای خشتو بەردکاری
٢٠١ – وەستا بەکرە بچکۆل : وەستای گەچکاری
٢٠٢ – وەستا عومەری حەمەی حەڵی : وەستای خشتو بەردکاری
٢٠٣ – وەستا عەبەی حەمەی حەڵی : وەستای خشتو بەردکاری
٢٠٤ – وەستا قالەی حەمەی حەڵی : وەستای خشتو بەردکاری
٢٠٥ – وەستا عوسمانی حەمەی حەڵی : وەستای خشتو بەردکاری
٢٠٦ – وەستا نووری ڕەباتی : وەستای گەچکاری
٢٠٧ – وەستا ڕەشەی بابە گەورە : خشتو بەردکاری
٢٠٨ – وەستا مچەی بابە گەورە : وەستای خشتو بەدکاری
٢٠٩ – وەستا حەمەی شەریف : وەستای خشتو بەردکاری
٢١٠ – وەستا مام بەکر : وەستای خشتو بەردکاری
٢١١ – وەستا ئەورەحمانی فیض اللە : وەستای خشتو بەردکاری
٢١٢ – وەستا حسینی فیض اللە : وەستای خشتو بەردکاری
٢١٣ – وەستا حەمە ئەمین ڕضا : وەستای خشتو بەردکاری

٢١٤ – وەستا قالەیٔ سیرەمێرگی : وەستای خشتو بەردکاری
٢١٥ – وەستا صەلاحی علی‌نەسیم : وەستای خشتو بەردکاری
٢١٦ – وەستا مەهدی شەمام : وەستای خشتو بەردکاری
٢١٧ – وەستا هادی شەمام : وەستای خشتو بەردکاری
٢١٨ – وەستا حسینی ئەلەچەتە : وەستای خشتو بەردکاری
٢١٩ – وەستا عوسمانی مامعەلی : وەستای خشتو بەردکاری
٢٢٠ – وەستا عەلی شاوڵ : وەستای خشتو بەردکاری
٢٢١ – وەستا جەزای سوڵتان : وەستای خشتو بەردکاری
٢٢٢ – وەستا کەمالی سوڵتان : وەستای خشتو بەردکاری
٢٢٣ – وەستا ئەنوەرە درێژ : وەستای خشتو بەردکاری
٢٢٤ – وەستا خالید موحەمەد باراوی : وەستای لەبخکاری
٢٢٥ – وەستا عومەرە ڕەشی کانیسکانی : وەستای خشتو بەردکاری
٢٢٦ – وەستا خەسرەوی عەبەی پیرۆز : وەستای خشتو بەردکاری
٢٢٧ – وەستا ڕەسوولی مەحموود میران : وەستای لەبخکاری
٢٢٨ – وەستا محەمەد مەحموود میران : وەستای لەبخکاری .
٢٢٩ – وەستا بەکر ئیسماعیل : وەستای بەردوگەچکاری
٢٣٠ – وەستا عەلی دەرەبەگ : وەستای خشتو بەردکاری
٢٣١ – وەستا عارف و توفیق و صالح (برابوون) وەستای خشتو بەردکاری
٢٣٢ – وەستا صالحی مام ئەحمەد : وەستای خشتو بەردکاری
٢٢٣ – وەستا عوسەی شێخە : وەستای خشتو بەردکاری
٢٣٤ – وەستا یاسینەڕەش : وەستای خشتو بەردکاری
٢٣٥ – وەستا سمایل : وەستای کاشی
٢٣٦ – وەستا فؤاد : وەستای کاشی
٢٣٧ – فەرەجی کەریم ڕەشید: وەستای خشتو بەردو گەچکاری.
٢٣٨ – والی محەمەد: وەستای خشتو بەردکاری
٢٣٩ – ساڵح ڕەباتی: وەستای خشتو بەردکاری

٣٤٠ – سابیری مەلا فەرەج: وەستای خشتو بەردو گەچکاری
٣٤١ – جەلال قادر: وەستای خشتو بەردو گەچکاری
٣٤٢ – ئەمینی حەمەی ئەمین مەڵی: وەستای خشتو بەردکاری

**سەرچاوە :**

ناوی ئەم وەستایانە بەزۆری لەمانە وەرگیراوە :

١ – وەستا عەلی وەستا حەسەن
٢ – وەستا قادر عەزیز
٣ – وەستا توفیق حەمە فەرەج

بەناکان



وەستا سەعیدی وەستا حەسەنی فاتمە غەزائی

١٨٧٠ ز - ١٩٣٠ ز کۆچی دوایی کردووە



مەلا ئەحمەدی چایی

١٨٨٧ ز - ١٩٦٦ ز کۆچی دوایی کردووە



وەستا ئەمینی وەستا حەسەن

١٨٩٠ز - ١٩٦٦ ز کۆچی دوایی کردووە



مەعرووف میرزا ئەحمەد (وەستا مارفە درێژ)

١٨٩١ ز لە دایك بووە



عەلی وەستا حەبیب

١٩٠٣ ز لە دایك بووە



عەلی وەستا حەسەن

ساڵی ١٩٠٣ ز لە دایك بووە



وەستا مەردان

## نەقارەکان

١ – ئەحمەدی خانمێ
٢ – حەمەی سەکینە
٣ – مەحموودی حاجی بارام
٤ – عەبەی پیرێژن
٥ – فارسی نەقار
٦ – کەریمی عەبدوڵڵا بۆکانی
٧ – جەلالی تۆفیقەشەل
٨ – عەلی بوسکانی
٩ – شێخ عارف عەبدوڵڵا
١٠ – حەسەن ئاغا
١١ – ئەمین خا رەعنا
١٢ – مەلا فەرەج
١٣ – عەبدوڵڵای مام جواز
١٤ – سەعەزلە
١٥ – ئەحەکەللە
١٦ – فەتاح ئاغا
١٧ – صابر مستەفا
١٨ – مەلای نەقار
١٩ – ئەحمد محەمەدکەریم عازەبانی
٢٠ – صالح مستەفاسەعید

تێبینی :

ئەم نەقارانە کاریان ئەوەبوو ئەو خانوانەی کە پێشەکەیان بە بەرد دروست کردووە . ئەمان بەچەکوش تاشیویانەو ڕێکیان کردۆتەوە ، وەلەسەر گۆنیا چوار گوشەیان کردووە . بەم جۆرە بەردی مەلکەندیان چاك کردووە . بەڵام بەردی سپی . لەگەڵ ئەوەش دا پێشەکەیان بە چەکوش بیراز دەکردو ڕیکیان دەخست ، ئینجا بەکاریان هێناوە ، بەڵام بەردی مەلکەندی لەبەر ئەوەی زۆر ڕەق بووە نەتونراوە وەك بەردە سپی یەکە ڕێك بخرێ

●

## دارتاشەکان

دارتاش جاران زۆرشتیان دروست دەکرد کە ئێستا دروستی ناکەن و باوی نەماوەو لەبیرچۆتەوە ، بەڵام پیویستە زیندووبکرێنەوە یادگاری دار تاشەکانی جاران بریتی بوون لە :

١ – سنووقی ئەشتەرخان بریتی بوو لەتەختەی داری گوێز بۆخشڵ و پارە ...

٢ – فەرەنگ سازی : بریتی بوو لەدروستکردنی پەنجەرە بە تەختەی دارگوێزنەخش دەکرا بەبێ بزمار، شووشەی رەنگاو رەنگی تێ هەڵ دەکێشرا ئێستاش لەهەندێ ماڵی قەدیم ماوە .

٣ – نەخش کردنی پێشی ئوتێل و ماڵان (باڵەخانە) بن میچی ماڵان نەخش دارو رەنگارو رەنگ و ساکار (سادە) .

٤ – دەرگاو پەنجەرەی نەخشدارو ساکارو دەرگای حەمام ...

٥ – کورسی و تەپڵەک و مێزی خرو هێلکەیی و قەنەفەی چایخانەو ماڵان

٦ – کورسی تەختەبەن لەهاوین دا لەحەوشە خێزان لەسەری دەنووست بەهۆی پەیژەیەکی بچووکەوە پیا سەر دەکەوتن .

٧ – دووتا بۆ سەر وڵاخ بۆهێنانی بەردی مەڵکەندی کە دوایی بوو بە چوار چێوەی عارەبانە کە دوو تایەیان لێ دەبەست بە ئەسپ رایان دەکێشا بەردیان پێ دەهێنا .

٨ – جەنجەرو شەن بۆگێرە کردنی خەرمان بۆ جیاکرد نەوەی گەنم و کایەکەی دوایی بەشەن بەبایان دەکرد .

٩ – دەرابەی دوکان و جامخانەی چایخانەو بۆدیی پاص قەمەرە .

١٠ – جۆلانەوبێشکەو بلوێرو رەورەوە بۆ پێگرتنی منداڵ .

١١ – کلکە خاکەنازو پاچ و بەفرماڵ و پەیژەو پنەو گەڵاکوتک کەبریتی بوو لە (دارێك کە بەرەو جل و بەرگیان پێ دەشۆری لەسەرکانی) باگردێن : لەلادێ داری ئەستوریان دەهێنا لای دارتاش دەیان بری وخریان دەکردەوە .

١٢ – کورسی کورسی و چەرخ و فەلەک و ماین چەقەڵ بۆ یاری منداڵان لە رۆژانی جەژن دا .

١٣ – مزراح‌و قۆرقۆره‌و چوار چێوه‌ی کووره‌ی ئاسنگه‌ر (مووشه‌ده‌مه) ته‌خته‌ی زینی ولاخ .
١٤ – سندوقی بوراق پێشه‌که‌ی نه‌خشکاری‌و ره‌نگاوره‌نگ به‌وێنه‌ی دولدوڵه‌که‌ی (ئه‌سپه‌که‌ی) ئیمامی عه‌لی ئاوێنه‌به‌ن بۆجل‌وبه‌زگ‌و ، بوخچه‌یان تێده‌خست له‌باتی که‌نتۆر .
١٥ – سندوقی هه‌زار پیشه به‌کارده‌هێنرا بۆ ئه‌سبابی چایی ...
١٦ – قاپ‌قاپی نه‌خشداروساکار کچ‌وژن له‌ماڵدا له‌پێیان ده‌کرد
١٧ – کۆڵه‌که‌ی هه‌شتی بۆ پێشی هه‌یوان‌و له‌گه‌ڵ کاسه‌به‌ندی سه‌رکۆڵه‌که . له‌باتی پایه بۆ ژێر خانووی داره‌را به‌کاریان ده‌هێنا هه‌روه‌ها هه‌ندێك دارتاش داره‌مه‌یت‌و ته‌خته‌ی مردوو شۆریان دروست ده‌کرد .

تێبینی :
١ – زوربه‌ی دارتاشه‌کان ئیشیان ئه‌وه بوو که ئیشی خه‌راتی‌یان ده‌کرد بۆ خرکردنه‌وه‌ی پێچکه‌ی کورسی ومزراح‌و بلوێروشتی‌تر ، ئاله‌تی خه‌رت بریتی بوو له لووله‌یه‌کی ئاسن‌و پارچه ئاسنێکی تر دوو شفره‌ی ئاسن له‌گه‌ڵ ژێ که‌وان .

٢ – هه‌روه‌ها هه‌ندێ دارتاش ئیشی (شه‌قه‌ومشاریان) ده‌کرد مشاری گه‌وره‌یان به‌کارده‌هێنا به‌دووکه‌س داریان پێدا ده‌هێنا وه‌ك داری (بیه‌کاژاو) پارچه پارچه ته‌نکیان ده‌کرد ده‌یاندا به‌دار تاشی تر بۆ که‌لله‌ی هێله‌ك . دارتاشه‌کان پێیان ده‌وت «شه‌قه‌کێش» .

# دارتاشەکانو شوێنەکانیانو

# چیان دروستکردووە ...

١ – ئەمینی ئەحەی سورکە: گوزەری دارتاش و کۆ پان دروەکان لای مەحمود شوکتی دانساز: بن میجی ماڵانەخشدارو ڕەنگاوڕەنگ لەگەڵ فەرەنگی سازیو دەرگاو پەنجەرە.
خەلفەو شاگرد: کەریمی کوڕی ئیشی لەگەڵدا کردووە.
٢ – کەریمە گوڵ: بێشکەو بلوێرو مزراحو کورسی تەختە بەن: هەر خۆی بەبێ شاگرد بووە.
٣ – محەی وەسمان: کورسی تەختەبەنو قەنەفەو تەپڵەك – خەلفەو شاگرد: مەحموود تەوێڵەیی
٤ – حەمە زلە: بێشکەو جۆلانەو دەرگا: خەلفەو شاگرد.
عەلی خەپەی کوڕی ئێشی لەگەڵدا کردووە.
٥ – حاجی مەحموود (خولەمامە) لەگەڵ قالەی حەسۆ شەریك بوون. پشتی مزگەوتی خومخانەکان، هەر خۆیان بەبێ شاگرد.
٦ – ئەمینی عەمران:
پشتی مزگەوتی خومخانەکان بێشکەو بلوێرو شەنو مزراحو کورسیی چایخانە.
نازانین شاگردەکانی کێ بووە.
ئەورەحمانی وەستا گورونی دارتاش دەڵێ: کچێکی هەبووە بەناوی (دولبەر) هەر شاگردێ ئیشی لەلا دەکرد ئەیوت ڕۆڵە لەلام بمێنیتەوە دولبەرت دەدەمێ .....
٧ – فەتاح چاوڕەش: کانێسکان بازاڕە بچکۆلە، بێشکەو بلوێرو شەنو میزراحی دروست دەکرد ...
٨ – ڕەشەی سورکە: وردەکاریو دەسگیڕی دەکرد.

٩ – مارف پیلەوان : ناوبازار – خوار ئەحمەدی : بێشکەو بلوێرو شەنو قاپ قاپی ساکاری دروست دەکرد .. عەلی کوری لەگەڵیدا ئیشی دەکرد .

هەروەها ئەورەحمانی وەستا گورون دەڵێت : ئەمانەی سەرەوە باسمان کردن زۆر کۆنن ، دارتاشی زەمانی عوسمانلین دوا بە دوای ئەمانە گوزەری دارتاشی لای کۆپاندرووەکان لای مەحموود شەوکەتی دانسازەوەبوو .

١٠ – فەرەجی وەستا باشی (وەستاباشی دار تاشەکانبووە) . وەستا فەرەج لەم شتانەدا دەستێکی باڵای بوو : باڵەخانە – پێشی ئوتێلو ماڵانو بن میچی نەخشدارو رەنگاورەنگو جەنجەرو دەرگاو پەنجەرەو کوڵەکەی هەشتیو کاسەبەندی سەرکوڵەکەو دووتای سەر وڵاخو چوارچێوەی عەرەبانە بۆ هێنانی بەردی مەڵکەندی. هەر ئەم وەستایە پەیکەرێکی پڵنگی دروستکرد لەباخی میللی لە شوێنی بەرێوەبەری پەروەردەی سلێمانی دانراوەو کون کراوەو ئاویان بۆ راکێشاوە ، ئاوی پێدا هاتۆتە خوارەوە ، خەڵکی چوون بۆ سەیرکردنی ئەمەش لەدەورو بەری ساڵی ١٩٤٢ دا، هەروەها محاجەرەی دەوروپشتی سەرای دروست کردووە شیشیان تێ هەڵکێشاوە ، لەسەر فەرمانی میجەرسۆن ئەسپێکی دروستکردووە لە ساڵی ١٩٢٦ دا لە زەمانی ئەحمەد بەگی متصرف بە پێنج روپیە ، هێندە جوانی دروست کردبوو مێجەرسۆن ٢٠ روپیە بەخشیشی داوەتێ : خەلفەو شاگرد : شاگردی تایبەتی نەبووە بۆ هەر ئیشێکیش براکانی یان خەلفەیەك یارمەتی داوە .

١١ – وەستا حسین (حسەینە)ی دارتاش : جۆلانەوبێشکەو میزراحوشەن .
خەلفەو شاگرد : مەحموود قولی وشەریفی حاجی موحەممەد .

١٢ – حاجی حسین یابۆ : کورسیو تەپلەك ودوتای سەر وڵاخو چوارچێوەی عەرەبانە بۆ هێنانی بەرد ، کورسیی نوستن ، تەختە بەنو چەرخو فەلەكو ماین چەقەڵو جۆلانەو رەورەوە .
خەلفەو شاگرد : رەئووفی مەلا عەبدوڵڵاو نووری سەعیدو فەرەجی زەریفیو باقیی شانەگەر.

١٣ – عەلی حەمەبۆر : قەنەفەو تەپڵەكو بن میچی ماڵانو کورسیی نوستن ،

تەختە بەن‌و بێشکەو جۆلانەو ڕەورەوە. خەلفەو شاگرد: قالەی دەروێش ڕەحیم‌و حەمە درێژو حەمە صالحە سوور.

١٤ – عەلی دایی: کۆڵەکەی هەشتی ماڵان‌و کاسەبەندی سەرکۆڵەکە بن میچی ماڵان و کورسی نوستن– تەختەبەن‌و کورسی‌و تەپڵەك‌و بێشکەو ڕەورەوە، کەللەی هێڵەك. خەلفەو شاگرد: عارف مارف‌و حەمەلاو وعومەری ئەحمەد ئەمین.

١٥ – وەستا فەرەجی ئەمینی حەسەن: دەرگاو پەنجەرەو بلوێرو شەن‌و میزراح‌و چوارچێوەی موشەدەمەی ئاسنگەر. خەلفەو شاگرد: سید جمالی خوشکەزای‌و عبدولی حاجی‌کریم وئەلەی هەمین‌وحسنی کوڕی وەستافەرج.

١٦ – مچەی حەمەبۆر: بلوێرو میزراح‌و دەڕابەی دوکان‌و دوتایی سەر ولاخ‌و چوارچێوەی عەرەبانەی بەردی مەڵکەندی.
خەلفەو شاگرد: عوسمانی سالە سوورو عەبەی کەریمی حور.

١٧ – وەستا محی‌الدین (محان): دەرگاو پەنجەرەو بێشکەو شەنی دروست دەکرد...
خەلفەو شاگرد: جەلالی حاجی حەسەن (جلال بلبل)

١٨ – حەمەی وەستا قادر: قاپ قاپ‌و چەرخ‌و فەلەك و ماین چەقەڵ‌و بەفرماڵ‌و گەڵاکوتك‌و ووردەکاری. هەر خۆی بەبێ شاگرد بووە.

١٩ – عەزەگەر: بێشکەو میزراح. هەر خۆی بەبێ شاگرد.

٢٠ – وەستاڕەشید شەریف: (ڕەشۆکاو) بنمیچی ساکارو دەرگاو پەنجەرەو کورسی.
خەلفەو شاگرد: نووری گوڵەو برایم تەگەرانی

٢١ – حەمە سەعید دارتاش‌و حسن ئێرانی شەریك بوون: جۆلانەو قەنەفەو بۆدی پاص.
خەلفەو شاگرد: عەبدوڵلا کوڕی وەستا حسن لەگەڵیان‌دا ئیشی کردووە....

٢٢ – کەریم لادێیی: چەرخ‌و فەلەك، ماین چەقەڵ، بێشکەو میزراح‌و دەڕابەی دوکان...

خەلفەو شاگرد : فەرەج و فەتاحی کوڕی وەستا کەریم و عەبەی سلێمان و کەمالی عەزە شێت .

٢٣ – حەمەی غەفوور : دەرگای لادێ و پەیژەو بە فرماڵ .

خەلفەو شاگرد : عومەری کوڕی ئیشی لەگەڵدا دەکرد .

٢٤ – وەستا حەسەن برای وەستا فەرەجی وەستا باشی : دەرگاو پەنجەرەو بن میچی ماڵان و کورسی ی نوستن – تەختەبەن .

خەلفەو شاگرد : حسین و جلال و جمالی کوڕانی وەستا حەسەن .

٢٥ – وەستا ئەحمەد برای وەستا فەرەجی وەستا باشی : دەرگاو پەنجەرەو بن میچی ماڵان و کورسی و قەنەفەو تەپڵەك ..

خەلفەو شاگرد : حەمە وکەریم و عەبدوللا کوڕانی وەستا ئەحمەد .

٢٦ – وەستا محی الدین : قاپ قاپی نەخشدار بەقەڵەمی ئاسن نەخشی لێ دروست دەکرد ، یەکەم وەستای قاپ قاپ بووە کە کەرکوکی یەکان هاتون لە مەوە فێری ئەو نەخشە بوون .. هەر خۆی بەبێ شاگرد بووە .

٢٧ – حەمەی قاپ قاپ : ئەمیش هەرقاپ قاپی دروست دەکرد ...

خەلفەو شاگرد : بورهانی کوڕی لەگەڵیدا ئیشی دەکرد .

٢٨ – وەستا شەریف : یەکەم کەس بووە سندوقی بوڕاقی دروست دەکرد بە بازارا دەگەڕا ، هاواری دەکرد بەسێ ڕوپیە = (٢٢٥ فلس) . هەر خۆی بەبێ شاگرد بووە .

٢٩ – وەستا عەبدوللا فەتاح : سنووقی بوڕاق ، قاپ قاپ . هەرخۆی بەبێ شاگرد بووە .

## دارتاشەکانی گوزەری هەلاجەکان
## (کۆڵانی بەردەم قەیسەریی نەقیب، لای مزگەوتی عازەبانی)

٣٠ – حاجی مەحموودی ئەوڵاسوور : باشترین دارتاش بووە فەرەنگی سازیو پێشی ماڵانو ئوتێلو باڵەخانەو بن میچی ماڵان، نەخشدارو ڕەنگاوڕەنگ. دەرگاو کۆڵەکەی هەشتی و کاسە بەندی سەرکۆڵەکە.
خەلفەو شاگرد : فەرەجو عەبدوڵڵاو عوسمانی کوڕانی وەستا مەحموود.

٣١ – حاجی عومەر : بێشکەو بلوێرو قەنەفەو کورسیی تەختە بەن. خەلفەو شاگرد : عەبەو حەمەی کوڕی ئیشیان بۆ دەکرد..

٣٢ – حەمەی حاجی ملا ئەحمەد : تایەی عەرەبانەی یایلی دروست دەکرد لەگەڵ وردەکاری. هەرخۆی بەبێ شاگرد بووە.

٣٣ – عەلی وەستا بستە : بەفرماڵ، کلکەپاچ، خاکەناز، باگردینو وردەکاری.
خەلفەو شاگرد : عەبەڕەشو عوسمان کوڕی

### (گوزەری پشتی خانەسووتاو)

٣٤ – حاجی مەحموود: بێشکەو شەن...
خەلفەو شاگرد : نووری کوڕی ئیشی لەگەڵدا دەکرد...

٣٥ – حاجی فتح‌الله برای حاجی مەحموود : بێشکەو بلویرو شەن هەرخۆی بەبێ شاگرد..

٣٦ – غەفووری حەمە شوان : دەرگاو پەنجەرەو بێشکەوشەن هەرخۆی بەبێ شاگرد بووە.

٣٧ – فەرەجی حاجی مەحموود و ئەحمەدی حاجی محمد : شەریك بوون لای حەمامی شێخ مارف. بن میچی ماڵان نەخشدارو ڕەنگاوڕەنگ و دەرگاو پەنجەرە.
خەلفەو شاگرد : حەسەنی قالە، فەرەجی ئەلەسنەیی، عەلی وەستا مەردان، عەزیزی کوڕی وەستا ئەحمەد، ئەحەی حەسەن ڕەشاش.

٣٨ – وەستا فەرەجی مەلا: بەردەم بازاڕی زێوەر : تەختەزینی وڵاخ: هەزارپیشە بۆ ئەسبابی چاپی..

خەلفەو شاگرد : عەلیو بەکری کوڕی ..

٣٩ – کەریمی مەلا عەبدوڵڵا بەردەم بازاری شووشە ، دەرگاو پەنجەرەو کورسیوبێشکەو بلوێر .

خەلفەو شاگرد : صەلاحی کوڕیو عوسمانی برازای وستار عەبدوڵڵا .

٤٠ – حاجی ئیبراهیم : دەبۆکە پشتی باتا ، جادەی مەولەوی : شەقەکێشو کەلەی هێڵەکی دروست دەکرد ..

خەلفەو شاگرد : عەباسی مەلابرایم . و حەمە درێژ .

٤١ – ئەحمەدی : شەقامی مەولەوی ژێر پردەکە دەرگاو پەنجەرەو بنمیچیماڵانو بێشکەو مزراح .

خەلفەو شاگرد : ڕەزای برازایو عەلی مەلاو ڕەئووفی مەلا سەعیدو مارف ئەحمەدو عەبەی حەمدی .

٤٢ – وەستا عارفی حاجی مارف : بەرامبەری مەکتەبی گۆیژە ... دەرگاو پەنجەرەو کورسی سەفەری دروستدەکرد ..

خەلفەو شاگرد: فەرەجی حەمە هەورامیو عەلی یاقووب

٤٣ – ئەحەتێلا : لای مەیدانی دارە سپییەکە بەرامبەر ماڵی بابا عەلیی شێخ مەحموود . کلکە خاکەنازو پەیژەو باگردێنو بەفرماڵو گەلاکوتکی دروستدەکرد . هەرخۆی بەبێ شاگرد بووە .

٤٤ – فەرەجی قالە پەڕۆ : شەنو وردەکاری بۆ ماڵان (دەسگێر) هەرخۆی .

٤٥ – وەستا قادر : شەقامی کاوە پنەوکلکە پاچو خاکەناز ... خەلفەو شاگرد : حەمەو کەریمو حەمە صاڵحی کوڕی ...

٤٦ – ئەورەحمانی وەستا گوروون : شەقامی مەولەوی بن میچی ماڵان ، نەخشدارو ڕەنگاوڕەنگو کۆڵەکەی هەشتیو کاسەبەندی سەرکۆڵەکەو قاڵبی چەتری نۆبەچیو قاڵبی حەوزی فوارەو دەرگاو پەنجەرە .

خەلفەو شاگرد : ئەورەحمانی مەلاعەلی ، شەوکەت مەحموود ، حەسەنی نالە باخیو عوسمانی وەستا مەردان ، خولەی شێخ ڕەحیم ...

٤٧ – فەرەجە سوور : بەرامبەر مەکتەبی گوێژە ... بنمیچی ماڵان نەخشدارو ڕەنگاوڕەنگ‌و دەرگاو پەنجەرە ... خەلفەو شاگرد : مەحموودی ئەحە ڕەش‌و ئەحمەدی مەلاحسێن.

٤٨ – فەرەجی فاتیلێ : شەقامی مەولەوی ژێر پردەکە: دەرگای لادێ‌و وردەکاری هەرخۆی بەبێ شاگرد.

٤٩ – مەجید شەمەبی لای حەمامی غەفوور ئاغا بەرخانەقا. کورسی‌و تەپڵەك‌و کەللەی هێلەك‌و دەرگای حەمام : خەلفەو شاگرد : عومەرو عەلی کوڕانی وەستا مەجید.

٥٠ – کەریم دارسەلیم : مەیانی برنجەکە. شەقەکێش کەللەی هێلەك‌و بێشکە. خەلفەو شاگرد بەکرو عومەر کوڕانی وەستا کەریم، ئیسماعیل عەزیز.

٥١ – حەمەی سنوق، شەقامی کاوە: سنوقی بوراق وقاپ‌قاپ: خەلفەو شاگرد: عەلی وعوسمانی کوڕی.

٥٢ – سەیید جەلال : سنوقی بوراق‌و چوارچێوەی وێنە لەپێشدا لەصابونکەران خوار مزگەوتی سەیید حەسەن ، دوایی هاتە بەر دەرکی سەرا هەر خۆی ئیشی دەکرد ....

٥٣ – حاجی حەسەن موراد : مێزو کورسی‌و تەپڵەك‌و قەنەفەو تاقی موبێلەو کەنتۆر ، شوێنەکەی لەخوار گەراجی حەمەی فەرەجە فەنی‌یەوە.
خەلفەو شاگرد : جەلالی حەسەن میرخان‌و مارف ئەحمەد.

٥٤ – حەمە خرەو عەبەی حەمەگوێزە: شەریك بوون شەقەکێش‌وکەللەی هێلەك. خەلفەو شاگرد : ئەحمەدو مەحموود کوڕانی حەمە خرە..

٥٥ – فەرەجی وەستا گوروون : شەقامی مەولەوی: بنمیچی ماڵان نەخشدارو ڕەنگاوڕەنگ‌و قەنەفەو دەرگاو پەنجەرە. خەلفەو شاگرد : حەمە ڕەباتی، حەمەی مەلاصابر: حەمەی خولە سنەیی، عەلی فەرەج ، فوئادی حاجی‌و ڕەفیق سەلە.

٥٦ – عەبدوڵڵای حاجی عومەر : صابونکەران بن میچی ماڵان نەخشدارو

ڕەنگاورەنگ‌و دەرگاو پەنجەرە ، خەلفەو شاگرد: حەمەی ڕەسول ، عەبدولی حاجی کەریم‌و تۆفیقی دەرویش عەلی .

٥٧ – ئەلەی هەمین : (علی نجار) بەرامبەر ماڵی بابا عەلی دەرگاو پەنجەرە ..
خەلفەو شاگرد : عومەرو ئەنوەری کوڕی ..

٥٨ – مەحموودی ئەحەرەشی دەباغچی : بەرامبەر سەرا شوێنی بانقی ڕافیدەین. بن میچی ماڵان ودەرگاو پەنجەرەو مێزی هێلکەیی وجامخانەی دوکان‌و کورسی‌ی سەفەری. خەلفەو شاگرد : حەسەنی حەمە سوورو غەفووری حەمەکە .

٥٩ – عەبدوڵلا حەمدی: شەقامی مەولەوی سەرپردەکە. دەرگاو پەنجەرە ...
خەلفەو شاگرد: سالەی حەمدی برای .

٦٠ – ئەورەحمانی مەلاعەلی: شەقامی مەولەوی پشتی مزگەوتی شێخ سەلام ، دەرگاو پەنجەرەو بن میچی‌ماڵان (ساکار) خەلفەو شاگرد : شێخ حەسەن ، عەباسی‌مەلابرایم، خولەی شێخ ڕەحیم، ئەحە ئێرانی .

٦١ – حەسەنی قالە : لای حەمامی شێخ مارف ، بێشکەو بلوێرو میزراح‌و بۆدی پاس‌و دەرگاو پەنجەرە .
خەلفەو شاگرد: قالەسوور ..

٦٢ – وەستا مارف ئەحمەد : بەرامبەر قاپی چلی سینەمای ڕەشید: دەرگاو پەنجەرە. هەر خۆی بەبێ‌شاگرد .

٦٣ – وەستا حەمە ئەمین کوردە : تەنیشت دەرگای مزگەوتی گەورە .
ئیشی : خەراتی دەکرد ، میزراح‌و قۆرقۆرەو بەکرەی نیرگەلەی دروست دەکرد ...


سەرچاوەکان :

١ – ئەورەحمانی وەستا گوروون

٢ – مەحموودی ئەحەرەشی دەباغچی

٣ – عوسمانی سالە سوور .

دارتاشەکان



حاجی مەحموودی ئەولاّ سوور (وەستا باشی)

١٨٧٠ز - ١٩٥٢ ز کۆچی دوایی کردووە



وەستا ڕەشید شەریف عەبدوولرەحمان

(ڕەشۆکاو) ١٩٠٨ ز لەدایک بووە



وەستا ئەورەحمانی وەستا گوروون

١٩٠٧ ز لە دایک بووە



وێنەی دوکانی دارتاشی لە کاتی نیش کردندا   خاوەن دووکان: عارفی حاجی مارف و فەرەجی حاجی مەحموودی ئەولاسوور   لە ١٠/٨/١٩٥٢ ز دا گیراوە



کەریم ئەمین سلیمان
(کەریمی دار سەلیم) دارتاش



وەستا حەسەنی دارتاش

# ● ئاسنگەرەکان ●

شوێنی ئاسنگەرەکان پشتی قەیسەریی وەسمان پاشا تەنیشت خومخانەکان .. ئاسنگەرەکان ئەم شتانەی خوارەوەیان دروست دەکرد .....

١ – گاسن ..
٢ – تەوراس ...
٣ – تەور ..
٤ – خاکەناز ..
٥ – پاچ ...
٦ – بێڵ ...
٧ – چەکوش ....
٨ – داس ...
٩ – سێپای چێشت ...
١٠ – برنگ (بۆ بڕینی مووی مەڕو بزن )
١١ – جەنجەر بۆ ورد کردنی دەغڵو دان
١٢ – چەقۆ ....

ناوی ئاسنگەرەکان

١ – ئەحەی گۆزەڵ
خەلفەو شاگرد : عەلیو عەبەی کوڕی .
٢ – ئەورەحمانی خامە
خەلفەو شاگرد : کوڕەکانی خۆی ئەحمەدو حەمەو عەلی
٣ – مەلا فتاح ؛
خەلفەو شاگرد : حەمە جەزاو حەمە ڕەزای کوڕی و بلە شەلی برازای ...

٤ - حاجی صالح:
خەلفەو شاگرد عەلیو عومەر کەبرابوون
٥ - وەستا رەزا .
خەلفەو شاگرد : وەستا عومەر ، رەفیق وتۆفیق کە برا بوون
٦ - وەستا عەباسی خورشە
خەلفەو شاگرد : ئەحمەدو عەلی وحەمە حەولۆ کە کوڕی وەستا عەباس خۆی بوون . لەگەڵ عەبەی ئایشیو عومەری مەجید .
٧ - شێخ فەرەجی ئاسنگەر: خەلفەو شاگرد: شێخ برایمو شێخ جلالی کوڕی لەگەڵ خاڵە رەجەب وە خەلفە طەو کەریم شایەرو عەلی سمێل .
٨ - حەمەی رەنان :
خەلفەو شاگرد : کەمالو جەلالی کوڕیو حەسەن ماشاءالله ...
٩ - شێخ حسینی ئاسنگەر. خەلفەو شاگرد : رەحیمی مەلاعەلیو رەشە کەچەڵ
١٠ - حەمە سەرپاچ خەلفەو شاگرد : جەزای کوڕی ئیشی بۆ دەکرد
١١ - کەریمە کوێری ئاسنگەر: خەلفەو شاگرد : حەمەی کوڕی ئیشی بۆ دەکرد .
١٢ - مامە عەزەی چەقۆگەر: هەر خۆی چەقۆی دروستدەکرد .
١٣ - حاجی محی الدینی چەقۆگەر . هەر خۆی چەقۆی دروستدەکرد .
١٤ - وەستا سمایل
خەلفەو شاگرد : عوسمانو عومەری کوڕی .
١٥ - حاجی فەرەجی ئاسنگەر: خەلفەو شاگرد: مەلانە جمەدینی کوڕی وکەریمو ئەورەحمان کوڕانی مەلا نەجمەدین .
١٦ - حەمەی ئەمینی زێنێ
خەلفەو شاگرد : حەمەی ئەوڵاو قالە کەچەڵ، خولەو بلەی حەلاو
١٧ - ئەحەی خانم: خەلفەو شاگرد : حەمەی کوڕیو عارف وەلی .
١٨ - حەمە رەشید ئاسنگەر: خەلفەو شاگرد: نووری وجەمالی کوڕی .
١٩ - وەستا غەفوور :
خەلفەو شاگرد : نووریو ئەمینی کوڕی

٢٠ –وەستا ئەورەحمانی عەلی
خەلفەو شاگرد : عوسە کۆڵو کەوڵۆس
٢١ – حەمەی مامەسەن. خەلفەو شاگرد : حەمە خولەخولەو عەبەی فاتە
٢٢ – خەلفە طە
خەلفەو شاگرد: حسینی حەمە ڕەزاو بەکرە کونج.
٢٣ – وەستا عومەر
خەلفەو شاگرد حەمەو ئەحمەدی کوڕی لەگەڵ حسەی بەکر.

سەرچاوە :
١ – ئیبراهیم شێخ فەرەج ئاسنگەر
٢ – جەلال شێخ فەرەج ئاسنگەر

# ● تەنەکەچی یەکان ●

ئەمانە بەزۆری مقەلیّو مەقاش‌و سەماوەرو بۆری سەمارەرو رەحەتی‌و قەعەدەو زۆپای داریان دروست‌کردووە ..... تەنەکەچی یەکان ئەمانەبوون :

١ – وەستا محی الدینی تەنەکەچی : نزیك قەیسەریی نەقیب بەرامبەر خەلفە فەرەجی کەبابچی ...
خەلفەو شاگرد : جەلال‌و عومەرو عوسمانی کوری لەگەلیدا ئیشیان‌کردووە .
٢ – وەستا حاجی مەلافەرەجی تەنەکەچی : بەرگومرگە سووتاو : خەلفەو شاگرد : حەسەن‌و موحەممەدی کوری لەگەلّ دەرویشی عەزەلوت براو ئیشیان لەگەلّدا کردووە ...
٣ – وەستا حاجی حەمە عەلی ی تەنەکەچی : تەنیشت حەمامی شێخ مارف ...
خەلفەو شاگرد : عوسمان‌و بەکرو تایەری کوری ئیشیان لەگەلّ کردووە .
٤ – وەستا محەی دەرویشی تەنەکەچی : بەردەمی خانی محەی دگل . خەلفەو شاگرد : مەحمودی چاومار و ئەحمەدی موحەممەد شاگردی بوون .
٥ – وەستا حاجی قالە شەکە : خوار مەیدانی ماستەکە. خەلفەو شاگرد : واحیدو عەلەشەل‌و حەمکولّ شاگردی بوون .
٦ – وەستا ئەحە رەشیی تەنەکەچی : لای خەلفە فەرەجی کەبابچی‌یەوە ..
خەلفەو شاگرد : حەمە تۆفیقی برازای‌و عەبودی‌و عەزەی حەمەی ئەولیّ وکەریمی عەبەخرەو حەمەی مەلا شاگردی بوون .
٧ – وەستا بلەی پیرۆت. خوار حاجی عەلی ماستاو نزیك قەیسەریی نەقیب .
خەلفەو شاگرد : صالحی پیرۆتی برای بەناوبانگ بە (کەرەی تەنەکەچی) لەگەلّ جەلالی کوری‌ومچە کەچەل ئیشیان بۆکردووە ..
٨ – وەستا مستەفای تەنەکەچی نزیك مەلاعەلی صەحاف .. خەلفەو شاگرد : محی دینی غەریبی زاوای وحەسەن رەشید ..

٩ – وەستا رەحیم کەوگیر: بەرئەسحابە سپی .
فارس ناوێك شەریکی بووە وئیشی لەگەڵدا کردووە ..
١٠ – وەستا ئەحەی مام ڕیش . خەلفەو شاگرد : ئەحمەدموحەممەدو حەسەنە شەلو سەعید مەجید شاگردی بوون .
١١ – وەستا ئەحمەدی حاجی مەحموود : خوار مەکتەبی گۆیژە. خەلفەو شاگرد : ئەنوەرو ئەکرەمو حەمە سوور شاگردی بوون .....
١٢ – وەستا فەتحوڵڵا شەل : تەنیشت بلەی پیرۆت هەرخۆی بەبێ شاگرد ...
١٣ – وەستا حەمەی غەفوور: تەنیشت حاجی دەرویشی قەصاب. خەلفەو شاگرد : ئەجۆلو ئەنووەری برای شاگردیبوون .
١٤ – وەستا ئەحمەد محيي‌الدين: مەیدانی ماستەکە. کەریمی برای ئیشی لەگەڵدا دەکرد ...

**١٥ ـ وەستا جەلال: بەر ئەسحابە سپی.**
**خەلفە شاگرد: کەمالی کوڕی ئیشی لەگەڵدا کردووە.**

**١٦ ـ وەستا غوڵام: سابوونکەران.**
**هەرخۆی بەبێ شاگرد.**

## سەرچاوە :

عومەری وەستا محی‌الدینی تەنەکەچی.

●

ئاسنگەرو تەنەکەچی‌یەکان



شێخ فەرەجی ئاسنگەر

١٨٩٤ ز - ١٩٥٩ ز کۆچی دوایی کردووە



مەلا فەتاح قادر ئاسنگەر

١٩٠٠ ز - ١٩٧٠ ز کۆچی دوایی کردووە



شێخ حسەینی ئاسنگەر

ساڵی ١٩٠٠ز لەدایک بووە



حاجی عەلی تەنەکەچی



دوکانی وەستا محی‌الدین عارفی تەنەکەچی

١٩٠٢ ز - ١٩٧٢ ز کۆچی دوایی کردووە



ئاسنگەر خانەی کۆن

## بەرگ دروەکان

## (خەیاتەکان)

## (جلی کوردی ژنان وپیاوان)

١ – بەرگدروو حاجی ڕەشیدی وەسمان چاوەش : خوار حەوزەکە ، کەواو سەڵتەی دەدووری ... محەی‌دگل خەلفەی بووە ...

٢ – حاجی‌صالحی دەروێش سەمین : قەیسەریی نەقیب کەواو سەڵتەی دەدووری .

٣ – بەرگدروو حاجی عەزیزی ئاغال : قەیسەریی نەقیب کەواو سەڵتەی دەدووری .

٤ – بەرگدروو فەرەج فەتاح چوارتایی : قەیسەریی وەسمان پاشا .

٥ – بەرگدروو حاجی مەلا خالد : خوار حەوزەکە ، قوماشی قاصۆنی فرۆشتووە سەڵتەی ژنان‌و پیاوانی دووریوە ...

٦ – بەرگدروو حەمەسەعیدی حەمەی حاجی : بەرحەوزەکە کەوای ژنان‌و پیاوانی دەدووری ...

خەلفەو شاگرد : حەمەی فەرەجە فەنی‌و حەمەی تۆفیق‌و مەلایاسین‌و حەمەی میسری .

٧ – بەرگدروو سەعەی مالەی وەنەوش : بەر حەوزەکە ، ئەم پیاوە باشترین کەوای پیاوانی دووریوە ، بەناوبانگ بووە کەوایەك بە ١٥ ڕۆژ تەواو دەکات هەرخۆی بەبێ شاگرد ...

٨ – بەرگدروو ڕەشەی کەلاوەکە : هەموو جۆرە بەرگێکی دەدووری هەرخۆی لەماڵەوەئیشی دەکرد ...

٩ – بەرگدروو حاجی پەتول : قەیسەریی وەسمان پاشا ، تەنها سەڵتەی سیمداری
دەدووری ...
خەلفەو شاگرد :کەریمو رەئووفی فەرەجە فەنی ،لەگەل حەمە سەعیدی کوری .
١٠ – بەرگدروو فەرەجی صاڵح قجول : قەیسەریی وەسمان پاشا کوڵۆنجە وەك
سوخمەی قۆڵداربووە ، ناوداربووەو ئەستوور بووە .. بەزۆری ئافرەتی لادێ
لەبەری دەکرد ... ئەم وەستایە سوخمەی ئافرەتی ناوداری دەدووری لەگەڵ
کورتەك بۆ پیاوان .
خەلفەو شاگرد : عەلیو عومەری کوری لەگەڵ دەروێشی عاسەی زبە .
١١ – بەرگدروو حاجی صالحی زەریفیێ : قەیسەریی وەسمان پاشا ، خەیات
بازرگان بوو . واتە جلو بەرگی حازری دەفرۆشت ، لەگەل ئەوەشدا بازرگان
بووە .
خەلفەو شاگرد : خەلفە کەریمو حەمەی مەلاحسین .
١٢ – بەرگدروو حاجی قادری صاڵح : قەیسەریی وەسمان پاشا : ئەمیش خەیاتو
بازرگان بووە ..
خەلفەو شاگرد عومەری کوری ئیشی بۆ دەکرد ...
١٣ – بەرگدروو محەی هەمزاغا : خوار حەوزەکە ، کەوای ژنانو پیاوانی دەدووری،
هەرخۆی بەبێ شاگرد .
١٤ – بەرگدروو حاجی عەزەمێروو: خوار حەوزەکە بەرامبەر ئەحمەدی وبرای
ئەحمەدی بووە .. سەڵتەی پیاوانی دووریوە هەرخۆی بەبێشاگرد .
١٥ – بەرگدروو حەمەی مەکینە : قەیسەریی وەسمان پاشا ، سەڵتەی سیمداری
ژنانی دووریوە ..
خەلفەو شاگرد : کەمالو عومەرو عوسمانی کوری ئیشیان بۆکردووە ...
١٦ – بەرگدروو سەعەی مەکینە : قەیسەریی وەسمان پاشا. ئەمیش هەر سەڵتەی
سیمداری ژنانی دووریوە .
١٧ – بەرگدروو قالە سمێڵ : خوار حەوزەکە : کەوای ژنانی دووریوە هەر خۆی
بەبێ شاگرد .

١٨ – بەرگدروو حاجی صالحی مەڵکەندی : قەیسەریی وەسمان پاشا . ئەمە خەیات بازاڕیبووە ، مراخانی ناوداری دەدووری ، بەحازری دەیفرۆشتەوە بەخەڵکی دەرەوە. عوسمانی کوڕی ئیشی بۆ کردووە .
١٩ – بەرگدروو حاجی مەلا مارفو وئەوورەحمانە خرە : پێکەوە شەریك بوون قەیسەریی وەسمان پاشا کورتەکیان ئەدووری ، ناودار ، لۆکەیان تیٚئەکرد بۆ پیاوان لەگەڵ لبادی منداڵ .
٢٠ – بەرگدروو حاجی حەمەدەخیلە : ناودەرگای قەیسەریی وەسمان پاشا ، خەیات بازرگان بووە لە لاوەئیشیان بۆ دەکرد ئەم بەحازری دیفرۆشتەوە .
٢١ – بەرگدروو قالە کلتوور : قەیسەریی وەسمان پاشا ... ئەمە هەرکلتووری ژنانی دووریوە ، کە بریتی بووە لەکیسنەیەکی بچکۆلە ژنان کلیان تیٚ دەکردو چاویان پیٚ دەڕشت لە بری مکیاجی ئیستاکە .
حەمە سەعیدی کوڕی ئیشی لەگەڵدا دەکرد ...
٢٢ – بەرگدروو محە بیٚسمێڵ : ئەمە خەیات بازاڕی بووە بۆیان دەدروو ئەم بەحازری دەیفرۆشتەوە ، بەزۆری شەرواڵو مرادخانی فرۆشتووە ، خەلفەو شاگرد : صابیرو برایم ومەجیدی کوڕی ئیشیان لەگەڵدا کردووە ..
٢٣ – بەرگدروو عەبدو للّای حاجی صاڵحی مەڵکەندی : برای محەی بیٚسمێڵ قەیسەریی وەسمان پاشا ئەم پیاوە بەس لبادی مناڵانی درووە ..
٢٤ – بەرگدروو وەستا رەشید بانەیی : قەیسەریی وەسمان پاشا ، شەرواڵ ومراخانی ناودارو بیٚناو لەگەڵ دروونی رانکوچوغەدا ..
خەلفەو شاگرد : خەلفە ئەحمەدی زاوایو عوسمانی حەمەنادرو عوسمان سەیوانیو عەزەی دەروێش گرمەو عوسمانی خەیات (گۆرانی بیٚژ) ....
٢٥ – بەرگدروو حەمەحسینی بانەیی : قەیسەری نەقیب شەرواڵو مراخانی ناودارو بیٚناوی دروووە ...
خەلفەو شاگرد : عوسمانی کوڕی ئیشی لەگەڵدا دەکرد .
٢٦ – بەرگدروو حەسەنی بانەیی : قەیسەریی وەسمان پاشا ، شەرواڵو مراخانی ناودارو بیٚناوی دەدروو. خەلفەو شاگرد : عەبە بانەیی .

٢٧ – بەرگدروو عەباسی کەریمە مشکە : قەیسەریی غەفوور ئاغا . کەوای ژنانی دروو‌ە . ئەم پیاوە جەراحیش بووە . خەلفەو شاگرد : حسێن ئەحمەد عەلیی لابووە .
٢٨ – بەرگدروو محەی می‌ٚفنجان : قەیسەریی غەفور ئاغا ، کەوای ژنانو لبادی منالّانی دەدروو هەرخۆی بەبێ شاگرد . ئەم پیاوە کۆترباز بوو ، زۆر کۆتری جوانی لە دوکانەکەیدا ڕاگرتبوو لبادی منداڵان لەسەر شێوەی پاڵتو ناودار لۆکەیتی دەخرا .
٢٩ – بەرگدروو کەریم پەری : قەیسەریی وەسمان پاشا : کەوای ژنانو پیاوان لەگەڵ سوخمەو مراخانی دروو‌ە ، جەلالی کوڕی ئیشی بۆ کردووە .
٣٠ – بەرگدروو حاجی ئەورەحمانە خرە : قەیسەریی نەقیب ئەم پیاوە هەموو جۆرە جل‌وبەرگێکی دەدروو جەلالی کوڕی ئیشی بۆ کردووە .
٣١ – عارفی عەزە دەروێش :قەیسەریی غەفوور ئاغا کەوای ژنانی دەدروو محەمەد ناوێك ئیشی لەگەڵدا کردووە .
٣٢ – بەرگدروو حاجی عەلی عەباسی کەریمە مشکە: قەیسەریی نەقیب کەواو سوخمەی ژنانی دروو‌ە ، هەرخۆی بەبێ شاگرد .
٣٣ – وەستا ئەحەی چەکوش ولیرە قەیسەریی وەسمان پاشا کەواو سوخمەی ژنانو چاکەتی منالّان – ناودار. هەر خۆی بە بێ شاگرد.
٣٤ – بەرگدروو مەجید ڕەحیم : قەیسەریی غەفوور ئاغا ، شەرواڵو مراخانی ناوداری دەدروو .
خەلفەو شاگرد : حسێن ئەحمەد عەلی ئیشی لەگەڵ کردووە .
٣٥ – بەرگدروو فەرەجی ئەحەی لاچۆ : کەوای ژنانی دەدروو لە ماڵی خۆیدا .
٣٦ – بەرگدروو سەعەی کۆیخا ئەلیاس : خوار حەوزەکە کەوای ژنانو پیاوانی دەدروو .
خەلفەو شاگرد : مچەسیس ئیشی بۆکردووە .
٣٧ – وەستا خولەشەلی خەیات: مەزادخانەکە. کەواو سوخمەی ژنانی دەدروو.
خەلفەو شاگرد: ئەحمەد (کەرەی خەیات) ئیشی بۆ دەکرد.

٣٨ – وەستا حاجی عەلی حەمە دێز: قەیسەریی نەقیب کەواو سوخمەی ژنانی دەدروو. هەر خۆی بەبێ شاگرد.
٣٩ – عەلی حەمەبۆر: قەیسەری وەسمان پاشا. کەواو سوخمەی ژنانی دەدروو. هەر خۆی بەبێ شاگرد.
٤٠ – وەستا حەمەی مەلا: قەیسەریی وەسمان پاشا. سەڵتەی پیاوانی دەدروو هەرخۆی بەبێ شاگرد.
٤١ – وەستا فەتاحی سەلیم: قەیسەریی نەقیب. مراخانی ناوداری دەدروو. هەرخۆی بەبێ شاگرد.
٤٢ – وەستا خالید: بازاڕی ئەحە بچکۆل. تەنها کەوای ژنانی دەدروو هەرخۆی بەبێ شاگرد.
٤٣ – وەستا کەریمی جاو، خوشکەزای ئەحەی جاو. قەیسەریی غەفوور ئاغا کەوای ژنانو پیاوانی دووریوە.
٤٤ – وەستا ڕەشید باوکی حەمە ئیسقان: قەیسەریی نەقیب چاکەتی لۆکەی منالأنی دەدروو (کولۆنجە) هەرخۆی بەبێ شاگرد.
٤٥ – وەستا ڕەحمانی بانەیی: خوار قوتابخانەی گوێژەی کوڕان. ڕانکو چۆغەو شەرواڵ و مراخانی دەدروو.
خەڵفەو شاگرد:
کوڕەکانی خۆی ئیشیان بۆکردووە. میرزا عەلیو میرزا ساڵحو وەستا موحەممەد.

٤٦ – وەستا مەلاسەعیدە شەل: قەیسەریی وەسمان پاشا. ئەم پیاوە خەیات بازاڕی بووە. هەموو جۆرە جلوبەرگێکی بە حازری دەفرۆشت. مەلاعەبدولی کوڕی ئیشی بۆ دەکرد.
٤٧ – وەستا حاجی عەبدوللای شاڵی: بازاڕی محەی دگل. ڕانکو چۆغەی دەدروو.
خەلفەو شاگرد: حەمەی کوڕی لەگەڵ کەمال حەمە فەرە ج.
٤٨ – وەستا حاجی موحەممەدی سەڵطە: قەیسەریی وەسمان پاشا. ئەم پیاوە

قوماشی فاصۆنی فرۆشتوه. وەسەڵتەی پیاوانو ژنانی درووه. حاجی مەجیدی زاوای لەگەڵیدا ئیشی کردووه.

٤٩ – وەستا حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغا: بەرحەوزەکە.
قوماشی فاصۆنی فرۆشتووەو سەڵتەی پیاوانو ژنانی درووه

٥٠ – وەستا حاجی نووری کەریم ئاغا: خوارحەوزەکە قوماشی فاصۆنی فرۆشتووه وەسەڵتەی پیاوانو ژنانی درووه. کەریمی رەشەی ناسك ئیشی بۆکردووه.

٥١ – وەستا عەبەی مەلا رەشید: قەیسەریی وەسمان پاشا. خەیات بازرگان بووه، واتا جلی کوردی پیاوانیان دەدروو وه بە حازری دەی فرۆشتەوه. بازرگانیش بووه. عومەری برای لەگەڵیدا ئیشی کردووه.

٥٢ – وەستا عومەر دوو ونیو: قەیسەریی وەسمان پاشا کەواو سوخمەی ژنانی درووه.
هەر خۆی بەبێ شاگرد.

٥٣ – بەرگدروو شێخ مەحموود: قەیسەریی نەقیب.
کەواو سوخمەی ژنانی دەدروو. هەرخۆی بەبێ شاگرد.

٥٤ – بەرگدروو خولەی گوڵناز: خوار بازاڕی ئەحە بچکۆل. بەرامبەر ئەحمەدی، کەوای ژنانی دەدروو. حەمە بچکۆلی خوشکەزای ئیشی بۆ دەکرد.

٥٥ – بەرگدروو مەحەممەد رەباتی: قەیسەریی وەسمان پاشا کەواو سەڵتەی پیاوان وکەواو سوخمەی ژنانی دەدروو خەلفەو شاگرد: هەردووکوڕەکەی ئەورەحمانە شەلو قادر برسی لەگەڵ شێخ محمدی هەرسینو ئەحە نەبەرد دا.

٥٦ – بەرگدروو عەبەی مەکینەچی: قەیسەریی وەسمان پاشا سەڵتەی پیاوانو ژنانو کەوای پیاوانو ژنانی دەدروو.

٥٧ – بەگدروو مام برایم: قەیسەریی وەسمان پاشا. کەواو کورتەکی دەدروو. هەرخۆی بەبێ شاگرد.

٥٨ – بەرگدروو رەشەی حەمە سوور: قەیسەری وەسمان پاشا کەواو سەڵتەی پیاوانی دەدروو. هەر خۆی بەبێ شاگرد.

٥٩ – بەرگدروو صوفی موحەممەد: کۆلانی لای ئاسنگەرەکان ئەم پیاوە خەیات بازرگان بووە. ئەحمەدی کوری ئیشی بۆ دەکرد.

٦٠ – بەرگدروو شێخ مستەفای باراوی: قەیسەریی وەسمان پاشا شەرواڵو مراخانیو کەواو سەڵتەی ژنانی دەدروو. خەلفەو شاگرد: شێخ ئەحمەدو شێخ عومەری کوری ئێشیان بۆ کردووە.

٦١ – بەگدروو رەشەگاور: قەیسەریی وەسمان پاشا کەواو سەڵتەو شەرواڵو مراخانی دەدروو.

خەلفەو شاگرد: برایمو تەهای کوری ئیشیان بۆ کردووە،

٦٢ – بەرگدروو غەفوری مارف مەکینە

٦٣ – بەرگدروو تۆفیقی مارف مەکینە

کەوای پیاوانو ژنانیان دەدروو.

٦٤ – بەرگدروو ئەحەی چورە چێشت: ناو دەرکی قەیسەریی نەقیب. سەڵتەی پیاوانی دەدروو.

* * *

سەرچاوە:

حاجی ئەورەحمانە خرەی خەیاتو چەند خەیاتێکی نر...

نرخی دروونی جلوبەرگی کوردی لە ساڵی ١٩٣٠ – ١٩٤٠ رانکو چوغە بەشاڵو دروونەوە (٥ روپیە = ٣٧٥ فلس)

رانکو چۆغە بەشاڵو دروونەوە لە ساڵانی ١٩٤٠ – ١٩٥٠ (٥٠٠ر١ دینار)

رانکو چۆغە بەشاڵو دروونەوە لە ساڵانی ١٩٥٠ – ١٩٦٠ (٥٠٠ر٥ دینار)

شەرواڵو مراخانی بەقوماشی فاصۆنی ئینگلیزیو دروونەوە لە (١٩٣٠ – ١٩٤٠) (١٠ روپیە ٧٥٠ فلس)

شەرواڵو مراخانی بەقوماشی فاصۆنی ئینگلیزیو دروونەوە لە (١٩٤٠ تا ١٩٥٠) ٢ دینار

شەرواڵو مراخانی بەقوماشی فاصۆنی ئینگلیزیو دروونەوە لە (١٩٥٠ تا ١٩٦٠) ٨ دینار

شەڕواڵ و ستارخانی بەقوماش‌و دروونەوە لە (١٩٣٠ تا ١٩٤٠) ١٠ ڕوپیە ٧٥٠ فلس

شەڕواڵ و ستارخانی بەقوماش‌و دروونەوە لە (١٩٤٠ – ١٩٥٠) ٣ دینار

شەڕواڵ و ستارخانی بەقوماش‌و دروونەوە لە (١٩٥٠ – ١٩٦٠) ٨ دینار

---

## خەیاتی چاکەت‌وپانتۆڵ

١ – ئەحەی ڕەسووڵی قازی: قەیسەریی نەقیب. زەمانی تورك بەرگی عەسکەری درووە.

٢ – ئەحەی خاڵەلە: لای صیدلیەی شەوکەت خەلفەو شاگرد:

أ – ئەحەی پورەخانم

ب – حەمەعەلی مەدهۆش

جـ – حەمە قاینەجەیی

د – حەمە عەلی صاڵح

هـ – ئیسماعیل عەبدولڕەحمان

و – تۆفیقی محەی شەمام

٣ – مچە دەرزی: قەیسەریی نەقیب.. خەلفەو شاگرد:

أ – عەبە زیرەك

ب – وەستا ڕەشید

٤ – وەستا فەتتاح: بەر حەوزەکە : خەلفەو شاگردەکانی :

ا – ئەحە شێت .

ب – عەلیی مەلا کەریم .

٥ – حەمە سەعیدی خەیات: بەردەرکی سەراشوێنی کتێبخانەی سلێمانی.. لەپێش دا لەناوبازاڕ، دوکانەکەی لە خوار ڕەشەی کەریمی هەیەری قەصابەوە بووە..

خەلفەو شاگرد:

– میرزا عەلی
– قەدووری
– خەلفە شێخ محمد
– جەلالی حەمە ئەفەندی
– ئەحمەد هوشیار
– حسە ڕەش
– (جەبوور).

ئەحە بچکۆل
شێخ قادر
عەلی مەمەند
وەستا تۆفیق محەمەد.
.. قەچە دۆر
.. غەفوور ئاغا
.. جەلالی حەمە خلە
.. بلەڕەش
.. حەمەی ئامینەخان
.. ئیبراهیم عەلی
وەستا واسیل ڕۆمی (گاور)
شاگردی بەردەستو وردە
حەمەکاکە ڕەش
قالە بچکۆل
کەمالی مەلیح

٦ – عەبەزیرەك، شەقامی مەولەوی بەرامبەر کتێبخانەی زێوەر: خەلفەو شاگرد:
غەفوور خومەیس، ئەنوەرو جەمال‌و عومەرو حسە دەرزیی خوشکەزای عەبە زیرەك..

٧ – حاجی غەفوور: شەقامی مەولەوی، تەنیشت کتێبخانەی گەلاوێژ.
خەلفەو شاگرد:
کەریم ئاغا، شەیدا، عەلی حاجی مەجید، ڕەشەی بەکر، حەمەی مەجید، حەسەنی سەعەی .قاله بانەیی..

٨ – حەمە سوور بەرامبەر قوتابخانەی گوێژەی کوڕان. خەلفەو شاگرد:
ئەحە شێت، ڕەشەی بەکر، عەلی مەلا کەریم، عەبدولی مەلا کەریم، تۆفیقی وەستا عەلی و بەکری وەستا عەلی

٩ – کریم ئاغا: شەقامی مەولەوی ژێر حەمامی قشڵە..
کراس‌و بیجامەی دەدروو...

خەلفەو شاگرد:
ئەکرەمی حەمەی حاجی قادر

١٠ – موحەممەد عەلی صاڵح: جادەی مەولەوی، ژێر حەمامی قشڵە لای فەقێ ڕەشیدی قەشان
خەلفەو شاگرد:
فەرەج ئیبراهیم. شێخ کامل شێخ نظام. ڕەحیمی حاجی فەرەجی بانەیی، عەزەی ئەحمەدی جۆلا.

١١ – حەمە عەلی مەدهۆش: شەقامی مەولەوی سەروو بانقەکەی ئێستا (ناوبراو بێجگە لە بەرگدروێتی شاعێرێکی ناسراویشە) خەلفەو شاگردەکانی:
عومەری مەلا سمایل. عەبدوللای حاجی سەعید، نائب عەبدوللا، شێخ کەمال، عوسمان، فایەق، سمایلی تۆفیقی حەسەنە قووچ، مستەفا ئاغا. کەمال تۆفیق، ماجد. حەمە صالحی قادر شاربا ژێری. جەمالی عەزیز. فایەقە سمێل، فۆادی حسێنی حاجی وەلی. فۆادی خومەیس. بەکر ئەحمەد (شەهید).

١٢ – شەیدا (عومەر شەیدا): شەقامی مەولەوی شوێنی ئێستای.
خەلفەو شاگرد:
حەمە صادق. جەمال عەزیز حیکمەت. کەمال رەشید، حیکمەتی مەلا ئەحمەد.
کەمال شریف، عەزیز عەلی، قالەی رەسووڵ.
١٣ – حسەرەش: شەقامی مەولەوی، سەرووباتا خەلفەو شاگرد:
حەمە ئێسقان. سالە شەل. ئەمین ئەدهەم. فؤادی میرزا حسین.
١٤ – وەستا مەحموودی میرزا مەحەممەد. شەقامی مەولەوی: ژێر حەمامی قشلە.
فاتیحی برای ئیشی بۆ کردووە
١٥ – ئەحمەد هوشیار: شەقامی مەولەوی ژێر بیناکەی تۆفیق قەزار.
خەلفەوشا گرد: عەبەی ئافتاو. ئەنوەری برای خۆی، حسە شاخی، عەلی ئیبراهیم.
١٦ – سەعیدی وەستا عارف. مەولەوی: تەنیشت کتێبخانەی گەلاوێژ، خەلفەو شاگرد: کەریم هاشم، لەگەڵ رەفیقی برای خۆی ئیشیان بۆکردووە.
١٧ – ئەحەبچکۆل: صابونکەران. سەرو وەستا بەکری کەبابچی. خەلفەو شاگرد: ئەمین ئەدهەم. سالەشەل. نەوزاد
١٨ – حەمەی شێخ کەریم: شەقامی مەولەوی ژێر حەمامی قشلە...
خەلفەو شاگرد:
نجم الدین‌و ئەنوەری فەقێ مەحموود..
١٩ – توفیق حەمە هەلاج: شەقامی کاوە. لای عومەری ئەجێ ی کەبابچی.
خەلفەو شاگرد: ئیبراهیم وسمایلی برای
٢٠ – وەستا مەحموود: شەقامی کاوە: خواردەرمانخانەی شەوکەت.
خەلفەو شاگرد: جەمال عەزیز حیکمەت
٢١ – عەبدوڵلا سەعید: شەقامی مەولەوی شوێنی ئێستای
خەلفەو شاگرد:
کەریم سەعید طە کۆیی...

## نرخی قاتی چاکەت وپانتۆڵ

لەساڵانی ۱۹۳۰ – ۱۹٤۰ درووونی (۱۰) ڕوپیەبووە، بە قوماشەکەوە بە سێ دینار
لەساڵانی ۱۹٤۰ – ۱۹۵۰ درووونی ۵۰۰ر۲ دینار بووە
لەساڵانی ۱۹۵۰ – ۱۹٦۰ درووونی بە ٦ دینار بووە

## ئوتوچی‌یەکان

**شان بەشانی بەرگدرووەکان دوکانی ئوتوچی دانرا لەبۆ دابین کردنی پێویستی ئەو کەسانەی دەیانویست هەمیشە جل وبەرگیان بەئوتوودان بخەینە قالبێکی ڕێك وپێك و جوانترەوە. بەم پێیەو لیستە ناوی وەستا ئوتوچی‌یەکانی شاری سلێمانی تۆمار دەکەین.**

۱ – وەستا عارف: شەقامی کاوە تەنیشت صیدلیەی شەوکەت
۲ – وەستا حەمەزلە: بەرامبەر مطعم تارای ئێستا
۳ – وەستا عەلی‌مەلائەحمەد: صابونکەران
٤ – وەستا عەلی حاجی مەجید: صابونکەران
۵ – وەستا عەلی وریا: بەرامبەر خەستە خانەی خوارەوە شەقامی کاوە
٦ – وەستا ئەحمەد ڕەحیم عەلی: صابونکەران
۷ – وەستا سمایلی ئوتوچی: سووچی قوتابخانەی گۆیژە
۸ – وەستا فایەقە سمێڵ: سووچی حەمامی قشڵە، مەولەوی
۹ – وەستا ڕۆوفی حەمەسوور: صابونکەران
۱۰ – وەستا غەریبی ئوتوچی: مەولەوی ژێرحەمامی قشڵە
۱۱ – وەستا جەمال سەعید خەفاف: صابونکەران

## خەیاتەکان و کوتاڵ فرۆشەکان

(بازرگانەکان)



حاجیساڵحی زەرێفیٚ (کوتاڵ فرۆش و خەیات)

١٨٩٧ز - ١٩٧٠ ز کۆچی دوایی کردووە



کەریم موحەممەد پەری (خەیات)

١٨٩٧ز - ١٩٧٦ ز کۆچی دوایی کردووە



حەمە مەکینەی خەیات

١٩٠٤ز - ١٩٦٨ ز کۆچی دوایی کردووە



حاجی ئەحمەد موستەفا

(وەستا ئەحمەدی چەکوش و لیرە)



حاجی مەلا مارفی کوتاڵ فرۆشی

١٨٩٢ز - ١٩٧٤ز کۆچی دوایی کردووە



میرزا مەحموودی حاجی کەریم (کوتاڵ فرۆشی)

١٩٠٥ز - ١٩٧٢ ز کۆچی دوایی کردووە



حاجی کەریمی قالەی قجول

(کوتاڵ فرۆشی)



ئەحمەد ساڵح سەعید جوڵا (کوتاڵ فرۆش)

١٩٠٦ز - ١٩٦٩ز کۆچی دوایی کردووە



حەمە سەعیدی خەیات

١٨٨١ ز - ١٩٦٦ ز کۆچی دوایی کرهووە



عەبە زیرەکی خەیات



حاجی غەفوور عەبدوڵلا (خەیات)

١٨٩٤ ز - ١٩٧٤ز کۆچی دوایی کردووە



حەمە عەلی مەدهۆش (شاعیری ناودار)
ساڵی ١٩١٩ ز لە دایك بووە



وێنەی دوکانی وەستا ئەحمەدی بانەیی لەقەیسەری وەسمان پاشا ساڵی ١٩٥٦

## لێفە درووەکان

کە سەیسری نوێنی کۆنی ناومالانی سلێمانی دەکرا شاکاری لێفە درووەکان دەهاتەوە یاد کە لە دامەزراندنی شارەکەوە قۆڵیان لێ هەڵمالیوەو پشتیان داوەتە بەر کاسبی وا لێرەدا ناوی چەند لێفە درووێك تۆمار دەکەین:

تێبینی:

لێفە درووە دۆشەك‌و سەرین‌و لێفە دروست دەکات

١ – وەستا حەمە عەلی خدر ئەفەندی: وەستا باشی قەیسەریی وەسمان پاشا

٢ – وەستا غەفووری سەعەی چەمە: قەیسەریی وەسمان پاشا

٣ – وەستا ڕەشەی مەمەند: قەیسەریی وەسمان پاشا

٤ – وەستا سەعەی حەمە عەلی: قەیسەریی وەسمان پاشا

٥ – وەستا عوسمانی ڕەشەی مەمەند قەیسەریی وەسمان پاشا

٦ – وەستا ئەحە بچکۆل: قەیسەریی وەسمان پاشا

٧ – وەستا حەمە کەریم ڕۆستەم: جادەی کاوە

٨ – وەستا عەباسی سوڵتان قەیسەریی وەسمان پاشا

٩ – وەستا نووری حەمە عەلی: قەسەریی وەسمان پاشا

١٠ – وەستا عەبدوڵلای حاجی فارس قەیسەریی وەسمان پاشا

## دەلاکەکان

لەناو شاری سلێمانی ی ئەوسادا گەلێك دەلاك هەبوون لەوانە:

١ – وەستا عەبدوڵلا محمد سلێمان

٢ – وەستا ئەمین محمد سلێمان باوکی خاڵە عەبدە

٣ – وەستا محی الدین محمد سلێمان

«ئەم سیانە پیّیان ووتون سێ برا دەلاکەکە (زەمانی عوسمانلی). بەرحەوزەکەی ناوبازاڕ شوێنەکەیانە

٤ – وەستا حسین قادر: شوێنەکەی بەرامبەر قەیسەریی وەسمان پاشا خەلفەکەی مەلا تۆفیق بووە

٥ – وەستا حاجی کەریم: شوێنەکەی لای خانی خورماکە بەرامبەر گومرگە سووتاو.

شاگردەکانی: قادر عەزیزو قالەی حەباو

٦ – وەستا عەبدوڵلا (عەبە دەلاك) بەر ئەسحابە سپی

٧ – وەستا عەبدوڵلا قوربانی بەر ئەسحابە سپی

٨ – وەستا فەرەج مارف عەمبەر: بەردەم قەیسەریی وەسمان پاشا بەرامبەر حاجی فەتاحی حەڵواچی

خەلفەکەی: وەستا عەلی عارف دەلاك بووە..

٩ – وەستا یونس لاڵ: شەقامی کاوە شوێنی بازاڕی زانکۆ..

١٠ – وەستا ئەمینی وەستا ئەحمەدی دەلاك: ناوبازاڕ بەرامبەر وەستا فەرەجی کەبابچی

تایەری کوڕی ئیشی لەگەڵ کردووە

١١ – وەستا حاجی مەلا تۆفیق: ناوبازاڕ بەرحەوزەکە خەلفەو شاگرد: وەستا حسینی برای مەلاتۆفیق لەگەڵ صدیقی کوڕی مەلا تۆفیقو قالەی نەعەو ئەحە سوور

١٢ – وەستا حاجی مەحموود ئەحمەد: (حاجی مەحموودی ڕیش) شوێنەکەی لەمەیانی ماستەکە. ئەحمەدو برایم‌و نووری وە عەبدوللاّکە هەموو کوڕی خۆین ئیشیان بۆ کردووە

١٣ – وەستا حاجی صابری کەرکوکلی: بەرامبەر قەیسەریی نەقیب تەنیشت بەکری ڕیشی کەبابچی.
مەجیدو ئەمینی کوڕی ئیشیان بۆکردووە

١٤ – وەستا عەبۆل: بەرامبەر قەیسەریی نەقیب تەنیشت وەستا ئەمینی دەلاك عەباسی کوڕی ئیشی لەگەڵدا کردووە

١٥ – وەستا ئەمینی صابیر: تەنیشت عەبۆلی دەلاك، عومەری کوڕی ئیشی لەگەڵ دا کردووە.

١٦ – وەستا مەجید صابیر: تەنیشت قەیسەریی نەقیب، تەنیشت وەستا محی الدینی تەنەکەچی جەلالی کوڕی ئیشی بۆکردووە.

١٧ – وەستا تۆفیق کە بەناوبانگە بە (باوە تۆفیق) بەرحەوزەکە.
ڕەفیقی کوڕی ئیشی بۆ کردووە.

١٨ – وەستا قەزەرۆس: شوێنی وەستا مەجیدی دەلاك بەرامبەر شێخەی نقول عەبدوللاّورەئووف ئیشیان بۆکردووە.

١٩ – وەستا جەلالی دەلاك خوار حەمامی قشڵە

٢٠ – وەستا گەرەبێت ئەرمەنی: لەژێر ئوتێلەکەی میرزا حسین.
کایزەك شاگردی بووە

٢١ – وەستا سەیید حەکیم بەرامبەر قاپی چلی سینەمای ڕەشید

٢٢ – وەستا سەلامی دەلاك: بەرامبەر سەیید حەکیمی دەلاك، قادرکابان‌و ئەنوەری خوشکەزای شاگردی بوون..

٢٣ – وەستا کەریم ئاغای ئەحمەد ئاغای چاوبڕ بەرامبەر سینەمای ڕەشید، تەنیشت حەمەی زێنەبی چایچی..

٢٤ – وەستا ئەحمەدی وەستا مەحموودی مێفنجان: بەر ئەسحابە سپی. ئیبراهیم فتح الله شاگردی بووە..

٢٥ – وەستا عەلی عارف: بەرحەوزەکە:
مەحموود کاکەیی‌و جەلالی تۆفیق چەتە شاگردی بوون
٢٦ – وەستا کەریم ڕەسووڵ : شەقامی مەولەوی تەنیشت ئەوڕەحمانی باتە.
٢٧ – وەستا حاجی عارف دەلاك (عارفە لاڵ) خوار گومرگە سووتاو
٢٨ – وەستا یونس: خوار گومرگە سووتاو
٢٩ – وەستا ئەوڕەحمانی مام لەتیف: مەیانی ماستەکە
٣٠ – وەستا سەیید خەلیل: مەیانی ماستەکە سەیید خدری کوڕی ئیشی بۆکردووە..
٣١ – وەستا شەوکەت لە صابونکەران، بەرامبەر حەوزەکە..
٣٢ – وەستا عارف: صابونکەران، سەروو حەوزەکە
٣٣ – وەستا مەجید: صابونکەران، خوار حەوزەکە، کەمالی کوڕی ئیشی بۆ کردووە
٣٤ – وەستا حەمەی عەلی دەلاك، خوار مەکتەبی گۆیژەی کوڕان.
ئیسماعیل حەمە کەریم شاگردی بوو
٣٥ –وەستا سەعەی بایزی دەلاك: بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە،
٣٦ – وەستا ئەحمەد ئیسماعیل دەلاك: بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە. شەقامی کاوە ستار شاگردی بووە.
٣٧ – وەستا عومەر صاڵح: بەرامبەر حەوشی سەرا
٣٨ – وەستا حەمەفەرەج قادر: بەرامبەر سینەمای سیروان بەرگەڕاجی حەمەی فەرەجەفەنی
٣٩ – وەستا قالەی نەعە : شەقامی مەولەوی خوارپردەکە

* * *

هەندێکیش هەبوون دەسگێر بوون دەگەڕان بەناو بازاردا وەك:
١ – سەعە دەلاك

٢ - وەستا عەلی وەستا حەسەن
٣ - گیوە کەچەڵ

هەندێ دەلاکی تریش هەبوون لەمەیانەکە لەسەر باگردێن سەری خەڵکیان دەتاشی، بەتایبەتی خەڵکی لادێ.. ئەمانە هەرزانتربوون لەدوکاندارەکان.
هەندێك لەو دەلاکانە خەتەنەی منداڵیان دەکرد لەماڵان بەخۆیان‌و تروتفاقیان‌و شاگردیانەوە. ئەوکاتە هەر دەلاك خەتەنەی مناڵی دەکرد.. لەو دەلاکانەش:

١ - حاجی کەریم
٢ - سەعەی دەلاك (دەستگیر).
٣ - وەستا فەرەج
٤ - سەیید خەلیل
٥ - مەلا تۆفیق
٦ - وەستا عەلی عارف‌و هەندێ دەلاکی تریش.

نرخی سەرتاشین

ساڵی ١٩٣٠ - ١٩٤٠ لەعانەیەکەوەتا دووعانە
ساڵی ١٩٤٠ - ١٩٥٠ لە ١٠ فلسەوە تا ٥٠ فلس
ساڵی ١٩٥٠ - ١٩٦٠ لە ٥٠ فلسەوەتا ١٥٠ فلس

* * *

سەرچاوە: قالەی حەباو و چەند دەلاکێکی تر

# دەلاکەکان



وەستا فەرج مەعرووف دەلاک لە ١٩٤٦/١٢/١٦ز لە نزیکەی تەمەنی شەستساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.



سەید خەلیل (دەلاک)
١٨٧٧ ز - ١٩٨١ز کۆچی دوایی کردووە



وەستا یونسی دەلاک
لە ساڵی ١٩٨٣ز لە تەمەنی نزیکەی هەشتاو پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.



سەید حەکیمی دەلاک



وەستا مەجیدی دەلاک

١٩٠٠ز - ١٩٧٩ز کۆچی دوایی کردووە

---



حاجی کەریمی دەلاک



سەلام سالْح فەتاح

١٩٢٧ز - ١٩٦٧ز کۆچی دوایی کردووە

---



وەستا عەلی دەست گیر

## توتن چیەکان

ئەمانەش توتن چیەکانی ناوشاری سلێمانی بوون

١ – ئەحمەد صابر دەم نەخشین، بەرامبەر قەیسەریی نەقیب. تەنیشت مەلا عەلیی صەحاف.

٢ – حەمە چاوەش : بەرامبەر حەوزەکەی ناو بازاڕ، تەنیشت عارف بڕنوتی

٣ – مەلائیسماعیل بەردەرکی سەرا

٤ – ئیبراهیمی مەلا مارف ناوبازار: تەنیشت وەستا گورونی کەبابچی

٥ – فەتاحی مەلا مارف: ناوبازاڕ: تەنیشت حاجیلەی شەربەت

٦ – سالە سوور: بەردەرکی سەرا

٧ – عوسمان ئەفەندی بەردەرکی سەرا

٨ – عەبدولڕەحمان تەلگاوی بەردەرکی سەرا.

٩ – موحەممەد صالح سلێمان: بەرحەوزەکە تەنیشت حاجی فەتاحی حلواچی

١٠ – مەجیدی قالەی حەمامچی بەردەرکی سەرا

١١ – مەلا موحەممەدو فەقێ مەحموود شەریك بوون، بەرامبەر عەلی سوور، تەنیشت سینەمای ڕەشید

١٢ – حەمەی مەلا وەلی: ژێر ئوتێلی ئەوقاف بەرامبەر سینەمای ڕەشید

١٣ – مەلا عەبدوڵڵا تاڵیشکی: ناوبازاڕ تەنیشت حاجی فەتاحی حەڵواچی

١٤ – سەیید ئەحمەدی دایەنەکە: لای گومرگە سووتاو

١٥ – ئەحمەدی طە: بەرخانەقا

١٦ – صالحی پورە حەلیم: ناو بازاڕ خوار وەستا گوورونی کەبابچی

١٧ – شێخ مەحموودی توتنچی: بەرمەیانی بەلەدی‌یەکە کەدوایی‌شێت بووە، هەر هات‌و چۆی دوکانی دەکرد

١٨ – مەلا موحەممەد صالحی توتنچی نزیك مەیانی ماستەکە

١٩ – برایمی میرزا مارف: ناو بازار تەنیشت حاجی ئەحە کریسی قەصاب

٢٠ – حامیدی میرزا مارف: لای گومرگە سووتاو

٢١ – حاجی مەجید صالحی قالە سیا: بەرامبەر سینەمای سیروان تەنیشت خەلفە ڕەشیدی کەبابچی..
٢٢ – فەقێ عەلیی ماوەتی: لای مەیانی ماستەکە
٢٣ – ڕەحیم ڕەشید صاڵح: نزیك مەیانی ماستەکە تەنیشت مەلا موحەممەدی توتنچی
٢٤ – حاجی عەزیزی توتنچی: بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە تائەم سالانەی دواییش مابوو

تێبینی: وەختی خۆی توتنچی‌یەکان ئەم توتنانەیان بەکار دەهێنا بۆ جگەرە
١ – بۆندار ٢ – ڕەشۆکی ٣ – سامسۆن
هەروەها توتنچی‌یەکان زوربەی قامیشە جگەرەو توتنەکەیان دەدا بەئافرەتان بۆ تێکردنو پێچانەوەی.. بوغچەیەك قامیشی جگەرە = (١٠) طۆپ هەر طوپێك (١٠٠٠) جگەرە واتە بوغچەیەك (١٠٠٠٠) دەهەزار جگەرە یان لێ تێك دەکرد بە ٢٥٠ فلس، دەیاندا بە ئافرەتی تر بە ٢٥٠ بۆیان دەپێچایەوە... نرخی یەك جگەرە پولێك بوو (فلس)

* * *

سەرچاوە:
عەلی دەدەی سالە سووری توتنچی

# حەڵواچی یەکان

١ – سەیید ئەحمەدی حەڵواچی: خوار حەوزەکەلای دوکانی ئەحمەدی
٢ – حاجی حەملان: جادەی کاوە بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە
٣ – حاجی سەعید: جادەی کاوە بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە
٤ – حاجی قادر: ناوبازاڕ لای شەوکەتی دانساز
٥ – حاجی غەریب: ناوبازاڕ لای ڕەشەی کەریمی هەیەر
٦ – حاجی فەتاح: پێش حەوزەکەی ناوبازاڕ
٧ – شێخ نووری: بەر ئەسحابە سپی
٨ – عەبەکەی حەڵواچی: صابونکەران
٩ – حەمە موورادی حەڵواچی: صابونکەران

ئەو شتانەی کە حەڵواچی دروستی دەکرد
١ – حەڵوای گەزۆ
٢ – حەڵوای خاو
٣ – حەڵوای شەکر
٤ – نقوڵ
٥ – ماجومی
٦ – ڕەحە تەلقوم
٧ – شام شەکر
٨ – شروب
٩ – تاعین
١٠ – کلکە ڕێوی

١١ – حێللی (لوول دەکرا بەقامیشەوە) دەسگێڕ دەیگێڕ

١٢ – لەبزینە

١٣ – مەسکەت

١٤ – کونجی

١٥ – گۆچانی شەکر

١٦ – پەشمەك

١٧ – شەکرلەمە

سەرچاوە: سمایل و کاملی حاجی سەعیدی حەڵواچی

## کوتاڵ فرۆشەکان (بازرگان) و شوێنەکانیان

١ – حاجی مەلا ئەمین: قەیسەری ی نەقیب
٢ – حاجی موحەممەدی ڕەشان: قەیسەریی نەقیب
٣ – فەرەجی ڕەشان: قەیسەریی نەقیب
٤ – سەعەی فەقێ مەحموود: قەیسەریی نەقیب
٥ – حاجی صدیق: قەیسەریی نەقیب
٦ – میرزا دەروێش: قەیسەریی نەقیب
٧ – شێخەلی: قەیسەریی نەقیب
٨ – حەمە فەرەجی پاپاس: قسەریی نەقیب
٩ – حەمەی حاجی ساڵح: قەیسەریی نەقیب
١٠ – توفیق حاجی ئەمینی ئەحلی: قەیسەریی وەسمان پاشا
١١ – قالەی حەمەی حاجی: قەیسەریی وەسمان پاشا
١٢ – حاجی صالحی زەریفێ: قەیسەریی وەسمان پاشا
١٣ – حاجی مەلا مارف: قەیسەریی وەسمان پاشا
١٤ – حاجی قادری صالح: قەیسەریی وەسمان پاشا
١٥ – میرزا مەحموود: قەیسەریی وەسمان پاشا
١٦ – کەریمی قالەی قجول: قەیسەریی وەسمان پاشا
١٧ – حاجی صالحی مەحموود: قەیسەریی وەسمان پاشا
١٨ – سەیید عەلی سەیید مستەفا: قەیسەریی وەسمان پاشا
١٩ – تایەر خەفاف: قەیسەریی وەسمان پاشا
٢٠ – حەمەخان: قەیسەریی وەسمان پاشا
٢١ – عومەر توفیق ئەمین ئەحڵێ: قەیسەریی وەسمان پاشا
٢٢ – نوری تۆفیق ئەمین ئەحڵێ: قەیسەریی وەسمان پاشا
٢٣ – حاجی ئەحمەدی حەداد: خانی ئاغا فتح الله
٢٤ – عەطا شاڵی: خانی ئاغا فتح الله

٢٥ – رەئووف شاڵی: خانی ئاغا فتح الله
٢٦ – عومەری مەلا ئەمین: خانی ئاغا فتح الله
٢٧ – ئەورەحمانی حەداد: خانی ئاغا فتح الله
٢٩ – سەعە رووسی: خانی ئاغا فتح الله
٣٠ – ئەحمەد صاڵح جۆلاً: پشتی قەیسەریی وەسمان پاشا
٣١ – سەعە بانەیی: بەرحەوزەکە
٣٢ – عومەر غەفوور پشتیقەیسەریی وەسمان پاشا
٣٣ – حاجی ئەحەچبیر: بەرحەوزەکە
٣٤ – حەمەی کەریم ئاغا: خانی تازە
٣٥ – حاجی نووری رەشەی حەماڵ: نزیك ئاسنگەرەکان
٣٦ – شەریفی فاصۆن فرۆش: بەرحەوزەکە
٣٧ – ئەحەی سەعە بانەیی: خوارحەوزەکە
٣٨ – حەمە غەریبی حاجی صالحی زەریفیّ: دەرەوەی قەیسەریی وەسمان پاشا
٣٩ – توفیق کەریم ئاغا: تەنیشت خەلفە فەرەجی کەبایچی
٤٠ – فەتاح رەشید: جادەی مەولەوی
٤١ – حەمە صالحی مەحموودی ناڵبەند: بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە جادەی کاوە
٤٢ – حاجی عەلی حاجی کەریمی غەواص: قەیسەریی وەسمان پاشا
٤٣ – رەسووڵ تەگەرانی: قەیسەریی وەسمان پاشا.
٤٤ – حەمە فەرەج شاڵی: خانی ئاغا فتح الله.

سەرچاوە:
حەمەی حاجی صالحی قادری حەمامچی
بازرگان لەقەیسەریی نەقیب

●

# دەسگێڕەکانی ناو بازاڕ
# و
# هەندێ پیاوی سەیر

١ – خەلیفەی بەنە خوێن (بەنەخوێن فرۆش).. بەفیکە توورە دەبوو پێیان دەوت خەلیفە بۆ توورە دەبی کێ دەڵێ لەگەڵ تۆمانە؟ دەی وت: فیکەی خۆم دوورو درێژە دەیناسم..

٢ – سەی شەریف: ئەم شتانەی دەفرۆشت و دەیدا بە شانیا وهاواری ئەکرد وەکو ئائەو دەرگایە.. ئا ئەو قەرەوێڵەیە... ئا ئەو قەنەفەیە ئائەوپەیژەیە... ئا ئەو پلە پەیژەیە.. ئا ئەو قومری یە..

٣ – محەی شیر فرۆش.. توورە دەبوو بە (شیرو ئاو محەی گەواو)

٤ – تۆفیق ئاغا (نەوزاد) کە سەرخۆش دەبوو ئەم گۆرانی یەی دەوت: (نەگلە... نەگلە... خطوە.. خطوە... بەدەم جرتەوە ئەمەی دەوت) (گەرمەشامی فرۆش بوو) لەکۆتایی دا بەعەرەق مرد

٥ – ئەورەحمانی محەلەبی: ئەم شتانەی دەوت (تانەی خۆیت نازانی چی یە؟) حبُّ الحیاتە ئەمرۆ... عەیبێکی هەیە تێری لێ ناخۆی

٦ – ئەحەی جاو: حەڵوا فرۆش: پیاوێکی قسە خۆش بووە

٧ – مەلا موعینی قاورمە فرۆش لەناسراوەکان..

٨ – مچە حاجی: پاقلەی وشك لەزستانا... پاقلەی تەڕ لەبەهارا لە هاوینا خەیارو ترۆزی دەفرۆشت

٩ – مام حەسەنی کڵاوفرۆش دەی‌وت: ئەم کڵاوە بە سەد فلس پێیان دەوت ئەی بە ١٠ فلس نابێ !! تۆرە دەبوو و دەی‌وت تۆ کڵاوکڕنیت کڵاوتریت..

١٠ – عەلی‌ی مار (کوببە فرۆش) دەی‌وت عال العال کوببەی چەورو نەرم.

١١ – ئە لە تورکە (لیکی ستیك و عەمبەر وەرید) ی دەفرۆشت لەلافاوی ١٩٥٧ دا لەپیرمە سوور خنکا

١٢ – ئەمینی مێتوو (پاقلە فرۆش، کنگر لەبەهارا لەزستان دا شیلم فرۆش بووە، زۆرقسە خۆش بووە)

١٣ – بله بەهار – (بەهاوین دۆندرمەی دەفرۆشت لەزستاندا شێلم بەترش)...
١٤ – مەجیی هێکلەفرۆش – (ساڵ دوانزەی مانگ هێلکەو ترشیاتی دەفرۆشت بە سەوزەوە زۆر بەناوبانگ بوو، بەلەزەتیش بوو. باوکی جەبار) هاواری ئەکرد (نانو هێلکەو ترشیاتە)
١٥ – ئەم کۆمەڵە (صالحو ڕەشە سەر سەوزو دەروێش حسێن لە بەهاردا دەڵەمەیان دەفرۆشت، لە هاویندا بەفرۆ دۆی سارد وە لەزستاندا هێلکە و ترشیات.
١٦ – حەمەو بەگی هەورامی: دەی وت (ئەوە کلاش ئەوە ربە هەنار)
١٧ – میرزای حەڵوا فرۆش (لەبەربەنزین خانە هەرە کۆنەکەدا حەڵوای دەفرۆشت خەڵك دەچوون حەڵوای لێبکرن بۆ ئەوەی گۆرانییان بۆ بڵێت...) بەنزین خانە هەرە کۆنەکە ئەو بەنزینخانەیە کە ئێستا جیی عەلوەیە..
١٨ – مام سمایل... دەی وت: ئەوە تاکە.. جووتە... لیرە... قران
١٩ – شەریفی دەنکە کولەکە: دەنکەکولەکەی دەفرۆشت لەناو قیرتە بەقێکا زۆر بەناوبانگ بوو، تەنانەت هەتاکو خەڵکی دەیان وت:
دەلیی شەریفی دەنکە کوولەکەی...
٢٠ – عوسمانی نەعمان:
دەی وت ئەوە سویچگەری نەگیراوە، سیو جگەرەکەی دەکرد بە هەردوو قۆڵیاو بەناو بازارا دەگەرا...
٢١ – حەمە کەچەڵی سەرووپیێ دەی وت: (ئای کەللە قاچو قولەکەی بۆمبایە) سەروپیێو زمانو کەللەکەی دەکردە تەشتێکەوە دەی خستە سەر سەری...

# دەسگێڕی کۆڵانەکان

١ – مام ئەحمەد (... ئەوە ئەلیرەمێ رەشکە.. (ئەلیرەمێ کونجی.. ئەوە ئەلیرەمێ شمڵی)

٢ – خولەی ڕۆستەم: (ئەوە خاولی وپۆپەشمین،.. ئەوە جاجمو بەرماڵ.. ئەوە چینیو فەخفووری...)

٣ – دەروێش کەریم: (بەزستانان حێلی دەفرۆشت.. ئەوەی کە ئەپیچرا بەقامیشەوە لە هاویندا دۆندرمەی دەفرۆشت..

٤ – کەریمو پاشا دوو برابوون... بەکۆڵەوە دەگەران بە کۆڵانان‌دا... ماڵێك دەمارە توتنی بێ دەماری بێ بیفرۆشێ.. هەر ئەشیان وت کەوشە کۆن.. کراسە کۆن.. دەرپێ کۆن چاکەتە کۆن... کەوا کۆن...)

٥ – کۆمەڵێکی گەرمیانی هەبوون، بەسواری کەرەوە دەگەران بە کۆڵانان‌دا دەیان وت: (ماڵێك گڵە سەری بوێ بی کڕێ.. های گڵەسەر.. های گڵە سەر.. گڵی سپی‌ی تایبەتی بوژنان.. دەیانکڕی بۆ سەرشتنو جل شتن).

٦ – دیسان کابرایەکی گەرمیانی هەبوو، بەکۆڵێکەوە دەگەرا بە کۆڵانان‌دا دەی‌وت: حەوینجی کەرکوك... بەکاردە هێنرا بۆ نانو کولێرە بەرۆن لەگەڵ رەشکەو شمڵی تێکەڵ دەکران..

٧ – عەبوودی: (قۆری شکاوی چاك دەکردەوە بەتەنەکەی براو ئەڵقاوئەڵق) ئەم پیاوە پاڵەوان بازیو یاری دومبڵسی دەکرد..

٨ – جەمە سوورە شان خوار (دۆڵ کوت) ئەمە بە ماڵان‌دا دەگەرا ساوەروو چەڵتووکی دەکوتا...

٩ – نەعەنێر: لفکەو لیرەی دەگێرا بەماڵان‌دا...

١٠ – بلەی باقی نەوت فرۆش. دەی‌وت: نەوت بەتەنەکەو بەگالۆن...

١١ – عەلی لووتە نەوت فرۆش.. بە عەرەبانەیەکی بچوك خۆی ڕای دەکێشا..

١٢ – مام ڕەسووڵ باوکی کەرەی نەوت فرۆش... نەوتی دەفرۆشت بەتەنەکەو گاڵۆن، عەرەبانەیەکی بچکۆلە بەدەستی خۆیان ڕایان دەکیشا لەگەڵ کەرەی کوریا...

١٣ – عەلۆل بەقاپ نەوتی دەفرۆشت خەڵك بۆ قوتیلەو چرا بەکاریان دەهێنا هەموو شتێك بەدار دەکرا نەوت بەس بۆچرا بەکار دەهێنرا.

١٤ – حەمە چەقەڵ: (نەوت فرۆش) بەعەرەبانەیەکی بچووك بەدەستی خۆی ڕای دەکێشا..

١٥ – سەعە ڕیش (ئەمەرۆن فرۆش بوو، بەهیزە بەماڵاندا دەگەڕا) تەرازووی چەرمیان بەکار دەهێنا بۆ کێشانی..

١٦ – صۆفی موحەممەد.. دەی وت: (ئەوە لفکە... ئەوە لیرە... ئەوە نۆکو گوڵە بە ڕۆژەو دەنکە کولەکە ئەوە کورە ئەوەمقاش).

١٧ – مام ڕەسووڵ: (دەی وت ئەوە لفکە ئەوە لیرە)

١٨ – دۆمەکان دەگەڕان بەکۆڵانان‌دا دەیان وت: بنێشت بە پەڕۆ... بەدەرزی بەشانە ئەم پەڕۆیانەیان کۆ ئەکردەوە بۆ ژێری کلاش بەکاریان دەهێنا.

١٩ – هەروەها کۆمەڵێکی تریش بەکۆڵانان‌دا دەگەڕان شاتوو و بەڵاڵوکیان دەفرۆشت بەجیا دەیان‌وت:

شاتوو دەرمانە

بەڵاڵوك دەرمانە

هەروەها: فەریکەیە نۆك، سەوزەڵەیە نۆك

٢٠ – چەند کەسێکی تریش هەبوون بە کۆڵانان‌دا دەگەڕان بە تورەکەیەکەوە، دەیان وت: ماڵێ زەرووبگرێ (کرمێکی) ڕەش‌بوو لەبەهاردا خوێنی‌پیسی دەمژی.

٢١ – مام ئەولێ سنەیی: لەبەرچنەدا ماسی‌ی دەگێڕا بە کۆڵانان‌دا دەیدا بەکۆڵیدا هاواری دەکرد: ماسی هەی ماسی..

٢٢ – مام ڕەمەزانی ماسی فرۆش (ماسی لەبەرچنەدا دەفرۆشت بە کۆڵاناندا، هاواری دەکرد ماسی هەی ماسی.. هەموو کاتێك عەینەکێکی قەپاتی لەچاودا بوو).

٢٣ – ماڵیٚ چەقۆی بێت تیژی کاتەوە... دووکەس بوون

١ – حەمە صاڵحی غەفوور چاوەش

٢ – ڕەسووڵ ناوێك بۆکانی بوو..

٢٤ – حاجەت سپی ناکەنەوە حاجەت، ئەمانە بەکۆڵاناندا دەگەڕان بەگونیەیەکەوە بۆ کۆکردنەوەی مەنجەڵ و حاجەتی مس بۆ سپی کردنەوە. دوایی کەسپیان دەکردەوە دەیان هێنایەوە بۆ ماڵەکان ئەمانە.

١ – ڕەشە کوێر

٢ – حەسەنە خڕە

٣ – حەمە ڕەشی

٤ – شێخ عەزیز

چەند کەسێکی تریش دەگەڕان بەکۆڵاناندا بۆ ئەم جۆرە شتانە هاواریان دەکرد:

١ – ماڵیٚ باراشی بێت

٢ – ماڵیٚ لۆکەی بێت بۆی شی بکەینەوە (هەلاج)

٣ – سەوزەوگەڵا پانەکەوەر (بەپارەو بەنان)

٤ – تەشی، تیرۆك، شانە

٥ – گڵە سپی بۆ تەڕاوی دیواری گڵ

٦ – وردە واڵە فرۆش... (چەرچی)

* * *

## دەسگێری ژنان

١ – ئامەی چەقالە بەکۆلێکەوە بەمالآن دا دەگەڕا چەقالەو گوێزی سوێرو قەزوانی سوێری بە مالآندا دەفرۆشت، کوێریش بوو بەگۆچانێکەوە دەگەڕا..

٢ – دایکی صەباح: لفکەی دەفرۆشت.. بەدایکی صەباح تورە دەبوو

٣ – باجی فاتم: ژنی بەرسینەماکە یاپراخ و پاکەت و قاورمەی نوکی دەفرۆشت.

٤ – پورە مەستان، کلآو فرۆش

٥ – نەنەخانم: کلآو فرۆش

٦ – مریەمی حەسەنەلی کلآو فرۆش دایکی مەولوود مرێم

٧ – نەنەبیستی: قەزوان فرۆش

٨ – مەنیجە دۆم (بنێشت فرۆش)

## کۆڵ گێرەجولەکەکان (دەسگێرەکان)

١ – ئوسو (ئەگەرا بە کولآنانا تەختەیەك بەبە رکۆشە وە زەمیلەیەك بەدەستەوە بازنی شووشەی ڕەنگاو ڕەنگی ئەفرۆشت).. ئەو کچەی ئەیکڕیو نەچوایە بەدەستیا صابونیان لیٚ ئەدا

٢ – وەیسەی کوتاڵ فرۆش (کوتاڵی ئەدا بەشانیا بەخۆیو مقەستێکەوە) هەر چێکی دەست بکەوتایا ئەیدا بە عەرەق و ئەی خواردەوە وجرتی لیٚ ئەدا بەقەد طۆپیك دەنگی ئەهات

٣ – جریوە: کوتاڵ فرۆش بوو ئەگەرا بەکولآنانا بە خۆیو مقەستێکەوە (منالآن دوای ئەکەوتن پیان ئەووت (هۆجریوە جریوە جریوە) (لایەکي گونت تەقیوە) ئەویش ئەیووت لاکەی کەی بەقوزی دایکتان

٤ – عەزە جوو: کوتاڵی ئەدا بەشانیا بەمقەستیکەوە ئەگەرا بەکولآنانا

٥ – سێوە: ئەویش کوتالی ئەگیرا بە کولآنانا

# دەست گیرەکان



خەلیفەی بەنە خوێن



مچە حاجی

١٨٩٤ز - ١٩٨٦ز کۆچی دوایی کردوە



سەید شەریف



مام ڕەسووڵ سەعیدی نەوت فرۆش

١٨٩٠ز - ١٩٥٨ز کۆچی دوایی کردوه



مەجید مەلا نادر

(باوکی جەبار)

١٩٠٥ز - ١٩٦٨ز



ئەوڕەحمانی مەحەلەبی

ساڵی ١٩٠٧ز لە دایك بووە



قاورمە فرۆشی دەست گێڕ

# شەربەتچی و ماستاو فرۆشەکان

شەربەتچی یەکان لەبەهارو هاوین دا «شەربەتی» مێوژی رەشیان دروست دەکرد لەناو دوکانەکانیاندا، دەیانکردە شووشەی گەورەی تایبەتی یەوە، لەسەر مێز دایان دەناو پەرداخی گەورەو بچوك بەدەوری دا ریزدەکرا.

بەفری گۆیژەیان تێ دەکرد بۆ سارد بوون،بۆیە سەر مێزەکە تاشە بەفری لەسەر بوو، جار جار بەمشار کلۆیەکیان لێ دەکردەوە، دەیانکردە ناو شووشە شەربەتەکە وە جارو باریش دەسگێڕ دەیگێڕا بەناوشاردابە بازارو کۆلان دەگەران شەربەتەکەیان دەکردە کووپەی شینەوە. دەسگێڕەکان قایشی تایبەتی یان دەبەست، شوێنی پەرداخی تێدا بوو، دیسان مەتارە ئاویشیان بەکار دەهێنا بۆ شتنی پەرداخەکان، دەسگێڕەکان بەگەلێ جۆر هاواری شەربەت فرۆشتنیان دەکرد تاوەکو زوو بۆیان بفرۆشرێ وەك: —

× خەستەو خورەی نایە...

× کەللە تەزێنە... عیللەت پەرێنە.. ئەم شەربەت چی یانە لەپاڵ شەربەتەکەش دا بەفریشیان دەفرۆشت. مەلکەندی یەکان چەند تاشە بە فرێکیان بۆ دەخستن. خوێیان پێوە دەکرد تاوەکو زوو نەتویتەوەو ئیشەکەی خۆیانی پێ رایی بکەن ئینجا گوێنی یان دەدا بەسەری دا بەمشار کلۆکلۆ جیایان دەکردەوە بەتایبەتی لەئێواران دا هاواریان دەکرد کلۆی بەفر بە عانەیەك (٤ فلس)... ئەم شەربەت چی یانە پەرداخی گەورەو پچوکیان بەکار دەهێنا.. لە سالانی چلەکانا پەرداخی بچوك بە دووفلس بوو گەورە بەعانەیەك. بەلام لەپەنجاکان دا پەرداخی بچووك بە ٥ فلس بوو گەورە بە ١٠ فلس بوو.

ئەم شەربەت چی یانە هەندێکیان لەزستاندا شێلمی کولاویان دەفرۆشت، هەندێکی تریان کاسبی تریان دەکرد..

## شەربەت چی‌یەکانو شوێنەکانیان

١ - ئەحەی کرنوو..
تەنیشت خەلفە فەرەجی کەبابچی، نزیك قەیسەریی نەقیب
٢ - حاجیلەی شەربەت:
خوار مەیدانی بەلەدیێەکە، بەرامبەر قالەی کامەلا..
٣ - حاجی غفوری شەربەتچی:
خوار مەیدانی بەلەدی‌یەکە، بەرامبەر حەمەی وەستا صاڵحی نانەوا
٤ - خولە سنەیی:
بەرامبەر حەوشی سەرا، لای یەحیا ئەفەندیی ڕەسام..
٥ - ئەلەسنەیی:
برای خولەسنەیی، لای مزگەوتی حاجی حان
٦ - مام سعید:
بەرامبەر سەرا
٧ - دەرویش رەحیم:
لەگەڕەکی صابونکەران.
٨ - مام سەعی شەربەتچی خوار حەمامی سوورەت

## دە سگێڕەکان

٩ - کەڕەی شەربەت، ئەم پیاوە کەڕبوو دووکانی هەبوو، خوار (حەمامی سوورەت) لەوێ دروستی دەکردو بەناو بازاڕدا دەی‌گێڕا. ناوی ئەم کەڕەی شەربەتە ئێستەش لەسەر زمانی خەڵکی یە...
١٠ - سەعەی قالە باوکی سالەشێت
١١ - حەمە کەریم

## ماستاو فرۆشەکان

ئەم تاقمەش کاسبی سەرەکی یان ماستاو فرۆشتن بوو. لەبەهارو هاوین دا چەند مەرکانەیەکی شینی گەورەیان دا دەنا هەندێکی بۆ ماست فرۆشتن و ئەوی تریشی بۆ ماستاو تیاگرتنەوە.

مەرکانەکانیان پڕ دەکرد لەبەفر.. زۆرکەس دەچوون بۆ ماستاو خواردنەوە، کاشی شینو کەوچکی داریان بەکار دەهێنا.. ماستاو فرۆشەکان... زۆرجارماستاویان دەنارد بۆ کەبابخانەکانو دوکاندارەکان.

ئەمانیش وەك شەربەت چی یەکان بەفریشیان لەپاڵدا دەفرۆشت هەندیٚ لەم ماستاو فرۆشتانە دۆشیان لەپاڵدا دەفرۆشت.

لەزستان دا ماستو هەنگوینو دۆشاوو ترشیاتیان دەفرۆشت.

## ماستاو فرۆشەکان

١ – مەلا محی الدینی ماستاو..
خوار بەلەدی یەکە، تەنیشت قالەی کەمەلا...

٢ – دەروێش سەعید..
بەرامبەر خانی مێوژەکە... خوار ئە حمەدی

٣ – عەزەی ماستاو: خوار ئەحمەدی

٤ – دەروێش عەزیز: بەرخانە سووتاو

٥ – ئەحە شاە: بەرخانە سووتاو

٦ – حاجی عەلیی ماستاو: پشت مزگەوتی شێخ محمدی ئالاکی خوار ڕەشەی کەریمی هەیەر

٧ – عوسمانی ماستاو: خوار مەیدانی بەلەدی یەکە، لەبەردەم قەیسەریی نەقیب دا.

٨ – حاجی کریمی شمقاڕ: صابونکەران بەرامبەرحەوزەکە دۆو ماستاوی دەفرۆشت.

٩ – ڕەسوڵە گۆج: بەردەرکی سەرا

١٠ – ئەلەمێشاوی: لای مەیدانی ماستەکە ئەم کابرایە هەر دۆی دەفرۆشت، چەند مەرکانەیەکی دانابوو پڕی دەکرد لەدۆو بەفر بەڵام مێشێکی زۆری پێوە دەنیشتەوە، هەر لەوەوە ناویان نا ئەلە مێشاوی. ئەڵێن غولام حسین شیرازی (مێجەرسۆن) پێش ئاشکرابون و هاتنی ئینگیز بۆ ئەم شارە برادەری یەك بوون تا شەرەجنێویان لە نێوان دابووە.

ئەو دەمەی کە ئینگلیز لە سلێمانی‌دا جێگیربوو مێجەرسۆن بووبە حاکمی سیاسی‌ی سلێمانی جارێك بەبەرگی ڕەسمیەوە دەچێتە ناو بازاڕ لەبەردەم دوکانی ئەلەمێشاوی‌دا دەوەستێ، بەکوردی لێی تورەدەبێت و جنێوی‌پی دەدات، دەڵێت قوماشی سپی بەکاربهێنەو پاكو خاوێن بە؟ ئەگینا حەپست دەکەم. دوایی لەیەك ئاشکرا دەبن ئەلەمێشاوی بەئارەزووی خۆی جنێوەکانی پی‌دەداتەوە.

ئەم بەسەر هاتە لەدەم زۆر پیرەمێردی ئەودەمەوە دەبیستری‌و دەگێڕرێتەوە.



شەربەتچی‌و ماستاو فرۆشەکان

حاجیلەی شەربەت

١٨٨١ز - ١٩٦٣ز کۆچی دوایی کردوە

---



حاجی غەفووری شەربەتچی

١٨٩٧ ز - ١٩٧٢ز کۆچی دوایی کردوە



حاجی عەلی ماستاو

١٩٠٠ - ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردوە





مام سەعید حەمە خورشید (شەربەتچی)

۱۹۰۰ز - ۱۹۷۵ز کۆچی دوایی کردوە

خولە سنەیی

شەربەتچی



عەزەی ماستاو (ماستاو فرۆشی)

۱۹۰۲ز - ۱۹٦۷ز کۆچی دوایی کردوە

# سەقاکان

وەختی خۆی پێش ئەوەی بۆڕیی ئاو بێتە شارەوە یان کە هاتووە نەگە یشتۆتە ناو بازاڕو گوزەرەکانو قەیسەری‌یەکانو . دوکاندارەکان، پێویستیان بەئاو هەبووەلە هاوین‌دا بۆ ئاوڕشێن. وە نانەواکان بۆ هەویر شێلان بەکاریان دەهێنا، چەند کەسێك هەبوون لەناو بازاڕدا پێ‌یان دەوتن (سەقا)، ئەمانە ئاویان دەکێشا بۆ بازاڕو گوزەرەکاونو قەیسەری‌یەکان بۆ ئاوڕشێن وەبۆنانەوا کانو دوکاندارەکان بە هەفتاتە پارەیان دەدانێ، هەرکەس بەئارەزووی خۆی . ئەو شوێنانەی ئاویان لێ دەکێشا نزیك بوون لەبازاڕەوە وەك:

١ – ماڵە ماسی‌یەکە· شوێنی گەڕاجی جوانڕۆ
٢ – خانە سووتاو: شوێنی گەڕاجی گەل
٣ – مزگەوتی : خومخانەکان
٤ – مزگەوتی شێخ‌یوسف
٥ – مز گەوتی شێخ موحەممەدی ئالاکی
٦ – حەوزەکەی ناوبازاڕ، زەمانی مێجەر سۆن ئەم شوێنانە هەموو ئاوی کارێز

بوون لەپێشدا بەکوننە دەیان هێنا؛ پاشان بەکوننەو تەنەکە دوایی بووبە تەنەکە.

سەقا کان:

١ – حاجی فەتاح سەقا – بەکوننە
٢ – ئەحەی نەبی – بەکوننەو تەنەکە
٣ – قالەی سەقا – بەتەنەکە
٤ – عەزەبۆن دڕن – بەتەنەکە

هەروەها لەناوبازاڕدا دوکاندارەکان شاگردەکانیان دەنارد شەربەیان پڕ دەکرد لەئاو، بۆ ئاوخواردنەوە، لەو کارێزانەی بەو ماڵانەدا دەڕۆیشتن کە نزیك بوون لەبازاڕەوە وەك:

١ – ماڵی ئەمینی عەتار
٢ – ماڵی حاجی مەحموودی ئەوڵاٚ سوور
٣ – ماڵی مینەی مەلا ئیبراهیم
٤ – ماڵی سەعەی فەقێ مەحموود
٥ – ماڵی حاجی صاڵح
وەچەند ماڵێکی تر

●

# جارچی‌یه کان

ئەمانە سەر بەشارەوانی بوون‌و مووچە خۆری شارەوانی بوون وە هەموو ئاگاداری‌یەکی میری‌یان بلاو دەکردەوە ، بەهاوار بۆخەلك لەناو بازارەکانی شاری سلێمانی دا ، وەهەر شتێك ون ببوایە لە منال‌وپارەو ئالتوون‌و زێر ، وەیان کەرێك بەبارەوە ون ببوایە ئاگاداری خەلکیان دەکرد بەجاڕ وە ئەو کەسەی ئەم شتانەی بدۆزیایەتەوە خەلاتیان دەدایە .

جاڕچی‌یەکان ئەمانەی لای خوارەوە بوون

١ – تۆفیق شلك
٢ – صالحە تڕیل
٣ – محانی موختار
٤ – صالح میراو
٥ – صالح مصطفی بەناوبانگ بە «صالح ماژوور»
٦ – حەمەی باقی

سەرچاوە :
١ – عومەری نەعمان
٢ – عەلی دەدە

# سەعاتچی یەکان

١ – میرزای سەعاتچی : لەخانی حاجی سەعید ئاغا .
٢ – سەی حەسەن : خوار حەوزەکەی ناوبازار .
٣ – رەشید ئەفەندی سەعاتچی : خوار خەلفە فەرەجی کەبابچی ، نزیك دەرگای قەیسەریی نەقیب .
٤ – صابر ئەفەندی : دەشتی ئەحمەدی ساغا : بەر ئەسحابە سپی .
٥ – شێخ حەسەن : دەشتی ئەحمەدی ساغا : بەر ئەسحابە سپی .
٦ – شێخ لەتیفی دانسباز : لەماڵی خوی‌دا لای باخی شێخ لەتیف .
٧ – حاجی مەلا شەریف : لەپێش دا لای دوکانی ئەحمەدی لای زەرەنگەرەکان لەدوایی‌دا چوەجادەی مەولەوی بەرامبەر باتای کۆن .
٨ – مەلا رەئووفی مەلا صاڵحی سەعاتچی : لەجادەی کاوە بەرامبەر خەستە خانەی خوارەوە ، نزیك ئەسحابە سپی .
٩ – مەلا صابر : لەپێش‌دا لای مەلاعەلی صەحافەوە ، دوایی چوتە ژێر حەمامی قشڵەوە .
١٠ – شێخ مارفی قەرەداغی : جادەی کاوە ، بەرامبەر خەستەخانەی خوارەوە ، نزیك ئەسحابە سپی .
١١ – شێخ حسینی سەعاتچی : جادەی مەولەوی ، ژێر حەمامی قشڵە .
١٢ – بەهجەت رەشید ئەفەندی سەعاتچی : جادەی مەولەوی ، خوار حەمامی قشڵە .
١٣ – ئەحمەد صاڵح سەعاتچی : جادەی مەولەوی ، بەرامبەر حەمامی قشڵە .

تی‌بینی :

سەعاتچێتی لە سلێمانی‌دا لە زەمانی تورکەوە هەبووە .

سەرچاوە : بەهجەت رەشید ئەفەندی سەعاتچی .

●

## سەڕافەکان

ئەمانە هەمووی لەبەر حەوزەکەی ناوبازاڕدا بوون ، پارەی تورکیو ئێرانیو عیراقی‌یان دەگۆڕی‌یەوە .

١ – خواجەسەلمانی سەڕاف
٢ – داود جولەکەی سەڕاف
٣ – عەبدەی جولەکەی سەڕاف
٤ – ئیبراهیمی سەڕاف
٥ – مەلا قادری سەڕاف
٦ – رەئووفی سەڕاف
٧ – حاجی عیزەتی سەڕاف

## سەڕافە دەسگێڕەکان

شان بەشانی دوکانی سەڕافەکان هەندێ سەڕافی دەسگێر هەبوون وەك :

١ – عارفە کونج
٢ – مام سمایل

# حسابی پارەی کۆن

١ – زەمانی عوسمانلی
٢ – زەمانی داگیرکەری ئینگلیز
٣ – زەمانی دەوڵەتی عیراق

## ١ – زەمانی عوسمانلی

١ – لیرەی رەشادی = بە ١٢ روپیە
٢ – غازی زیو = چواری بە لیرەیەك
٣ – نیوغازی زیو = هەشتی بە لیرەیەك
٤ – چارەکە غازی زیو = شانزەی بە لیرەیەك
٥ – بێچو زیو = ١٩ پول
٦ – بێچو زیو = ٢ نۆ پولی
٧ – نۆ پولی مەعدەن = ٢ نیکلی قەمەری
٨ – نیکلی قەمەری مەعدەن = ٢ نیکلی وردە
٩ – نیکلی وردە مەعدەن = ٢ پولی مەعدەن
١٠ – یەك پولی مس
١١ – بیش لغ مس = بە دوو عانەو نیو

## ٢ – زەمانی داگیرکەری ئینگلیز

تێبینی :
١ – روپیەی زیویش و کاغەزیش هەبوو ، ئەم کاغەزانە وێنەی مەلیکەی بەریتانیای پێوە بووە .

ڕۆپیەك= ٧٥ فلس

پارەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:ـ

١ - سەد ڕووپیەی کاغەز

٢ - دە ڕووپیەی کاغەز

٣ - پێنج ڕووپیەی کاغەز

٤ - یەك ڕووپیەی معدن

٥ - نیو ڕووپیەی =

٦ - عـانە = = بە ٤ فلس

٧ - ٢ پولی =

٨ - یەك پولی =

٣ - پارەی زەمانی دەوڵەتی عێراق:

تێبینی

هەر وەکو پارەی ئینگلیز بەکار ئەێنرا بەڵام دوایی وێنەکانیان کرد بەوێنە مەلیك فەیسەلی یەکەم ئەم پارانەش زیادی کردو هاتە کایەوە.

پارەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:ـ

١ ـ ١٠٠ دیناری کاغەز

٢ ـ ١٠ = =

٣ ـ یەك = =

٤ ـ نیو = =

٥ ـ چارەکە = =

٦ ـ ریالی مس = بە چوار پەنجایی

٧ ـ پەنجا فلس معدن

٨ ـ ٢٠ = =

٩ ـ ١٠ = =

١٠ ـ چوار = =

١١ ـ = =

١٢ ـ یەك = =

## کێشانی جاران (بەسەنگ و تەرازوو)

یەك ڕپە = ١٠ حۆقە

یەك باتمان = ٦ حۆقە

یەك حۆقە = ٤ ئیزرەم

یەك ئیزرەم = ٢ ئەلیرەم

یەك ئەلیرەم = ٢ ئیگرەم بێژرەم

یەك ئیگرەم بێژرەم = ٢ ئونکیرەم

یەك ئونکیرەم = ٢ ئاڵتیرەم

ئەم کێشانە تا ساڵی ١٩٥٤ز بەردەوام بووە لەسەر بڕیاری شارەوانی بوو بە کیلۆ.

## (بازارگانیەتی و بازارگانەکان)

بازارگانیەتی سلێمانی لە ساڵی ١٨٢٠ زایینیدا

لە پەراوەکەی مستەر ڕیچەوە

لەسلێمانی بازارگانیتی‌یەکی ئەوتۆی فراوان نەبووە بەکاروان کەل وپەل گوێزراوەتەوە بەلاَم بەشێوەیەکی گشتی بووە لە نیوان سلێمانی و ئەم شارانەی خوارەوە.

تەورێز:ـ هەموو مانگێك کاروانێك لە سلێمانی‌یەوە دەرچووە بەرەو تەورێز، خورماو قاوەو هەنـدی کەل و پەلی تر کە لە بەغـداوە هاتـووە لەگـەڵ خۆیـا بردوویـەتی لەو

سەرەوە ئاوریشمی خاو و قوماشی ئاوریشمی هێناوە. ئاوریشمە خاوە کە بۆ بەغداد قوماشەکەشی لە سلێمانی فرۆشراوە.

ئەرزڕووم :- بەلای کەمەوە سالی کاروانیك لە سلێمانی یەوە چووە بۆ ئەرزڕووم قاوەو خورمای لەگەڵ خوی بردووەو لەو سەرەوە کە گەڕاوە تەوە ئاسن و مسی لەگەڵ خولا هێناوە لەگەڵ ئێستر ئەم وولاتە باشترین ئێستری هەبووەو زۆرترینی ئەم وولاغە لەوێ کڕاوە.

هەمەدان و سنە :- لەم دووشارەوە مانگێ کاروانێکی بچکۆلە هاتووە بۆ سلێمانی لەتەك خۆیا ڕون و میوەی ووشك کرابووەو هەنگوینی هێناوە لەگەڵ پۆلا کەلای زەریای قەزوینەوە هێنراوە.

کەرکوك :- بازرگانێنی لەگەڵ ئەم شارەدا هەمیشەی بووە لە کەرکووکەوە پێلاو و هەندی قوماشی زبری لۆکە هاتووە بۆ سلێمانی وە لە سلێمانی یەوە پاقلە جات و هەنگوین، مازو ترش، میوە، برنج، ڕۆن، لۆکەو، مەڕومالات نێراوە بۆ کەرکوك لە راستیدا کەرکوك بازاڕێکی بە نرخی بەرهەمەکانی وولاتی سلێمانی بووە.

مووسل :- بازرگانیتی لەگەڵ ئەم شارەدا بەردەوام بووە لەوێوە پێلاو جامانەو خام و قوماشی لوکەی ڕەنگاورەنگ و بەرهەمەکانی شام و و دیاربکر هێنراوە بۆ مووسل.

بەغدا :- بازرگانیتی لەگەڵ ئەم شارەدا هەمیشەیی بووە لە بەغداوە خورماو قاوەو کەل وپەلی هیندستان و ئەوروپا، قوماش هاتوە بۆ سلێمانی وەلێرەوە پاقلە جات و توتن و پەنیرو ڕۆن و ترش و کەتیرەو پیوو سابوون ڕەوانەکراوە.

سابوون لە سلێمانی :- دوو جۆر سابوون دروست ئەکرا :-

١ - سابوونی بەزی بۆ جل شتن بەکار ئەهات.

٢ - سابوونی سەرکەف بۆ خۆ شتن بەکار ئەهێنرا

لە زوربەی مالەکانی گەڕەکی سابوونکەران سابوون دروست ئەکرا بە جۆرێکی ئەوتۆ کە بەشی هەموو شارو دەوروبەری سلێمانی ئەکرد وە لێشی ئەنیرا بۆ بەغداو گەلێ شوێنی تر تا دەوروبەری سالانی ١٩٦٠ هەندێك ماڵ مابوو کە سابوونی دروست دەکرد.

تێبینی :- بە بیرەوەری ئەوکەسانەی کە شارەزان ئەڵێن لە بەغداوە بە زۆری شەکرو چاو کوتاڵ و خورما هاتووە، لێرەوە پێستی هەمە جۆر ئاژەڵ لەگەڵ توتن و مازوو کە تیرەو ریخۆڵەو خوریو لوکەو هەندی شتی تر چووە بۆ بەغدا.

رێگای بازرگانیتی نیوان سلێمانیو بەغدا بە کاروانی وولاخ جاران کاروانی وولاخ بەم شوێنانەی خوارەوەدا بۆ بەغدا دەچوو.

١ ـ تانجەرو.
٢ ـ گلەزەردە.
٣ ـ تیمار.
٤ ـ قرەداغ.
٥ ـ دەربەندی قوپی قەراغ.
٦ ـ دەربەندی سەگرمە.
٧ ـ کرپچنە.
٨ ـ خانی محمد کریم ئاغا لە ناو زەنگەنەدا.
٩ ـ خانی عبد الکریم وادی ئاغا (خانی خوارو) نزیك خانی محمدی کریم ئاغا کە نیوانیان نیوسەعاتە.
١٠ ـ خانی سور خلیل (خانی برایم خان) ئەمیش هەر لە ناوچەی زەنگەنەدا.
١١ ـ پاش ٨ سەعات کاروان ئەگەیشتنە کفری.
١٢ ـ بردی سەر چیمەن.
١٣ ـ قەرە تەپە.
١٤ ـ دەلی عباس.
١٥ ـ خالصی.
١٦ ـ خان بنی سەعد پاشان بەغدا.

هەموو کاروان چییەکان لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا بە حەوت شەو حەوت رۆژ ئەگەیشتن.

## ڕێگاکانی بازرگانیتی بۆ ئێران

١ ـ لە قوڵی پێنجوینەوە بۆ بانەو لەوێوە بۆ سەقزو بۆ بۆکان هەتا ساباڵاخ (مهاباد).
٢ ـ ڕێگای سەردەشت:ـ
لە سلێمانی‌یەوە بۆ دوکان و ڕانیەو قەلادزە وەلەوێوە بۆ سەردەشت و ساباڵاخ (مهاباد).
٣ ـ ڕێگای هەڵەبجە:ـ بۆ بیارەو تەوێڵە لەوێوە بۆ سنە.

ئەو شتانەی لە ئێرانەوە ئەهاتن ئەمانە بوون:ـ
فەرش، قۆری، سەماوەر، سرکەیی، مشکی، خەنە، وسمە، چیتی ئەشتەرخان، جەلسە بادام، بستە، دەنکە کولەکە، ناوکەهەرمێ، کشمیش، باسوق، سنجوق، مەڕوماڵات.
ئەو شتانەی لە سلێمانی‌یەوە ئەچوو بۆ ئێران.
خورما ـ شەکر ـ چا ـ قامیشەجگەرە ـ سابوون.

## بازرگانەکان و شوێنەکانیان

١ ـ **خواجە کریمی ئەلەکە خانە سووتاو.**
٢ ـ **حاجی ابراهیم ئاغا** = = .
٣ ـ **حاجی سەعید قادر ئاغا** = = .
٤ ـ **حاجی مەلا سەعیدو حاجی صالح و**
**حاجی فەتاح و احمد ئاغا کەرکوکلی زادە** = = .
٥ ـ **میرزا فەتاح و میرزا محی الدین و میرزا کەریم**
**کوڕانی حاجی شەریف شەریك بوون** = = .
٦ ـ **حاجی صالحی خچفاف** = = .

٧ – حاجی مەلا سەعیدی شاڵی خانە سووتاو..
٨ – حاجی فەتاحی قادر : خانە سووتاو..
٩ – حاجی فەرەجی حاجی حامید خانە سووتاو..
١٠ – حاجی ئەحمەدی پیرۆز خانە سووتاو..
١١ – حاجی حەسەنی حاجی مەحموود ڕەش خانە سووتاو..
١٢ – حاجی کەریمی عەمبەرخان خانە سووتاو..
١٣ – حاجی مارفی عەمبەرخان (برابوون)خانە سووتاو..
١٤ – حاجی کاکە حەمە لە خانە سووتاو.
١٥ – حاجی قادر خەفاف لە خانە سووتاو.
١٦ – حاجی میرزا حەسەن لە خانە سووتاو.
١٧ – حاجی فەرەجی ئەمینی قاسم لە خانە سووتاو.
١٨ – مەلا ئەمینی ئەحمەد بەقاڵ لە خانە سووتاو.
١٩ – ئەحمەدی مەلا سلێمان. کاروانی وڵاخی هەبووە لەخانە سووتاو.
٢٠ – حاجی ڕەشید وەسمان چاوەش لە خانە سووتاو.

○

## خانی حاجی سەعید ئاغا

١ – حاجی سەعید ئاغا.
٢ – حاجی مەلامحی الدین (برابوون) لە (خانی خۆیان).
٣ – حاجی حەمە ئاغای حاجی حسین ئاغا (خانی حاجی سەعید ئاغا).
٤ – میرزا فەتاح – باوکی شاکیر فەتاح (خانی حاجی سەعید ئاغا).
٥ – حاجی ئیبراهیم ئاغای حاجی ئەولا (خانی حاجی سەعید ئاغا).
٦ – مەلا عەبدوللای عەبدولڕەحمان (خانی حاجی سەعید ئاغا).

●

# خانی ئاغا فتح الله

١ – ئاغا فتح الله باوكی تۆفیق ئەفەندی : لەخانی خۆیدا (ئاغا فتح الله).
٢ – حاجی ئەحمەدی حاجی كەریم (خانی ئاغا فتح الله).
٣ – حاجی فەقێ شاڵی (خانی ئاغا فتح الله).
٤ – حاجی عەبدوڵلا شاڵی (برابوون) وشەریك بوون (خانی ئاغا فتح الله).
٥ – خواجە حەبیب (حەبیبە سوور) گاور (خانی ئاغا فتح الله).
٦ – خواجە پەترۆس (خانی ئاغا فتح الله).
٧ – خواجە هورمز (خانی ئاغا فتح الله).
٨ – خواجە قەدوری (خانی ئاغا فتح الله).
٩ – خواجە گورگیس (خانی ئاغا فتح الله).
١٠ – خواجە عەبدە (خانی ئاغا فتح الله).
١١ – كورانی ساسون ئیسحاق (خانی ئاغا فتح الله).
١٢ – حەمەی ڕەحمە (خانی ئاغا فتح الله).
١٣ – حاجی ئەمینی كاكەحەمە (خانی ئاغا فتح الله).
(مامی فایەق بێكەس) ئەم حاجی ئەمینی كاكە حەمەیە.
خۆی ماڵی دەهێنا لەئێرانو ڕوسیاو وارشۆ بە كاروانی ولاخ ..

# ناوی بازرگانەکان لە شوێنی‌تردا

١ – حاجی ئەحمەدی قەزاز باوکی تۆفیق قەزاز قەیسەری نەقیب.
٢ – حاجی عەزیزی شەرعی (قەیسەری نەقیب).
٣ – حاجی عەبدوللای جبار باوکی حاجی قادر ئەم دوکانی نەبووە ..
٤ – صاڵحی‌رە شەو کورەکانی لەگەڵ خواجە پەترۆس شەریك بوون ..
٥ – حاجی ئەحمەدی رۆقیە خۆی ماڵی لە ئێران‌و روسیاو وارشۆ ئەهێنا جار جار بۆ حەڵەب بەکاروانی وڵاخ .. ئەم بازرگانە ٨٠ هێستری هەبووە ..
٦ – تۆفیق ئاغای حەسەن ئاغاو عەبدوللا ئاغای حەسەن ئاغا (برابوون) . لەگەرەکی مەلکەندی لە (پیرمەسور) لەماڵی خۆیان‌دا بەکاروانی وڵاخ ماڵیان لە ئێرانەوە دەهێنا ..
٧ – حاجی عەبدوللای بۆسکانی لەمەلکەندی ، لەحاجی خان لە ماڵی خۆی‌دا بەکاروانی ولاخ ماڵی لە ئێرانەوە دەهێنا.
٨ – رەشەی جەنجەر لەبەرامبەر بەلەدی‌یەکە.
٩ – حاجی عەلی کوڵەك.
١٠ – حاجی موحەممەدی کوڵەك (برابوون) لەبەر پردەکە ..

سەرچاوە :.
١ – رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) ساڵی ١٩٢٢.
١ – گۆڤاری رۆژی نوێ ژمارە ١١ ساڵی ١٩٦١.
٣ – سالەی فەقێ (شێخە صالح) وهەندی کەسی‌تر.

# خاوەن مولکەکان – مەلاکەکان

١ – ماڵی شێخان
٢ – حاجی بەگ
٣ – حاجی ئەوڕەحمان بەگی ڕەشیدپاشا
٤ – حاجی سعیّد ئاغا
٥ – حاجی ملا محی الدین
٦ – حاجی علی ئاغا
٧ – حاجی حمەئاغای حسین ئاغا (برابوون)
٨ – حاجی ملا سعیدی کەرکوکلی زادە
٩ – ئەحەڕەشی حاجی ئەولاّ
١٠ – حاجی صالّح وحاجی فەتتاحو حسەین ئاغاو کەریم بەگ (هەر شەشیان کوڕی حاجی ئەوڵای حەمە کەرکوکلی زادە بوون).
١١ – غفور ئاغای حاجی ئەولاّی گەورە
١٢ – مارف بەگ
١٣ – کریمی عەلەکە
١٤ – عیزەت بەگی وەسمان پاشا
١٥ – حاجی سعیدی قادر ئاغا
١٦ – فتاح بەگی ئەرازی
١٧ – عەزمی بەگی بابان
١٨ – ئاغا فتح الله
١٩ – مجید ئەفەندی کانێسکان

٢٠ – حاجی ڕەسوڵ بەگ
٢١ – ئەورەحمان ئاغای احمد پاشا
٢٢ – حاجی ئەولاّی شاڵی
٢٣ – احمد ئاغای چلبی
٢٤ – حاجی محمود قوربانی
٢٥ – ابراهیم ئاغای خوبیله
٢٦ – شاکری مجرم ئەفەندی
٢٧ – احمدی حاجی کریم
٢٨ – حاجی کریم ئاغا
٢٩ – حاجی حمه ئاغا (برابوون)
٣٠ – حاجی ابراهیم ئاغا
٣١ – حاجی حمەسعید
٣٢ – حاجی حسن ئەفەندی
٣٣ – حاجی صاڵحی خفاف
٣٤ – حاجی فەرەجی حاجی حامید
٣٥ – حمەی ئەوڕەحمان ئاغا
٣٦ – علی کمال
٣٧ – توفیق قزاز
٣٨ – عبدالله لطفی
٣٩ – حاجی صاڵح قاسم
٤٠ – حمەی صاڵحی ڕەشە
٤١ – مەحمودی صاڵحی ڕەشە
٤٢ – علی‌ی صاڵحی ڕەشە (برابوون) .

## خاوەن موڵك و تاجیرەكان



عەزمی بەگ بابان

(خاوەن موڵك)



حاجی عەزیز شەرعی (تاجر)

١٨٤٦از - ١٩٥٦ ز



حاجی سەعیلغا (خاوەن موڵك و تاجر)

ئەندامی مەجلیسی مەبعووسانی عوسمانیو

ئەعیانی عیراق

١٨٦٢از - ١٩٦٢از كۆچی دوایی كردوە



حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکی زادە

(خاوەن موڵك) ئەندامی مەبعووسانی
عوسمانی - ڕەئیسی شەرع و شێخ مەحموود

١٨٦٢ز - ١٩٣٨ ز کۆچی دوایی کردووە.



مەجید ئەفەندی کانێسکان

(خاوەن مولك)



حاجی برایم ئاغا

(تاجیرو خاوەن موڵك)

١٨٨٧ز - ١٩٥٩ز کۆچی دوایی کردوە



حەمەغای ئەورەحمان ئاغا

(خاوەن موڵك)

١٨٨٧ز - ١٩٦٢ز کۆچی دوایی کردوە



حەمەوفەنی سالْحی ڕەشە
(خاوەن موڵك)١٨٨٨ز - ١٩٦٢ ز کۆچی
دوایی کردوە



مەحموود ئەفەنی سالْحی ڕەشە
(خاوەن موڵك و تاجیری ریخوڵەو پێستە)
١٨٩٧ز - ١٩٦٥ز کۆچی دوایی کردوە

---



تۆفیق قەزاز (خاوەن موڵك)
١٨٩٨ ز - ١٩٥٥ ز کۆچی دوایی کردوە

# کاروانچی‌و باج‌وباجگر

لەکاتی خۆیدا کە کاروانچی دەهاتن بۆ ناوشار بەبارەوە لە دێهاتەکانەوە بە کەروهێستر، چونکە ئوتۆمۆبێل نەبووە یان کە پەیدابووکەمبووە یان ڕێگاوبان نەبووە وەك ئێستا کە ئوتومۆبێل بەئاسانی بۆ هەموو شوێنێك هات‌و چۆ دەکات . هەموو جۆرە سەوزەو میوەهات‌و رزقێکیان دەهێنا لە بەهارو هاوین‌دا بەزۆری کاڵەك‌و شووتی‌و ترۆزی دەیانکردە ناورەشکەوە وە میوەهاتەکانی تریش دەیانکردە ناو بەرچنەوە هەروە ها سپیدار بۆ دارەرا وەقامیش‌و زەل بۆ سەر دارەڕای ژێر سەربانی گڵ‌وەدارو خەلووز دارەکە ماڵان بۆ چێشت‌لێنان‌و نان‌کردن‌و نانەواش بۆ تەندوور وەبۆ زۆپای زستان بەکاریان دەهێنا .

بەڵام خەڵووز. ئا سنگەر بۆکوورە بەکاری دەهێنا. دیسان بۆ سووتەمەنی ماڵان. لە پایزوزستاندا گوێزوبادام‌و ترش‌ومیوەی وشکە وەك مێوژە رەشکەو سورکە هەنجیرو باسوق‌و سنجوق دیسان بارە(کا) لەناو رەشکەدا دەیان‌هێنا بەزۆری لەهاوین‌دا وە لە پایزدا بۆ سواغی سەربان‌و دیواری گڵ‌وخشت بریتی گڵ . هەروەها لە پایزدا دارو خەڵووز دەهات‌و هە موو ماڵێك دارەکەیان لەسەر تەندوور هەڵ دەچنی دوای ئەوەی خاوەن ولاخەکە دارەکەی جوان بەتەور بۆ دەشکاندن وە خەڵۆوزەکەی بۆ دەکردنە خەڵووزە دانەوە . تەماتە لە پایزدا بەزۆری دەکرا بە (دۆشاوی تەماتە) . وە هەمووکاتێك توورەکە کاو هێلکەو کەڵەشیرو مریشك‌و قەلەموون لەسەر بارەکەیان دەبەستەوەو خۆیان دەکرد بەناو شاردا بە خشەخش‌و دەنگی زەنگۆڵەی ولاخ‌و هەچەهەچە کە دیمەنێکی زۆر جوانیان هەبوو. بێینەوە سەر باج‌و باجگر :

لادێ‌یی کە بەبارەوە دەهاتن بۆ ناو شار لە هەموو ڕێگایەکی کاروانچیەوە لەقەراخ شاردا لەژێر قولغێکدا دووکەس لێی دادەنیشتن یەکێکیان پێ‌یان دەوت قۆڵچی (استهلاك) بەڵام خەڵکەکە پێ‌یان دەوت (استیلاك) کە سەر بەمالیە بوو پسوولەی دەدا بەکاروانچی بۆ ئەوەی بچێت بۆ دائیرەی ئیستیلاك لەمەیانەکە پێش فرۆشتنی بارەکەی. قۆڵچی لەوێ نرخی بۆ دادەنا کە ١٠٪ باجی بارەکەیان

لیٚ دەسەند لەوسەرەوە کە دەگەڕایەوە دەبوایە ئەو پسوولەیەی بە مۆرکراوی بدایە بە قۆڵچی یەکە .

دووەم کەس پیٚیان دەوت باجگر. باجی ولاٚخی دەسەند : کەر : دووپول هیٚستر : عانەیەك وەباجی سەوزە چل یەك بو واتە ٥ر٢٪ هەر لەویٚدا باجی لەکاروانچی دەسەند ئەویش پسوولەی مۆرکراوی دەدایە ئەم باجگرانە سەر بە یەکیٚك بوون کە بە ئیجاری ساڵانە لەبەلەدی یە دەیگرت. خاوەن ئیجار پسوولەی مۆرکراوی دەدا بە باجگر. ئیٚوارەو ئیٚوارە حسابی لەگەڵ دەکردن ئەم باجگرانە رۆژی روپیەیەکیان هەبووە واتە (٧٥) فلس و خاوەن ئیجار دەیدانیٚ زۆر جارریٚك دەکەوت کاروانچی پارەی پیٚ نەئەبوو کە پارەی باجەکە بدات. باجگر بەبارمتە (خەنجەرو تەزبیحەکەی) یان کلاووجامانە کەی یان مشکی یەکەی یان پەستەکەی یان گوریسەکەی لیٚ دەسەند تا بارەکەیان دەفرۆشت و لەوسەر دەگەڕانەوە. پارەکەیان دەدایەو شتەکانیان لیٚ وەردەگرتەوە، زۆر جاریش ریٚدەکەوت لەسەر ئەم بەزمورەزمە کە کاروانچیەکان زۆر دەبوون بەچاکی باجگریان دەکوتا .

ریٚگای کاروانچی و ئەوناوچانەی لیٚوەی دەهاتن و شویٚنی باجگرەکان و ناوەکانیان کە ئەو کاتە باجگربوون :

| | | |
|---|---|---|
| ١ – مەڵکەندی (لەگۆیژەوە) | شاربازێر | مەلامەحموود |
| ٢ – گۆیژە (لەصابونکەرانەوە) | شاربازێر | عەلی حەمەسوور |
| ٣ – سەرکاریٚز | شارەزوور | مەلای کوردە |
| ٤ – دەرگەزیٚن (لەکانی دۆمانەوە) | قەرەداخ | مەلاحسیٚن ئابلاٚخی |
| ٥ – جولەکانو سەرشەقام | قەرەداخ | غەفورەڕەش |
| ٦ – بەرقەصابخانەکە شویٚنیماڵی (متصرف) | بازیانو ئابلاخ | قالەی مەلا |
| ٧ – کانیٚسکان (لەبازەبچکۆلەوە) | سورداش و دوکان | عەلی حەمەرەش |
| ٨ – کاریٚزی مەجیدبەگ (لەئەزمڕەوە) | شاربازێڕو سیوەیل | حەسەنی ئەحەی صۆفی |

سەرچاوەی ئەم بەشە

١ – حەمە ڕەشید میرزا صالح کە خۆی ئیجاری ساڵانەی باجەکەی لەبەلەدی‌یە گرتبوو لە ساڵی ١٩٣٢ بەدەستیەوە بوو تا ساڵی ١٩٥٠ کە لەم ساڵەدا لەلایەن میری یەوە بڕیار دراباج هەڵگیرێ لە سەر هەمووی .

٢ – حاجی شێخ لەتیفی عەلاف : کە لە عەلافە کۆنەکانی سلێمانی‌یەو وەلەو قۆڵانەوە لادێ‌یی‌یەکان ڕزقیان بۆ دەهێنا .

دیسان عەلافەکانیش باجیان دەدا هی ئەو بلرانەی‌کە بۆیان دەهات لەگەنم و جۆو چەڵتووك‌و نیسك‌و ونۆك بەگۆترە بۆیان حساب دەکردن وە پسووڵەشیان لە قۆڵچیێەکان وەر دەگرت . ئەوانیش پسووڵەیان دەدا بەکریار کە دەیانبرد بۆ ئاش دەبوایە ئەو پسووڵەیەیان پێ بوایە .

نرخی ڕزق‌و میوەهات لە ساڵی ١٩٤٠ – ١٩٥٠ز

| جۆری | بار هۆقە | نرخی سەرەتای ساڵی ١٩٤٠ | | نرخی لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٠ | |
|---|---|---|---|---|---|
| رزق ومیوەهات | باتمان | فلس | دینار | فلس | دینار |
| دار | باری کەرەکی | ١٥٠ | – | ١٥٠ | – |
| دار | باری هێستری | ٣٠٠ | – | ٤٥٠ | – |
| خەڵوز | باری کەرەکی | ٣٠٠ | – | ٤٥٠ | – |
| خەڵوز | باری هێستری | ٤٥٠ | – | ٦٠٠ | – |
| کا | باری کەرەکی | ١٥٠ | – | ٢٠٠ | – |
| کا | باری هێستری | ٣٠٠ | – | ٤٠٠ | – |
| سپیداربۆدارەڕا بارێك | چوار دانە | ... | ١ | ٥٠٠ | ١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| داری کۆڵەکە | بـــــــارێك | | | | |
| | دووکۆڵەکە | ٤٠٠ | — | ٥٠٠ | — |
| داری بەرچیغ | بارێك دە دانە | ٦٠٠ | — | ٠٠٠ | ١ |
| کاڵەك | بارێك | ٥٠٠ | — | ٧٥٠ | — |
| شووتی | بارێك | ٥٠٠ | — | ٧٥٠ | — |
| ترۆزی | بارێك | ٤٠٠ | — | ٦٠٠ | |
| خەیار | بارێك | ٧٠٠ | — | ٠٠٠ | ١ |
| ترێ | بارێك دووتا | ٤٠٠ | — | ٠٠٠ | ١ |
| هەڵووژە | بارێك دووتا | ٦٠٠ | — | ٨٠٠ | — |
| هەرمێ | بارێك دووتا | ٧٠٠ | — | ٠٠٠ | ١ |
| قەیسی | بارێك دووتا | ٧٠٠ | — | ٠٠ | ١ |
| هەنجیر | بارێك دووتا | ٤٠٠ | — | ٥٠٠ | — |
| سێو | بارێك دووتا | ٤٠٠ | — | ٦٠٠ | — |
| هەنار | فەردەیەك | ٥٠٠ | — | ٧٠٠ | — |
| تەماتە | بارێك دووتا | ٣٠٠ | — | ٥٠٠ | — |
| بامیە | هۆقەیەك | ٤٠ | — | ٥٠ | — |
| بادام | باتمانێك | ٦٠٠ | — | ٩٠٠ | — |
| گوێز | ١٠٠٠ دانە | ٤٠٠ | — | ٥٠٠ | — |
| مێوژە ڕەشکەو سورکە | باتمانێك | ٤٠٠ | — | ٦٠٠ | — |
| باسوق | باتمانێك | ٦٠٠ | — | ٨٠٠ | — |
| سنجوق | باتمانێك | ٨٠٠ | — | ٠٠٠ | ١ |
| هەنجیری وشك | مەشکاڵەیەك | ٢٥٠ | ١ | ٥٠٠ | ١ |
| قەیسی وشك | باتمانێك | ٨٠٠ | — | ٢٠٠ | ١ |
| کشمیش | باتمانێك | ٨٠٠ | — | ٢٠٠ | ١ |
| ترش | باتمانێك | ٤٠٠ | — | ٦٠٠ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆن | هۆقەیەك | ٢٢٥ | – | ٤٠٠ |
| پیاز | باتمانیك | ٣٠٠ | – | ٥٠٠ |
| گەنم | ڕبەیەك | ١٠٠ | – | ٥٠٠ |
| جۆ | ڕبەیەك | ٣٠ | – | ٢٥٠ |
| برنج | ڕبەیەك | ٣٠٠ | – | ٣٧٥ |
| نیسك | ڕبەیەك | ٧٥ | – | ٢٢٥ |
| نۆك | ڕبەیەك | ١٥٠ | – | ٣٠٠ |
| ماش | ڕبەیەك | ١٠٠ | – | ٢٥٠ |
| فروج | دانەیەك | ٢٠ | – | ٤٠ |
| مریشك و | | ٥٠ | – | ٧٠ |
| كەڵەشێر | دانەیەك | ٥٠ | – | ٧٠ |
| هێلکە | دانەیەك | ٠٠٢ | – | ٠٠٢ |
| قەلەموون | دانەیەك | ٣٠٠ | – | ٥٠٠ |
| ماست | مەنجەڵێك | ٥٠ | | ١٠٠ |
| پەنیر | هوقەیەك | ١٥٠ | | ٢٠٠ |

تێ بینی :

لەساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٤٠ ڕزق و میوەهات زۆر لەونرخانەی سەرەوە هەرزانتربوون .

# مەلاکانمان (١)

ئەو شارە تازەیە هەر لەسەرەتاوە بوو بە مەڵبەندی زانست. پاشای بابان دەربەستی ئەوە بوو کە لە هەموو کونجێکی کوردستانەوە مەلای بە تواناو زاناو لێهاتوو و فەقێی زیرەك بەرەو شارەکەی بێنیٚو هەموو ئەرکی ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ بەجێ بێنێ.؟

مزگەوتی گەورە دانشگایەکی گەورەی ئەو سەر دەمەبوو شێخی نۆدێ دامەزرێنەری ئەو دانشگایە بوو هەر لەوێش‌دا زانای وەك موفتی زەهاوی‌و حاجی کاك ئەحمەدو مەولانا خالید پێگەیشتن کە مەشخەڵی نووری زانستیان لە زۆر وڵاتان‌دا هەڵگرت.

روناکیی مەشخەڵی زانستی سلێمانی هەر بۆ شاری سلێمانی نەبوو بەڵکوزۆر ناوچەی تری وڵاتی گرتەوە.

لەبەرئەوە لێرەدا تەنیا ناوی ئەو زانایانە نەبراوە کە لەشاری سلێمانی‌دا ژیاون بەڵکو هەرکەس لە جەمسەرێکەوە پێوەندبی بەم بنکەی زانستەوە بووە، ناوی براوە. تەنیا بەناو بردنیش یادی ئەم مەشخەڵی زانستانە کراوەتەوە چونکە باس‌کردنیان کتێبێ تایبەتی بۆ تەرخانکردنی ئەوێت کەبەشێك لەوە لەهەندێ سەرچاوەی نیشانە بۆکراوا دەبینی.

(ع. م. ر)

(١) هەوڵدراوە ئەم ناوانە بەپێی تیپی هیجا رێك‌بخرێ، بەڵام هێشتا تێکەڵی تێدا ماوە. ریزکردنەوەی هەوڵێکی زۆری ئەویست. زیانی تێدا نی‌یە بەم جۆرە بمێنێتەوە.

١ - شێخ مارفی نۆدێ: ١١٧٥هـ ١٢٥٤هـ
٢ - کاك احمدی شێخ ١٢٠٨هـ ١٣٠٥هـ
٣ - مەلا احمدی چاومار ١٢٢٠هـ ١٢٨٨هـ
٤ - مەلا احمدی دێلێژەیی ١٢٥٠هـ ١٣١٨هـ
٥ - حاجی مەلا احمدی حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلیژەیی (فائز) ١٣١٥هـ-
١٣٩٠هـ
٦ - سید احمدی فائزی بەرزنجەیی ١٢٥٨هـ- ١٣٣٧هـ
٧ - مەلا احمدی ڕەش ١٣١٣هـ- ١٣٧٣هـ
٨ - شێخ اسماعیلی ولیانی ١٠٨١هـ- ١١٥٨هـ
٩ - حاجی شێخ ئەمینی خاڵ (١٢٦٠هـ - ١٣٥٠هـ)
١٠ - شێخ بابا علی تەکیەیی ١٢٧٥هـ- ١٣٥٩هـ
١١ - بابا شێخی قەرەداغی ١٢٦٠هـ-؟
١٢ - شێخ جلالی قەرەداغی ١٢٩٥هـ- ١٣٥٠هـ
١٣ - شیخ حسین المعی بەرزنجی ١١٨٠هـ- ١٢٥٠هـ
١٤ - شێخ حسینی قاضی ١٢٢٥هـ- ١٢٩٢هـ
١٥ - مەلا حسینی پیسکەندی ١٢٨٢هـ- ١٣٦٧هـ
١٦ - مەولانا خالیدی مکایلی نەقشبەندی ١١٩٣هـ- ١٢٤٢هـ
١٧ - مەلا ڕشید بەگی بابان ١٣٠٠هـ- ١٣٦٢هـ
١٨ - مەلا ڕەسووڵی تەلانی ١٣٣٠هـ - ١٣٨٥هـ.
١٩ - حاجی مەلا ڕەسووڵی حاجی دێلیژە ١٨٣٥ - ١٩٢٧/٨/٣١
٢٠ - مەلا سلێمانی ماوەتی
٢١ - مەلا صالحی ژاڵە ناوی ١٣٣٨هـ- ١٣٨٤هـ
٢٢ - مەلا عارفی چنگیانی ١٣٠٠هـ- ١٣٨٣هـ
٢٣ - شیخ عبد الرحیمی بەرزنجەیی
٢٤ - مەلا عبد العزیزی موفتی ١٢٨٨هـ- ١٣٦٦هـ
٢٥ - مەلا عبدالقادری کانی کەوەیی ١٢٨٠هـ ١٣٣٨هـ

٢٦ – مەلا عبدالقادری سوفی ی بانی خێلآن ١٢٩٠هـ – ١٣٦٣هـ
٢٧ – شێخ عبداللهی خرپانی ١١٥٩هـ – ١٢٥٤هـ
٢٨ – مەلا عثمانی کانی کەوەیی ١٢٢١هـ – ١٣٠٧هـ
٢٩ – شێخ عمری بەناوبانگ بە (ابن القرەداغی) ١٣٠٣هـ – ١٣٥٥هـ
٣٠ – محمد فەیزی زەهاوی ١٢٠٨هـ – ١٣٠٨هـ
٣١ – مەلا محەممەدی مەلا عوسمانی باڵخی (مەحوی) ١٢٤٦هـ – ١٣٢٤هـ.
٣٢ – مەلا محمدی خاکی ١٢٧٠هـ – ١٣٢٣هـ
٣٣ – مەلا محمدی رئیس ١٣٢٥هـ – ١٣٩٩هـ
٣٤ – مەلا محمدی امین موفتی ١٢٥٠هـ – ١٣١٥هـ
٣٥ – مەلا محەمەد سەعیدی دێلێژە ١٣٠٤هـ – ١٣٦٥هـ.
٣٦ – شێخ محمد امینی قەرەداخی ١٢٥٠هـ – ١٣١٥هـ
٣٧ – مەلامحمدامین بالیکدەری ١٢٧٠هـ – ١٣٣٠هـ
٣٨ – شێخ محمودی گڵەزەردەیی بەرزنجەیی (نەقیب) ١٢٠٠هـ – ١٢٧٥هـ
٣٩ – مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕسول (سەفوەت) ١٣٢٤هـ – ١٩٦٣/١٢/٩
٤٠ – شێخ مارفی نیرگسە جاری ١٢٨٠هـ – ١٣٣١هـ
٤١ – شێخ نەجیبی قەرەداخی ١٢٨٣هـ – ١٣٥١هـ
٤٢ – شێخ نوری شێخ باباعلی ١٣٠٥هـ – ١٣٨٧هـ[١]

سەرچاوە :
١ – محمد امین زکی
٢ – محمد القزلجی
٣ – مەلاعبدالکریم المدرس

# باخچەی نووسەرانو شاعیران

ئەم شارە لەرێرەوی دامەزراندنو پەرەسەندنو پێداچەسپاندنی خۆیدا لە کۆری شارستانێتیو پێشرەویدا کۆمەڵێکی زۆر لە نووسەرو شاعیری باشی بۆ مێژوو هێشتۆتەوە ئەگەر هە رناویان تومار بکەین ئەوا هەرساڵێکی بوونو مێژووی شار دەیان شاعیرو نووسەری گەورەو ئاسایی بەر دەکەوێ.

بۆ دەوری بابانو دامەزراندنی شارو ماوەیەکیش لە سالآنی رژێمی عوسمانی هەموو مەلاو زاناکان شاعیرو نووسەربوون یا هەموو شاعیرو نووسەرەکان مەلاو زانا بوون. بۆ پاش ئەو دەورەش مزگەوت لە بەخشینی شاعیرو نووسەر نەکەوتو قوتابخانەی تازەش گەلێك بلیمەتی بەخشیو مەڵبەندێکی وەکو زانستی وایکردکە زۆر (لە نەخوێندەواران بچنە ریزی شاعیران).

نووسەر دەیویست لە سەر هەر نووسەرو شاعیرە چەند دێرێك بنووسێ، بەلاّم تەنیا ئەوە دەبێ بە بەرگی کتێبێك تەنانەت بۆ ناوو ساڵ تۆمارکردنیش هەر دەست بۆ هەڵبژاردەیەك برا و ناوو دەستکەوتوو لە ساڵی لە دایك بوونو مردنیان تۆمارکراو باخچەیەکی تری شاعیرانو نووسەرانی سلیمانی لێرەدا رازێنرایەوە (ع . م . ر)

نالی – مەلا خدر ۱۷۹۷ – ۱۸۵۵
سالم – عەبدورەحمان بەگ ۱۸۰۰م – ۱۸٦٦م
کوردی – مستەفا بەگ ۱۸۰۹ – ۱۸٤۹
مەولانا خالید ۱۱۹۳ – ١٤ی زیلقەعیدەی ۱۲٤۲هـ لەشام کۆچی دوایی کردووە

مەلاعەبدوڵلای بێتووشی ١١٦٠هـ – ١٢٢١هـ
شێخ عەبدولسەمیعی بەرزنجی ١٢١٥هـ – ١٨٣٨م لەحەڵەب نێژراوە
شێخ محەمەدی بەرزنجی ١٠٤٠هـ – ١١٠٣ هـ لەمەدینەمردووە
شێخ مارفی نۆدێ ١١٧٥هـ – ١٢٥٤هـ
حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ١٢٠٧هـ – ١٣٠٥هـ
شێخ محەمەد بەهادینی تەوێڵە ١٢٣٥هـ – ١٢٨٩هـ
شێخ عومەر زیائەدینی تەوێڵە ١٢٥٥هـ – ١٣١٨هـ
مەحوی ١٨٣٠م – ١٩٠٤م
ئەحمەد فائیزی بەرزنجی ١٢٥٨هـ – ١٩١٨م
سەید ئەحمەدی نەقیب ١٢٨٠هـ – ١٣٢٧هـ لەحەج مردووە
حاجی مەلا ئەحمەدی دێلێژە ١٢٥٠ – ١٣١٨هـ
شێخ حەسەنی گڵەزەردە – ١١٧٥هـ
شێخ حسێنی قازی ١٧٩٠ – ١٨٧٠
خەستە
حەسەن کەنۆش سەدەی‌چواردەهەمی هیجری
خەلیل خالید پاشای بابان ؟ – ١٣١٧هـ
ڕەسووڵ مەستی ئەفەندی ١٨٢٣م – ١٩٠٨م
محەمەد فەیزیی زەهاوی ١٢٠٨هـ – ١٣٠٨هـ
جەمیل سدقیی زەهاوی ١٨٦٣م – ١٩٣٩م
عەبدولغەنیی زەهاوی ١٢٢٧هـ – ١٣٢٣هـ.
سلێمان یومنی ١٢١٧هـ – ؟
مەلا ساڵحی حەریق ١٨٥١م – ١٩٠٧م
ساڵح ئەفەندیی ئاهی ١٨٧٥م – ؟
مەولەوی ١٢٢٥هـ – ١٣٠٠هـ
شێخ عەبدوڕەحمانی قەرەداخی ١٢٥٣هـ – ١٣٣٥هـ
تایەر بەگی جاف ١٢٩٥هـ – ١٩٢٧م

عەبدوڵڵا حەسەنی مکایلی
محەمەد رەئفەت ئەفەندی: لەسلێمانی لە دایك‌بووە لەئەستەمووڵ مردووە
شێخ عیسامەدینی عەودالان ١٢٨٥هـ - ١٩٣٢م
خاکی - مەلا محەمەد ١٢٦١هـ - ١٣٢٢هـ
حەما ئاغای دەربەندفەقەرە
شێخ محیەدینی گلەزەردە لەسەرەتای جەنگی یەکەمدا لەکەرکووك مردووە
شێخ مستەفای بابە ڕەسوولی بەرزنجی‌ یی ١٢٣٥هـ - ١٣٠٢هـ
وەلی دێوانە
غەریق
مەلا عوسمان (فائق) ١٢٤٠هـ - ١٣٠٧هـ
عاسی مەلامستەفای تەلانی ١٣١٠هـ - ؟
عەلی‌ی بەردەشانی
فەتحی مەلا ئەوڕەحمان لە ١٣٢٢ دا لە ژیاندا بووە
هائیم میرزا محەمەد عەبدوڕەحیم ؟ ١٣٢٠هـ
مەلا ئەحمەدی قەسرەت ١٨٦٠م - ١٩٣٢م
میرزا غەفووری حاجی هۆمەر ١٢٨٧ - ١٩٣٨م
میرزا مارف ١٣١٣هـ - ١٩٥٦/٣/٢٩
زێوەر مەلا عەبدوڵڵا ١٨٧٥م - ١٩٤٨م
شێخ عومەری قەرەداخی ١٣٠٢هـ
حەمدی ١٢٩٥هـ - ١٩٣٦م
ئەحمەد موختار جاف ١٨٩٦ - ١٩٣٥م
ئەمین فەیزی ١٨٦٠ - ١٩٢٩م
ئیسماعیل حەقی بابان ؟ - ١٣٢٩هـ
مەلا عەزیزی موفتی ١٢٨٨هـ - ١٣٦٦هـ
پیرەمێرد ١٨٦٧م - ١٩٥٠م
عەونی حاجی گوورروون ١٣٠٣هـ - ١٩٤٤م

سلیان بەگی عەبدوڵلاً بەگ ١٢٦٠هـ - ١٣٣٥هـ
موخلیس - شێخ مستەفای شێخ عەبدولسەمەدی قازی ؟ - ١٩١٥
زەلیل - مەلامحەمەدی مەلاعەلی
رەئوف سائیب کوری مەلا ئەحمەد
عارف سائیب کوری مەلا ئەحمەد ١٣٠٧ هـ - ١٣٣٥ هـ
نووربەخشی شێخ مەحموودی نەمر ١٢٩٨هـ - ١٩٥٦/١٠/٩
شێخ حسین ئەلمەعی لەخێوەتەی بازیان کۆچی دووایی کردووە
دکتۆر حسین ئەفەندیی بابەجان ١٢٦٨هـ - ١٣٤٠هـ
مەلا سەعدیی مەلا مووسا ١٢٩٨هـ - ١٩١٨م (لەگوندی پیسکەندی بە گرانەتامردووە)
شێخ سەعیدی حەفید ١٢٦١ - ١٣٢٦ شەهید کراوە
ناتیق : مەلا کەریم ١٨٦٨ - ١٩٦٧
شێخ حەمە ئەمینی شێخ عەبدڵلاً ١٨٨٥ - ١٩٥٠
کۆشکی : مەلا شاوەیس -- ١٣٠٠هـ
حیکمەت مەلا محەمەد ئەمینی سەر گەڵوویی ١٣١٠هـ - ؟
بیمار - میرزا مووسا: خەڵکی زەردیاوای قەرەداغ بووە
میرزا غەریب کوری مرادئاغا ؟ - ١٣٢٢هـ
مەلا سیبغەتوڵلای حەیدەری ١٢٧١ - ١٣٤٠هـ
(لە بنەماڵەی حەیدەریی ماوەرانە لە گردی جۆگەی سلیانی نێژراوە)
ئامینەخانی سەردار، کچی قادربەگی کەیخوسرەو بەگی جاف و خێرانی بارام‌بەگ بوو سەرداری کیژانی جاف بووە
سابیری : شاعیری کەرکووك، لە سلیانی خوێندوویەتی.
موخلیس : حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژە ١٨٣٥م - ١٩٢٧م
موفتی مەلا عەبدو ڵلای پێنجوین لە بێستانە لە ١٨٨١م دالە دایك بووە ساڵی ١٩٥٢ لە سلیانی مردووە
ڕمزیی مەلا مارف ١٩٠٢ - ١٨ - ٧ - ١٩٧٦

بێخود ١٢٩٨هـ - ١٩٥٥
سەلام: شێخ سەلامی شێخ ئەحمەدی عازەبانی ١٣١٠هـ - ١٩٥٩/٣/٣
مەحموودت جەودەت ١٨٨٩م - ١٩٣٧م
جەمال عیرفان ؟ ١٩٢٣/١٢/٢٣
سەعید فەوزی کوری قادرئاغای قاسمە لەبنەماڵەی ئاغا تەهای دەرگەزێنی سلیمانی‌یە
عورفی: عارف مەحموودی شێخ نەسروڵڵای قازی ١٨٩٦م - ١ - ١ - ١٩٦١
مەزلووم سەید ئەحمەدی سەید محەممەدی بەرزنجەیی ١٩٢٠ - ٩ - ٨ - ١٩٥٥
بەختیار زێوەر ١٩١٢ - ٣٠ - ١ - ١٩٥٢
وافی: مستەفای مەلاعەلیی غەفووری مەلا خەدر ؟ - ١٩٣٢
ساڵح زەکیی ساحێبقران ١٨٨٦هـ - ٣ - ١٢ - ١٩٤٤
مایل: مەلارشیدی لاوە ؟ - ١٣٢٠هـ
شەهید مەلا شەریف قوتابیی مەولانا خالید بووە
مەلا حەمدوون (حەمدی) ی‌کوێر ١٨٥٢م - ١٩١٨م
رەنجووری: مەلا عومەر لەدەوری ئەحمەد پاشای دووا حوکمرانی باباندا ژیاوە
ئەحمەد فایق (فایەقی تاپۆ) ؟ - ١٩٥٣
محەمەد وەفا ؟ - ١٩٥٩
فایز: مەلائەحمەدی حاجی مەلا رەسووڵی دێلێژە ١٨٩٢ - ١٩٧٠
سەفوەت: مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسووڵی دێلێژە ١٣٢٤هـ - ٩ - ١٢ - ١٩٦٣
حاجی مستەفا پاشا ١٢٨١ رۆمی - ١٩٣٦
ئاری: نەجمەدینی حاجی مەلا رەسووڵی دێلێژە ١٩١٠: ٣ - ١١ - ٩٦٨
فەیزی: مەلا محەمەدی حاجی مەلا رەسووڵی دێلێژە ١٨٩٠ - ١٩٢٣
شێخ رەسووڵی بیدەنی ١٣٠٣هـ - ١٣٦٦هـ
شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەد برنە ١٣٠٣هـ - ١٣٦١هـ
زاهیر: مەلائەحمەدی دێلێژە ١٢٥٠هـ - ١٣١٨هـ
مەعسووم (عاسی) مەلا محەمەد ئەمینی دێلێژە
شێخ نەجیبی قەرەداغ ١٢٨٣هـ - ١٣٥١هـ

شێخ نووری بابه عەلی ١٣٠٥هـ - ١٢ - ٣ - ١٩٥٦
ناجی: مەحموودی ناوبووە خەڵکی قەرەداغ بووە
فانی: مەلا حەسەنی ئابلاخ ؟ - ١٩٤٠م
فانی: مەمەند ئاغای رەسووڵ ئاغا : ١٩١٠ - ٣-٤-١-١٩٧٣
شاهۆ: مەلا حەسەنی قازی: ١٨٨٢ - ٢٣ - ٦ - ١٩٧١
شەکیب: مەلا فەرەج.
عەبدورەحمان بەگی بابان (نفووس)
حاجی باقی (بەنگینه) ١٩٠٨ - ١٥ - ٩ - ١٩٧٢
ئەخۆل ئەحمەد دەروێش ١٩١١
شێخ مستەفای شێخ نەجیبی قەرەداخ
محەمەد عەلی مەدهۆش ١٩١٩
نووریی کاکە حەمە ١٩٢٣
محەمەد شێخ حسین بەرزنجەیی (ع . ح . ب) ١٩٢٣ لە بەرزنجە لە دایك بووە
عەلی عەبدوڵلا شەونم ١٩٢٥ لەهەڵەبجە لەدایك بووە
عەلیی عارف ئاغا ١٩٠٩
کاردۆخی : شێخ محەمەد ئەمینی بیارەیی : ٢٥ - ٣-١٩١٦ - ١٩٨٣
حەسیب قەرەداخی ١٩٣١ لەسۆڵەی چرچەقەلا لەدایك بووە
حسین ناظم ١٨٧٢ - ١٩٣٢
محەمەد ئەمین زەکی ١٨٨٠ - ١٩٤٩
ساڵح قەفتان ١٨٨٣ - ١٩٦٨
تۆفیق وەهبی ١٨٨٨ - ١٩٨٤
رەشید نەجیب
رەفیق حیلمی ١٨٩٨ - ١٩٦٠ لەکەرکووك لە دایك بووە
مستەفا سائیب
عەبدولواحید نووری ١٩٠٣ - ٥ - ٧ - ١٩٤٤
عەبدوڵلا گوران ١٩٠٤ - ١٨ - ١١ - ١٩٦٢ لەهەڵەبجە لەدایك بووە

عەلیی باپیرئاغا (کەمالی) ١٨٨٦ - ٢٩ - ١١ - ١٩٧٤
نووریی شێخ ساڵح ١٨٩٦ - ١٩٥٨
بێکەس : فایەق ١٩٠٥ - ١٩٤٨
نەجمەدین مەلا ١٩٠٢م - ١٩٦٢
ئەحمەد خواجە ١٩٠٣
هەوری: ئەبووبەکر ١٩١٥ - ٨ - ٤ - ١٩٧٩ لە دێی چنارەلای دەربەندی خان
لە دایك بووە
ئیبراهیم ئەحمەد ١٩١٢
شاکیر فەتتاح ١٩١٢
مەلامحەمەدی کوردی ١٩٠٩
مەحمود ئەحمەد ١٩١٥ - ١٧ - ٩ - ١٩٦١
محەمەد سەعید ناکام ١٩١٧ - لەمەهاباد لە دایك بووە
ئەحمەد هەردی ١٩٢٢
رەفیق چالاك ١٩٢٥ - ٣١ - ١١ - ١٩٧٣
موحەڕەم محەمەد ئەمین ١٩٢١ - ٢٣ - ٧ - ١٩٨٠
کەریم زەند ١٩٢٥
عەبدوڵڵا جەوهەر ١٩٢٠ - ١ - ٦ - ١٩٨٢ لەدێی مێوڵیی قەرەداخ لەدایكبووە
عومەر عەبدورەحیم ١٩٢١
نووری عەلی ئەمین ١٩٢٢
عەبدوڵڵا شاڵی ١٩٢٤
حەمە ساڵح دیلان ١٩٢٧
کامەران موکری ١٩٢٩ ز - ٦/٧ /١٢/ ١٩٨٦
کاکەی فەللاح ١٩٢٨
جەمال بابان ١٩٢٧
غەفوور ڕەشید داراغا ١٩٢٣ - ٢ - ١٢ - ١٩٧٦
ئەحمەد غەفوور ١٩٢٧ - ١٩٨١

غەفوور میرزا کەریم ١٩٢٨
کەمال جەلال غەریب ١٩٢٩
جەمال نەبەز ١٩٣١
محەمەد مەلا کەریم ١٩٣١ لەبیارە لەدایك بووە
عیزەدین مستەفا رەسووڵ (دوکتۆر) ١٩٣٤
مستەفا ساڵح کەریم ١٩٣٣
عەبدوڵڵا میدیا ١٩٣١
عەبدوڵڵا ئەژدەر ١٩٣٢
جەمال شاڵی ١٩٣١
نووری وەشتی ١٩٣٢
ئەمین میرزا کەریم ١٩٣٣ - ١٩٨٤
فەرەیدون عەلی ئەمین ١٩٣٤
کامیل ژیر ١٩٣٤
تاها بابان ١٩٣٣
شێرکۆ بێکەس ١٩٤٠
فەتتاح کەریم کاوە ١٩٤١
رەئوف بێگەرد ١٩٤٢ لەکەرکووك لەدایك بووە
عومەر کەریم عەزیز ١٩٢٤ - ١٩٧٦
فوئاد عیزەت ١٩٣٠
محەمەد قودسی ١٩٢٢ لەقودس لەدایك بووە لە ١٩ - ٦ - ١٩٤٧دا بەدارا کراوە
ئەحمەدی عەزیز ئاغا
قادر برسی ١٩٣٤
هۆگر گۆران ١٩٣٤
سەبریە نووری خەفاف (دایکی سۆلاف) ١٧ - ١٢ - ٩٢٨
جەمال شاربازێری ١٩٤١ لەگوندی واژەی شاربازێر لە دایك بووە
ساڵح هەژار لەهەڵەبجە لەدایك بووەو مردووە

سەلام مەفی، ئەحمەد شوکری، عومەر عارف ١٩٢٣ ـ ١٩٨٦/١٢/٢٣، عومەر عەلی ئەمین، محەمەد ساڵح سەعید، محەمەد نووری توفێق، محەمەد ئەمین مەنگووڕی، محەمەد عەلی وریا، شێخ محەمەدی خاڵ ١٩٠٤، محەمەد فیدا، شێخ جەعفەر بەرزنجی ( ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە).

عەبدوڵڵا کوردی ١٩٣٠/٨/١٩.

(زیادەی چاپی دووەم ـ ئەوانەی بەداخەوە لەبیر چوون):

مەلا ئەسعەدی مەحوی شاعیر ١٨٩٨ ـ ١٩٧٦/٤/٢٥ شێخ ئەحمەد ئەمین شاعیر بەڕێوەبەری قوتابخانانەی لەتیفیە.

١٨٩٠ ـ ١٩٥٥، مەلا حامیدی مەلا حەمدوون (زەکی) شاعیر ١٨٩٦ ـ ١٩٧٦/١/٣، شێخ ئەحمەدی شێخ عەلی (فەوزی)، مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا ١٨٨٤ ١٩٦١/٥/١٠، جەمیل سائیب، شێخ لەتیفی حەفید ١٩١٧ ـ ١٩٧٢/٥/٢، ئیسماعیل شاوەیس، محەمەد رەسووڵ هاوار، حەمەبۆ( هۆشەنگ)، حسێن عارف، سساجید ئاوارە، محەمەد کەریم فەتحڵلا، د. ئیحسان فوئاد، حەسەنی شێخ حەمە مارف، عەلی عیرفان، فازیل عیرفان، مەحموود زێوەر، حەمە سەعید بەگ (هەژار)، عەبدولڕەحمان موفق (شێرۆ)، عەبدولقادر حیشمەت، عەبدولقادر قەزاز، عەبدولقادر خەفاق، فایەق کاکەمین، جەمال خەفاق، مەحوود فەهمیی هەمەوەند، عوسمان عوزێری، ماجید عەبدوڵا، مستەفا قەرەداخی (سالار)، عەبدولکەریم ڕەباتی، جیهان عومەر، کەمال محەمەد تاهیر، تاهیر ساڵح سەعید، عەلی ناجی عەتتار، د. کاوس قەفتان، د. کەمال مەزهەر، جەلال مەحموود عەلی، عەبدولکەریم باراوی، ڕەئوف شێخ عارف.

سەرچاوە:ـ مێژووی ئەدەبی کوردیی عەلائەدین سوجادی، ڕۆژنامەکانی ژین ١٩٥٣/١٩٦٣، کاکەی فەللاح، کۆکراوەکانی ئومێد کاکە ڕەش.

# شاعیرو نووسەر



حاجی توفیق (پیرە مێرد)

۱۸٦۷ز - ۱۹۵۰ ز کۆچی دوایی کردوە



ئەمین فەیزی بەگ

۱۸٦۰ز - ۱۹۲۹ز کۆچی دوایی کردوە



زێوەر ئەفەندی

۱۸۷۵ز - ۱۹٤۸ز کۆچی دوایی کردوە



ئەحمەد بەگی ساحیبقران (حەمدی)

١٨٧٦ز - ٩٣٦/ز کۆچی دوایی کردوە



ئەمین زەکی بەگ

١٨٨٠ز - ١٩٤٩ز کۆچی دوایی کردوە



شێخ نوری شێخ ساڵح

١٨٩٦ز - ١٩٥٨ز کۆچی دوایی کردوە



رەفیق حیلمی

١٨٩٨ - ١٩٦٠/٨/٤/



گۆران

١٩٠٤ز - ١٩٦٢ز کۆچی دوایی کردوه





فایق بێکەس

ئەحمەد موختار جاف

# فەرماندار (حاكم و موتەسەریفەكانی) سلێمانی لە دروستكردنیەوە تا ١٩٦٠

لەپەرتوكە چاپ نەكراوەكەی جەمال بابان (مێژووی) شاری سلێمانیەوە وەرگیراوە كە ئەویش لە (تەئریخی سلێمانیی) ی مێژووناسی مەزنی كورد خوالێ خۆشبوو ئەمین زەكی بەگی نەمر وەرگیراوە لەگەڵ كتیبەكەی (ریچ) وەهەندێ سەرچاوەی ترەوە وەریگرتوە ..

| ساڵی میلادی | درێژایی مانگ | حوكم ساڵ | ناوی حاكم یاخود موتەسەریف |
|---|---|---|---|
| ١٧٨٤ | – | – | ئیبراهیم پاشا كوری ئەحمەد پاشای بابان دروستكەری شاری سلێمانی |
| ١٧٨٦ | – | ٢ | عوسمان پاشا كوری مەحموود پاشای بابان |
| ١٧٨٧ | – | ١ | ئیبراهیم پاشا دیسانەوە |
| ١٧٨٩ | – | ٨ | عەبدەولرەحمان پاشای مەحموود پاشای بابان |
| ١٧٩٧ | – | ٥ | ئیبراهیم پاشا دیسانەوە |
| ١٨٠٢ | – | ٢ | ئەورەحمان پاشا دیسانەوە |
| ١٨٠٢ | – | – | عەلی پاشا |
| ١٨٠٣ | – | ١ | عەبدولرەحمان پاشا دیسانەوە |
| ١٨٠٤ | – | ١ | خالد پاشای بابان |
| ١٨٠٤ | – | – | عەبدولرەحمان پاشا دیسانەوە |
| ١٨٠٨ | – | ٣ | سلێمان پاشا كوری ئیبراهیم پاشا |
| ١٨١١ | – | ٢ | عەبدولرەحمان پاشا دیسانەوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨١٣ | — | ١ | مەحموود پاشای کوری ئەورەحمان پاشا |
| ١٨١٤ | — | — | عەبدوڵلا پاشای بابان |
| ؟ | ؟ | ؟ | مەحموود پاشا دیسانەوە |
| ١٨٢١ | — | ٢ | عەبدوڵلا پاشا دیسانەوە |
| ١٨٢٣ | — | ١ | مەحموود پاشا دیسانەوە |
| ١٨٢٤ | — | ٢ | موحەممەد پاشای کوری خالید پاشا |
| ١٨٢٧ | — | ١ | مەحموود پاشا دیسانەوە |
| ١٨٢٨ | — | — | سلێمان پاشای بابان برای مەحموود پاشا |
| ؟ | ؟ | ؟ | مەحموود پاشا دیسانەوە |
| ؟ | ؟ | ؟ | سلێمان پاشا دیسانەوە |
| ١٨٢٩ | | | مەحموود پاشا دیسانەوە |
| | — | ٤ | سلێمان پاشا دیسانەوە |
| ١٨٣٧ | ؟ | ؟ | ئەحمەد پاشای بابان کوری سلێمان پاشا |
| ؟ | ؟ | ؟ | مەحموود پاشا دیسانەوە |
| ١٨٤١، ١٨٤٣ | — | ٢ | ئەحمەد پاشا دیسانەوە |
| | | | کوژاندنەوەی حوکمی بابانەکان |
| | | | عەبدوڵلا پاشای بابان |
| | | | قادرپاشای بابان بەقائمقامی |
| ١٨٥٠ | | | عەبدوڵلا پاشا دیسانەوە |
| | | | «حوکمی تورکەکان» |
| ١٨٥٠ | — | — | ئیسماعیل پاشا |
| ؟ | ؟ | ؟ | نووری پاشا |
| ؟ | ؟ | ؟ | مەزهەر پاشا |
| ١٨٧٠، ١٨٧٤ | — | ٤ | ئیبراهیم پاشا ماردینی |
| ؟ | ؟ | ؟ | ئەشرەف پاشا |
| ؟ | ؟ | ؟ | مەزهەر دیسانەوە |
| ؟ | ؟ | ؟ | ئیبراهیم پاشا دیسانەوە |
| ١٨٧٧ | ؟ | ؟ | ثابت پاشا |
| | | | زێوەر پاشا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨٧٩، ١٨٨٥ | – | ٦ | عالم پاشا |
| | | | رؤوف پاشا |
| ١٨٨٦ | – | ١ | طاهر پاشا |
| ١٨٨٧ | – | ١ | بەهرام‌پاشای دیاربەکری |
| ١٨٨٨ | – | ١ | عەلی رەضا پاشای ئەرضرومی |
| ١٨٨٩، ١٨٩٢ | – | ٣ | میرلوا راسم پاشا |
| ١٨٩٢ | – | ١ | عەبدولرەحمان پاشا |
| ١٨٩٢، ١٨٩٣ | – | ١ | صالح پاشای کەرکوکی |
| ١٨٩٤–١٨٩٥ | – | ١ | رەفعەت بەگ |
| ١٨٩٥–١٨٩٦ | – | ١ | غالب پاشا |
| ١٨٩٧ | – | ١ | عەبدوللا پاشای دیرەلی |
| ١٨٩٨–١٨٩٩ | – | ١ | ئەلیاس سامی‌بەگ |
| ١٩٠٠–١٩٠١ | – | ١ | صالح سالم پاشا |
| ١٩٠٢ | – | ١ | جەمال بەگ |
| ١٩٠٣ | – | ١ | صالح وەصفی ئەفەندی |
| ١٩٠٤–١٩٠٥ | – | ١ | توفیق پاشا |
| ١٩٠٦ | – | ١ | ضیا پاشا |
| ١٩٠٧–١٩٠٨ | – | ١ | حسین بەگ |
| ١٩٠٩–١٩١١ | – | ٢ | بایز فەهمی بەگ |
| ١٩١٢–١٩١٤ | – | ٢ | شەوقی بەگ |
| ١٩١٤–١٩١٥ | – | ١ | مەقسوود بەگ |
| | | | عەلی رەزا بەگ |
| ١٩١٥ | | | حوکمی ئینگلیزو شێخ مەحموود |
| ١٩١٨ | | | |
| «تشرینی دووەم» | – | – | مێجەر نۆئێل |
| ١٩١٨ | ٧ | ١ | شێخ مەحموود جاری یەکەم |
| حزیرانی ١٩١٩ | | | |
| –مارت ١٩٢١ | ٨ | ١ | میجەر سۆن |
| نیسانی ١٩٢١ | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٢أيلول– تشرینی یەکەم ١٩٢٢–١٩٢٣ | ٥ | ١ | گوڵد سمیث |
| مارت مایسی ١٩٢٣ | ٥ | – | شێخ مەحموود جاری دووەم |
| ١٩٢٣تەمووز– تەمووزی ١٩٢٣ | ٢ | – | ئینگلیزەکان |
| –١٩٢٤حوزیران | – | ١ | شێخ مەحموود جاری سێهەم بەقاچاغی (حکومەتی خۆیی) |
| ١٩٢٥–٣–٧ | – | – | ئەحمەدبەگی توفیق بەگ |
| ١٩٢٧–٤–١٩ ١٩٣٠–٥–٩ | ١ | ٣ | ئەحمەدەفەنی هەولێری (احمد عثمان) |
| ١٩٣٠–٥–١١ ١٩٣٠–٨–٢٢ | ٣ | – | تۆفیق وەهبی |
| ١٩٣٠–٩–٢٨ ١٩٣٥–٤–٢٤ | ٨ | ٤ | ئەحمەد بەگی توفیق بەگ دیسانەوە |
| ١٩٣٥–٥–١ ١٩٣٦–٧–١٢ | ٢ | ١ | صالح زەکی صاحبقران |
| ٩٣٦–٧–٢٥ ١٩٣٧–٩–٣٠ | ٢ | ١ | ناجی هورمزی جێگر – وەکیل |
| ١٩٣٧–١٠–١ ١٩٣٩–٢–١٧ | ٤ | ١ | مەجید یەعقووبی |
| ١٩٤٠–٣–١٣ ١٩٤٠–٧–١ ١٩٤٠–٧–٨ | ٤ | – | حاجی ڕەمەزان |
| ١٩٤١–٥–٥ | ١٠ | – | حەمید عەبدول مەجید صەرصەر |
| ١٩٤١–٥–٥ ١٩٤١–٦–٢٧ | ٢ | – | حسین فەوزی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٨-٦-١٩٤١ | ٤ | ٢ | مستەفا قەرەداخی |
| ٢٣-١٠-١٩٤٣ | | | |
| ٣١-١٠-١٩٤٣ | ٣ | — | |
| ٥-٢-١٩٤٤ | | | رەفیق حەبیب |
| ١٢-٢-١٩٤٤ | ٦ | | |
| ٥-٨-١٩٤٤ | | | بەهادین نووری |
| ٧-٨-١٩٤٤ | ٨ | ١ | مەعروف جیاووك |
| ٣-٤-١٩٤٦ | | | |
| ١٨-٥-١٩٤٦ | ٢ | — | موسا شاكیر |
| ٢٧-٦-١٩٤٦ | | | |
| ١١-٨-١٩٤٦ | ٥ | ١ | حەسەن تاڵەبانی |
| ١٧-١-١٩٤٨ | | | |
| ١٩-١-١٩٤٨ | ٣ | — | سەید عەلی حیجازی |
| ١٣-٤-١٩٤٨ | | | |
| ١١-٥-١٩٤٨ | ٤ | — | جەمیل ڕەشید (جێگر) |
| ١٢-٩-١٩٤٨ | | | |
| ٢١-٩-١٩٤٨ | ٢ | — | داود سلمان (جێگر) |
| ٤-١١-١٩٤٨ | | | |
| ٥-١١-١٩٤٨ | — | | نەجمەدین صائب |
| ٢١-١١-١٩٥٠ | | | |
| ٢-١٢-١٩٥٠ | ٣ | ١ | جەلال خالید |
| ٣-٢-١٩٥٢ | | | |
| ٢٨-٢-١٩٥٢ | ٥ | ١ | موزاحیم ماهیر |
| ٢٠-٧-١٩٥٤ | | | |
| ٢٢-٧-١٩٥٤ | ٢ | — | شامیل یەعقووبی |
| ١٦-٩-١٩٥٤ | | | |
| ١٧-٩-١٩٥٤ | ٨ | ٢ | میرلیوا عومەرعەلی «جێگر» |
| ١٦-٥-١٩٥٧ | | | |

| | |
|---|---|
| ١٩٥٧-٥-١٨ | عبدالمطلب امين الهاشمی<br>له ژماره (١٣٩٥)ی ٢٩-٥-١٩٥٨ی<br>ڕۆژنامەی (ژین)ەوە |
| ١٩٥٨ | هادی رشید چاوشلی |
| ١٩٥٩ | عادل جلال |
| ١٩٦٠ | باقر الدجيلي |

●

موتەسەڕیف و شارەوانیەکان



حسین فەوزی

(موتەسەڕیف)



توفیق وەهبی

(موتەسەڕیف)



بەهادین نوری

(موتەسەڕیف)



حاجی ڕەمەزان

(موتەسەڕیف)



عومەر عەلی

(موتەسەڕیف)



ئەحمەد بەدی توفیق بەگ

(موتەسەڕیف)

# موفتی یەکانی سلێمانی

موفتی لەلایەن سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی یەوە فەرمانی بۆ دەرئەچوو و دادەنرا بەموفتی ئەو شارە وەموچەیان بۆ دەبڕایەوە. ئەم موفتی یانە هەموو زانای ئایینی بوون و لەناو خەڵكدا زۆر دەركەوتووبوونو ڕێزیان هەبووە . هەچ كۆسپێكی قانوونی یان ئایینی بهاتا یە ڕیی دادگاو شەرعەوە موفتی خۆی ڕێگای بۆ دادەنان وەهەچ بڕیارێكی دادگا دەر چوایە لەبابەت ئەو كۆسپە ئایینی یەوە دەبوایە بچووایە لای موفتی ، ئەو دەیتوانی بڕیاری لەسەربدات یاخود هەڵی وەشێنێتەوە بەتایبەتی بڕیاری خنكاندنی یەكێك دەربچوایە لە دادگا بەبێ ئیمزای موفتی جێبەجێ نەدەكرا وەهەر وەها موفتی بۆی هەبوو كە هەموو جۆرە فتوایەك بدات وەلەو موفتیانەی كە لە سلێمانی دا بوون توانیمان ناوی ئەمانەی خوارەوە تۆماربكەین كەیەك لەدوای یەك هاتوون :

١ – مەلا عەبدولرەحمانی نۆدشی : لە دەوروبەری ساڵی ١١٩٠ كۆچی لەدێی نۆدشەی ناوچەی هەورامان لەدایكبووە وەلە ساڵی ١٢٦٦ی كۆچی دا لە سلێمانی كۆچی دوایی كردووە. لەگردی سەیوان نێژراوە . ماوەی موفتی یەتیەكەی لەزەمانی ئەحمەد پاشای بابان دا بووە

٢ – حاجی مەلا ئەحمەد كوڕی مەلا عەبدو لرەحمانی نۆدشی لە ساڵی ١٢٢٧ی كۆچی لەدێی نۆدشە لەدایك بووە لەدوای كۆچ كردنی باوكی ئەم بووە بەموفتی سلێمانی لەساڵی ١٣٠٢ی كۆچی دا لەسنە كۆچی دوایی كردووە .

٣ – حاجی مەلا ئەحمەدی چاومار كوڕی مەلا مە حموودی پیرحەسەنی كە لە دەوروبەری ساڵی ١٢٢٠ی كۆچی لەدێی دێلێژەی ناوچەی قەرەداخ لەدایكبووە وە لە ساڵی ١٢٨٨ كۆچی لە حەج وەفاتی كردووە .

٤ – شێخ مستەفای بابا ڕەسووڵی بەرزنجی لە ساڵی ١٢٣٥ی کۆچی لەبەرزنجە لەدایك بووە وە لە ساڵی ١٣٠٢ کۆچی لە سلێمانی کۆچی دوایی کردوە لەگردی سەیوان نێژراوە .

٥ – شێخ محەممەدی شێخ عەلی‌ی شێخ بابا ڕەسووڵی بەرزنجی کە لە ساڵی ١٢٦٩ی کۆچی‌دا لە سلێمانی لەدایك بووە وە لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی هەر لە سلێمانی کۆچی‌دوایی کردووە .

٦ – حاجی مەلا محەممەد ئەمین کوری مەلا ئەحمەدی چاومار لە دەوروبەری ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی لە سلێمانی لەدایك بووە وە لە ساڵی ١٣١٥ی کۆچی‌دا لەسلێمانی کۆچی دوایی کردووە لەگردی سەیوان نێژراوە .

٧ – مەلا عەبدول عەزیزی کوری حاجی مەلا محەممەد ئەمین کەلە ساڵی ١٢٨٨ کۆچی لە سلێمانی لەدایك بووە وە لە ڕۆژی ٢٠ – ٨ – ١٩٤٧ی زایین‌دا کۆچی‌دوایی کردوەو لە گردی سەیوان نێژراوە .

تێبینی :

لەدوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە ئیتر موفتی نەما ..

سەرچاوە :


١ – التعریف بمساجد السلیمانیة نوسینی ملامحمدقزلجي

٢ – علماؤنا في خدمة الدین نوسینی مەلاعبدالکریمی مدرس .

## نەقیبەکانی سلێمانی

نەقیبیش هەروەکو موفتی لەلایەن سوڵتانەوە فەرمانی بۆ دەر دەچوو کە بکرێ بە نەقیبی ئەو شارە وە مووچەی بۆ ئەبڕایەوە ئەبوایە نەقیب لە بنەماڵەی سادات بوایە هەر ئەمیش سەرپەرشتی ئیش و کاری ساداتی کردووە و هەچ کۆسپێکیان بهاتایە رێ لەگەڵ میری دا ئەم بڕیاری لە سەر ئەدا وەپێیان ئەوترا نەقیبی ئەشراف. لەو نەقیبانەش توانیمان ئەمانەی خوارەوە دەسنیشانو تۆمار بکەین :

١ – شێخ مەحموودی کوڕی شێخ مارف کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردە کوڕی شێخ موحەممەدی نۆدێیە ، ساڵی ١٢٠٠هـ لە دێی گڵەزەردەی ناوچەی قەرەداخ لەدایك بووە یەکەم نەقیب بووە لەزەمانی بابانەکاندا. ئەم زانایە لە ساڵی ١٢٧٥هـ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، لەگردی سەیوان نێژراوە..

٢ – سەیید ئەحمەدی میرە سوور کوڕی شێخ مەحموودی نەقیب کە لە ساڵی ١٢٤٠هـ لە سلێمانی لەدایك بووە وە لەدوای باوکی بووە بەنەقیب لە سلێمانی . وە ساڵی ١٣١٥هـ هەر لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. تەرمەکەی لەگردی سەیوان نێژراوە .

٣ – سەیید ئەحمەدی نەقیب کوڕی سەیید ئەحمەدی میرە سوورە لە ساڵی ١٢٨٠هـ لە سلێمانی لەدایك بووە وە لە ساڵی ١٣٢٧هـ چووە بۆ حەج لەوێ کۆچی دوایی کردووە .

٤ – شێخ مستەفای نەقیب کوڕی شێخ موحەممەدی کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی لەدایكبووە وە لەوێ کۆچی دوایی کردووە .

٥ – شێخ مارفی نەقیب کوڕی شێخ موحەممەدی کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ .

تێبینی :

نەقیبیش هەروەکو موفتی بەنەمانی دەوڵەتی عوسمانی ئەمانیش نەمان ..

..

سەرچاوە :

چەند وەسیقەیەکیان دەستکەوت کە لە ماڵی شێخ رەئووفی سەیید نووری سەیید ئەحمەدی نەقیب دابوو لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی زانیاری تر لەم بابەتەوە .

## قازی‌یه‌کانی سلێمانی

به هۆی هه‌ندێك به‌ڵگه‌ی کۆنه‌وه که ده‌ستمان که‌وتووه ، وه به‌پێی ئه‌و ته‌ئریخانه‌ی که له سه‌ری‌بوو توانیمان هه‌ندێك له‌و قازی‌یه‌کۆنانه بناسین که له کاتی خۆی‌دا له سلێمانی قازی بوون: ئه‌مانه‌ش بریتی بوون .

١ — قازی عه‌بدول سه‌مه‌د :

له‌ساڵی ١٢٠١هـ واتا (١٧٨٦ — ١٧٨٧)ز قازی بووه له سلێمانی ئه‌مه‌ش له وه‌سیقه‌یه‌کدا بوو به مۆرکراوی که له بریارێکی‌دادگای بابانیدا•هاتووه به مێژووی ١٢٠١هـ وه به ئیمزاو مۆری ئیبراهیم پاشا له‌گه‌ڵ چه‌ند ناوێك وه‌کو عه‌بدول ره‌حیم کوڕی شێخ حه‌سه‌ن ، شێخ ئه‌حمه‌د کوڕی شێخ عه‌بدوللای عه‌والآن وه میکائیل قازی قه‌ره‌داخ ئه‌م وه‌سیقه‌یه ده‌رباره‌ی زه‌وی‌و زاری مه‌لا مسته‌فای کوڕی مه‌لا شه‌مسه‌ددینی قزڵجه‌یی ده‌رکراوه وه‌ناوی عه‌بدول سه‌مه‌د به‌قازی سلێمانی تیاناوبراوه .

٢ — سه‌یید عه‌لی به‌رزنجی :

ئه‌م قازی یه ناوه‌که‌ی به مۆره‌وه له‌سه‌ر وه‌سیقه‌یه‌کی بابانی‌یه‌کان‌دا هه‌یه که له مانگی شه‌والی ساڵی ١٢٤٤هـ دا نووسراوه وه ناوی هه‌شت شایه‌ت‌و له‌گه‌ڵ ناوی عه‌بدول قادر نائبی قازی‌و ئه‌حمه‌دی کوڕی شێخ مه‌عرووفی نۆدێیی واته کاك ئه‌حمه‌دی شێخ، ئه‌م وه‌سیقه‌یه سه‌نه‌دێکه ده‌رباره‌ی جۆگه‌و ئاوێك له‌دێی (ئالیشته)یه که‌هی مه‌لا ره‌سووڵی گه‌ناوی بووه له عوسمان ئاغای کوڕی مه‌سره‌فی کڕیوه . ناوی سه‌یید عه‌لی به‌رزنجی له‌وێ دا به‌قازیی سلێمانی ناوبراوه .

٣ — شێخ حسێنی قازی :

له ساڵی ١٢٦٤هـ واته ١٨٤٧ — ١٨٤٨ز قازی بووه له‌سه‌ر شه‌جه‌ره‌ی سه‌ییده‌کانی شابه‌دین به ته‌ئریخی رۆژی ٢٣ی شه‌والی ١٢٦٤هـ ناوی نووسراوه‌و دوو جۆر مۆری پێوه‌یه .

٤ – شێخ عەبدول سەلام :

ئێستاش مزگەوتی شێخ سەلام بەناوی ئەمەوەیە، چونکە هەرخۆی ئیمامو خەتیبو مودەڕیسی ئەم مزگەوتە بووە . هەروەکو لەکتێبی (التعریف بمساجد السلیمانیة) دا کە مەلا موحەممەدی قزڵجەیی دایناوە دیاری کراوە، کە ماوەیەك قازیی سلێمانی بووە .

٥ – شێخ عەبدول سەمەدی کوڕی سەیید عەلی‌ی بەرزنجی : ئەمیش ناوی لەسەر شەجەرەی سەییدەکانی شابەدین کە شتێکی زۆر بەنرخە ناوی بەقازی دیاری کراوە ئەوەی شایانی باسە ئەم شەجەرەیە درێژی ٧٥ر٢ مەترەیە پانیەکەیشی ١٥ر٢ مەترەیە بەئاوی ئاڵتوون نووسراوە لەمانگی شەوالی ساڵی ١٢٦٤هـ وەنۆزدە مۆری لەسەرە وەکو مۆری عەبدول ڕەحمان موفتی‌مودەڕیس وە سەیید ئەحمەدی نەقیب وە کاك ئەحمەدی شێخو کۆتایی یەکەی بە ئیمزای شێخ مەحموودی نەمر هاتووە .

٦ – یوسف سنان ئەفەندی :

ئەمەش لە ساڵی ١٨٨٧ز قازیی سلێمانی بووە کە لە مێژووی سلێمانی دا لە نووسینی ئەمین زەکی بەگ دیاری کراوە .

٧ – شێخ مستەفای کوڕی شێخ عەبدول سەمەدی قازی کە مێردی ئامینە خانی کچی شێخ ئەوڕەحمانی قەرەداخی‌یە هەروەکو شێخ موحەممەدی خاڵ ئەڵێت : کە ئەم پیاوەم دیوە دەورو بەری ١٩١٥ز کۆچی دوایی کردووە .

٨ – صبغة الله ئەفەندی : کە لە ساڵی ١٣٣٤هـ واتە ١٩١٤ – ١٩١٥ز قازیی سلێمانی بووە . ئەمیش ناوی لەسەر سەنەدێکی تورکی بەتەئریخی ١٥ی موحەرەمی ساڵی ١٣٣٤هـ دیاری کراوە کە ئەم سەنەدەش دەربارەی هەندێك لەمیراتی عائیشە خانی‌ژنی کاك ئەحمەدی شێخە .

## ٩ – مەلا مەعرووفی وەهبي :

ئەمیش ساڵي ١٣٣٨هـ واتا ١٩١٨ ، ١٩١٩ز قازیی سلێماني بووەو ناوی لە سەر وەسیقە یەك هەیە کە بە تەئریخی چواری محەڕەمی ساڵی ١٣٣٨ هـ لە مەحکەمەی شەرعی سلێمانی دەرچووە ئەم وەسیقەیەش دەربارەی هەندێك زەویو زارە لەدێی

جێشانه که لەبەینی شێخ مەعرووفی شێخ ئەحمەدی شیخ ڕەسووڵی بەرزنجی وحاجی حەسەنی کوڕی حاجی عەلی خەڵکی کانی گۆمەدا نووسراوه ، لەوێ دا ناوی مەلا مەعرووف وەهبی به قازیی سلێمانی دیاری کراوه .

١٠ - شێخ مستەفای قەرەداخی :
لەساڵی ١٩٢٦ ز قازیی سلێمانی بووه .

١١ - ئەحمەد موختاری هەولێری :
لەدوای شێخ مستەفای قەرەداخی بووه به قازیی سلێمانی وەله ساڵی ١٩٣٧ز خانەنشین (تقاعد) کراوه .

١٢ - شێخ ئیبراهیمی نەقیب که خەڵکی کەرکوك بووه له ساڵی ١٩٣٩ز له سلێمانی قازیی بووه .

١٣ - شاباز حەیدەری که خەڵکی هەولێر بووه له ساڵی ١٩٤٠ز دا بووه به قازی سلێمانی له ساڵی ١٩٤٥زدا هەر له سلێمانی دا کۆچی دوایی کردووه .

١٤ - شێخ موحەممەدی خاڵ : له ساڵی ١٩٤٥ز بووه به قازیی سلێمانی هەتاکو ساڵی ١٩٤٨ز لەم ساڵەدا بۆ ماوەی ٤ مانگ گواستراوەتەوه بۆ کەرکووك ، وه حاکمێك له جێگاکەی دانراوه ، ناوبراو دوای چوارمانگه که گەڕاوەتەوه بۆ سلێمانی وه هەر قازی بووه تا ساڵی ١٩٥٦ز وه له دوای ئەو گواستراوەتەوه بۆ موسڵ وەلەوێ کراوه به قازی یەکەمی موسڵ تا ساڵی ١٩٥٧ گەڕاوەتەوه بۆ سلێمانی هەر به قازی‌یەتی تاساڵی ١٩٦٧ خانەنشین کراوه .

تێ بینی : ئەم قازی‌یانەی که ناومان تۆمارکردوون له زنجیرەی یەکەوه تا حەوت که به هۆی وەسائیقی کۆنەوه دەستمان کەوتوون . هەندێکیشیان مێژوی له سەرنییه ، نازانین ئایا چەند قازی تر له بەینیاندا بووەو ناوی‌یان چی بووه ؟ یان کامیان لەدوای کامیانەوه هاتوون . بەڵام له حەوتەمەوه واته له شێخ مستەفای

کوڕی شێخ عەبدول سەمەدی قازی‌یەوە هەتا چواردەهەم واتە شێخ موحەممەدی خالْ .. هەموو یان یەك لەدوای یەك هاتوونو هیچ کەس لە بەینیان‌دا نەهاتووە .

تێبینی : مامۆستای خالْ ، چەندجارێ نەقلْ کراوە ، لەو ماوەیانەدا عبدوڵلاّ موفتیی هەولێری و مەلا ڕەشادی موفتیش لە سلێمانی قازی بوون . (ع. م)



موفتی عەبدول عەزیز

١٢٨٨ ك لە دایك بووە
١٩٤٧ز کۆچی دوایی کردوە



شێخ موستەفای نەقیب



شیخ ئەحمەد موختاری ئەربیللی

(قازی)

ساڵی ١٨٨٥ ز لە دایك بووە



شێخ موحەممەدی خاڵ

(قازی)

ساڵی ١٩٠٤ ز لە دایك بووە

# سەرۆکەکانی شارەوانی

بۆکەڵك وەرگرتن لەم باسەمان تەماشای گۆڤاری (سلێمانی) بلاوکراوەی شارەوانی ی سلێمانی ژمارە (١) ساڵی ١٩٦٨ لاپەرە ١١ کراوە .. ئەم بەرێزانە تۆمارکراون :

١ – عەلی بەگی حەمەبەگ باوکی فایەق بەگ زەمانی عوسمانی .

٢ – سەیید ئەحمەدی بابا رەسووڵ .

٣ – ئاغا فەتحوڵلا باوکی تۆفیق ئەفەندی .

٤ – غەفوور ئاغای حاجی عەبدوڵلا باوکی ئەحمەد ئاغا .

٥ – محی‌دین ئەفەندی‌ی قادر ئەفەندی مودیری ڕیژی‌و وەکیلی سەرۆکی شارەوانی ساڵی ١٩١٤ .

٦ – ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی صاحبقران (حەمدی) ساڵی ١٩١٦ – ١٣٣٥هـ .

٧ – عەبدوڵلا بەگی حاجی حەسەن ئەفەندی‌ی موحەممەد ئاغا ، باوکی مەجید یاوەر ..

لەکاتی فەرمانڕەوایی میجەرسۆن‌دا لە حوزەیرانی ١٩١٩ تاکو مارتی ١٩٢١ .

٨ – ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا : لە ١٣ شباطی ١٣٤٠ رۆمی .

٩ – عیززەت بەگی وەسمان پاشای جاف : ٥ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣ز .

١٠ – سەیید کەریم ئەفەندی کوڕی سەیید ئەحمەدی بابا ڕەسووڵ ١٧ ی حوزەیرانی ١٩٢٣ ..

١١ – مەحموود ئەفەندی قادر ئاغا (یەکەم جار)

١١ی تەمووزی ١٩٢٤ لە کاتی (چەپمەندا) ..

١٢ – یەکتا بەگی مستەفا بەگ لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٣١ تا ٢٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٥ .

١٣ – مەحموود ئەفەندی قادر ئاغا بۆ جاری دووەم لە ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٣٥ تا ٣٠ی مایسی ١٩٤٤ .

١٤ – قادر ئاغای حاجی مەلا محیٚدین : یەکەمجار لە ٨ / ٥ / ١٩٤٤ وە تا ٢ / ٨ / ١٩٥٠ .

١٥ – رەشید غەفوور لە ٣ / ٨ / ١٩٥٠ تا ١ / ١٢ / ١٩٥١ .

١٦ – قادر ئاغای حاجی مەلا محیٚدین دووەمجار لە ١ / ١٢ / ١٩٥١ تا ٢١ / ٨ / ١٩٥٤ ..

١٧ – فائق هوشیار : لە ٢٠ / ٨ / ١٩٥٤ تا ٥ / ٨ / ١٩٥٦ .

١٨ – عەبدوللاٚ بەگی حەمە عەلی بەگ (وەکیل) .

١٩ – حەسەن رەفعەت لە ٦ / ١١ / ١٩٥٦ تاوەکو تەمووزی ١٩٥٨ ..

٢٠ – شاکیر فەتاح : لە ٥ / ٨ / ١٩٥٨ تا ٢٤ / ١٢ / ١٩٦١ .



سەید ئەحمەدی بابا رەسوول
(سەرۆك شارەوانی)
١٢٧٨ك لە دایك بووە
١٩١٨ز کۆچی دوایی کردووە



عەبدوڵڵا بەگی یاوەر
(سەرۆك شارەوانی)



ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا

(سەرۆك شارەوانی)



غەفوور ئاغای حاجی ئەولّای گەورە

(سەرۆك شارەوانی)



غیرەت بەگی وەسمان پاشا

(سەرۆك شارەوانی)



قادر ئاغای حاجی مەلا محی‌الدین

(سەرۆك شارەوانی )

# موختارەکانی شاری سلێمانی

لەناو شاری سلێمانی دا ئەم موختارانە هەبوون کە بە گوێرەی گەڕەکەکان دانرابوون‌و جیاکرابوونەوە. ئەمەش لیستەی ناوەکانیانە لەگەڵ گەڕەك‌و کاتی موختاریتی‌یان :-

| ناو | گەڕەك | کاتی موختارێتی |
|---|---|---|
| ١ – محان | موختاری گەڕەکی گۆیژە | زەمانی تورك |
| ٢ – قجول | موختاری گەڕەکی مەڵکەندی | زەمانی تورك |
| ٣ – عەبۆلی موختار | موختاری گەڕەکی کانێسکان | زەمانی تورك |
| ٤ – محەی سالار | موختاری گەڕەکی کانێسکان | زەمانی مێجەرسۆن |
| ٥ – قالەی مەحموود ئاغا | موختاری گەڕەکی مەڵکەندی | زەمانی تورك |
| ٦ – مەلا سەعید | موختاری گەڕەکی سەرشەقام‌ودەرگەزێن | زەمانی تورك |
| ٧ – ئیبراهیم ئەفەندی لطف‌الله | موختاری گەڕەکی مەڵکەندی | ١ / حوزەیرانی ١٩٢٦ |
| / – محی‌الدین ئەفەندی | موختاری گەڕەکی گویژە | ئەیلوولی ١٣٣٩هـ |
| ، – عبدالرضا عەبدوللاّ | موختاری گەڕەکی دەرگەزێن | ئەیلوولی ١٣٣٩هـ |
| ١ – موحەممەد عەلی | موختاری گەڕەکی کانێسکان | ئەیلوولی ١٣٣٩هـ |
| ١–شەریف ئەفەندی سەعید | موختاری گەڕەکی گویژە | ٢ کانوونی دووەم١٩٢٨ |
| ١–فەرەج ئەفەندی ئەحمەد | موختاری کانێسکان‌و چوارباخ | ٢کانونی دووەم ١٩٢٨ |
| ١ – دانیاو کوڕی شەلەمۆ | موختاری جوولەکان | ٢٥ تشرین دووەمی ١٩٣٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ – ڕەزا موحەممەد کەمال | دەرگەزێن وسەرشەقام | ١ / ٧ / ١٩٢٤<br>١٩٣٦/٧/٩ |
| ١٥–مستەفا مەعسوم عەبدوللاّ | موختاری دەرگەزێن وسەرشەقام | ١٠ / ٤ / ١٩٣٧ |
| ١٦ – حەسەن حەمە سوور | موختاری مەڵکەندی | ١٩٤٤ |
| ١٧ – ڕەشید شەریف ئەفەندی | موختاری گوێژە | ١٩٤٧ |
| ١٨ – جەمال مستەفا مەعسووم | موختاری دەرگەزێن | ١٩٤٩ |
| ١٩ – عەباسی مەلا عارف | موختاری سەرشەقام | ١٩٥٤ |
| ٢٠ – صالح میراو | موختاری کانێسکان وچوارباخ | ١٩٤٤تا١٩٥٨ |
| ٢١ – ئەمین حاجی سەعید | موختاری چوارباخ | ١٩٥٤ |
| ٢٢ – ئەمین حسین ئاغا | موختاری مەڵکەندی | ١٩٥٤ |
| ٢٣ – موشین | جوولەکان | |

سەرچاوە :

هەندێکی زەمانی تورك لەپیاوی شارەزای بە تەمەنا چوو ، وە هەندێکی لە سجلی کۆنی شارەوانی‌یەوە وەرگیراوە ..

# قوتابخانه کان

وەك لەمەوبەر باسکرا ، سلێمانی لەسەرەتای دروست کردنیەوە مەڵبەندی خوێندن‌و خوێندەواری بوو .. لەسەردەمی بابانەکان‌دا حوجرەو پاشان مزگەوتەکان جێگەی خوێندن‌و فیرکردن‌و خوێندەواری بلاوکردنەوە بوون . کە داگیرکەری تورکیش هات مەشخەڵی خوێندەواری لەمزگەوتەکان‌دا هەربەردەوام بوو .. ئەوەتا (حاجی قادری کۆیی) لەئەستە موولەوە باسی ئەوەدەکات کە کاك ئەحمەد لەشوێن مەڵبەندی بابان ماوەو هەربەکوردی دەرس ئەڵێتەوە .

قوتابخانەی تازە بابەت بۆ دروستکردنی کادیر بۆکاری میری لەسەردەمی تورك‌دا لەسلێمانی دامەزرا ، بەلاّم تا سەردەمێکی دوور نەیتوانی جێ بەمزگەوت چۆڵ بکات هەرچی کوردی خوێندنیشە لەم قوتابخانانەدا ئەوە لەسەر دەمی شێخ مەحموودەوە دەست پێ دەکات تا ئێستا قوتابخانەکانی سلێمانی‌و دەورو بەری بەکوردی ئەخوێنن .

قوتابخانەکانی سلێمانی سەرچاوەی گەشەو جم‌و جووڵ‌و پێشکەوتنی شار بوون بەرەبەرەش هەر لە پەرەسەندنا بوون .

ئەوئەرکەی قوتابخانەو مامۆستاو قوتابی بەجێیان هێناوە شایانی ئەم توماری شانازی‌یەن .

(ع . م . ر)

لەزەمانی عوسمانلی‌دا ئەم قوتابخانانە هەبوون

| قوتابخانه | دانه | مامۆستا | قوتابی |
|---|---|---|---|
| ١ – روشدی‌یـــــەی | | | |
| عەسکەری | ١ | ١٣ | ١٠٦ |

تەنها لە بەغداو سلێمانی هەبوو لەساڵی ١٨٩٢ز دامەزراوە ..

٢ – سەرەتایی کوڕان : لەساڵی ١٨٩٩ز دامەزراوە یەکدانە
٣ – قوتابخانەی کلدانی سەرەتایی ساڵی ١٨١٥ز دامەزراوە ١٣ قوتابی
٤ – قوتابخانەی جوولەکەی سەرەتایی ٢٥ قوتابی
دوای ئەو قوتابخانانە ئەمانەش هەر لە زەمانی عوسمانلیدا دامەزران :

| | دانە | مامۆستا | قوتابی |
|---|---|---|---|
| ١ – ئەعدادییەی ساڵی ١٨٦٨ ز دامەزراوە | | | |
| مولکی | ١ | ٧ | ٧٠ |
| ٢ – سەرەتایی منالان (الابتدائیة للاحداث) | ١ | ٤ | ١٠٠ |
| ٣ سەرەتایی دووهەم (الابتدائیة الثانیة) | ١ | ٢ | ٥٠ |
| ٤ – سەرەتایی یەکەم لەسیتەك | ١ | ١ | ٢٧ |
| ٥ – سەرەتایی یەکەم لەهەڵەبجە | ١ | ١ | ٣٠ |
| ٦ – سەرەتایی یەکەم لەچەمچەماڵ | ١ | ١ | ٣٠ |
| ٧ – سەرەتایی یەکەم لەپێنجوێن | ١ | ١ | ٢٥ |
| ٨ – سەرەتایی یەکەم لەئاغجەلەر | ١ | ١ | ١٧ |
| ٩ – سەرەتایی یەکەم لەپشدەر | ١ | ١ | ٩١ |

سەرچاوە : لە کتێبی مێژووی سلێمانییەوە نووسینی ئەمین زەکی بەگ وەرگیراوە .

تێبینی : قوتابخانەی ئەعدادیەی مولکی لە ساڵی ١٩٠٨ لە سەر فەرمانی صەفوەت بەگ کە لەو کاتەدا قائدی عەسکەری سلێمانی بوو ٥٠٠ لیرەی بەپیتاك لەناو ساماندارەکانی شارەکەدا کۆکردەوەو ئەو بینایەی پێکرد .. ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٩٠٨ - ١٩١٤ز لە شوێنی قوتابخانەی فەیصەلیەی جاران بوو کە ئێستا بازاڕی (عصریە) پاشان گوێزراوەتەوە بۆ ماڵی حاجی حەسەنەفەنی سەروو سەرا لەبەرئەوەی لەشەڕی یەکەمی جیهانیدابوٚوبە شوێنی سەرکردایەتی سوپای عوسمانی مدیرەکەیان پیاوێکی تورکمان بووە ناوی (فایەق وەیصەڵ) بووە هەروەها قوتابخانەی ڕشدیەی عەسکەری شوێنەکەی جارانی خەستەخانەی خوارەوە بووە .. ئێستا شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبێلە بەرامبەر بە بازاڕی زانکۆ لەوکاتەدا تورکەکان بۆ ئەو مەبەستە دروستیان کردووە . ئەو قوتابخانەیە هەتا جەنگی یە کەمی جیهانی ساڵی ١٩١٤ دەوامی کردووە .

مدیرەکەیان (ڕەشید زەکی کابان) بووە . پاشان ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٩١٥ بوو بە قوتابخانەی سەرەتایی بە ناوی قوتابخانەی (تشویقیة) پاشان ساڵی ١٩١٦ گواستیەوە بۆ ماڵی قادر ئەفەندی گەورە کە لە گەڕەکی دەرگەزێن بوو .. ئەمەیش ناوی مدیرو مامۆستا کانی بوو :

١ - زێوەر ئەفەندی (مدیر) ٢ - مەلا سەعید ئەفەندی (مامۆستا)

٣ - شێخ عەبدوڵڕەحمان ئەفەندی (مامۆستا)

٤ - شێخ مەحموود ئەفەندی (مامۆستا)

٥ - عەلی ئەفەندیی دیاربەکری (مامۆستا)

٦ - جەبار ئەفەندی (مامۆستا)

ساڵی ١٩١٦ شوێنی ئەم قوتابخانەیە بوو بە خەستەخانەی تورکەکان .

لەساڵی ١٩١٩ دا کە ئینگلیزەکان هاتن بووبە خەستەخانەی مۆلکی هەروەها قوتابخانەیەکی سەرەتایی کوران کە شەش پۆلی هەبوو کە پێیان دەوت (برهان الترقی) کە شوێنەکەی لەخوار قوتابخانەی گوێژەی کوڕان لای بازاڕی شووشەبوو . مدیرەکەیان (سەیید ئەحمەدی مەرەخەس) بوو . وە هەروەها قوتابخانەیەکی سەرەتایی ی کچان هەبوو شوێنەکەی پشتی سەرا لای کارێزی ئەحمەد زەنگەنە

بوو ، مدیرەکەیان ناوی (مەلیحەی شێخ سەلام) بوو ژنی مامۆستا (عەبدوللاّ نووری)
خوشکی شەمسەدین سەلام (حەسەن فەلاح) بوو ، لەساڵی ١٩١٥ .
ئەم قوتابخانانە بەردەوام بوون تا هاتنی ئینگلیز ساڵی ١٩١٨

سەرچاوە :

١ - شێخ عەزیزی شێخ ڕەشیدی طاپۆ کە خۆی قوتابی یەك بوزە لەو سەردەمەدا .
٢ - فوئاد ڕەشیدبەکر ئەفەندی کە خۆی قوتابی یەك بووە لەوسەر دەمەدا .

# زەمانی داگیرکەری ئینگلیز

ئەو قوتابخانانەی کە لە سەردەمی تورکەکاندا کرابوونەوە هیچیان نەمان. قوتابخانەیەك لەم سەردەمەدا کرایەوە بە ناوی (نموونەی سەعادەت) یەکەم جار لەماڵی نەجیب ئەفەندی لای ماڵی حاجی قادری جەبار کرایەوە وەلەوێوە گواستیانەوە بۆ شوێنی مەڵبەندی عەسکەری تورکەکان کە پێیان دەوت (قشڵە)، تەنیشت باخی میللی بەرامبەر مزگەوتی گەورە کە ئێستا خەستەخانەیە شوێنی فەحصی چاوە. ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٩١٩ تا ساڵی ١٩٢١ دەوامی کرد. مدیری قوتابخانە یەکەم. عەبوڵڵا نووری بووە و دووەم ڕەشید زەکی کابان بووە مامۆستاکانیشی ئەمانەی خوارەوە بوون.

١ – مەلا سەعید ئەفەندی

٢ – زێوەر ئەفەندی

٣ – شێخ موحەممەد زوهدی

٤ – شێخ ئەحمەد نسیم

٥ – شێخ عەبدولڕەحمان

٦ – خواجە ئەفەندی

٧ – عەبدوڵڵا صەبری

٨ – موحەممەد باشقە

٩ – ئەحمەدی عەزیز ئاغا

١٠ – کاپتان هۆڵد کەئەفسەرێکی ئینگلیزی بوو دەرسی ئینگلیزی ئەوتەوە ... ئەم قوتابخانەیە دوو پۆلی ناوەندی لەگەڵدا کرایەوە..

سەرچاوە: فؤاد ڕەشید بەکر کەخۆی قوتابی یەك بووە لەو سەردەمەدا.

## زەمانی حوکمداریی شێخ مەحموودیی نەمر سالّی ١٩٢٢

وەکو لە خوارەوە نووسراوە بەبێ دەستکاری لەرۆژنامەی (بانگی کوروستان) دا ژمارە ١١ رۆژی ٢٩ - ١٠ - ١٩٢٢م .

پشت بە خوا

وەزارەتی زانستی

ژمارە - ١ -

رۆژی ١٠ی تشرینی یەکەم ١٩٢٢ پێشگاهی حوکمدار . لەسەر فەرمانتان بۆ بەرێوەبردنی قوتابخانەکان بەم جۆرە مامۆستایان دامەزرا :

١ - قوتابخانەی ناوەندی مەحموودی

١ - رەفیق حیلمی - بەرێوەبەر

٢ - صالح رەفعەت - مامۆستا

٣ - خواجە ئەفەندی - مامۆستا

٤ - سەعید صدقی - مامۆستا .

٥ - زێوەر ئەفەندی - مامۆستا

٦ - سەعید ئەدیب قەزاز - مامۆستا

٢ - قوتابخانەی سەرەتایی قادری

١ - شێخ موحەممەد زوهدی - بەرێوەبەر

٢ - سەعید زەکی - مامۆستا

٣ - عەزیز ئەفەندی - مامۆستا

٣ - قوتابخانەی سەرەتایی ڕەئووف

١ - سەعید عاکف - بەرێوەبەر

٢ - ئەحمەد ئەفەندی - مامۆستا

٣ - موحەممەد ڕەمزی ڕەحیم - مامۆستا .

٤- قوتابخانەی سەرەتایی لطیفیە :
١ - ئەحمەد حەمدی عەزیز ئاغا - بەڕێوەبەر
٢ - فائق ئەفەندی - مامۆستا
٣ - شێخ ئەحمەد - مامۆستا

٥ - جەنابی ڕەشید زەکی کابان مفتیش عام وەلە پاش تەواو بوونی دامەزراندنی مامۆستاو قوتابخانەکان ناوی شارو دێهاتەکانی تریش قائیمەیان پێشکەش بە بارەگاهتان ئەکرێت..

وەزیری زانستی
حاجی مستەفا پاشا

تێبینی :
ژمارەی قوتابی لەم کاتەدا گەیشتە ٨٠٠ قوتابی (لەیادداشتی رەفیق حلمی بەرگی شەشەم لاپەرە ٥٩٥)..

لە رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) ژمارە ١٢ ساڵی ١٩٢٢ لیستەی ئەو زاتە موحتەرەمانە کە بو ئەلبیسەی تەلەبەکانی مەکتەبی ئەعدادی یەی مەحمودی پارەیان تەبەرروع فەرمووە :

| ناو | روپیە |
| --- | --- |
| ١ - حەزرەتی مەلیکی موعەززەم دەفعەی ئەوەل | ٢٥٠ روپیە |
| ٢ - حەزرەتی مەلیکی موعەززەم دەفعەی دووەم | ١٥٠ |
| ٣ - حەزرەتی رەئیس الرؤساء | ٦٠ |
| ٤ - رئیس مالیە عبد الكريم افندی عەلەکە | ١٥٠ |
| ٥ - ق : عسکر کوردستان جنابی صالح زکي بەگ | ١٠ |
| ٦ - ملحق عسکر کوردستان فائق حلمی بەگ | ١٠ |
| ٧ - ملازم رواندزی ئەمین بەگ | ١٥ |

٨ – ملازم اول یونس ماهی افندی ٣٠
٩ – رئیس شعبه ٣ دائرة ق : **عسكری ملازم عزیز حكمت**
قزاز ١٠
١٠ – ملازم ثانی ابراهیم افندی ٥
١١ – ملازم ثانی حكمت افندی ٥
١٢ – ملازم ثانی رشید افندی ٥
١٣ – ملازم ثانی فتاح افندی ٥
١٤ – مامور حساب رشید افندی ٥
١٥ – مدیر حساب شعبه ٢ ق عسكر
كوردستان رؤوف افندی ٥
١٦ – قوماندان طابور پیاده عبد القادر افندی ٢٠
١٧ – رئیس بلدیة محمود افندی ٥
١٨ – دائرەی محكمه ١٠
١٩ – مدیر طاپو فائق بەگ ١٠

شوێنی قوتابخانەكان لەزەمانی حكمداریی
شێخ مەحموود ساڵی ١٩٢٢

١ – قوتابخانەی ناوەندیی مەحموودی لە شوێنی مدرسەی رشدیەی عسكری . شوێنی خەستەخانەی خوارەوە . قوتابی‌یەكانی قوتابخانەی مەحموودی كلاوّیان لەسەر دەكرد لەشێوەی سدارەدا پیّیان دەوت (ئەنوەری) چونكە ئەو دەمە سدارە نەهاتبوە سلێمانی . رەنگی خۆڵەمێشی لەپێشەوە بە سیمی سپی نووسرابوو (مەحموودی)
٢ – قوتابخانەی سەرەتایی قادری : لە ماڵی حاجی صاڵحی خەفاف كۆڵانی خوار ئوروزدی .
٣ – قوتابخانەی سەرەتایی رەئووفی لەسەر شەقام لەماڵی حاجی فەرەجی حاجی حامید .
٤ – قوتابخانەی سەرە تایی لطیفی : پشتی مزگەوتی (مفتی) لەماڵی حسێن مەظلوم .

## زمانی هاتنی حکومەتی عیراق
## وەدامەزراندنی حکومەتی عیراق

پاش نەمانی حوکمدارێی شێخ مەحموود ئەو قوتابخانە نەمان . لەدوای بۆردمانی سلێمانی دەستکرایەوە بەکردنەوەی قوتابخانە ساڵی ١٩٢٤ دەستکرایەوە بەدەوام لە قوتابخانەکاندا . کە ئەمانەی لای خوارەوە بوون :

١ – قوتابخانەی سەرەتایی یەکەم .
لەیەکی سەرەتایی یەوە تا دووەمی ناوەندی لەماڵی بابا عەلی‌ی شێخ مەحموود بەرامبەر مزگەوتی گەورە ، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە (صالح افندی قفطان) بوو .
٢ – قوتابخانەی سەرەتایی دووەم تاپولی چوارەمی هەبوو لەصابونکەران لەماڵی یەکتابەگ . بەڕێوە بەرەکەیان (تۆفیق فکرەت) بووە .
٣ – قوتابخانەی زانستی شەو : لە ساڵی ١٩٢٦دا پاش داواکردنی چەند کەسێك توانیان ئەم قوتابخانەیە بکەنەوە بۆ ئەوقوتابیانەی کە بە ڕۆژ ئیش‌وکاریان هەبووە نەیان توانیوە بچنە قوتابخانەی ڕۆژ لەبەرگرنگی مەعیشەتەکەیان چونەتە ئەم قوتابخانەیەوە بە شەو خوێندوویانە .
دوای ئەم قوتابخانانە هەندێ قوتابخانەی تازە کرایەوە هەندێکیشی گواستیانەوە شوێنێکی تر وەك :
١ – مەکتەبی یەکەم لەماڵی باباعەلی گواستیەوە بۆ شوێنی مەکتەبی سیاسی کەمیجەرسۆن لی‌ی دادەنیشت ، شوێنی مەکتەبی فەیصەڵی‌یەی جاران بازاری عەصری ئێستا .. بەڕێوە بەرەکەی صالحە فەنی قەفطان بوو ساڵی ١٩٢٨.
٢ – مەکتەبی دووەمی ئیبتدائی کرایەوە لەماڵی سەعەی مارف کوڵانی بەرامبەر مەیانی ماستەکە لەیەکەوە تا شەشی سەرەتایی . بەڕێوەبەری قوتابخانە شێخ قادر نووری بوو. ساڵی ١٩٢٨ ..

ئەم قوتابخانەش پاش ساڵی ١٩٣٠ کرانەوە ..

١ – قوتابخانەی ناوەندی‌ی (متوسطە) کوڕان : پاش ساڵی ١٩٣٠ کرایەوە .. مەکتەبی یەکەم کەپۆلەکانی زیادی‌کرد ، ناوەندی‌یان لیٚ جیاکردەوە ، چوونە بیناکەی پشتی خەستەخانەی سەرەوە کە ئیٚستا (جمهوریە) یە ، شویٚنی مەکتەبی غازی‌ی جاران .. دوابی ئەم قوتابخانەیە بوو بە سانەوی ..

بەڕیٚوەبەرەکانی ئەم زاتانەبوون !

١ – ڕشید زکی کابان
٢ – عبداللە نوری مهتدی ١٩٣٥
٣ – رفیق حلمی
٤ – ودیع فتح اللە میرزا ساڵی ١٩٤٦

٢ – قوتابخانەی سەرەتایی فەیصەلی‌یە لەیەکەوە تاشەش شویٚنی بازاڕی عەصریە کە ناوەندی‌یان لیٚ جیاکردەوە بوو بە مەکتەبی سەرەتایی ..

بەڕیٚوەبەرەکانی :

١ – عەلی شەوقی
٢ – فؤاد ڕشید
٣ – جلال محمد سیف اللە

٣ – قوتابخانەی گۆیژە : لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی شەش .. بەرامبەر سینەمای گۆیژە بازاڕی زیٚوەری ئیٚستاکە بەڕیٚوەبەری :

١ – عەزیز فرج سەلیم
٢ – عبد الغفور ملا علی‌ی ملکندی
٣ – رؤوفی حاجی امین

٤ – قوتابخانەی (ایوبیة) لەگەڕەکی چوارباخ لە (هۆڵیٚ) لەماڵی دارەگەڕە ..

بەڕیٚوەبەری :

١ – علی شوقی
٢ – عزیز صالح گوروون
٣ – جمال مجید سلیم

٥ – قوتابخانەی (خالدية) : لەدەرگەزێن لەماڵی حاجی صاڵحی قاسم. خوار سینەمای دڵشاد.

بەڕێوەبەری :

١ – عبد الواحد نوری

٢ – مجيد علی

٣ – مصطفی بهجت مولود

٤ – یونس توفیق

٦ – قوتابخانەی کانێسکان : لەگەڕەکی کانێسکان بازاڕە بچکۆلە ، سەروو مزگەوتی گەورە شوێنی قوتابخانەی ڕێزانی کچان..

بەڕێوەبەری :

١ – توفیق فکرت

٢ – عزیز فرج سلیم

٣ – شێخ ابو بکر (هەوری)

٧ – قوتابخانەی امیر عبد الاله : لەگەڕەکی دەرگەزێن لەماڵی عومەری سام ئاغا..

بەڕێوەبەری :

١ – حسین صالح ئاغا

٢ – علی مظفر

٨ – سانەوی کوڕان : ساڵی ١٩٤٧ بیناکەی تەواو بوو لەپشتی خەستەخانەی جەمهوری گۆاستیانەوە بینای تازە کە ئێستاش سانەوی کوڕانە..

بەڕێوەبەری :

١ – جلال نهال ساڵی ١٩٤٧

٢ – موسی صمد ساڵی ١٩٤٩

٣ – سلیمان ملاح ساڵی ١٩٥٣

٤ – معروف دلی ساڵی ١٩٥٤

٩ – قوتابخانەی غازی : لەپێش دا لە جوولەکان بوو.

بەڕێوەبەری :

١ – جلال محمد سیف الله.. دوایی گواستیانەوە دەرگەزێن لای کۆنەفرۆشەکان ، بەرێوەبەری (فوزی رشید) بوو .

دوایی لە ساڵی ١٩٤٧ کەسانەوی گواستیەوە ئەوان چوونە شوێنەکەیان .

بەرێوەبەری :

١ – عزیز فرج سلیم

٢ – مجید سعید

٣ – علی محمد صدیق

٤ – علی مظفر .

١٠ – قوتابخانەی مەڵکەندی : لەگەڕەکی مەڵکەندی لەماڵی عەونی ئەفەندیی حاجی گوروون ، بەرێوەبەری (رشید کریم) دوایی گواستیەوە بۆ گەڕەکی گاوران بەرێوەبەرەکەی عزیزی میرزا صالح بوو .

# قوتابخانەکانی کچان

١ – قوتابخانەی سەرەتایی کچان : لە صابونکەران ، لە ماڵیعەلی بەگی فتح اللە بەگ ساڵی ١٩٢٦ کرایەوە .
بەڕێوەبەری :
گوزیدەخانی ژنی عزیزی یامولکی (کوری حاجی مصطفی پاشا) ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٩٢٨ گواستیەوە بەرامبەر ماڵی شێخ قادری حفید ناونرا (زەهرا) ..
٢ – قوتابخانەی سەرەتایی زەهرا : بەرامبەر ماڵی شێخ قادری حفید گواستیانەوە درگەزێن . لە سەرگۆل خوار ماڵی عزت بەگی وەسمان پاشا لەماڵی حاجی ئەحمەدی پیرۆز .
بەڕێوەبەری : فاطمة خانی محی الدین افندی ژنی ئەحمەد بەگی صاحبقران (حەمدی) ی شاعیر .
٣ – قوتابخانەی سەرەتایی صدیقە : بەرامبەر ماڵی شێخ قادری حەفید
بەڕێوەبەری : زەهراخانی کچی حاجی مصطفی پاشا ، ژنی عزت بەگی وەسمان پاشا ، ئەم قوتابخانەیە لەوکاتەدا دامەزرا کە زەهرا گواستیانەوە دەرگەزێن .
٤ – قوتابخانەی سەرەتایی گۆیژە : لەگەرەکی گویژە لە قەزازەکان . بەڕێوەبەری :
١ – مەلیحەی شیخ سەلام : ژنی مامۆستا عبد اللە نووری خوشکی شمس الدین (حسن فلاح) .
٢ – زینة احمد مختار : ساڵی ١٩٢٨ دامەزراوە
٣ – ئامینە حسن
٥ – قوتابخانەی سەرەتایی عیراقیە
لەکۆڵانی پشتی مزگەوتی گەورە لەماڵی احمد بەگی متصرف . بەڕێوەبەری :
١ – زکیە رزوقی قسطو
٢ – پەروین مصطفی
٣ – صبریە حسین ناظم .

## ناوەندیی کچان

لەساڵی ١٩٣٨ بۆیەکەم جار لەشوینی سەرەتایی (صدیقة) کرایەوە

بەڕێوەبەری :

١ * زەهراخانی ژنی عزت بەگی وەسمان پاشا

٢ - عطیة گرابیت

تێبینی :

سەرەتایی (صدیقە) کەبوو بە ناوەندی گواستیانە وەپشتی ماڵی باباعلی شێخ ەحموود لەماڵی حاجی مەلا فەرەج .

بەڕێوەبەری : فاطمە خانی صالحە فەنی قەفتان . دوایی گواستیانەوە تەنیشت ماڵی فەقێ رشیدی قەشان .

بەڕێوەبەری :

(شفیقە سعید ١٩٥٣

| | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|
| ١ - سانەویی کوڕان | ١ | ٣٢٠ | ١٤ |
| ٢ - ناوەندیی کچان | ١ | ١٠٠ | ٣ |
| ٣ - سەرەتایی کوڕان | ٨ | ١٦١٠ | ٥٣ |
| ٤ - سەرەتایی کچان | ٥ | ٧٦٠ | ٣٩ |

لەگۆڤاری گەلاوێژەوە لە ساڵی ١٩٤٧ وەرگیراوە .

هەروەها بێجگەلەم قوتابخانەی سەرەوە ، هەر لە ساڵی ١٩٤٠ قوتابخانەی منالآنی تیکە لآو (الاحداث المختلطة) ، بەرامبەر ماڵی حەمەی ئەورەحمان ئاغا لەشوێنی مهندس خانەکە .

بەرێوەبەری :
١ – فاطمە خانی محی الدین افندی
٢ – وهبیە غفور
لەپاشی ساڵی ١٩٤٧ سانەوی کچانیش کرایەوە هەر لەشوێنی ناوەندی‌یەکەدا ..
بەرێوەبەری :
١ – گوڵنار احمد مختار
٢ – نزیلە سعید شێخ حسین
٣ – صبیحە حسن جراح
٤ – نەسرین مصطفی مظهر ١٩٥٨
لەساڵی ١٩٥٠ تا ساڵی ١٩٥٨ ئەم قوتابخانانە کرانەوە

أ – کوڕان :
١ – سەرەتایی سەر شەقامی کوڕان
بەرێوەبەری محمد رشید محمود ..
٢ – سەرەتایی صلاح الدین
بەرێوەبەری : محمد توفیق عزیز
٣ – سەرەتایی (فیصلیە)ی شەو
بەرێوەبەری : جلال محمد سیف الله
٤ – ناوەندی کوڕان لەدەرگەزێن لە ماڵی عومەری سام ئاغا ساڵی ١٩٥٤ .
بەرێوەبەری : (احمد ابراهیم فتاح) احمدی قاضی .
٥ – قوتابخانەی ناوەندی پیشەسازی (الصناعة) لە ١١ – ١١ – ١٩٥٤
دامەزراوە هەر لە شوێنەکەی ئێستا بەرێوەبەری :

١ – ناجی جعفر صندوق
٢ – عبد الحمید جاسم
٣ – عزیز سعید عباس

٦ – خانەی مامۆستایان (دار المعلمین) ی سەرەتایی کوڕان لەگەڕەکی شۆرش لەشوێنی قوتابخانەی یەکێتی ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە .
بەڕێوەبەری : کمال محمد امین

٧ – ناوەندیی کشت وکاڵ (الزراعة) لە کانیسکان بەڕێوەبەری : عبد الله ابراهیم سراج ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە .

**ب – کچان :**

١ – سەرەتایی (ملکة عالیة) لەئەسحابە سپی بەڕێوەبەری ! شفیقه سعید
٢ – سەرەتایی (تاج) : لەماڵی رفیق حلمی بەڕێوەبەری : شفیقه محمود .
٣ – سەرەتایی (مەڵکەندی) : لە مەڵکەندی پیرمەسوور بەڕێوەبەری اختر صالح عباس .
٤ – خانەی مامۆستایان (دار المعلمات) ی سەرەتایی کچان ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە لە جادەی مەولەوی لەماڵی نوری‌بەگی حەمەوبەگ بەرامبەر دوکانی (حمەعلی مدهۆش) بەڕێوەبەری : غنیه عباس العزاوی

ئەم دوو قوتابخانەیەش هەبوون دوای ساڵی ١٩٥٠ .

٥ – قوتابخانەی تێکەڵاو (مختلطة) پشتی باخی گشتی ..
بەڕێوەبەری : سعاد حکیم
٦ – باخچەی منالان – روضة الاطفال – لە شوێنی باخی میللی شوێنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بەرامبەر مزگەوتی گەورە بەڕێوەبەری: کافیه رەمضان

٧ – قوتابخانەی هونەری ماڵداری – مدرسة الفنون البيتية .. ساڵی ١٩٥٧ – ١٩٥٨ دامەزراوە ، لە پێش‌دا لە شوێنی سانەوی کچان بەرامبەر ماڵی شێخ قادری حفيد .

بەڕێوەبەری : نەسرين مصطفى مظهر ساڵی ١٩٥٨ – ١٩٥٩ گواستيانەوە بەرامبەر مزگەوتی گەورە شوێنی مەخزەنی معاريف بەڕێوەبەری : گەلاوێژ عزيز فرج ..

ئەم قوتابخانانەی خوارەوە ساڵی ١٩٥٨ دوای شۆرشی ١٤ تەمووز کرانەوە هەندێکيان ناوەکانيان گۆڕا تا ساڵی ١٩٦٠ .

## قوتابخانەکانی سەرەتایی ی کوڕان

١ – قوتابخانەی سەرکەوتن (فیصلیەی کۆن) بەڕێوەبەر : جلال محمد سیف الله
٢ – قوتابخانەی وەتەن بەڕێوەبەر : هاشم صدیق
٣ – قوتابخانەی بێکەس بەڕێوەبەر : طاهر یحیی
٤ – قوتابخانەی زێوەر بەڕێوەبەر : احمد سعید مولود
٥ – قوتابخانەی جمهوری بەڕێوەبەر : حسیب شێخ احمد
٦ – قوتابخانەی سەیوان بەڕێوەبەر : عزیز میرزا صالح
٧ – قوتابخانەی دەرگەزێن بەڕێوەبەر : رؤوف حاجی امین
٨–قوتابخانەی بەرزان: (عبدالالە)ی کۆن بەڕێوەبەر : بهجت سعید کابان
٩ – قوتابخانەی سەرچنار ، لەسەرچنار بەڕێوەبەر : محمد عارف عبد الرحمن
١٠ – قوتابخانەی بەکرەجۆ ، لەبەگرەجۆ بەڕێوەبەر : انور تۆفی
١١ – قوتابخانەی پیرەمەگرون (غازی)ی کۆن بەڕێوەبەر : عبد الغفور ملا علی

## قوتابخانەکانی سەرەتایی کچان

لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٦٠ لەسەرەتای جمهوریەتدا

١ – قوتابخانەی نیشتمان. تەنیشت ماڵی فقی ڕشیدی قشان (صدیقەی‌کۆن).
بەڕێوەبەری : شفیقە سعید.

٢ – قوتابخانەی سەربەستی : لەخانووی رفیق حلمی (ملکة عالیەی) کۆن.
بەڕێوەبەری بهیە فتح الله.

٣ – قوتابخانەی گوڵاڵە. لەگەڕەکی گاوران. (زهرای) کۆن. بەڕێوەبەری : معصومە صالح.

٤ – قوتابخانەی روناکی : لەپشت یانەی فەرمانبەرانەوە بەڕێوەبەری : رافدە نشأت احمد.

٥ – قوتابخانەی خانزاد : لەسەرشەقام شیوی قازی بەڕێوەبەری : منیرە صالح قفطان.

٦ – قوتابخانەی خەبات : لەلای مالی حەمەی ئەورەحمان ئاغا بەڕێوەبەری : لطفیە نوری قفطان.

٧ – قوتابخانەی ئازادی (تاجی کۆن) تەنیشت قوتابخانەی روناکی بەڕێوەبەری شفیقە مەحمود.

٨ – قوتابخانەی بلێسە : پشت یانەی فەرمانبەران لەگەڵ قوتابخانەی رووناکی دا جووت بوون
بەڕێوەبەری : بدریە علی.

٩ – قوتابخانەی سەرچنار : لەسەرچنار
بەڕێوەبەری : صبریة عثمان پشدەری.

١٠ – قوتابخانەی ئازادی‌ی ئێواران : بەرامبەر ئەسحابە سپی لە خانووی حاجی محمود سامی.
بەڕێوەبەری : ملیحة کریم.

بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەی سلێمانی

ساڵی ١٩٣٤ دووساڵ پەیوەندی بەکەرکووکەوە بوو..

١ - رشید کابان ١٩٣٦

٢ - مصطفی مظهر ١٩٣٩

٣ - صالح سعید قادر ١٩٤٧

٤ - احمد رفعت دوغرەمەچی ١٩٥٣

٥ - عبدالمجید حسن ولی ١٩٥٤

٦ - عزیز محمد قادر ١٩٥٤

٧ - شاکر علی تکریتی

٨ - عبدالمجید حسن ولی (بۆجاری دووەم)

٩ - صالح سعید قادر (بۆجاری دووەم) ١٩٥٧

١٠ - موسی صمد سعد الله ١٩٥٩

**سەرچیوە**

١ - لە ڕۆژنامەی (ژین)ەوە

٢ - هەندێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان سجلاتی کۆن

سەرگوزشتەی چوار ئافرەتی خوێندەواری کورد

کە لە خوێندەوارە بەرزەکانی زەمانی عوسمانلی بوون..!

١ - ملیحة شێخ سەلام :

ناونیشانو برێ لە ژیاننامەی ئەم ئافرەتەمان لەبەغدا لەخزمانیەوە وەدەست کەوت بە بەڵگەی باوەڕ پێکراوەوە هەروەکرخۆی لەخوارەوە بلاوی دەکەینەوە

الاسم : مليحة نزهت عبد القادر الشيخ السلام القاضي (في السليمانية)

محل وتاريخ الولادة : المنتفك ١٨٩٤م

الدراسة :

أ - دراسة القران : عند الملا احمد في السليمانية

ب - اللغة الفارسية : عند خالها السيد عمر عرفان

ج - اللغة الفارسية والتركية : عند والدها السيد عبد القادر القاضي

د – الصف الثاني في مدرسة كربلاء الابتدائية للبنات
و – مدرسة ديوانية للبنات
سنة التخرج : ١٣٣٠ هجرية اي ١٩١٠م
التعينات :
١ – تعينت في ١٧ – ٢ – ١٩١٥ الى ٩ – ١١ – ١٩١٨ براتب (٤٠٠ قرش) مديرة مدرسة السليمانية للبنات وبعدها كانت عاطلة عن العمل .
٢ – تعينت مديرة في مدرسة بعقوبة للبنات في ١ – ٢ – ١٩٢٦ والى ٨ – ٧ – ١٩٢٦ .
٣ – تعينت مديرة مدرسة السليمانية للبنات في ٢١ – ١٠ – ١٩٢٧ براتب ١٠٠ روبية .
٤ – تعينت مديرة مدرسة گويژه في سنة ١٩٣٩ .

تێبینی : بۆیه ئەم ئافرەته ئەم هەموو شوێنەی کردووه بەقوتابێتیو مامۆستایەتی . چونکه باوکی بۆ هەر شوێنێك گواسترابێته وه ئەمیشی لەگەڵ خۆیدا بردووه . بۆیه هەر له (منتفك) لەدایك بووه . له ساڵی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کردووه لەگردی جۆگه نێرژاوه .

## ٢ – فاطمة خانی محی‌الدین ئەفەندی :

ناو : فاطمة محی‌الدین ئەفەندی‌ی قادر ئەفەندی لەدەورو بەری ساڵی ١٩٠٠ز لەشاری سلێمانی لەدایك بووه . لەپێش‌دا لەحوجرەی مەلا فاطمەلای مزگەوتی حاجی مەلا رەسووڵ فێری قورئان بووه. لەدوایی دا باوکی بەفەرمانی میری‌ی عوسمانلی گوێزرایەوه بۆ (کەرکووك) بۆ مدیری رێژی (گمرك) وه لەوێوه بۆ (کربلاء) و (بصرة) وه دوایی بۆ (بەغدا) .

فاطمەخانیش لەگەڵ دایكو باوکیدا رۆیی وەلەم شوێنانه خویندوویەتی دوایی شەهادەی سەرەتایی له بەغدا وەرگرت وه ساڵی گرانی‌یەکه ١٩١٨ هاتنەوه بۆ سلێمانی هەر لەو ساڵەدا باوکی کۆچی دوایی کرد ..

ئەم فاطمة خانە هەر لەماڵەوە دادەنیشت تا ساڵی ١٩٢٦ کە مەکتەبی کچان سەر لەنوێ کراوە ، چونکە مەکتەبی کچان لە دووای شەری جیهانی یەوە داخرا بوو ، لەلای ماڵی شێخ قادری حفید بەرۆژ قوتابی کچان ئیوارانیش زانستی بوو ژنان لەوێ دەیانخوێند یەکێك لەو قوتابیانە (حەپسە خانی نەقیب) بوو .

بەلاّم کچانی رۆژ هەر بەردەدام بوو ، ناونرا (زەهرا). فاطمة خان لەوێدا تەنها مامۆستا بوو و دەرسی ئەوتەوە بەلاّم گوزیدەخانی ژنی عەزیز یامولکی (کوری حاجی مصطفی پاشا) بەرێوەبەری قوتابخانەکەبووە . دووای ئەو زەهرا خانی ژنی غیرەت بەگی وەسمان پاشا ، کچی حاجی مستەفا پاشا بۆ بە بەرێوەبەر . لەدوایی دا قوتابخانەی زەهرا گواستیەوە بۆ دەرگەزێن لەماڵی حاجی ئەحمەدی پیرۆز دابوون وە فاطمة خان بوو بە بەرێوەبەری قوتابخانەکە هەتا ساڵی ١٩٦٢ بەلاّم لەجێی زەهرا قوتابخانەی (صدیقە) کرایەوە . وەزەهرا خان هەرلەوێ بە بەرێوەبەری مایەوە .

فاطمەخان هەتا ئێستەش ماوە لەگەرەکی دەرگەزێنە لەماڵە کۆنەکەی باوکی دا دانیشتووە کاتی خۆی شووی کردووە بە احمد بەگی فتاح بەگ (حەمدی)ی شاعیر . .

٣ – گوزیدە خان :

هەروەکو فاطمە خان بۆی باسکردین و ئەڵێت : گوزیدە خان لە کوردەکانی تورکیا بووە ، لە شاری ئەستانبوڵەوە هاتووە ، عەزیز یامولکی کوری حاجی مصطفی پاشا لەوێ مارەی کردووە ، وە لەگەڵ خۆی هێنابووی . . ئەو خوێندەواری یەی کە هەی بوو لەوێ فێرببوو .

٤ – زەهرا خان :

ئەم ئافرەتە هەروەکو فاطمة خان بۆی باسکردین ئەڵێت :

زەهرا خان کچی حاجی مصطفی پاشای یامولکی بووە ، کە باوکی لەتورکیادا سەرکردەیەکی گەورەو لێهاتوو بووە . . هەر لەوێ فێری خوێندەواری بوو بوو . . .

## تی ّبینی

له شارەکەماندا چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی هەبوون ، ژمارەیان دەگەیشتە هەشت قوتابخانە هەریەکەیان بریتی‌بوو لە شەش پۆل هەر پۆلێکیش نزیکەی بیست قوتابی تێدا بوو .

رۆژگارێك قوتابی‌یان دووجار دەوامیان دەکرد بەیانیان لە سەعات هەشتەوە چوار دەرسیان دەخوێند هەتا دوانزەی نیوەرۆ پاشان دەرۆیشتنەوە بۆنان ، قوتابخانە لە سەعات دووەوە دەستیان دەکردەوە بە دەوام دوو دەرسی تریان دەخوێندو دەرۆیشتنەوە ، بەلاّم رۆژانی پێنج شەممان هەر بەیانیان لە سەعات هەشتەوە تا سەعات دوانزەی نیوە رۆبوو .. لەو سەردەمەدا لەجیاتی (جەرەس) زەنگ هەبوو بریتی بوو لە ئاسنێکی ئەستوری نوشتاوە لەشێوەی ژمارە ٨دا بوو . بە ئاسنێکی باریك لە کاتی تەوابوونی دەرس یان چوونە ژوورەوەدا قوتابی یەك یان فەراشەکان لی ّیان دەدا .

لەژووری پۆلدا کە وانەیان دەخوێند هەر قوتابی‌یەك مامۆستا پرسیاری لی ّبکردایە گەر نەی زانیایە بەدار لەبەری دەستی دەدا .

زۆر جاریش ئەگەر قوتابی‌یەك زۆر تەمەڵ بوایە هەموو پۆلەکە بەم گۆرانی‌یە گاڵتەیان پی ّ دەکرد تا تەمی ّ خواردوو ببوایە :

تەمەڵی بۆ تەلەبە<br>
رەفیقان بە خوا عەیبە<br>
هەرچی دەرس نەزانی ّ<br>
ناهێنی لەتە نانی ّ

بێگومان لە سەر داوای مامۆستا ئەم گۆرانی‌یە دەوترا ئەمەش گەشەو هاندانێك بوو بۆ قوتابی‌یان کە هەوڵ بدەن بەر ئەم گاڵتە پێکردنە نەکەون .

وه بەم جۆرە قوتابییانیان فێری ژماردن دەکرد:

یەك و دوو سێ و چوار ئاسانە
تۆیی ژمێرەو بیزانە
پێنج و شەش کوا گرانە؟
ژمارەی زۆر ئاسانە
حەوت و هەشت و نۆ و دە
هەرکەس بیزانێ مەردە

لە وتەی (مامۆستا زێوەر ئەفەندی)

وه‌به‌ری قوتابخانه‌کان و به‌ڕێوه‌به‌ری
اریف وه نموونه‌ی قوتابی‌و قوتابخانه‌کان



ره‌شید زه‌کی کابان
(به‌ریوه‌به‌ری په‌روه‌رده)

۱۸۷٦ز - ۱۹٤۰ ز کۆچی دوایی کردوه



قه‌فتان

وه‌به‌ری قوتابخانه‌ی یه‌که‌م)



موسته‌فا مه‌زهه‌ر

(به‌ڕێوه‌به‌ری په‌روه‌رده)

۱۸۸۸ز - ۱۹٤٦ز کۆچی دوایی کردوه



عەزیز فەرەج سەلیم (بەڕێوەبەری قوتابخانە)

١٨٩٢ز - ١٩٦٥ز کۆچی دوایی کردوە



موستەفا مەولود (بەڕێوەبەری قوتابخانەی خالیدیە)

١٩٠٤ز - ١٩٤٥ ز کۆچی دوایی کردوە



فؤاد رەشید

(بەڕێوەبەری قوتابخانەی فەیسەڵیە

١٩٠٥ز لە دایك بووە



کەریم بەگی زانستی

(بەڕەبەری قوتابخانەی زانستی)

ساڵی ١٩٠٧ز لە دایك بووە



ڕەشید کەریم ئەفراسیاب

(بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەڵکەندی)

١٩٠٨ز - ١٩٧٦ز کۆچی دوایی کردوە



جلال محمد سیف الله

(بەڕێوەبەری قوتابخانەی فەیسەڵیە)

١٩٠٨ز - ١٩٦٦ز کۆچی دوایی کردوە



شێخ ئەبو بەکر جەلال

(هەوری)

(بەڕێوەبەری قوتابخانەی کانیسکان)

١٩١٢ز - ١٩٧٩ز کۆچی دوایی کردووە



عەزیزی میرزا ساڵح

(بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەیوبیە)

١٩١٤ز لە دایك بووە



یونس توفیق عەبدولرەحمان

(بەڕێوەبەری قوتابخانەی خالیدیە)

١٩١٥ز لە دایك بووە



عەبدول غەفور مەلا عەلی

(بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوێژە)

١٩٢١ز لە دایك بووە



دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی نمونەی سەعادەت - ١٩٢٠ -



مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەی نمونەی سەعادەت - ١٩٢٠ -



وێنەی چەند قوتابییەك لەبەر مزگەوتی
گەورەدا - ١٩٣٨ -



مەلیحە عەبدولقادر شێخ سەلام
(بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوێژە کچان)
١٨٩٤ز - ١٩٦٨ز کۆچی دوایی کردوە



فاتمەخانی محی‌الدین ئەفەندی
(بەڕێوەبەری قوتابخانەی زەهرا)
١٩٠٥ ز - ١٩٨٦ ز کۆچی دوایی کردوە



فاتمە ساڵح قەفتان
(بەڕێوەبەری قوتابخانەی صدیقە)
ساڵی ١٩١١ ز لەدایک بووە)



نەسرین موستەفا مەزهەر
(بەڕێوەبەری سانەوی کچان)
ساڵی ١٩٢٩ز لە دایک بووە

# ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلی

دەوڵەتی عوسمانی بەزۆر مەبەس کە یەکێکیان پەیداکردنی کادیرە بۆ کاری دەوڵەت لە سلێمانی قوتابخانەی ڕوشدیەی عسکری کردەوەو ڕێگەی بۆ لاوانی ئەم شارە تەختکرد کە بخوێنن و ڕووبکەنە ئەستەموڵو پێبگەن . بەڵی زۆربەیان نەئەهاتنەوە ولە هەموو پانایی ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنەدا بلاو ئەبوونەوەو کاریان ئەگرتە دەست بەلام هەر ئەو پێگەیشتنو دەسەلاتداری‌یە و ئەو گەیشتنە پایەی بەرزە بەڵگەی درەوشەداری شاری سلیمانی‌یە . نموونەی دەسەلاتو توانای کوردە لەناو ئەو ئیمپراتۆریەتەدا کە هەر ئەم نموونەیە پەنجەرەی بۆ گەلیك لێکدانەوەی مێژوویی تازە دەربارەی ئەو سەردەمە ئەکاتەوە کە دەرفەتی خۆیو سەرنجی تازەی مێژوو نووسانی ئەوێ ..

(ع . م . ر)

## ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلی –

چۆن لەو سەردەمەدا دەبوونە ئەفسەر؟!

پاش تەواو کردنی قوتابخانەی سەرەتایی هەر قوتابیەك بیویستایە ببێت بەئەفسەر ئەچووە قوتابخانەی (روشدیەی عسکری) کەلە سلێمانی کرابووەوە کە بریتی بوو لە سێ پۆل و پاش سێ ساڵ خویندنی دەرسی عسکری ئەچوون بۆ (اعدادی عسکری) لە بەغدا سێ سالێش لەوێ ئەیانخوێند پاش تەواو بوونی ئەچوون بۆ مدرسەی (حربي) لە ئەستەموول (استانە) لەوێش پاش سێ ساڵ خوێندنی دەرسی عسکری ئەبوون بە ئەفسەر (ملازم ثانی).

قوتابخانەی رشدیەی عسکری تەنها لەسلیمانی کە لە ساڵی ١٨٩٢ زاینی کراوەتەوە لە بینای خەستەخانەی ناوەراستەوە کە ئێستا رووخاوەو شوێنی راوەستانی ئوتومبیلە بەرامبەر بازاری زانکۆ، تورکەکان ئەو بینایەیان بۆ ئەو مەبەستە دروستکردبوو وە رشدیەی عسکری لەگەڵ اعدادی عسکریش لە بەغدا هەبووە ئەو ئەفسەرانەی خەڵکی سلێمانی کە دەرچوون پیاوی گەورەیان تیا هەڵکەوتوە کە پایەی بەرزیان وەرگرتووە لە سوپای عوسمانلیدا وە هەروەها لە حوکمداریێتی شێخ محمود وە لەناو سوپای دەوڵەتی عیراقیشا. روتبەی عەسکەری سوپای عوسمانی.

ئەوانەی کە پێیان ئەوترا پاشا ئەمانەبوون :

١ – مشیر (مشیر) دوو شیرو چوار ئەستێرە
٢ – برنجی فریق – فریق اول – دوو شیرو سێ ئەستێرە
٣ – فریق – فریق – دوو شیرو دوو ئەستێرە
٤ – میرلوا – لواء – دوو شیرو یەك ئەستێرە

ئەوانەی کە پێیان ئەووترا بەگ ئەمانە بوون :

١ – میر ئالای – زعیم – تاجێك و سێ ئەستێرە

٢ – قائمقام عسكری – عقید – تاجێكو دوو ئەستێرە
٣ – بینباشی (طابور اغاسی) – مقدم – تاجێكو یەك ئەستێرە

ئەوانەی کە پێیان ئەووترا ئەفەندی ئەمانە بوون :

١ – قدملی یوزباشی (قولاغ اغاسی) – رئیس اول – تاجێك
٢ – یوزباشی – رئیس – سێ ئەستێرە
٣ – ملازم اول – م . اول – دوو ئەستێرە
٤ – ملازم ثانی – م. ثانی – یەك ئەستێرە
٥ – ضابط وەكیل – نائب ضابط – نیشانێك بەسەر شانییەوە .

ئەوانەی کە لەوانە بچوكتر بوون ئەمانەی خوارەوەن

١ – باش چاووش – رئیس عرفاء – چوار خەت بە قوڵیەوە
٢ – باش چاووش معاونی – عریف – سێ خەت بە قوڵیەوە
٣ – چاووش – نائب عریف – دوو خەت بە قوڵیەوە
٤ – اون باشی – جندی اول – یەك خەت بە قوڵیەوە
٥ – برنجی نفر – نفر – جندی – بێنیشان بوون .

جگە لەم ڕوتبانە هەندی (منصبیش) ناوی تایبەتی خۆی هەبوە وەکو :

١ – مرکز قوماندانی – امر انضباط
٢ – قانونێ ضابطي – انضباط
٣ – ژاندرمە قوماندانی – مدیری عسکری ئاسایشی شار
٤ – سەر قومیسەر – مدیری پولیس

بینباشیو قدملی یوزباشی بەوانە ئەڵین کە لە کلیەی حربی دەرچوون .

طابور اغاسی وقولاغ آغاسی بەوانە ئەڵێن کە لە عسکری یەوە پێگەیشتوون .

## خەڵکی سلێمانی لەناو ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلی‌دا

١ – سعید پاشای حسین پاشا خندان – رئیس شورای دەوڵەت‌و وەزیری خارجیة .

٢ – عزت بك حسین پاشای خندان – وزیر داخلیة

٣ – شریف پاشای سعید پاشا خندان – مرخص کوردان لە جمعیت اقوام

٤ – فواد پاشای سعید پاشا خندان – برنجی فریق‌و یاور پادشاه .

٥ – سلیمان بك حسین پاشا خندان – میر الای‌و یاور پادشاه .

٦ – خلیل خالد پاشا – والی لە بیروت‌و سفیر لە بلغراد وتاران .

٧ – حاجی مصطفی پاشا یاملکی (نمرود) میرلوا رکن رئیس ارکان حرب لەئەنقەرە قائدی فرقەی ٢١ لە بەغاو قائدی فرقەی ٢٧ لە بیروت رئیس محکمەی عرفی لە دژی کمالیەکان . وەگەلی پایەی‌تری هەبووە لە سوپای عوسمانلی‌دا .

٨ – عبدالله حلمی پاشا : میرلوا قائدی فرقەی مدفعی لە ئەستەموولْ وە لە وێ کۆچی دوایی کرد .

٩ – حاجی اوڕحمان بەگی حاجی محمد اغا باوکی ڕشید پاشا – میرلوا قائدی ناوچەی سلێمانی .

١٠ – صدیق پاشا القادری میرلوا بەدیل گیرا لە ڕوسیا بوبە جنرال ئەم ڕوتبەیەیان لە سوپای سپی دژی شوڕشدا پێ‌بەخشی .

١١ – امین فیضی بك – میر الای امر الفیلق المدفعي ١٢ لە موصل قوماندانی لوای سلیمانی مدیری اعدادی عسکری لە بغداد شاعرو فیلسوف‌و ادیب بووە .

١٢ – احمد کمال دەمرکانی میرالای لە سوپای مصطفی کمال مایەوە .

١٣ – مصطفی بهجت درویش افندی خاڵی فەرەجی حمە سێو ملازم ثانی . ساڵی ١٩١٧ زاینی لەگەل علی احسان پاشا بە ئوتومبیل هاتەوە بو سلیمانی لەماڵی حاجی ملا سعید کەرکوکلی زادە میوان بوون لە تورکیا مایەوە تاڕوتبەی گەیشتە میر الای .

١٤ – احمد حمدی کابان برای جلال کابان – روتبەی میر الای
١٥ – احمد کمال محمد بك برای نوری بەگی گومرك روتبەی میر الای .
١٦ – زهدی روستم بك میر الای قائد فیلق لە روسیا لە قفقاس شهید کراوه
١٧ – سعید بەگی حاجی رسول بك لە وان و باشقەڵا لە تورکیا ئەفسەری تەموین بووه .
١٨ – توفیق محمود اغا برای رەشەی مختار لەدایکەوە لە تورکیا مردووه رتبەی قائمقام عسکری بووه .
١٩ – کریم بەگی خانزاده جوانی – روتبەی (قائمقام عسکری) لە ساڵی ١٩٢٣ – ١٩٢٤ ماڵەکەی بەر بۆمبای ئینگلیزەکان کەوت .
٢٠ – محمد حلمی ملا محمد امین : قائمقام عسکری قوماندانی هەموو ئەسیرەکان بوو لە شەڕا لە انقره مامۆستای اعدادی عسکری لە بەغداد لە زەمانی عوسمانلی وه لە ساڵی ١٩٢٦ لە ازمیر کۆچی دوای کردووه .
٢١ – عبدالله بەگی کاکە حەمە – قائمقام عسکری امر موقعی ولایەتی موصل ، بو بەخاوەنی رۆژنامەی (چەنەباز) لەموصل. باوکی فائق بێکەسی شاعر .
٢٢ – سعید حقی – قائمقام عسکری – مدیر سجون عام ووزیر دفاع لەعیراق .
٢٣ – رشیددارا (قائمقام عسکری)
٢٤ – عبدالقادر افندی امین افندی وەسمان اغای روقیە (بینباشی) سەروکی محکمەی عسکری لە سلیمانی لە سوپای عوسمانیدا .
٢٥ – اسماعیل بەگی بابان (بینباشی) باوکی رەزابەگی (بینباشی)
٢٦ – محمد امین زەکی بك (بینباشی) ارکان لەسەر کردایەتی ارکانی حرب لای خلیل پاشا ، امری کلیەی عسکری روتبەی عقید ساڵی ١٩٢٤ لە دەوڵەتی عیراق لە بەغدا وزیر (الاشغال) ووزیر (معارف) ووزیر (اقتصاد) ووزیر (الدفاع) .
٢٧ – رەزابەگی اسماعیل بەك (بینباشی) قائمقام لەعیراق
٢٨ – عمر وهبی (میر الای) لە استمبول کوچی دوای کردووه
٢٩ – عبدالله افندی حاجی سعید (بینباشی) قائدی حامیەی عسکری لە کرکوك لە سوپای عوسمانلی

٣٠ – أمين زەکی – بینباشی – بو بە لواء وەرئیس ارکانی جیش لە شوڕشەکەی ڕشید عالی ساڵی ١٩٤١ .

٣١ – خالد سعید – بینباشی – بو بەقائدی سوپای پیادە لای شیخ محمود بوو بە ماموٚستا لە دەوڵەتی عیراق .

٣٢ – نوری وەیسی بەگ (میر الای) قائدی فرقە بوو وەلە باندرمە کوچی دوای کردوە .

٣٣ – ڕشید بك بەناوبانگ بە کویر ڕشید قائمقام عسکری لە اسطنبول کوچی دوایی کردوە .

٣٤ – صالح زەکی صاحبقران (بینباشی) لە دیاربکر رئیس فیلق ٣٣و قائدی سوپای شیخ محمود متصرف لە دەولەتی عراق لە سلیمانی

٣٥ – علی یاوەری حاجی حمەاغا (بینباشی) لە تورکیا نەهاتەوە مردووە

٣٦ – فرج فهمی قادر اغا (بینباشی)

خەزوری عەونی افندی حاجی گورون لە ساڵی ١٩١٦ی زاین لەناوچەی (زینو شیخ) کوچی دوایی کرد .

٣٧ – عبداللە افندی حاجی حەسەنە افندی (عبداللە یاوەر) باوکی حاکم مجید (بینباشی) قائدی فیلق ١٢ لە موصل مدیری مدرسەی حربیە لە شام سەروکی شارەوانی سلیمانی لە زەمانی میجەرسوٚن

٣٨ – دکتور حسین افندی بابەجان (بینباشی) یەکەم دکتوری خەڵکی سلیمانی

٣٩ – حاجی قادر افندی یامڵکی برای حاجی مصطفی پاشا (قدملی یوزباشی) مدیر ناحیە لە عیراق

٤٠ – کریم ڕوستم (کریم شالوم)[١] قدملی یوزباشی طوبچی .

٤١ – توفیق وهبی بك (قدملی یوزباشی ارکان) متصرف وزیر وامر کلیەی عسکری بغداد لە عیراق

(١) ئەم زاتە خاوەن بیرو ڕوٚژنامەنووس و نیشتمانیەروەرێکی گەورەو خاوەن مێژوو بوو. کە ئەبێ کاری گەورەی لەسەر بنووسرێ.
(ع. م. ر)

٤٢ - رفیق محمود اغا (قدملی یوزباشی) برای ڕەشەی مختار لەدایکەوە
٤٣ - حاجی ڕمضان علی اغا (قدملی یوزباشی) بو بەلوا له عراق ئاموزای حاجی امین کاکەحەمە
٤٤ - احمد بك پشدری (قدملی یوزباشی) بەناوبانگ بەدارەکەنیە
٤٥ - عمر صالح رضا (قدملی یوزباشی) بەناوبانگ بو به (عمر فوزی) تونج ای . بوبە مدیری پولیس له ادرنه له تورکیا نەهاتەوە
٤٦ - عبدالقادر عبدالعزیز (قدملی یوزباشی) مقدم له عیراق
٤٧ - غفور ئاغای قادر ئاغا : یوزباشی ارکان حرب لەشاری موصل خەزووری ڕشید کابان
٤٨ - جمال عرفان (یوزباشی) له سەرکردایەتی ارکان حرب لای علی احسان پاشا میجر لەسوپای شیخ محمود لەوکاتەدا بەدەسیسە کوژرا ساڵی ١٩٢٣ .
٤٩ - بهجت ابراهیم اغای روقیه (یوزباشی) برای خاڵە مچەو ڕشیدە افندی یە شیتە له تورکیا نەهاتەوە .
٥٠ - سلطان افندی باوکی مجید سلطان (یوزباشی).
٥١ - عمر وهبی برای قالەی مەنیج خان (یوزباشی)
٥٢ - علی کوری وەستا عبدالله محمد سلێمان کوری ٣ برای دەلاکەکە (یوزباشی) ئاموزای خاڵە عەبدە لەشەڕی جیهانی یەکەم لەچەنە قەلعە قاچی بەفر بردی توشی نەخۆشی کانکرین بو لەوێ ئەمری خوای کرد
٥٣ - بکر صدقی (یوزباشی) قائدی حرکەی ١٩٣٦ زعیم وقائد فرقەو رئیس ارکانی جیش له عراق .
٥٤ - نورالدین محمود (یوزباشی) زعیم له عیراق رئیس ارکانی جیش ووزیری دفاع ورئیس وزراء
٥٥ - ماجد مصطفی (یوزباشی) قائدی سوپای سوارە لای شێخ محمود وزیر له دەولەتی عیراق
٥٦ - حمدی بگی ڕشید پاشا (یوزباشی) دوایی بو به (سەرقومیسەر) مدیری پۆلیس له کرکوك له عوسمانلی

٥٧ – قادر اغا حاجی محمود اغا (یوزباشی)
٥٨ – صالح افندی کاکل (یوزباشی) باوکی ابراهیم گوردی
٥٩ – احمد بهجت قرەداغی (یوزباشی) اندام له جمعیتی کوردستان لەزەمانی شیخ محمود . بوو به مامۆستا له عیراق

٦٠ – عبدالقادر سعید (یوزباشی) باوکی یونس افندی مهندس لەسەفەربەلك له کوت شهیدکرا
٦١ – عبدالرحمن سعید (یوزباشی) بوبه رئیس محاکم له کرکوك له عیراق
٦٢ – احمد زکی (یوزباشی) بو به مدیر ناحیه طق‌طق له عیراق
٦٣ – امین افندی وەسمان اغای ڕوقیه (یوزباشی)
٦٤ – سعید افندی لاڵه (یوزباشی)
٦٥ – احمد بەگی سلیمان بەگی قوچ‌بك (یوزباشی) سەروکی بەشی قانونی عسکری بو له سلیمانی له عوسمانلی
٦٦ – صالح افندی حاجی ڕسول اغ (یوزباشی)
٦٧ – محمد افندی خەجۆله (یوزباشی)
٦٨ – عونی افندی حاجی گوروون (یوزباشی) مودیری ناحیة لەعیراق
٦٩ – عەلی یاوەرخواجه ئەفەندی (یوزباشی) له تورکیا له ساڵی ١٩٢٦ له سەر کوردایەتی کوژرا .
٧٠ – فتاح افندی یایەشاز (یوزباشی) مامۆستای ریاضیات له مدرسەی ڕشدیەی عسکری .
٧١ – سعید ڕەزا افندی (یوزباشی) هاوکاری ڕاپەرینەکەی شێخ محمودی کرد له ساڵی ١٩٢٤ گەڕایەوه بو تورکیا له (وان) بوبه مأمور گمرك .
٧٢ – سید امین (یوزباشی) رئیس له سوپای عراق بوبه سەرپەرشکاری انحصار له سلیمانی .
٧٣ – صالح زەکی توفیق (یوزباشی) زەعیم وقائدی فرقەی دوو له کرکوك ومدیری گشتیی خەتی شەمەندەفەر له عیراق.

٧٤ – رشید زەکی کابان (یوزباشی) مدیری مەکتەبی ڕوشدیەی عسکری لە بەغدادو لە سلێمانی بو بە مدیری معاریف – عراق –

٧٥ – مجید بك حاجی ڕسول بك (یوزباشی) رئیس لە سوپای عراق ورئیس تجنید لە سلیمانی

٧٦ – نزهت فتاح شەش خانە: (یوزباشی) پاشان بوو بە مامۆستا لە سلێمانی و هەولیر لە عیراق.

٧٧ – علی قادر ئاغا (یوزباشی)

٧٨ – دەرویش ئەفەندی (یوزباشی).

٧٩ – ڕەمزی فەتتاح (یوزباشی) مەرکەز قوماندانی قائیمقام لە شاری خانەقین.

٨٠ – جمیل ئەفەندی ئەمین ئەفەندی وەسمان ئاغا (یوزباشی)

٨١ – عبد القادر عزیز (یوزباشی) رئیس اول لە سوپای عیراق

٨٢ – عبد العزیز مصطفی یا ملکی (یوزباشی) عقید لە عیراق وسلکی خارجی (کوری حاجی مصطفی پاشا).

٨٣ – علی ملك (یوزباشی) لە ئەسارەت وەفاتی کردووە

٨٤ – علی شاهناز «یوزباشی»

٨٥ – نوری حمەو بەگ «یوزباشی» مقدم آمر حامیە لە سلێمانی ی عیراق..

٨٦ – ئاسەف نزهەت ئەفەندی (یوزباشی)...

٨٧ – ئەمین عریان (یوزباشی) خەزوری شێخ صالح شێخ محمدی حفید

٨٨ – کریم حق گاور (ملازم أول)

٨٩ – اسماعیل احمد یەكدەست (ملازم اول) لەموصل لە سەربان کەوتە خوارەوە دەستی شکا دوایی بڕیانەوە

٩٠ – احمد فهمی حاجی حسێن: (ملازم أول) لە سوپای عوسمانلی لەبەشی استخبارات، لە سوپای شێخ محمود کرابە میجر، دوایی بوو بە مدیری ناحیەی چەمچەماڵ.

٩١ – صالح عبد الرحمن قەفتانچی (ملازم اول) بوو بە مدیری مکتب لەسلیمانی... عیراق

٩٢ – حسون افندی (یوزباشی) باوکی حاجی مهدی ..
٩٣ – سعید ئەفەندی یوزباشی باوکی یحی ئەفەندیی ڕەسام
٩٤ – قادر ئاغای موزیقه. یوزباشی
٩٥ – فتاحی امینی عەتار ژنبرای شێخ محمود میرئالای وه له ئەستانبول کۆچی دوایی کردووه .
٩٦ – ڕشید ئەفەندیی عاصیه خان (یوزباشی) له حرکەی شێخ محمود لەشەڕی بەینی کوردو ئینگلیزدا له دەربەندی بازیان شەهیدکرا .
٩٧ – توفیق ئەفەندی باوکی صالح زکی (یوزباشی)
٩٨ – عزت طوبچی «یوزباشی» ئەفسەری لای شێخ محمودو رئیس لەسوپای عیراق .
٩٩ – قادر ئەفەندی قەرەداغی (یوزباشی) قوماندانی بلوکی سلێمانی بو له سوپای عوسمانلی دا
١٠٠ – اسماعیل حقی شاوەیس (یوزباشی) قائمقام لەعیراق
١٠١ – حەمەی میرخان (یوزباشی)
١٠٢ – ڕشیدی بکر ئەفەندی (یوزباشی) باوکی فؤاد ڕەشید
١٠٣ – کاکە امین (یوزباشی)
١٠٤ – محی الدین ئەفەندی مەلا موسی (یوزباشی)
١٠٥ – حاجی صالح ئاغا علی خان (یوزباشی)
١٠٦ – صدقی بەگی فاته شەلێ (یوزباشی)
١٠٧ – شوکت دەرویش ئەفەندی (یوزباشی)
١٠٨ – مصطفی شوقی (یوزباشی) ضابط تجنید له عیراق (عماره) وه خاوەنی گۆڤاری پەیژه ..
١٠٩ – ادهم ئەفەندی احمد ئەفەندی حاجی محمود ئاغا (یوزباشی)
١١٠ – ڕشید ئەفەندی امین ئاغا (یوزباشی) نوێنەری شێخ محمود لەگەل ملا عارف صائب چون بۆ ئێران بۆ شاری تەورێز نامەیان برد بۆ ڕووسەکان ناوبراو له سلێمانی بەنەخۆشی شێرپەنجه مرد .

١١١ – محمود جودت: (ملازم أول) له سوپای عیراق له ١٩٣٧/١١/٢٠ ئیعدام کرا لەسەر ئەوەی مدیری عامی مالیەی کوشت به دەمانچەیەك کە ناوی (عبد القادر سنوی) بوو

١١٢ – فائق کاکە امین (ملازم أول) ئەفسەر لەسوپای شێخ محمود، مقدم لەسوپای عیراق

١١٣ – ڕشید ئەفەندی حاجی برایم ئاغا (ملازم أول) برای خاڵە مچە لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا بریندارکرا، لەقاهرە لە خەستەخانە پێش ئەمەی دەربچێ تورەکەیەك لیرەی ڕشادیی ئەبێت لێی ئەدزن ئیترتێك دەچێ. دوای تەواو بوونی شەڕەکە دێتەوە بۆ سلێمانی بە سواری پایسکیل.

١١٤ – عبد الرحمن بەگی ڕشید پاشا: لەتورکیا نەهاتەوە تاڕوتبەی گەیشتە میرئالاێ.. لەوێ مردووە.

١١٥ – یحی عبد الرحمن عەمبەر ملازم اول لە ئەستانبول لە چەنەقەلعە شەهیدکرا.

١١٦ – رؤوف ئەفەندی امین ئەفەندی وەسمان ئاغا: ملازم اول فەرماندەی سەربازی دیوانی شێخ محمود، مدیری حسابات لەوەزارەتی دیفاع لە عیراق.

١١٧ – محمود ئاغا محمد ئاغا – ملازم أول – لە تورکیا کۆچیدوایی کرد. باوکی توفیق ورەفیق ئەمانیش ئەفسەری عوسمانلی بوون، دوایی ژنەکەی شووی کردەوە بە شەریف ئەفەندی باوکی ڕەشیدی مختار.

١١٨ – خسرو امین بەگ: ملازم اول بەگەنجی کوژوا

١١٩ – علی کوردی. ملازم اول مقدم لەسوپای عیراق.

١٢٠ – حەمەوفەنیمام ڕیش ملازم اول

١٢١ – علی جودت بەگ عزیز ئەفەندی لاوە، ملازم اول لە تورکیا مایەوە تا کۆچیدوایی کرد لە ئەستەموولێ، برای عبد الله حلمی پاشا

١٢٢ – شوکت بەگی عثمان بەگ (ملازم أول) مقدم لە سوپای عیراق

١٢٣ – ڕەزا ئەفەندی ملازم أول لە سوپای عوسمانلی بەمۆر هەڵکەند ئەناسرا باوکی مدیری ناحیە حەمە جمیل بوو

١٢٤ – محمود خاوەر ملازم أول . مقدم لە سوپای عیراق
١٢٥ – جمیل خاوەر : ملازم أول لە سوپای تورکو عیراق
١٢٦ – فهمی شانەگەر، بەناو بانگ بە (فهمی مزیل) مدیر ناحیەو ضابط تجنید لە عیراق
١٢٧ – توفیق فکرەت . ملازم أول لە عیراق بووبە بەڕێوەبەری قوتابخانە لەشاری سلێمانی.
١٢٨ – قادر سعید فتاح (قالەی ئایشێ خان) ملازم ثاني، لە شەڕی دەربەندی بازیاندا بەدیل گیرا ساڵی ١٩١٩. لەدوایی دا بووبە مهندس لە ئەشغال لە سلێمانیو هەولێر
١٢٩ – علی ئەفەندی ملازم ثاني لە عیراق بووبە موچەخۆر لە ئەشغال برای کاکە امین بوو.
١٣٠ – احمد فخري ملازم ثاني . مقدم لە سوپای عیراق برای محمد علی کوردی.
١٣١ – کامل حسن ئەفەندی ملازم ثاني . هاوکاری ڕاپەرینەکەی شێخ محمودی کرد لە شەڕی ئاوباریکدا. پاشان بووبە مهندسو مدیری ئەشغال لە سلێمانی.
١٣٢ – بهجت احمد نابلس . ملازم ثانی .
١٣٣ – رفعت احمد نابلس . ملازم ثانی خەڵکی سلێمانی بوونو لە شاری نابلس لە دایکبوون خاڵی فایەقی کاکە ئەمین بوون .
١٣٤ – یونس قادر چەچۆل – ملازم ثانی – لە شەڕی یەکەمی جیهاندا وونبوو.
١٣٥ – فهمی سعید ناڵبەند ملازم ثانی لە شەڕی یەکەمی جیهان ونبوو
١٣٦ – مصطفی محمد ئەفەندی خەجولە . ملازم ثانی رئیسی اول سوپای عیراق
١٣٧ – محمد قادر . ملازم ثانی برای عەلی قادر فراشی متوسطة ساڵانی ١٩٣٠ لە چەنەقەلعە لە تورکیا شەهیدکرا.
١٣٨ – محمود ئەفەندی ڕەسام ملازم ثانی باوکی محمد قدسی
١٣٩ – عبد الحمید عبد الغني قرەداغی ملازم ثانی مدیری پۆلیس لە سلێمانی عیراق

١٤٠ ـ علي سەروەت ملازم ثانی مدیری پۆلیس لە هەولێر عیراق
١٤١ ـ عبدالرحيم چەچەی مەلا نادر ملازم ثانی لە چەنەقەلعە شەهیدکرا.
١٤٢ ـ مهدی ملا ڕشید. ملازم ثانی لە چەنەقەلعە شهیدکرا
١٤٣ ـ هادی ملا ڕشید ملازم ثانی برابون لە چەنەقەلعە شهیدکرا
١٤٤ ـ عارف بەگی سعید ملازم ثانی رئیس لە سوپای عیراق دا
١٤٥ ـ علی ئەفەندی حاجی صالح ئاغا ملازم ثانی مدیر پۆلیس لە عیراق
١٤٦ ـ عزیز حکمت قزاز ملازم ثانی ئەفسەر لە سوپای شێخ محمود مقدم لە سوپای عیراق
١٤٧ ـ عزیز کوردی ملازم ثانی رئیس لە سوپای عیراق
١٤٨ ـ ابراهیم رووی ملازم ثانی
١٤٩ ـ حامد جودت ملازم ثانی رئیس لە سوپای عیراق
١٥٠ ـ رشید جودت ملازم ثانی عقید لە سوپای عیراق امر موقع البصرة.
١٥١ ـ فتاح ئەفەندی ملازم ثانی
١٥٢ ـ ڕمزی عبدالكريم قادر ئاغا ملازم ثانی لەشەری (قناتی سویس) لەگەڵ سوپای جمال پاشای سفاخ لەگەڵ تورکەکان لەدژی ئینگلیز بریندار ئەبێت. لە خەستەخانە للەشام ملیك فیصلی یەکەم پێش ئەوەی ببێ بە ملیکی عیراق سەر لە خەستەخانەکە ئەدات لێی ئەپرسێت ناوت چیە؟ خەڵکی کوێیت؟ ئەڵێ: ڕمزی عبدالكريم خەلکی سلێمانی لە عیراق.
١٥٣ ـ امین زهدی بەگ: ملازم ثانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە چەنەقەلعە شەهیدکرا. ئەم زاتە برای نوری بەگی گومرگ بوو.
١٥٤ ـ صدقي عباس احمد ملازم ثانی، مقدم ورئيس تجنيد لە سوپای عیراق لە شاری سلێمانی
١٥٥ ـ احمد فخری امین یا ملکی: ملازم ثانی مقدم لە سوپای عیراق قائمقام لە هەڵەنجە مدیری تجنید لە ناوچەی سلێمانی خۆشکەزای حاجی مصطفی پاشای یاملکی یە.

١٥٦ - ئیبـراهیم حەقی حاجی گوروون - برای عەونی‌یـە ئەفـەنـدیی حاجی گووروون (قەدەملی یوزباشی)، ئە ئەستەموڵ کۆچی دووایی کرد.
١٥٧ – محەمەد ڕەمزی ئەحمەد بەگ: مامی جەمیلی سەعید بەگ (قەدەملی یوزباشی) لە ئەستەمووڵ کۆچی دووایی کردووە.
١٥٨ – تۆفیق ڕەمزی (بینباشی) لە چەمەقەلعە کۆچی دووایی کردووە.
١٥٩ – محەمەد زەکی مەعرووف سوور (میر ئاڵای) لە ئەستەمووڵ کۆچی دووایی کردووە.
١٦٠ – فەوزی بەگ (بینباشی) لە ئەنقەرە کۆچی دووایی کردووە.
١٦١ – ئەنوەر بەگ (میر ئاڵای). ئێستا لە ئەستەمووڵ خانەنشینە.
١٦٢ – عارف حیکمەت (قەەملی یوزباشی). لە نەوەی بابانەکانە، لە ئەستەمووڵ کۆچی دووایی کردووە.
١٦٣ – هادی ئاڵتای (میر ئاڵای). لە نەوەی بابانەکانەو خزمی عارف حیکمەتە.
١٦٤ – ڕەشید سەلیم ئەفەندی (یوزباشی). لە ئەکشیر کۆچی دووایی کردووە.
١٦٥ – عەلی یاوەری حاجی فەتتاح ئەفەندی (قەدەملی یوزباشی). خاڵی تاهیر بەگی جەمیل بەگی بابان.
١٦٦ – عەلی غالبی عەبەی ڕێحان (بینباشی). لە مەرسین کۆچی دووایی کردووە.

## ئەم ئەفسەرانەی لای خوارەوە
## نازانین روتبەیان چی بووە؟

١ – حەمەی محەی قالە بچكۆڵ
٢ – عزیز ئاغای حسین ئاغا
٣ – فهمی سعید
٤ – مەحموود سامی حاجی کەریم ئاغای رۆقیە.
٥ – نوری محی الدین ئەفەندی مدیر شرطة لە ئەاستەنبول کوڕی خاڵی ئەورەحمانی حاجی عزیز وەکیلی سنگەر
٦ – ادیب ئەفەندی حاجی عارفی مستۆ.
٧ – فرج صالح رەندان برای عەبەپشی
٨ – احمد کمال ملاغفور لە زەمانی سفربەلك دا لە شاری باکۆ شدهیدکراوە.
٩ – محمد غالب چنگیانی
١٠ – کمال عیرفان برای جمال عیرفان ئەمیش لەشەری سەفەر بەلكدا لە ولاّتی تورکیا شەهیدکراوە.. ئەفسەری روکن و مدفعی بووە.

**تێبینی**

لەساڵی ١٩١٧ی زاینیدا مصطفی بهجت دەروێش ئەفەندی ، لەگەڵ علی ئیحسان پاشادا هاتن بۆ سلێمانی بەئوتۆمبێل بۆ سەرپەرشتی جەنگی نێوان (تورك) و (روس). لەناوچەی ئێران لە ماڵی حاجی ملا سعید کەرکوکلی زادە بەرامبەر مزگەوتی دوو دەرگا بوون بە میوانی . مصطفی بهجت کە خاڵی فەرەجی حەمە سێوە ، لای خزمەکانی وتوویەتی پتر لە ١٥٠ ئەفسەری کورد لە تورکیا نەهاتوونەتەوە وە خۆیشی چووەوە بۆ تورکیاو نەهاتۆتەوە . ناوبراو روتبەی گەیشتە میرئالای و جگە لەو زۆر کەسی تریش نەهاتوونەوە پلەیان بەرز بۆتەوەو نەوەیان لەوێ پەرەی سەندووە هەتاکو ئێستا ماڵ و منداڵیان هەر لەوێ ماون.

ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانی



سەعید پاشای حسەین
پاشا خەندان



سلەیمان بەگ حسەین
پاشا خەندان



عیزەت بەگ حسەین
پاشا خەندان



فؤاد پاشای سەعید
پاشا خەندان



شەریفە پاشای سەعید
پاشا خەندان



موستەفا پاشا یامولکی

١١ – قادر ئاغای توفیق ئاغا: ئەندازیاری شارەوانی بووە..

١٢ – عزت ئەفەندی: سەرۆکی ئەندازیاری شارەوانی بووە

١٣ – کریم بەگی سعید بەگ: دوای عزت ئەفەندی ئەم سەرۆکی ئەندازیارانی شارەوانی بووە

١٤ – مصطفی صائب: ئەندازیاری شارەوانی بووە

١٥ – محمد امین ئەفەندی: ئەندازیاری شارەوانی بووە

١٦ – جلال میرزا: ئەندازیاری شارەوانی بووە.

**سەرچاوە:**

زۆریان لەکەس و کاریانەوە ئەوانی تریش کە لە شارەوانی بوون کەڵك لە تۆمار (سجل) ی ئەودەمەی شارەوانی وەرگیراوە.

**تێ بینی:**

ئەم ئەندازیارانە شەهادەی هەندەسەی ئەوسایان هەبووە، ئەندازیاری ئەو کاتە بوون هەندێکی کەمیشیان ئەوەشیان نەبووە، ئەوسا لە بەغدا قوتابخانەی ئەندازیاری هەبوو ئەم ئەندازیارانە زوربەیان ئەفسەر (ضابط)ی زەمانی تورك بوون...

## هەندێ لە پارێزەرە کۆنەکان

ئەو پارێزەرانەی کە لە کۆندا هەبوون هەتاکو دووایی ساڵانی چل زوربەیان خوێندوویانەو شەهادەی حقوقیان هەبووە ، چ لە عیراقدا یان ئەستەموول بووبیت بەڵام هەندێکی تریان خوێندنیان تەواو نەکردووەو شەهادەکەیان وەرنەگرتووە... بەڵام لەبلیمەتی خۆیان توانیویانە کە محامات بکەن... ئەمەش ناوەکانیانە.

١ – حاجی توفیق (پیرەمێردی شاعیر) یەکەم کەس بووە کە شەهادەی حقوقی هێناوەتەوە لە ئەستەموولێ بەڵام محاماتی نەکردووە.
٢ – عبد اللەی شێخ قادری شێخ سەلامی قاضی پیێان دەوت عادل ئەفەندی لە ساڵی ١٩٢٠ – ١٩٢١ دا محاماتی کردووە
٣ – احمد گۆساڵە: برازای مامەیارە (کەگردی مامەیارەی بەناوەوەیە).
٤ – شێخ عارف قەرەداخی
٥ – احمد فائق توفیق ئەفەندی
٦ – رفیق ئەفەندی تۆفیق ئەفەندی
٧ – فتاح ئەفەندی مامە خەلانی
٨ – علی مامە شێخ (شێخە)
٩ – نجیب ئەفەندی فتاح ئەفەندی
١٠ – ابراهیم ئەفەندیی فتاح ئەفەندی
١١ – اسحاق شاول
١٢ – اسحاق میر

# وێنەگرەکان

وێنەگرتن هونەرێکی تازەو رێك‌وپێك‌بوو. لەزەمانی عوسمانلی لەسلێمانی دا نەبووە، بۆیە خەڵکی ئەو دەمە لە شارانی ئەستەموول‌و بەغدا وێنەیان دەگرت. دوای داگیرکردنی ئینگلیز لە سلیمانی پیشەی وێنەگرتن پەیدا بوو.

شایانی باسە بۆمێژوو کە یەکەم ئامێری وێنەگرتن لەلایەن مێژوو نووسی کورد حسین حزنی موکریانی‌و کابرایەکی لوبنانی‌یەوە هێنرایە سلێمانی، شێخ لەتیفی دانساز لێی‌کڕین ، لە زەمانی شێخ مەحموددا بەکاری دەهێنا بۆ ئیش‌و کاری خۆیان وەك گرتنەوەی نوسین (استنساخ) دوایی ئەو ئامێرەی فرۆشت بە یحیا ئەفەندی‌ی ڕەسام، ئیتر هەر ئەو بۆ وێنە گرتن بەکاری دەهێنا.

ئەم بەسەرهاتە شێخ عبد اللە‌ی کوڕی شێخ لطیفی دانساز بۆی گێڕامەوە ئەویش لەباوکی‌یەوە بیستبووی

## وێنەگرەکان‌و شوێنەکانیان

١ – فانوس‌و ئەجیٚ، ئەرمەنی بوون وشەریك بوون. بۆ ماوەی یەك دووساڵ مانەوە شوێنەکەیان بەردەرکی سەرابوو، لە پێش شەری شەشی ئەیلوولی ڕەش دا.

٢ – نووری جوولەکەبوو، تەنیشت مزگەوتی موفتی بەرامبەر قوتابخانەی (فیصلیة) بوو.

٣ – یەهودا : ئەمیش جوولەکە بوو بەرامبەر حەوشی سەرا ، لەماڵی حەسەنی
دەوڵەت کە ئێستا بانقی رافیدەینە، لەحەوشەکەدا وێنەی دەگرت.. هەر لەو
ماڵەدا خنکانیان چونکە پارەیان پێ ّشك دەبرد.
٤ – محمود ئەفەندیی ڕەسام ، باوکی محمد قدسي شەهید. وەختی خۆی
ئەفسەری عوسمانلی دەبێت ، پاش نەمانی ئەو دەوڵەتە لەشارەکانی قدس و عمان
جێگیر دەبێت ژن دێنێت پاش ماوەیەك ئامێرێکی وێنە گرتن پەیدا دەکات
دەیهێنێت بۆ شاری سلێمانی ،شوێنەکەی بەرامبەر حەمامی فاطمە خان بوو .
٥ – یحیا ئەفەندیی ڕەسام .لەکۆڵانی بەرامبەر حەوشی‌سەرا .
٦ – شێخ مصطفی شێخ سعید بەرامبەر قاپیی سەرا شوێنەکەی ئێستای .

## مەیخانەچیەکان

ئەمەش لیستەی ناوی مەیخانەچی یەکانی سلێمانیو شوێنی کارەکانیانە...

١ – جۆرج – یەکەم مەیخانەچی بوە، لە بەردەرکی سەرا

٢ – ئیسطیفان – خوار سینەمای سیروان بەرامبەر چێشتخانەی تارا.

٣ – عەبدی گەورە – جوولەکە بووە خوار سینەمای سیروان بەرامبەر چێشتخانەی تارا.

٤ – عەبدی بچووك – جوولەکە بووە خوار سینەمای سیروان بەرامبەر چێشتخانەی تارا.

٥ – ئادەم – جوولەکە بووە خوار سینەمای سیروان بەرامبەر چێشتخانەی تارا.

٦ – جرجیس : سەرەتای شەقامی صابونکەران، بەرامبەر گەراجی عەبدە.

٧ – طۆبیا: دەرکی گەراجی عەبدە..

٨ – ئۆفیك: صابونکەران سەروو جرجیس.

٩ – کەسپەر: جادەی مەولەوی بەرامبەر بیناکەی توفیق قەزاز.

١٠ – سرکیس ئەفەندی: سەرپردەکە بەرامبەر ئاشی مەلا فەیزی.

١١ – کامل: جادەی مەولەوی تەنیشت حسینی حاجی وەلی.

١٢ – نوئیل: جادەی مەولەوی بەرامبەر شیخەی نوقول تەنیشت میخائیل ساکو.

١٣ – نیسان: خوار سینەمای سیروان بەرامبەر چێشتخانەی تارا.

١٤ – ئاوەل چاوەش خوار سینەمای سیروان بەرامبەر چێشتخانەی تارا.

(تیٚبینی) :

عارەق‌و شەراب خەلك لەزەمانی توركدا لەماڵە جولەكەكان‌و گاورەكان بەدزی‌یەوە دەیانكری‌و دەیانخواردەوە چونكە قەدەغە بوو.. بەڵام كە ئینگلیزهات پاش بۆردومانەكە لە ساڵی ۱۹۲۵دا یەكەم مەیخانەكرایەوە لەبەردەركی.سەرادا، كابرایەكی ئەرمەنی بەناوی (جۆرج) عارەقی بە قەرا بە لە گومرگ وەری دەگرت‌و دەیكردە قاپەوە، بەرەحەتی تیٚی دەكرد و بە تەپە دۆر سەری دەگرت‌وقاپی دەدا بەنیوروپیٚ واتە ۳۷٫۵ فلس هەروەها قەرابە تەنەكەش هەبوو وەشووشەش هەبوو لەشیٚوەی ئیسطوانەی غازدا بەڵام ملەكەی باریك بوو..

«نرخی خواردنەوە.. لەساڵی ۱۹۳۰ تا ۱۹٤۰ : قاپی عارەق بە (۷٥) فلس بوو قاپی شەراپ ٤ عانەبو = ۱٦ فلس

لەساڵی ۱۹٤۰ تا ۱۹٥۰ : قاپی‌عارەق بە ۱٥۰ فلس بوو قاپی شەراب بە ٥۰ فلس بوو.. قاپی ویسكی بەیەك دینار بوو..

لەساڵی ۱۹٥۰ – ۱۹٦۰ : قاپی عارەق بە ٤۰۰ فلس بوو قاپی شەراب بە ۱٥۰ فلس بوو قاپی ویسكی بە ۱٫٥۰۰ قاپی بیرە ۱۲۰ فلس بوو..

(بیرە لە ساڵانی پەنجادا لە سلیٚمانی پەیدابوو) .

## سکالاٚ نووس
## یان
## ئەرزوحاڵچیەکان...

١ – مەلا عەلی مەڵکەندی، لەدوکانەکەی خۆیدا بەرامبەر حەوشی سەرا.

٢ – عارف ئەفەندی

٣ – خالد بەگ

٤ – شێخ حەمەامین

٥ – مەلا ئیسماعیل

٦ – طلعت

٧ – عومەرە شەل

٨ – جاوید

٩ – ئەسعەد رەباتی

١٠ – عوسمان دانش

ئەمانە هەموو لەناو حەوشی سەرادا کورسیو مێزیان دانابوو ئەرزوحاڵیان بۆ خەلك دەنووسی..

## عەرەبانەو عەرەبانەچی یەکان

لەکاتی خۆیدا عەرەبانەی (پایلی) دوو ئەسپی ، لەناو شاردا بەکار دەهێنرا بۆ هاتوچۆو گواستنەوەی خەڵك، ئەوکاتە ئۆتومبێل نەبووە لە شاردا وەتەنانەت جادەش نەبووە وەهەر عەرەبانە بەکۆڵانەکاندا دەگەڕا، لەپێشدا لەلایەن شارەوانی یەوە نرخیان بۆ دادەنرا بەپێی ئەو شوێنانەی هاتو چۆیان پیا دەکرد. لەدوای ئەوەی کە یەکەم جادە کرایەوە ساڵی ١٩٣٨ هەتا دوای ساڵانی شەستەکان هەر عەرەبانە لەناو شاردا باوی بووو، بەکار دەهات بەڵام ئۆتۆمبێل بە زۆری بۆ دەرەوەی شار بەکاردە هێنرا زۆرجار خەڵك هەر بەئارەزوو بۆگەڕان ئێواران سواری عەرەبانە دەبوون بەناو شاردا دەگەڕان، جارجار بۆ قەراغ شاریش دەچوون، خۆ بە تایبەتی منداڵان لەجەژنا هەر سواری عەرەبانە دەبوون بە چەپڵە لێدانو گۆرانی وتن بەناو کۆڵانو جادەدا دەگەڕان. زۆر جاریش باو بوو کە منداڵان رایان دەکرد بەدوایٚ عەرەبانەدا و خۆیان بەدوا کەیدا هەلدەواسیو منالانی تریش کە چاویان لیٚدەبوو هاواریان دەکرد: مامەکە قامچیەك بۆ دواوە..! ئەویش قامچیەکی دەهاویشتو مندالەکە خۆی بەر دەدایەوە، زۆرجاریش منداڵان بەدرۆ بیٚ ئەوەی کەس بەدوای عەرەبانەکەوە بێت بۆ ڕابواردن هاواریان دەکرد ئادەی خاڵە گیان قامچیەك بۆ دواوە.

ئەودەمە زۆر ئافرەت ڕووی نە ئەهات بە جادەدا هاتوچۆ بکات و بچێت بۆ ماڵان ، لەبەر ئەوە منالیکیان دەنارد عەرەبانەیەکی دەهێناو لەبەردەم ماڵەکەدا ڕای دەگرت ئینجا ئافرەتەکان سواری دەبوونو پیٚی دەڕۆیشتن بۆ شوێنی دیاری کراویان.

دروستبوونی عەرەبانەش لەسەرەتای ساڵانی سیدا بوو..

ئەمانەش نموونەی هەندێك لەو عەرەبانچیانەن کە لە کاتی خۆی‌دا عەرەبانەیان هەبووە..

١ – توفیقە کوێر: ئەمە یەکەم کەس بوو کە لە کەرکووکەوە عەرەبانەی هێنا بۆ سلێمانی:
٢ – علی بەگ
٣ – مولود
٤ – عمرە سوور
٥ – وەستا محمد
٦ – صالح میراو
٧ – علی فایز
٨ – قالەی‌حاجی ئەورەحمان
٩ – مام سلیم
١٠ – حاجی غریب
١١ – عەبەی حاجی قادر
١٢ – حسن قادر
١٣ – صابر
١٤ – مام صالح
١٥ – صدیق
١٦ – علی قمر
١٧ – حەمەقرگەیی
١٨ – عەول کەریم
١٩ – جەلالی عەلی فائز
٢٠ – رؤوفی عەلی فائز
٢١ – غریبی عەلی فائز
٢٢ – جمالی عەلی فائز: برابوون
٢٣ – مطلبي عەلی بەگ

٢٤ – محمدی عەلی بەگ
٢٥ – صلاحی عەلی بەگ: برابوون
٢٦ – حمه امین (مینەکوێر)
٢٧ – ڕەشەی مینه (ڕەشەکەچەڵ) ئەمدووانه برابوون
٢٨ – عثمانی ڕەشەجووته
٢٩ – عومەری ڕەشەجووته: برابوون
٣٠ – مەلاعەلی
٣١ – عوسەیغەزێم: برابوون
٣٢ – حمه امین ئبیراهیم
٣٣ – خلەی عەڕەبانچی.
٣٤ – عثمانی عومەرەسوور
٣٥ – عوسەی حەپسه
٣٦ – عثمان قەرەتوغانی
٣٧ – عەلی زبه: ئەمدووانه برابوون
٣٨ – ڕەحمان مەولوود

## ئۆتۆمبیل چیەکان

### ئوتومبیل چیەتی لە سلێمانی:

لە ساڵی ١٩١٩ی زاینیدا لەزەمانی میجەرسۆندا لە سلێمانی ئوتومبیل هاتە سلێمانی یەوە. شوێنێکیان تەرخانکردبوو بۆ فێربوونی ئوتومبیل و مەکینە چاکردن، بەو شوێنەشیان دەوت (مهندسخانە). لەماڵی احمدبەگی فتاح بەگ (حەمدی) ی شاعیردا بوون کە بەرامبەر ماڵی حەمەی ئەورەحمان ئاغا بوو، مهندسێکی ئینگلیزیان لەگەڵدا بوو.. کە ناوی مارزدین بوو... هەروەها ماوەیەکی تریش ماجد مصطفی سەرپەرشتی دەکردن.

هەروەکو محمودی قالە شەوقە بۆی گێرامەوە کە ئەوانەی لەوێ ئیشیان دەکرد یەکی مانگی (٥٠) روپی یان هەبووە، زۆریان خەڵکی شارەکە بوون کە لەدوایی دا ناویان دەبەین. ئەمانە زۆریان وازیان لە ئۆتومبێل چێتی هێناو هەندێکی تریشیان بەردەوام بوون لەسەری، گەلێك لە خەڵکی تر لەمانەوە فێربوون.. ئەوەی شایانی باسە کۆمەڵە ئوتومبیل چیەکی ئەرمەنی و ئاسووری هەبوون لە سلێمانی... ئەمانە لە جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە کە لە تورکیا کەوتنە لێدانی ئەرمەنی و ئاسوری یەکان ئەمانیش ناچار هەڵهاتن هەندێکیان روویان کردە کوردستانی عیراق و زۆریان لە سلێمانی جێ نشین بوون. پاش چەند ساڵێك دوای ئەوەی کە ئەو مەڵبەندە کرایەوە هەندێك لەخەڵکی سلێمانی فێری ئۆتۆمبیل چێتی بوون لەدوایی دا هەر لەمانەوە ئەرمەنی و ئاسوری یەکان فێربوون.

ئەم باسەمانکرد لە بابەت چونێتی ئوتومبێل کە هاتە کایەوە بەڵام باباسێك بکەین لەسەر ژیانی یەکەم شۆفێری شاری سلێمانی و مامۆستای یەکەم دەورەی شۆفێری.

لەساڵی ۱۹۱۹ی زاینیدا هەروەکو باسمان‌کرد مێجەرسۆن بوو بە حاکمی سیاسی لە سلێمانی دا. ئەمیش دوو شۆفێری هیندیی لەگەڵا بوو.. لەبەرئەوەی ئەم دوو شۆفێرە ئۆتۆمبیلەکانیان بە شکاوی لای تاسلوجەو کەندەکەوەوە بەجێ هێشتووە نەیانزانیبوو چاکی بکەنەوە هەردوکیانی بەدەست بەسەری ناردنەوە بۆ بەغدا وەداوای لێکرد بوون کە ئۆتومبێل چی‌یەکی زۆر باشی بۆ بنێرن بەمەرجێك میکانیکی‌یەکی باش بێت وە هەروەها ئینگلیزی یەکی چاکیش بزانێت.

هەر لەم کاتەدا لاوێکی هیندی میکانیکی زان تازە هاتبووە بەغداوە هەموو رۆژێك بەفەرمانی عەسکەری لە ئوردوگای هیندی‌یەوە واتە (معسکر رشید) بە ئۆتومبیلە عەسکەری‌یەکەیەوە دەچوو بۆ (باب المعظم). لەبەر ئەوەی کە ئەم لاوە زۆر بەرەحم بووە لەرێگای خۆی‌دا هەرچی پیرو منداڵو ئافرەتێکی بەدی بکردایە، سواری دەکردن لەسەر ئەم کردارە لێپرسراوەکەی کە باش‌چاوەشێکی ئینگلیزی دڵ‌رەق دەبێت. رقی لێ هەڵدەگرێت. کەداواکەی میجەرسۆن دێتە لایان. ئەم ئینگلیزە دڵرەقە ئەو لاوە هیندی‌یە بانگ دەکاتو پی‌ی دەڵێت: ئەوا ناوی تۆی بەرەحم‌درا بەو کاربەدەستانە کەبت نێرن بۆ لای بی‌رەحمێکی زۆر توند کە حاکمی شارێکە کە زۆر دوورە لە بەغداوە. هەر بەم جۆرە پاش چەند رۆژێك (گوگوڵ جان مکورجی) دەکەوێتە رێ لەبەغداوە بەرەو شاری سلێمانی ئەو شارەی کە خۆشی‌ویست. هەرگیز بەجی‌ی نەهێشت، وەلەو رۆژەوەی کە هات کە لە مانگی مارتی ۱۹۱۹ز یەوە مایەوە هەتاکو رۆژی پێنجشەممە ی. رێکەوتی ۱۸/۱۲/۱۹۸۰ کە وەفاتی کرد وە لە خاکی پاکی گردی سەیوان نێژرا... گوگوڵ‌جان - خەڵکی شارێکی نزیك (کلکەتا) یە لەناوچەی بنگاڵ لە هیندستان... باوکی بەوەزیفە گوێزراوەتەوە بۆ شاری (گایا) کە شارێکی گەورەیە لە هیندستان، لەوێ لە ساڵی ۱۸۹٤ز لەدایك بووە... وە چۆتە قوتابخانەی گەلی فێری خوێندنو نوسین بووە... هێشتا منداڵ بووە کە نەخۆشیی تاعوون بڵاوبۆتەوە دایكو باوكو چەند برایەکی بەو دەردە رۆیشتبوون وەئەویش لە تاودا بەدەشتو لادی‌دا ئاوارە بووە.. تا دوایی لە ماڵی خزمێکی لە کەلکەتا گیرساوەتەوە. پاش ماوەیەك هەر بەو منالی‌یە لەبەر پۆستەخانەی مەرکەزی‌دا بووە بە ئەرزوحاڵ نووس، لەپاشان بووە بە جابی لە (ترام

وای) تا جارێك لەگەڵ دەست و پێوەنەکەی (تاغور) کە خەڵکی ناوچەی خۆیان بوون چووە بۆ کشمیر هەندێك هۆنراوەو حیکمەتی ئەم فەیلەسووفەی لەبەربووە.

لەرۆژی ۱۹۱۸/۱۲/۱ ز دا چۆتە قوتابخانەی ڕاهێنانی عسکری لە شاری (ڕاوڵ پەندی) فێری میکانیکی ی ئوتومبیل و لێخوڕینی بووە، پاشان ناردوویانە بەرەو شاری (بەصرە). ئینجا با باسی گەشتەکەی بکەین بۆ سلێمانی: بۆ رۆژی دووەم لە گەیشتنی کاك مکورجی بۆ سلێمانی (میجەرسۆن) گوێی لە ڤرەڤری ئوتومبیلێك دەبێ وە لە پەنجەرەی ژووری دائیرەوە سەر دەردێنێت، یەکێك لەدوو ئوتومبیلەکەی خۆی دەبینێت و سەری سور دەمێنێت. دەنێرێت بەدوای مکورجی دا.. (مکورجی لەقەبی خێزانەکەیانە لە بەنگال) پی ی دەلێت: چۆنت ئەم ئوتومبیلە چاك کردەوە؟ پارچەکانیت لەکوێ بووە؟.. لەوەلامدا موکرجی دەڵێت لە پارچەی ئەویان ئەمیانم تەواوکردەوە بەمیان ئەوی تریانم ڕاکێشا هەتا گەیشتمە مهندس خانە پاشان بە شێنەیی ئەویشیان چاك دەکەم.

سۆن – بەم وەلامە زۆر دڵخۆش دەبێت فەرمان دەدا کە ڕێ‌وشوێنێکی زۆرچاکی بۆ تەرخان بکەن. زۆر ڕێزی لێ دەگرێت.. بە هۆی توانایی مکورجی یەوە لەسەر فەرمانی حاکمی ناو براو بڕیار دەدرێت بەکردنەوەی دەورەیەکی شۆفێری بۆ یەکەمجار لەشاری سلێمانی لە بەهاری ساڵی ۱۹۲۰ ز هەر بۆ ئەم مەبەستە جاڕ دەدرێت وە لە رۆژنامەی ئەو رۆژەی سلێمانی دا بلاودەکرێتەوە. وردەوردە لاوانی شار خۆیان ناونووس دەکەن، روو دەکەنەمەڵبەندی دەورەکە کە لە مهندسخانە بوو... (بۆ مەبەستی بلاوکردنەوەی کورتە باسێك لەسەر ژیانی یەکەم شۆفێری شاری سلێمانی و مامۆستای یەکەم دەورەی شۆفیری، بەڕێز مامۆستا «کمال گوگول جان مکورجی» لەرۆژی ۱۹۷۹/٤/۲۷ لەو بابەتانەوە وەختی خۆی گەلێ پرسیاری لە باوکی کردبوو.. نەقابەی کرێکاران هەندێکی کەمی لێ بلاوکردەوەو دیاری یەکی بچووکیشیان بۆ بردبوو بۆ ماڵەوە پێش‌مردنی بەماوەیەك جالەو رۆژەدا واتە ۱۹۷۹/٤/۲۷ کاك مکورجی ناوی ئەم کەسانەی بەیاد کرد کە لە لاوانی شارەکەمان بوون وە لەو دەورەیەدا بەشداریانکرد بوو..) ئەمەش ناوەکانیانە:

مەلای ئوتومبێل چی

عەبدەی ئۆتومبێل چی
محمودی قاله شەوقه: كه به ناوبانگ بووه بەوەی كه وتوویەتی: «خۆتان بگرن باز دەدەم».
عەلی چاوەش‌و كوڕەكەی، كه خەڵكی كانیسكان بوون..
محمود شوكت دانساز
نامق ئاغا..
فتاحی چایچی‌ی برای دەروێش ئەمین
جمالی برای أدیب ئەفەندی
عەبەی برای مەلای ئۆتومبیل چی
علی ناجی..

* * * *

لەرۆژی ۱۹۲۱/۲/۳۰ له سەر داوای خۆی لەسلێمانی وازی له عسكری هێناوه به سفەتی مەدەنی (سویل) لەئیشەكەی خۆی‌دا ماوەتەوه هەتا سەرەتای مانگی ئەیلوولی ساڵی ۱۹۲۲، له كاتێكا به ناچاری ئینگلیزەكان شاری سلێمانی‌یان بەجێ هێشت.. بەلاّم هەرمایەوەو ورده ورده دەستی‌كرد بەكاسبی و چەند ئۆتومبیلێكی تازەی كری‌و خستنیه سەر ئیش له نێوان سلێمانی‌و كەركوك، كەركوك‌و هەولێر، كەركوك‌و كفری وه رۆژ به رۆژ باری ژیانی باشتر دەبوو هەروەها حەپسەخانی نقیب‌و شێخ محمودی نەمر زۆریان خۆش دەویست ناویان‌نابوو (غفور) وه بەغفور هنیدی ناوبانگی دەركرد یان غفوره رەش.. پاش گەڕانەوەی شێخ محمود لەهیندستان وه گەیشتنی بۆسلێمانی رۆژی ۳۰ ئەیلوولی ۱۹۲۲ز بوو به حوكمداری كوردستان كاك غفور ئۆتومبیلێكی تازەی پێشكەش دەكات، ئەویش لێی‌وەر دەگرێت بەلاّم پارەكەی بۆ رەت دەكاتەوەو داوای ئەوەی لێ‌دەكات كه خۆی له سەری بێت. هەموو جارێ له رۆژی هەینی كه به مەوكیبێكی رێك‌وپێك كه له چەند سوارێك لەپێش ئۆتومبیلەكەوه وه چەند سوارێكیش له دوای ئۆتومبیلەكەوه پێك‌هاتبوو.. جەنابی مەلیك دەبرا بۆ مزگەوتی كاك ئەحمەدی شێخ..

لەرۆژی ٨/کانوونی دووەمی ١٩٢٣ بە ئوتومبیلەکەیەوە بەشداری دەکات لە بەرەوپیر چوونی پاڵەوان (ئیسماعیل ئاغای سمکۆ) سەرکردەی شۆرشگێرانی کورد لەئێران.

کاتێك فرۆکەکانی ئینگلیز شاری سلێمانی بۆردومان دەکەن کاك غفور بە ئوتومبیلەکەی شێخ محمودو شێخ لطیفی کوری سواردەکاتو بەرەو بەرزایی یەکانی (وێڵەدەر) کەوتنە رێ، وە لە رێگا ئوتومبیلەکەی دەیدات لە تاشە بەردێكو گرمەی لێ هەڵ دەسێت.. دادە بەزنو بەپێ دەرۆن هەتا بەرزایی وە لە وێوە تەماشای گرودوکەڵی شاری هەڵمەتو قوربانی دەکەن کەچۆن خانوەکانی دەسووتێنن بە بۆمبای ئیستیعماری ئینگلیزو دوژمنی کوردو کوردستان. غفور مکورجی هەتا کۆچی دوایی کرد هەربەوەفابوو بۆ شێخ وکەسانی ناوداری ئەو دەورەو خەڵکی شاری سلێمانی. لە ١٩٦٩/٣/٣١ ئیجازەی شۆفێریی تەواوبو لەکۆتایی ١٩٦٨ دا وازی لەکارهێنا دوای (٥١) ساڵ خزمەتی رەبەق وە لە ١٩٨٠/١٢/١٨ کۆچیدوایی کرد...

●

# ئۆتومبیل‌چیە کۆنەکان هەتاساڵی ١٩٦٠

ئەمەش لیستەی ناوی ئۆتۆمبێل چیەکانن کە لە ڕێگاوبانەکانی دەوری سلێمانی ئیشیان کردووە ، هەروەها جۆری ئۆتومبیل‌کانیان دیاری کراوە بەم شێوەیە :

١ – غفور هیندی : ڕێگای هەڵەبجە بەقەمەرە .

٢ – عبدەی ئۆتومبیلچی (عبدە امین) : ڕێگای پێنجوین بەقەمەرە .

٣ – مەلای ئۆتومبیلچی : ڕێگای هەڵەبجە لۆری .

٤ – گەرەبێت : ڕێگای پێنجوێن بەقەمەرە .

٥ – شەرام : ڕێگای پێنجوێن بە لۆری .

٦ – پەترۆس : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .

٧ – یوسف پشیلە : ڕێگاری بەکرەجۆ: پاص‌قەمەرە .

٨ – عەبەرەشی ئۆتومبیلچی : ڕێگای هەڵەبجە بەپاص .

٩ – سەنەکریم : ڕێگای هەڵەبجە: لۆری .

١٠ – ئاگۆب : ڕێگای کەرکوك: لۆری .

١١ – بارلیف : ڕێگای قەلادزە: لۆری .

١٢ – کەسپەر : ڕێگای هەڵەبجە: قەمەرە .

١٣ – کیغام (برای کەسپەر) : ڕێگای هەڵەبجە: پاص قەمەرە .

١٤ – شاهین ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری.

١٥ – عیسایی : ڕێگای هەڵەبجە: بە پاص .

١٦ – سامی بەگ : ڕێگای کەرکوك: لۆری .

١٧ – وەستاشفیق : ڕێگای کەرکوك: لۆری .

١٨ – عەبەقصاب : ڕێگای قەڵادزە: لۆری .

١٩ – عەبەی حاجی محی الدین : ڕێگای پێنجوێن قەمەرە .

٢٠ – ئەحەخورشە : ئوتومبیلچی لای شیخ محمود .

٢١ – کریمی ئیام : ڕێگای هەڵەبجە بەپاص .

٢٢ – ئەحەی ئیمام : بران: ڕێگای تەینالْ بەقەمەرە .
«بەم قەمەرەیە دەوترا کەری ماستەکە» .
٢٣ – ئەورەحمانی ئیمام : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
٢٤ – حسن زاخۆیی : ڕێگای بەکرە جۆ بەپاص قەمەرە «بەم پاصە ئەوترا خەرەکە شکاوی بەکرەجۆ» .
٢٥ – حەمەرووت : ڕێگای هەڵەبجە بەلۆری .
٢٦ – خەمۆ : ڕێگای کەرکوك قەمەرە .
٢٧ – یوسفە سوور : ڕێگای هەڵەبجە: قەمەرە .
٢٨ – بەهجەت حەسینە : ڕێگای کەرکوك: لۆری .
٢٩ – بارۆن وەرتان: ڕێگای قەڵادزە لۆری .
٣٠ – هەوشار .
٣١ – متی: ڕێگای پێنجوین لۆری .
٣٢ – میشایل برابوون.
٣٣ – علی مارکونی ڕێگای تاسڵوجە قەمەرە .
«ئەمیش هەر پێی دەوترا کەری ماستەکە» .
٣٤ – صالح عەرەب: ڕێگای کەرکووك بە پاص .
٣٥ – سعید عەرەب برابوون .
٣٦ – علی شاپوور : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
٣٧ – حەبیبە گەورە ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
٣٨ – علی عەجەم : ڕێگای پینجوین بە لۆری .
٣٩ – سەعەشێت : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٤٠ – توفیق تەیارە : ڕێگای کەرکووك بەقەمەرە .
٤١ – محمد عەجەم : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٤٢ – محمد شاملی : ڕێگای قەلادزە بە پاص .
٤٣ – شێخ سلمان : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٤٤ – علی [illegible] : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .

٤٥ – احمد عەجەم : ناوشار بە لۆری .
٤٦ – علی جوولەکە : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
٤٧ – قارچك : ڕێگای پینجوین بە لۆری .
٤٨ – نیرسیس : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٤٩ – سێمون : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٥٠ – پاپەتی : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٥١ – ئەوانیس : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٥٢ – یوسفە کەچەڵ : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٥٣ – ئاڵتون : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٥٤ – گورگین : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٥٥ – ئەپریم : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٥٦ – وانە : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٥٧ – برایم ئاڵتوون : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٥٨ – داود ئیبراهیم : ڕێگای پێنجوێن بە لۆری .
٥٩ – ئیشۆ ئیبراهیم : ڕێگای بەغدا بە لۆری برابوون .
٦٠ – بارلیڤ : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٦١ – کریکۆرە شەل : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
٦٢ – بارۆن کریکۆر : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
٦٣ – جمال رفعت : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٦٤ – جمیل گورون : ڕێگای هەڵەبجە بە پیکاب .
٦٥ – حەمەی شەلە : زەڵم بە گەڵابە .
٦٦ – حەمە ئەفراسیاب : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٦٧ – قەرە : ڕێگای کەرکووك بە قەمەرە .
٦٨ – احمد ماڵك : ڕێگای قەرەداخ : پاص .
٦٩ – حەمەی رەسوڵە قەڵبە : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٧٠ – جەمیلی کۆبرا : ڕێگای هەڵەبجە بە پیکاب .

٧١ – حەسەن پاڵەوان : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
٧٢ – قادر زەکی (ئوتومبیلچی‌ی ئیشغال) پاص قەمەرە .
٧٣ – محمد عساف : (ئوتومبیلچی‌ی ئیشغال) بە لۆری .
٧٤ – فوزی سەرسپی : ئوتومبیلی ئاورشینەکە لەگەڵ قیرتاو لە بلدیە .
٧٥ – حەمە حکیم : ڕێگای هەڵەبجە بەپاص .
٧٦ – کریمی فەرەجەفەنی : ڕێگای قەلا دزە بە لۆری .
٧٧ – رؤوفی فەرەجەفەنی : ڕێگای قەلا دزە بە لۆری .
٧٨ – جلالی فەرەجە فەنی : قەلادزە بە لۆری .
٧٩ – جمال فەرەجە فرنی : قەلا دزە بە لۆری برابوون .
٨٠ – محمود سمیت : ئوتومبیلچی‌ی عزت بەگی وەسمان پاشا .
٨١ – ئەحەبچکۆل : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٨٢ – ئەنوەری صالح تاتە : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٨٣ – ئەبو علی : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٨٤ – عمر چەقو بەز : قەلادزە بە لۆری برابوون .
٨٥ – عەبەکەچەڵ : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٨٦ – عمر هنیدی : برابوون : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٨٧ – عارفی چایچی : ڕێگای سورداش : پاص قەمەرە .
٨٨ – خولەی رەحمة اللە : ڕێگای قەلادزە : پاص .
٨٩ – مچەی ئاتە : ڕێگای هەڵەبجە بە پاص .
٩٠ – حەمە کەلە : ڕێگای هەڵەبجە بە پاص .
٩١ – سمە بابم : برابوون ڕێگای هەڵەبجە بە پاص .
٩٢ – عمر محمود : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
٩٣ – قالە سووری گەورە : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
٩٤ – خولە سوور : برابوون لەبەلەدی‌یەکە بە قەمەرە .
٩٥ – یوسفەلاڵ : هەڵەبجە بە پاص .
٩٦ – مچەی حاجی ئایشێ : بەغدا بە لۆری .

٩٧ – نوری توالێت : قەلادزە بە لۆری .
٩٨ – شێخ محی الدین : رانیە بە پاص .
٩٩ – سوك یاس : رێگای قەلادزە لۆری .
١٠٠ – روبین : برابوون: رێگای کەرکووك بە لۆری .
١٠١ – گرەبێت ئەلی سەکیس : رێگای کەرکووك بە لۆری .
١٠٢ – فەیزە : رێگای کەرکووك بە لۆری .
١٠٣ – تۆفیقە سوور : رێگای سورداش بە لۆری .
١٠٤ – مامەحسە رێگای کەرکووك بە لۆری .
١٠٥ – شریف : برابوون: رێگای کەرکووك بە قەمەرە .
١٠٦ – مچەی کاکەی نەنی: رێگای هەڵەبجە بە لۆری .
١٠٧ – جلال کوردی : رێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
١٠٨ – محمود مولود : رێگای هەڵەبجە پاص قەمەرە .
١٠٩ – شێخ رضا : رێگای کەرکووك بە لۆری .
١١٠ – سەیدە : رێگای رانیە بە لۆری .
١١١ – عەبەنایلۆن : رێگای چوارتا بە لۆری .
١١٢ – صالح وەلی: رێگای بەکرەجۆ لۆری .
١١٣ – عەبە تەرەزان: رێگای هەڵەبجە بە لۆری .
١١٤ – کریم هەتیو: رێگای رانیە بە لۆری .
١١٥ – احمد دار تاش: رێگای کەرکووك بە لۆری .
١١٦ – حاجی گاروت: رێگای کەرکووك بە لۆری .
١١٧ – بلەی ئوتومبیلچی: رێگای پینجوین بە قەمەرە .
١١٨ – ئەیوب: رێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
١١٩ – جانی گاور: رێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
١٢٠ – حسەکەنۆش: رێگای هەڵەبجە بە پاص .
١٢١ – حەمە کە چەڵ: رێگای تەیناڵ بە پاص .
١٢٢ – ئلە کەچەڵ: رێگای چوارتا بە لۆری .

١٢٣ – عەزەکەچەل: ڕێگای هەڵەبجە بە جێب.
١٢٤ – یاسینە ورگە: قەلادزە بە لۆری.
١٢٥ – محمد پیلاو: برابوون: ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری.
١٢٦ – انوری خەجێ ڕێگای ناوشار قەمەرە.
١٢٧ – مصطفی احمد : لای شێخ قادری حفید، بەقەمەرە.
١٢٨ – صالح هەمبەڵە : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری.
١٢٩ – حەمەلۆری: ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری.
١٣٠ – بلە زازۆ لای شێخ لطیف بە قەمەرە.
١٣١ – ڕەحیمە دۆم : ڕێگای هەڵەبجە بە گەلاٚبە.
١٣٢ – ڕؤوفی احد دووباش: ڕێگای کەرکووك پاص.
١٣٣ – محمودی قادر چاوەش : ڕێگای کەرکووك پاص.
١٣٤ – عمر عادیلە : لە ئەشغال بە لۆری.
١٣٥ – ملا عزیز ملا علی صحاف : ڕێگای چوارتا بە پاص.
١٣٦ – عباس برایم دەرویش : ڕێگای پینجوین بە لۆری.
١٣٧ – علی برایم دەرویش : بران. پێنجوین بە لۆری.
١٣٨ – ئەحەی خانم : ڕێگای هەڵەبجە بە پاص.
١٣٩ – ڕەشی عەجەم : ڕێگای کەرکوك بە لۆری.
١٤٠ – غولاٚم عەجەم ڕێگای قەلادزە بە لۆری.
١٤١ – عوسەی تیرۆك: ڕێگای کەرکووك بە قەمەرە.
١٤٢ – رسول سێوکانی: ڕێگای رانیە بە لۆری.
١٤٣ – قالەی لەیلێ ڕێگای کەرکوك بە قەمەرە.
١٤٤ – جلال ئالتون: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە.
١٤٥ – عەبەی حاجی محی الدین: ڕێگای کەرکووك بە قەمەرە.
١٤٦ – مەلا حسن: ڕێگای قەرەداغ پاص.
١٤٧ – حەمەی عەینە: ڕێگای هەڵەبجە، قەمەرە.
١٤٨ – غفور چاوەش: ڕێگای بەغدا بە لۆری.

١٤٩ – حمه امین شاهـ محمد لەخەستەخانە بە ئیسعاف .
١٥٠ – صابری احمد شاهـ محمد : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
١٥١ – عدنان بار چاوەش : ڕێگای بەرزنجە بە لۆری .
١٥٢ – حەمەی حەبی : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
١٥٣ – حسین صاحب : ڕێگای هەلەبجە بە پاص .
١٥٤ – فەرەجە پتە : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
١٥٥ – زۆراب : ڕێگای هەلەبجە بە لۆری .
١٥٦ – حەمە دلحە : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
١٥٧ – روکسی موسی : ڕێگای کەرکووك قەمەرە .
١٥٨ – دلحەی گاور موسی : برابوون . ڕێگای کەرکووك قەمەرە .
١٥٩ – حەمە پاڵەوان : ڕێگای کەرکووك بە لۆری .
١٦٠ – رەشە سەر سپی : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
١٦١ – وەستا محمودی ناڵبەند : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
١٦٢ – قادر نەمەڵی : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
١٦٣ – قەدوری : ڕێگای زەڵم بە گەلاّبە .
١٦٤ – عبد الله : ڕێگای رانیە بە لۆری .
١٦٥ – هەمزە : برابوون ڕێگای رانیە بە لۆری .
١٦٦ – فتاحی ولکە : ڕێگای هەلەبجە بە پاص .
١٦٧ – صابری مام حەمە امین : ڕێگای پینجوێن بە لۆری .
١٦٨ – حەمەی مامە عەزە : ڕێگای کەرکووك بە قەمەرە .
١٦٩ – غریب ابو شوارب : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
١٧٠ – کریم داڵە : ڕێگای هەڵەبجە بە پاص .
١٧١ – عومەری سەعە زلە : ڕێگای بەغدا لۆری .
١٧٢ – دایی اکبر : ڕێگای بەغدا لۆری .
١٧٣ – بکر شاسوار : ڕێگای کەرکووك قەمەرە .
١٧٤ – حەمە براخاس : ڕێگای کەرکووك لۆری .

١٧٥ – ڕەشە تەنەکە : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
١٧٦ – نوورە : ڕێگای بەغدا لۆری .
١٧٧ – علی مامە حەمە : پینجوێن بە لۆری .
١٧٨ – ئەحەی مامە حەمە : ڕێگای ناوشار بە قەمەرە .
١٧٩ – حسین مامە حەمە : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
١٨٠ – نووری خراجیانی : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
١٨١ – کریم حەشاش : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
١٨٢ – عمر ابو شوارب : ڕێگای قەڵادزە بە قەمەرە .
١٨٣ – حەمەڕەشی توفیق : ڕێگای چوارتا بە لۆری .
١٨٤ – مجید عارف محی الدین : ڕێگای قەرەداغ بە پاص .
١٨٥ – عباس عارف محی الدین : برابوون: ڕێگای بەغدا بە لۆری .
١٨٦ – سمە چاوشین : ڕێگای قەلادزە بە لۆری .
١٨٧ – حمەی مام احمد : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
١٨٨ – وەستا احمد : ڕێگای ناوشار بە لۆری .
١٨٩ – حەمە بالە : ڕێگای بنگرد بە لۆری .
١٩٠ – عەبە بۆرەکەیی : لای جمالی حاجی سعید ئاغا بە قەمەرە .
١٩١ – کریمی نالە باخی : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
١٩٢ – نوری عزیز جمعە : لای مدیری پۆلیس .
١٩٣ – حسە دەبۆی زەعیف : لە خەستەخانە ...
١٩٤ – حسە دەبۆی قەڵەو : لە خستە خانە .
١٩٥ – غنی فرج : ئوتومبیلی ئاورشێنەکە لە بەلەدی‌یە .
١٩٦ – عەریف علی : ئوتومبیلچی ئاگر کوژانەوە .
١٩٧ – کریم تەگەرانی : ڕێگای چوارتا بە پیکاپ .
١٩٨ – حەمە ڕەمزی : ڕێگای بەرزنجە بە پاص .
١٩٩ – علی تووڵە : ڕێگای بەرزنجە بە پاص .
٢٠٠ – مچە تووڵە : برابوون: ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .

٢٠١ – حەمە نمره یەك : ڕێگای هەڵەبجە قەمەره .
٢٠٢ – قالەی ڕەشە ناسك : ڕێگای هەڵەبجە قەمەره .
٢٠٣ – حەمە جوان : لای حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا بە قەمەره ..
٢٠٤ – خلەی عەتیە : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەره .
٢٠٥ – عوسمانی عەتیە (کێچی عەتیە) : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەره .
٢٠٦ – علی هەمبەڵە : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەره .
٢٠٧ – عەبە پۆنتیاك : ڕێگای کەرکوك بە قەمەره .
٢٠٨ – احمد بیوك : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەره .
٢٠٩ – حەمە حەلاو : ڕێگای بەغدا بە قەمەره .
٢١٠ – عەبەی مەلاژن : ڕێگای بەغدا بە قەمەره .
٢١١ – علی بارام : ڕێگای هەلەبجە بە قەمەره .
٢١٢ – قالە پاپاص : ڕێگای هەلەبجە بە قەمەره .
٢١٣ – عمری مام فتاح: ڕێگای هەلەبجە بە قەمەره .
٢١٤ – عثمانی مام فتاح : بران: ڕێگای کرکوك بە قەمەره .
٢١٥ – حەمەی حاجی ملا شریف : ڕێگای هەلەبجە بە قەمەره .
٢١٦ – احمد مارسیدس : ڕێگای هەلەبجە لۆری .
٢١٧ – بکری فارسە ریشە : ڕێگای هەلەبجە پاص قەمەره .
٢١٨ – حەسەن بیتاقە : ڕێگای هەلەبجە قەمەره .
٢١٩ – حەمە هۆپ : ڕێگای هەلەبجە قەمەره .
٢٢٠ – قالەی صالح تاتە : ڕێگای هەلەبجە لۆری .
٢٢١ – حسین صالح تاتە : ڕێگای هەلەبجە پاص .
٢٢٢ – حسنی صالح تاتە: ڕێگای هەلەبجە قەمەره (بران) .
٢٢٣ – شەوکەتی مەلا : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
٢٢٤ – عزیزی کریمی هۆزێ : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
٢٢٥ – نوری حەبیە : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
٢٢٦ – حەمە درێژ: ڕێگای رانیە پاص .

٢٢٧ – مصطفی کریم (مچەکۆڵ) : ڕێگای ڕانیە جێب .
٢٢٨ – پطرۆس : ڕێگای چوارتا لۆری .
٢٢٩ – حەمە ٥٥ : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٣٠ – حەمەقوتو : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٣١ – حسین خولەگەبە : لە خەستە خانە .
٢٣٢ – گورونی خولەگەبە : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٣٣ – حسنی مەلا تایەر : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
٢٣٤ – ئەحەی فەوج : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٣٥ – نوری محمد فرج : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
٢٣٦ – عەلی محمد فرج : بران: ڕێگای بەغدا بە لۆری .
٢٣٧ – احمد حبیب : ڕێگای سەیدسادق ، لۆری .
٢٣٨ – عەبەرەش : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٢٣٩ – حەبیب : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٤٠ – شێخ رؤوف : هەڵەبجە قەمەرە .
٢٤١ – خولە ڕەش : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٤٢ – پولص : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٤٣ – انور نیسان : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٤٤ – مسیح نیسان : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٤٥ – پولص رحیم (پانەگاور) : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٤٦ – حەسەنی پاڵتۆ : ڕێگای ڕانیە لۆری .
٢٤٧ – خولەی عەبەی ئۆتومبیلچی : ڕێگای سورداش پاص .
٢٤٨ – مەولە : ڕێگای قەلادزە لۆری .
٢٤٩ – صابری مام سعید : لای حسین حاجی ڕەشید .
٢٥٠ – لفتە : ڕێگای پینجوێن بە لۆری .
٢٥١ – خالد گوڵ جەمین : (بران) ڕێگای هەڵەبجە بە پاص .
٢٥٢ – رحیم کریم : ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .

٢٥٣ – حەمە كریم : بران ڕێگای چوارتا بە پاس .
٢٥٤ – فخری تۆفیق دلاڵ : ڕێگای بەغدا بە قەمەرە .
٢٥٥ – علی سعید : ڕێگای بەغدا بە قەمەرە .
٢٥٦ – علی شرعي : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٢٥٧ – نامق صالح : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٢٥٨ – حسن عەبە دلاك : ڕێگای كركوك بە قەمەرە .
٢٥٩ – یونس ڕەمەزان : ڕێگای بەغدا بە لۆری .
٢٦٠ – بهاء الدین ڕشاد : ڕێگای بەغدا بە قەمەرە .
١٦١ – ابراهیم توفیق : ڕێگای بەغدا بە قەمەرە .
٢٦٢ – بكر تۆفیق : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٢٦٣ – عزیز قادر : ڕێگای كركوك بە قەمەرە .
٢٦٤ – فائق توفیق تەیارە : ڕێگای كركوك بە قەمەرە .
٢٦٥ – نامیق توفیق تەیارە : (بران): ڕێگای كركوك بە قەمەرە .
٢٦٦ – ئەحەی هەمین : ڕێگای چوارتا بە قەمەرە .
٢٦٧ – رؤوفی نوری عزیز : ڕێگای چوارتا بە قەمەرە .
٢٦٨ – فەرەج قوتو : ڕێگای برزنجە بە لۆری .
٢٦٩ – علی سیف الله : ڕێگای پێنجوێن بە لۆری .
٢٧٠ – كریم سیف الله : بران : ڕێگای هەڵەبجە لۆری .
٢٧١ – علی ملا عزیز : ڕێگای كركوك لۆری .
٢٧٢ – عثمانی ملا عزیز : ڕێگای كركوك لۆری .
٢٧٣ – بكری ملا عزیز : ڕێگای كركوك لۆری .
٢٧٤ – فائقی ملا عزیز : ڕێگای هەڵەبجە لۆری بران .
٢٧٥ – جلالی وەستا مردان : ڕێگای هەڵەبجە پاس .
٢٧٦ – خولە تەڵە : ڕێگای هەڵەبجە پاس .
٢٧٧ – حەمە سێ تەن : ڕێگای چوازتا قەمەرە .
٢٧٨ – نوری غریب : ڕێگای بەغدا لۆری .

٢٧٩ – فرج غريب : بران: ڕێگای بەغدا لۆری .
٢٨٠ – حەمە تەیارە : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٨١ – علی حمە کریم دنچی : ڕێگای هەڵەبجە لۆری .
٢٨٢ – حەمە تەمیم : ڕێگای کرکوك قەمەرە .
٢٨٣ – عمر فارس : ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٢٨٤ – عەبەی ئەلە تورکە : ڕێگای هەڵەبجە لۆری .
٢٨٥ – حسن تەیارە: ڕێگای هەڵەبجە بە پاص .
٢٨٦ – حسین تەیارە: ڕێگای هەڵەبجە بە پاص بران :
٢٨٧ – حمە فرج عەربەتی: ڕێگای عەربەت بە لۆری .
٢٨٨ – عومەر عەربەتی: بران ڕێگای عەربەت بە لۆری .
٢٨٩ – عثمان صابر مزگەر: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٢٩٠ – حەمە حەڵوا: ڕێگای بەغدا بە لۆری .
٢٩١ – احمد پاڵەوان: ڕێگای کەرکووك بە قەمەرە .
٢٩٢ – حسین سعید: ڕێگای کەرکووك بە قەمەرە .
٢٩٣ – محمود عەرەب ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٢٩٤ – نوری حبیب: ڕێگای کەرکوك بە قەمەرە .
٢٩٥ – حەمەشکور: ڕێگای چوارتا بە پیکاب .
٢٩٦ – مەلاعەلی: ڕێگای کرکوك بە پاص .
٢٩٧ – کەمالی گەچ: ڕێگای کرکوك بە لۆری .
٢٩٨ – حەمەی ئەحە زرگوێزی: ڕێگای کرکوك بە قەمەرە .
٢٩٩ – عومەری دەرویش شەریف : لای باباعلی شێخ محمود .
٣٠٠ – کریمی بارام: ڕێگای هەڵەبجە بەقەمەرە .
٣٠١ – بکری بارام: . ڕێگای بەرزنجە بە پاص بران .
٣٠٢ – صابری فەرەجی حەمە موراد: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣٠٣ – حەمەی فەرەجی حەمەموراد: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣٠٤ – جلالی فەرەجی حەمە موراد: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە بران .

٣٠٥ – علی ئاسکە : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣٠٦ – ئەورەحمان ڕحیم مقەبا: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣٠٧ – انوری رحیم مقەبا: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە بران .
٣٠٨ – کریمی مام ئەورەحمان (کریم پاڵەوان): ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣٠٩ – تۆفیقی حاجی باقی (تۆفیق پاڵەوان): ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣١٠ – عەبەی ڕەحە (عەبە پاڵەوان): ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣١١ – ڕەفیقی فاتە قەموور: ڕێگای هەڵەبجە بە پاص .
٣١٢ – عثمانی فاتەقەموور: ڕێگای بەغدا بە لۆری .
٣١٣ – صلاحی فاتە قەموور: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە بران .
٣١٤ – نجم الدین عبودی: ڕێگای هەڵەبجە بەقەمەرە .
٣١٥ – هادی‌یە کوێر: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣١٦ – عومەری حەمە [illegible] : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣١٧ – بکری حەمە [illegible] : ڕێگای بەغدا بەلۆری .
٣١٨ – نوری حەمە [illegible] : ڕێگای بەغدا بە قەمەرە بران .
٣١٩ – ڕەشە [illegible] : ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە .
٣٢٠ – حەمەی سارۆ : ڕێگای کرکوك بە قەمەرە .
٣٢١ – حەمە ڕەحیم پیرێژن: ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
٣٢٢ – سالەی عەبەی عەدە : ڕێگای بەرزنجە پاص .
٣٢٣ – تایەرە شێت: ڕێگای هەڵەبجە لۆری .
٣٢٤ – سلام بنچکۆل: ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری .
٣٢٥ – علی حاجی غریب: ڕێگای کرکوك قەمەرە .
٣٢٦ – سالە هەمبەڵە: ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە .
٣٢٧ – قالە عەربەتی: ڕێگای عەربەت لۆری .
٣٢٨ – ڕۆوفی سەروپێ: ڕێگای دەربەندیخان قەمەرە .
٣٢٩ – نوری حاجی عەول: ڕێگای بە رزنجە پاص .
٣٣٠ – نجم الدینی حاجی کورە: ناوشار : لۆری .

٣٣١ – ئەحەیبلە شێخە: ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری.
٣٣٢ – سعدی حەمە امین: ڕێگای بە رزنجە پیکاب.
٣٣٣ – نوری حمەشێت: ڕێگای هەڵەبجە بە پاص.
٣٣٤ – علی حمەشێت: ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری بران.
٣٣٥ – قالەی پیزەبەرخە: ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە.
٣٣٦ – ئەحە سەرسپی: ڕێگای کرکوك قەمەرە.
٣٣٧ – جمالی پایسکلچی: ڕێگای بەغدا لۆری.
٣٣٨ – جمالی ئەحەی ئەلەمێشاوی: ڕێگای هەڵەبجە قەمەرە.
٣٣٩ – شێخ حسن: ڕێگای هەڵەبجە پیکاب.
٣٤٠ – شێخ کریم: ڕێگای هەڵەبجە لۆری بران.
٣٤١ – امین لەیلانی ڕێگای کرکوك لۆری.
٣٤٢ – حسین مۆریس: ڕێگای کرکوك لۆری.
٣٤٣ – مشکۆ: ڕێگای قەلادزە قەمەرە.
٣٤٤ – مصطفی سام سام: ڕێگای چوارتا پیکاب.
٣٤٥ – عمری سام سام: ڕێگای چوارتا پیکاب.
٣٤٦ – جلالی سام سام: لای مدیری معارف بران.
٣٤٧ – لطیف کەڵتەکە: ڕێگای بەغدا لۆری.
٣٤٨ – محمد کەڵتەکە: ڕێگای کرکوك قەمەرە بران.
٣٤٩ – حسەبچکۆل: ڕێگای چوارتا پیکاب.
٣٥٠ – عادل: ڕێگای بەغدا لۆری.
٣٥١ – شوکت: برازای محمد شاملی ڕێگای بەغدا لۆری.
٣٥٢ – علی سەعاتچی: ڕێگای هەڵەبجە جیب.
٣٥٣ – احمدی غریبی مامەخلانی: ڕێگای هەڵەبجە لۆری.
٣٥٤ – حەمەی صوفی: ڕێگای بەغدا بە قەمەرە.
٣٥٥ – کمالی عصمت: ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە.
٣٥٦ – عەزەی حەمە طوبچی: ڕێگای بەغدا لۆری.

٣٥٧ – ساله شێت: ڕێگای چمچماڵ به لۆری .
٣٥٨ – حەمه تەیاره : ڕێگای موصل به لۆری .
٣٥٩ – ڕەشەجگەره : ڕێگای موصل به لۆری .
٣٦٠ – مارف مولود : لەئیداره محلی .
٣٦١ – حسین مچەی ڕەعنا : ڕێگای چوارتا به لۆری .
٣٦٢ – جزا خرە : ڕێگای پینجوین به لۆری .
٣٦٣ – کمال سعید : ڕێگای بەغدا به لۆری .
٣٦٤ – دارا : لەخەستەخانه .
٣٦٥ – عومەری حەمەی سەکینه : لەخەسته خانه .
٣٦٦ – فاضل عزت : ڕێگای کەرکوك بەقەمەره .
٣٦٧ – شوکت عزت: ڕێگای هەڵەبجه پاص قەمەره .
٣٦٨ – فخری عزت : ڕێگای هەڵەبجه قەمەره بران .
٣٦٩ – عبدول عارف : ڕێگای بەغدا قەمەره .
٣٧٠ – عمر عارف عونیل بەغدا قەمەره بران .
٣٧١ – صابری عەزه گومڵەیی : هەڵەبجه به پاص .
٣٧٢ – کەمالی سەعە بانەیی . بەغدا بەلۆری .
٣٧٣ – سالەسوور : پینجوێن به لۆری .

| | |
|---|---|
| ٣٧٤ – عمر کەڵەشێر | ڕێگای بەغدا به لۆری |
| ٣٧٥ – عەزه کەڵەشێر بران | ڕێگای بەغدا به لۆری |
| ٣٧٦ – حاجی شەوقی : | ڕێگای کەرکوك به قەمەره |
| ٣٧٧ – وەهاب | ڕێگای زەڵم به لۆری |
| ٣٧٨ – سەلام: بران | ڕێگای زەڵم به بەلۆری |
| ٣٧٩ – کریم ڕشید : | ڕێگای بەغدا به لۆری |
| ٣٨٠ – عمری عەبه دەلاك | ڕێگای پینجوین به لۆری |
| ٣٨١ – کریمی عەبه دەلاك: | ڕێگای پینجوین به لۆری بران: |
| ٣٨٢ – عومەری خەلفه پشه : | ڕێگای بەغدا به لۆری |

| | |
|---|---|
| ٣٨٣ – حەمەی کاتب: | ڕێگای کرکوك بە لۆری |
| ٣٨٤ – علی کاتب: | ڕێگای کرکوك بە لۆری بران: |
| ٣٨٥ – جلالی حاجی جگەر: | ڕێگای کرکوك بە لۆری |
| ٣٨٦ – قادری ئایشێ: | ڕێگای پینجوین بە لۆری |
| ٣٨٧ – پاشالە: | ڕێگای قەلادزە بە لۆری |
| ٣٨٨ – حاجی فاضل: | ڕێگای کەرکووك بە لۆری |
| ٣٨٩ – ڕؤوفی ملاڕشید | ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە |
| ٣٩٠ – عمری ملاڕشید: | ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە بران: |
| ٣٩١ – ئەورەحمانی حاجی کریم | ڕێگای کرکوك بە قەمەرە |
| ٣٩٢ – عثمانی حاجی کریم: (برابوون) | ڕێگای کرکوك بە بەقەمەرە |
| ٣٩٣ – شیخ بکر | **هەڵەبجە** بەقەمەرە |
| ٣٩٤ – عمری مام برایم | ڕێگای دەربەندیخان بە بەقەمەرە |
| ٣٩٥ – عثمانی مام برایم | ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە. بران |
| ٣٩٦ – حمەلاو عزیز | ڕێگای قەلادزەبەپاص |
| ٣٩٧ – ڕەزا | ڕێگای بەغدا بەلۆری |
| ٣٩٨ – حمەورگە: | ڕێگای بەغدا بە لۆری بران |
| ٣٩٩ – شوکت فرج صالح | ڕێگای قەلادزە بە جیب |
| ٤٠٠ – شوقی فرج صالح | ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە. بران |
| ٤٠١ – فاضل غفورە گیو | ڕێگای ناوشار بە پیکاب |
| ٤٠٢ – عومەری شەمعە | ڕێگای هەڵەبجە بە پاص |
| ٤٠٣ – علی شەمعە: | ڕێگای هەڵەبجە بە پاص بران |
| ٤٠٤ – کریمی حمەسوور | ڕێگای بەغدا بە لۆری |
| ٤٠٥ – بەکری سەعەڕەش | ڕێگای چوارتا بە پاص |
| ٤٠٦ – صلاحی علی بەگ | ڕێگای هەڵەبجە بە قەمەرە |
| ٤٠٧ – حەمەی کاکە ڕەش | ڕێگای کەرکوك بە قەمەرە |
| ٤٠٨ – خسرو غفور | ڕێگای کەرکوك بە قەمەرە |

| | |
|---|---|
| ٤٠٩ – خسرو قادر ولی | ڕێگای بەغدا بە لۆری |
| ٤١٠ – عزیز احمد جۆلا | ڕێگای هەڵەبجە بە لۆری |
| ٤١١ – شیخ علی | لەئیدارەی محلی |
| ٤١٢ – درویش علي | ڕێگای کەرکوك بەلۆری |
| ٤١٣ – ڕەؤوف عەبدوڕەحمان : | ڕێگای هەڵەبجە بە پاس |

**سەرچاوە :**

زوربەی ئەم ناوانە لە حەمەکەللەی ئەحمەد چاوەش ئوتومبیلچی کە لە ساڵی ١٩١٩ لەدایكبووە لە گەڕەکی سەرشەقام وەلە ١٠ – ٨ – ١٩٤٢ ئیجازەی لێخورینی ئوتومبیلی وەرگرتوە وەرگیراوە

# گەراج و نەقلیاتەکان

أ – گەراجەکان :

١ – گەراجی عەبدە : خاوەنەکەی خاڵە عەبدە ئەمین بووە قەمەرە ئیشی دەکرد لەڕێگای سلێمانی و کەرکوك، دەلاڵەکەی ناوی تۆفیق دەلاڵ بوو... شوێنەکەی: جێگای ڕاگرتنی ئوتومبیل لەبەردەرکی سەرا..

٢ – گەراجی فرج ئەفەندي : خاوەنەکەی حەمەی فەرەج ئەفەندی بووە وەلۆری و جێب ئیشی دەکرد لەڕێگای قەلادزەو رانیەو پینجوین‌دا . دەلاڵەکەی حەمەبێ‌لووت بوو وە شوێنەکەی بەرامبەر مزگەوتی سید ئەحمەدی نقیب بوو ..

٣ – گەراجی کریمی فرج ئەفەندی : خاوەنەکەی کریمی فرج ئەفەندی بووە لۆری و پاص و قەمەرەو جێب لە ڕێگای سورداش و قەلادزەو ڕانیە ئیشی دەکرد ، وەدەلاڵەکەی ناوی (موسی) بوو شوێنەکەی بازاڕی صلاح الدینی ئێستابوو .

٤ – گەراجی قالە : خاوەنەکەی کریمی فرج ئەفەندی بوو . قەمەرەو پاص و جێب لەڕێگای دوکان و کەرکوك ئیشی دەکرد . دەلاڵەکەی صالح و قالە کوێربوو . شوێنەکەی بەرامبەر بازاڕی صلاح الدینی ئێستا بوو ..

٥ – گەراجی ئەسحابە سپی : خاوەنەکەی گەرەبێت نعلبندیان و شێخ طالبی حمە غریب بوو . پیکاب وقەمەرە لەڕێگای شارەزوورو هەڵەبجە ئیشی دەکرد . دەلاڵەکەی عەبە نازێ بوو . شوێنەکەی هەر لە ئەسحابە سپی وە ئێستاش هەر گەراجە .

ب – نەقلیاتەکان

١ – نەقلیاتی سلێمانی : خاوەنەکانی شێخ طالب و حەمەی بەکربوون . قەمەرە لەڕێگای پینجوێن و هەڵەبجەو دەربەندیخان ئیشی دەکرد . دەلاڵەکەی حەزەی‌بارام) بوو . شوێنەکەی : لەجادەی کاوە خوار خەستەخانەی خوارەوە بەرامبەر ئەسحابە سپی .

٢ – نەقلیاتی گۆیژە : خاوەنەکەی لەپێش‌دا گەرەبیت بوو لەدوایی
دا عومەری مام فتاحو غفور داراغا بوونە خاوەنی . قەمەرە لەرێی کەرکوكو بەغدا ئیشی دەکرد. دەلاڵەکای: ئەلەتورکەومچە بوون . شوێنەکەی لەسەرەتای شەقامی صابونکەران بەرامبەر دوکانی جرجیس کە ئێستا جێگای ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلە .
٣ – نقلیاتی خەیام : خاوەنەکەی ئەحەی لالە أمینو حەمەی حاجی مەلا شەریف بوون .
قەمەرە لەرێگای بەغداو کەرکوك ئیشی دەکرد. دەلاڵەکانی (حەمەی ئایشێو فەرەجە کونجێ بوون) شوێنەکەی بەردەرکی سەرا کە ئێستا جێگای ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلە .
٤ – نەقلیاتی صلاح الدین :
خاوەنەکەی حسن بیطاقە بوو . قەمەرە لەرێگای کەرکوكو بەغدا ئیشی دەکرد . دەلاڵەکانی ئەحە شەماڵو حەمە گۆج بوو . شوێنەکەی خوارسینەمای گۆیژە بەرامبەر بازاڕی شووشەی ئێستا .

خاوەن گەراج و ئوتومبیل چیەکان و دەڵاڵەکان



حەمەی فەرەج ئەفەندی

(خاوەن گەراج)



عەبدوڵای ئەمین (خاڵە عەبدە)

(خاوەن گەراج)

١٩٠٠ز - ١٩٧٥ز کوچی دوایی کردووە



غەفور هیندی

(ئوتومبیلچی)

١٨٩٤ز - ١٩٨٠ ز کۆچی دوایی کردوە



عەبەڕشی ئوتومبیل چی
١٨٩٦ز - ١٩٦٢ز کۆچی دوایی کردوە



فەوزی میرزا حسەین
(فەوزی سەرسپی ئوتومبیلی)
١٩٠٥ ز - ١٩٧٧ ز کۆچی دوایی کردوە



حاجی مەهدی حەسون ئەفەندی

(ئوتومبیلچی)

ساڵی ١٩١١ ز لە دایك بووە



سەنە کەریم

(ئوتومبیلچی)

---



یوسف ڕۆستەم

(ئوتومبیلچی)

ساڵی ١٩١٤ز لە دایك بووە



حەمە کەللەی بابم

(ئوتومبیلچی)

ساڵی ١٩١٩ز لە دایك بووە



تۆفیق دەلاڵ



موسی رەشید (دەلاڵ)
ساڵی ١٩١٣ ز لە دایك بووە



عەزیز بارام مەحموود (دەلاڵ)
١٩١٦ز - ١٩٧٥ ز کۆچی دوایی کردوە

# چێشتخانەکان

لەپێش چێشتخانە دا جاران پی‌یان دەووت ئاشخانە ، یان لۆقەنتە . ئەمە لەزمانی تورکەوە بەخاوەنی چێشتخانەیان دەووت : ئاشچی یان لۆقەنتەچی ..

ئەمەش لیستەی ناوی چێشتخانەو خاوەنەکانێتی کە لەو سەردەمەی سلێمانی دا بەناوبانگ بوون و کراونەتەوە :

١ — چێشتخانەی قالەی قجول لای گومرگە سوتاو .

٢ — چێشتخانەی حاجی عەبەکەری ئاشچی بەر ئەسحابە سپی .

٣ — چێشتخانەی حاجی ئەمینی ئاشچی بەر ئەسحابە سپی .

٤ — چێشتخانەی مام لطیف : یاپراخ و کفتەی دروست دەکرد . شوێنەکەی ، ناو بازار تەنیشت حاجی دەروێشی قصاب .

٥ — چێشتخانەی فتاحی ئاشچی : تەنیشت مام لطیف . ئەمیش هەر یاپراخی دروست دەکرد .

٦ — چێشتخانەی حاجی زەینەڵ .. جێگای چایخانەی مینە شەل بەرامبە رگەراجی حەمەی فەرەج ئەفەندی .

٧ — چێشتخانەی یەزنیك تەنیشت چایخانەی صالحی وەستا بستە . بەرامبەر ئوتێلی ئەوقاف .

٨ — چێشتخانەی کریمی لۆقەنتەچی بەرامبەر قاپی چلی‌ی سینەمای رەشید .

٩ — چێشتخانەی قاسم : تەنیشت خەلفە رەشید . بەرامبەر سینەمای سیروان . ئەم پیاوە گاور بوو ، بوو بە ئیسلام ناوی خۆی نا قاسم .

١٠ — چێشتخانەی دەروێش لۆقەنتەچی ، لای بازاری شووشە بەرامبەر شەوکەتی دانساز .

١١ — چێشتخانەی عەلی سوورو بەکری غفور شەریك بوون لەدوکانێك دا لەژێر ئوتێلی ئەوقاف .

١٢ — نەزەری لۆقەنتەچی . لەناو حەوشی ئوتێلی میرزا حسێن .

## «نەوت»

وەختێ خۆی نەوت لەزەمانی عوسمانلی‌دا گەرمیانی‌یەکان بەولاخ دەیان هێنا لەکانی نەوتەکان لە (گلۆداوا) کە دەکەوێتە بەینی (توزخورماتو) و (قادر کرم) ەوە هەرباری چوارتەنەکە بوو .. دەیانکردە ناو شەلتەوە لەرێگای دەربەندی باسەرەوە بە بەردەمی دێی (دێلێژە) و رێگای (قەرەداغ) و (تانجرۆ) دەهاتنە ناوشار . دەیانبرد بۆ خانی غفور ئاغا . خانی مێوژەکە (خورماکە) شوێنی بازاری (محوی) . لەوێ حاجی یوسف ناوکە بازرگانی نەوتی دەکرد ، لێی دەکرین لەگەلّ سەعەی نەوتچی کە دوکانی هەبوو لە دەشتی ئەحمەدی ساغا (بەر ئەسحابە سپی) خۆی نەوتی لە دوکانەکەیدا دەفرۆشت .

هەروەها ئەم دوو کەسە بەتەنەکە دەیانفرۆشتەوە بە نەوتفرۆشە دەس گێرەکان کە بە گەرەکەکان‌وکۆلانەکان‌دا دەیان‌گێرا . ئەمانیش بە تەنەکە دەگەران‌و بە قاپ دەیانفرۆشت . مالان لێیان دەکرین بۆ قوتیلەو چرا بەکاریان دەهێنا .

لەسالانی چل‌و پەنجادا بوو بە عارەبانەی بچکۆلە کە نەوتفرۆشەکان خۆیان رایان دەکێشاو هاواریان دەکرد :

نەوت بە تەنەکەو بەگالۆن .

نەوت فرۆشەکان لەسەرەتادا ئەمانە بوون ..

١ – عەلۆل .

٢ – بلەی باقی‌و حەمەی باقی .

٣ – سالەی عروس .

نرخی قاپێك نەوت :–

١ – زەمانی تورك          بە چوار پول بوو .

٢ – زەمانی ئینگلیز          بەعانەیەك .

٣ – زەمانی دەولەتی عیراقی بە ١٠ فلس .

## (بەنزین و ڕۆن)

لەدوای شەڕی بەردەرکی سەرا بەنزین‌و ڕۆنی ئوتومبیل هاتۆتە شارەکەمانەوە . کە مەلا فەیزی‌و صبغة‌الله شەریك بوون‌و وەکیلی میری بوون ، لە دوکانێکدا تەنیشت سینەمای ڕەشید ، شوێنی چایخانەی صالْحی وەستا بستە . بەرامبەر مزگەوتی سید ئەحمەدی نەقیب . ئەوانیش گاور ێکیان خستبووە سەر ناوی (ئەرمەناك ئاغا) بوو لەبەرمیل‌دا بەگالۆن دەیانفرۆشت .

نرخی گالۆنێك ڕۆن ٩٠ فلس بوو .
نرخی گالۆنێك بەنزین ٤٠ فلس بوو

●

هەمەجۆر وێنەو پیاوی کاسبەکار



ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٠٦ ز لە بەغا گیراوە.

لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ڕیزی یەکەم:

فەرەنسیس عەلەکە، ئەسکەندەر قەشە.

ڕیزی دووەم: خێزانی عەبدو لرەحیم عەلەکە برای فەرەنسیبس، عەبدولرەحیم عەلەکە.

فەرەنسیس و عەبدولرەحیم برای کەریمی عەلەکەن.



مەحموود ئەفەندی ڕەسام

١٨٩٤ز - ١٩٦٩ز کۆچی دوایی کردوە



حاجی مەلا شریف
سەعاتچی



یەحیا ئەفەندی ڕەسام

لە ساڵی ١٩٧٥دا لە نزیکەی تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە



حەسەنی حەمە سوور
موختاری گەڕەکی مەلکەندی



ڕەشەی شەریف ئەفەنی موختار
قسەخۆش و موختاری گەڕەکی گۆیژە



ساڵح میراو
موختاری گەڕەکی کانیسکان



حەمەی باقی (جاڕچی)



مەلا عەلی سەحاف

(خاوەن کتێبخانە)

١٨٨٣ز - ١٩٥٨ز کۆچی دوایی کردوە



سۆفی ساڵح عەبدولڕەحمان

(تجارەتی توتن)

١٨٩٢ز - ١٩٥٥ ز کۆچی دوایی کردوە



ڕەشید ئەفەندی سەعاتچی

١٨٩٠ز - ١٩٧٣ز کۆچی دوایی کردوە



حەمەی ئەمین مەڵێ

قەبر هەڵکەن و حەقایەت خوان



عومەر قەزاز

یەکەم کەس سینەمای هێنایە سلیمانیەوە

١٩٠٥ز - ١٩٨٤ز کۆچی دوایی کردوە



ئەوڕەحمانی باخەوان

١٩٠٧ز - ١٩٨٢ز کۆچی دوایی کردوە

---



حاجی فەتاحی حەڵواچی

١٨٩٢ز - ١٩٨٣ز کۆچی دوایی کردوە



کەسپەر سەرکیس (مەی فرۆشی)

١٩٠٠ز - ١٩٦١ز کۆچی دوایی کردوە



جرجیس پەترۆس جەرجیس (مەی فرۆشی)
١٨٩٧ز - ١٩٧٢ز کۆچی دوایی کردوە



مەتی بەترۆس جەرجیس (مەی فرۆشی)
ساڵی ١٩١٢ ز لە دایك بووە



دوکانی حەمە ساڵح سلیمان
توتنچی بەردەم قەیسەری نەقیب
١٨٩٤ز لە دایك بووە



نیسانی موسی (مەی فرۆشی)
ساڵی ١٩١٣ز لە دایك بووە



وێنەی عەرەبانە لە بەردەم دیواری سەرا
(رەئوفی عەلی فایز)



وێنەی عەرەبانە لەبەردەم سەرادا - ساڵی ١٩٥٧-



عەرەبانچیەکان لە کاتێکدا کە بەخێرهاتنەوەی رۆڵەکانیان ئەکەن ـ لە موشیر ئاوا لە تەموزی سالی ١٩٥٨ دا گیراوە



عەلی فائیزی عەرەبانچی

١٩٠٢-١٩٦٥



وێنەی جاران کە وڵاخ میوەهاتیان ئەبرد بۆ ناو شار لە ناو بەرچنەدا

# ناوەرۆکی کتێبی «شاری سلێمانی»

١ – دروست کردنی شاری سلێمانی .
٢ – گەڕەکەکانو لقەکانیان .
٣ – گردەکانی دەوروپشتی شار .
٤ – کارێزەکانی ناوشارو دەوروپشتی سلێمانی .
٥ – ئاشی ئاوو شوێنەکانی .
٦ – گۆڕستانەکان (سەرقەبران) ی دەوروپشتی شارو قەبرهەڵکەنەکان .
٧ – شەخسەکانی ناو شارو دەوروپشتی .
٨ – باخەکانی دەوروپشتی سلێمانی (باخی سەوزە) .
٩ – مزگەوتەکان .
١٠ – حوجرەکان .
١١ – حەمامەکان – گەرماوەکان .
١٢ – خانەکانو قەیسەری یەکان .
١٣ – مەیانەکانو گوزەرەکان .
١٤ – نانەواکان .
١٥ – قەسابەکان .
١٦ – جگەرچی یەکان .
١٧ – سەروپێچیەکان .
١٨ – دەباغچیەکان .
١٩ – ریخۆڵە چیەکان .
٢٠ – کەبابخانەو کە بابچیەکان .

٢١ – قاوەخانەو چایخانەو چایچی یەکان .
٢٢ – سەوزی فرۆشەکان – سەوزەی کەوەرو کەرەوز .
٢٣ – سەوزی فرۆشەکان – سەوزەی بامیەو تەماتە .
٢٤ – **بەقاڵەکان – بەقاڵی** میوە .
٢٥ – **بەقاڵەکان – بەقاڵی** وشکەوزەخیرە .
٢٦ – **عەتارەکان – عەتاری** داوو دەرمان .
٢٧ – **عەلافەکان** .
٢٨ – **ئاشەکان – ئاشی** مەکینە .
٢٩ – **هەلاجەکان** .
٣٠ – کارگەچی یەکان .
٣١ – جۆلاکان .
٣٢ – موتابچی یەکان .
٣٣ – وەتراق چی یەکان .
٣٤ – خومخانە چی یەکان .
٣٥ – چەخماخ سازەکان .
٣٦ – شیر گەرەکان .
٣٧ – کەوش درووەکان .
٣٨ – کلاش و کلاش فرۆشەکان .
٣٩ – پانی بەرز دروەکان .
٤٠ – پێلاو درووەکان .
٤١ – زین درووەکان – سراج .
٤٢ – مزگەرەکان .
٤٣ – خانەکان – خانی ولاخ .
٤٤ – کۆپان درووەکان .
٤٥ – ناڵبەنەکان .
٤٦ – بەناکان .

٤٧ – دارتاشەکان .
٤٨ – ئاسنگەرەکان .
٤٩ – تەنەکەچی یەکان .
٥٠ – خەیاتەکان – (بەرگدرووەکان) .
٥١ – ئوتوچی یەکان ..
٥٢ – لێفە درووەکان .
٥٣ – دەلاکەکان .
٥٤ – توتن چی یەکان .
٥٥ – حەڵواچی یەکان .
٥٦ – کوتاڵ فرۆشەکان .
٥٧ – دەستگێرەکان .
٥٨ – شەربەتچی و ماستاو فرۆشەکان .
٥٩ – سەقاکان .
٦٠ – جاڕچی یەکان .
٦١ – سەعات چی یەکان .
٦٢ – سەڕافەکان .
٦٣ – حسابی پارەی کۆن .
٦٤ – کێشانی جاران (بەسەنگ و تەرازوو) .
٦٥ – بازرگانێتی و بازرگانەکان .
٦٦ – خاوەن موڵکەکان .
٦٧ – کاروانچی و باج و باجگر .
٦٨ – مەلاکانمان .
٦٩ – شاعیرەکانمان .
٧٠ – فەرماندارەکان (حاکم و موتەسەرریف) .
٧١ – موفتی یەکان .
٧٢ – نەقیبەکان .

٧٣ – قازی‌یەکان .
٧٤ – سەرۆکی شارەوانی‌یەکان .
٧٥ – موختارەکان .
٧٦ – قوتابخانەکان .
٧٧ – ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلی .
٧٨ – هەندێ لەئەندازیارە کۆنەکان .
٧٩ – هەندێ لە پارێزەرە کۆنەکان .
٨٠ – نووسەرەکانمان (لەگەڵ شاعیرەکاندا ناویان هاتووە) .
٨١ – وێنەگرەکان .
٨٢ – مەیخانەکان .
٨٣ – ئەرزوحاڵ چی‌یەکان – (سکالاّ نووسەکان) .
٨٤ – عەرەبانەچی‌یەکان .
٨٥ – ئوتومبیل چی‌یەکان .
٨٦ – گەراجو نەقلیاتەکان .
٨٧ – چێشتخانەکان .
٨٨ – نەوتو رۆنو بەنزین .

وێنەی شەهادەتنامەی روشدیەی عەسکەری سلێمانی لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٥دا

# دولت علیهٔ عثمانیه تذکره‌سیدر

| درجات و عنوانی | تأهل و تعدد زوجات | صنعت و صنعت و اقتدار صلاحیتی | ملتی | تاریخ و محل ولادتی | والده‌سنک اسمی تابعیتی محل و موطنی | پدری اسمی محل و موطنی | اسم و شهرتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | اسلام | [illegible] تولیدی ١٣١٦ سلیمانیه | * | پدر صالح سلیمانیه | محمود |

| نوع مسکنی | مسکن نمره‌سی | ناحیه‌سی | محله و قریه‌سی | قضاسی | ولایتی | علامات فارقهٔ ثابته | سیما | گوزی | بوی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | سجل نفوسه قید اولنان محلی | | | اشکالی | | | |
| مدورخانه | خانه | | ملکندی | سلیمانیه | موصل | | | | |

بالاده اسم و شهرت و حال و شکلی محرر اولان محمود بن صالح دولت علیه‌نک تابعیتی حائز اولوب اولدیغندن جریدهٔ نفوسه مقید اولدیغی مشعر اشبو تذکره اعطا قلندی ٢٩ ... سنه

نظارت امور داخلیه

مجلس ادارهٔ لواء سلیمانیه

محمد

اصل مؤقته ١٧ حزیران ٣٣١

کاتب ...

وێنەی شەهادەتنامەی روشدیەی عەسکەری سلێمانی - لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٥دا

تصدیقنامه نومروسی : ٤١

| پدرینک اسمی | مکتبه تاریخ دخولی | مملکتی | صنفی | اسمی | مکتب قید نومروسی |
|---|---|---|---|---|---|
| صالح آغا | ١٤ ایلول ٣٢٩ | استانبول | شعبه علمیه بیرنجی سنه | محمود رائف | ١٧٤ |

| طور و حرکت نومروسی | مکتبی ترک ایلدیکی حقنده دیسیلن | مکتبی نه سببه ترک ایلدیکی | مکتبه صورت دخولی |
|---|---|---|---|
| ١٠ عم الاعلی | موافقتنامه‌سی تاریخی ١٧ حزیران ٣٣٢ | احتیاط ضابط نامزدی مکتبنه | سلیمانیه رشدیه‌سنی عدد [illegible] ٧ تموز ٣٢٩ تاریخنده سوره‌لرنده مبنی اعدادیه |

٢٢٠ - ٢٢١ سنه دیسی سنه‌سی صنف اعدادیه ترفیع نومروسی

| علوم دینیه | تورکجه قرائت | معلومات مدنیه و اخلاقیه | تاریخ | جغرافیا | حساب جبر | هندسه | مبادی حکمت طبیعیه |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | ٨ | ٨ | ٨ | ٥ | ٥ | ٧ | ٨ |
| عم الاعلی | اعلی | اعلی | اعلی | وسط | وسط | اعلی | اعلی |

| مبادی کیمیا | مبادی علوم طبیعیه | فرانسزجه | خط فرانسوی | خط ترکی | رسم | الیشلری | درجه تحصیلیه |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | ٩ | ١٠ | [illegible] | ٩ | ٥ | ١٠ | ٥ |
| وسط | عم الاعلی | عم الاعلی | عم الاعلی | [illegible] | وسط | عم الاعلی | بشنجی درجه |

| صرف و نحو | تحریر | املا و انشاد | جبر |
|---|---|---|---|
| ٦ | ٥ | ٨ | ٥ |
| قریب اعلی | وسط | اعلی | وسط |

٢٢١ - ٢٢٢ سنه دیسی سنه‌سی شعبه علمیه بیرنجی سنه ترفیع نومرولری

| علوم دینیه | قرائت | صرف و نحو | تحریر | املا و انشاد | معلومات مدنیه و اخلاقیه | معلومات اقتصادیه | تاریخ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ٩ | ٨ | ٧ | ١٠ | ٨ | ٩ | ٩ |
| عم الاعلی | عم الاعلی | اعلی | قریب اعلی | عم الاعلی | اعلی | عم الاعلی | عم الاعلی |

| جغرافیا و قوزموغرافیا | حساب | هندسه | جبر | مبادی حکمت طبیعیه | مبادی کیمیا | مبادی علوم طبیعیه | فرانسزجه |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ٩ | ٨ | ٩ | ٩ | ٧ | ٨ | ٧ |
| عم الاعلی | عم الاعلی | اعلی | عم الاعلی | عم الاعلی | قریب اعلی | اعلی | قریب اعلی |

| خط ترکی | خط فرانسوی | رسم | الیشلری | تربیه بدنیه | درجه تحصیلیه |
|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | ٩ | ٢ |
| عم الاعلی | عم الاعلی | عم الاعلی | عم الاعلی | عم الاعلی | ایکنجی درجه |

شبو تصدیقنامه محتویاتی مکتبک اساس دفترینه موافقدر

سلیمانیه مکتب اعدادیسی ملکی مدیریتی



١٠ حزیران ٣٣٢

کاتب [illegible]

محمود [illegible]

محمود [illegible]

# (ئاشی ئاوو ئامێرەکانی)

ئاشی ئاو لەمانەی خوارەوە پێك هاتووە:ـ

١ ـ تەنوورەی ئاش: بریتی‌یە لە دیوارێکی خڕو، ناوەوەی بۆش ئەبیت. بە بەردو قوڕو قسڵ دروست ئەکرێت، بە بەرزی لە ٦م تا ١٠م بە گوێرەی ئەو ئاوی جۆگایە کە لەبەردەمی ئەڕوات. لە سەرەوە دەمی تەنوورەکە ١م ئەبێت لە دیوی ناوەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەرە بەرە تەسك و باریك ئەبێتەوە تاکو وای لی‌دێت لە ژێرەوە بۆری‌یەکی چوار پینج ئینجی پێدا بڕوات کە ئەم بۆریەش پی‌ی دەڵێن (دەم دۆڵ)

٢ ـ دەم دۆڵ: وەکو بۆری‌یەکی ٤ئینجی لە دار دادەتاشرێ، درێژیی ٢٥ تا ٣٠سم ئەبێت، کە ئەدرێت لە ئاخر کونی تەنوورەکەو بە زۆر ئەم دەم دۆڵەی تێ‌ئەبڕرێ.

٣ ـ زەمـوڕك: لە شێـوەی بۆریـەکی ئەستـورتـر لە دەم دۆڵەکە، سەرەکەی تری باریـك تر ئەبێت لە سەری ئەوسـەری‌یـەوە کونێکی تێـدادەبێت، کە دەمەکەی دوو ئینــج دەبێت کە لە دار دادەتــاشـرێو سەرە ئەستـوورەکـەی لە دەم دۆڵـەکـە قایم دەکرێت و درێژیی ٣٠سم ئەبیت.

٤ ـ تۆپی ئاش: بریتی‌یە لە دارێکی ئەستووری خڕ، واتە لە قەدی درەختێك دەبڕێتەوە بە بەرزی ٦٠ ـ ٧٠سم ئەبێت، وە دەمی (قطری) تۆپەکە ٧٠ ـ ٨٠سم بێت و کونێکی تێ‌دەکرێت لە ناوەڕاستەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوەو لە تەنیشتەکانیەوە چاڵی لێ‌هەڵدەکەنرێ کە ٢١ تا ٣٢ پەڕەی تێ‌ببڕێت بۆ ئەوەی لە کونی زەمورەکەوە ئاوی تەنوورەکە هاتە دەرێ، بە گوڕ بیدات لە پەڕەکان بۆ ئەوەی تۆپەکە بسووڕێنێتەوە.

٥ ـ پەڕە: ئەوەیە کە لە دار دادەتاشرێ لە شێوەی لەپی دەستدا، دوو بست درێژ و یەك بست پان کە سەرێکی دەبـڕێتـە چاڵی تۆپـەکـەوە، سەرەکـەی‌تری بە

دەرەوە ئەبێت، لەبۆشاییدا کە ئاوی تەنوورەی ئاشەکە لە کونی زەمورەکەوە دێت بە گوڕ ئەیدات لە پەڕەکان و تۆپەکە ئەسوڕێنێتەوە.

٦ ـ بستە: بریتی‌یە لە ئاسنێکی درێژ لە شێوەی شیردا، درێژیی دەوری مەترێك ئەبێت و ئەستوریی ٣ ـ ٤سم ئەبێت سەرێکی نوك بارێك و سەرەکەی‌تری چوار گۆشەیە، سەرە چوارگۆشەکە لە سەرەوە دەخرێتە ناو تەوەرەیەك، کە لە دار یان ئاسن دروست ئەکرێت و لە ژێرەوە نووکی بستەکە دەخرێتە سەر گوللە تۆپێکی ئاسن، کە ناوەڕاستی کونێکی تێدایە. بۆ ئەوەی کە لە سەرەوە دەستارەکە سوڕایەوە، ئەمیشی لەسەر گوللە تۆپەکە بسووڕێتەوە ئەم گوللە تۆپەش ئەخرێتە سەر دارێکی ئەستوورو یان وەك لەوحی تەختەو لەسەر تەختی ئەرزی ژێرەوە دادەنرێ‌و شوێنی گوللە تۆپەکە چاڵ دەکرێت و دەورپشتی گوللە تۆپەکە بە پواز قایم ئەکەن و ئەم تەختەیە پیێ ئەڵێن (خەردار).

٧ ـ تەوەرە: لە دار دروست دەکرێت، یان لە ئاسن، درێژیی، دەوری ١٠سم ئەبێت و پانی ٥سم، ئەم تەوەرەیە بە قەدەر کونی بەرداشەکە ئەبێت و لە کونی بەرداشی سەرەوە قایم دەکرێت و لە ناوەڕاستی کونێکی تێ‌دەکرێت، بە قەدەر سەری بستەکە سەرە چوار گۆشەکەی تێ قایم دەکرێت بۆ ئەوەی هەر بەرداش سەرەوە بسوڕێتەوە

٨ ـ بەرداش: بریتی‌یە لە دەستارێکی بەردی گەورە خڕو بە ئەستوورایی ١٠ ـ ١٢سم و لە ناوەڕاستدا کونێکی تیادا دەبێت. بە بۆشایی (قطری) ١٠سم کە گەنمەکەی تێ‌بچێت بۆ هاڕین و گەورەیی بەرداشەکە بە پیێ ئاو زۆری‌و کەمی دەبێت و خڕیی بەرداشەکە لە بەینی مەترو زیاتر. بەرداش دەبێت دووان بێت، یەکێ لە سەرەوە و دووەم لە ژێرەوە. وەك دەستار بۆ هاڕین.

٩ ـ نێ: بریتی‌یە لە دارێکی دابراو وەکو پلوسك، ناوی چاڵ ئەبێت، درێژیی مەترێك و کەم تر سەربەرەوخوار دادەنرێ، لە ناو تەنوورەی ئاشەکە بۆ ئەوەی ئاوی جۆگاکە کە هاتە ناو تەنوورەی ئاشەکە بیدات لە پلوسکەکە بۆ ئەوەی ئاوەکە بە گوڕ بچێتە دەم دۆڵەکەوە.

١٠ - پێ‌ئاش: دارێکە لە شێوەی هەوجار، درێژیی مەترو نیوێك ئەبێت کونێك ئەکرایە خەردارەکەو سەرێکی پێ‌ئاشەکە باریك ئەکرایەوە، ئەکرا بە کونی خەردارەکە وە، لێ‌ی قایم ئەکرا. ئەمە بۆ ئەوەی ئەگەر بیان ویستایە ئاردەکە وورد بوایە، دایان ئەنەواند، ئەگەر بیان ویستایە زبر بێت هەڵیان ئەبری

١١ - لوغم: لوغمی ئاش ئەو ئاوەی لە پەرەکان ئەدات بۆ ئەوەی تۆپی ئاشەکە بسورێنێتەوە، ئاوەکە دێتە خوارەوە بۆ سەر خەرداری ژێر گوللە تۆپەکە، شوێنی بۆ چاڵ کراوە لەسەر خەردارەکە ئاوەکە لەوێوە ئەچێتە ناو ئەو لوغمە کە وەك جۆگەلە بۆیـان کردوەو سەری‌گیـراوە، لەوێـوە ئەچێتە سەر جۆگای دەرەوەی ئاشەکە، لەوێوە ئەڕوات بۆ ئاشێکی‌تر.

١٢ - دۆڵیانی ئاش: لە شێوەی دووکانێك ٣ لای دیواری خشتی‌کاڵ و بە قوڕ سواغ ئەدرێت. سەربشی بە داری خڕ دارەڕا ئەکـرێت و قامیشـەزەلیشی لەسـەر ڕائەخەن و بە قوڕ سەرەکەی سواغ ئەدەن و کونێك وەك کلاورۆژنە ئەکەنە سەری دۆڵیانەکە. ئەم ئایرانەی کە بەستراون لە یەك ئەچێتە ژێر ئەم دۆڵیانە، واتە لە ژێر خەرداری گوللە تۆپـەکـەوە تا سەری بەرداشـەکـەوە کە دوو مەتـریك بەرز ئەبێت. بەڵام بەرزیی دۆڵیـانـەکـە ٣م بەرز ئەبێت، کە زەلامیـك لە سەرەوە بە دانیشتنـەوە بتوانێ گەنم بکـاتـە ناو کونی دۆڵیـانـەکـەو بە هۆی کەوچکە ئاش بچێتە ناو کونی بەرداشەکەوەو لەم لاو ئەولای دیوارەکە سەکۆ لە خشتی‌کاڵ و قوڕ دروست ئەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بچنە سەر دۆڵیانەکە.

١٣ - کەوچکە ئاش: وەك پلوسکێك لە دار ناوەکەی چاڵ ئەکرێت سەرێکی قایم ئەکـەن لە کونی دۆڵیـانـەکـە سەرەکـەی‌تـری ئەچێتـە سەر کونی بەرداشەکە بۆ ئەوەی لە کونی دەم دۆڵەکەوە گەنم بچێتە ناو کونی بەرداشەکە.

١٤ - چەقەنە: چەقەنەی ئاش ئەمیش دارێکە ڕاست وچەپ لە یەك ئەدرێت، لە شێـوەی (خـاچ)دا، قۆڵێکی بە کەوچکـەکـەوە قایم ئەکـەن، قۆڵـەکـەی‌تـری لە دۆڵیانەکە قایم ئەکەن و سەری دارەکە لای خوارووی ئەکەوێتە سەر بەرداشەکە بۆ

ئەوەی کە بەرداشـەکـە سووڕایـەوە، چەقـەنـەکـە دەجـوولێنێ، ئەویش کەوچکەی ئاشەکە دەلەرزێنی بەم جۆرە گەنمەکە لە کەوچکەکەوە دەکەوێتە خوارەوە بۆ کونی بەرداشەکەو دەیهاڕێ.

تێبینی:
أ ـ ئەم ئاشە گەنم و جۆو گەنمە شامیو هەرزن ئەهاڕێت و چەڵتووکیشی پێ کرە ئەکرێ.
ب ـ باراش: ئەو گەنمەیە کە ئەیبەن بۆ هاڕین.
جـ ـ **مزە**: هەندێ گەنم بە ئەندازەی (**کەپولەیەك**) واتە نزیکەی **نیو حوقە دەکات** گڵ دەدرێتەوە لە باتی پارەی هاڕینەکە.
د ـ ئەو گەنمەی ئەکرێتە ناو کونی دۆڵیانەکە بە **قیاس گەنمەکە ڕوو ئەکەنە سەر** دۆڵیانەکە بە هۆی چەقەنەکەوە ئەچێتە ناو کونی بەرداشەکە لە سەریشەوە گەنمە کە وورده وورده هەرەس **دێنێت** بۆ ناو کونەکە، ئەوەشی ئەمێنێتەوە بە **دەست** ئەیکەنە ناو کونـەکـەوە. یان بە هۆی (کـۆڵـە)وە کە لە شێـوەی ڕەحـەتیەکی گەورەی لە دار دروست کراوە ئەیکـەن بە سەر کونی دۆڵیـانـەکـەوە کە دوو تەنەکە گەنم دەگرێت، لەوێوە تێیئەکەن بۆ هاڕین.
هـ ـ ئەم بەرداشانە شێخەکانی دێی (سویرەڵە) کە ئەکەوێتە دامێنی شاخی کەتو لە شارباژێر. بەردەکەیان لەو شاخە ئەهێناو وەستای تایبەتی دروستیئەکرد. لە ساڵی سیەکاندا جووتی بە ۲۰۰ ـ ۳۰۰ ڕوپیەو لە ساڵی پەنجاکاندا جووتی بە ۳۰ ـ ۳۲ دینار بە گوێرەی زۆری ئاووکەمیو گەورەو پچووکی بەرداشەکە بۆ ئەوەی ئەو ئاوی جۆگـایـە بتـوانێ ئەو بەرداشـە بسـوڕێنێتـەوە ئەم بەرداشـانـە لە پێش بەکارهینانیدا زبر ئەبوو کە زۆر بەکار ئەهات ساف ئەبوو ئەمجا بیرازیان ئەکرد تا زبـر ئەبـووەوە، کە زۆریش ئیشی بکـردایـە تەنك ئەبووەوە وایلیئەهات ئەشکاو بە کەڵکی ئیش کردن نەوەهات، جووتێکیتریان بۆ ئەکرێ.
و ـ ئەم ئاشە هەمووی لە ناو ژوورێکی گەورەدا بوو و دەرگاشی هەبوو جێگای

کەلوپەل و باراش و ئاشەوانەکە بوو. بەس تەنوورەی ئاشەکە لە سەرەوە. واتە لە دەرەوە لەبەردەم جۆگای ئاشەکەدا دروست کرابوو.

سەرچاوە: مەلا قادری مەلا کەریمی مەڵکەندی کە خاوەنی ئاشی خۆیان بون لە خوار جولەکان وە لە سالی ١٩٠٠ز لە گەڕەکی مەڵکەندی لە دایك بوە ئەڵێت لە تەمەنی دە دووانزە ساڵانەوە لەو ئاشە سەر پەرشتیم کردوە تا سالی ١٩٦١ ئیتر دوای ئەوە باوێ نەماوەو وازمان لی هینا.



ئاوی جۆگا
تەنوورەی ئاش
دۆلیانی ئاش
ربانی دەرەوە
کەوچکە ئاش
چەقنە
تەنوورەی ئاش
گوڵی بەرداش
تەوەرە
بەرداشی سەرەوە و خوارەوە
سەربانی ناوەوە
دەم دۆڵ
بستە
زەموورەك
ئاوی جۆگا
پەرە
تۆپی ئاش
پێ ئاش
خەردا
گوللە تۆپ
عەلی لەتیف
لوغم

## سولەیمانی

شاری پڕ جووڵەو گۆڕین و جوانی

خۆرهەڵات گوێزەو پشت لە قەیوانی

دامەنی ئەزمر تاکو ناوگردان

کانەبەرد بە پیك بۆ بناغەی شار

کانی موسەلم بەرەو زێرینۆك

ئەستێرکی قەدی گوێزەی دەغلودان

تووەکەی قوجە لە قەراغ شارە

بن تووی وڵوبە سێبەرە جێگای

خوارو سەرکارێز قامیشەڵانە

لەتەکی ڕووتە خەجاجەو هەرا

### ئەندازیار نوری کاکە حەمە

ڕوو گلەزەردەو ئەزمڕ لە شانی

سەر بە گۆبەندی ئەی سولەیمانی

لەگردەگروێو هەروتەی شاخان

لەقەلەق بە پشت ئێستر بەرەو خوار

پڕ خەڵەو خەرمان پەڵەی گەنم و نۆك

پەند ئاوکراوە بارانی زستان

شوێنێکی بەرزی مێژوویی دیارە

سەرچنار جارجار کە دوورە ڕێگای

وەك قوریە شکاو شوێنی سەیرانە

بۆتە ڕۆژەکەی (قەرەوەیس)کوژرا

له خانی عەجەم نەختێ بۆ ژووروو — چووینە گوزەرو ناو کۆپان درووو

ژنی بەر هۆلێ باوەش بە مناڵ — کۆمەڵ ئەبەستن لە پڕ ئاش بەتاڵ

پنەو تیرۆك وكوڕی سەرتەنوور — بەیتوبالۆری ژنی دەسماڵ سوور

کوڕی قەندەکێش پەستەکی ئەستوور — سمێڵ فش هەموو کڵاو زەردو سوور

رانك حەڵوانی پشتێنی میل میل — شۆڕ بە کەمەریا کیسەوو سەبیل

لاوی هەرزەکار مووی خەتی داوە — دڵی بە پشکۆی عەشقیا چزاوە

شەو لە کۆڵانا بەسۆز گۆرانی — روو لە کچۆڵەی چیغی سەربانی

ساڵێ شەوێ دێ مناڵ بۆ بەرات — مێوژو نوقوڵ پارە کەن خەڵات

گەردن ئازادی چەژن وخۆگۆڕین — دەهۆڵ و زوڕنا بەزم و هەڵپەڕین

بۆ چەرخ و فەڵەك مناڵ گێژووڕ — ماین چەقەڵ و کورسی کورسیپڕ

ڕەزو دارمێوی گردەکەی سەیوان — سەد حەیف و خەسار بۆتە گۆرستان

بۆ تای سێبەڕۆ دوعا بنوسە — چاویەشە چاری هەر مانی لووسە

شێت و هار ئەبەن بۆ شەخسی پڕ نوور

دەرمانی دەردیان وا لە میری سوور

بۆ گۆجو ئیفلیج بۆ دەردی بادار

پیری شەوکێڵ[٧] و کانی بای ناودار

خووی شەرە گەرەك بە قۆچەکانی

یەکتر بەزانن دووبەرەکانی

زۆران گرتنی جاری جارانی

پیشەتە پێشرەو ئەی سولەیمانی

---

[١] خانی عەجەم یەکێك بووە لە خانەکانی پڕ لە بازرگان لە سولەیمانی لە پێش شەڕی جیهانیی یەکەمدا.

## «ڕوون کردنەوەو سوپاس نامەیەك بۆ چاپی دووەم»

پێش هەموو شتێك ناوی هەر چ کەسێك هاتبێ لە کتێبی (شاری سلێمانی)دا هەرچ کاروپیشەیەکیان هەبووە کەتیایدا ناویان تۆمارکراوەو ناویان براوە هەموو براو کەس و باوو باپیرمانن، هەر هەموو جێگای ڕێزو شانازیە بۆ کەس و کاریان و بۆ کورو کچیان و بۆ نەوەکانیان، وە ناویان چووەتە مێژوی شارە دلێرەکەمانەوە، شاری هەڵمەت و قوربانی، شاری برایم پاشای بابان و مەولانا خالیدو کاك ئەحمەدی شێخ و شاری شێخ مەحموودی نەمرو شەشی ئەیلول و شاری ڕاپەڕینی سالی ١٩٤٨ - ١٩٥٢ - ١٩٥٤ - ١٩٥٦ز پڕ لە خەبات و شەهیدان، ئەم شارە هەرچەندە تەمەنی دوو سەد سالە، بەڵام بەقەد شارێکی ٢ هەزار سالە قارەمانیەتیو مەردایەتیو کارەساتی هەمەجۆرەی بەخۆیەوە دیوە.

دیارە خەڵکی ئەم شارە ڕێی باوو باپیریان وون نەکردووەو هەر لەسەر هەمان ڕێباز ئەڕۆن، ووریان، زیرەکن، نیشتمان پەروەرن، وەجاخ زادەن و لە خۆیان نەگۆڕاون، هەر خەڵکی شارەکەی جارانن، بەڵگەش ئەوەیە کە کتێبی (شاری سلێمانی) کەوتە کتێبخانەی کوردیو بازارەوە خەڵکی بە پەرۆش بە دڵێکی فراوان و خۆشی‌یەوە هاتن بەپیر کتێبەکەوە کە لە چەند ڕۆژێك دا لە بازارا نەما چونکە ئەزانن ئەو کتێبە لە خۆیانەو بۆ خۆیانەو بۆ نەوەی داهاتویانە، هەر چ کەسێك لەم شارەدا ئەگەر خۆی بە نوسەرو ڕۆشنبیرو دڵسۆزی ئەم شارە ئەزانێ داوای لێ ئەکەم ئەم کتێبە کە مێژووی شارەکەمانە ئەوانیش هەتا زووە هەلیکە تا لەدەست نەچووە تا چەند پیاوێکی بە تەمەن و شارەزا ماوە کە سەردەمی تورك و ئینگلیزیان بینیوە بە چاوی خۆیان و بەسەرهاتی خۆشیو ناخۆشی شارەکەیان دیوەو ئێستاکە سەرچاوەن بۆ زۆر زانیاری کە تا ئێستا تۆمار نەکراون و سودێکی گەورەی هەیە بۆ ئێستاو دوا ڕۆژ ئەوانیش دەست بدەنە کۆکردنەوەی ئەم بابەتەو قۆڵی لێ هەڵکەن و بێنە مەیدانەوەو هەر کاغەزو قەڵەم زۆرە، کە ئەمە دڵسۆزیو خۆشەویستی بەرامبەر شارەکەو هیلاك بونی ئەوێ، ئەوەی بەکەم و کوڕی ئەزانن چاکی بکەنەوەو لێی زیاد کەن و باسەکە فراوانترو بەتام و چێژتری بکەن منیش

یارمەتیان ئەدەم و پێخۆشحاڵ ئەبم نەك لەبەر ئەوەی خۆیان توانای ئەوەیان نی‌یە هەر چ کەسێـك بەرهـەمێکی چاك بنـوسێ ئەمان وەکو کوتەك بیدەن بەسەرو گوێ‌لاکیا وەك پێشینان ئەڵێن (ئەگەر گوڵ نیت، درکیش مەبە) خۆ ئەگەر دەنگ خۆش و شاعیرو نوسەریش نەبن کە ئەمە بەهرەیە ئەگەر بیانەوێت بەرهەمێك لەم لایەنە پێشکەش بەشارەکەیان بکەن ئەبێت خۆیان هیلاك بکەن وە واز لەسوودی خۆی بێنێت ئێمەش شانازی پێوە ئەکەین، وەکو ئەڵێن بە ریش نی‌یە بە ئیشە، یان هەنـدێ کەس ئەگـەر بڵێن ئەم ناوانەی کە لەناو کتێبەکەدا هاتووە ئەبوایە بەناوی سیانی واتە ناوی خۆی‌و باوو باپیری بەبێ شوهرەت (نازناو) بوایە، ئەم جۆرە ناوانە کە بوونە شوهرەتی ئەو کەسە لەناو شارەکەمانا، ئەوە لەناو هەموو میلەتێکا هەیەو بووە، ئەگەر ئەو کەسانەی کە ناومان هێناون لەناو ئەم کتێبەدا، ناوی خۆی‌و باوك و باپیری وەك لە هەویەکەیدا نووسراوە ناو بهێنرێن ئایا کەس ئەزانێ کێن وە مەبەستمان کێ‌یە هەتا ئەو کەسەش نازانێ کە مەبەست خۆیەتی. بۆ نمونە سەیری (دەلیلی تەلەفۆن) بکە ئەو ناوانە کە نووسراوە ئەگەر خزمی خۆت نەبن و ژمارەی تەلەفۆنەکەت لا نەبێ‌و بتەوێت تەلەفۆن بۆ یەکێ بکەی نازانی ئەو ناوانە کێن و کێ نین.

کەوابێ هەرکەسێك لەمەودوا بیەوێت بەرهەمێك بێنێتە بەرهەم ئەو ناوانەی کە ناویان ئەبات لەو کتێبەدا وەك عالم و مەلاو شاعیرو ناودارانی ئەم شارە هی وای تیـایە زیاد لە سەدیان سەدو پەنجا ساڵ لەمەوپێش کۆچی دوایی کردوە، ئەبێ بنێرین هەویەکانیان لە گورا دەربێنین کە گۆڕیشیان نەماوە، مانای لەمەودوا هیچ کەسێك نابێ دەست بداتە قەڵەم نەك یەکێکی تر ئەمەی لە توانا دا نی‌یەو پێ‌ی ناخۆش بێت ئیتر ئەبێت ئاش بەتاڵی لێ بکرێت. ئایا لەشارەکەماندا عالم و زانای ناودار وەك موفتی‌ی سلێمانی مەلا ئەحمەدی چاومارو مەلا ئەحمەدی چاوهار کە ناوبانگیان هەبوەو لە زۆر کتێبدا ناویان هاتووە، یان وەك شاعیری بەناوبانگ حەسـەن کەنـۆش یان فایەق بێکەس خۆ بێکەس نەبووە یان شاعیرو بلیمەتی بەنـاوبـانـگ مەلا حەمـدونە کوێر یان پیاوی وەك قالەی ئایشەخان کە بەناوی دایکیـەوە ناوبـانگی دەرکردوە کە ئەو پیاوە ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بو لە

جولانەوەی شێخ مەحموودی نەمردا ئەفسەرێکی ئەو لەشکرە بووە لەگەڵ شێخدا لە ساڵی ۱۹۱۹ز بەدیل گیراو لە دەوڵەتی عێراقدا بو بەئەندازیارو بەڕێوەبەری (ئیشغال) لە سلێمانیو هەولێر لەو کاتەدا زۆر یارمەتی هەژارانی داوە بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی کە ڕوی تێکردوەو چون بۆ لای هەموی دامەزراندون و پارەی ئەرکی ڕێگاشی لە گیرفانی خۆی داو نەتێ ئەم پیاوە ئەوەندە خۆشەویست بو لای خەڵك، کە بەگەنجی ئەمرێ خوای کرد کە تەرمەکەیان هێنایەوە ئەو ڕۆژە ئەو شارە ژن و پیاو خرۆشابون بە گریانەوە قوریان بۆ ئەپێوا. ئەمانە نمونەی چەند کەسێکی ناودارن لەناو مێژوی ۲۰ سەد ساڵەی شارەکەماندا ئەگەر (نازناو) یان لابەرن کەس نایان ناسێت کێن و کێ‌نین و ناویان وون ئەبێت، یان ئەو تام چێژەی نامێنێ، بۆ نمونە سەیری بەرگەکانی ڕشتەی مرواری ئەدیب و زاناو ڕۆژنامەگەری گەورەی کورد مامۆستا علاء الدین سجادی بکەن کە لایەنێکی فۆلکلۆری گەورەی لەناو کوردەواریدا تۆمار کردوە. سەدەها ڕووداوی خۆش خۆش و ناوی سەیر سەیری تیا ناو براوە کە بونەتە هۆی بەتام و چێژی ئەو بەرگانە. تارادەیەك ئەوەی ئەدەب دۆستیش نەبو یان بڵێن هەر خوێندەوار نەبووە زیاتر بە پەرۆشتر بون لە خوێنەوارەکان بۆی، تا ئێستاکەش بە تایبەتی شەو لەزستاندا بوە بە شەوچەرەی خەڵکی چونکە ئەم بابەتە کتێبانە زۆر کەمن لەناو کوردەواریدا. خەڵك تێر بون لە شیعرو چیرۆك بە تایبەتی لەم کاتە ناسکەدا خەڵکی ئەو ڕۆژگارە خەریکە ڕابوردویان لەبیر ئەچێتەوە، وەك دەرمان پێویستیان بەم جۆرە کتێبانە هەیە کە یادگاری جارانەو وەك شریتێکی سینەما وایە کە جارانی دێتەوە یادو خۆشیەك ئەدات بەدڵ و مێشکی، وە زانیاریەکیشە بۆ نەوەکانیان و مێژویەك و سامانێکە بۆ نەوەی داهاتومان.

هەروەها هەر چ کەسێك ناوی هاتبێ لەم کتێبەدا هەر چ کاروکاسبی و پیشەیەکیان هەبوە جێی شانازی نەوەکانیانە کە بەئارەقی ناوچەوان ماڵ و مناڵی خۆیان بەخێوکردوە، هەر لە کرێکارێك و حەماڵێك هەتا تاجیرێك و خاوەن موڵکێك هەمو بەشەرن و هیچ جیاوازی‌یەکیان نی‌یە، جیاوازی‌یەکەیان بەس کرداری جوانە، ئەگەر کەسێك کرداری ناشرینی هەبێت لەناو خەڵکیدا بە پارە

**ناشـارێتـەوە، بەتـایبـەتی لەنـاو خەڵکی ئەم شارەدا کە بە زیـرەکیو ووریـایی ناوبانگیان دەرکردوە وەك پیرەمێردی شاعیر ئەفەرموێت:ـ**

**نەپایەو پارە، نەریشەو رەگەز**
**نەجوانی رووکەش، نەبەرگ و مەرەز**
**یەك تۆز لە نرخی هیچ کەس زیاد ناکات**
**کە مرۆڤ نەیبێ خۆی نرخێکی بەرز**

نمـونـەیـەکی خۆشی تر: جارێکیان دەعوەت ئەکەن، کارتێ ئەنێرن بۆ حاجی توفیق (پیرە مێرد) ئەوەی کارتی دەعوەتەکە ئەبات بۆ خاوەنـەکـەی، بەس لەسـەر کارتـەکـە نوسرابو حاجی تۆفیق ئەویش ئەیبـات بۆ حاجی تۆفیقی تازە دەوڵـەمەند پاش ماوەیەك گلەیی لێ ئەکـەن کە نەهـاتـووە بۆ ئەم ئەو زیـافـەتـە پیرە مێرد پێئـەزانێ، ئەڵێ ئەگـەر ئیـزرائیـل هات رۆحم بکێشێت ئەینێرم رۆحی حاجی تۆفیقی تازە دەوڵەمەند بکێشێت.

ئێتر وەك پێشینان ئەڵێن زۆر ووتن قورئان خۆشە یان ئەڵێن بۆ مرۆڤی ئاقـل ئیشـارەتێـك بەسـە. لەگـەڵ رێـزو سلاومـدا بۆ خوێنـەران و خەڵکی شارەخۆشەویستەکەمان کە یارمەتیان داوین کە خۆیان بوبونە سەرچاوەی باسەکانمان بە تایبەتی ئەوانەی ناومان بردون لە کتێبـەکـەدا کە ناوەکـانیـان بۆ بەراورد کردوین پاش کۆکردنەوەی، هەروەها ئەو بەرێزانەی کە داوای وێنەی باوکیانمان لێکردون بۆ رازاندنەوەو یادگاری ئەو پیاوە بەرێزو خۆشەویستانە لە ناو شارەکەماندا کە دڵسۆزیی خۆیان پێشان داوە بەرامبەر باوو باپیرو شارە خۆشەویستەکەیان، هەروەها رێزو سلاوم بۆ ئەو کەسە رۆشنبیرانەیە کە بە تەلەفۆن یان هاتنە لامان یان بەنامە پیرۆزباییان لەمن و خۆیـان کرد بەبۆنەی دەرچونی بەرگی یەکەمی کتێبەکەوە

هەر لێرەشـا سوپاسی هونەرمەند مامۆستا عەلی لەتیف ئەکەم کە وێنەی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی بۆ شارەکەی ڕازاندوٚتەوە لەگەڵ بەرێـز خاڵـە حەمە فەرەج کە پاش پاك نووس بەخەتێکی خۆش بەرگی دووەمی کتێبـەکەی بۆ نوسینەوە منیش ئەڵێم دەستەکانیان خۆش بێت، هەروەهـا سوپـاسی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف ئەکـەم بۆ یارمـەتی زانیاریو ڕێنومایی هەروەها بەناوی خۆم و خەڵکی شارە خۆشەویستەکەمان زۆر سوپاسی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی) ئەکەم کە بۆتە هۆی هاتنـە بەرهـەمی ئەم کتێبە کە بەبۆنەی بیرەوەری دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی لەچاپ درا. لە کۆتاییدا داوا لە خەڵکی شارەکە ئەکەم هەر چ کەم و کوریو هەڵەی چاپ هەیە لە ناو کتێبەکە دا یان ناویان لەبیر چوەو تۆمار نەکراوە پشت بەخوا بۆ چاپی دووەم ڕاستی ئەکـەینـەوەو ئەوانەی ناویان بۆ هێناوین کە باوو باپیریان ناویـان نەهـاتـووە لەکارو پیشەکانیاندا ناومان نوسیون بۆ چاپی دووەم دوا ووتـە بەرهـەمی باش ئەوەیـە کە جەماوەر لێی ڕازی بێت و پێیان خۆش بێت. وەك خوالێخۆشبو نەجمەدین مەلا ئەیفەرمو.

(عەتر ئەوەیە کە خۆی بۆنی بێت نەك خاوەنەکەی مەدحی بکات)

## ئەکرەم صاڵح ڕەشە

## تێبینی

١ ـ ل ١٤٢ له ناترەکانا حەمەی زێنەب جیاوازە لەگەڵ حەمەی زێنەبی چایچی که له ل ٢٠٦ ناوی هاتووه.

٢ ـ ل ١٤٥ حەمامی موفتی: نوسراوه خاوەنی موڵك خوشك و برای کەریمی ئەلەکەو ماڵی موفتی وه له حەمام چی‌یەکان خاڵی یەك نوسراوه حەمەکاکەی موفتی ، بەلام کوڕانی حەمه کاکه ئەڵێن ئەم موڵکه بەس هی ماڵی موفتیەو حەمەکاکەی موفتی حەمامچی نەبوه.

٣ ـ ل ١٩٩ خاڵی ٢٠ چایخانەی مەجوّلی خامه : نوسراوه هەر لەم چایخانەیەوا ساڵێکیان له سەردەمی عوسمانی‌دا بۆ ماوەی ساڵێك تیاترۆش ئیشی تێدا دەکرد. ڕاستیەکەی له زەمانی عوسمانی‌دا تیاترۆ نەبووەو لەو چایخانەیەدا نەبوه زەمانی ئینگلیز تیاترۆ هاتوّته سلێمانی له بەردەم دەشتی ئەحمەدی ساغا (ئەصحابه سپی) نزیك ئەو چایخانەیە بەلام خەڵکی سلێمانی بەوه ڕازی نەبون و بەزۆر پێ‌یان داخستن له بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا لەباسی جوڵانەوەی هونەری له شارەکەماندا بەدرێژی باس کراوه منیش داوای لێبوردن ئەکەم.

من نوسیبووم که مەجوّلی خامه پیاوێکی سوعبەت چی بو هەموو ڕۆژێك یەکێکی خەڵکی دەرەوەی شار ئەهاتن بۆ ئیش کردن ئەمیش هەر ڕۆژە نا ڕۆژێك یەکێکی ڕائەگرت بەشەرتی ئەوەی مەرکانەیەك ئاوی‌دانابو لەگەڵ قامیشێك هەریەکێ بهاتایە بۆ شاگردی پێی ئەووت ئەمرۆ تەجروبەت ئەکەم ئەو قامیشەی ئەدایه

دەستی پیٚی ئەووت تۆ ئەمرۆ ئیشت ئەوە بێ ئاوی ئەم مەرکانەیە بەم قامیشە تیٚکی هەڵدە تا خەست ئەبیٚتەوە منیش ڕات ئەگرم بەشاگرد ئەو بەسزمانەش هەر لە بەیانی‌یەوە تا ئیٚوارە بەقامیشەکە ئاوی تیٚك هەڵئەدا خەست نەئەوبووەوە ئیٚوارە پیٚی ئەووت تۆ بەکەڵکی شا گردی نایەیت بۆ بەیانی یەکیٚکی تری ڕائەگرت.

٤ ـ ل ٣٠٤ ناوی بەناکان خاڵی ١٨ نوسراوە وەستا ئیسماعیل حەسەن وە هەر لەو باسەدا لە دروست کردنی زۆر بینا ناوی هاتوە بەڵام ڕاستیەکەی وەستا ئیسماعیل عەبدول ڕەحمانە کە باوکی قالەی وەستا ئیسماعیلی قەسابە.

٥ ـ ل ٣١٧ خاڵی هەشت نەقارِ عەلی بۆسکانی نوسراوە خۆی لە ئەصڵ دا برای کەریمی عەبدوڵلا بۆکانی‌یە کە ئەویش لە خاڵی شەشەم دا ناوی براوە بەڵام ئەم لە جنسیەکەیدا بە ناوی عەلی بۆسکانی نوسراوە هەر لە ناو نەقارەکاندا هەر بە عەلی بۆسکانی ناوبراوە.

٦ ـ ل ٤٤٦ مەکتەبی ئەعدادی مۆکی ئەبوایە لە پیٚش ڕوشدی عەسکەری‌یەوە بنوسرایە هەروەها پیٚش دروست بونی ڕوشدی‌یەی عەسکەری لە سلیٚمانی. لە ڕوشدی‌یەی سکەری بغاو ئەستەمبوڵ خویٚندویانە هەر لە هەمان لاپەڕەدا زوربەی کتیٚبەکان بە نیوە چڵ چاپ کراوە.

رقم الايداع ١٣٨٨ في المكتبة الوطنية ببغداد

لسنة ١٩٨٧

دەرهێنانی هونەری
عبدالقادر علي مردان